# شەڕی عرووسان

# شەڕی عرووسان

ڕەسوڵ بۆسکێنی

**ناوی کتێب: شەڕی عرووسان**

**نووسەر: ڕەسوڵ بۆسکێنی**

**بابەت: توێژینەوە**

**پێداچونەوەی هەڵەبڕی و زمانەوانی: دکتۆر شێروان حسین**

**بەرگ و دیزاینی ناوەوە: بۆردی دیزاینی لالەزار**

**شوێنی چاپ: لالەزار پرێس**

**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠٢١**

**تیراژ: ٥٠٠ دانە**

**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**

لە بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (٢٠٨٦)ی ساڵی (٢٠٢١)ی پێدراوە

هەموو مافێکی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی بەشێوەی چاپکراو یاخود ئۆنلاین پارێزراوە و هیچ کەس و لایەنێك بەبێ ڕەزامەندیی نووسەر مافی بڵاوکردنەوەی هیچ بەشێکی ئەم کتێبەی نییە.

بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر.

# پێڕست


**١. شەڕی عرووسان ........................................ ١**

**٢. پێشەکی ................................................ ٩**

٣. گرفتی توێژینەوەکە.......................................... ١٠

٤. کێشەی توێژینەوەکە ......................................... ١١

**٥. ململانێی زلهێزەکان لەسەر خاکی کوردستان ........... ١٤**

٦. دەربارەی گرانی و قات و قڕی لەڕابردوودا.......................... ١٤

٧. ململانێی زلهێزەکان لەسەر خاکی عوسمانی ........................ ٢٨

٨. چاوتێڕینی ڕووسیا لەکوردستان ................................. ٣٤

٩. هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی ........................... ٣٦

١٠. ڕێکەوتنامەی سایکس- بیکۆ..................................... ٤٥

١١. کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا................................. ٤٨

١٢. بانگەشەی جیهاد.............................................. ٥٢

١٣. سەربازگرتن (سەفەربەلک)..................................... ٥٧

١٤. گەندەڵ بوونی حکومەت ........................................ ٦٥

**١٥. کوردستان لە ژێر حوکمڕانی عوسمانیدا ..................... ٧١**

١٦. بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایانی کوردستان............................ ٧١

١٧. هۆز و دابەش بوونی ناوچەکان................................... ٧٤

١٨. عوسمانییەکان لە کوردستان .................................... ٧٧

١٩. عەشیرەتی میراودەلیی.......................................... ٨٢

٢٠. پایەی کارگێڕی بیتوێن و پشدەر ................................ ٩٠

٢١. قەزای پشدەر.................................................. ٩٩

٢٢. بارودۆخی قەزای ڕانیە.......................................... ١٠٣

٢٣. دۆخی ناوچەکە لەسەردەمی کارگێڕی عوسمانیدا ..................... ١٠٦

٢٤. هیوی (هیڤی) .................................................. ١١٣

٢٥. دۆخی ناوچەکە لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی........................ ١١٤

٢٦. کوشتنی عیلمی بەگ ............................................ ١٢٤

**٢٧. هێرشی ڕووسیا بۆ سەر کوردستان ........................ ١٢٨**

٢٨. هێرشی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.................................. ١٢٨
٢٩. سەردەشت چەقی کارەسات ........................................ ١٣٥
٣٠. هێرشی ڕووس بۆ باشووری کوردستان.................................. ١٤٠
٣١. خۆئامادە کردن بۆ شەڕەکە................................................ ١٥٣
٣٢. هەڵمەت بردن بۆ سوپای ڕووس........................................ ١٦١
٣٣. شکانی سوپای ڕووس.................................................... ١٦٤
٣٤. کشانەوەی سوپای ڕووس ............................................ ١٦٧
٣٥. گەڕانەوەی سوپای ڕووس بۆ وڵاتی خۆیان.................................. ١٧٠

**٣٦. زوڵم و چەوساندنەوە و ئاوارەبوونی خەڵک ............... ١٧٢**

٣٧. بارودۆخی ڕانیە.......................................................... ١٧٢
٣٨. ڕووداوەکەی بەستی قایمقام.............................................. ١٨٠
٣٩. کوژرانی کوڕی قائیمقامی ڕانیە........................................... ١٨٥
٤٠. باج و خاوە لەسەر دانیشتوان ............................................ ١٩٠
٤١. بەش و خاوەی ئاغا........................................................ ١٩٢
٤٢. باج و ڕەفتاری جەندرمەی تورک ...................................... ١٩٧
٤٣. گرانی و قات و قڕی ...................................................... ٢٠٥
٤٤. پاشاگەردانی و بێبەهابوونی حکومەت ................................... ٢١٠
٤٥. گرانیەکە هەموو سنوورێکی بەزاند........................................ ٢١١
٤٦. پاشماوەی ئاوارەکان....................................................... ٢١٩
٤٧. کۆتایی هاتنی گرانیە...................................................... ٢٢٢
٤٨. کۆتایی هاتنی جەنگ...................................................... ٢٢٥
٤٩. قوربانیەکانی جەنگەکە .................................................... ٢٢٧
٥٠. لە گرنگترین ئەو روداوانەی روویاندا .................................... ٢٢٧
٥١. لە سەیرترین ڕووداوەکانی جەنگەکە...................................... ٢٢٨
٥٢. ئەوانەی لە جەنگ سودمەندبوون.......................................... ٢٢٨
٥٣. ئەنجامی جەنگەکە ......................................................... ٢٢٨

**٥٤. قەزای ڕانیە لە سەردەمی کارگێڕی عوسمانیدا ............. ٢٣٤**

٥٥. ڕانیە لەڕووی کارگێڕییەوە .............................................. ٢٣٤
٥٦. قەزای ڕانیە.............................................................. ٢٤٦

٥٧. ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر) ........................................ ٢٤٧
٥٨. ناحیەی چناران.................................................................. ٢٤٨
٥٩. بارەگای قائیمقامیەتی ڕانیە (قشڵە) .......................................... ٢٤٩
٦٠. فەرمانگەی ناسنامە لە قەزای ڕانیە........................................... ٢٥٥
٦١. فەرمانگەی مولکیە و دارایی .................................................. ٢٥٨
٦٢. فەرمانگەی داد................................................................... ٢٦٠
٦٣. تەلگرافنامە ....................................................................... ٢٦٣
٦٤. سەرای حکومەت لەکاتی ئینگلیز............................................... ٢٦٨
٦٥. مزگەوت: ......................................................................... ٢٧٠
٦٦. قازی ڕانیە ........................................................................ ٢٧٢
٦٧. قوتابخانە:......................................................................... ٢٧٤
٦٨. نەخۆشخانە........................................................................ ٢٧٧
٦٩. قایمقامەکانی ڕانیە ............................................................... ٢٨٢
**٧٠. سەرچاوەکان: ........................................... ٣٤٨**
٧١. کتێب................................................................................ ٣٤٨
٧٢. سەرچاوەی ئینگلیزی ............................................................ ٣٥٣
٧٣. گۆڤار ............................................................................... ٣٥٣
٧٤. ڕۆژنامە............................................................................ ٣٥٥
٧٥. دەستنووس........................................................................ ٣٥٥
٧٦. چاوپێکەوتنەکان:................................................................. ٣٥٥
٧٧. سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان....................................................... ٣٥٦
**٧٨. پاشکۆی بەڵگەنامە و وێنەکان ........................... ٣٥٧**
٧٩. بەڵگەنامەی ژمارە (١).......................................................... ٣٥٧
٨٠. بەڵگەنامەی ژمارە(٢)........................................................... ٣٥٩
٨١. بەڵگەنامەی ژمارە (٣).......................................................... ٣٦١
٨٢. بەڵگەنامەی ژمارە (٤).......................................................... ٣٦٢

پێشکەشە:

بەڕۆحی نەنکم (ناز ڕەسوڵ) دانیشتوی پشدەر، هەرچەندە ئەو کاتە منداڵ بووە، بەڵام زوڵم و ستەمی ڕووسەکان و بارودۆخی خراپی ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەبەر ستەمی ڕووس ئاوارە ببوون، هێندە کاریگەری لەسەر دانابوو، زۆر بەتاسەوە ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە.

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لەسەرخستنی ئەم بەرهەمەدا هاوکارم بوون.

# پێشەکی

مێژووی هەر گەلێك پڕیەتی لە ڕووداوی خۆش و لەکارەساتی خوێناوی و بەسەرهاتی داتەپینی باری ئابووی و برسیەتی و مەرگهێنی ترسناك، بۆ ڕوون کردنەوە و ساغ کردنەوەی ئەو مێژووانەش پێویستە ڕۆڵەکانی هەر گەلێك هەوڵی شێلگیرانە بدەن، بۆ خستنە ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان، بۆ زانین و ئاشنا بوونی نەوەی نوێ بەو ڕووداوانە.

خوێنەری خۆشەویست، لەم ڕوانگەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستت باسی بەشێك لە مێژووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کوردستان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات، کە بەهۆی ئەو جەنگەوە کوردستان بووە پێخوستی لەشکرکێشی گەورەترین سوپای دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، کاتێك جەنگی یەکەمی جیهانی دەستیپێکرد، ئینگلیز لە باشوور و فەڕەنسا لە ڕۆژئاواوە هاتنە ناو خاکی کوردستان، بەڵام ئەوەی بەتایبەتی مەبەستمانە لەم باسەدا لێی بدوێین ئەوەیە، کە سوپای ڕووس لە ئازەربایجانەوە هاتەناو خاکی ئێرانەوە، لەچوار قۆڵەوە پەلاماری باشووری کوردستانیدا، لەسێ قۆڵی (ڕەواندز، پێنجوێن، خانەقین) دزەی کرد و لە سنووری سەردەشت- پشدەر هەوڵیدا بێتەناوەوە، بەڵام بەهۆی پێشگرتنی لەلایەن خەڵکی پشدەر، بیتوێن، مەرگە و گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە و جیهان، نەیتوانی لەم قۆڵەوە بێتەناو

باشووری کوردستانەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەوەندە گەورە بوون، بەهۆی ئەنجامی جەنگەکە، ئاوارەیی و گرانی و قاتوقڕی، مردن و ماڵوێرانی خەڵك، وەك کارەساتێکی ترسناك و خەمهێنەر بۆ سەردەمێکی درێژ، لەدوای خۆی کاریگەری بەجێ هێشت، ئەم کارەساتە لە سنووری پشدەر و بیتوێن، بە (شەڕی عرووسان) ناسراوە، تائێستاش لەبیرەوەری بەساڵداچووان و خەڵکی بەتەمەنی ناوچەکەدا ماون، سەدان چیرۆکی سەرنجڕاکێشی وەهای لێکەوتۆتەوە شایانی ئەوەن لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر بکرێت، بەڵام مێژوونووسان و خەمخۆرانی مێژوو لەهاتنە ناوەوەی ڕووس بۆ باشووری کوردستان، زیاتر باسی سێ قۆڵی خانەقین و پێنجوێن و ڕەواندزیان کردووە، قۆڵی پشدەر ئاماژەی کەمی بۆ کراوە و هیچ باسێکی تایبەتی لەسەر نەنووسراوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکە و بارودۆخی ئەو کاتە دەرفەتی هاتنە ناوەوەی ڕووسی لەم قۆڵەوە نەدا.

لێکۆڵینەوە لە کاری ئاوا لەبەر کەمی سەرچاوە و نەبوونی وردەکاری مێژووی ڕووداوەکان کەمێك سەختە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێك لەم ڕووداو و کارەساتانە بخەینە بەرچاوی خوێنەری خۆشەویست، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە بێ گرفت نەبووە، بەڵام هەوڵدەدەین بەپێی توانا ڕووداوەکان ڕوون بکەینەوە.

## گرفتی توێژینەوەکە

کەمی و نەبوونی سەرچاوە مێژووییەکان، بەهۆی دوورە دەستی و لاچەپەکی ناوچەکەش، نووسراو و بەڵگەنامەی زۆر کەم لەبەردەستدان، ئەو بەساڵاچوانەی ناوچەکەش، کەبەشداریان لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا کردبوو، یان بەچاوی خۆیان کارەساتەکەیان بینیبوو، زۆربەیان کۆچی دواییان کردووە وبەداخەوە یادەوەرییەکانیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ژێرگڵەوە.

## کێشەی توێژینەوەکە

تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژوو لەسەرانسەری جیهاندا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەداخەوە کورد زۆر کەم گرنگی بەنووسینەوەی مێژووی خۆی داوە، لەبەرئەوە مێژووی کورد ئاڵۆزییەکی زۆری پێوەدیارە، چونکە مێژووی کورد بەزۆری سەرچاوەی لە بەڵگەنامە و نووسین و مێژووی دووژمنەکانییەوە وەرگیراوە، بێگومان ئەوەش ناڕاستی و کەموکوڕییەکی زۆری تێدایە، بەتایبەت لەم سنوورە، کەبەهۆی دوورەدەستی کەمتر ڕۆژهەڵاتناس و فەرمانبەرە ئاساییەکانیش ڕوویان لەم ناوچەیە کردووە، لەلایەکی تریشەوە، سەرچاوەی مێژووی کورد بەزۆری لە نووسین و ڕاوبۆچوونی ئەو گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسانە وەرگیراوە هاتوونەتە ناوچەکە، ئەوانیش لەبەر نەشارەزایی بە کەموکوڕی و ئاڵۆزییان نووسیوە، یان ئەوەندەی پێویستیان بووە، هەر ئەوەندەیان نووسیووە، ئەوە کێشەی زۆری بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی مێژوو دروستکردووە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەوانەی لەباسی هێرشی ڕووس دواون، بۆ سەر باشووری کوردستان، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بەزۆری باسی سێ قۆڵی (ڕەواندز، پێنجوێن، خانەقین)یان کردووە، زۆر کەم لەسنووری (سەردەشت - پشدەر) دواوون، یا هەر باسی شەڕی ئەم قۆڵە لەگەڵ سوپای ڕووس نەکراوە، بۆیە ئێمە هەوڵی شێگلیرانەماندا تا ئەم لێکۆڵینەوەیە بەئەنجام بگەیەنین.

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، ڕووداو و کارەساتەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و (شەڕی عرووسان) لەم سنوورە بە هەوادارانی مێژوو بناسێنێت و خزمەتێک بەمێژووی گەلی کورد بکات، چونکە لەباسی هێرشی ڕووس بۆ سەر باشووری کوردستان لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، باسی شەڕی ئەم قۆڵە لەگەڵ سوپای ڕووس کەم کراوە، کە بەهۆی ئازایی و

قارەمانییەتی خەڵکی ناوچەکە و گۆڕانکارییەکان و لەلایەکی دیکەشەوە، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا، سوپای ڕووس نەیتوانی لەم قۆڵەوە بێتە ناو خاکی باشووری کوردستان، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە ئامانجمان ئەوەیە، ئەم مێژووە گەش و پڕ قارەمانییەتی، مەرگهێنە بەپێی دەرفەت هەوڵدەدەین بۆ خوێنەرانی خۆشەویست ڕوون بکەینەوە، مخابن بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و زانیاری پێویست لەو بارەیەوە لەهەر کەموکورییەک داوای لێبوردن دەکەین. بەهیوای ئەوەی بتوانین تاسەی ئارەزووتان بشکێنێت.

بۆ ئاسانکاری خوێنەری خۆشەویست، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر پێنج بەش دابەش کراوە

بەشی یەکەم: سەرەڕای ناساندنی گرانی و قات و قڕی و هۆکارەکانی پەیدابوونی لە ڕابردوودا، چاوتێبڕینی ڕووسیا و دەوڵەتە زلهێزەکان لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی و لە کوردستان و لەڕێگاوە.

گەیشتن بەکەنداو و ئاوە گەرمەکان و هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی و بانگەشەی جیهاد و بانگهێشتکردنی موسڵمانان بۆ بەشداری لە جەنگەکە و لە ئاکامدا گەندەڵ بوونی حکومەتی عوسمانی ڕوونکراوەتەوە.

بەشی دووەم: لەشکرکێشی سوپای ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، هاتنی لەقۆڵی پشدەر، پێشگیری، بەرپەرچدانەوەی لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و سەرنەکەوتنی سوپای ڕووس و کشانەوەی سوپاکەی باسکراوە.

بەشی سێیەم: فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی کوردستان و بەڕێوەبردنی هۆزە کوردەکان و کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی لە بیتوێن و پشدەر تا کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەپێی پێویست ڕوونکراوەتەوە.

بەشی چوارەم: بارودۆخی خەڵکی ناوچەکە بەدەست زوڵم و ستەمی تورک

و سەندنی باج و سەرانەی زۆر و زەوەند، لە ئاکامی جەنگ و بەهۆی ئاوارەبوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بڵاوبوونەوەی گرانی، قات و قڕی، ماڵوێرانی و مردنی خەڵك لە ئەنجامی ئەو هەموو زوڵم و ستەمە باسکراوە.

بەشی پێنجەم: تایبەت کراوە بە رانیە و شێوەی بەڕێوەبردن و لایەنی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی و چۆنیەتی بوون و بەڕێوەبردنی فەرمانگەکان و قائیمقامەکانی ڕانیە.

بەهیوای ئەوەی توانیبێتمان بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان خستبێتە بەردیدەی خوێنەری خۆشەویست، ئەگەر هیچ نەبێت هەندێك وشەی کوردیمان خستۆتە سەر خەرمانی زمانی شیرینی کوردی بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و خزمەت بە زمانی شیرینی نەتەوەکەمان.

ڕەسوڵ حەمە عەبدولقادر/بۆسکێنی

٢٠١٦/٩/١٩

# بەشی یەکەم

# ململانێی زلهێزەکان لەسەر خاکی کوردستان

## دەربارەی گرانی و قات و قڕی لەڕابردوودا

لایەنێکی سەرەکی ئەم بەرهەمە، باسی گرانی و قاتوقڕی لە کوردستان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەکات، لە ئاکامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، چ کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕی بەسەر نەتەوەی کوردا هێنا، ئاکامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کاریگەری زۆر گەورەی بۆ سەر خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد لێکەوتەوە، سەرەڕای مردن و لەناوچوونی زۆری دانیشتوانی کوردستان، بەفرت و فێڵی زلهێزەکان و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانی براوەی جەنگ، خاکی کوردستان بەش بەش و کوت کوت کرا و هەر کوتەی بەر دەوڵەتێکی زاڵمی داگیرکەر کەوت، کورد وەك نەتەوەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر هەمیشە ململانێی لەگەڵ ڕووداوەکان و بەردەوامی لەگەڵ ڕۆژگار کردووە، نەتەوەی کوردی قارەمان لە مێژوودا زۆرجار گرفتاری ڕووداوی لەو جۆرەبووە.

بۆ ئەوەی نەهامەتیەکانی ئەم گەلە کۆڵنەدەرە بناسێنین، دەربارەی گرانی و قاتوقڕی و کاریگەری بەسەر ژیانی خەڵکەوە لەکوردستان و ناوچەکە، زیاتر لە دوو سەدەیەك دەگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ئاشنابوون بەکارەسات و ڕووداوەکان، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بەپیتی خاکەکەی، شوێنی ستراتیجی سەربازی و هۆکارەکانیتر.

کوردستان لەڕۆژگاری دێرینەوە بۆتە جێی چاوتێبڕینی دووژمنان، تووشی سەدان کارەسات، ناخۆشی، ڕووداوی سروشتی و مرۆیی بۆتەوە، زۆرجار لەئەنجامی هێرش و پەلاماری دوژمنەکانی، تووشی کارەساتی گەورە بووە، جاری وا هەبووە بەسەر دوژمنەکانیدا سەرکەوتووە، تاروماری کردوون و پەندی باشی داداون، جاری واش بووە، بەهۆی نابەرابەری هێز و گەلەکۆمەکێی نەیارەکانیەوە ژێرکەوتووە و شکستی هێناوە، لەئەنجامدا نیشتمانەکەی بۆتە پێخوستی دووژمنان و نەتەوەکەی بەخراپترین شێوە چەوسێنراوتەوە، لەئاکامدا تووشی گرانی و برسێتی و ماڵوێرانی و لەناوبردن بۆتەوە.

زۆرجار بەهۆی نەبوونی خۆراك و بژێوی پێویستییەکانی ژیان، بەرەوڕووی مەرگ بوونەتەوە، ئەو گرانی و قاتوقڕیانەی بەهۆی کارەساتی سروشتی و ڕووداو و هێرش و پەلاماری دوژمنانەوە لەم وڵاتە سەریهەڵداوە، نەتەوەی کورد تووشی مەرگ و ماڵوێرانی و لەناوچوون بۆتەوە، لێرەدا بۆ باشتر ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە دەمانەوێت کەمێك بگەڕێینەوە دواوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە دەستنیشانی هەندێك لەو ڕووداوانە بکەین، کەبوونەتە هۆی گرانی و قاتوقڕی و برسی بوونی خەڵك، لە درێژەی ئەو کارەساتانەدا گرانی ساڵی ١٧٥٦ بەهۆی ئەو کەشەسارد و سڕەی کوردستانی گرتبۆوە، لە ئەنجامدا گرانییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڕادەیەك کەشوهەوا سارد و شەختە و سەهۆڵبەندان بووە

و ڕووباری دیجلە بەستوویەتی، نزیکەی مانگێکی خایاندووە، خەڵك و وڵاخ و مەڕو ماڵات بەسەر ئاوە بەستووەکەدا هاتوچۆیان کردوە، لەسەر بەرگی کتێبێك نووسراوە، کە بەڕێکەوت لە ئاگر کەوتنەوەی کۆشکی مەلا ئەفەندی باداوە ڕزگاری بووە، باسی کارەساتەکەی بەشیعر نووسیووە، مێژووەکەی بەپێی پیتی ئەبجەدی خویندراوەتەوە، دەڵێت: کەشوهەوای سارد، خەڵکی کوردستانی شپرزە کردووە، باسی ئەوەی کردووە وڵاخ بەخۆی و بەبارەوە بەسەر ئاوی دیجلەدا پەڕیوەتەوە و نقووم نەبووە، چونکە ئاوەکە شەختەی بەستوویەتی و سەرماکەش زۆر بووە، شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، سەرەتای گرانی مانگی کانوون بووە، ئەو دیاری نەکردووە، بەڵام سەرچاوەکان دەڵێن: کانوونی یەکەم بووە، شیرازەی خێزان تێکچووە، لەکۆتاییدا ساڵی مێژووی نووسیووە ١١٧٠ کۆچی و بەرامبەر ١٧٥٦ زایینی تۆماردەکات، لەناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٧٥٦ز — ١١٧٠دەستی پێکردووە، بووەتە هۆی تەنگژە و بار قورسی ژیان، سەرەتای سەرهەڵدانی برسێتی لەبەر شەختە و سەرما بەروبوومەکان نەبوون، سەرەتا برسێتی لە دیاربەکر و شارەکانی دەوروبەری دەستیپێکرد، خەڵکەکە نانیان دەست نەدەکەوت، ناچار شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێهێشت، بەپیادە دەستیانکرد بەکۆچکردن بەرەو خوارووی کوردستان و شار و دیهاتەکانی، بەڵام لەو شارانەی بۆی دەچوون، دۆخەکە لەلای خۆیان باشتر نەبوو، لەبەر ناچاری بەرەو خوارووی عێراق و بەغدا ڕۆیشتوون.

لەو بارەیەوە مێژوونووس (ستیڤن هیمسلی لونگریك)، دانەری کتێبی چوار سەدە لەمێژووی عیراقی نوێ، لەلاپەرە ٢٠٦دا دەڵێت: تیبینی برسێتییەکە لەزەوی دێمی و وڵاتی ئاشوور زۆر سەخت و قورستربوو، جووتیارەکان لە دروونەوەی بەروبوومەکانیان بی هیوابوون، ئەویش بۆ دووجار ئەوەبوو هەژار و

برسییەکان بەسەر بەغداددا بارین، (ڕیچارد کۆك)، دانەری کتێبی "بەغدای ئاشتی" لەبەشی ٨ لاپەرە ٩٢دا دەڵێت: لەسەردەمی سلێمان پاشا کارەساتێک ڕوویدا، ئەویش برسێتیەکەی ساڵی ١٧٥٦ز -١١٧٠ك بوو، شاری بەغدا شەپۆلی برسییەکان، کە لە باکوورەوە هاتبوون، بەسەریدابارین، ئەم نەهامەتییە دوو ساڵی خایاند، یەك لەجارەکان کەمی دانەوێڵە وایکرد بەکارەسات هەڕەشە بکات، بڕیاردرا (فارسە) نیشەجێ بووەکانی، شارەکە جێبێڵن، بۆ ئەوەی زیانەکان کەم بێتەوە، بەڵام لەدواییدا بەپێویست نەزانرا، لەپڕ دۆخەکە باش بوو.

عەبدولسەلام ڕەئوف، دانەری کتێبی (موسڵ لەسەردەمی عوسمانییەکان)، ئەم بەسەرهاتەی بەدرێژی باسکردووە، لەلاپەڕە ٢٨١دا دەڵێت: هەرێمی جزیرە شەپۆلێك ساردی زۆر سەخت ناوچەکەی گرتەوە، دیاربەکر، حەلەب، ماردین و تەنانەت دیجلەشی بەستبوو، بەدرێژایی ٢٠ ڕۆژ کاروانی بەسەردا دەڕۆیی، دارمانی دۆخی ئابووری باری کۆمەڵایەتی تێکشکاند، کاریگەری لەسەر داب و ڕەفتاری تاکەکان جێهێشت، ناچاربوون کەلوپەلەکانیان بفرۆشن، دواتر پەنایان بردەبەر خواردنی گۆشتی ئاژەڵەکان، وەك پشیلە و سەگ و گوێدرێژ، دواتر دۆخەکە سەختتر بوو، بەناچاری پەنایان بردەبەر فرۆشتنی منداڵەکانیان، ئەوەبوو پەیوەندی شیرازەی خێزانی لێکپچڕاند، باوکەکان منداڵەکانیان لێدابڕا، بەتایبەتی خێزانە هەژار و نەدارەکان، بەناچاری لەپێناو پاروەنانێك، یان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەبرسان نەمرن، تووشی ئەم مەرگەساتەبوون، بێزاری و لە جلەو دەرچوونی خەڵکەکە لەوپەڕی دابوو، چینێك لەچەوسێنەران دروستبوو، بە بازرگانی دانەوێڵە ناسرابوون، ڕۆژانە دزی و کاری دزێوتر بەردەوام بوو، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی مرۆڤ گۆشتی برای مرۆڤی خۆی دەخوارد.

لەمەرگەساتی برسییەتی ساڵی ١٧٥٦ز، جووتیارەکان بەتەواوی هیوا بڕاوبوون، لەوەی ساڵی داهاتوو دەنکە دانەوێڵەیەکیان چنگ بکەوێت، ئەویش بەهۆی ئەو هێرشە چڕەی شێرەکوللە (کلۆی بێباڵ)، ناوچەکەی گرتەوە، بە شێوەیەك بەبیری کەسدا نەدەهات، عبدولسەلام ڕەئوف لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: سەرەتا ڕەوە کوللەکان بێ باڵ بوون، لەسەر زەوی دەخشکان، لەگەڵ گەیشتنیان بەهەر شوێنێك، ئەوەی شینایی بوو قەلاچۆیان دەکرد، دواتر بەرەو ڕووباری دیجلە هاتن و بەرەو ئاوەکەی کشان، پۆل پۆل و یەك لەدوای یەك لەسەر پشتی یەکتر، تاوەکو لە شێوەی حەسیرێك دەچوون، لەڕووباری دیجلە پەڕینەوە، بۆ لای ڕۆژهەڵات (شاری هەولێر)، هەرچی شینایی هەبوو بنبڕیان کرد، تەنیا کەمێکی زۆر کەم مایەوە، بەرەو ڕۆژهەڵات لەکشاندا بوون، ئەمە بووە ڕەنج بەخەساری جووتیارەکان، بەهۆی کوللە بەرهەمەکەیان فەوتا و لەناوچوو.

ئیتر لەبەر نەبوونی بژێوی و برسییەتی خەڵکەکە لە شوێنی خۆیان کۆچیانکرد، بەهۆی کۆچی برسییەکان بۆ شارەکان، والی موسڵ بڕیاریدا دەرگاکانی شورەی شاری موسڵ دابخرێت، بە مەبەستی ئەوەی ڕێگا لەو کەسانە بگرێت ڕوودەکەنە ئەم شارە، گوایە لەتوانادا نییە ئەم هەموو خەڵکە لەباوەش بگرێت، دیمەنی دیتنی لاشەی مردوان لەشارەکان ئاسایی بوو. لەکۆتایی ساڵی ١٧٥٧ لەسەرخۆ بووژانەوەیەك بەسەر لادیکانداش هات، (لونگریك)دەڵێت: موسڵ بێ هێز و کزبوو، بەڵام لەساڵی ١٧٥٧ بووژانەوەی بەخۆوە بینی. مەبەست لە موسڵ بەشێکی زۆر لەخوارووی کوردستانە، ئەو کاتە بەویلایەتی موسڵ ناودەبرا، هەریەك لە هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دهۆك و شەنگال دەگرێتەوە، دواتر ئەم ناوانە گۆڕانیان بەسەرداهات[١].

١. ئیحسان رەشاد موفتی، گرانیە گەورەکانی هەولێر و دەوروبەری، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرین گالۆری- لوبنان، ٢٠٠٩، ل ١٣٢٦.

هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لەساڵی ١٨٢٤ گرانییەك لەبەر کێشەی هەوای سارد و بەفر سەری هەڵدا، خەڵکی کوردستان نەیانتوانوە بەروبوومیان دەست بکەوێت، لەئەنجامدا گرانی و نەبوونی وڵاتەکەی گرتۆتەوە، لەلایەکی ترەوە پێش گرانی شەڕی یەکەمی جیهانی، لە کوردستان گرانی دیکە ڕوویداوە، هەمان برسییەتی و ساردی و کەشوهەوای لەگەڵ خۆی هێناوەتەسەر شارەکانی باکووری موسڵ، پیاوە پیرەکان لەهەولێر ناویان نابوو ساڵی "لیرە"، گوایە بەروبووم وەك گەنم وجۆ زۆر گران بووە.

ماوەیەك گرانی وا قورس بووە، یەك هۆقە[1] گەنم بە لیرەیەك بووە، سەرچاوەکان ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە، ئەمە قسەی عەبدجاسم عەرەب، ئامۆزای تاهیر یەحیای سەرۆك ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دانیشتوی کۆیە بووە، زمانی تورکی، کوردی، عەرەبی، عیبری، کلدانی دەزانی، بەهۆی یاوەرانی، کە جولەکە بوون، یان برایانی مەسیحی فێرببوو، لای موفتی ئەو سەردەمە خوالیخۆشبوو شێخ عەلی ئەفەندی بووە، نووسراوە لەساڵی ١٨٨٠ز ڕوویداوە.[2]

لەساڵی ١٨٧٧دا برسێتی بەشێوەیەکی قورس ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیشی گرتەوە، بۆ نموونە: خۆی، سابڵاخ، ورمێ، سنە و شوێنانی تر، لەم ناوچانەدا خەڵکێکی زۆر بەدی دەکران، کە لەتاو برسێتی لە تورکیاوە هەڵاتبوون و ئامانجیان ئەوە بوو، دەرفەتێکیان دەست بکەوێت، لەم ماوەیەدا لەسەر سنوورەکانی ئێران بەڕادەیەکی فراوان بازرگانی بە منداڵان دەکرا، بەپێی چەند هەواڵێك شاری دیلمان بنکەی بازرگانی کردن بوو بە منداڵانی کورد، لەوێ "کورد منداڵانی خۆیان زۆر بە هەرزان دەفرۆشت ئەمەش ببووە نەریت".

١. یەك هۆقە چوار کیلۆ بووە.

٢. ئیحسان رەشاد موفتی، هەمان سەرچاوە.ل١٣٢٤.

لەمە زیاتر بە وتەی (ئابۆت) کۆنسۆڵی گشتی ئینگلیز لە تەورێز، هەموو دانیشتوانی گوندێکی کورد لە ئێران مردن، لەچەند گوندێکی تریشدا تەنیا ژنان و منداڵان مابوونەوە.

دواتر بەهۆی گرانی و سەختی ژیان و بێ چارەیی کوردەکان هاتنە سەر ئەوەی خۆیان لە ڕاپەڕینێکی چەکداری ڕێکخراودا کۆبکەنەوە، ئەو ڕاپەڕینەی لە ساڵی ١٨٨٠ دا بووە ڕاپەڕینێکی فراوانی نەتەوەیی.[١]

لەساڵی ١٨٨٠، بەهۆی ناکۆکی دەوڵەتانی سنوورەکە، بەتایبەت تورکیا و ڕووسیا، لەلایەکی تر باجی زۆری دەوڵەت لەسەر دانیشتوان، گرانییەکی بێ ئامان هەموو ئازەربایجانی گرتبۆوە، تەواوی هەرێمەکەی لەبەریەکهەڵوەشاندەوە و زۆر کەسی کوشت و کردەی تالآن و بڕۆیی گەیشتە بەرزترین ئاست.[٢]

دەربارەی مێژووی گرانییە گەورەکە (١٨٧٩/١٨٨٠ز ١٢٩٧/١٢٩٨-ك) لەدەستنووسی محەمەد عەلی موفتی هەولێریش نووسراوە: خەڵکەکە وەك شەپۆلی دەریا مردووەکانیان دەخوارد و نرخەکان بەچەشنێك هەوراز چوون، لەئەنجامدا کڕین و فرۆشتن کۆتایی هات، بەفر لەنێوان موسڵ و شەنگال باری و مەڕومالآت قڕیان تێکەوت. کچ و بێوەژنەکان تەنیا بەرامبەر ئەوەی خواردنیان مسۆگەر بکرێت بەشوو دەدەران، خەڵکەکە وەك مێگەلە مەڕ ئەو شارە و شاریان پێدەکرا، تەنانەت موفتی بڕیاریدا خواردنی گۆشتی بۆگەن دروستە، دەربارەی سەرەتای گرانی لە کوردستان (ئەلسائغ ئەلموسڵی) خاوەنی کتێبی (مێژووی موسڵ) لە ١٩٢٣ لە میسر چاپکراوە و لەلاپەرە ٣١٤ و ٣١٥ دەڵێت: لەمانگەکانی کۆتایی ١٨٧٩، بارانێکی زۆر بەتاو لەباکووری

١. دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی "الزمان" بەغدا-١٩٨٧، ل ٧١.

٢. گیلان، کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٤١.

عیراق باری، بوو بەهۆی ئەوەی تەواوی خەڵکەکە کەوتنە خۆشی و دڵیان بەوە گەشایەوە، بەهاتنی وەرزێکی نوێی باران بارین، نرخی کەلوپەلەکانی خۆراك ڕوو لە دابەزین بوو، بەڵام ئەم گەشبینییەی خەلکەکە زۆری نەخایاند، لەناکاو ڕەشەبا باوەرزێکی ژەهراوی سوتێنەر هەڵیکرد، کشتوکاڵ و تەواوی چاندراوەکانی لەناوبرد، گوڵی دار و درەختی وەراند، دواتریش سارد و سڕیەکی ئەوتۆ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، ڕووبارەکان بوونە بەستەڵەك، ئەوە سەرەتای برسێتی بوو.

دکتۆر علی وەردی لەبەرگی سێیەمی چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لەمێژووی نوێی عیراق (لمحات اجتماعیه من تاریخ العراق الحدیث)دا دەڵێت: لەساڵی ١٨٧٩ سەرمایەکی سەخت هات و ڕووبارەکانی بەست، ئەمەش سەرەتای گرانی و برسیەتی بوو، ئەو بیانیانەی لەشاری موسڵ بوون، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان هەبوو ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت، کونسوڵی فەرەنسا لە موسڵ (میسیۆ سیۆفی)، نوسراوێکی بۆ حکومەتەکەی نووسی لەبەرواری ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٨٨٠. باسی ئەو گرانییە دەکات و دەڵێت: گرانییەکە بووەتە برسییەتی ڕاستەقینە، ڕۆژبەڕۆژ تادێت سەختتر دەبێت، هەموو ڕۆژێک خەڵکی گوندەکان ئاواییەکانیان جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە شارەکەمان بۆ نان پەیداکردن، سەدان خەڵکی ئەو ناوچانە، کە زۆرینەی چینی چەوساوەیە، کەوتنە سواڵ و لەژێرباری کلۆڵیدا دەناڵێنن، لاکەیان دێت لەبەر برسیەتی و بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن، ژمارەی برسییەکان لەبن نایە، لەماوەی مانگێکدا ژمارەی هەژارەکان سێ جار زیادیکرد، هەندێکیان لەبەر برسیەتی ناچاربوون، پەنا بەرنەبەر خواردنی گۆشتی ئاژەڵ، هەموو ڕۆژێک پێنج کەس دەمرن.

گرانییەکە لە کەرکوك توندتربوو لە موسڵ، مەترانی ئەم شارە بۆ پەتریاکی خۆی نووسیووە، دەڵێت: هەموو ڕۆژێ سێ کەس لە کەرکوك دەمرن، چەتە و دز و ڕێگرەکان لە گوندەکان بڵاوبوونەتەوە و پەلاماری گوندەکان دەدەن، چیان دەستبکەوێت دەستی بەسەردا دەگرن، بێ ئەوەی دەسەڵات دەنگ بکات، نزیکەی چل گوند خەڵکەکەی چۆڵیانکردووە، قۆرخکار و پاوانخوازەکان ئەمەیان بەهەلزانی نرخی گەنمیان بیست تا بیستوپێنج ئەوەندەی نرخەکەی بەرزکردەوە، سەرۆکی شارەوانی یەکێك بوو لەو پاوانخوازانە، لە کاتی گرانییەکە توانی چوار قات سەروەت و سامانەکەی خۆی پتربکات. حکومەتی ناوخۆ هەوڵیدا کێشەکە چارەسەربکات و دەسەڵاتی شارەوانی سەرپشك کرد، مافی ئەوەیان هەبێ بچنە ناو ماڵانەوە و دەستبەسەر هەموو خۆراکێك دابگرن و بەسەر بێدەرەتاناندا دابەشی بکەن، بەڵام ئەو پشکنەرانەی ڕاسپێردرابوون شیاوی ئەو کارە نەبوون، ئەوانیش هەروەکو فەرمانبەرانی تر کەوتبوونە ژێرکاریگەری پەیوەندی کەسایەتی، یان بەرتیل خواردنەوە، ئەگەر چووبان ماڵێك لەماڵە دەوڵەمەندەکان بپشکنن، لەنیازی دڵی خۆیان ئاگاداریان دەکردنەوە، بەمەش دەوڵەمەندەکان، وەکو خۆیان مانەوە و هیچ زیانیان نەکرد، هەژارەکان تووشی زیان بوون.[١]

لە ئەنجامی شەڕی عوسمانی – ڕووسی بەدرێژایی ساڵەکانی ١٨٧٨-١٨٨٠، ئابووری کوردستان لەدوا باری تێکچون و وێرانەیی دابوو، برسێتی برستی لە خەڵکی کوردستان بڕیبوو، بەنموونە تەنیا لەناوچەیەکی وەکو هەکاری دە هەزار کەس لەبرسان مردن، برسێتی کوردە کۆچەر و نیمچە کۆچەرەکانیشی گرتبۆوە، هەزاران کەس لە ڕەوشێکی بێهوودەیی دابوون، بەرەو ناوچەکانی

---

١. دکتۆر علی وەردی، لەبەرگی سێیەمی چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عیراق، وەرگێڕانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا، بەرگی سێیەم، سلێمانی.ل٥٤- ئیحسان رەشاد موفتی، سەرچاوەی پێشوو.ل (١٣٢٧-٨)، (٥٤-٥٦)

باکوور بۆ سەر سنوورەکانی ڕووسیا ڕایانکرد، بەو هیوایەی نەوایەك و ژەمە خواردنێك لەڕووسیا بەدەست بخەن.

ڕەوشی کوردستانی بندەستی فارس لە کوردستانی بندەستی عوسمانی چاکتر نەبوو، ڕۆژنامەی "مشاك" نووسیوییە:"برسێتی لەزۆر ناوچەدا وایان لە خەڵکەکە کردووە، هۆش و گۆشیان لەدەست بدەن و باکیان بەسیستم و یاسا نەماوە و بەکۆمەڵ پەلاماری ئەنبارەکانی دانەوێڵە دەدەن بۆ تاڵانکردنی".[١]

بەڕێز سیۆفی(**Sioufi**) کارداری جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە موسڵ لەشیکردنەوەیەکدا باڵوێزخانەی فەرەنسا بۆ وەزیری وڵاتەکەی ناردووە، لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٧٩ دەربارەی زوڵمی تورکەکان لەکوردستان دەڵێت: ڕادەی زەبروزەنگی تورکەکان بەرامبەر کوردەکان نیشاندەدات، هۆزێکی چیایی لەبەهاری دوایی چەند هێرشێکیان کردۆتە سەر پێدەشتنشینەکان، دژ بەچەند ئاواییەکی کوردە نیشتەجێکان، ئەوانیش دەچن سکاڵا لەلای پاشای موسڵ دەکەن، پاشاش بۆ ڕاوەدوونانی ڕاوڕووتکارەکان سریەیەکی پیادە لەژێر سەرکردایەتی (بین باش)ێك (سەرکردەی بەتالیۆن) دەنێرێت، لەوکاتەی لەشکر دەگاتەسەر شانۆی هێرشە نوێیەکە پیاو خراپەکان ڕادەکەن، سوپا لەبری ئەوەی بەدوایان بکەوێت، تورکەکان حەزدەکەن لەشکرکێشییەکەیان کورت بکەنەوە، بەجۆرێك بۆ خودی خۆیان بەکەڵك بێت، بۆ ئەوە هیچیتر لەوە زیاتر نابیننەوە، جگەلەوەی بکەونە وێزەی ئەو ئاواییانەی، کە هاتبوون بیانپارێزن، بەم چەشنە دەکەونە تاڵان و بڕۆکردنیان و ڕفاندنی ژنان و کیژۆڵەکانیان، بیست و چوار ژن و کچ دەستدرێژیان کرایەسەر، بڕێکی دیکە ڕفێندران و (بێن باشی) بۆ

---

١. نەجاتی عەبدوڵلا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسیدا (١٨٧٩-١٨٨٢)،سلێمانی ٢٠٠٤،ل ٢٤

خۆی دووی لێهەڵگرتن، خەڵکی ئاوایی سکاڵایان کرد، بەڵام ئەوان لە هەمان ڕەگەزی ئەوانە بوون دەیانویست سزا بدرێن، بێ ئەوەی بەمافی خۆیان بگەن گێڕاویاننەتەوە، تاوانەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج یان شەش مانگ و دەتوانین دووپاتی بکەینەوە، تائەمڕۆش هێشتا تاوانکارەکان سزا نەدراون. ئەم کردەیە بەڕێکەوت لەنێوان سەدان تاوانی دیکە دەستنیشانکراوە، کەمتر نامەردانەترنین، ئەوەندە بەسە لەوە تێبگەین، ئەم خەڵکە خۆبەزلزان و بەشێوەیەکی ئاسایی بێ حەوسەلە لەدەست کۆیلایەتی، دەبێت چەند ئاسان بێت دنەبدرێن دژ بەباڵادەستی سوڵتان.[١]

دۆخی ئابووری ڕووخاو و بەڕێوەبەرایەتی شێواوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە زستانی ١٨٧٩- ١٨٨٠ برسیەتیەکی قورس زۆربەی هەرە زۆری هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی گرتەوە، لە مارتی ساڵی ١٨٨٠ ڕۆژنامەی (تایمس) هەواڵێکی بڵاوکردەوە، کە لە ئەستەمبوڵەوە پێیگەیشتبوو، تیایدا هاتبوو: "هەژاری و برسێتی لە دیاربەکر و موسڵ تەواو پەرەیان سەندووە، دانیشتوانی دەوروبەری موسڵ، لە هەموو هۆکارێکی ژیان بێبەشن، بەڵام هیوا هەیە بەرهەمی ساڵی داهاتوو دۆخی لێقەوماوەکان باشتربکات".

لەئەنجامی بێ بارانی و نەبوونی دەغڵودان نرخی نان زۆر بەرزبۆوە، کاربەدەستانی ناوخۆیی ئەوانەی بازرگانێتیان بەپارووی خەڵکەوە دەکرد و دەستیان لە بازاڕی ڕەشدا هەبوو، هەوڵیاندا هێندەی تر دانیشتوەکان بڕوتێننەوە و خوێنیان بمژن، ڕۆژنامەی (مشاك)ی، تفلیسی لە ساڵی ١٨٨٠ هەموو ڕۆژ هەواڵی برسێتی ئەم ناوچە یا ئەو ناوچەی تورکیا و ئێرانی بڵاودەکردەوە، بەشێوەیەکی کارەساتاوی لە دۆخی هەژاری و برسێتی ئەرمەن و کوردەکان

١. نەجاتی عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوە، ل ٤٦

دەدوا، (مشاك) دەنووسێت: "برسێتی پەرەدەستێنێ، خەڵكی لە هەموو شوێنێك ڕەشوڕووت، شەكەت و لەڕ و پەككەوتەن، لەتاو دەرد و نەخۆشی و برسێتی پێستیان بە ئێسكیانەوە نووساوە، بێ وەستان داوای یارمەتی دەكەن، گەلێك لە برساندا مردن".

دۆخی خراپی وڵات وای لە دەوڵەتی عوسمانی كرد، ناچار بوو، لەسەرەتایساڵی ١٨٨٠دا، یاسایەك دەربارەی كەم كردنەوەی نرخی پارە بڵاوبكاتەوە، خەڵكە برسی و خوێنمژراوەكە ڕایەكی تەواو خراپیان بەرامبەر بەو یاسایە پەیداكرد، گەل وەڵامی ئەم هەڵخەڵەتاندن و دەست بڕینەی بەڕاپەڕین و ڕاستبوونەوەی چەكداری ڕووبەڕوودایەوە.

كوردە برسیەكەش دەست بەچەكەوە پەلاماری عەمبارەكانی گەنم و جۆیدا و مووچەخۆرە دەوڵەمەندەكانی كوشت و سەركێشانە ڕووبەڕووی ئەو هێزە عوسمانیانە وەستا، كە بۆ تەمێ كردنی و باج كۆكردنەوە نێردرانە سەری.

دۆخی ژیانی دانیشتوانی جزیرە و دیاربەكر و موسڵ و ناوچەكانی تریش لەمە باشتر نەبوو، (یاكیمانسكی) لەو ڕاپۆرتەیدا، بۆ باڵیۆزی ڕووسیای نارد لە ئەستەمبوڵ، ئەوەی دەست نیشانكرد، خەڵكی لەتاو برسێتی ناچاربوون گۆشتی كەر یان گژوگیا و ڕەگی ڕووەك بخۆن.[1]

عباس ئەلعزاوی مێژوونووسی كۆچكردوو لە كتیبەكەی (تاریخ العراق بین الاحتلالین)، بەشی هەشتەم دەربارەی قەوماوەكانی ساڵی ١٢٩٧ دەڵێت: گرانی و وشكەساڵی و برسیتی دووچاری بەغدا و موسڵ بوو، ساڵی ١٨٨٠ سەخت بوو، پیاو دیمەنی زۆر بەئازاری دەدیت، لەڕێگا لاشەی مردوان و فرۆشتنی كچ و منداڵان، چەند دیمەنی دیكە. دەڵێت: لە موسڵ بەساڵی (لیرە) ناسراوە،

---

١. دوكتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧-٧٠.

چونکە کێلە[١]وەزنێکی ئەو ساڵە گەنم بە لیرەیەك دەفرۆشرا، لەکاتێکدا ئەوسا لیرە زۆر گران بوو، لە بەغدادیش ئەم برسێتییە بە ساڵی (برسیمە) ناسرابوو، هۆکاری ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لەکوردان ڕوویان لەشاری بەغدا کردبوو، کەگەیشتبوونە ئەم شارە هاواریان دەکرد برسیمە (برسیمە، برسیمە)، ئەم دۆخە لەم وشەیە سەریهەڵداوە.[٢]

لە هەمان کاتدا، سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، لە ساڵی ١٩٠٧-١٩٠٨ شاری هەولێر دووچاری گرانی بووە و گرانی ئەو ساڵە بەناوبانگە بە (ساڵی بەفرەکە)، بەڵام کارەسات و گرانی و قاتوقڕی و نەبوونی و مەرگەساتی گەورە ئەوەبوو، ئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنای، جیاوازی ئەم گرانی و قاتوقڕیە لەگەڵ ئەوانی پێشتر، ئەوەیە ئەگەرچی هەندێکیان ئاکامی زوڵم و چەوسانەوەی دەوڵەت و هەندێکیان هۆکاری سروشتی و گۆڕانی کەشوهەوای وڵات و هاتنی کوللە و زیندەوەری زیانبەخش بوو، بەپێچەوانەوە ئەمجارە هۆکاری مرۆیی بوو، بەهۆی ئاکار و دڕندەیی مرۆڤ هەزاران کەس کوژران و پەککەوتە بوون، بەهۆی نەخۆشی و بێ داو و دەرمان و لەبرسان مردن، ئەمەش بەهۆی کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سەریهەڵدا، بەتایبەت ئەو ناوچەیەی کەوتبووە ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

وڵاتە زلهێزەکانیش چاویان بڕیبووە خاکی دەوڵەتی عوسمانی، لەبەرئەوە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی لەساڵی ١٩١٤، تورکە لاوەکانی عوسمانی پاڵیاندایە بەرەی (ئەڵمان، نەمسا، هەنگاریا و هاوپەمانەکانیان) لەبەرامبەردا بەرەی هاوپەیمانان (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و هاوپەیمانەکانیان) بوون،

١. کێلە: نزیکەی ٢٥ پووده، سەنگی کێلە لەهەموو شوێنێك وەکو یەك نییە. بڕوانە: دوکتۆر جەلیلی جەلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

٢. ئیحسان ڕەشاد موفتی، هەمان سەرچاوە، ل١٣٢٩.

تورکە لاوەکان خۆیان هاویشتە ناو ئاگری شەڕەوە، ماڵوێرانییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی تەواوی کوردستانی گرتەوە، لەبەر گرنگی و بایەخی شوێنی ستراتیژی هەردوو ناوچەی بیتوێن و پشدەر، لەو شاڵاوە مەترسیدارە ڕزگار نەبوون و بگرە بەهۆی نزیکی لەسنووری ئێران و هاتنی ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بارودۆخەکە لەم ناوچەیە لە ناوچەکانی دیکە خراپتربوو، ئەو کاتە ڕانیە و قەڵادزێ دوو سنجاقی دەوڵەتی عوسمانی بوون، ڕانیە ناوەندی سنجاقی سنووری بیتوێن بووە بە ناحیەی چناران و ناودەشت (سەنگەسەر)ەوە، سەر بە ویلایەتی کەرکوك بووە، پشدەر،کە ناوەندی قەڵادزێ بووە و ناحیەی ناوەند و ناحیەی (مەرگە)[1]بووە، سەر بە ویلایەتی سولەیمانی و هەردوو ویلایەتی کەرکوك و سولەیمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ بوون، هەموو سنووری باشووری کوردستانی دەگرتەوە.

لەناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕووسیای قەیسەری بەمەبەستی داگیرکردنی باشووری کوردستان و میسوپۆتامیا و گەیشتن بەکەنداوی عەرەب، لەچوار قۆڵەوە هێرشدەکاتە سەر باشووری کوردستان، سوپای ڕووس لەکاتی هێرش و پەلاماردانی بۆ ناوچەکە، مەینەتی زۆر و کارەساتی گەورە و وێرانکاری زۆری بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنا، ئەم هێرشە دڕندانەی سوپای ڕووس تائێستاش لە یادەوەری خەڵکی ناوچەکەدا ماوە و لەسەر زمانی خەڵکی بیتوێن و پشدەر بە (شەڕی عرووسان) ناسراوە، دوای تێپەڕینی سەدەیەك بەسەر کارەساتی گەورەی شەڕی عرووسان، هێشتا بەسەرهات و

١. مەرگە: گوندێکە سروشتێکی جوانی هەیە، تەواوی ناوچەی لای خوارووی ڕۆژهەڵاتی زێی بچوك لە سنووری ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی بیتوێن بەناوی (بەری مەرگە) ناسراوە، لە کۆندا بەناوبانگ بووە، مەرگە لەسەردەمی عوسمانییەکان پێگەی کارگێڕی هەبووە و لە سەدەکانی ١٥ و ١٦ سنجەق واتە (قەزا) بووە، دواتر ناوەندی کارگێڕی قەزاکە گوازراوەتەوە بۆ پشدەر(قەڵادزێ). ئێستا لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بە ناحیەی بنگردە، کە تا ساڵی ١٩٧٠ سەر بە قەزای پشدەر بووە، دواتر گوازراوەتەوە سەر قەزای ڕانیە و دواتریش دوکان و تا ئێستا سەر بە قەزای دوکان و پارێزگای سلێمانییە.

ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنەکانی لەبیری خەڵکی ناوچەکە زیندوون و تێکەڵاوی هۆنراوەی میللی و چیرۆکی دەماودەم بوون، بیرەوەرییەکان گەلێك زۆرن و شایانی ئاوڕلێدانەوەن، ئەگەرچی بەڵگەنامە و سەرچاوەی ڕەسمی لەو بارەیەوە کەمن، یا بابڵێم لەبەردەستی ئێمەدانین، بەڵام هەوڵدەدەین بەپێی توانا ئەوەندەی بکرێت بۆ بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویست و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەو کارەساتە گەورەیە شتێکی لەبارەوە دەنووسین.

## ململانێی زلهێزەکان لەسەر خاکی عوسمانی

سەدەی بیست، سەدەی کێشە و نەهامەتی و کارەساتی گەورەبوو، بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی، دەوڵەتانی زلهێزی جیهان بەتایبەت ڕووسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، دوای ئەوانیش ئەڵمانیا و ئەمریکا بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، کە لەدواڕۆژانی تەمەنیدا بوو، هەر یەکەیان نەخشەی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ چۆنێتی دەستگرتن بەسەر زۆرترین بەشی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و میراتی (پیاوە نەخۆشەکە)، پوختەی نەخشەکانی سێ دەوڵەتی سەرەکی لەناو ئەوانەدا، بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا بوون، بەر لەهەمووشیان زیاتر ڕووسیای قەیسەری لەمێژبوو بۆ دەرفەتێك دەگەڕا، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆی لەناو سنووری پانوپۆڕی دەوڵەتی عوسمانیدا بەهێزبکات، بۆ ئەم مەبەستە گەلێك کونسوڵخانەی لەناوچەکانی سەر سنوور لەگەڵ عوسمانی دامەزراندبوو. هەر یەکەیان بنکەیەکی تایبەتی بوو، بۆ ئاسانکردنی کاروباری ئەو میسێنێرانەی[١] دەنێردران بۆ ناوچەکە بەناوی ئاینەوە، هێزی (قۆزاق)

١. میسێنێر (مژدەدەرە): مژدەدەر لە مژدەدانەوە هاتووە، واتە مژدەی پێ دەدا، لە زاراوەشدا زاراوەی مژدەدان بەکاردەبرێت بۆ ئەو هەڵمەتەی خاچهەڵگری جیهانی پێی هەڵساوە و ناو دەبرێت بە "فێرکردنی ئایینی مەسیحی" گەشەکردن و دەرکەوتنی مژدەدەرێتی

ی[1] ڕووسی، کە بۆ هەر جۆرە شەڕفرۆشتنێك بەدەوڵەتی عوسمانی پێکهێنرابوو. لەبەرامبەردا عوسمانییەکانیش چەند هێزی جۆراوجۆر و (سوارەی حەمیدی)یەیان[2] درووستکردبوو، بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك بە ڕووسیا و نەیارەکانی، ئەوەی لەهەمووشیان زەرەرمەندتر نەتەوەی کوردبوو.

لەسەرەتای سەدەی بیستدا کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە زۆر گرنگبوو، ئەو ناوچەیە ببووە بەشێك لەبازاڕی جیهان، کوردستان بووە مەسەلەیەکی جیهانی و دەوڵەتە زلهێزەکانی، وەکو بەریتانیا و ڕووسیا و ئەڵمانیا کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر ناوچەکە، بە بەراورد لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیدا. لەسەرەتای ئەو سەدەیەدا چەندین

---

دەرکەوت و هاتە ناوەوە لە چاو ڕۆژهەڵاتناسی –الاشتشراق-دا. لە سەرەتای دروستبوونی ئاینی مەسیحی لە دوای کۆتایی چاخەکانی کۆنەوە ئاینی مەسیحی لە ڕێی مژدەدەرەکانەوە ( المبشرون ) لە ڕۆمای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بڵاوبوەوە، لێردا مژدەدەری وەك بزوتنەوەیەکی نهێنی لە سەدەی یەکەمی زاینی لە ڕۆما بڵاوبوەوە. سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی ئیسلام. هەروەها بڕوانە: گۆڤاری کۆچ **http://govarikoch.com/Detail.aspx?id=454&LinkID=3**

١. قۆزاق: هێزێکی هاوشێوەی سوارەی حەمیدیەی عوسمانی بوو، ڕووسیا لە جەنگ دژی عوسمانییەکان لە هێزی دەرەبەگە کوردەکان پێکیهێنابوو، بۆ بەکارهێنانیان لە کاتی شەڕدا. لە ساڵی ١٨٨٢ لەکاتی جەنگی ڕوس - عوسمانیدا، پرۆفیسۆر مینۆروفسکی دەڵێت: ڕووسەکان چوار تیپی موسڵمانیان لەبەر دەست دابوو، یەکێك لەو تیپانە کوردەکان بوون (٤٠٠ سوارە) و فەرماندەی تیپەکەش ئەفسەرێکی ڕووس و یاردەدەرەکەشی یەکێك لە سەرۆکە کوردەکان بوو، دواتر لە جەنگی (قرمیش)، ژمارەی سوارە کوردەکان گەیشتە دوو تیپ، فەرماندەی تیپی دوو جەعفەرئاغا بوو، دواتر تا پلە و پایەی جەنەڕاڵی چووە سەرەوە. (د. ئەسعەد ڕەشیدی، جێگاو شوێنی تراژیدی ئامێزی کوردەکان لە ڕوسیای تزار و یەکێتی سۆڤێتدا، و: دیار، **aspx?id=،13-3-2012 759 AMhttp:// www.kurdstanpostinfo.com/ViewItaims**

٢. سوارەی حمیدیە: هێزی عەشایری دەرەبەگە کوردەکان، وەك یەکێك لە سیاسەتەکانی سوڵتان عەبدولحەمید دەسەڵاتدارانی تورك دەیانویست دڵی کوردەکان ڕابگرن، لەسەر ناوی عەبدولحەمیدی دووەم. بە چاولێکەری حکومەتی رووس دەوڵەتی عوسمانی لەسەر پێشنیار و هاندانی ئینگلیز، وەك قۆزاقی ڕووسیا هێزێك لە عەشایرەکانی عوسمانی درووست بکات. بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە هێزی کورد و کۆکردنەوەی سەرۆك هۆزە کوردەکان لەژێر فەرمانی حکومەت، سوارەی حەمیدیە بە پێی بڕیارێکی فەرمی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٠ دا دەرچوو بوو، دواتر کاری بۆکرا، دوای ئەوەی سەرۆك هۆزە کوردەکان بەڵێنیان بەسوڵتاندا، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوەکانیان بنێرن بۆ هێزەکانی سوڵتان، بەڵام کە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان زۆریان پەشیمان بوونەوە، هەندێکیشیان نەیانتوانی ئەو هێزە بنێرن، بۆیە لەنێوان پەنجا سەرۆك هۆزی کورد لەوانەی سەردانی ئەستەمبووڵیان کرد و بەڵنیاندا هێز بۆ (سوارەی حەمیدی)یە بنێرن، تەنیا (١٣)یان پەیوەندیان بەو هێزەوە کرد، ئەوانی تر ڕەتیانکردەوە پەیوەندی بەسوارەی حەمیدییەوە بکەن، دەربارەی خراپەکاری سوارەی حەمیدیەش زیادەڕۆیی زۆرکراوە، ئەوە باسێکی ترە. بڕوانە: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٣٨.

گۆڕانکاری گەورە و کاریگەر لەنێو هەریەك لە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ڕوویدا، بۆ نموونە دەرکەوتنی ڕۆڵی ئەڵمانیا لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا، سیاسەتی زلهێزەکان گۆڕانی بەسەرداهات، پاشان لەنێوان هەریەك لە دەسەڵاتەکانی ڕووسیاو عوسمانی و ئێرانیشدا بزووتنەوەی جۆراوجۆر هاتنە ئاراوە.

ململانێکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا بەتوندی لەپەرەسەندن دابوو، لەپێناوی دەرهێنانی نەوتدا، سیاسەتی ڕووسیاش لەو سەردەمەدا بەپلەی یەکەم بریتی بوو، لە هەوڵدان بۆ گەیشتنی بە کەشتییەکانی دەریای ناوەڕاست، جەنگە درێژخایەنەکانی هەردوو ئیمپڕاتۆری ڕووسیای تزاری و دەوڵەتی عوسمانی لە دەیەکانی نێوان سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر بارودۆخی نێونەتەوەیی دانا، بووە هۆی توندبوونەوەی نائارامی بەردەوام لەناوچەی ئاسیای ناوەند و قەفقازدا.

لاوازبوونی هێزی دەریایی دەوڵەتی عوسمانی، بەشێوەیەکی سروشتی زەمینەی پێوەلکاندنی (کریمە) بەدەوڵەتی ڕووسیاوە خۆشکرد، فراوانخوازی سیاسەتی دەوڵەتی ڕووسیای لەچوارچێوەی ئەو وڵاتە بەرەو باشوور و مەیلی دەستەبەرکردنی دەریای ڕەش و زاڵبوون بەسەر ڕێگا بازرگانیەکانی ئاسیای ناوەندی و ئەوروپا بەهێزدەکرد، چاوچنۆکی لەبڕان نەهاتووی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بۆ داگیرکاری و پەیوەستکردنی سەرزەمینی خەڵکانی تر بەڕووسیاوە، بۆ بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی پاڵاوگەکانی دەریای ڕەش و پێکەوەبەستنی دەریای خەزەر و دەریای ڕەش، ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز بەدەوڵەتی ئیمپڕاتۆرییەوە، ئەویش لەڕێگای وێرانکردنی تورکستان و دۆزینەوەی ڕێگا بۆ دەستڕاگەیشتن بەڕێگا ئاویەکانی ئوقیانووسی هیند و نزیکبوونەوە

لەکەنداوی فارس و دەریای عەممان.[١] بۆ ئەم مەبەستەش ڕووسیا پلانەکانی چڕکردبۆوە، بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات و ئێران، لەپێناوی کۆنترۆڵکردن و تێگەیشتن لە هەڵوێستی ناوخۆی ئازەربایجانی ئێران و کوردستان و ئەرمینیای نێو قەڵەمڕەوی عوسمانی.

لەلایەکی تریشەوە بەمەبەستی گەیشتن بە ئاوەکانی کەنداوی عەرەب، ڕووسیا هەوڵیدەدا لەشکرکێشییەکانی بەئاقاری ئارزەربایجان و کوردستاندا پێشڕەوی بکات. ڕووسیا لە ساڵی ١٩٠٠دا، دەسەڵاتی فراوان ببوو، چونکە توانیبووی پێگە بۆ کەشتییەکانی لەسەر کەنداو مسۆگەربکات، کەبەشێکی لوڕستانی کوردستانی پێوەبەندە. ئەم هەوڵەش بەریتانیای دردۆنگ کرد. بەریتانیا لە دژی هەوڵەکانی ڕووسیا وەستا، لەساڵی ١٩٠١ لەگەڵ میری کوەیت پاشان لەگەڵ عوسمانییەکان و ئەڵمانیا ڕێکەوتن، بەمجۆرە توانیان کۆنترۆڵی دەروازەکانی کەنداو بکەن لە دژی ڕووسیا.

لە٣٠ کانوونی دوەمی ١٩٠٢ بەریتانیا و ژاپۆن بەیەکەوە هاوپەیمانییەکیان بەست، ئەمەش مەترسییەکی زۆری بۆ ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی دوور درووستکرد، چونکە ڕووسەکان ماوەیەکی زۆربوو پلانیان بۆ ئەو ناوچانە دانابوو. بۆ لاوازکردنی پێگەی ڕووسیا، بەریتانیا و ژاپۆن لە ڕێگای کونسولخانەکانیانەوە چەندین پڕوپاگەندەیان بۆ ڕووسیا دروستکرد، داوایان لە عوسمانییەکان کرد، ژمارەی سەربازەکانی لەسەر سنووری ڕووسیا زیادبکات، بەریتانیا هەوڵیدەدا لەکاتی شەڕکردنی ڕووسیا لەگەڵ ژاپۆن، ئاژاوەی لەودیو قەفقاز بۆ درووستبکات، بەڵام ڕووسیا بەردەوام هەوڵیدەدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عوسمانییەکان ڕێکبخاتەوە. سەبارەت بە پەیوەندی عوسمانییەکان لەگەڵ ڕووسیا، زەکی پاشای

١. د. ئەسعەد ڕەشیدی، سەرچاوەی پێشوو، **.759 =http:// kurdstanpostinfo.com/ViewItems aspx?is.**

عوسمانی لەكاتی جەنگ لەگەڵ ژاپۆندا بەڕووسیای ڕاگەیاند، دەوروبەری هەزار كورد دەنێرێتە قەفقاز، بۆ ئەوەی هاوكاریان بكات لە جەنگەكەدا، بەڵام ئەم هەواڵە ڕاست نەبوو، كاتێك زانیان لەگەڵ ژاپۆن شكستیان هێناوە، ژمارەی هێزەكانی لەسەر سنوور زیادكرد و هێرشیانكردە سەر ڕووسیا.[١] چاوتێبڕینەكانی ئەڵمانیا لە توركیا لەپەرەسەندن دابوو، لەساڵی ١٩٠١ دەوڵەتی عوسمانی ڕێگایدا بە ئەڵمانیا دەستەیەك لە پسپۆڕانی ئەڵمانیا بەمەبەستی دۆزینەوەی نەوت، سەردانی كوردستانی باشووری كرد و پاش گەڕانەوەیان دەستەكە لە ڕێگای ڕاپۆرتێكەوە حكومەتی ئەڵمانیای لەبوونی نەوتێكی زۆر لە كوردستان ئاگاداركردەوە، ئاماژەیان بەوە كردبوو، هەرچی زووە هەوڵی بەدەستهێنانی ئیمتیازی دەرهێنانی ئەو نەوتە لەدەوڵەتی عوسمانی بدرێت.

لەساڵی ١٩٠٣ ئەڵمانیا مۆڵەتی فراوانكردنی زیاتری هێڵەكەی وەرگرت، تاكو بەسرە. لەساڵی ١٩٠٤ ئەو كۆمپانیایە دەستیكرد بەتوێژینەوە لەسەر ئەو زەوییانەی ئیمتیازەكە دەیانگرێتەوە، پاشان دەستیكرد بەنەخشەی ڕاكێشانی هێڵی شەمەنەفەر.[٢] ڕووسیا داوای لە عوسمانییەكان كرد ڕێگای پێبدەن نێردەی جوگرافی بۆ كوردستان و میسوپۆتامیا ڕەوانەبكات، نوێنەرە سیاسییەكانی ڕووسیا هەوڵیاندەدا لایەنگری و هاوكاری كورد دەستەبەربكەن. ڕووسیا لە هەوڵدان بەردەوام بوو، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٠٢دا ئەفسەری ڕووسی (پ. ی. شۆلكۆ ڤینیكۆڤ)، سەردانی كوردستانی كرد و زانیارییەكی زۆری لەسەر ناوچەكە كۆكردەوە و باسێكی سەبارەت بە كوردستانی باشوور و میسوپۆتامیا نووسی.[٣]

---

١. هەستیار كەمال كوردی، سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤)..ل ٢٧٢-٣.

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦-١٩٠٩ز، ٢٠٠٠.ل ١٧٩-١٨٣.

٣. هەستیار كەمال كوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٣.

دەوڵەتی عوسمانی ڕێگای بە بەریتانیاش دابوو، پشکنین لەناوچەکە بکات، پاشان لە ساڵی ١٩٠٩ تیمە پشکنێرەکانی بەریتانیا بەدوای کانە جۆربەجۆرەکاندا دەگەڕان، بەریتانیا بەر لە هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، کەوتبووە خۆئامادەکردن و پلاندانان بۆ داگیرکردنی میسۆپۆتامیا، ئەم ڕاستییەش بەڕوون و ئاشکرا لەو بۆچوونەی (لۆرد کیرزن)دا ئاشکرادەبێت، لەساڵی ١٩١١دا لەبەردەم ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیا دەری بڕی و وتی: "هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وابزانرێت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەی کەنداو قەتیس دەخوات، یان لەناوچەکانی نێوان بەغداد و بەسرا کۆتایی دێت، بەڵکو زۆر لەوە دوورتر تێدەپەڕێت."، بێگومان مەبەستی ویلایەتی موسڵ (باشوری کوردستان) بوو. کوردستان لەنەخشەی سیاسەتی بەریتانیادا شوێنێکی دیار و گرنگی هەبوو.[١]

ڕووسیا لەو ماوەیەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لایەنگری بۆ دروست بوو، لەکاتێکدا بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٠- ١٩٠٧ هیچ پەیمانێکی لەگەڵ ئەڵمانیا و بەریتانیا نەبەستبوو، بەڵکو هەوڵی جێبەجێکردنی پلانەکەی دەدا، بۆ گەیشتنی بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەدوای سەرکەوتنی بەریتانیا لە (فاشودە)[٢] بەرامبەر فەرەنسا دەسەڵاتی ئەڵمانیا لەناو دەوڵەتی عوسمانی دەستکەوتی زیاتریان بەدەستهێنا، ئەمەش زیانی بەبەرژەوەندییەکانی بەریتانیا دەگەیاند، لەڕۆژنامەی (تایمز)ی لەندەندا هاتبوو: "داکشانی ڕووسەکان بەرەو باشووری کوردستان و گەفکردنیان لەبەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بەرێگای ئاشتبوونەوە و ڕێکەوتن نەبێت هیچ چارەسەر ناکرێت".[٣]

---

١. گۆران ئیبراهیم ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩-١٨٦.

٢. ڕووداوی فاشودە ڕووداوێك بوو لە ساڵی ١٨٩٨ز لەسەر ناکۆکی و ململانێی ئیستعماری ئەوروپی، لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنسا، لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا، سۆدان و ساحل، یەکێك بوو لە هۆکارەکانی ململانێ و ناکۆکی نێوان فەڕەنسا و بەریتانیا، لەسەر دەستگرتن بەسەر دۆڵی نیلدا، بەسەرکەوتنی دیپلۆماسیەتی بەریتانیا کۆتایی هات. سەرچاوە: ویکیبیدیا، حادثە فاشودە.

٣. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٠-٢٧١.

دەوڵەتانی زلهێزی، وەك ئەمەریکا و بەریتانیا، کارەکانیان بریتی بوو لە گرفت نانەوە لەناو ئێرانیشدا، تاکو بارودۆخی ڕۆژهەڵات جێگیری و ئارامی بەخۆوە نەبینێت، فەرەنسا و بەریتانیا دەیانویست ڕێ لە هەر جموجۆڵ و زیادەڕۆییەك بگرن لەناوچەکە، لەساڵی ١٩٠٤ پێکەوە ڕێکەوتن، تاکو بەر بە دەسەڵاتی ئەڵمانیا بگرن، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەرامبەردا ئەڵمانیا داوای لەڕووسیاکرد، پێکەوە ڕێکبکەون، بەڵام فەرەنسا بەڕووسیای ڕاگەیاند، نابێت ئەم کارەبکات، ئەگینا یارمەتییە داراییەکەی دەبڕن، بەم شێوەیە پەیمان بەستن لەنێوانیان ڕووینەدا، دواتر لە ساڵی ١٩٠٧ ڕووسیا هاتەناو هاوپەیمانێتی فەرەنسا و بەریتانیا. بارودۆخی کورد لە ئێراندا بە شێوەیەکی گشتی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٠٥-١٩١١ ڕەوشی ژیانیان زۆر خراپبوو. لەو سەروبەندەشدا ڕووسیا هەوڵی خۆڕێکخستنەوەی دەدا لەئێراندا. ئیدی کوردستانی نێو قەڵەمڕەوی ئێران دووچاری چەندین گوشار و گرفت ببۆوە، چونکە لەناوچەکانی باکووریدا ململانێی نێوان عوسمانییەکان و ڕووس بارودۆخی ناوچەکەی شلۆق کردبوو. بەشەکەی دەکەوێتە باشووریش، ململانێی خێڵەکان لەنێوان خۆیاندا دروست ببوو.[1]

## چاوتێڕینی ڕووسیا لەکوردستان

دام و دەزگای ڕووسیای قەیسەری، بەتایبەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیا، بۆئەوەی دەسەڵاتێکی بەهێزیان لە کوردستاندا هەبێت، سەرکەوتوانە پەیڕەوی سیاسەتەکانیان بکەن لەکوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێشنیاریان پێشکەش بە ڕووسیاکرد. پیشەسازکاران و سیاسەتکار و جەنگییەکانی ڕووسیا

١. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٤-٩.

سووربوون لەسەر ئەوەی دەسەڵاتیان بگەیەننە ڕۆژهەڵاتی دوور، لەو دەمەشدا بارودۆخی کورد بەشێوازێکی گشتی لەنێو هیچ کام لە دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانی و ڕووسیاشدا باش نەبوو. عوسمانییەکان ژمارەیەك کوردیان، وەك ئامرازێك بەکاردەهێنا، بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی ڕووسیا لە قەفقاز.[١] لەدوای شکستی ڕووسیا لە جەنگی ژاپۆن، جارێکیتر ڕوویکردەوە ڕۆژهەڵات، بەمەبەستی بەدەستهێنانی لایەنگری کورد، بۆ ئەم مەبەستەش پلانێك دارێژرا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی وا بتوانن ژمارەیەکی زۆر خێڵە کوردەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. چاودێری پەیوەندی نێوان کاربەدەستە تورك و سەرۆکە کوردەکان بکرێت. هەروەها چاودێری سەرۆکە کوردەکان لەناو خۆشیاندابکرێت.[٢] کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، لەسەر ئاسایشی ڕووسیا لەبەرئەوە هەوڵیاندا ئیسماعیل ئاغای شکاك (سمکۆ)[٣] لە خۆیان نزیك بکەنەوە، مانگانەیەکیان بۆ بڕییەوە.

لەساڵی ١٩١٢ سمکۆیان بانگهێشت کرد بۆ تفلیس و کردیان بەسەرۆکی هێزەکانی سەر سنوور و مەدالیایان پێبەخشی. دیارە سمکۆش داواکاری خۆی

---

١. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٢-٢٦٦.

٢. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧٦.

٣. سمکۆ: ئیسماعیل ئاغای کوڕی محەمەد پاشای کوڕی عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل خانی شکاکە، بە (سمکۆ) ناسراوە، لە ساڵی ١٨٧٥ لەدایکبووە، بنەماڵەکەیان زۆر لەمێژەوە دەسەڵاتدار و سەرۆکی هۆزی شکاك بوون، لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی و کوژرانی باب و براکەی دەسەڵاتی گرتە دەست و هاتە کۆڕی خەباتەوە، سمکۆ کەسایەتیەکی ناودار و شۆڕشگێڕێکی لێهاتوو بوو، خاوەن بیرێکی ناسیونالیستی بەهێزی کوردی بوو، بە هاوکاری عەبدولڕەزاق بەدرخان توانی یەکەم قوتابخانە لە شاری (خۆی) بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد بکاتەوە، ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردی) بڵاوکردەوە، لە ساڵی ١٩١٩ لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەستی کرد بە خەباتی شۆڕشگێڕانە، ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، ناوچەیەکی زۆری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئێران مەترسی لێ پەیدابوو، لە ساڵی ١٩٢١ دەستی بەلەشکرکشێی کرد و ناچاربوو سمکۆ پەنابەرێتەبەر تورکیا، لە ساڵی ١٩٢٤ بەبڕیارێکی لێبووردن گەڕایەوە ئێران، لە ساڵی ١٩٢٦ دووبارە شۆڕشی هەڵگیرساندەوە، بەڵام شۆڕشەکەی تێکشکاو ماوەیەك لە تورکیا بەدەست بەسەری مایەوە، ڕەزاخان جوڵانەوەی سمکۆی بە کۆسپێکی گەورەی بەردەمی خۆی دەزانی، بۆیە لە ڕۆژی ٣١ جۆزەردانی ١٣٠٩ی هەتاوی بە ناوی وتووێژکردن، سمایل ئاغا بۆ شاری شنۆ بانگهێشت کرا و بەپیلانێك شەهیدکرا و ئەستێرەی سەرکردەیەکی دیکەی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ئاوابوو.

هەبوو. کورد لەناچاریدا پەنای دەبردەبەر ڕووسیا، ئەگینا دەیانزانی ڕووسیا مەبەستی تەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو، بەرژەوەندی ڕووسیاش ڕێك نەدەهاتەوە لەگەڵ هاوکاریکردنی کورددا، لەپێناوی دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ، چونکە ڕووسیا مەبەستی بوو لە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا شوێن پێی خۆی لەبوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازیدا بەهێزبکات و بەرگری لەسنووری قەفقازبکات لە دەستی نەیارەکانی.[١]

لە ئەنجامی ئەم هەموو تێڕوانین و بیرە جیاوازانەی دەوڵە زلهێزەکانی دنیا و چاوتێبڕین و بەرژەوەندییەکانیان، دنیا بەرەو شەڕێکی جیهانی و کاولکاری و ماڵوێرانکەر ملی دەنا لەنێوان (ئەڵمان، نەمسا، هەنگاریا و هاوپەمانەکانیان) لەلایەك و بەرەی هاوپەیمانان (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و هاوپەیمانەکانیان) لەلایەکیترەوە، دەوڵەتی عوسمانی تا سێ مانگ دوای هەڵگیرسانی شەڕ نەچووە ناو شەڕەکەوە، بەڵام دوای ئەوە تورکە لاوەکانی عوسمانی پاڵیاندایە بەرەی ئەڵمان و هاوپەیمانەکانی و خۆیان هاویشتە ناو ئاگری شەڕەوە.

## هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا دەمێك بوو چاویان بڕیبووە خاکی عوسمانی، ئەوان بۆ هەلێك دەگەڕان دەست بەسەر خاکی عوسمانییدابگرن، کە جەنگی یەکەمی جیهان لە ٢٨ تەموزی ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسا، کاتێك ئەرشیدۆك "فرانز فێرناندز" جێنشینی شاهانەی نەمسا- هەنگاریا و هاوسەرەکەی لەلایەن خوێندکارێکی سربی بە ناوی "گافریلۆ پرێنسپ"ەوە تیرۆر کران، پاش ئەوە نەمسا وەك دەربڕینی ناڕەزایی جەنگی دژی سربیا ڕاگەیاند.

---

١. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٣.

رووسیاش، کە هاوپەیمانی سڕبیا بوو، وەك پاڵپشتی کەوتە جموجۆڵ، ئەڵمانیاش لە دژی رووسیا جەنگی راگەیاند، بەوەش جەنگەکە فراوانتر بوو، ئەو جەنگە لە ئەوروپاوە دەستپێیکرد و پاشان ناوچەکانی دیکەی جیهانی گرتەوە.

هۆکاری بەشداریکردنی ئەو وڵاتانەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، هاوپەیمانی بەرگری لەنێوانیاندا هەبوو، بەپێی هاوپەیمانییەکەش دەبوو لەکاتی هەر هێرش و پەلامارێکدا بەرگرییان لە یەك بکردایە.

ئیتر بەرەی هاوپەیمانان ڕووسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و سڕبیا و هاوپەیمانەکیان، لەبەرامبەردا بەرەی ئەڵمانیا و نەمسا و هەنگاریا و هاوپەمانەکانیان، شەڕیان ڕاگەیاند و هەموو ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، ئەمەش وەك جەنگی جیهانی[١] ڕاگەیەنرا.

هاوپەیمانێتی حکومەتی (ئیتحاد و تەرەقی) لەگەڵ ئەڵمانیا و ناکۆکی لەگەڵ ڕووسیا، لەسالآنی بەر لە ١٩١٤ وایکرد مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەبێ لایەنی کارێکی گران بێت، کاتێك جەنگ لەنێوان ئەڵمانیا و ڕووسیا لە هاوینی ١٩١٤ ڕاگەیەنرا،[٢] بەبێ ئەوەی ڕووسیا جەنگ ڕابگەیەنێت، ئەڵمانیا بە عوسمانییەکانی ڕاگەیاند، پێویستە هێرش بکەنە سەر دەریای ڕەش و دەسەڵاتی ڕووسیا، بۆیە کەشتیگەلی عوسمانی لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ هێرشی کردە سەر (سیڤاستۆبۆل)، دواتر ڕووسیاش دژبە دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانی بڕیاری جەنگیدا و چووە پاڵ بەرەی بەریتانیا و فەرەنسا.[٣]

١. بۆ یەکەمجاریش ناوی جەنگی جیهانی لەساڵی ١٩١٤ بەکارهێنرا لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانی "ئێرنست هیگڵ" کاتێك وتی "هیچ گومانێك نییە، مەترسیەکانی جەنگی ئەوروپی دەبێتە جەنگی یەکەمی جیهانی بەواتای تەواوی وشەکە.

٢. تشارلز تریب، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی عیراق، و: محەمەد حوسین ئەحمەد، چاپی یەکەم،هەولیر٢٠١٠، ل ٤١.

٣. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٤.

حکومەتی عوسمانی لەسەرەتای شەڕی یەکەمدا، تووشی خەیالاتی زۆر ببوو، وایدەزانی ئەم جەنگە دەرفەتێکە و دەتوانێت ئێران و تۆران، هەتا هندستان داگیربکات و بیخاتەسەر ولاتەکەی و ئیمپراتۆریەتی (تۆرانی) دێنێتەدی، بەم خەیاڵەوە بەسوپای ڕێکخراو بەرامبەر بە سوپای ڕووسیا لە سنووری قەفقاسیا کەوتە شەڕەوە، هەرچی سوپاکانی بوو، بە سەرۆکایەتی هەندێ ئەفسەرانی کۆلێژەکان و نوێنەران و هەندێ لە هێزەکانی سەفەریە، کە بریتی بوو لە پێکهاتەی سنوور لە سوارەی عەشایر ڕێکخست و ناردیە سەر ئێران، (هێزی سەفەریەی عومەرناجی، ڕەئوف، ئیبراهیم و خالید بەگ)، ئەمانە هێزی سەفەریەی یەکەم و دووەم لە هەورامانەوە، تا تەورێز، هەردوولای سنوور بەتایبەت ولاتی موکری و بانەیان تالان و وێرانکرد، زۆر کەسیان کوشت، حسین خانی سەرداری موکری، دوا میراتگری خانەدانی (بابامیری)ی موکری، لەگەڵ حەمەخانی حاکمی بانە، لەلایەن هێزی سەفەریەی ئیبراهیم بەگەوە لەسێدارەدران و تالانکران، دوو هێزەکەی تریش لە نێوان خانەقین و کرند و ناوچەی ڕەواندز و لاجان تووشی زیانێکی زۆر کرد، بەلام دڕندەیی و زوڵمی مەفرەزەی عومەر ناجی و ئیبراهیم بدلیسی بەڕاستی پێناسە ناکرێ.

بێجگەلەمانە دوو هێزی سەفەریەی تریش لە وان و بدلیسەوە ڕوویانکردە ئێران، لە دەوری سنوور لە ناوچەی دیلمان هەندێ جولانەوەی بێسوودیان کرد، لەدواییدا بەهۆی تەنگاوکردنیان لەلایەن سوپای ڕووس گەڕانەوە کوردستان، و زەرەرێکی زۆریان بە کوردی ئەو ناوە گەیاند[١] عوسمانییەکان لایان وابوو ئەڵمانییەکان سەرکەوتوودەبن، ئەوانیش شوێنە لەدەستچووەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆیان، بەلام دەرکەوت بەهەڵە چووبوون.

---

١. محەمەدئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کوردوکوردستان، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، بەرگی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٨٥.

دەوڵەتی عوسمانی ئەو هێزەی نەمابوو، لە سەردەمانی ڕابردودا هەیبوو، ئیتر ئەڵمانیا و عوسمانی و هاوپەیمانەکانیان شکستیان هێناو شەڕەکەیان دۆڕاند.[١]

هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی، چاوچنۆکی و تەماعی دەوڵەتە گەورەکان بوو، بووە هۆی ئەوەی نەخشەی دابەشکردنی ناوچەکە بکێشرێت، کوردستان بەشێك بوو لەنەخشەی ئەو دابەشکردنە، تورکەکان دەیانویست بەهۆی ئەڵمانەکانەوە، کەبەسەر زاری ببوونە دۆستی عوسمانی، خۆیان لە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بپارێزن، لە ئەنجامی ئەوەدا چوونە پاڵ ئەڵمانیا و تێکەڵ بەشەڕی جیهانی بوون.[٢] لە ١٩١٤ دەوڵەتی عوسمانی بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کرد و بۆ یارمەتی ئەڵمانییەکان تێکەڵی جەنگ بوو.[٣]

لەکاتێکدا سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی خەلیفەی ئیسلام، فەرمانڕەوا و حوکمڕانی ڕۆژهەڵات بوو، لەکاروباری ئەو دەوڵەتەدا فەرمانبەران لەعەرەب، کورد و تورك بەکیشوەری عوسمانیدا بەهەرەمەکی بڵاوکرابوونەوە، بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك وایان بڵاودەکردەوە، ئەم شەڕە دژی ئایینی ئیسلامە و لە ڕێگای ئایینی ئیسلامدا بەرامبەر بەدووژمن دەجەنگین، بەدەهۆڵ و زوورناوە دەستکرا بەشایی و لۆغان.[٤] بۆ چەواشەکاری و بۆ ئەوەی لەبەرچاوی خەڵکی ئاسایی ناو سنووری دەوڵەتەکەیان وای پیشانبدەن، بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی باشە و سەرکەوتنی لەم شەڕەدا مسۆگەرە.

---

١. هەستیار کەمال کوردی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٤.

٢. محەمەد رسول هاوار، کورد و باکوردستان لەسەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٦. ل ٥٣٨.

٣. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٧. ل ١٢٦.

٤. ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپی دووەم، کتێبخانەی ئاراس هەولێر، ٢٠١٣. ل ١٣. م. س. لازاریف، مێژووی کوردستان، و: هوشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٠٢.

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٤ و سەرەتای ساڵی ١٩١٥ یەکە سەربازییەکانی تورکیا و کوردەکان دەستیانگرت بەسەر بەشی زۆری خۆرئاوای کوردستانی ئێران و ئازەربایجان، لەگەڵ شارەکانی (خۆی، ورمێ، مەهاباد) و چەندین شاریتر. لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩١٥، هێزەکانی تورکیا دەستیانگرت بەسەر شاری تەورێز، بۆ ماوەیەکی کەم. ئەمەش دوای ئەوەی ئەو هەلەی قۆستەوە، ئێران دەسەڵاتی ناوەند شکۆمەندی خۆی لەدەستدابوو، لەسەرانسەری ئێران.

هەروەها ئەو تەنگژانەی لەسەرەتاوە ڕوویکردە ڕووسیا، بەهۆیانەوە لەتوانایدا نەبوو بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی بکات لە ئێران. زۆری نەبرد تورکەکان ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ڕووسیا بوونەوە و بەشێکی زۆری ئەو دەستکەوتانەی لەئێران بەدەستیانهێنابوو لەدەستیاندا، بەشاری تەورێزیشەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥ سەری پردی ئەڵمانی – تورکی لەئێران کاولکرا. بەم شێوەیە زۆربەی زۆری کوردەکان لەئێران کەوتنە ژێر سەرپەرشتی ڕووسیاوە.[١]

عەبدولعەزیز یامولکی لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا خۆی یەکێك بوو لە ئەفسەرانی عوسمانی دەڵێت: جگەلەوەی تورکەکان هەموو جۆرە ستەم و کوشت و بڕێکیان لە کوردانی چوارچێوەی تورکیاکردووە، ئەو هێزانەی تورکیش لەکاتی جەنگی جیهانی پەڕیبوونەوە بەری ئێران، جۆرەها کردەوەی خراپیان لێوەشاوەتەوە، بۆ نموونە (ئیبراهم) ناوێکی یەکێك لە ئەندامە هەرە دڕندەکانی ئیتیحاد و تەرەقی کاتی خۆی یوزباشی جەندرمە بوو، کرابوو بەنوێنەر (مەبعوس)ی پەرلەمان، پارەیەکی زۆری لە تاڵانکردنی کوردستان دەستکەوت، پاشان لەئەستەمبوڵ دەستی بەبازرگانی کرد، لەڕۆژانی یەکەم

---

١. ن. لازاریف، مێژووی کوردستان، و: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، ٢٠٠٨، هەولێر، ل ٣٠٢.

جەنگی جیهانی بەڕێنوێنی ئیتیحاد و تەرەقی، بەنیازی چوونە ئێران هاتە سلێمانی و بانگەوازی کرد، دەبێت هەموو خێڵەکان بەهێزی چەکدارەوە پەیوەندی پێوەبکەن، بۆ ئەوەی هێزەکانی ڕووس لەناوچەی ئازەربایجان تێکبشکێنێت و دەسەڵاتیان نەهێڵێت، تا سەرتاسەری شوێنەکانی ئێران بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، وتی من بۆ ئەم مەبەستە نێردراوم، هەندێك شێخانی نەقشبەندی و هیتر داوای لێبوردنیان کرد و گوێیان بەداواکەی نەدا، بەڵام هەندێك لەژێر قسەی زل و دزێو، هەڕەشەی ئیبراهیم، حکومەتی ناوچەکە بەشداریانکرد، لەگەڵ هێزی عەشایر و فەوجێکی نیزامی لەسلێمانی، هێرشی کردە سەر (بانە) و (محەمەدخانی) لەسێدارە داو گوندەکانی دەوروبەریان تاڵانکرد، دواتر هێرشی کردە سەر (سەقز) و (سەیفەدین خان)ی سەقزیان گوللەباران کرد و گوندەکانی دەوروبەری تاڵانکرد، دواتر میاندواو و مەراغەشیان تاڵانکرد، لەڕێگا تووشی پۆلێك چەکداری (میاندواو و مەراغە) ببوون، هاتبوونە سەر ڕێگایان پاش ئەوەی پەیوەندیان بەڕووسەکانەوە کردبوو، تا یارمەتیان بدەن، تۆڵەی کوشتار و تاڵانکرانیان لێ بکەنەوە، شەڕێك لەنێوانیان قەومابوو، زیانێکی قورسیان لێدابوون و تاڵانیەکەیان لەدەستچووبوو، هەر چۆنێك بوو بەپەلەپروزێ خۆیان گەیاندبووە خاکی عوسمانی و خۆیان بە موسڵداکردبوو. پاش ئەو (عومەر ناجی)، کۆمەڵێك کاری دزێوی ئەنجامدا و پاش داگیرکرانی ئارەزبایجان، ڕوویکردە دەوروبەری (سابڵاخ)، هەر کوردێك لەگەڵی نەبووایە بەسەربازە نیزامیەکانی دەستگیر و ئیعدام دەکرا، بەم شێوەیە دووسەد کەسی هەڵواسی و سەربازەکانی دەناردە ماڵەکانیان بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ناموسیان، لەکاتێکدا خەریکی ئەم کردەوە ناشیرنانەبوون، ڕووسەکان گەیشتنە سەریان و خەڵکەکەیان ڕزگارکرد و ئەوانیش بەرەو سلێمانی هەڵاتن.[١]

١. عەبدولعەزیز یامولکی، مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٦١-٦٣.

ڕووسیای قەیسەری بۆ داگیرکردنی کوردستان و بەدیهێنانی مەبەستەکانی لە ۲۲ی تشرینی یەکەمی ۱۹۱٤ بۆ ۱۸ی کانوونی دووەمی ۱۹۱٥، دوای هێرشێکی سەرکەوتوو سوپای ڕووسیا ئەرمینیای ڕۆژئاوا و مەلازگرد و شاتاخ و قوتوور و وانی لە سوپای عوسمانی پاککردەوە.[1] هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی شەڕەکەوە هەست بەخواستی دژایەتی حکومەتی عوسمانی دەکرا، لەنێو ڕیزەکانی دانیشتوانی کوردی بێچەك، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لەو شکستانەی بەسەر سوپای عوسمانی داهات لەبەرەی قەفقاز، لەئەنجامی ئەوە سوپای ڕووسی گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و دەستی گرت، بەسەر ناوچەیەکی فراوان تا دەریاچەی وان، ئەمەش لەهاوینی ساڵی ۱۹۱۷. هێزەکانی ڕووسیا دەستیانگرت بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکی گرنگیش لە باکووری کوردستان و ڕۆژئاوا، لەهەمانکاتدا (هێزەکانی قۆزاق)ی ڕووسی نزیکبوونەوە لە سنووری باشووری کوردستان، پرسی چارەنووس و دوا ڕۆژی کوردستان، خرایە بەردەست سەرکردە سەربازییەکانی ڕووسی و حکومەتی ڕووسیا، بەتایبەتی پەیوەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ خێڵە کوردەکان و ئەو نوخبە نەتەوەییەی خاوەنی جەماوەرێکی زۆربوو.[2]

لە مانگی کانوونی دووەمی ۱۹۱٦، هێزەکانی سوپای ڕووس لە هێرشێکی سەرەکی بۆ ناوچەکانی قارس و ئەرزەڕۆم شکستی گەورەی بەدەوڵەتی عوسمانی هێنا و تا ۱۷ی شوبات بەردەوام بوو، سوپای عوسمانی لەو شەڕەدا زیاتر لە شەست هەزار کەسی لێکوژرا.[3]

پرسی دوا ڕۆژی کوردستان تەنیا بەلای ڕووسیاوە پرسێکی گرنگ نەبوو، چونکە هەموو وڵاتە هاوپەیمانە گەورەکان، ئامادەسازی دیبلۆماسی و سیاسی

١. مجموعه من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ترجمە: الدكتور هاشم صالح التكريتي، السليمانيه.٢٠٠٧.ل ١٧.

٢. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠٣

٣. مجموعه من الباحثين السوفيت، مصدر سابق، ص ١٧.

و سەربازی چڕوپڕیان دەستپێکردبوو، بۆ دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، بەشێوەیەکی تەواوەتی و کۆتایی، هەروەها ئێرانی بەڕووکەش بێلایەنیش لەم کاتەدا ناوچە کوردییەکان لەبەر چەند هۆکارێکی زانراو خەڵاتێکی بەنرخ بوو، بۆ هەر بەشداربوویەك لەبەشدارەکانی ئەم هاوپەیمانییە ئیمپڕیالییە. جەنگی یەکەمی جیهانی خاڵێکی نوێی خستەسەر لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان، ئەویش ئەو مەترسییە زۆرانەبوو، لە ڕۆژئاوا سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام لەڕووی هەڵوێستی سیاسی و سەربازی لە ساڵەکانی جەنگ، کوردەکان دەبوو مامەڵە لەگەڵ دوو سوپای پەلاماردەربکەن، سوپای ڕووسی لە ڕۆژهەڵات و باکوور و سوپای بەریتانیا لە باشوور، لەیەك کاتدا هەردوو سوپاکە بەلایانەوە گرنگبوو پشتگیری سەرکردە خێڵەکی و کوردەکان بەدەست بێنن.[١]

شەڕی یەکەمی جیهانی مەینەتی و ماڵوێرانی و کاولکاری زۆری بۆ کوردستان هێنا، خاکی کوردستان بوو بەکۆڕی ئەو شەڕە و زۆربەی ناوچەکانی هەر لە (ساروقامیش) لەباکووری کوردستان، هەتا خانەقین لەباشووری کوردستان و لەولاشەوە هەتا (ئەرزنجان)، لەژێر باری ئەو شەڕەدا دەینالاند و بەشێکی زۆری وڵاتەکە کاولکرا. هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی بەهیوای ئەوە چووە بەرەی ئەڵمانیا، وڵاتەکەی لە تەماع و چاوتێبڕین و دەستدرێژییەکانی بەرەی هاوپەیمانان بپارێزێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئەڵمانیا سەربکەوتایە بەتەمای هەموو دەوڵەتی عوسمانی بوو، ڕووسیای قەیسەریش ئەگەر دەستی بکەوتایە هەموو کوردستانی بۆ خۆی دەویست، فەڕەنسییەکان جگەلە سوریا چاویان بڕیبووە موسڵیش، بەریتانیاش لەهەموویان زیاتر. بۆ ڕاستی ئەو بۆچوونە لە نامەیەکدا (سازانۆف) وەزیری دەرەوەی

---

١. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە،ل ٣٠٦.

ڕووسیا لەمانگی نیسانی ١٩١٦ بۆ باڵیۆزخانەی فەرەنسای ناردبوو، لە (پترۆگراد) بەئاشکرا باسی کوردستانی کردبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پێویستە ناوچەی ئەرزڕوم و تەڕابزون و بدلیس، هەتا ئەو شوێنەی دەکەوێتە ڕۆژئاوای تەڕابزون، لەسەر کەناری دەریای ڕەش، هەمووی بۆ ڕووسیا دابنرێت.

٢. دەبێت ناوچەی کوردستان لە باشووری وان و بدلیسدا، لەنێوانی موش و سعرت و ڕووباری دیجلە و جزیرەی ئیبن عومەر، هێڵی لوتکەی ئەو شاخانەی بەسەر ئامێدی دەڕوانن لەگەڵ مەرگەوەڕ، هەمووی بۆ ڕووسیا تەرخان بکرێت، ڕووسیاش بەرامبەر بەمە دان بەوەدا دەنێت، ئەو ناوچانەی کەوتۆتە نێوان (ئالەداخ – قەسری – خەربوت) هەمووی بۆ فەرەنسا بێت.

٣. ڕووسیا بەوپەڕی توندوتیژیەوە بەرامبەر هەر هەوڵێکی فەرەنسا دەوەستێت و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت نابێت هیچ بەشێك لە کوردستان، خۆرئاوای تورکیا بدرێت بە فەرەنسا.[١]

وەکو چۆن ڕووسیا لەژووروو هاتە ناو خاکی کوردستان، ئینگلیزیش لەبەسرەوە چنگی خستەناو جەرگی عێراقەوە، ئەو کاتە عیراق بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. سوپای تورك لەبەر ڕووتی و برسیەتی و بێ تفاق و تەقەمەنی، بەهیچ شێوەیەك خۆی بۆ ڕانەگیرا و بەرگەی ئەو لێشاوەی نەگرت، لە سەرەوە ڕووس و لەڕۆژئاوا فەرەنسا و لەخوارووی عیراقەوە، ئینگلیز دەمیان تێژەنی بوو، عوسمانییەکان خۆیان هیچ هێزێکیان نەمابوو، بڕستیان لێ بڕابوو، بیریان کردەوە ئەم جارەش کورد بکەن بەقەڵغان و بەناوی جیهاد و بەرگری لە ئیسلام، لەگەڵ زۆر لە عەشیرەتەکان، شێخ محمودیان

١. محەمەد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٥٣٨.

هاندا و ناردیانە شەڕی شوعەیبە، شێخ دوای ئەوەی هەستیکرد ئەمە شەڕێکی بێهودەیە، پێویست ناکات کورد لەم شەڕە بەکوشت بدرێت، دوای ماوەیەك وازی لە شەڕەکە هێنا و گەڕایەوە سلێمانی.

لە کۆتایی ساڵی ١٩١٥ بەریتانیا و فەرەنسا چەند گفتوگۆ و دانوستاندنیان کرد، سەبارەت بەدابەشکردنی بەشی ئاسیای تورکیا، حزبی ئەرمەنی تاشناق پێشنیاریکرد، بەدامەزراندنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و بەخشینی کارگێڕی خۆجێیەتی بە هەموو ئەو هەرێمانەی تورك نین، بەهەرێمی کوردستانیشەوە، ڕووسیا پشتگیری کرد، بەڵام بەریتانیا و فەرەنسا بەتوندی ئەم پێشنیارەیان ڕەتکردەوە، چونکە ئەوان هەوڵیاندەدا ڕاستەوخۆ دەستبگرن بەسەر ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و هەموو زەویوزاری بەشی ئاسیای تورکیا بەکوردستانیشەوە، ڕووسیا ناچاربوو سازش بکات، لەبەهاری ١٩١٦ هەر دوو وڵاتەکە وتوێژیان لەگەڵ ڕووسیاکرد، ڕەزامەندی دەربڕی سەبارەت بەدابەشکردنی بەشی ئاسیای تورکیا، لە ئەیلولی ١٩١٦ ئەم پەیمانە ناسراوە بە ڕێکەوتنامەی (سایکس- بیکۆ)، ئەوەبوو بڕیاردرا چارەنووسی باکوور و ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بچێتەپاڵ ناوچە عەرەبیەکانی سەر بەئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و دابەش بکرێت لەنێوان بەریتانیا و فەرەنسا.[١]

## ڕێکەوتنامەی سایکس- بیکۆ

ڕێکەوتنامەی (سایکس- بیکۆ) لە مانگی ئایاری ١٩١٦ لەنێوان نوێنەرانی بەرتانیا و فەرەنسا (مارك سایکس- فرانسوا جۆرج بیکۆ) لەگەڵ (سازانۆف)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیای قەیسەری بەسترا، ڕێکەوتنامەیەکی

١. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤.

نهێنی و دانوستاندنی بەرژەوەندییەکان بوو، دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەندین بەڵگەنامە گەیشتنە ڕێکەوتن. لەسەر دابەشکردنی وڵاتانی ژێردەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری عوسمانی، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم ڕێکەوتنامەیە نهێنیەك بوو لەنێوان ئەو سێ وڵاتە، سنووری جوگرافیای هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن، لەنێوخۆیاندا دابەشی بکەن بەکوردستانیشەوە. لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی (سایکس- بیکۆ) بەم شێوەیە ناوچەکە دابەشکرا، فەرەنسا سنوورێکی فراوانی بەدەستهێنا، سوریا و لوبنان و ناوچەی موسڵیشی لە باکووری میسۆپۆتامیا دەگرتەوە، بەریتانیاش ناوچەیەکی فراوانی بەرکەوت لە ناوچەکانی خوارووی وڵاتی شام، هەردوو بەندەری حەیفا و حەککای لەژێر دەسەڵاتدا بێت، بەرەو ڕۆژهەڵاتی وڵاتی شام، بەغداد و بەسرا و ناوچەکانی کەنداوی عەرەبی دەگرتەوە، ناوچەکانی بەریتانیا بەشێکی لە کوردستانی عیراق لەخۆ دەگرت، تا باشووری کەرکوك و باشووری ڕۆژئاوای کوردستانی ئێران. پشکی ڕووسیاش بریتیبوو لەو بەشەی مابووەوە لە کوردستانی تورکیا و ئەرمینیای ڕۆژئاوا.

ناوچەیەکی فراوانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆری عوسمانی بەدەستهێنا، لە قوستەنتینیە(ئیستەنبول) و بوسفۆر و ئەرمینیا و باکووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە ناوچەکانی سنووری ڕووسیا و تورکیا. هەرچی لە کوردستان مابووەوە کەوتبووە چوارچێوەی ناوچەکانی دەسەڵاتی ڕووسیا. لەڕاستیدا وڵاتە هاوپەیمانە ئیمپریالیەکان نەخشەو پلانێکی بەد و ناشیرینیان دانا، بۆ دابەشکردنی داگیرکەرانەی کوردستان بەگشتی، نزیکبوونەوەی هەرەسهێنانی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و بەتەواوی ملکەچ بوونی ئێران بۆ بەریتانیا و ڕووسیا[١]،

١. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤.

بەڵام ئەم ڕێکەوتنە درێژەی نەکێشا و بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا، ئەم ڕێکەوتنامەیە لەلایەن ڕووسەکانەوە ئاشکراکرا، چونکە پێیانوابوو بەرژەوەندی ئەوانی تێدا ڕەچاونەکرا بوو. لەڕاستیدا ئەم ڕێکەوتنامەیە زۆربەی خاکی کوردستانی دەگرتەوە، ئەو خاکەی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی عیراق و سوریایە، لەکاتێکدا دەوڵەتانی بەشدار لەم ڕێکەوتنامەیە زۆربەی خاکی کوردستانیان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد، لەم ڕێکەوتنامەیەدا نەکرابوو. مەینەتی زۆری بەسەر نەتەوەی کوردا هێنا، بوو بە بناغە و دەستوورێکی نێودەوڵەتی پاش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی جێبەجێکراو کوردستانیش دابەشکرا.

بەهۆی ئەو جیۆپۆلەتیکە نوێیەی لە ئەنجامی ڕێکەوتنامەی (سایکس- بیکۆ) دروستبوو، ئەم ڕێکەوتننامەیە عەرەبەکانی نیگەران کردبوو، چونکە پێیانوابوو بەبێ ئاگاداری عەرەبەکان و بەشێوەیەکی نهێنی واژۆ کرابوو، لەکاتێکدا لە ساڵی ١٩١٠ ئینگلیزەکان بەڵێنیان بەعەرەبەکان دابوو، ئەگەر بێتو دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕن و بتوانن کۆتایی بەئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی بێنن، ئەوا سەربەخۆیی بۆ عەرەبەکان مسۆگەر دەکەن. هەرچەندە عەرەب لایانوایە ئەم بەڵێنپێدانەی عەرەبەکان لەلایەن بەریتانیاوە هیچ ئەنجامی نەبوو، بەڵام لەڕاستیدا عەرەب سوودی زۆری لەم بەڵێنە بینی و دواتر چەند دەوڵەتێك لەناوچە عەرەبنیشینەکان پێکهێنرا و فەرمانڕەوای عەرەبیان بەسەرەوە دانان، بۆیە دەتوانین بڵێن عەرەب لە ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنە سوودمەندبوون، بەشێکی تری نارەزایەتییەکان بەرامبەر بەجۆری کێشانی هێڵە ڕاستەکانی نەخشەکە بەجۆرێك ڕێکەوتنی (سایکس- بیکۆ) لەهەوڵی دروستکردنی جیاکاری بنچینەیی بوو، لەنێوان مەزهەبەکانی وڵاتی شامدا. هەرچۆنێك بێت زەرەرمەندی یەکەم

نەتەوەی کوردبوو، لە ئەنجامدا خاکی وڵاتەکەی بەسەر دەوڵەتانیتر دابەشکراو بووە هۆی بەدبەختی و چارەڕەشییەك تائێستاش بەردەوامە.[١]

## کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا

گەلی کورد یەکێکە لە قوربانیەکانی کارەساتی جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان و ناوچەکانی نزیك لە شانۆی ئەو جەنگە سەربازییانەی مۆرکی پەلاماردان و هەڵهاتنی لە خۆگرتبوو، ناوچەکەی نقومی لێشاوێك لەخوێن کرد، زەرەر و زیانێکی ماڵی زۆری گەیاند بە دانیشتوانەکەی. هەموو لایەنەکانی بەشەڕ هاتوو هەوڵیاندەدا، کورد و گەلانی تریش لەڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێران بەکاربێنن بۆ بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی ئاژاوە و پاشاگەردانییەکی تەواو لە ناوچەکە و بەهێزبوونی ململانێ ناوخۆییەکان، لەسەر خاك و زەویوزاری ڕەگەزی، ئەم جەنگە کارەسات و بەدبەختی زۆری هێنا، هەموو گەلانی ناوچەکە بەدەستیەوە دەیانناڵاند. وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: کاتێك شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد، کوردستان ببوو بەمەیدانی سێ سوپای وڵاتانی زلهێز،کە بریتیبوون لە عوسمانی و ڕووس و ئینگلیز، بەهۆی ئەوە کورد تووشی کارەساتێکی گەورەبوو، بەبێ ئەوەی ئەو شەڕە هیچ سوود و بەرژەوەندییەکی کوردی تێدابووبێت، گەل و وڵاتەکەی بەخۆڕایی ئاڵێنرایە ئەم شەڕەوە،[٢] لەسەرەتای هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئیستەمبوڵ و بەرلین ئومێدێکی زۆریان بەستبوو بە کوردستانەوە، ئەوەبوو لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ جیهاد ڕاگەیەنرا، لە دژی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و نێرراوە حکومیەکان پڕوپاگەندەیان بڵاودەکردەوە، لەنێو دانیشتوانی کورد، سەبارەت بەبەخشینی کارگێڕی و خۆجێیەتی لە داهاتوودا، بەڵام دەرکەوت گرەوکردنیان

١. ویکیبیدیا، الموسوعە الحرە، اتفاقیە سایکس بیکو.

٢. محمد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٤.

لەسەر کورد گرەوێکی تەواو دۆڕاوە، ئەمەش یەکێك بوو لەهۆکاری شکستی خێرای ستراتیژی سیاسی و سەربازی تورکیا و هاوپەیمانەکانی لەسەر شانۆی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.[1]

تەنانەت پێش ئەوەی تورکیا بچێتە شەڕەوە، هەموو خێڵە کوردەکان ناڕەزایی و بێزاری خۆیان دەربڕی، لەو نەخشە و پیلانانەی دەسەلاتی تورکی گرتبویەبەر، سەبارەت بەو ئامادەکارییە گشتییە، کوردەکانی دەرسیم و کوردستانی باشوور بەرهەڵستی نەتەوەییان دەربڕی، بۆ ئەم تەیارکردنە (التعبئە) بۆیە ڕاگەیاندنی جیهاد کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو لای کوردەکان، هەروەها بانگەشەی هەندێک لە شێخ و سەرکردەکان لەژێر گوشاری دەسەلاتی تورکیا بۆ (شەڕی پیرۆز)، لەلای خەڵکەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکو ژمارەیەك لە پیاوانی ئایینی دەستڕۆیشتووی کوردستان، بەئاشکرا دژایەتی خۆیان دەربڕی بۆ ئەم جیهادە، زۆربەی زۆری خێڵەکان لەسەر بناغەی ئاینی هەڵوێستیان نەگرت لەلایەنە شەڕکەرەکان، بەڵکو لەسەر بناغەی سیاسی ڕووت بوو، لەبەرئەوە هەروەك چاوەڕوان دەکرا، هاوکاری و بەشداری کورد ئەوەندە نەبوو، لەو هەوڵە سەربازیانەی ئیمپراتۆریەت ئەنجامیدا، چونکە کورد ڕازی نەبوون بچنە شەڕێکەوە ئامانجەکەی بەئەمان نامۆبێت، بۆیە چەك و تفاقی جەنگی بۆ کورد بەپێی پێویست نەبوو، هەڵهاتن لە خزمەتی سەربازی مۆرکێکی بەکۆمەڵی وەرگرتبوو. تەنانەت لە چەند مانگی یەکەمی شەڕەکە ژمارەی فەوجە کوردەکان لە ٨٠٠ وە دابەزی بۆ ٣٠٠ کەس، بۆیە سەرکردایەتی سەربازی تورکی یەکە سەربازییە کوردەکانی لەهێڵی پێشەوەی بەرەی شەڕ گواستییەوە بۆ ڕیزەکانی دواوە. زۆرجار کوردەکان سەنگەرەکانیان دەگواستەوە، ئەمەش

---

١. ن . لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٣-٢٩٥.

لەژێر كاریگەری سەركردە ناودارەكانی كورد، وەكو عەبدولڕەزاق بەدرخان و یوسف كامل بەدرخان و ئەوانی تر، كە داوایان لە كوردەكان دەكرد سەنگەرەكان بگۆڕن و ڕووی چەكەكانیان ئاراستەی توركیابكەن.

لە ڕۆژەكانی یەكەمی شەڕەكەوە هەست بە خواستی دژایەتی حكومەت دەكرا، لەناو ڕیزەكانی دانیشتوانی كوردی بێچەك. توركیش نەیتوانی بەری لێبگرێت، ئەوەبوو چەندین ڕاپەڕینی كوردی ڕوویدا لە بۆتان، موش، دەرسیم و چەند ناوچەیەكی تریش، چەند سەركردەیەكی ناوداری كوردی، وەكو شێخ عەبدولقادر و شەریف پاشا پەیوەندی نهێنیانكرد بەنەیارەكانی توركیاوە، بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بۆ كورد، ئەمە وای لە توركیا كرد چەند كۆمەڵكوژییەك ئەنجام بدات، لە ئەرمەنی و ئاسووری و كورد، لەكاتێكدا توركیا لەسەرەمەرگدابوو، ویستی ئەمە بخاتە ئەستۆی كوردەوە، بەڵام سوودی نەبوو، چونكە زۆر بەڵگە هەبوو شایەتی دەدا كوردەكان ژمارەیەكی زۆر لە ئەرمەنەكانیان پەنا و داڵدەدا لەلای كوردەكان، بۆ نموونە لە دەرسیم ٢٠ هەزار ئەرمەنی لەناو كوردەكاندا خۆیان لەبەر چاوی توركەكان بزركرد.

ئەمە لەكاتێكدا كوردەكان خۆیان هەژاری و برسێتی زۆری بۆ هێنابوون، كاتێك تورك لە كوردەكان نائومێدبوو، بۆ بەكارهێنانیان دژی ئەرمەنەكان، ویستیان چارەنووسێكی هاوشێوەی ئەرمەنەكان بەسەر كورد بهێنن. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١٥- ١٩١٦ دەسەڵاتدارانی تورك بەمەرسومێكی سوڵتانی دەستیانكرد بە ڕاگواستنی كورد، لە ناوچەكانی بەرەی شەڕ بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، بەڕێژەی ١٠ كورد بەرامبەر ١٠٠ تورك، لەماوەی شەڕەكەدا زیاتر لە ٧٠ هەزار كوردیان ڕاگواست.[1] محەمەدئەمین زەكی بەگ، مێژوونووس و شارەزا

١. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٦- ٣٠٥.

بەڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە، وەکو ئەفسەرێکی گەورەی ناو سوپای تورکیا باسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی کردووە و دەربارەی ئەمە دەڵێت: لەسەرەتای شەڕی گەورەدا بەپێی دەفتەری (مودیریەتی عمومی موهاجرین) ٧٠٠٠٠ کورد لە نیشتمانی خۆیان هەڵگیران و براونە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ و زۆریان لەڕێگا لە شەکەتی و برسییەتی و نەخۆشی مردن، بێجگەلەمە ئۆردووی دووەم لە ساڵی سێیەمی جەنگدا لە دیاربەکر گردببووەوە، لەپایزی ١٩١٧دا، بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن، خۆراك خۆری ناسەربازی لەو ناوە نەهێڵێ، هەموو خەڵکی وڵاتی دیاربەکر و مووش و بدلیسی دەرکرد، هەندێ لەم بەستەزمانانە ڕوویان کردە موسڵ و هەندێکیشیان ڕەوانەی ئەتەنە و حەڵەب کران، لە کاتی زستاندا لەبرسان و لەسەرمان مردن، تەنانەت هیچ منداڵێ دەرنەچوو، کەوتبوونە حاڵێکی وا لە کۆڵانەکانی موسڵدا لاشەی مردوویان دەخوارد، ئەوەی لەیەکەم و دووەم ساڵی جەنگدا بەسەر ئەرمەنیدا هات، لەدوای دووساڵ بەسەر کوردی مەزڵومیشدا هات، دەتوانم بڵێم ئەم بەڵای برسێتیە کاریگەری تەنیا لە کوردستان نەبوو، بەڵکو لە دەریای ڕەشەوە تا عیراق و هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی لەژێر باری ئەم بەڵایەدا مایەوە.[١]

هەروەها عەبدولعەزیز یامولکی لەو بارەیەوە دەڵێت: سوپای تورك کاتی کشانەوە لەناوچەی ئەرزڕۆم هەر کوردێکی بەردەست کەوتبێت بۆ قوڵایی ئەنادۆڵ کۆچی پێکردوون، ئەو ماوەیە دانیشتوانی بێ چەکی ناوچەکە هیچ جۆرە کارێکیان دژی حکومەت نەکردبوو، بەژن و منداڵ و پەککەوتەوە، بەبێ جیاوازی بەقافڵە ڕەوانەکران، نەدەبوو کورد بەهیچ شێوەیەك بە نامەگۆڕکێ ئاگاداری یەکدی بن و بەزمانی کوردی بدوێن و دابونەریتی نەتەوەییان

---

١. محەمەدئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٦.

بەجێبێنن، بەڵکو دەبوو بەتوندی بکەونە بەتورك کردنیان، بەم جۆرە لەڕۆژانێکی زۆر سارد و سەختی زستاندا دەست بە کۆچ پێکردنیان کرا، بۆیە **٤/٣** کەسانی قافڵەکە هێشتا ئەو شوێنانەیان بەجێنەهێشبوو، کە مردن، (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار کورد پێش بڕانەوەی جەنگی جیهانی، وەکو ئەرمەن لەنێوبران،[1] سەرەڕای ئەوەش دانیشتوانەکەی تووشی زەرەر و زیانێکی زۆربوون، لە مەڕومالات و سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، لەبەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەرفەتی کشتوکاڵیان نەبوو، لە ڕۆژهەلاتی تورکیا و باکووری عیراقیش.

لەهاوین و پایزی ساڵی **١٩١٧** چەند جموجۆڵێکی چەکدارانەی ئاشکرا پەیدابوون، لە دەرسیم و خەرپوت و دیاربەکر و بەدلیس، بەمجۆرە بارودۆخی کوردستانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا، لەوپەڕی دژواری و ئاڵۆزی دابوو. نزیکبوونەوەی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ملکەچ بوونی ئێران بۆ بەریتانیا و ڕووسیا، هیچ مزگێنیەکی پێنەبوو بۆ ڕزگاربوونی گەلی کورد لە زۆرداری، کەچەندین سەدە بەردەوام بوو، یەکگرتنی خاکی کوردستان لە دەوڵەتێکی کوردی مزگێنیدەر نەبوو، بەڵکو بووە هۆی پارچە پارچە کردنی خاکی کوردستان بەپێی ڕێکەوتننامەی (سایکس- بیکۆ)، ئەوە بوو دواتر جێبەجێکرا.[2]

## بانگەشەی جیهاد

کاتێك دەوڵەتی عوسمانی خۆی هاویشتە ناو ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی، وەك هەمیشە بانگی جیهادیدا، ئیتر بزووتنەوەی جیهاد لە عیراق لە

١. عەبدولعەزیز یامولکی، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

٢. ن. لازاریف، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٦- ٣٠٥.

٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٤ ئەو دەمەی مەترسی داگیرکردنی لەلایەن ئینگلیزەوە هەڕەشەی لە بەسرا دەکرد، ئەو ڕۆژە بروسکەیەك لە بەسراوە گەیشتە پیاوانی ئایینی لە شوێنە پیرۆزەکان و شارە جیاجیاکان، ئەمەش دەقەکەیەتی: "کافرەکان دەوری شاری بەسرایان داوە، هەموو لەژێر سایەی چەکن، لە وڵاتانی دیکەی ئیسلام ترسمان هەیە، یارمەتیمان بدەن، بەفەرماندان بەعەشیرەتەکان بۆ بەرگری کردن" ئەم بروسکانە لەمزگەوتەکان بۆ خەڵکی خوێندرانەوە، جارچی لەبازارەکان جاڕیان دەدا، ئامۆژگار (واعیز) و وتاربێژ (خطیب)ی مزگەوتەکان هەستی خەڵکیان جۆش دەدا، بە وتارە هەست جوڵێنەکانیان، ئەوەیان دووپات دەکردەوە، ئەگەر ئینگلیز عیراق داگیربکات، مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکان دەڕوخێنن و قورئان دەسوتێنن، حورمەتی ژنان پێشێلدەکەن و منداڵ و پیر سەردەبڕن، خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بەم قسانە کرد و ترس لەناویان بڵاوبووەوە.[١]

لەمانگەکانی یەکەمی شەڕ ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی موفتی کوردستانی عوسمانی، بەڕێکوپێکی هاتنە ڕۆژاوای ئازربایجان و خەڵکی کوردی ئەم ناوچانایان بانگهێشت دەکرد بۆ جیهاد و غەزا، بەرامبەر بە مەسیحیە کافرەکان، مەسەلەی جیهاد بەهۆی شێخ و مشایەخ و مریدەکان زۆر زوو بەکوردستاندا بڵاوبۆوە، بەڵام هەبوون ئەو کوردانەش بایەخیان بە فەتوای جیهاد و ڕاگەیاندنی شەڕ نەدا و دژی وەستان، ئەم دژایەتییە سەرەتا لە کوردستانی عوسمانی بوو، دوایی گەیشتنە کوردستانی ئێرانیش، یەکێک لە شێخەکان بەناوی (شێخ بابا) لەدەوروبەری سابڵاخ خەریکی (زوهدو تەقوا) بوو، لای کوردان جێگای ڕێز و حورمەت بوو، دژایەتی ڕاگەیاندنی جیهادی کرد و تورکەکان لە زستانی ١٥-١٩١٦ هەر لە سۆنگەی ئەم

---

١. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل ١٥٣.

دژایەتییەی ئەو و خۆشەویستی و دلۆڤانی ئەو لەئاست مەسیحیەکاندا لە سێدارەدرا. شێخ بابا ئەم جیهادەی بەپێچەوانەی یاسا و ڕێسای ئیسلامی دەزانی، لەبەر ئەو ئاکامانەی لێیدەکەوتەوە، لەسەری ڕازی نەبوو، هەروەها هەندێک لە کوردان بێجگەلەوەی بڕوایان بە بانگەشەی جیهاد نەبوو، بەڵکو دژی داگیرکاری خاکی ئێران بوون، ئێران پێشووتر بێلایەنی خۆی لەشەڕ ڕاگەیاند بوو.[1]

تورکەکان کێشەی قوڵیان لەگەڵ دوژمنەکانیان هەبوو، هەرکاتێك مەترسی لەسەر دەسەڵات و ئیمڕاتۆریەتەکەیان بوایە بانگەشەی جیهادیان دەکرد، وایان لە خەڵك و سەرۆك عەشیرەتەکان دەگەیاند، ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەژێر هەڕەشەی کافراندایە.

بانگەوازەکەی عوسمانیەکان بۆ جیهادکردن دژی بەریتانییە کافرەکان، کاردانەوەیەکی تێکەڵوپێکەڵی لەنێو شیعەکانی ناوەڕاست و باشووری فورات لە شار و دیهاتەکان هەبوو، هەندێک لە تێکۆشەر (موجتەهیدین)ی شیعە پشتگیری بانگەوازەکەیان کرد، بەڵام ئەوانەی لەوان بەتەمەنتربوون، وەکو ئایەتوڵڵا کازم یەزدی بانگەوازەکەی ڕەتکردەوە، بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەی هۆزەکان هاتنە ڕیزی هێزە عوسمانییەکان، بەڵام پاش شکستهێنانی عوسمانییەکان، لەشوعەیبە زۆربەیان ڕایانکرد.[2]

تورکەکان پێیانوابوو عەشیرەتەکانی عیراق زۆر بەهێزن، بەڵام لاوازیان ئەنجامی پەرتەوازە بوونیان بوو، ئەگەر بە بانگەشەی جیهاد و فەتوای پیاوانی ئاینی یەکبگرن، حەتمەن دەتوانن ڕووبەڕووی داگیرکردنی

١. موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان، (١٨٨٠-١٩٤٦) ، وەرگێڕانی : نازناز محمەد عەبدولقادر، یوسف خدر چووپان، سۆران عەلیپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان – هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٥٧.
٢. تشالز تریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

دوژمنەکەیان ببنەوە، داگیرکەران فڕێدەنە دەریاوە، ئەم بیرۆکە مێشکی داگیرکردبوون، بەجۆرێك ئامادەکاری ئامرازی بەرگریکردنیان پشتگوێخستبوو، هەر هەڵەی ڕایەکەی خۆیان بۆ دەرکەوت دەستیانکرد بە لۆمەکردن و بەخیانەت باسیانکردن، بەڵام خۆیان بەر لەئەوان جێگای لۆمەکردن بوون، بانگەشەی جیهادیش، وەکو بانگەشە نموونەییەکانی دیکە وابوون بەکردەوە سەرناکەوێت، ئەگەربێت و پەیوەست نەبێت لەگەڵ سروشتی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی لەسەری دامەزراوە، کوڕانی هەندێك عەشایرەکان لەسەرەتاوە بەورە بوون بۆ جیهادکردن، چونکە لەژێر کاریگەری پارەیەکی زۆری لیرەی ئاڵتون بوون، تورکەکان دەیاندا بەسەرۆکەکانیان لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە لەژێرکاریگەری هیوای سەرکەوتن و دەستکەوتی تالانییەکی زۆر، بەڵام ئاین و فتوای زانایانی ئاین سەبارەت بە ئەوان بایەخی لاوەکیان هەبوو، چونکە ئەوان بەدرێژایی ژیانیان لەسەر تالانکردنی یەکتر فێربوون، بێ ئەوەی گوێ بدەن بەڕێنماییەکانی ئایین، ئەمەی بەتەواوی حەرامکردووە.

لەکاتی بانگەشەی جیهاد هۆزەکانی عەشیرەتەکان ئاماژەبوو بەوەی ئاواتەخوازی بەهەشت بوون، لە ئەنجامی شەهیدبوون لە جەنگدا، بێگومان هاندانی عەشیرەتەکان بۆ شەڕ بەس نەبوو، بەڵکو دەبێت هیوای سەرکەوتن و تالانی لەگەڵ بوایە، عەشیرەتەکان پەیوەندی دەکەن بە هەر بزوتنەوەیەکی بەناوی ئاین، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر پەیوەندی پێوەبکەن و حەماسیان بۆی زیاتربێت، بەڵام هەر نیشانەی شکست و نائومێدیان لێ بەدیکرد، بەرە بەرە لێیدەتەکنەوە، ئەوساش بەهەشت و ئەو خۆشیە لەبیردەکەن، ئەوە تەنیا خەسڵەتی عەشیرەتەکان نییە، بەڵکو خەسڵەتی هەموو مرۆڤایەتییە،

مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لە ئایین تێدەگات، تەنیا لەلایەنی سوودەکەیەوە، ئەو تەنیا بایەخی بەمەسەلەی باوەڕ و پەرستن دەدا لە ئایین، چونکە فەرامۆشی دەداتێ و دڵنیای دەکاتەوە بەرامبەر بە مەترسییەکانی ژیان و ئایندە ئاڵۆزەکەی، بەڵام لایەنی ئەخلاقی لەئایین ئەو لایەنە تایبەتییە پەیوەندییەکانی خەڵکی لەگەڵ یەکتردا و قوربانیدان لەپێناوی کەسانی دیکە، مرۆڤ بایەخی پێ نادات، تەنیا لەو جوغزەی لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیدا نەگونجێت، یان پایەی لەناو خەڵکدا بەرز دەکاتەوە. مرۆڤ بەپێی سروشت خۆی خولیای ئەوەیە پاداشتی خێرای بەلاوە باشترە لە پاداشتی دواخراو، هەزاران ساڵە شارەزای مرۆڤ بووین و دەبینین، بایەخ بەپاداشتی ئەم دنیا دەدەن، زۆر زیاتر لە بایەخدان بەپاداشتی ئەو دنیا، بەڵام ئەوانەی لەم ڕەوشتە بەدەرن زۆرکەمن، ئەوانەیش نوێنەرایەتی بنەمای گشتی ناکەن، بگرە نوێنەرایەتی دەرەکی دەکەن، هەموو بنەمایەکیش دەرەکی خۆی هەیە، ئەمەش شاراوە نییە، هەندێك جار ڕوودەدات پاداشتی ئەم دنیا و ئەو دنیا لەمەسەلەیەکدا کۆدەبێتەوە، ئەوساش دەبینین خەڵکی بەورەیەکی توندەوە هەڵپەی ئەو دنیایان دەوێت، لە ڕاستیدا پاداشتی دنیایان دەوێت، لە زیادبوونی دەوڵەمەندی، یان دەستکەوتێك ئەگەر بەڕاستی ئەو دنیایان بووێت، ئەنجامی ئەوەمان لە ڕەوشت، یان لەمامەڵەکردنی چاکیان لەگەڵ کەسانی دیکە بەدیدەکرد، ئەمەش وای لە حوسێنی کوڕی عەلی کرد، لە کاتی ڕووداوی کەربەلا وتە بەناوبانگەکەی بڵێت: "خەڵکی کۆیلەی دنیا و ئایین بنێشتە خۆشەی سەر زمانیان و دەوری لێدەدەن تا ژیانیان خۆش کات، هەر کە لەبەڵا دوورکەوتنەوە باوەڕیان بەئایینەکەیان کەم دەبێتەوە".[١]

---

١. عەلی ئەلوەردی، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی چوارەم، ل ٤٦٩-٤٧١

## سەربازگرتن (سەفەربەلک)

وەك وتمان لەكاتی هەڵگیرساندنی جەنگی یەكەمی جیهانیدا توركە لاوەكانی عوسمانی پاڵیاندایە بەرەی (ئەڵمان، نەمسا، هەنگاریا و هاوپەمانەكانیان) لەبەرامبەر بەرەی هاوپەیمانان (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و هاوپەیمانەكانیان)، توركە لاوەكان خۆیان هاویشتە ناو ئاگری شەڕەوە، لەبەرەبەیانی **٣**ی ئاب لەساڵی ١٩١٤دا خەڵك لەپڕ گوێیان لە لێدانی تەپڵ بوو، لەسەر دیوارەكان ئاگاداریان بینی، وێنەی تۆپ و تفەنگەكانیان لەسەر كێشرابوو، لەژێریان بەزمانی توركی نووسرابوو: "سفر بلك وار- عسكر اولا نكر سلاح شنه" واتە: ئامادەباشی گشتی ڕاگەیەنرا و دەبێت سەربازەكان بەچەكەكانیانەوە ئامادەبن. مەبەست لەم ئاگادارییە دەستپێكردنی ئامادەباشی گشتی بوو، بەبێ بەشداری گشتی لەجەنگ، چونكە توركیا نەچووبووە جەنگەوە، تا دوای سێ مانگ، بەڵام خەڵكی ڕەشۆكی تێنەگەیشتن جیاوازیان چییە، لەنێوان ئامادەباشی و چوونە جەنگەوە، زۆر ماتی دایگرتن، بەبەڵایەكیان دادەنا خوا بۆی هێناونەتە خوارەوە، وەكو چۆن تاعون دەنێرێت بۆ سزادان لەبەر گوناهەكانیان.

لەكاتی ڕاگەیاندنی ئامادەباشی جەنگ لە عیراق تەنیا چوار تیپ سەربازی لێبوو، بارەگاكانیان لە موسڵ، كەركوك، بەغدا و بەسرابوو، سەركردایەتی فەرمانیدا بەو دوو تیپەی لە موسڵ و كەركەك بوون، سەفەربكەن بۆ وڵاتی شام، بۆ بەشداریكردن لە هەڵمەتەكەی سینا، هەروەها فەرمانیدا بەو تیپەی لە بەغداد بوو، سەفەربكات بۆ بەرەی قەفقاز، ئەگەر ڕازی نەبوونی والی نوێ نەبووایە، خەریكبوو فەرمان بدات، بەو تیپەی بەسراش سەفەربكات بۆ قەفقاز، ئەمەش لەبەرئەوە بوو، سەركردایەتی باڵا مەسەلەی بەرگریكردنی لە عیراق پشتگوێ دەخست، خەونی بەوەوە دەبینی بیكاتە بنكەیەكی هێرشكردنی دژ

بەئینگلیزەکان، پێیوابوو لەڕێی عەشیرەتەکان دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت. هەر ئەوەش بوو لە ٨ی ئاب ١٩١٤ بروسکەیەکی نهێنی لە ئیستەمبوڵەوە هات، سەبارەت بە دروستکردنی هێز لە خێڵەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ ئەو ناوچانەی ئینگلیزەکان چاویان تێبڕیبوو.[١]

ئەو هێزە تورکانەی لە عیراق بوون، سەرەڕای کەمی مەشق و کەرەستە و ژمارەیان، هیچ نەخشەیەك نەبوو، بۆ بەردەوامی لەجەنگ، تورك لەمەسەلەی بەرگریکردنی لە عیراق نەکۆڵیبووەوە، کەجەنگی یەکەمی جیهانی دەستیپێکرد، دەوڵەتی عوسمانی باری شلۆقبوو، دەستیکرد بەسەربازگرتن، لەسەرەتادا حکومەت یەدەگی گرتن، ئەوانەی سەربازییان کردبوو، بەناوی ئەوەی سێ مانگ دەبرێنەوە ژێر خزمەتی سەربازی و مەشقیان پێدەکاتەوە، مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەویزی دەڵێت: لە کۆیەوە سەربازیان کۆدەکردەوە، بۆ قەڵادزێ، ڕەواندز و سنوورەکانیان دەناردن. بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵك یەدەگەکانیان بەدەهۆڵ و زوڕنا بەڕێ دەکردن تا دەرەوەی شار، جەندرمە دەچوو تا ڕادەستی بنکەکانی دەکردن.[٢]

لەبەرئەوە هەر کەسێکیان دەستبکەوتایە و توانای هەبوایە دەیانگرت و دەیان ناردە بەرەکانی شەڕ، ئەم سەربازگرتنە بارێکی ناهەموار و ئەوەندە کاریگەری لەسەر خەڵك دانابوو، تا ئەمساڵانەی دوایش لەبیرەوەری بەساڵاچوانی ئەم ناوچەیەدا هەبوو، دەیانوت کوڕی فڵان کەس برایە شەڕی (سەفەربەلك) نەگەڕایەوە، تائێستاش لەلای پیاوە کۆنینەکانمان باسیدەکەن، ئەم مەینەت و دەردەسەرییە بەشەڕی (سەفەربەلك) ناسراوە. بارودۆخی خراپی شەڕ وایکرد لە کۆتایی ساڵی ١٩١٦ سەربازە تورکەکانیش لە سەربازی ڕایاندەکرد، بەڵام

١. عەلی ئەلوەردی ، هەمان سەرچاوە، ل ٩٩.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

ئەوان نەوە لەدوای نەوە فێربوون لەپێناوی دەوڵەتەکەیان بجەنگن، بڕواشیان وابوو لەپێناوی خوا جیهاد دەکەن، بەڵام لەخوارووی عیراق بارەکە خراپتر بوو، هەر لە ڕاگەیاندنی ئامادەباشی گشتی سەربازەکان ڕاهاتبوون، دژایەتی دەوڵەت بکەن، سەربازگرتنیان بە باجێك دەزانی، لەڕیزی سوپا سەربازەکان دەستیانکرد بەهەڵاتن، تا کۆتایی جەنگەکە، شتی سەیر هەبوو لە بارەی "سفر علك" واتە: جەنگی هەڵاتن، ئەم وشەیە بەدرێژایی جەنگ بووە دروشمی ئەو پیاوانەی هەڵیان بژاردن، هەر گوێیان لەتەپڵی ئامادەباشی دەبوو، لەشەقام و کۆگاکان ئیشوکاریان بەجێدەهێشت و دەچوونەوە ماڵەکانیان خۆیان دەشاردەوە، کاتێک لەماڵەکانیان ئاسوودە نەبان خۆیانی تێدابشارنەوە، زۆریان جلی ژنانەیان لەبەردەکرد، یان پەنایان دەبردە بەر عەشیرەتەکان، یان چیاکان.[1] کورد وڵاتەکەی کرابوو بە کۆڕی شەڕی نێوان تورك و ڕووس و ئینگلیز، کورد لەم شەڕەدا زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەرکەوت، وڵاتەکەی کاولکرا و بەدەیان هەزار کەسی لە کۆڕی شەڕەکاندا کوژرا و برسێتی و قاتوقڕی ژمارەیەکی زۆری لەناوبردن، گەلی کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا لەهەموویان زیاتر تووشی زیان و ماڵوێرانیبوو.[2]

دەوڵەتی عوسمانی توانای شەڕی نەمابوو، هەر پاش یەك مانگ بەڵگەی پەرێشانیان دەرکەوت، سەربازی پێخاوس، ڕووت و برسی ئەخرانە کۆڕی جەنگەوە، خراپی باری خەڵك و کردەوەی خراپی فەرمانبەرەکانیان لە گیان بێزاری کردن و پەرێشانی حکومەت گەیشتە گەل ڕووتاندنەوە.[3] هەر ئامادەباشی گشتی لە ساڵی ١٩١٤ ڕاگەیەنرا و سەربازەکان بەرەو قەفقاز و

١. عەلی ئەلوەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

٢. محمد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٦.

٣. ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

بەرەکانی شەڕ ڕەوانەکران، خەڵك هەستیانکرد تووشی بەڵایەکی گەورەبوون، هەر ماڵێك تووشی سەربازی بووایە گوێت لە گریان دەبوو، هەر کە کوێخای گەڕەك دەیدا لە دەرگای ماڵێك داوای یەکێکی دەکرد، بۆ سەربازی دەنگی هاوار و گریان بەرزدەبووەوە، هەقیان بوو، ئەوانەی ڕۆیشتن زۆربەیان نەگەڕانەوە،[١] ساڵ وەرسوڕایەوە حکومەت دەستی بەڕەشبگیری کرد، هەرچی لاو و گەنج هەبوو بەڕەشبگیری گرتیان، تەنانەت بەساڵاچوانیش لە سەربازێتی و بێگاری عوسمانی ڕزگاریان نەبوو، هەموویان بەزۆرەملێ گیران و کران بەسەرباز و بەزۆرەملێ کران بەچەك هەڵگر، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەهەزاران گەنج و لاو لەخێزانەکانیان دوورخرانەوە و لەبەرەکانی شەڕ نەگەڕانەوە.[٢]

کورد وەکو نەتەوەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی تووشی زیانی زۆر بوو، لەکاتی شەڕی سەفەربەردا، سەرەتا هەرچی گەنج و لاوی بەکاری هەبوو، بەزۆر هێنرایە ژێر چەکەوە، زۆر ماڵی وا هەبوو لە ئافرەت و منداڵ و پیرەکەشی تێدانەمابوو، ئەوانەی تۆزێ بارودۆخیان باش بوو، بەناوی (بدلی نەقدی، داواکاری جەنگ، بەسۆنگەی گواستنەوە، ئیعانە و بەرتیل....هتد) ڕووتکرانەوە، ئەو لاوانەی هێنرابوونە ژێر چەکەوە بەشێکیان بۆ بەرەی ئەرزڕۆم و بەشێکیشیان بۆ لای حەلەب و سورییە و بەسرە نێرران، بەم شێوەیە بەشی زۆری کاسبکاری لەدەستچوو.[٣] وا بڵاوبووەوە شەڕ و غەزا لە (میاندواوی) ئێرانە، حکومەت سەربازی دەگرت و دەینارد نە بنکەکانی بیتوێن و پشدەر، بۆ پێشگرتن لە هێرشی دوژمن، تا وای لێهات ئەوەی تەمەنی (٦٠) ساڵیش بوایە دەیگرت، هەرچی خەڵکیان بەردەست بکەوتایە دەیانگرت و دەیاننارده

١. عەلی وەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

٢. محمد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٧.

٣. محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

بەرەكانی شەڕ.[١] لەم شەڕانەدا گەلی كورد لە دوو قۆڵ ئۆردووی (١١)ی (مەعمورە العزیز)[٢] و (١٢)ی موسڵ، هەروەها (١٣٥) بلۆك سوارەی یەدەگ (أحتیاط) (چوار فرقە و لیوایەك)ی لەگەڵ هەندێ پێكهاتەی ژاندرمەی سنوور بەتەواوی و بەشێكی گرنگی دوو قۆڵ ئۆردووی تریشی (٩)ی ئەرزرۆم و (١٠)ی سیواس ئامادەكردن، بەشێكی جلوبەرگ و خواردەمەنی و هەموو ولاغ و پێویستیەكانی جەنگ و ئەمانەشی دابین كرد، هەروەها بەهۆی درێژە كێشانی شەڕەوە چەند جارێك بەرۆح و ماڵی خۆی كەموكوڕییەكانی جەنگی تەواو كرد.

كورد لەو گەنج و لاوانەی ناردبوونی بۆ شەڕ كەمی دەستكەوتەوە، بەشی زۆری لەشەردا، لەدیلیدا، لە برسان و لەسەرمان و بەنەخۆشی لەدەستچوو، بڕی لەدەسچوو و ونبووەكانی شەڕ كەس نایزانێ، بەڵام ئەگەر تەخمینی گونجاو بێ، ڕەنگە بڕی ئەمانە لە سێ سەد هەزار زیاتر بێ،[٣] دۆخەكە بۆ خەڵكی بیتوێن و پشدەر دژوارتربوو، ئەوان لەبنكەكانی شەڕ نزیكتربوون، بۆیە ئەوەی كەوتبایە دەست توركەكان دەیاننارده بەرەكانی شەڕ، بۆ نموونە: قاسم جاسم ئاغا لە ڕانیە بەرەشبگیری (سەفەربەلك)ی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرباز گیرا، لەجەنگی یەكەمی جیهانی ساڵ ١٩١٤ لەشەڕدا كوژرا و نەگەڕایەوە، ئێستا نەوەكانی لە شاری ڕانیە نیشتەجێن.

ئەڵڵاوێردی لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا بەر ڕەشبگیری (سەفەربەلك)ی دەوڵەتی عوسمانی دەكەوێت، لەگەڵ كوێخا كەریم[٤] و مامەسورە و ئەوانی

١. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

٢. لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانیدا ناوی قەڵادزێ (حمیدیە) بووە. لەدوای هێرشەكانی لەشكری عوسمانی لە ساڵانی ١٨٩٢- ١٨٩٣ بۆ سەر ناوچەی پشدەر و داگیركردنی، ناوی شارەكەیان گۆڕی بە (المعمورە العزیزە).

٣. محەمەدئەمین زەكی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.

٤. كوێخا كەریم كوێخای ڕانیە بووە، ڕەنگە بەهۆی پێگەكەی لە سەربازی بەخشرابێت، چونكە دواتر بەرچاومان دەكەوێت لەگەڵ خەڵكی ڕانیە، لەشكری بیتوێن، پشدەر، مەرگە و شارباژێر دەچێت بۆ شەڕی ڕووس لە سەردەشت و ئێران.

تر دەگیرێن و ڕەوانەی بەرەی شەڕی نێوان عوسمانی و ڕووسەکان دەکرێن، لەشەڕێکدا ئەڵڵاوێردی دەکوژرێت و ئەوانیتر بەدیل دەگیرێن، تا شۆڕشی (ئۆکتۆبەری ١٩١٧)ی ڕووسیا، ئینجا ئازادییان دەکەن و هەندێك پارە و خواردنیشیان پێدەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ ڕانیە، بەقسەی دیلە گەڕاوەکان سێ ساڵ دیلەکانیان کردبوون بەشوانی (بەراز)، گوایە باوکی (مام ڕەشیدی باخچەوان)، ژنێکی ڕووسیش لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە بۆ ڕانیە.[١]

لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ خدرئاغا کوێخای گوندی سەریکانی بووە، ئەو پیاوە هەمیشە دژی عوسمانییەکان وەستاوەتەوە، لەکاتی (سەفەر بەلك). جندرمەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەو گوندە، بەڕەشبگیر (١٩) کەسیان لە ڕەگەزی نێر بردوون بۆ (سەفەر بەلك)، خدرئاغا خۆی یەکێك بووە لەو ١٩ کەسە، کاتێك گەیشتوونەتە (داراشکارتەی) لەخوارووی گوندی (شکارتە)، خدرئاغا لە جەندرمەیەك هەڵگەڕاوەتەوە و چەکەکەی لێستاندووە و کوشتویەتی، جەندرمەکانیتر تەقەیان لێکردووە و گولەیەکی بەر شەوێلاگی کەوتووە، و بریندار بووە، هەر چۆنێ بێ توانیویەتی خۆی ڕزگاربکات، لەدەست جەندرمەکان و چەکەکەی لێستاندوون، دواتر لە گوندی (ئاندێك) ئەفسەرێکی عوسمانی کوشتبوو، هەتاکو عوسمانییەکان لێرە دەسەڵاتداربوون، ئەو پیاوە نەیتوانی خۆی ئاشکرابکات، ئەو کاتی مرد برینی شەویلاگی هەر مابوو، ناوەناوە خوێنی لێدەهات، ئەو (١٩) کەسەی لەو گوندە تورکان بردبوویانن بۆ سەفەربەلك، کوڕی خدرئاغاشیان لەگەڵدابوو، لەو (١٩) کەسە تەنیا کوڕی خدرئاغا گەڕاوەتەوە، ئەویش دەیگوت: بردیانینە ئەرزڕۆمێ، شەڕێکی سەخت بوو، من توانیم ڕابکەم و بگەڕێمەوە.[٢]

١. مەلا سمایلی نورودینی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە(٤٥)ی مانگی ٦ی ٢٠١٣، ڕانیە. ل٥٦، ٤٦

٢. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، خۆشناوەتی لەسەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٧، ل ١٩٩

پیاوێکی گوندی (شکارتە)یان بردۆتە سەربازی ناوی (ئەحمەد حاجی سلێمان) بوو، ئێستاش هیچ هەواڵێکی نییە، پلەی سەربازی تورکان و جۆری چەکەکانیان چەندین ناوی جیاجیای هەبوو، وشەی باشچاوەش و ئۆزباشی دوو وشەی تورکی و پلەی سەربازین، باشچاوەش لێپرسراوێتی دە چەکداری دەکرد و ئۆزباشی لێپرسراوێتی بیست چەکداری دەکرد، بەشێك لە چەکەکانی ئەو سەردەمیش پێکهاتبوون لە (یایلی، قەسەلی، قۆنداغ خڕ، تەیارەشکێن، نیهایەت) بەهەموویان دەوترا (جامبێزار)، تاك تاك گولەیان دەتەقاند.[1]

ئۆردووی عوسمانی چونکە هۆکاری گواستنەوەی زۆر کەم و پێکهاتەی ژیان و گوزەرانی زۆر خراپ بوو، دەیویست پێویستیەکانی ژیان بە نرخێکی زۆر کەم یابەرامبەر بە سەنەد یا پارەی کاغەز یا بەشێوەی زەوت کردن پەیدابکا، بەو شێوە بێ مەعنایە زوڵمێکی زۆری لەخەڵك کرد، خەڵکیش خواردەمەنی نەدەهێنا لەبەرئەوە سوپاش وەکو خەڵك تووشی برسێتی بوو، بەشێوەیەك هەندێ جار سەربازەکان ناچاری گیا خواردن دەبوون، وەکو ماڵیات دەلەوەڕان، بۆ پارچە نانێك یەکتریان دەکوشت، (ڕاپۆرتی قۆڵی ئۆردووی هەژدەمین بە مێژووی ٢٥ی مارتی١٣٣٤) لە ڕووی برسێتیەوە ڕاکردوو و ونبووی دوو مانگی ئەم قۆڵەی ئۆردووە گەیشتە (٩٠٠٠) کەس، هەمان ڕاپۆرت هێزی جەنگی ئۆردووی شەشەمیش لە ماتی ١٣٣٤دا هاتە سەر ٦٣٠٤ تفەنگ، حاڵی ئۆردووی دووەم لە دیاربەکر و ئۆردووی سێیەم گەلێ خراپتر بوو، ئەم حاڵە بووە هۆکاری زۆر بوونی نەخۆشی و تیفۆید ئۆردووی سێیەمی بەتەواوی شپرزەکرد، لە ئۆردووی دووەم و شەشەمیشدا زۆریان بێ سەروشوێن بوون.[2]

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.
٢. محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

دۆخی نالەباری ڕەشبگیری و باری ئاڵۆسکاوی سوپای تورك، لە هەر دەرفەتێکدا ڕایاندەکرد و ڕیزەکانی سوپایان بەجێدەهێشت، ڕاکردووەکانی جەنگی ئامادەباشی خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، باوکی هەشتا ساڵەیان دەگرت بۆ گوشار خستنەسەر کوڕە سەربازە ڕاکردووەکەی، ڕاکردووەکان لەڕیزەکانی سوپا زۆربوون، دەوڵەت لەئاست ئەمەدا دەستەوەستان بوو، ئەنوەر پاشا فەرمانێکی دەرکرد، بە لەسێدارەدانی نیوەی ئەو ڕاکردوانەی دەستگیرکرابوون، نیوەکەی دیکەش ڕەوانەی جەنگ بکرێن.[1] کە شەڕ گەرمبوو، سەربازەکان لەباری خراپی ژیان و برسیەتی هەڵدەهاتن، مەئمورەکانی حکومەتیش سوودیان لەم بڕیارەی ئەنوەر پاشا بینی، کاتێک سەربازەکان لەڕیزەکانی سوپا هەڵدەهاتن، حکومەت بۆ ئەوەی چاوی خەڵك بشکێنێت و بیانترسێنێت، ئەوەی دووجار یا سێ جار هەڵاتبایە لەسێدارەی دەدا.

تاهیر ئەحمەد حەویزی لە کتێبی مێژووی کۆیەدا دەڵێت: لەبەردەمی مزگەوتی گەورەی کۆیە، لەنزیك سەرا، لە دوو جێیان سێدارە هەڵخرابوو، ڕۆژی نزیکی دوو کەسیان لەسێدارە دەدا، لەترسی ڕاپەڕینی خەڵك بەشەو لاشەکانیان بە سێدارەوە دەکردن، پارچە جاوێکیان لەمل دەکرد، لێی نووسرابوو لەسەربازی ڕایکردووە، بەفەرمانی سوڵتان لەسێدارە دراوە، دوو سێ ڕۆژێك بەسێدارەوە دەمایەوە، تا هەموو خەڵك ببینن و بترسن. ئەم بارودۆخە نالەبارە زیاتر خەڵکە هەژار و ڕووتەکەی دەگرتەوە.[2] ئەگینا خەڵکی دەوڵەمەند و خوا پێداو دەیانتوانی بەپارە و بەرتیل خۆیان لە کێشەی سەربازی ڕزگاربکەن.

---

١. عەلی ئەلوەردی ، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

## گەندەڵ بوونی حکومەت

ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و پەشێوەی وڵات، لەسەربازگرتنی زۆرەملێ و قاتوقڕی ناو خەڵك، هەلی لەباری ڕەخساند، بۆ ئەو مەئمورە چاوچنۆك و نەفس نزمانەی دەیانویست سوود لەم بارودۆخە شێواوە وەربگرن، لە ناوخۆشیدا دەوڵەتی عوسمانی لەبەر خراپی بەڕێوەبردنی فەرمانبەر و دەزگاکانی دەوڵەت لەوپەڕی خراپی و شێواویدا بوون، ئەگەرچی ڕیشەی بیرۆکراسی و کارگێڕی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی دێرینی بەڕێوەبردنی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کار و ئەرکی ناو دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەڵام لەناو دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شانزەهەم بەولاوە، بەرتیل وەرگرتن لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا لە نزم ترین ئاستەوە بۆ باڵاترین دەسەڵاتی دەوڵەت هەموو شوێنێکی تەنی بۆوە، هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی هەژدە بەدواوە چەند جارێك هەوڵی چاکسازی لە دەزگاکانی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لەسەر شێوازی ڕۆژئاواییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەتوانایدا نەبوو بتوانرێت، بەشێوەی یاسا و ڕێساکانی ئەوروپا پەیڕەو بکرێت، پیادەکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییە، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەبوو، فەرمانبەر و جێبەجێکارانی ئەو کارە شارەزا و لێهاتوو نەبوون، سەرەڕای ئەوەش نەیاندەویست چاکسازی وەك پێویست پیادەبکرێت، چونکە خۆیان لە بەرتیل و خەڵات و بەرات وەرگرتن دەبوون، لەلایەکی تریش مەلا و پیاوە ئایینیەکان لایان وابوو، لەگەڵ شەریعەت و ئایین نایەتەوە و ئەمە پەیڕەوی کاری ئەوروپاییەکانە، لەبەر ئەوە داتەپیتی کارگێڕی و باری ئابووری وڵات وردە وردە کەوتە لاوازی و لەبەرامبەر پێشکەوتن و زانستی ئەوروپاییەکان دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی

بەپێی پێشکەوتن و زانستی سەردەم گەشە بکا و کاتێکیش درکیان بەم بوارە کرد، بارودۆخی عوسمانی لەڕووی دارایی و سیاسی هی ئەوە نەبوو بتوانن کاریگەریان هەبێت و زیاتر بەرەو شکست چوو.

گەندەڵی لە فەرمانگە حکومەتیەکاندا تەشەنەیکرد، هەر ئامادەباشی ڕاگەیەنرا گەندەڵی بەفراوانی پەرەیستاند، سەربازگرتنی زۆرەملێ بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامانی خەڵك، لەلایەکی تریشەوە بەناوی (خەرجی جەنگ)، فەرمانبەر و ئەفسەرەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە، بۆ وەرگرتنی بەرتیل لەخەڵك بەهەموو شێوەیەك، جەنگیان کردە ئامرازێك بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندی خۆیان. تیایاندا هەبوو بەدزی و بەرتیل و دیاری گیرفانی خۆیان پڕکرد، لەڕێگای دەستبەسەرداگرتنی ماڵ، سامان، مەڕو ماڵات، لەژێر ناونیشانی خەرجی جەنگدا، یان لەڕێی مامەڵەی سەربازگرتنەوە، ئەوەی کێی مەبەست بوایە سزای دەدا، یاخود ئەوەی ویستبای دوای دەخست. بەهەر جۆرە فێڵێك، کەچی خەڵکی هەژاری ڕەوانەی مەیدانی جەنگ دەکرد.[١] بەسەر گرتنەوەی کاری زوڵم و زۆری فەرمانبەری حکومەت هەڵسابوو، دەستبڕینی خەڵکی و باخەڵی خۆ پڕکردن لەلایەن ئەو مووچەخۆرانەوە ببوو بەدەستوور، تا ئەوەی کاریان گەیاندە ڕادەیەك لە شوێنێکی وەکو کۆیە، بەبەرتیل بێ گوناح لەجیاتی تاوانبار بەپەتدا کراوە، کابرای تاوانبار بەرتیلی داوە، لەبەندیخانەوە بەدزییەوە بەرەڵڵا کراوە، لە شوێنی ئەو بابایەکی بێکەسیان لەماڵی خۆی بەشەو دەرهێناو بەناوی ئەو تاوانبارە بەرهەڵدراوەوە، خنکێنراوە، تێبینیەکی بێویژدانانەتر لەو مامەڵەیەدا کردبێتیان ئەوەبووە، هاوناوێکی تاوانبارەکەیان بەپەتەوە کردووە.[٢] زۆرجار بەهۆی بەرتیل وەرگرتن کەسەکانیان دەگۆڕی، بۆ نموونە لە کۆیە

١. عەلی ئەلوەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

٢. مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپی بەغدا ١٩٨٤، چاپکردنی لەسەر ئینتەرنێت ٢٠٠٧. ل٤٤.

فەرمانی لە سێدارەدانی (عارفی کاکەمین)ی هاتبوو، لەجیاتی ئەو (عارفی حەمە عەجەم)یان لەسێدارەدا.[١]

دەگێڕنەوە ساڵی گرانیەکەی ١٩١٧، کە ناسرا بوو بە (سەفەر بەلك) کاتێك جەندرمەی عوسمانی لەوپەڕی شکست و بێتاقەتی بوون، دەستیان بۆ هەموو شتێك بردووە، کە خەڵك پێی ژیاون و گوزەرانیان پێ دابین کردووە، کاتێك گوندی (نازەنین) دەپشکنن، داوا لە مەلا سدیقی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای نازەنینی دەکەن، لەماوەی ١٠ ڕۆژدا دەبێ ئەم داخوازیانە ئامادەبکا، (٢٠ لیرە، دە بار دەغڵ، دە بارگەنم، دەپیاو بۆ یارمەتی سوپای شکاوی تورك)، پاش ئەوەی هێزەکە دەگەڕێتەوە کۆیە و ماوەکەی تەواو دەبێ، بێ ئەوەی داخوازییەکان دابین بکرێ، بۆیە مامۆستا سدیق بەدەستبەسەری ڕەوانەی بەندیخانە کۆنەکەی سەرای کۆیە دەکرێ.

ئینجا لە ڕێگای خزم و کەسوکاری ئاگاداری مامۆستا سادق دەکرێ، وەك پیاوێکی ئایینی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی، کە هیمەتی بۆ بکات بۆ ئازادکردنی مامۆستای گەورە لە ڕێگای خەڵکی گەڕەکی بایزاغا و دۆستانی خۆی توانیویانە (٢٠) لیرەکەی بۆ کۆبکەنەوە، ئێوارەیەك لە ڕێگای مەلا سادق پارەکە دەبەن بۆ قۆمیسەرەکەی بەندیخانە، ئینجا مەلا سدیق ئازاددەکرێ، پێش بانگی ئێوارە دەرگای بەندیخانەی بۆ دەکاتەوە، شەو لە ماڵی مەلا سادق دەمێنێتەوە، بەیانی زوو بۆی دەردەچێت، مەلا سادق پێیوتبوو: پێویستە خۆی بشارێتەوە، چونکە هیچ متمانەی نەبووە، بەچاوچنۆکی و بەرتیلخۆرەکانی جەندرمەی عوسمانی، بەیانیش، کە جەندرمەکان ناتوانن چاوی خەڵکی شاری پێ بشکێنن، کابرایەکی لادێی بێگوناە، کە خەڵکی گوندی (شێخەروان) بووە،

١. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

بەسەردان هاتۆتە کۆیە، لە ڕێگا قۆڵ بەستی دەکەن و دوایی لەبەرەبەیاندا لەبەردەم مزگەوتی گەورە هەڵیدەواسن، لەناو خەڵکیش وا بڵاویدەکەنەوە ئەمە مەلا سدیقە لەسێدارە دراوە، بەڵام دوایی، کە خەڵك تەماشای لاشەی کابرای بێ گوناه دەکەن، دەزانن ئەمە مەلا سدیق نییە، هێزی جەندرمە، کە ئەوەیان لێ ئاشکرادەبێت، دەڵێن مەلا هەر مەلایە، گوایە کابرا مەندیلی سپی لەسەر بووە، لەسەر ئەمە لەناو ئەدەبی کوردیدا چەندین نموونە و باس و خواسی سەیر بڵاوبۆتەوە.[١]

ئەفسەرانی سەربازی کردن (تەجنید) و پزیشکەکان بەرتیلیان وەردەگرت، لەجیاتی مامەڵەیەکی درۆ، یان پشکنینی ساختەی پزیشکی، فەرمانبەرانی تەجنید کەسێکی ڕاکردووی لەخزمەت سەربازییان گۆڕیوە بەکەسێکی بێ گوناه، ئەوەیان لە جیاتی ئەو کەسە ڕاکردووە گوللەباران کردبوو، هاواری کردبوو، کەسیش بەهانایەوە نەچووبوو، مەپرسە لە فەرمانبەرانی پۆلیس و ژاندرمە لەدزینی گوندنشینە بەستەزمانەکان و زۆر لە خەڵکی شارەکان، وەکو مانگا دەیاندۆشین، هیچ ئیشێکیان بۆ کەس نەدەکرد، بەرلەوەی بەرتیلی لێوەرنەگرن، هیچ پۆلیسێك، یان ژاندرمێك نەدەچووە دێیەکەوە ئەگەر گیرفانی پڕ لەدرهەم نەبووایە، ئەو دەیزانی بەرپرسیار نییە لەخراپی هەڵسەکەوتی خۆی، چونکە سەرۆکەکەی لەو زیاتری دەکرد، زۆر لە فەرمانبەرە سەربازییەکان و مەدەنییەکان لەگەڵ هەندێک لەبازرگانەکان لە قۆرخکردنی هەندێک کەرەستەی خۆراك و شتی تر بەشداربوون، قازانجێکی زۆریان لێ چنگ کەوت و هەژاران بوونە یارییەك بەدەستیانەوە.[٢]

تورکەکان وشەی ئیسلامیان کردبوو بەکوتەکی دەستیان، ئیتر ڕاوڕووت بوو بە پیشەی حکومەت، تا وایلێهات لە مەڕ و بزن، گا و مانگا، کەر و

١. د. هاوژین صلیوە، چەند بابەتێك لەبارەی گوندی هەرمۆتە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٧، تەموزی ٢٠١٣، ل٢٩.

٢. عەلی ئەلوەردی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

ئێستر، ماین و ئەسپ، لەهەموو جۆرە چوار پێیەك. ئینجا لەگەنم لە جۆ، برنج لەهەموو جۆرە دانەوێڵەیەك، لەکا، دار، خەڵوز، لەهەموو پێویستییەك، سەرەڕای ئەمانەش بەرگ و مرۆڤیش هەمووی پێویستی حکومەت بوو، بەخورتی دەستێنراو دەبرا بۆ حکومەت.[١] گەل لەژێر باری خەرج و باج و ڕاو ڕووتی حکومەتدا دەینالاند، بەناوی کڕینەوە بەبێ پارە و ماڵ پشکنین دەغڵ و دانیان لە وڵاتدا نەهێشت. مەئموران لەبرسان و لەبەر وەرگرتنی بەرتیل ناوی یاسا و حکومەتیان فەرامۆشکردبوو. گەورە و بچوکیان، خۆخۆیی، خەریکی جەردەیی و بەرتیل وەرگرتن بوون.[٢] گەنج و لاوەکان هەموو برانە بەرەکانی شەڕ تەنیا ژن و منداڵ و پیاوی پیری پەککەوتە و بەساڵاچوو مابوونەوە، دەوڵەمەندەکانیش کەوتنە ژێر باجێکی زۆری حکومەتەوە پێی دەوترا (بدلی عسکری) لەبری ئەوەی نەکرێن بەسەرباز، حکومەت گەلێك شێوەی تری بەکاردەهێنا، بۆ پارە ستاندن لەخەڵك، بۆ هەر جۆرێك بڕوبیانویەکی دەدۆزییەوە، لەگەڵ سەندنی وڵاخی بەرزە، بەبیانوی ئەوەی خۆراك و ئازوقەیان پێدەگوێزنەوە بۆ ناوچەکانی شەڕ، لەبەر باری خراپی وڵات کوردستان خەڵکی وای تێدانەمابوو، توانای کشتوکاڵ کردن و بەرهەمهێنانی مابێت، ئەو بەرهەمە کەمانەش لەلایەن ژن و منداڵەوە بۆ بژێوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدایان دەکرد، تورکەکان بەوپەڕی بێویژدانی و بێبەزەییەوە لێیان زەوتدەکردن و بەبرسێتی و بەنەبوونی دەیانهێشتننەوە.[٣]

پیاوێك لە تیرەی بەگزادەکانی سنووری خۆشناوەتی، ناوی (مستەفا بەگ) بوو، لە گوندی (ئاندێك) ئەفسەرێکی عوسمانیەکانی کوشت بوو،

١. ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

٢. ئەحمەد خواجە، هەمان سەرچاوە، ل ١٩. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

٣. محمد رسول هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٧.

عوسمانییەکان لە دەرفەتێك دەگەڕان، مستەفا بەگ بکوژنەوە، ڕۆژێك لە دامێن گوندی (هەرمك) ژمارەیەك جندرمەی عوسمانی گەیشتبوونە پیاوێکی غەریبحاڵی گوندی (هەرتەل)، سواری گوێدرێژێك بوو، جندرمەکان لێیدەپرسن ناوت چیە؟ ئەویش بە خۆهەڵکێشان و شانازییەوە دەڵێت: ناوم (مستەفا بەگ)ە! جندرمەکان وادەزانن ئەو مستەفا بەگەیە ئەفسەرەکەی ئەوانی کوشتووە، بەبێ لێکۆڵینەوە دەستبەجێ لە گوێژدرێژەکەی هەڵدەدەنە خوارێ و چەند گولەیەکی لێدەدەن و دەیکوژن.[١]

ئەو کاتەی جندرمەی تورکان دەهاتنە گوندی دواوە، ڕەزانە و قۆچانە و ئاشانە و زۆر باجی تریان لەخەڵکی گوندەکە دەستاند، لەچەند کەسێکی ئەو گوندانە، کە ئێستا لەژیاندا ماون دەیانگوت: پیاوێکی گوندی (بێتواتە) ناوی (غەزالی) بووە، (مەلا محەمەد)یشی پێدەگوترا، یەکێك بوو لە نووسەر (کاتب)ەکانی تورك، ئەو پیاوە بەنێو ڕەز و باخی جوتیارانی گوندەکانی دەوروبەری بێتواتە دەگەڕا و چەندیەتی بەروبومی ساڵانەی هەموو ڕەز و باخێکی دەنووسی بەمەبەستی ڕەزانە و باخانە لە خاوەنەکانیان، ئەگەر ڕەزێك یان باخێك بەرهەمی ساڵێکی چوار قەرتاڵە ترێ بوایە، ئەو بەشەش قەرتاڵە دەینووسی، بۆ ئەوەی ڕەزانەیەکی زۆر لە خاوەنەکەی وەربگرن، ساڵێکیان لەوەرزی بەهاردا بەروبومی یەکێك لەڕەزە دێمەکانی گوندی دواوە، کە هێشتا بەرسیلە بوو، پێنەگەیشتبوو، خاوەنەکەی (حوسێنی زێنێ)ی پێدەگوترا، بەزیادەوە خەملاند، خاوەنەکەی ناڕەزایی دەبڕی، غەزالی پێیگوت: بێدەنگ بە، دەتوانم بەنووکی قەڵەم لۆندەرەت بۆ بێنمە ئێرە! .[٢]

---

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٤

٢. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧

# بەشی دووەم

# کوردستان لە ژێر حوکمڕانی عوسمانیدا

## بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایانی کوردستان

لێرە پێویستە ئاوڕێك لەباری سیاسی و کارگێڕی کورد بدەینەوە، بۆ ئەوەی بارودۆخی هاتنی لەشکری عوسمانی و ئێران و ڕووس و دەوڵەتانی دیکە بزانین، مامەڵەی دوژمنەکان و بەرەنگاری کورد لەبەرچاوبگرین، لە ڕۆژگاری پێشیندا زۆربەی کات کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردەکان بەڕێوەدەبرا، لەو سەردەمانەدا کێشە و ململانێکان بۆ تێگەیشتن پێویستە، شیاوی گێڕانەوەی هەیە، لە هەندێك جێگاشدا نەشەبزوێن و سەرنجڕاکێشە. دەوڵەت و میرنشینەکانی حەسنەوی، شەدادی، دۆستەکی، مەروانی و زۆر میرنشین و بنەماڵەی کورد لە کوردستاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ حوکمیان کردووە و لەکاروبارياندا سەربەخۆ بوون، لەبەشی زۆری بەڕێوەبردنی خۆیاندا، خاوەن ئیختیار و دەسەڵات بوون، زۆریان سکەیان بەناوی خۆیانەوە لێداوە، خوتبەی هەینی بەناوی ئەوانەوە، وەکو پاشا خوێندراوەتەوە، لەشکر و سوپای خۆیان هەبووە، هەموو ئەو شتانەی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆن هەیبووە، بەشی زۆریان هەبووە، تەنیا بەهەودایەك بەدەوڵەتی عوسمانی، یان سەفەوی بەستراونەتەوە. وەك شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبە نایابەکەی (شەرەفنامە)دا دەڵێت: دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ئەوانەی

هۆزەکەیان گەورە و خاوەن زۆر و ناو بەدەرەوەن، بەناوی هۆزەکەیانەوە دەناسرێن، وەك هەکاری، سۆران، بابان، ئەردەڵان. ئەو میر و مەزنانەش، کەدژی سەخت و هەڵەموت، یان شاریان دەبەردەست دایە، بەناوی ئەو قەڵایە، یان ئەو شارەوە ناو دەبرێن، وەك فەرمانڕەوایانی حەسەن کێف و بدلیس و جزیر و حەزۆ و ئەگێل و هیتریش.[١] میرەکانی کورد سەریان بۆ کەس نەچەماندوە و لەبەرامبەر زوڵمی دوژمنان بێدەنگ نەبوون و ئەوەندەی دەرفەتیان بووبێت بەرەنگاری دووژمنیان بوونەتەوە.

پاشایانی زلیش چاویان نەبڕیوەتە وڵاتەکەیانەوە و نیازی داگیرکردنیان دەدڵ نەگرتووە، تەنیا بەدیاری بۆ بردن و پێشکەش کردنی پێشکەشی چاویان لێدەپۆشن و لێیانگەڕاون، ئەگەر شەڕیش ڕوویدا ئەوا کوردەکان دەبەن و بەگژ دووژمنی خۆیانی دادەکەن و خۆیانی پێدەپارێزن، دەنا لەوە بەولاوە کاریان بەکاریان نەداوە و وازیان لێهێناون. خۆ ئەگەر جاروبارەش وا هەڵکەوتبێت پاشایەك لەو پاشا زلانە لێ بڕابێت، کوردستان بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە، زۆری خوێن و ماڵ لێ بەختکردووە و زۆر بەگرانی لەسەر کەوتووە، داگیرکەری کوردستان هەر کێ بووبێت، هەرگا دەستی بۆ ئەم ئاگرە بێ ئامانە درێژکردووە، لەئەنجامدا هەر پەشیمان بۆتەوە و لەدوای داگیرکردنیشی چاری ناچاربووە، دیسان هەر بەخاوەنی پێشووی سپاردۆتەوە.[٢] تاکو سەرهەڵدانی هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی، ئەوانیش ناچاربوون ڕێز لەم دۆخە تایبەتییەی کورد بگرن.

کوردستان بەگوێرەی میر و ئاغاکانی کرایە چەند دەوڵەت و چەند سنجەقێکەوە، دەبوو بەشی هەمووکەس بدرێت، هەرچەند بەشێك ئاڵایەکیان

١. شرفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپی دوهەم، چاپخانەی جەواهیری تاران، ١٩٨١، ل ٣٧.

٢. شرفخانی بدلیسی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

هەبووە، سەر بە فەرمانڕەوایەك بوون، دەوڵەت بۆ میرە ناودارە گەورەکان، سنجەقەکانیش بۆ ئەو میرە بچوکانەی، بنەماڵەیان سنووردداربووە و ڕازی نەبوون بچنە ژێر ڕکێفی کەسی ترەوە، پێشتر هەمیشە میرە گەورەکان ناوچە بچوکەکانیان دەخوارد و میرەکانیان دەربەدەردەکرد، نەخشەیەکی گرنگ بوو، هەموو کەس لە کوردستان بەشی هەبوو، تادڵیان خۆش بێت و بەلای تردا نەچن، هەرچەندە ئەمە زەرەرێکی گەورە بوو، لەیەکێتی کورد درا، کە هەرگیز نەیانبووە، تایبەتمەندی باری ناوچەی کوردستان و باری سەربەخۆیی لای کوردان شەڕوشۆڕی هەمیشەییان لەگەڵ یەکتر یاریدەی ئەوەی نەدەدا ئیدارە و حوکەمەتێکی ڕاستەو ڕاستیان هەبێت.[1]

حەسنی لە هەڵسەنگاندنێك بۆ عوسمانی و سەفەوی بەرامبەر بەکورد دەڵێت: سەلاتینی عوسمانی ئەوەندەی بۆیان کرابا لەگەڵ میرانی کوردستان بەتەبایی دەژیان، حەزیان نەدەکرد لەخۆیانی بورووژێنن، تەنانەت شتێکی نەیدەهێشت کوردستانێکی یەکپارچە لەژێر ناوەندێکی دەسەڵاتداری کوردا دروست ببێت، فەرهەنگی دواکەوتوو بەرچاوتەنگانەی نیزامی خێڵەکی کوردەکان بوو، بەتوندی پێشی بەم مەسەلەیە گرتبوو، سروشتی کوردستانیش یارمەتیدەری ڕژێمە خێڵەکییەکە بوو، یەکە جوگرافییەکان پارێزەر و پاڵپشتیان بوون، ڕێگایان بەخێڵەکان نەدەدا هزر و بیریان لەچوارچێوەی ژیانی بەرتەسکی دەوروبەری خۆیان بەولاتر بڕبکات، ئەمەش دیاردەیەکی تەمەندرێژ بوو، لەبەستنی مێژووی تایبەتی پێنج سەدەی دوایشدا، پێشی بەهەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی ئابووری کۆمەڵایەتی کوردەکان گرتبوو، لەهەق نەگوزەرێن، میرانی کورد بەو حاڵەش جاروبار بۆ پاراستنی بوونی خۆیان لەسەر دوو تەنافی عوسمانی

١. حەسەن مەحمود حەمەکەریم، مەلائیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨، www.tishk books. com پرۆژە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت. ل ٥٣-٥٤.

و ئێرانی زۆرباش یارییان دەکرد، لەپێناو پاراستنی ئەو بوونەشدا مەسەلەی ئاینیان بەلاوە گرنگ بووە، لەنێوان دوو هێزی گەورەی، وەکو عوسمانی و سەفەویدا، باش لەنگەری خۆیان ڕادەگرت.

کورد سیاسەتێکی توندوتۆڵ و بڕیارێکی جەماوەری دڵسۆز بۆ بەرژەوەندی کورد و خاکی کوردستانی نەبوو، بڕیارەکە هەمیشە تەسك و شەخسی بووە، چۆن میرەکە خۆی ئارەزووی کردووە، نەك بەرژەوەندی گەل و خاك چۆنی ویستووە، هەرگیز سەرکردەی گەورەو مەزن خاوەن بڕیاری ژیرانەیان نەبووە، شائیسماعیلی سەفەویش بناغەی دووژمنایەتی بەرامبەر میرە کوردەکان داڕشتووە، میرە کوردەکانی برادۆست و موکری و ئەردەڵان هەر بەڕواڵەت لەژێر دەسەڵاتی سەفەویدا مابوونەوە، تا زەمانی شاعەباسیش نەهاتبوونە ژێر حوکمی سەفەوییەوە، زوڵم و زۆرداری شایانی سەفەوی لەسەر کوردەکان لەزۆر بارەوە جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە،[١] تا سەردەمی لەناوبردنی میرنشینەکوردەکان، دواتر بۆ پیادەکردنی ئیدارەدانی وڵات، دۆخەکە لەسەر ئاغا و سەرۆك خێڵەکان چڕتر کرایەوە.

## هۆز و دابەش بوونی ناوچەکان

خێڵە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسین، بەگشتی بەمەڵبەندێکەوە بەستراونەتەوە، لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریش پێکدەهێنن و لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك و خزمایەتی ڕاستەقینە، یاخود هەڵبەستراو هەڵچوون و شیرازەیەکی نێوخۆیی دیاریکراویان هەیە. خێڵ لەچەند کەرتێکی گچکەتر پێکدێت و ئەوانیش لەچەند یەکەیەکی گچکەتری، وەك تیرە و تایەفە ...هتد پێکدەهێنن.

١. حەسەن مەحمود حەمەکەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٥٨-٥٩.

بەتێڕوانینی درەختی ڕەچەڵەك لەژێردا بۆ سەردا، ڕۆڵ و پلەی خزمایەتی ئاشکرادەبێت. لەژێری ژێرەوە خێزان دێت، چەند خێزانێك سەرۆکەکانیان لە بەرەبابێك کەوتونەوە، خۆیان بەنزیك و کەسی یەکدی و لە خێزانەکانی دی جوداواز دەزانن. لەلایەن کۆمەڵناسانەوە بەبنەماڵە نێودەبرێن. هەڵبەت بنەماڵەکان لەڕووی قوڵی بنەچەیانەوە جیاوازن. ئەمە بەوەوە پەیوەستە ئاخۆ دەتوانن چەند پشتی هاوبەشیان دەستنیشان بکەن.

کوردەکان تۆرەمەی خۆیان، وەکو ئامۆزا و پورزاو خاڵۆزا بترازێت. ئیدی لەپلەو جۆری خزمایەتییەکە قوڵنابنەوە. لەنێو بنەماڵەدا پەیوەندییە سیاسییەکە لە خزمایەتییە ڕاستەقینەکە لەپێشترە. هۆز نێوێکی پێکرایی و سیاسەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتوویان هەیە. زۆر خانەوادە هەن، بەهەر هۆیەك بێت خەڵکێکی زۆریان پێوە نیشتۆتەوە و گشتیان خۆیان بەبەشی یەك بنەماڵە دەزانن و لەکاتی پێویستیدا بە تێکرایی ڕەفتاردەکەن.[1] بەپێی داب و نەریتی هۆز هەڵسوکەوت دەکەن.

(**Leach**) دەڵێت: عەشیرەت دەستەیەکی سیاسییە و تایەفە و تیرە دەستە و تاقمی خزمی یەکدین، هەر عەشیرەتە لە تایەفەیەك یان زیاتر پێکدێت، تایەفەش لە چەند تیرەیەك. زۆرجار تیرەو تایەفە بۆیەك مەبەست بەکاردەهێنرین. چەند کۆمەڵەیەکی بەیەکەوە بۆ پاراستنی ئەندامانی لە دەستدرێژی دەرەکی و بۆ پارێزگاری داب و نەریتی میللی پێکهاتووە.[2]

کورد بەتێکڕا ڕەوشت و ئاکاریان جوان و بەرزە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان دەربارەی ئاکاری کورد لەمەڕ ئازایی، سوارچاکی، ڕێز، وەفا و میواندۆستی

---

١. مارتین ڤان رونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٩١.

٢. مارتین ڤان رونەسن، هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.

ڕێز لە ئاکاری کورد دەگرن، شەرەفخانی بدلیسی دەربارەی ئاکاری کورد دەڵێت: کوردەکان ئەگەر ئاکارێکی ناپەسندیان هەبێت، هەر ئەوەندە کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمێنێت و بۆ یەکتر نایەنە بەرکەمەند و هەروەك تاکە تاکە هەر کەسە بیر لە سەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بەتێکڕایی بیر لە سەربڵندی تێکڕایی ناکەن و پشتی یەکترناگرن و نابنەیەك.

دەربارەی ئەم ئاکارە نالەبارەیانەوە مامۆستای زانا: (مەلا سعدالدین) فێرکاری سوڵتان مرادخانی خوالێخۆشبوو بووە، لەناو مێژووە تورکییەکەیدا، کە بۆ عوسمانیانی داناوە، لەمەڕ کوردیشەوە دواوە و دەڵێت: هەموو کوردێك بۆ خۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و زۆرداری بەرزکردۆتەوە و لەناو ئەو شاخ و کێوانەدا بەسەربەستی دەژی، ئەگەر سەرنج بدەینە باری یەکدیگیری و هاوبیری و هاوکاریانەوە، تەنیا لەشادە و ئیمان هێناندا نەبێت، لەهیچ شتیتردا یەکناگرنەوە.[1] ئەوە ماکە و کوشندەیە و سامناکە و بەناخی کوردا چۆتەخوارەوە، لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئابووری ئەوسای کورد لەسەر بەرژەوەندی خێڵەکی و دەرەبەگی و ئارەزووی میر دروست بووە، نەك لەسەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد، لەسەدایەکی کاری میرەکان ئەوەی تێدانەبووە، کەس ئیشی بۆ کورد کردبێت، بەڵکو هەر لە سنوور و دەسەڵاتی خۆیاندا بوون، زیاتر مانەوەی خۆیان و خێڵەکەیان لامەبەست بووە، ئەگینا هەر هەموو میرەکوردەکان دەرەبەگی تەماعکار بوون، خەڵکی پاڵە و سەپان و پاسەوانی موڵکی ئەوان بوون.[2] کەچی ئەوان هەر لەناو ئەو بازنەیەدا دەخولانەوە.

---

١. شەرەفخانی بدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

٢. حەسەن مەحمود حەمەکەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

## عوسمانییەکان لە کوردستان

وەك ئاماژەمان بۆ کرد لە ڕۆژگاری پێشیندا، زۆربەی کات کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردەکاندا بەڕێوەدەبرا، زۆر میرنشین و بنەماڵەی کورد لە کوردستاندا بەشێوەیەکی سەربەخۆ حوکمیان کردووە و لەکاروبارییاندا سەربەخۆ بوون، تا دەرکەوتنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، لەگەڵ دەستپێکردنی ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی سوننی- سەفەوی شیعی، لەسەرەتای سەدەی شازدەیەمەوە، بەتایبەتی پاش شەڕی چاڵدیران، لە ساڵی **١٥١٤**ز کوردستان لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتە دابەشکرا، یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم شەڕە بریتی بوو لە بەرکەوتنی بەشی هەرە گەورەی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، وەك زانراویشە دەوڵەتی عوسمانی پاش شەڕی چاڵدیران دانی نا بەڕەوابوونی دەسەڵاتی میرەکوردەکان لە میرنشینە بۆ ماوەییەکانیاندا.[١] هەروەها دەوڵەتی سەفەوی دەسەڵاتی بەسەر بەشی کوردستانی ئێراندا مایەوە و لەو کاتەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فارسدا لەقاڵبدرا.

لەسەدەی شازدەدا سوڵتان سلێمانی قانوونی، کە بەغدا و باشووری کوردستانی داگیرکرد، ئیتر باشووری کوردستانی کردە یەك یەکەی ئیداری سەربەخۆ بەناوی ویلایەتی شارەزوور.

بەڵگەی هەرە کۆن، کە سنوور دیاری دەکات، پەیمانێکە لە خەباتی سەرکەوتووانەی لەشکری سوڵتان موڕادی چوارەم، دژی شا سەیفەدینی یەکەم لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا پەیمانێکی سەرەکی بەسترا، لەساڵی **١٦٣٩**دا لە زەهاو ئیمزا کرا،[٢] بەپێی ڕێکەوتنامەی زەهاو (زەهاب) هەردوو دەوڵەت

---

١. دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤.

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل ١٦٤.

لایەکیان لە کێشە سنوورییەکانیان کردەوە و دانیان بەیەکتر داناو لەو کاتەوە شێوەیەکی فەرمی بەدابەشکردنەکە بەخشی، تائێستاش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە هەندێك وایدەبینن ئەم مێژووە بەسەرەتای دابەشکردنی کوردستان دابنرێت. ئەم دابەشکردنە هێندە زاڵمانەبوو بەدرێژایی سنوور، میرنشین و هۆز و تەنانەت بنەماڵەشی لەتکرد و هەر لایەی بەر دەوڵەتێك کەوتن.

لەو ڕۆژەوە هەردوو دەوڵەتی تورك و فارس سیاسەتی خوێناوی و سەرکوتکەرانەیان گرتۆتەبەر، بەمەبەستی ملپێکەچکردنی گەلی کورد و هەڵسوڕاندنی لەبەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، جێی سەرنجە وێڕای دڕی و سیاسەتی توندوتیژی ئەو حکومەتانە، گەلی کورد ئەوەندەی بۆی کرابێت و دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبێت، بەرپەرچی داونەتەوە و بەرگری کردووە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی وڵاتی خۆی بپارێزێت.[١] بەهۆی ستەم و زوڵمی عوسمانی و سەفەوی هەمیشە کورد بەرگری و زۆرجاریش یاخی بوونی هەڵبژاردووە و هیچ گوێی بەقسەی دوژمنەکانی نەداوە، ئەوەتا (ڕیچ) لە گەشتنامەکەیدا لە گفتۆگۆ سەبارەت بە باری سیاسی کوردستان، لەوە تێگەیشتووە: کورد هیچ گوێ بە فەرمان و دەسەڵاتی سوڵتان نادەن، لایانوایە هۆی سەرەکی کاول بوونی ئەم وڵاتە، نەبوونی ئاسایشە لە هەموو ناوچەکەدا، چونکە وڵاتەکە لەبارێکی زۆر ناهەمواردایە، هەستی خۆشیان ناشارنەوە چەند ڕقیان لە تورکەکان بوو، چونکە ئەمانە هەر خەریکی فڕوفێڵ و تەڵەکەبازین، هەرگیز متمانەیان پێ ناکرێت، هەتا چاوترسێنیان نەکەیت، یان بەتوندی لەگەڵیاندا نەجوڵێیتەوە لەخۆیانەوە چاك نابن.[٢]

١. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی (سیما)، سلێمانی،٢٠١١، ل٢٢.

٢. کلۆدیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان- ١٨٢٠ز، چاپی یەکەم ئێران –تەوریز- ١٩٩٣ز ل١٤٤-١١٤.

هەروەها گەشتیارێك تێبینی ئەوەی کردووە: دانیشتوانی کورد هیچ بایەخێك بە فەرمانەکانی سوڵتان نادەن و بەشێوەیەکی گشتی ڕقیان لە دەوڵەتی عوسمانییە،[١] (فلیدریك میلنجن): لەبارەی میرنشینەکانەوە دەڵێت: خواست و هیوا نەتەوایەتییەکانی کورد لەماوەی ئەو سەدەیەدا (سەدەی نۆزدە)، پاڵی پێوەنان سێ جار دەسەڵاتی سوڵتان لەسەر خۆیان لاببەن و سەربەخۆیی بەدەست بێنن. سەرەڕای دابەشکردنی کوردستان لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا، بەڵام نەیانتوانی سەروەری ڕەهایان بەسەردا بسەپێنن، بەڵکو سەروەری ڕاستەقینە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، هەر هی میرنشینە کوردییەکان بوو، پابەندبوونی میرنشینە کوردییەکان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە هەر بەناوبوو،[٢] بەڵام سیاسەتی تورك لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا دژی کەمینەکان و ئەوانی تربوو، ئەمەش بووە هۆی درووستبوونی کاردانەوەی پێچەوانەی ئەم سیاسەتە.

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی قۆستنەوەی هەستی نەتەوەکانی کورد و ئاسووری و ئەرمەنی و نەتەوەکانی دیکەی دەدا، بە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی نێوانیان و دروستکردن و چاندنی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە)، تابتوانن لە ڕێگای ئەم سیاسەتە نەگریسەوە مەرامەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، لە سادەیی خەڵك و فڕوفێڵی تورك ئەم سیاسەتە بەرهەمی چاکی بۆیان هەبوو، بەدروستکردنی چەندین کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی لەنێوان سەرۆك و میرنشین و عەشیرەتەکان، بەمەبەستی هێنانە ژێر ڕکێفی بیروڕای عوسمانی و تورکچێتی و دەمارگیری نەتەوەیی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان، دووربێت لە ڕاستی و هەستی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و ئەوان چی پێڕابسپێرن ئەوە جێبەجێبکات، بەهۆی نەزانی و نەخوێندەواری هەندێك لە

١. دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

٢. دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەمان سەرچاوە، ل ٤١ – ٤٢.

سەرۆك عەشیرەتەکان، ئەمە بووە هۆی چەندین کێشە و ئاژاوە لەناو میرنشین و عەشیرەتە کوردییەکاندا.[١] لەکاتێکدا کوردەکان ئەو ڕاستیانەشیان زانیوە، بەڵام نەیانتوانیوە بەسەریدا زاڵبن.

ئەوەتا لە میرنشینی بابان یەکێك لەدانیشتوان لە گفتوگۆی لەگەڵ (ڕیچ)دا دەڵێت: ڕکابەری نێوان میرەکانمان، خۆیان خۆیان لەناودەبات، چونکە نەتورك و نەئێرانی ناتوانن بەسەرماندا زاڵبن، ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان بنەماڵەکانی سەرۆکەکانمان نەقۆزنەوە، ئێمە ئەمە باش دەزانین، کەچی سەرەڕای ئەمەش تورکەکان هەمیشە بەم فێڵەنا، بەیەکێکی تر دەتوانن بەسەرماندا زاڵبن، بەڕاستیش ئێمەی کورد درەنگ تێدەگەین.[٢] هەر کاریگەری ئەم سیاسەتەش بووە هۆی سەدان کێشە، شەڕ، ئاژاوە، کوشتن، تالانی و سوتاندن، لەنێوان خێڵە کوردەکاندا لەگەڵ یەکتر ئەنجامیاندا، تا وردە وردە ئەوەندە لاوازبوون، دەوڵەتی عوسمانی توانی تەماعی ئەوەیان لێخۆش بکات لەناویان بەرێت.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا، دووەمین قۆناغی پیادەکردنی سیاسەتی ناوەندی لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨- ١٨٣٩ز) دەستی پێکرد، بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمی خۆماڵی میرنشینە کوردەکان، پشێوی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە پاساوی چاکسازی لەناو ئیمپڕاتۆری لاوازدا گرتەبەر، بۆ نەهێشتنی دەسەلاتی سەربەخۆیی میرنشینە کوردەکان، سوڵتان مەحمود توانی مەبەستە سیاسییەکانی بێنێتەدی، هەندێك لە میرنشینە کوردەکان بڕوخێنێت.

---

١. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشووو ل ١٢٦.

٢. کلۆدیوس جیمس ریچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

سەرەڕای ئەم سیاسەتە سەرکوتکەرانەیە هەندێك لە میرشینە ڕەواکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەخۆڕاگری لەبەردەم دەوڵەتی عوسمانی مانەوە، بەڵام دواتر دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی **١٨٤٢** دەستی دایە نەخشەیەك بۆ لەناوبردنی میرنشینەکان و یەکبەیەك میرنشینەکانی لەناوبرد و دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا سەپاند.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمەوە کوردستان بووە، شانۆی ململانییێی هێزە نێودەوڵەتیەکان، چونکە ڕووس، ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا و ئەوانی تریش، هەریەکەیان مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوو،[1] بەڵام دەوڵەتی عوسمانی بەتوندی بەردەوام بوو، لە سەرکوتکردنی میرنشینەکان، سەپاندنی ناوی عوسمانی بەسەر هەموو دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی، داننەنان بوو، بە ئازادی تاك و دانانی ئیسلام بەئاینی دەوڵەت و دەوڵەتیش چاودێر و پارێزگاری هەموو ئاینەکانە و دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەهاتنە سەر تەختی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦- ١٩٠٨ز) کە خەلیفەیەکی زۆردار و ستەمکاربوو، دژی هەموو جۆرە سەربەخۆیی و ئازادییەك بوو، سەروەت و سامانی وڵاتی بەفیڕۆدەدا و دەیدا بەدەستوپێوەندەکانی لەپێناوی پاراستنی کورسی و دەسەڵاتەکەیدا، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان یارییان بە پاشەڕۆژی وڵات و نەتەوەکانی دیکەش دەکرد.[2]

لەسایەی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە وڵات یەکپارچە بووە ئاژاوە و سەرگەردانی و ماڵوێرانی، توانای بەرگری و بەڕێوەبردنی نەمابوو، هەربۆیە بە(پیاوە نەخۆشەکە) ناودەبرا، کاربەدەستانی تورکیش بەئارەزووی خۆیان خەڵکیان دەچەوساندەوە و بێ هیچ بنەمایەك باج و سەرانەیان لە هاووڵاتیان دەستاند و سەدان زوڵم و ستەمیان لێدەکردن، تا وای لێهات خەڵك لەگیانی

١. دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.

خۆشی بێزاربوو. سیاسەتی نەگریس و چەپەڵی ئاژاوەنانەوەی تورکان سنووری بیتوێن و پشدەریشی گرتبووەوە، کێشە و ئاژاوەیان لەناو هەموو عەشیرەتەکاندا دروستدەکرد.

## عەشیرەتی میراودەلیی

مەڵبەندی نیشەنجێبوونی عەشیرەتی میراودەلیی پشدەر و مەرگە و شارباژێڕ و بەشێك لەسنووری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران) بوو، سەرەڕای ئەوەش کاریگەرییان بەسەر دەور و بەریانەوە هەبوو، بەتایبەت ئەم بابەتەی لەبەر دەست دایە، لەبەرئەوە پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی ئەم عەشیرەتە بدەینەوە.

سەرەڕای ئەوانەی ئەمڕۆ بە بنەماڵەی بابان ناسراون، زۆر بنەماڵە و عەشرەت و تیرەی ناودار و خانەدانی کوردستان، بەپشتبەستن بەهەندێك لە سەرچاوە و سەربوردەکان، ڕەچەڵەکیان بۆ بنەماڵەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە دەگەڕێتەوە، یان لەگەڵ بنەماڵەی فەقێ ئەحمەد لەیەك بنەماڵەن، لەلای مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئەوە ساغ بۆتەوە، بنەماڵەی میرانی موکری و فەیزوڵڵابەگییەکانی سەقز، لەگەڵ بابانەکانی پشدەر و مەرگە و سلێمانی و شارەزوور لەیەك بنەماڵەن، ڕیشەی عەشیرەتی میراودەلی دەگەڕێتەوە بۆ فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، کە یەکێك بووە لە کەسایەتیەکانی ناوچەی پشدەر.[1]

عەشیرەتی میراودەلی بەناوی باپیرەگەورەیان (میراودەل) ناویان دەرکردووە، میراودەلییش کوڕی میربداغ کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە، میراودەل

١. مۆفەق میراودەلی، عەشیرەتی میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٢.

چوار کوڕی هەبووە، عەشیرەتی میراودەلی بەسەر دوانزە تایەفەدا دابەش بووە، زۆربەیان دەچنەوەسەر حەمەدئاغای گەورە کوڕی گەورەی میراودەل، بەگوێرەی ئەو نووسراوەی لەسەر کێلی گۆڕی حەمەد ئاغا هەیە، لەنێوان سالانی (١٧٥٠- ١٨١٠ز) ژیاوە،[١] عەشیرەتی میراودەڵی هەندێك جار بە پشدەریش ناو براوە.

(مێجەر سۆن) دەڵێت: خێڵێکی بچوکن و لەچیاکانی سەروو سەردەشتدا لەناوچەی تورکیادا دەژین، بەرەگەز دەڵێن موکرین، بۆ دەشتەکانی مەرگە و ئاوی بانە لە خاکی ئێراندا دادەبەزن، بەرێکخستن و دەسەلاتی توند ناودارن، هەروەها دووری ولاتەکەیان، لەهەموو سزایەك لەلایەن دراوسێ بەهێزەکانیانەوە، ئازادی کردوون و پاراستوونی.[٢]

لەڕاستیدا عەشیرەتی میراودەلی لەبانی پشدەر، لای ڕاستی زێی گچکە، لەدەربەندەوە تا قەلادزێ، چیای (باژار)، دەڤەری ماوەت، شینکایەتی، بەرچۆمی ماوەت جێگیرن، عەشیرەتەکە بەسەر زیاتر لە ١٥٠ گونددا لەناوچەی سلێمانی، چوارتا، قەلادزێ، دابەش بووە، تەنانەت قەزا و ناحیەکانی: ماوەت، مەرگە، قەلادزێ، شارباژێریان بەهەموو دیهاتەکانەوە لەبەر دەست دایە، ئەم سێ ناحیە و پشدەر سونی مەزهەبن، بەو پێیە بێت دەتوانین بلێین زۆربەی عەشیرەتی میراودەلی لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێن.[٣] هەڵبەت لەبەشێك لەو شوێنانەی ئاماژەی بۆ کراوە، هەمووی زەویوزاری میراودەلی نین، هەندێك بنەماڵە و عەشیرەتی تر، خاوەن زەویوزارن و لەو ناوچانە نیشتەجێن.

---

١. مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٢. ئی. بی. سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، وەرگێڕانی: مینە (محەمەد ئەمین حسین)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٨٥.

٣. مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

دەربارەی ئەوان (ئەدمۆندس) دەڵێت: ڕیزەکانی ڕێکخستنی عەشیرەتی لەناوچەکە گرنگە و دەکرێ ئاماژەیەکی بۆ بکەین، کە ناوچەکە: لە ڕۆژئاواوە سەیری بکەیت عەشیرەتی نورەدینی یە و حاکمەکەی میراودەلیین، کۆمەڵی بڵباسەکان بریتین لە پێنج عەشیرەتی مەنگوڕ، مامەش، پیران، سن و ڕەمك، هەروەها عەشیرەتی ئاکۆ لە قەزای ڕانیە و لە پشدەریش لەبناری قەندیل و بەری ڕۆژئاوای ڕووباری گاڕفێن نیشتەجێن و لە چەند لق و تیرە و بنەماڵە پێکهاتوون، ....هتد، وەك لە بەڵگەنامەیەکی عوسیمانیدا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم سنوورە شوێنی عەشیرەتە جۆر بە جۆرەکانە.

هەروەها (ئەدموندس) دەڵێت: ئاغاکانی میراودەلی تاڕادەیەك توانیویانە هێز و دەسەڵات و ئابڕووی خۆیان لەناو عەشیرەتەکەیاندا بپارێزن، ئەوان بەتەواوی لە زیادبوون دان، ساڵانی بەر لە ١٩١٨، ساڵانی خێرا هەڵدان و گەشەکردنی ئەو بنەماڵەیە بوو، لەو ساڵانەدا کەوانەیی گوندەکانی ژێر دەستیان فراوان کردووە.

هەروەك لە تۆرەمەناوی ئەم بنەماڵەیەدا دەبینرێ، بابەکری سەلیم ئاغا سەرەڕای ئاکارە پەسندەکانی، ئەندامی باڵای ئەو زنجیرە و سەرۆکی سروشتی عەشیرەتی پشدەریش بووە، هەموو کەس ئەوی بەم جۆرە ناسیوە، بەڵام چونکە بابی بابەکر لەسەرەتای لاوێتیدا مردووە، مەحمودی برای بابەکر بۆ ماوەیەکی کورت سەرۆکایەتی عەشیرەتەکەی لە ئەستۆ بووە، هەباس کوڕە چکۆڵەکەی مەحمود هەرگیز ئەو مەسەلەی لەبیر نەدەکرد و بۆ وەلانانی بابەکر پیلانی دەگێڕا و فڕوفێڵی بابەکریش بۆ پاراستنی هەلومەرجی خۆی و کۆمەڵە و ڕێك کەوتن و سازان لەو ڕێگایەوە دەکران.[١]

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧، ٢٦٩.

حسین حوزنی موکریانی دەڵێت: عەشیرەتی پشدەر عەشیرەتێکی زۆر بەهێز و تێگەیشتوو دەوڵەمەند، پڕ چەك، ئازا، ڕێك و یەکدڵن. لەبەرامبەر دوژمن هەموویان دەبن بەیەك، کەنەیارێك لەنێواندا هەبێت، هەموو بەیەك دەست و یەك زمان و یەك قسە و یەك وجودی پێشیدەگرن. ئەو یەکێتیە سەرفرازی کردوون.[١]

(کاپتن لاین) لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: دوای کۆتایی هاتنی جەنگ و زاڵ بوونی ئینگلیز بەسەر باشووری کوردستان و تەواوی پارێزگای سلێمانی، دوا ناوچە لەژێر دەسەڵاتی خێڵێکدا بوو لە مەڵبەندی پشدەر (میراودەلیی) بوو، ئەم عەشیرەتە بەهەردوو لای سنووری ئێراندا بڵاوببوونەوە و سەرۆکەکانیان بەتەواوی گوێیان بەهیچ نەدەدا، دژی هەر هەوڵێك بوون چ لەلایەن ئێرانەوە یان حکومەتی عێراقەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا بدرێت، تەنیا ساڵێك پێشتر ئەوان نزیکەی شەست سەربازی ئێرانیان دیل کردبوو، ناردنیان بۆ سلێمانی و لەوێشەوە وەك پێویست لەڕێگای خانەقینەوە بۆ کرماشان نێردرانەوە.

کاپتن لاین لە بیرەوەرییەکانیدا دەربارەی ئەو کاتەی ئەفسەری سیاسی بووە لە سلێمانی دەڵێت: دوای ئەوەی شێخ مەحمود بڕیاریدا دابنیشێ و دژی بڕیارەکانی حکومەت نەوەستێت، ئیتر لەسەر ڕێگاکەمان نەما، لەو بڕوایەدا بووم گونجاوترین دەرفەتە هەنگاوێك بنرێت، نیشانی پشدەرییەکان بدرێت دان بەدەسەڵاتی حکومەتدابنێن، ئاسانترین ڕێگاش داواکردنی مەڕانەبوو، لەو بارەیەشەوە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی بەغدام کردەوە و بەپێی پلانێك دەستم پێکرد، نزیکەی دوای مانگێك کۆپی ڕاپۆرتی سیاسیم خوێندەوە، کەلە ئۆفیسی کۆمیسێری باڵاوە بۆ ئۆفیسی کۆلۆنیالی، حکومەت و فەرماندەی گشتی سەربازی لە هیند، هەروەها ئاژانسە جۆربەجۆرەکانی کەنداوی فارس نێردرا

١. مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

بوو، چاوم بەچەند دێڕێك کەوت تێیدا ڕەخنە لە ئەفسەری سیاسی سلێمانی گیرابوو، بەوەی سەرەڕۆیانە پێشنیاری باج کۆکردنەوەی لە عەشیرەتی پشدەر کردووە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیانەی تووشی سوپای تازە دامەزرێنراو و بێ ئەزموونی عیراق دەبن، ئەگەر لەگەڵ عەشیرەتێکی بەهێز و بە خۆەنازی وەك پشدەر تێوەگلێن. ئەوە توڕەی کردم و دەستبەجێ داوای مۆڵەتم خواست، تا بەمەبەستی چاوپێکەوتن بچمە بەغدا، لەوێ لەلایەن (مێجەر بی. ئێچ. بۆردیلۆن)ی ڕاوێژکارەوە پێشوازی کرام، و گوێی لە گازندە و بێزاریەکانم گرت، ڕوونم کردەوە من دەسەڵاتدارانم لەو مەسەلەیە ئاگادارکردۆتەوە، چ کۆمیسێری باڵا و چ حکومەتی عیراقیش، ئەوانە هیچیان نەیان گوتوە بوەستم و چاوەڕێ بکەم، پێشنیازەکەی منیش لەسەر بنەمای (سیاسەتی پێشکەوتن) بووە، ئەو ڕەخنەیەی لێم گیراوە هیچ پاساوێکی نییە و وەك ئەفسەرێکی سوپای هیند ناو و شۆرەتم دەزڕێنێت، وێڕای ئەوانەش باجەکە تەواو کۆکراوەتەوە و لەخەزێنەی سلێمانیە، بێ ئەوەی لەشکر لەو مەسەلەیەدا بەشدارییەکی بووبێت، لەبەرئەوە من داوای پۆزش هێنانەوە دەکەم، ئەو گوتی: هاوسۆزە لەگەڵمدا، بەڵام ئەستەمە چاوەڕێی ئەوە بکرێت، کۆمیسێری باڵا پۆزس بێنێتەوە و داوای لێبوردن بکات، چونکە نوێنەری پاشاکەمانە، ئەو گوتی: بۆ خۆی مەسەلەکە بۆ کۆمیسێری باڵا ڕوون دەکاتەوە، من بڕۆم بەپای کاری خۆمەوە، گوتیشی دڵ لە دڵ نەدەم هەوڵ دەدات لە ڕاپۆرتی داهاتوودا بەشێکی وای تێدابێت، باس لەوە بکات وەك پێویست باج کۆکراوەتەوە بێ ئەوەی هیچ گرفتێك ڕووبدات.[١]

١. کاپتن لاین، کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەریەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، وەرگێرانی: دکتۆر یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٠٩- ٢١٠.

میراودەلییەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لەناو سنووری فەرمانڕەوایی بابان دابوون، تاکو ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١، دواتر قەوارەیەکی سەربەخۆیان وەرگرتووە.

عەشیرەتی میراودەلی لەگەڵ دەرکەوتنی حەمەد ئاغای گەورە، وەکو کەسێکی دیاری عەشیرەتەکە، میراودەلییەکان دەیانەوێت بەپشتبەستن بە عەشیرەتەکانی دیکە سەربەخۆیی و حوکمداری ناوچەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، لەو کاتەدا مەسەلەی فراوانکردنی پانتایی جوگرافی لەلایەن عەشیرەتە کوردەکان لەبرەو دابوو، لەو ڕوانگەیەوە عەشیرەتی ناوداری مەنگوڕ[1] چەندانجار بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی کەوشەن و جوگرافی عەشیرەتی میراودەلی لە هەوڵدابوون، هەروەکو پێشتر میراودەلییەکان ئەمەیان لەگەڵ (سەکر)ەکان کرد.

لەساڵی ١٨٦١- ١٨٦٢ شەڕ لەنێوان مەنگوڕ و میراودەلی لە خڕێ "ئاتکان" ڕوویداوە و مەنگوڕ لەئێرانەوە هاتوونە سەر پشدەر و لە ئەنجامدا شەڕێکی قورس ڕوویداوە، سەد کەسی میراودەلی تێدا کوژراوە، میراودەلییەکان شکاون و بەرەو ناوچەی شینکایەتی سنووری ماوەت هەڵاتوون، هەمزاغا تاکو

---

١. عەشیرەتی مەنگوڕ: هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە لەسەر ئێلی بڵباس (مەنگوڕ) نەکراوە، هۆزی زۆر بەهێزی مەنگوڕ سنوورەکەی باشور و ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای سابلاغ دەگرێتەوە. بڕێك لە مێژوونووسەکان دەیانەوێت بیانگێڕنەوە سەر خانەوادەی کۆنی ئەرمەنیەکان "مانگوونەکان". بڵباسەکان هۆزیکی ئازا و جەسوورن، لەجێی خۆیان مل بۆ دەسەڵاتی کەس نادەن، ئیتر تورکیا بێت یان ئێران، ئەم ئێلە هەمیشە لەژێر ئازار و ئەشکەنجە و تاڵانی بەردەوام دابووە، بەدرێژایی ڕۆژگار زۆر سەرۆکی ئازاو ناوداریان لێهەڵکەوتووە، یەکێك لەوانە هەمزاغای ناودار هاوپەیمانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوو لە ڕاپەڕینەکەی ١٨٨٠ سوپاسالاری ناوچەی ورمێ و مەنگوڕ بوو، دوای شکستی ڕاپەڕینەکە کشایەوە چیاکانی قەندیل و لە پشدەر و بیتوێن نیشتەجێ بوو، دواتر هەمزاغا بە پیلانی ئێران کوژرا، دکتۆر جەوادی قازی دەڵێت: پێش ٧٠ ساڵێك مەنگوڕەکان یەك هۆز بوون و یەك سەرۆك هۆز (کادەروێش) سەرکردایەتی دەکردن، ئەویش باپیراغای مەنگوڕ بوو، (٢١) کوڕی هەبوو، لەسەر دەمی ژیانی خۆیدا گوندەکانی بەسەر کوڕەکانی دابەشکردن، ساڵی (١٩١٠)ە مەنگوڕ بەسەر ٢١ تیرەدا دابەشکراوە. ئێستا لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان نیشتەجێن. سەرچاوە: گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥. هەروەها بڕوانە: حەمەی حەمە باقی، ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لەبەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤- ١٨٨١، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣.

دێی زەروون دوایان کەوتووە، ئەم شەڕە خێڵەکییانە لە ڕۆژگاری دواتردا بەردەوام بوون،[١] ئەمەش هەمووی بە دەسیسە و پیلانی عوسمانییەکان بوو، بەبێ ویستی خۆیان عەشیرەتەکان ئەم کارە دەکەن، یاخود وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا زانیویانە و نەیانتوانیوە خۆیانی لێ دەربازبکەن. تا وای لێهات بەهۆی شەڕوشۆڕی بەردەوامی عەشیرەتی میراودەلییەکان لەگەڵ حکومەت و عەشیرەتەکانی تر، بەردەوام بووتا بارودۆخی پشدەر کەوتە شلۆقی و ناڕێکی ئەو خۆشەویستییەی لەناو خەڵکیدا هەبوو دایە کزی و جیاوازی و دوو بەرەکی هاتە جێگای یەکێتی و برایەتی.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە، بابەکری سەلیم ئاغا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەسەڵاتی پێدرابوو، سەرۆکایەتی پشدەری بۆخۆی کردبوو بە میرات، لە بەرامبەر ئەویشدا هەباس مەحمود ئاغا بە یارمەتی و پشتیوانی چەند تایەفەی میراودەلی خۆیکردبوو بە سەرۆك، هەردووکیان کەوتبوونە بەربەرەکانی یەکتر و هەمیشە تۆوی دووبەرەکیان دەچاند، لەناو هەموو خەڵکی پشدەر و ناوچەکەدا بۆ مەبەستی شەخسی خۆیان، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە هەردووکیان بەیەکەوە هەوڵیاندەدا (ئەنجومەنی ماقولان)، کەلە کۆنەوە بڕیارەکان بەکۆمەڵ لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە دەدران، لە کار بکەوێت و خۆیان ببن بە دەسەڵاتدار و هەمەکارەی ناوچەی پشدەر، ئەم دوو کەسانە بە پارە و یارمەتی حکومەتی عیراق توانیان هەموو تایەفەکانی تر بکەنە پشتیوانی خۆیان و سەرکردایەتی پشدەر بۆ خۆیان بچەسپێنن. کاتێک حکومەتی بەریتانیا هاتە ناو خاکی عیراق و داگیری کرد سوپایەکی گەورەشی هێنایە ناوچەکانی ڕانیە و پشدەر لە خوار دەربەند لەنێوان ڕانیە و قەڵادزێ

---

١. مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.

ئۆردوگای دانا، بابەکری سەلیم ئاغایان کردە حکومداری گشتی ئەو ناوچەیە و لەلایەن ئینگلیزەکانەوە زۆر ڕێزی لێ دەگیرا و موچەی تایبەتی خۆی شەو و ڕۆژ ٢٤ لیرەی هەبوو، ژمارەی ٧٠٠ سواریش لە خزم و کەسوکاری خۆی بۆ کراوەتە موچەخۆر، هەریەکەیان ٨٠٠ ڕووپیەی هەبووە، دەستەڵاتی بابەکراغا لەم ناوچەیە زۆر بووە، هەرچی داوای کردبایە ئینگلیزەکان بۆیان دەکرد، بەڵام بە داخەوە ناوبراو هیچ بیری لە سیاسەت و سوودی گشتی نەکردۆتەوە، تەنیا هەر خەریکی کۆکردنەوەی پارە و پوول بووە بۆ گیرفانی خۆی، هیچ دوورنیە ئەگەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ ئینگلیزدا هەیبوو بەکاری هێنابا، بۆ سوودی خۆی و بەرژەوەندی کورد ئەنجامێکی باشی دەبوو.

بەهەرحاڵ بابەکراغا نەیتوانی هەڵستێت بە بەڕێوبردنی ناوچەکەی خۆشی، واتە ناوچەی پشدەر و بەلای کەمیەوە پێی نەکراوە، خزمەکانی میراودەلییش لە خۆی ڕازی بکات، ئەوە بوو کۆمەڵێکی زۆر لە خزمانی پشدەر، هەستان لەدژی بابەکراغا، هەباسی محمود ئاغایان کردە سەرۆکی خۆیان و بڕیاریاندا بۆ مەبەستی تێکچوونی دۆخی بابەکراغا شەڕ لەگەڵ ئینگلیز بکەن، پێشەکی ویستیان یارمەتیدەر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی تورکیاکرد، بۆ ئەوە هیچ نەبێت چەك و فیشەکیان بداتێ، چونکە ئەو کاتەش حکومەتی تورکیا لە قەزای ڕەواندز هێزی سوپای مابوو، بەفەرمادەیی (ئۆزدەمیر)، نوێنەرێکی خۆیان بەناوی ئەحمەدی حەماغای بێ شیر نارده لای (ئۆزدەمیر)، فەرمانداری سوپای تورك لە ڕەواندز. توانای تورکیش ئەوەندە نەبووە، تەنیا چەند ڕەشاشێك و ١٠ تا ١٢ سندوق فیشەکیان پێداون، ئەوەبوو لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢ هەباس ئاغا بەخۆی و خزمانی پشدەر و بەهاوکاری غەفورخانی ئێندزە و خەڵکی تری ناوچەکە هێرشیان بردە

سەر سوپای ئینگلیز و پاش شەڕێکی خوێناوی توانیان ئەو سوپایە گەورەی ئینگلیز بشکێنن و بە زیانی زۆری ماڵی و گیانی ڕاوی بنێن و لەناوچەکە دووری بخەنەوە.[١] ئینگلیزەکانیان لە بیتوێن و پشدەر دەرکردووە، لە ساڵی **١٩٢٢** بە شەڕی (دەربەندی ڕانیە) ناسراوە، ئەمە بووە هۆی ناچارکردنی ئینگلیز بۆ هێنانەوەی شێخ مەحمود لە دەستبەسەری لەهیندەوە بۆ سلێمانی.

میراودەلییەکان لەو کێشە و ڕووداوانەی لەناوچەکە ڕوویان داوە، ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، یەك لەو ڕووداوانە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتی هاتنی بەرگریان بەرامبەر سوپای ڕووس کردووە، کەویستویەتی بێت سنووری پشدەر داگیربکات، هەروەها بەشێك لە عەشیرەتی میراودەلی هاوکاری شێخ مەحمود بوون لە شۆڕشەکەی، هەروەها لەساڵی **١٩٢٧** لەدژی (ڕەزاشا)ی ئیران ڕاپەڕیون، لەسەر زەویوزاری خۆیان، بەڵام ملیان نەداو بەرێکەوتن کێشەکە چارەسەرکراوە، ئەمانە وای کردووە نەتوانراوە وەك پێویست سیستەمی کارگێڕی پەیڕەو بکرێ و (تشکیلات)ی تێدا بکرێت.

## پایەی کارگێڕی بیتوێن و پشدەر

لە دوای نەمانی فەرمانڕەوایی میرنیشینەکان و دواتریش بەستنەوەی بەناوەندەوە، لەڕووی کاگێڕیشەوە ناوچەکە گۆڕانی بەسەرداهات، لەپاش جەنگی چاڵدیران و بەتایبەت لە ساڵی **١٥١٦** موسڵ کەوتە ژێردەسەڵاتی عوسمانییەکان، لەپاش ئەم دەستبەسەرداگرتنە، موسڵ بوو بە لیوا (سنجەق) ێکی عوسمانی، سەر بە ویلایەتی دیاربەکر، لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ساڵی (**١٥٣٩- ١٥٤٠**) سنووری ویلایەتی موسڵی ئەو کات بەم شێوەیە

١. عبدالله احمد رسول پشدەری، یادداشتەکانم، بەشی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریە للگباعە) بغداد ١٩٩٢، ل (١٦-١٧)، (٢٥-٢٦)

دیاریکراوە، ویلایەتی دیاربەکر لە باکوور، ویلایەتی شارەزوور لە ڕۆژهەڵات، ویلایەتی بەغدا لەباشوور و ویلایەتی (ریقە) لەڕۆژئاوا، لەلایەن پاشا لەبەغدادەوە بەڕێوەدەبرا، کە پێکهاتبوو، لە (٦ قەزا) و (١٧ ناحیە) و (١٧١٢ گوند)، دواتریش ویلایەتی شارەزوور خراوەتەسەر ویلایەتی موسڵ، ئیتر لەوە بەدوا ویلایەتی موسڵ هەموو باشووری کوردستانی دەگرتەوە.

بیتوێن و پشدەر دوو دەڤەری گرنگ و بایەخداری کوردستانی بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون، لەڕووی پێگەی کارگێڕییەوە سەر بە سنجەقی کەرکوك و سلێمانی بوون، دواتر هەردووکیان کەوتوونەتە سەر ویلایەتی موسڵ، بەهۆی هەندێك تایبەتمەندی سنوورەکە و دووری لە ناوەند هەمیشە دەسەڵات کەمتر توانیویەتی پێی ڕابگات.

مەدحەت پاشا بەیەکێك لەو والیانەی عوسمانی دادەنرێت، کە لەماوەی حوکمی خۆیدا لە عیراق (١٨٦٩- ١٨٧٢) کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە، لە دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری عیراق، کە ئەو کات بۆ هەردوو ناوچەی بەغدا و بەسرا دابەشکرابوو، ئەوە بوو لەو سەردەمەدا یەکەی ئیداری لەسەر شێوەی سنجەق (لیوا، قەزا و ناحیە) ڕێکخرا، کە ئەو شێوەیە تاکو ئێستاش کاری پێدەکرێت.

هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە، تاکو دەست پێێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان، عیراق لە هەر سێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و موسڵ پێکهاتبوو، ئەو کاتە ویلایەتی موسڵ لە سێ سنجەق و هەژدە قەزا پێکهاتبوو، هەر قەزایەکیش ژمارەیەك ناحیەی لەخۆ دەگرت.

لەدوای داڕشتنەوەی پەیکەری کارگێڕی ویلایەت، لە ساڵی ١٨٧٩ هەردوو سنجەقی کەرکوك و سلێمانی خرانە سەر ویلایەتی موسڵ، لە ئەنجامدا ویلایەتی

موسڵ بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ و پێکهاتە کاگێڕیەکەشی بەسەر هەرسێ سنجەقی موسڵ و کەرکوك و سلێمانیدا ڕێکخرا بە قەزاکانیانەوە بەم شێوەیە:

ویلایەتی موسڵ لە لیواکانی: موسڵ، کەرکوك، سلێمانی پێکهاتبوو.

لیوای موسڵ لەم قەزایانە پێکهاتبوو: ناوەند، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، سنجار.

لیوای کەرکوك لەم قەزایانە پێکهاتبوو: ناوەند، اربیل، ڕەواندز، صلاحیە (کفری)، کۆیسنجق، ڕانیە.

لیوای سلێمانی لەم قەزایانە پێکهاتبوو: ناوەند، گوڵعەنبەر، بازیان، شارباژێڕ، مەرگە، جاف.[1]

بۆ بەرچاوڕوونی و شارەزایی و بەسەرکردنەوەی زنجیرەی ساڵەکانی کارگێڕی پێویستە کەمێك بگەڕێینەوە ڕابردوو. لەسەردەمی میرنشینەکاندا ئەم دەڤەرە بەپێی باڵادەستیان لەنێوان میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان و سۆران هەرجارە و سەر بە میرنشینێك بووە، بەڵام دەکرێت لایەنی کارگێڕی قەزای ڕانیە و قەڵادزێ لەو کاتەوە ئاماژەی بۆ بکرێت، لەڕێکخستنی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانیدا جێی کرایەوە.

دەوڵەتی عوسمانی لەڕووی کارگێڕیەوە دابەشی چەند یەکەیەکی گەورە ببوو، زاراوەی (ویلایەت-**Viluyat**)یان ئەیالەت بۆ هەریەکەیان بەکاردەهێنا، ئەویش بۆ چەند یەکەیەکی کارگێڕی بچوکتر دابەش ببوو، پێیدەگوترا (سنجەق) یان (لیوا) سنجەقیش دابەش دەبوو بۆ (قەزاکان)، هەر قەزایەکیش لە شارۆچکە و گوندەکانی پێکدەهات (ناحیە)ی پێدەگوترا. بۆیە والی گرنگترین

١. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد.لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٨٤- محمدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٤، ٤- ٥- ٢٠٠٣، ل.

سنجەقەکانی هەڵدەبژارد و دەیکردە ناوەندی کارگێڕی، ئەو والیەی کاروباری ویلایەتی پێ دەسپێرا پێیدەگوترا (بەگلەر بەگی)[1] واتە بەگی بەگەکان، پلە و پایەی (میری میران)ی هەبوو، کە زاراوەیەکی فارسییە، لە کوردیشدا هەمان واتا دەگەیەنێ، واتە سەرۆکایەتی میری سنجەکانی سەر بە ئەیالەتەکەی دەکات. ئەوانیش پێیاندەگوترا (سنجەق بەگی) واتە بەگی لیوا (میرلیوا) وشەیەکی فارسییە، واتە سەرۆکی لیوا، سنجەق بەگ لەقەزای ناوەندی سنجەق دادەنیشت و قەزاکانی دیکە لەلایەن دادوەر (صوباشی)ەوە بەڕێوەدەچوو، کاروباری ناحیە و گوندەکانیش لەلایەن ئەوانە بەڕێوەدەچوو، ئەو کاتە پێیان دەگوترا (کتخدا — کوێخا). ئەوانەش لە گەورەی ئەو گوندانە پێکدەهاتن، کە دەکەوتنە سنووری ئەو ناحیەیە. هەمان ڕیزبەندی ڕێکخستن لەسوپاش پەیڕەو دەکرا، بەحوکمی شەڕانگێزی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەردوو لایەنی سوپایی و کارگێڕی بەیەکەوە گرێ دەدا.[2]

لایەنی کارگێڕی لە دەوڵەتی عوسمانیدا لەساڵی (١٨٦٤) لەژێر ڕۆشنایی یاساکانی فەڕەنسیدا دەرچوو، بە مەبەستی ڕێکخستنی کارگێڕی هەرێمەکان و بەستنەوەیان بە ناوەندەوە، لەکانوونی یەکەمی ساڵی (١٨٧٠) یاسای کارگێڕی ئەیالەتی لەسەر بنەمای یاسای نوێ دەرچوو، بۆ ئەم مەبەستەش مەدحەد (مەدحەت)پاشا هەستا بەڕێکخستنی کارگێڕی نوێی ویلایەتەکان لە سەرتاسەری عیراقدا، لەنێوان ساڵانی **١٨٦٩- ١٨٧٢** مەدحەت پاشا هەوڵی کۆمەڵێ چاکسازی و دانانی دەستوورێکیدا بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت.[3]


---

١. بگلربگی: زاراوەیەکی تورکیە، بەواتای بەگی بەگەکان دێت، ئەمە بۆ لەقەبی پاشا لەپلەیەکی بەرزدا، یان بۆ حاکمی ئەیالەت بەکاردەهات، (لونگریك: اربیعەقرون..ص ٣٦٨).

٢. گوران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠- ٧١.

٣. کمال مظهر احمد، کرکوك وطواتبعها، ص ٣٩.

لەساڵی ١٨٧٩داکاتێك گۆڕانکاری لە ئیدارەی ویلایەتەکان کرا، هەردوو سنجەقی کەرکوك و سلێمانی خرانەسەر ویلایەتی موسڵ، لەئاکامدا ویلایەتی موسڵ بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ پێکهاتە ئیداریەکەشی پاش ساڵی ١٨٧٩ بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهات[١]:





خشتەی ژمارە (١)[٢]

هەیکەلی ئیداری ویلایەتی موسڵ لە ساڵی ١٨٧٩

هەر لەنووسراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هەیکەلی کارگێڕی سنجەقی کەرکوك بە پێی ژمارەی دانیشتوان و گوند و ناحیەکانی بەمشێوەیەی لای خوارەوە هاتووە:

١. سلام ناوخۆش هۆکارەکانی، ل٧٧.

٢. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥-گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣-٨٨





خشتەی ژمارە (٢)

قەزاکان و ژمارەی ناحیە و گوند و دانیشتوان

ئەم سیستەمە هیچ گۆڕانێکی وای بەسەر دا نەهات، بەهۆی ئەگەرەکانی نزیکبوونەوەی جەنگی جیهانیەوە، ئەمەش لەساڵنامەی عوسمانیدا جێگیرە، کە بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دەژمێردرێت، لەمبارەیەوە لەساڵنامەی (١٣٢٩ك / ١٩١١ ز)دا هاتووە سنجەقی کەرکوك لە (ئەربیل، ڕەواندز، کۆیە، ڕانیە، کفری (صلاحیە)، پێکهاتووە، لەگەڵ سەرجەم ئەو شوێنانەی دیکە، کە سەر بەم ناوچانەبوون.[١]

دوابەدوای سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانەی لە ویلایەتی موسڵ ڕوویاندا، لەساڵی ١٣٢٧ ك/ ١٩٠٩ز) سیستەمی کارگێڕی ویلایەتی موسڵ بەمشێوەی خوارەوە بوو:

١. د. کمال مظهر احمد، کرکوك و طوابعها، ص ٤١.




خشتەی ژمارە (٣)[١]

هەیکەلی ئیداری ویلایەتی موسڵ ساڵی ١٩٠٩

**ئەم سیستەمە بەڕێوەبەریتیە، کە دەوڵەتی عوسمانی لەکوردستان لەساڵانی داگیرکاریدا پەیڕەویان دەکرد، تەنیا بۆ دەستەبەرکردن و کۆکردنەوەی باجەکان، دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دەوڵەت و کۆکردنەوەی هێزی چەکدار بۆ شەڕەکانیان، جگە لەمە هیچی دیکە نەبوو.[٢]**

**دوای ئەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی١٩١٤- ١٩١٨ کۆتایی هات، بەریتانیا دەستی کرد بەدووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی کارگێڕی عیراق، بەشێوەیەك یەکە کارگێڕیەکان بەیەکەوە بەسترابنەوە، لەهەمان کاتدا یارمەتی دەسەڵاتی حوکم بدات، لە داواکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دانیشتوان. ئینجا لەژێر ڕۆشنایی کارکردن بە سیستەمی هەڵبژاردن، کە لەساڵی ١٩٢٢دەرچووە، عیراق بەسەر دوانزەیەکەی کارگێڕی دابەشکرا، بە هەریەکەیان دەگوترا (لیوا). سلێمانی**

١. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦- گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣-٨٨

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێوو، ل٨٩.

یەکێك بوو لەو لیوایانە، ڕانیە و قەڵادزێ سەر بە لیوای سلێمانی بوون، لە ئیدارەی حکومەتی شێخ مەحموددا. هەر لەو کاتەشدا لەنوێ ئەربیل و دیوانیە کران بەلیوا.[١]

دەربارەی ژمارەی دانیشتوان و سەرژمێری لە کوردستان، بەهۆی ئەوەی گەلی کورد دەردەسەی زۆری بەدەست لیکترازان و پارچەپارچەبوونەوە چەشتووە، لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، هەڵکەوتووە کورد یەکبگرێ و لەسەر خاك و زێدی خۆی دەوڵەتێك یا میرنشینێك پێکەوەبنێ، بەڵام زۆری نەبردووە دیسان لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە و کەوتووەتەوە ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی دیکە... لەم سۆنگەیەوە بارودۆخی کوردستان ناجێگیربووە و گەلی کورد هەمیشە لەشۆڕشدا بووە، ئەمانەش زیاتر وایکردووە لێکۆڵینەوە لە دابەشکردنی جوگرافیای دانیشتوان و سەرژمێری کردنی خەڵکەکەی کارێکی ئاسان نەبێت.

یەکەم سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە،کە لە ساڵی (١٨٣١ز) لەلایەن فەرمانبەرانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیەوە کرا. ئەم سەرژمێریەش بۆ دوو مەبەست ئەنجامدرا:

یەکەم: لەسەرداخوازی وڵاتانی ئەوروپا، چونکە ئەوکاتە هیچ جۆرە زانیارییەکیان بەشێوەیەکی ڕەسمی لەسەر دانیشتوانی ئەم ئیمپڕاتۆریەتە نەبوو.

دووەم: عوسمانییەکان خۆشیان پێویستیان بەهەندێ زانیاری هەبوو.[٢]

بیتوێن و پشدەر دوو دەڤەری گرنگی کوردستانی بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون، قەزای ڕانیە، کە بەشێك لە سنجاقی کۆنی تورکی لەخۆدەگرێ، هەروەها قەڵادزە، لەباشوورەوە، بەو پێیەی بۆ ئێمە گرنگە، زێی بچووك دەبێتە

١. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥- ١٨٧.

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١-٩٢.

سنوور، بەپلەی یەکەمیش لە دوو دەشتی بەرز پێکهاتووە، کە چیایەکی باریك لێکیان جیادەکاتەوە، پێیدەڵێن: (کێوەڕەش) کە کۆتاییەکەی چیایەکی بەرزە، یەکەم دەشت لەو دووانە (بیتوێن) بە گشتی شێوەیەکی بازنەیی هەیە،یان وەکو (ئەدمۆندس) ئاماژەی بۆ کردووە: دەکرێ شێوە و قەوارەی گشتی بیتوێن وەك باوەشێنێکی نارێك لەبەرچاوبگرین.[1]ڕووبەرەکەی (١٥٠) میلی چوارگۆشەیە، کۆمەڵێ چۆم و کانیاو ئاوی دەدەن، زۆربەی ئەو کانیاوانەش گەرمن، بەڵام لەڕووی تەندروستیەوە تەواو بەکەڵك نایەن، ڕانیە لەهەولێر نزمترە و دەشتەکەی بەپیتە، ئەگەر ئاودێرییەکی دروستی بۆ بکرێ، لێرە سروشت بەگوڵ و گوڵزار دەوڵەمەندە و لابردنیان ئاسان نییە.[2]

لەناو جیهانگەڕە ئینگلیزەکاندا پێشتر هیچ کامیان بەم ڕێگایەدا نەهاتوون، لەنێوان جیهانگەڕانی دیکەدا، (چیرکێف) لەگەڵ کۆمیسیۆنی سنووری ساڵی (١٨٤٩- ١٨٥٢) لێرە بووە و لە نووسراوەکانی (کاڵمان) (١٨٥٦) و (برزەزۆ فیسکی) لە (١٨٦٦)دا هاتوون، (مانسل) لە (١٨٨٨) یەکەم جیهانگەڕی ئینگلیزی بووە، لەم ناوچەیە دواوە، بەدوای ئەویشدا تا ساڵی (١٩١٤) تەنیا (مارك سایکس) لە ساڵی (١٩٠٤)دا هاتۆتە ئەم جێیە، کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنوور، ساڵی (١٩١٤) لەم ناوچەیە نەمایەوە و لە تەواوی ماوەی هەڵسوڕانیدا، بنکەکەی لە خاکی ئێران بووە، تەنیا (هابرد) دووجار بەکورتی پەنجەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانی ڕاکێشاوە.[3]

---

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

٢. دبلیۆ ئار هی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی:لوقمان باپیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٠، ل ٢٧.

٣. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦.

## قەزای پشدەر

سنووری کارگێڕی قەڵادزێ، بەدەشتی پشدەر ناسراوە، سەر بە پارێزگای سلێمانیە و ١٥٠کم لە سلێمانی دوورە و دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانی، ناوەندی دەشتی پشدەر قەزای قەڵادزێیە و گردێکی گەورەی شوێنەواری لێیە، لەڕۆژهەڵاتەوە هاوسنووری ئێرانە، لەڕووی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتە، لەدەشتی بیتوێن بچووکترە و بەرزی و نزمی تێدایە، چۆماوی زۆری هەیە و لەچیاکانەوە دێنە خوارەوە، بەڵام ئاوڕۆکانیان قوڵە و بۆ ئاودێری دەست نادەن، لە ڕۆژهەڵاتی ئەو دەشتە، سنووری ئێرانە، کە چیاکانی لە (١٠٠٠٠)پێ بەرزترن، بەشێوەیەکی گشتی، وەك گۆشەیەکی وەستاوی چیا سەرەکیەکان دێنەبەرچاو، دۆڵێکی زۆریان دەکەوێتە نێوان، و دار و درەختی چڕ و پڕی تێدایە، ئەو کوردانەی تێدا نیشتەجێن کە لە هەمووان ڕەوەندترن.[١]

دەشتی پشدەر بە زنجیرە چیایەك دەورەدراوە، سنوورەکەی لە ناوچەکانیتر جیا دەکاتەوە، زنجیرە چیای بلفەت و تەورداسە لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ناوچەی سەردەشت هاوسنوورە، چیای قەندیل لە باکوورەوە لە ناوچەی پیرانشار (خانێ) سنووری لەگەڵ وڵاتی ئێرانە، چیای کێوەڕەش لە ڕۆژئاواوە لە ناوچەی بیتوێن، چیای ئاسۆس لە باشورەوە لە ناوچەی مەرگەی جیادەکاتەوە.

زێی بچووک لە دیوی ئێرانەوە لە گوندی بێتوش بە دامێنی چیای ئاسۆس بە ناوچەی پشدەردا ڕەت دەبێت، لە دەربەندی ڕەمکان دەڕژێتە بەنداوی دوکان. ڕووبارێک کە بە چۆمی وەستا سێمانی ناسراوە، لە ئاوی سپی سەرووی هەڵشۆ هەڵدەقوڵێت، لەنزیك قەڵاتی قەڵادزێ لەگەڵ چۆمی چۆمخڕکە

١. دبلیو ئار هی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

یەکدەگرنەوە[١]، لە خوار گوێزیلە و دەقناوە دەڕژێتە زێی بچووک. چۆمەکانی (ژاراوە، بەستەستێن و گارفێن) کە لەبناری چیای قەندیل هەڵدەقوڵێن، لە خوار سندۆڵان، برایماوا و کۆمەڵە لە سێ شوێن بەجیا دەڕژێنە زێی بچووک لە هەندێک شوێنی ناوچەکە بەزێی سندۆڵان ناو دەبرێت، پشدەر ناوچەیەکی کشتوکاڵی، ئاژەڵداری و بازرگانییە.

ناوی پشدەر دەگونجێت مەبەست لەوە بێت پشدەر کەوتۆتە پشتی دەربەند واتە (دەربەندی ڕەمکان)، کە زێی بچووکی بە ناودا ڕەت دەبێت، چیای کێوەڕەش و ئاسۆس لێک جیادەکاتەوە. هەر ئەو دەربەندەش ناوچەی پشدەری بە بیتوێن گرێ داوە. یاخود بەڕای هەندێکی تر وێ دەچێ لە (پشت دەرگا)وە هاتبێت، بەپێی گێڕانەوەی خەڵك و مانەوەی شوێنەوارەکان لە سەردەمانی دێرین بۆ پاراستنی ناوچەکە لە هێرشی دوژمنان دوو دیواری پان و سەخت و مەحکەم لە هەردوو بەری چیای ئاسۆس و کێوەڕەشەوە هاتوونەتە خوارەوە، بۆ دەم زێی بچووك و لە زێیەکە دەرگایەکی گەورەی تێ گیراوە، واتە پشدەر کەوتوەتە پشتی ئەو دەرگایە.

لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانیدا ناوی قەڵادزێ (حمیدیە) بووە. لەدوای هێرشەکانی لەشکری عوسمانی لە ساڵانی ١٨٩٢-١٨٩٣ بۆ سەر ناوچەی پشدەر و داگیرکردنی، ناوی شارەکەیان گۆڕی بە (المعمورە العزیزە).

وەك وتمان کاتێ مەدحەت پاشا بوو بە والی بەغدا، لەدوای هاتنی دەستی کرد بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاکسازی، لەناویاندا ڕێکخستنی کارگێڕی نوێی ویلایەتەکان (بەغداد، بەسرە، موسڵ) لە سەرتاسەری

١. وا باوە ناوی قەڵادزێ لەناوی ئەو دوو ڕووبارەوە هاتووە، پێی وتراوە (قەڵای دووزێ) و دواتر بەتێپەڕینی کات بووە بە (قەڵادزێ).

عێراقدا، لە نێوان ساڵانی (١٨٦٩- ١٨٧٢) مەدحەت پاشا هەوڵی کۆمەڵێ چاکسازی و دانانی دەستوورێکیدا، بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت، بەم پێیە مەرگە ناوەندی سنجاقی مەرگە و پشدەر بوو، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە مێژووی (٢١)ی مایسی (١٣١٣)ی ڕۆمی (١٨٩٧ی زایینی) بەسەرەوەیە[١]، پێشنیاری ئەنجومەنی تایبەت (مجلس مخصوص) بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سەبارەت بەچەند گۆڕانکارییەکی نێو سنجەقەکانی لیواکانی کەرکوك و سلێمانی، بەهۆی ئەوەی خەڵکی بیتوێن و پشدەر ملکەچی فەرمان و یاساکانی عوسمانی نابێت، ناوچەکە سزا دەدەن و پێگە کارگێڕیەکەی لێ دەسەننەوە، پێشنیار دەکەن بە نزمکردنەوەی پێگەی قەزای ڕانیە لە قەزاوە بۆ ناحیە و بخرێتە سەر کۆیسنجەق، هەروەها ناوەندی قەزای مەرگە لە (مەرگە)وە گواستراوەتەوە بۆ پشدەر (قەڵادزێ)، بەڵگەنامەکە دەڵێت:

"قەزای ڕانیە بخرێتە سەر قەزای کۆی سنجەق و بکرێتە ناحیە و (پشدەر زودی) بکرێتە ناحیە و ناوەندی قەزای مەرگە ببرێتە پشدەر و قشڵەیەك لەوێ دروست بکرێت"، ئیتر لەوکاتەوە قەڵادزێ بووە ناوەندی قەزای پشدەر.[٢] بڕوانە بەڵگەنتامەی ژمارە (٢) لەپاشکۆی ئەم کتێبە.

پشدەر لە دوو ناحیە پێکهاتووە[٣]، قەڵادزێ یا ناحیەی ناوەند بە (٢٢٥٠٠)

١. وەك بەڵگەنامەی ژمارە ٢ لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە.

٢. عبدالرقیب یوسف و سدیق سالح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری تۆمارکردن و ئامادەکردنی: عبدالرقیب یوسف، سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠١،ل ١٧٨-١٨٣.

٣. . ئێستا ناوەندی قەزای پشدەر (قەڵادزێ)یە و سەربە پارێزگای سلێمانیە، قەزای پشدەر ئاڵوگۆڕی بەسەر ڕووپێوەکەیدا هاتووە، سەرەتای گواستنەوەی ناوەندی قەزا لەمەرگە و بوونی قەڵادزێ بەناوەندی قەزا مەرگە سەر بە قەڵادزێ بووە و دوایی خراوەتەسەر قەزای دوکان، ناحیەی سەنگەسەر سەرەتا سەر بە قەزای ڕانیە بووە و دوایی خراوەتە سەر قەڵادزێ، هەروەها بە پێی ئەو زانیاریانەی کە کاک ئەمین قادر لە دەزگا ڕەسمیەکان دەستی کەوتووە و لە پاشکۆیەکی تایبەتیدا لە کتێبی (ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان) بڵاوی کردۆتەوە. ڕووبەری ناوچەی پشدەر بە پێی دابەشبوونی ئیداری عێراق لە ساڵی

کەس (نفووس)، کە بەگشتی سێ سوچێکی هاوباسکە، بەلای سەروویدا هەندێك کەتە و لە ژاراوە و زێوکەوە زنجیرە چیای سەر سنوور خوار بووەتەوە، مەرگە بە (١٣١٠٠) کەس (نفووس)، زێی بچوك و سنووری سورداش و ماوەت دەوریان گرتووە و ئاسۆس بەلای درێژاییدا دوو بەشی نارێکی لێ پێکهێناوە، هەرکام لەو قەزایانە نزیکە ٣٠ مایل سنووری نێونەتەوەیین.[1]

شێوەی ڕێکخستنەکانی ساڵی ١٩٢٢ سەردەمی هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە، هەندێك جیاوازیان هەبوو، جێگری حاکمی سیاسی بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ناحیەکانی ڕانیە و مەرگە و بەشێك لە ناودەشت تا ڕووباری گارفێن سەرپەرشتی دەکرد، دوو ناحیەکانی یەکەم بەهۆی مەئموری حکومەت هەڵدەسوڕان، ناحیەی سێیەم (ناوەند) بەهۆی بەرپرسانی ناوچەیی، وەك بابەکری سەلیم ئاغا و کەسانی دی چاودێری دەکران، کە سەر بەعەشیرەتەکانی ناوچەکە بوون، قەڵادزێ و ناوچەکانی ناودەشت ناڕاستەوخۆ لەلایەن بابەکری سەلیم ئاغا سەرۆکی عەشیرەتە مەزنەکەی پشدەر سەرپەرشتی دەکران، کە بەشێوەی ڕەسمی قائیمقامی قەڵادزێ بوو.

لە کارە گرنگە سیاسیەکانی عەشیرەتەکانی ئەوبەری سنووریش، کە دەزگای ئیداری ئێرانی لێنەبوو و شوێنەکانی دیکەی وەك مەرگە و ماوەت دەسەڵاتی پشدەرییەکانی تێدا بەهێزبوو، پلەی ڕاوێژکاری جێگری حاکمی

---

١٩٨٤ دا ١٣٠٢ کم٢ مەزندە کراوە. لە دوای ٢٥- ٦- ١٩٨٩ ئەم شارە بە هەموو ناحیە و گوندەکانی بە هۆی ڕاگواستنەوە نەماوە و لەگەڵ ئەرز تەخت کراوە. لە دوای ڕاپەرینە مێژووەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پاکسازی بەعسیەکان لە کورستان لە ٥ – ٣- ١٩٩١ ئەو شارە جارێکی دی بە ڕەنج و نینۆکی خەڵکەکەی دروست کراوەتەوە. لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ بە ٣٦١٠٣ کەس ناونوس کراوە.) (خالید ئەحمەد ئاسنگەر، با بە هەموو لایەک کورتە باسێکی جوگرافیا و مێژووی ناوچەی پشدەر بنووسینەوە. سایتی ئەمڕۆ، **http://www.emrro.com.** چوار شەممە, ١٤ ئازار ٢٠١٢.

لە ڕووی کارگێڕییەوە ئێستا قەزای پشدەر (قەڵادزێ) پێکهاتووە لە ناوەندی قەزا و چوار ناحیە (ناودەشت (سەنگەسەر)، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ.. )

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

سیاسی هەبوو، حاکمی سیاسی هەولێر (هەی)[١] گەلێك ستایشی درك و تێگەیشتن و ئەمەکناسیەتی بابەکراغا بەرامبەر بە ئینگلیزەکان دەکات، دەڵێ: "لەو سەردەمە پڕ لە ئاژاوەیەدا، کە نزیك بە دوو ساڵ لە کوردستان بووم، بابەکر لەهەمووان تێگەیشتوتر و بەدەسەڵات تر بوو، ئەو لە بنەڕەتدا لەلایەن شێخ مەحمودەوە کرابووە، قائیمقام، بەڵام لەسەربزێویەکەی ساڵی ١٩١٩دا پاڵی بە حوکمەتەوەدا و ئەمەکناسی خۆی سەلماند و دوایی شکانی سەربزێوەکان وەك قائیمقام ڕایان گرت".[٢]

بەهۆی ئەوەی لە شۆڕشی شێخ مەحمود، بابەکر سەلیم ئاغا پشتی لە شێخ مەحمود کرد و پاڵی دایە لای ئینگلیز، ئینگلیزەکان ڕێزیان گرت و گرنگی زۆریان پێدا، بابەکرئاغا حاکم بوو لە قەڵادزێ سەعاتو لیرەی هەبوو،[٣]

## بارودۆخی قەزای ڕانیە

شاری ڕانیە ناوەندی هەرێمی بیتوێن. سەر بە پارێزگای سلێمانییە بەدووری ١٣٠کم کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی، دەشتی بیتوێن کەوتۆتە نێوان چەند زنجیرە چیایەك، لەڕووی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەشتێکی بەپیت و بەرەکەتە، بەدرێژایی ٣٠کم لەڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە، پانی لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ کم دایە، ڕووبەرەکەی ٨٨٤کم٢ و بەرزی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠م دەبێت لەڕووی دەریاوە، بەیەکێك لە بەرفراوانترین دەشتی ناوچەی شاخاوی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان، ئەم دەشتە (٢٢٥١٧) دۆنم زەوی بەراو و

١. دبلیو. ئار. هەی، لەسەرەتای سەردەمی داگیرکاری بەریتانیا هاتە بیتوێن و پشدەر و دواتر لەگەڵ بوونی هەولێر بە پارێزگا نابراو بووبە حاکمی سیاسی هەولێر.

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٦.

٣. مەلا سمایل نورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە/٤٩، مانگی ١٢ ی ٢٠٠٩، رانیە، ل ٦.

**(٩٥٦٥٧)** دۆنم زەوی پشتاو و **(٤٦٤٩٢)** دۆنم زەوی مەغمورەی[1] هەیە، دەشتی بیتوێن لەهەر چوار لاوە بە چیا دەورە دراوە، خاکێکی بەپیتە و لەجۆری تاوێری تۆخە، ئاوێتەی قوڕێکی زۆرە و پێکهاتەی قوڕینی تێکەڵاو و قوڕینی لیتەییە، بە توخمە خۆراکیەکانی ڕووەك دەوڵەمەندە و خاکێکی تفتە. ئەم دەشتە (١٠٪) پارێزگای سلێمانی پێکدێنێت، بەڵام ڕێژەی زەوییە کشتوکاڵیەکانی دەگاتە (٤٠٪).[2]

زێی بچووك بە ناو دەشتی بیتوێندا تێپەڕدەبێت و بەشی ڕۆژهەڵاتی پشدەر و بە بەشی ڕۆژئاوای دەوترێت بیتوێن. شاری ڕانیە دەکەوێتە باکووری دەشتی بەپیت و بەرەکەتی بیتوێن، بەدووری دوو مایل لە دامێن شاخی کێوەرەش، لەسەر گردێکی شوێنەواری کۆن بنیاتنراوە.

قەزای رانیە لەباکوورەوە زنجیرە چیای کێوەڕەش، لە خۆرهەڵاتەوە چیای ئاسۆس، لەباشوورەوە چیای کۆسرەت، لە خۆرئاواوە زنجیرە چیای کارۆخ و ماکۆك،کە سنووری ئیدارەی ڕەواندز و خەلیفان پێك دێنێ.

ڕانیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکان لەنێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان و سۆران، هەر جارەی سەر بە میرنشینێك بووە، لەسەردەمی ئیبراهیم پاشای بابان، سەر بە میرنشینی بابان بووە، (تحفەی مزەفەریە)، لەسەردەمی مستەفا بەگی باوکی میر محەمەدی ڕەواندز لەسەر قەڵەمرەوی سۆران بووە، و تا کەوتنی میرنشینی سۆران لەساڵی ١٨٣٦زایینی، بابانیش هەستانەوەیەکی وای بەخۆوە نەدی، لە ساڵی ١٨٥١ ئەویش ڕووخا، ئیتر حوکمی میرنشینە کوردییەکان کۆتایی

١. مەغمورە: زەوی مەغمورە، بەو زەوییانە دەوترێت، لەسنووری هەردوو دەریاچەی دوکان و دەرەبەندیخان ساڵانە ژێر ئاوی بەنداوەکان دەکەون.

٢. خالید قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

هات، هەموو کوردستان بەناوەندی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبوڵ)ەوە بەسترایەوە.[١]

تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنی بەریتانیا، ڕانیە سنجاقێك بوو لە ویلایەتی موسڵ، دوا قائیمقامی سەردەمی عوسمانی (خالص) کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر، خەڵکی کەرکوك و لەبنەماڵەی تاڵەبانییەکان، کە شکۆیەکی باشیان هەیە،کاتێ ئینگلیز عیراقییان داگیر کرد و ناوچەی ڕانیەیان گرت، خالس قایمقامی تورك بوو لەڕانیە.[٢] بەڵام لەکاتی دەسەڵاتی حکومەتی شێخ مەحمود لەساڵی ١٩١٨ خالس لە قائیمقامی لادراو (شێخ ئەمین)ی سندۆڵان کرا بەقائیمقامی قەزای ڕانیە. دواتریش فەتاح بەگ کرایە قائیمقامی قەزای ڕانیە،[٣] فەتاح بەگیش بەپیلانی ئینگلیز و بەدەستی حاکمی سیاسی دەربەند کاپتن (کۆك) کوژرا.

لەنێوان قەزاکاندا، کە ساڵی (١٩١٨) ببوون بە بەشێك لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود، دوای ساڵی (١٩١٩) ڕانیە لەڕۆژئاوای پشدەر لەگەڵ پارێزگای سلێمانی مایەوە. بەرپرسیارێتی هەرکام لەم قەزایانە جیا لە پشدەر بەجێگرێکی حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو. پشدەر لەژێر چاودێری گشتی جێگری حاکمی سیاسی ڕانیەدا بوو، قایمقامێك بەسەری ڕادەگەیشت: بابەکری سەلیم ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر، قایمقامی پشدەر بوو. ئەو پیاوێکی زۆر لێهاتوو و لێوەشاوە بوو.[٤]

---

١. کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، چاپخانەی تیشك، شارەوانی ڕانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، ل٩.

٢. دبلیو ئار هەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

٣. عبدالقیب یوسف، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (ئاغاژنە (نەجیبە)ی کچی (فەتاح بەگ قائیمقامی ڕانیە( ی کە لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن(کاپتان کۆك، حاکمی سیاسی دەربەند) کوژرا، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٤٩، مانگی ١٢ ی ٢٠٠٩، ل٦.

٤. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

قەزای ڕانیە بەشێوەی سروشتی دابەش بووە بەسەر سێ ناحیەدا[١]، ناحیەی ناوەند و دوو ناحیەی تریشی هەبوو، ناحیەی ناوەندی ڕانیە بە (١٢٠٠٠) کەس (نفووس) لەناوەند، ناحیەی چناران ناوەندەکەی لە گوندی خدران بوو، لە ساڵی (١٩٢٢) لەسەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیز (ئەدمۆندس) ژماری دانیشتوانی ناحیەی چنارانی بە (٤٨٠٠) کەس(نفووس) هەژمار دەکات.[٢]

ناحیەی سێیەم لە شارۆچکەی سەنگەسەر بوو، کە لە بواری ڕەسمیدا بەناحیەی (ناودەشت) ناودەبرێت، یەکێکە لە ناحیە هەرەکۆنەکانی عێراق و کوردستان، ناحیەی (ناودەشت) سەر بەقەزای ڕانیە، لە متەسەریفی کەرکوك بوو، لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کەوتۆتە بەشی باکووری خۆرئاوای سلێمانی و زنجیرە چیای قەندیل لەبەشی باکوور، وەکو سنورێکی نێوان عیراق و ئیران جیاکردۆتەوە، سنووری لە باشوور زێی بچووك و لە خۆرئاواش چیای کێوەڕەشە، کە پشدەرو بیتوێن جیادەکاتەوە، (ئەدمۆندس) لە ساڵی (١٩٢٢) ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی ناودەشت بە (٨٦٥٠) کەس(نفووس) دیاری دەکات[٣]، ئەو کاتە شوێنی ناحیەکە لە دەروازەی دەربەند بووە، دواتر لەگەڵ دروست بوونی بەنداوی دوکان گواستراوەتەوە شوێنی ئێستا.

## دۆخی ناوچەکە لەسەردەمی کارگێڕی عوسمانیدا

دوای دروستبوونی ویلایەتی موسڵ، کوردستان بووە ویلایەتێکی ژێردەستەی دەسەڵاتی عوسمانی و دەرگای هاتن و نیشتەجێ بوونی تورکمانی بۆ والاکرا،

١. ڕانیە: قەزای ڕانیە سەر بە پارێزگای سلێمانییە و کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی، بەدووری ١٣٠ کم، قەزای ڕانیە لە ڕووی کارگێڕییەوە ئێستا پێکهاتووە لە ناوەندی قەزا و چوار ناحیە (چوارقوڕنە، حاجیاوا، سەرکەپکان، سەروچاوە).

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

٣. لەساڵی ١٩٤٤ شاکر فەتاح ڕانیە و هەردوو ناحیەی چناران و سەنگەسەری بە (٣٠) هەزار کەس داناوە. بڕوانە: کامەران بابان زادە،سەۆچاوەی پێشوو، ل ٩.

داگیرکەرانی کوردستان دەستبەجێ سەرباز و جەندرمە و خەڵکی سەربەخۆیان لەشار و شارۆچکەکانی سەر ڕێگاوبان و هاتوچۆی گشتی نیشتەجێ کرد، چونکە کوردستان ڕێگایەکی گرنگ و پڕ بایەخی بازرگانی بوو، لەنێوان عوسمانی و ئێرانیدا.[١] سەرەڕای دروستکردنی ویلایەتی موسڵ و دامەزراندنی تەشکیلاتی قەزاکان، بەڵام لەم سنووره جۆرێکیتربوو، ئەو کاتە میراودەلییەکان لەماوەی سەردەمێکی مێژوویيدا حوکمدار و فەرمانڕەوای ناوچەکە بوون، بێگومان هاوشانی ئەوان عەشیرەت و تیره و تایەفەکانی تری ناوچەکە پشتگیر و هاوکاری میراودەلییەکان بوون و بەشداری ڕووداوەکان بوون.[٢] بۆ بەرگری لەشاڵاوەکانی دەوڵەتی عوسمانی و هەر هێزێکی تری بێگانە لەپێناوی پاراستنی سەربەخۆیی ناوچەکە، وەك میرزا مەنگوڕی دەڵێت: عەشیرەتی پشدەر ڕۆڵێکی سەربەخۆیی لە پشدەر دەگێڕا، نەدەچوونە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان، چونکە پشدەرییەکان لەگەڵ حکومەتی (ئەردەڵان، بابان، زەند، سۆران) بوون و سەربەخۆ بوون، ترسێکیان لە دەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بەڵام لە کوژانەوەی ئەو میرنشینانەدا تورکان ویستیان ئەو سەربەخۆییەی میراودەلییان نەهێڵن، چونکە کاتێك حکومەتی عوسمانی، سلێمانی داگیرکرد، (بەبە) فەوتان و مەرگە و پشدەر کەوتە دەست کوڕانی حەماغای گەورە و تا ساڵی ١٨٨٠ ئاوا مایەوە، بەڵام حکومەتی عوسمانی ویستی تەشکیلاتی تێدا دابمەزرێنێت، میراودەلی ڕازی نەبوون، لەبەرامبەردا تورك لە ساڵی (١٨٨٧-١٨٨٨) لەشکرێکی هەزار کەسیان ناردەسەر میراودەلییان بەسەرکردایەتی "زەکەریا بەگ" لەئەنجامدا زەکەریا بەگ گیراوە و عەسکەری تورك لەو شەڕەدا شکا.

١. گۆران ئیبراهیم ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ٧٣- ٧٩.

٢. مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

حکومەتی تورك هەر لە هەوڵدابووە، بۆ تەشکیلات و دەستەمۆکردنی میراودەلییان، کەبە زوڵم و زۆر نەیتوانی تەشکیلات دابمەزرێنێت، پەنای بردەبەر فێڵ و گفتوگۆ، پەنایان بۆ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمود برد، ئەویش بەهۆی ڕێز و پایەی لای میراودەلییەکان، خۆی سەردانی پشدەر دەکات و قسەی لەگەڵ میراودەلییەکان کرد و بەڵێنی لێوەرگرتن، بۆ پێکهێنانی تەشکیلات لەپشدەر، ئینجا میراودەلی ڕێگادەدەن تەشکیلات لە پشدەر بکرێت.

حکومەتی تورك "حوسنی بەگ" دەکەن بەقایمقام لە قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی نالەباری حوسنی بەگ و دروستکردنی کێشە و نەگونجانی لەگەڵ میراودەلییەکان، کێشەی زۆر بۆ ناوچەکە دروستدەکات، هەر لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سەندنی باج و سەرانەی زیاد لەپێویست، تا دەستخستنەناو هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان، میراودەلی ناچاردەبن بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە بیر لە ڕێگایەك بکەنەوە بۆ لەناوبردنی حوسنی بەگ، دوو پیاوی خۆیان بەناوی (حاجی حەسەنە خڕە و حەسەنە کوێر) دەنێرن و لەبەردەمی دائیرەکەی خۆیدا نامەیەکی میراودەلییەکان دەدەنە دەست حوسنی بەگ، لە کاتی خوێندنەوەی نامەکە، هەر لەبەردەمی دائیرەکەی خۆیدا حوسنی بەگ دەکوژن و خۆشیان دەرباز دەبن، لەو ڕۆژەوە ئەو شوێنە لە دەروازەی شاری قەڵادزێ بە (گردی حوسنی) ناسراوە.

دەوڵەتی عوسمانی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە میراودەلییان، عەوڵا پاشای والی موسڵ بەچوار هەزار سەربازەوە دەنێرێتە سەر پشدەر، لەئەنجامدا دەبێتە شەڕیان و سوپای تورك دەشکێن و بەرەو دەربەندی ڕانیە دەگەڕێنەوە، بەڵام جارێکیتر عەوڵا پاشا بەهاوکاری بایزی کاکەڵا ئاغای مەنگوڕ[1] هێرشدەکاتە سەر

---

١. بایز کوڕی کاکەڵای کوڕی باپیراغای مەنگوڕە، تاساڵی ١٩٠٣ بەیزادئاغا (بایزئاغا) بوو، ئەو پیاوێکی زۆر جەسوور بوو، بە ڕەچەڵەکی خۆیەوە دەنازی، بەڵام هەر زوو لە تارانەوە باپیرئاغای کوڕی هەمزاغای مەنگوڕیان لە جێ داناو ئەویان هەڵپەسارد،

میراودەلییان و لەو شەڕەدا میراودەلی دەشکێن و بەرەو سنووری ئێران پاشەکشە دەکەن، ئەو شەڕە بەردەوام دەبێت، تاکو میراودەلییەکان کاغەزێکی شێخ سەعید بۆ وەزیری بەغدا دەنێرن و شکات لە عەولا پاشا دەکەن، ئینجا وەزیر فەرمانی گەڕانەوەی عەولا پاشا دەدات، بێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەم شەڕە لەساڵی (١٨٩٦- ١٨٩٧) ڕوویداوە، لێرە تەنیا ناوی بایز کاکەڵائاغا هاتووە، ئەگینا عوسمانییەکان هەمیشە گەلەکۆمەکیان لە سەرۆك و دەسەڵاتدارانی کورد کردووە، ئەگەر جەنگیان لەگەڵ میرنشین، یان عەشیرەتێك کردبێت، داوایان لەهەموو سەرۆکانی ناوچەکە کردووە، لەشەڕدا هاوکارییان بکەن، هەم بۆ دڵنیایی سەرکەوتنی خێرا و هەم بۆ ناکۆکی و ئاژاوە نانەوە، لەنێوان سەرۆکە کوردەکان، بۆ نموونە هەر لەم شەڕەدا ناوی غەفورییەکانیش لە گوندی (خدران)ی بناری چیای کۆسرەت لە بیتوێن هاتووە، هاوکاری عەولا پاشای والی موسڵیان کردووە دژی میراودەلییەکان، کێشەی ئەم سنوورە بەم شێوەیە بەردەوام لەبەرزی و نزمیدا بووە.[1]

لەدوای کوژرانی حوسنی بەگی قایمقامی پشدەر، لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ لەنێوان (سەید ئەحمەد بابە ڕەسوڵ) و قادرئاغای سمایل ئاغای غەفوری لە دێی (خدران)ی بناری چیای کۆسرەت شەڕێکی قورس ڕوویدا، کاتێك (سەید ئەحمەدی نەقیب) قایمقامی ڕانیە، لەسلێمانیەوە بەڕێگای کەرکوکدا دێتە کۆیە، لەماڵی عەبدوڵلا ئاغای حەوێزی میوان دەبێت، قادرئاغا و خزمەکانی ڕێی پێدەگرن و نایەڵن لە ڕێگای کۆیەوە

---

بایز کەبینی لە جێگاکەی لابرا وازی لە ئێران هێناو بە هەموو کەسوکارەوە چووە تورکیا، بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی پێشوازییەکی گەرمی لێکراو لەقەبی پاشای پێدراو موچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیەوە. بڕوانە: گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

١. - ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی میراودەلی پشدەر، بەرگی یەکەم چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠٣. ل١٦١- ١٦٩. - مۆفەق میراودەلی، هەمان سەرچاوە،ل ٩٨-١٠١.

بچێتەوە ڕانیە، سەید ئەحمەد بەرقییەك بۆ سلێمانی لێدەدات بەم شێوەیە: "لە کۆیە لەماڵی (عەولائاغا) حەپسم، ئەگەر ئەحوالم دەپرسن" سەید ئەحمەد دەگەڕێتەوە سلێمانی لەوێوە دەچێتەوە ڕانیە، ئەویش وەك دژایەتی کردنی پشتگیری غەفورییەکان بۆ عەولاپاشای والی موسڵ دژی میراودەلییەکان عەشائری پشدەر و دیوی مەرگە و لای سلێمانی گرددەکاتەوە و هێرشدەکاتە سەر خدران، هەرچەندە عەشیرەتی خۆشناو یاریدەی غەفورییان دەدەن، بەڵام لە ئەنجامدا دەشکێن و زەرەر و زیانێکی زۆر لە غەفورییان دەکەوێت، بۆ دڵدانەوەی غەفورییان حکومەت سەید ئەحمەدی قایمقام لەڕانیە لادەبات، بەحەماغا دەڵێت: لەتۆڵەی ئەمە چیتان دەوێت؟ حەماغا دەڵێت: مادام سەید ئەحمەد لەڕانیە نەما، ئێمە هیچی دیمان ناوێت.[1]

هەروەها پێویستە هەندێکیش باسی وەزعی بنەماڵەی (حەوێزی و غەفوری) شاری کۆیە بکەین. بەهۆی نزیکی و پەیوەستی ڕانیە لەگەڵ کۆیە ئەو دوو بنەماڵەیە، هەمیشە لە شانۆگەرییە دراماتیکەکانی سیاسەتی ڕانیەدا دەوریان هەبوو. ئەوانە بنەماڵەکانی غەفوری و حەوێزی و موڵکێکی زۆریان لە قەزای کۆیە و ناوچەی چناران هەیە. "هەی" لە کتێبەکەی ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێشی لەمەڕ دوژمنایەتی و پیلانگێڕی و بەربەرەکانیەکانی ئەم دوو بنەماڵەیە نووسیوە و ئەوە ڕوون دەکاتەوە چۆن لەسەرەتای چوونی بۆ کۆیە و بەرلەوەی لە ئەسپ دابەزێت، تێکەڵی ئەو مەسەلەیە بوو. هەر کام لەم دوو بنەماڵانە پەیوەندی و کێشەی تایبەت بەخۆیان لەگەڵ هۆزە جیاوازەکانی ڕانیە هەبوو، لەراستیدا هۆی یەکەمی چوونی"هەی" بۆ ئەو ناوچەیە زنجیرە هێرشێکی چەکدارانەی سواراغای

١. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ١١٤.

پیران بوو، بەپیلانی غەفورییەکان بۆ سەر موڵکی حەوێزیەکانیان کرد بوو، ئەو هێرشانەش بەپەلامارێك بۆ سەر گەڕەکی حەوێزیەکان لەناو شاردا بەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. سەرەڕای ئەم شێوە پەیوەندی و بەربەرەکانییە، گوشاری پاوانخوازانەی میراودەلییەکانی پشدەر لەلایەك و ئاغاکانی کۆیە لەلایەکیترەوە، هەمیشە هۆزەکانی ڕانیەیان ناچار بەبەرگری و بەربەرەکانێ کردبوو. ڕانیە ئەگەر دەخرایە سەر سلێمانی، تای تەرازووەکە بەقازانجی پشدەرییەکان دەکەوت و ئەو کاتەش سەر بە کەرکوك یا هەولێربوو دۆخەکە بەرەو ئاغاکانی کۆیە بایدەدایەوە.[١]

هەموو ئەم ناکۆکی و کار و سیاسەتە خراپانەی عوسمانی وڵاتی بەرەو لاوازی و نەمان دەبرد، لەبەر ئەوە زۆر کەس لەڕۆشنبیران و کەسایەتییە دیارەکانی دەوڵەت هەوڵیاندەدا لەڕێگای چاکسازی و باشکردنی بارودۆخی وڵات بەرەو باشتر ببەن و وڵات ببوژێننەوە، بەڵکو لەم نەهامەتییە دەربازی ببێت، لەم ڕوانگەیەوە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە ڕێکخراوی (ئیتحاد و تەرەقی) سەری هەڵدا،[٢] لەناو کوردیشدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لەژێر کاریگەری قوتابخانە سەربازییە بیانییەکان چینێکی ڕۆشنبیری نوێ تاوی سەند، ئەم پێشکەوتنە ڕۆشنبیریە هەر لەسەر شێوە کۆنەکە و لەڕێگای دینیەوە بوو، ئەم چینە ڕۆشنبیرە بەپلەی یەکەم منداڵی شێخ و دەرەبەگە کوردەکان بوون، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە گەشەکردنی هوشیاری نەتەوەی کورد، بووە هۆی دەرکردنی یەکەم ڕژنامەی کوردی (کوردستان) لە ساڵی **١٨٩٨**.یەکێك لە کارە گرنگەکانی بوو.[٣]

---

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

٣. د. فاضل رسول کردستان والسیاسیه السوفیتیەفی الشرق الاوسگ، المترجم: غسان نعسان، ٢٠١٢، ص ٥٠.

ڕێکخراوی (ئیتحاد و تەرەقی) سەرەتا وا خۆی پیشاندا بەمەبەستی چاکسازی و باشترکردنی ژیانی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزاری دەستی پێکرد، ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکانی کورد بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، هەندێك لەتێکۆشەرانی کورد چوونە ناو ئەم ڕێکخراوە، بەڵام لەدوای کودەتای ساڵی ١٩٠٨ ئیتحاد و تەرەقی لەڕێگای خۆی لایدا، پاش ئەوەی لەساڵی ١٩١١ بەتەواوی حوکمیان گرتەدەست، تورکچێتی خۆیان ڕاگەیاند و کەوتنە لێدان و لەناوبردنی خەڵکی بەڕێگای نامرۆڤانە، تەنانەت زۆرکات بۆ ئەو مەبەستەیان پەنایان دەبردەبەر بەکارهێنانی هێز.[١]

لەساڵی ١٩٠٨، کە بانگی مەشروتیەت لەلایەن کۆمەڵی (ئیتحاد و تەرەقی) تورکەوە لە تورکیا لێدراو سوڵتان عەبدولحەمید لابرا، نەتەوەی کوردیش ڕێکخستنی ڕێکخراوەیی هەبوو، یەکەم سەرهەڵدانی مێژووی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨ ئەم بزووتنەوە نەتەوەییە ڕێکخراوەییە بەشێوەیەکی ڕێکخستنی نوێ و بەرنامەیەکی سیاسی ئایدیۆلۆژی ئاشکرای وەرگرت.[٢] گەلی کورد کۆمەڵێکی هەبوو، بەناوی (کۆمەڵی کوردستان)ەوە زۆر لە سەرکردە و ژەنەڕاڵ و ئەفسەری کورد و ڕۆشنبیرانی کورد و سەرۆك خێڵ و عەشیرەتی کورد لەناوچەی دەرسیم وخەرپوت و ئەرزڕوم و دیاربەکر و بدلیس و وان ناوچەی موسڵ و بەشێکی کەم لە ناوچەی بابانیش لەناو ئەم کۆمەڵەیە دابوون، بێگومان ئەفسەر و فەرمانبەر و خوێندەوارانی کورد لە ئەستەمبوڵ ناوچەی تورکەکان بوون، دیسان هەر لەم کۆمەڵەیەدا بەشداربوون، ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن عەبدولقادر شەمزینی، کەلەنەوەی نەهری زادەیە لەگەڵ بەدرخانیەکاندا سەرکردەیی دەکرا، ئەم کۆمەڵە تێکۆشا بۆ ئازادی کوردستان، بەڵام بەشێوەیەك

١. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

٢. د. فاضل رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

کەنەتەوەی کورد لە خاکی کوردستاندا لەژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عوسمانیدا (خودموختاری- حکم الزاتی ) وەرگرێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لەساڵی ١٩٠٨دا لەشاری ئەستەمبوڵ دوو کۆمەڵی دروستکرد:

## هیوی (هیڤی)

کۆمەڵێک قوتابخانەی کردەوە. دوو قوتابخانەی لە ئیستەمبوڵ کردەوە، بەسترابوون بە کۆمەڵی کوردستانەوە. ئەم کۆمەڵەیە گەلێك کاری باشی ئەنجامدا.[١]

لەم ماوەیەدا کەسایەتی ناودارو ڕۆشنبیری سیاسی کورد (عەبدولڕەزاق بەدرخان)[٢] هەوڵەکانی لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانی کورد زیاتر برەو پێدا، هاتە باکووری کوردستانی ئێران و لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٩١١ گەشتێکی بەناوچەکانی خۆی، ماکۆ، قووتوردا کردو چاوی بەهەندێك لە سەرۆك عەشیرەت و پیاوماقوڵانی کورد کەوت، داوای هاوکاری لێکردن بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکەی، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەپشت بەستن بەڕووسەکان، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری لەژێر ناوی (جیهاندانی ) لەسەرەتای ساڵی ١٩١٣ بەیارمەتی سمکۆ سەرۆك عەشیرەتی ناوداری شکاك دامەزراند.

ئەم کۆمەڵەیە خوێندنگایەکی لەشاری خۆی لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ کردەوە، بۆ یەکەم جار بوو منداڵانی کورد دەیانتوانی تیایدا بەزمانی

---

١. ئومێد ئاشنا، ئیسماعیل حەقی شاوەیس ژیان و بەرهەمەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ١٨.

٢. عبدولڕەزاق بەدرخان کوڕی نەجیب پاشای کوڕی بەدرخان پاشا، ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردا هەوڵی زۆریدا، پێوەندی بە ڕووسیاوە کرد بۆ ئەوەی متمانەی ئەوان بەدەستبێنێت تابتوانێت مافی نەتەوەکەی لەڕێگای ڕوسیاوە وەربگرێت، بەڵام ڕووسەکان هاوکاریان نەکرد. (هەستیار کەمال نوری، لا ٢٤٧-٢٤٩) عەبدولرەزاق قوتابی حاجی قادری کۆیی بووە و بە منداڵی دەرسی پێ وتووە، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی دا لەڕەواندز بە پیلانی عوسمانیەکان کوژرا. بڕوانە: محەمەد رسول هاوار، کورد و کوردستان باکوری کوردساتان ل ٣٥٨.

زگماکی خۆیان بخوێنن، ئەم هەوڵانەی سمکۆ و عەبدولڕەزاق تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەبوو، لە قوڵبوونەوەی هۆشی نەتەوەیی و لە گەشەی ڕۆشنبیری کوردی نوێدا.[١] لەم کاتەدا ئیتحاد و تەرەقی بێ هێز بوو، چونکە لەدەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەناوخۆشدا مەترسی لەڕێدابوو، تازە بانگی مەشروتیەت درابوو، دەستەی سوڵتان (عەبدولحەمید) بەهێزبوون، دژی ئیتحاد و تەرەقی چالاکیان دەکرد و دەیانویست سەردەمی خەلافەت زیندووبکەنەوە، کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی بۆ ئەوەی خۆی بەهێزبکات، لەگەڵ (تاشناق)دا، کە کۆمەڵەیەکی ئەرمەنییەکان بوو، ڕێکەوت بۆ پشتگیری و یارمەتیدانی یەکتری، ئەگینا کۆمەڵی ئیتحاد و تەرەقی لەسەر بنچینەی تۆرانیزم پێکهاتبوو، باوەڕی بەڕەگەزپەرستی هەبوو، لەبەرئەوە هەر نەتەوەیەك لە ڕەگەزی تورك نەبووایە، دانیان بەمافەکانیدا نەدەنا، بەڵام ئەوجۆرە ڕێکەوتنەشی لەگەڵ (تاشناق) دا جۆرە پیلانێك بوو، لەپێناوی بەهێزکردنی تۆراندا. ئیتر ئەم کۆمەڵە ڕەگەزپەرستە دژی هەموو نەتەوەیەك بوو، هەر کەهێزی پەیداکرد، گورج ڕێگای لە کۆمەڵی کوردستان بەست، کۆمەڵەکە داخرا، ئیتر کوردەکان بەنهێنی و ئاشکرا هەنگاوەکانیان پەرەپێدا.[٢] بۆخەبات لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان و یەکخستنی نەتەوەی کورد.

## دۆخی ناوچەکە لە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی

لاوازی و پشێوی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەك بوو، هەموو وڵاتی گرفتار کردبوو، ئەگەرچی باکووری کوردستان ستەم وماڵوێرانی زۆری تورکانی بەخۆوە بینی، بەڵام سەرجەم ناوچەکە تووشی نەهامەتیەکانی جەنگ ببوو،

١. محمد ڕسوڵ هاوار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٨.

٢. د. یاسین سەردەشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩ .

ناوچەی بیتوێن و پشدەریش نەك هەر تووشی ببوو، بەڵكو دەتوانین بڵێین نەهامەتیەكانی ئەم سنوورە لە هەندێک ڕووەوە گەورەتر بوون، لەبەر چەند هۆیەك:

یەكەم: دەزگای حكومەت لەم سنوورە زیاتر گەندەڵ و هەڵوەشابوو لە شوێنانیتر، لەبەر لاچەپی و دووری سنوورەكە لە ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، زۆرجار دەوڵەت دەستەوستان و بێكارە بوو، لەئاست خەڵكی سنوورەكە، لەكاتی زاڵی و باڵادەستیشدا زیاتر گوشاریان بۆ سەركراوە، كاربەدەستانی عوسمانیش خراپەكار و پەتیارەبوون، بەتایبەت، كە دەیانزانی هەرچی خراپەكاریەك ئەنجام بدەن لێپرسینەوەی نیە، چونكە بەرپرسەكەی لەو خراپتربوو.

دووەم: خەسڵەتی خێڵەكی و بەهاكانی لادێی بەسەریدا زاڵبووە، ئەم خەسڵەتەش دەبووە هۆی ڕق بوونەوە لە حكومەت و دووركەوتنەوە لەهاوكاریكردن لەگەڵ حكومەتدا، كێشەكە ئەوەبوو خێڵەكی و حوكم كرابوو، لەهەمانكاتدا دەلاقەیەك لەنێوان گەل و حكومەتدا هەبوو، شێوەی جۆراوجۆری وەرگرتبوو، بووە هۆی زۆر مەرگەسات و تەنگژەی ئاڵۆز.

سێیەم: سەربازگرتنی بە زۆرەملێ یەكێكیترە لە كێشەكان، خەڵكی ئەم سنوورە لەگەڵ دەستەمۆیی و زۆرەملێ ڕانەهاتبوو، بۆ دژایەتی بەزۆر سەربازكردن بەئەزموونی تاڵدا تێپەڕیوون.

چوارەم: لەساڵەكانی پێش جەنگی یەكەمی جیهانی، ئەم ناوچەیە گۆڕەپانی كێشەكان بوو، بەهۆی بەشداری و هاوكاری لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و پاشماوەی ڕووداوەكان، بەتایبەت دوای شكستی ڕاپەڕینەكە، بووە گۆڕەپانی چالاكییە سیاسی و سەربازییەكان، لەلایەك هەوڵەكانی هەمزاغای مەنگوڕ سوپاسالاری ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا و لەلایەكی دیكەوە چەند

**جارێك تەقیەدین پاشای والی بەغداد کردەوەی سەربازی بۆ سەر ناوچەکە ئەنجامداوە، وەك لەڕۆژی هەینی لەسەرەتای مانگی سەفەری ساڵی ١٢٧٤ کۆچی، تەقیەدین پاشا بەناوی چاکسازی فەسادی (هەمزاغای مەنگوڕ)[١]**

---

١. دوژمنانی کورد هەمیشە بەناوی دزی و تاڵانی و فەسادی سەرۆکانی کوردیان تاوانبار کردووە، بۆ ئەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد لەبەرچاوی ناوخۆ و دەرەوە سوك بکەن، ئەگینا هەمزاغای مەنگوڕ مرۆڤێکی ئازا و جوامێر و بەدەستوبرد بووە، کەسایەتیەکی ناودار و لاوچاك و قارەمان و نیشتمانپەروەر بووە، بۆیە لای خەڵك کراوەتە ڕەمز و پەند، لەناوچەی موکریانیش کراوەتە (بەیت) و لای خەڵك کراوەتە ئەفسانەیەکی شیرین باڵا، بۆیە دەمێکە پەندێکی کوردی بەسەر زمانی خەڵکەوە هەیە دەڵێت: (هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزاغا نیە) ئەم پەندە لە بنەڕەتدا بەو کەسانە وتراوە ئەگەر بەڕەنگ و ڕواڵەتیش لە کەسێکی ئازا و ناودار بچێت، بەڵام مەرج نییە وەکو ئەو کەسە ناودارە ئازا و کردە بێت.

مێژووی ژیان و ناسنامەی خودی هەمزاغا هێشتا کەمێك نادیار و تەم و مژاویە، لەمێژووی کوردیشدا جگەلە بەیتی هەمزاغا و جگەلەوەی هەمزاغا نەوەی باپیراغای مەنگوڕە، ئیتر بەڵگەی نووسراو لەسەر هەمزاغا لەبەردەستدانییە، بەڵگەنامە دەوڵەتیەکانیش هەموویان لەسەردەمی ژیانی هەمزاغا دا نووسراون، کۆنترین بەڵگەنامەش لەسەر هەمزاغا نووسرابێت ساڵی ١٨٥٤ز سەردەمی ناسرەدین شای قاجاری کەبەخەتی خودی (ناسرەدین شا) بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران (میرزا عەباس خان قەوام و ئەلدەولە) نێردراوە، کە شا دەیەوێت خۆی لە هەڵسوکەوتی هەمزاغا ئاگاداربێت.

هەمزاغای مەنگوڕ لەماوەی ژیانی دا تووشی گرتن و زۆر دەربەدەری بووە، بەدەست هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، لەسەر زوڵم و بێدادی ئێران دەربەدەر دەبێ و دەچێتە خاکی عوسمانی و لەوێش لەسەر داوای ئێران دەیگرن و ماوەی ١٥- ١٦ ساڵ دەربەدر و لە زیندان دەبێت. لەوبارەیەوە عەلی ئەکبەر سەرهەنگ کوڕی (حیسامو لملوك) دەڵێت: "هەمزاغا جەربەزەی زۆری لەلایەن کاربەدەستانی ئێران لێدرابوو"، لەبەڵگەنامەیەکی تری عوسمانی دەڵێت هەمزاغا لەتاو زوڵم و بێدادی کاربەدەستانی ئازەربایجان زۆری بۆ هات و ئێرانی بەجێ هێشت" هەروەها کەسێکی ئاگاداری وەك عەباس میرزای مولك ئارا (١٨٣١- ١٨٩٨ز) زڕبرای ناسرەدین شای ئێران ئەوە دەسەلمێنێ، دەڵێت: "هەمزاغای مەنگوڕ ڕۆڵەی زەمانە و سەرۆك هۆز بوو، شەڕی دیبوو، ماوەیەك یاخی بوو، بریندار کرابوو، زیندانی دیبوو، چەند ساڵێك لەوەپێش ویستبوویان بیگرن، هەڵاتبوو بۆ خاکی عوسمانی و لەسەر داخوازی هاتەوە". لەماوەی دەربەدەری هەمزاغا لە خاکی عوسمانی تەقیەدین پاشا والی بەغدا چەند جارێك بەناوی چاکسازی فەسادی هێرش دەکاتە سەر هەمزاغا بۆ بەرزەم کردنی، بەڵام هەمزاغا وەك کەسایەتیەکی ئازا و قارەمان و جوامێر کەسایەتی خۆی پاراست.

دواجار لە ١٩- ٨- ١٨٨٠ز لە ئێران گێچەڵی بۆ دروست دەکەن و دەیانەوی بیگرن، دەرگای لەسەر دادەخەن، ئەویش قبوڵی ناکات و لێیان دێتەدەست و بەخەنجەرەکەی سەربازێك دەکوژێ و دەرگا دەشکێنێ و بۆی دەردەچێت.

هەمزاغا لەکاتی ڕاپەڕینی ١٨٨٠ز شێخ عوبەیدوڵای نەهری سوپاسالاری لەشکر بوو، ڕۆڵێکی زۆر باشی گێڕا لە سەرخستنی ڕاپەڕینەکە تا ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا، دوای ئەوەش زۆر بەئومێدەوە هەوڵی دەدا بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕاپەڕینەکە و دووبارە هەستانەوەی شۆڕش، بەڵام دوای دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و گوشار و تەنگ پێهەڵچنین بە هەمزاغای مەنگوڕ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە لەسەر سنوورەکانی عوسمانی – ئێرانی بەتایبەتیش لە (٤- ٦- ١٨٨١ز) لە دوای گرتن و بردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، لەبارەگاکەی خۆیەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ئیتر هەمزاغا تروسکایی هیوای هەڵسانەوەی شۆڕشی بەرەو کۆژانەوە دەچێ و تێدەگات دەرەتانی داڵدەدانی ئەویش لە قەڵەمڕەوی عوسمانیدا تەسك دەبێتەوە، ئەوسا لەوە ناچار دەبێ خەمی گەڕانەوەی خۆی بۆ ناوچەکە و نیشتیمانەکەی خۆی بخوات و بە ناچاری وەڵامی ئەو دەستە خائین و خۆفرۆشانە بداتەوە، کە بەناوی متمانە و دۆستایەتی دێرینەوە دەکەونە زەمینە خۆشکردن بۆ دڵنیاکردنەوە و تەفرەدان و

بەلەشكرێكەوە هاتە كۆیە و ڕووی كردە ڕانیە و لەگەڵ عەشایرەكان دەستیكرد بەشەڕ، عەشیرەتی ئاكۆی[1] زۆر عەزابدا، (مەمەند ئاغای) سەرۆكی عەشیرەتی ئاكۆی گرت، چونكە وایان تێگەیاندبوو، سمایل ئاغای غەفووری دەربەدەر و لە حكومەت قاچاغ بوو، ئەو دەیحەوێنێتەوە، ئیتر بەناوی نەهێشتنی فەساد، ئەگەرچی خۆیان سەرچاوەی دزی و تالانی و فەسادبوون، خەڵكەكەی زۆر پەرێشانكرد و لەپاش سووتاندن و تالانكردنی بیتوێن و ڕانیە، گەڕایەوە بەغداد و هیچی لەگەڵ هەمزاغا پێنەكرا، دواتر مەمەندئاغا لەبەندیخانەی بەغداد دەمرێت،[2] پێشتریش لە ساڵی **١٢٩٣**ی كۆچی بەرامبەر **١٨٧٩**ی زایینی تەقیەدین و عومەر پاشای دیاربەكر عەشیرەتی ئاكۆیان تالانكرد، موراد ئاغای حارس ئاغا و محەمەد ئاغای عەبدوڵلا ئاغایان گرت و

---

هێنانەوەی بە سوێند و درۆ و دەلەسە بۆ ناو تەڵە و داوی بۆسەیەكی دڕندانەوە. لەلایەن حەسەن عەلی خانی گەڕوسی فەمانداری مەهاباد لەماوەی ئەو ٨ مانگەی لە سابڵاخ فەرماندەی ناوچەكە بووە، تەقەلاكانی بۆ داڕشتنی نەخشە و پیلان و فریودان و خستنەداوی هەمزاغا زۆر شێلگیرانە لەكاردابووە، لە ڕێگای هاوڕێ دێرینەكانیەوە وەك میرزا قاسمی قازی و قادرئاغای دێبۆكری، بەبەڵێنی ئەوەی ئەگەر بگەڕێتەوە جگەلە لێخۆشبوونی گوێ لە داخوازیەكانیشی دەگیرێ، ئیتر بەفێڵ و درۆ هەمزاغایان خستە داوەوە و كەوتە بۆسەیەكی نامەردانەوە، هەمزاغا ڕۆژی هەینی (٣ی ڕەمەزان- ٣١- ٧- ١٨٨١ز) سەعاتێك پێش خۆرئاوا بوون كوژرا، كە ١٢ كەس لە خزم و برازاكانی لەگەڵ بوون هەموو كوژران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد حەمە باقی، ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر-٢٠٠٢.

١. عەشیرەتی ئاكۆ كەوتونەتە باكوری ڕۆژئاوای ڕانیە و ناوەندی ناحیەی (سەركەپكانە)ە، شەرەفخانی بدلیسی دەڵێت: زۆر ڕاست و ڕەوان بەرەبابی ئەوان دەچێتەوە سەر هیلال كوڕی بەدر كوڕی حەسنەوییە، كە فەرمانڕەوای دینەوەر و شارەزور بووە، هیلال لە شەڕێكدا كە دەگەڵ شەمش ئەلدەولەی دیلەمی والی هەمەدانی كرد كوژرا، سێ كوڕی بوون، ئەو سێ برایە لە پاش بابیان یەكیان لەجێی بابیان دانیشت و بوو بە فەرمانڕەوای شارەزوور و یەكێتریان بە سەر هۆزی (ئاكۆ) ڕادەگەیشت و برای سێیەم پەڕەوازەی لای ورمێ بوو، هەرسێك برا گەشەیان كرد و برەویان سەند و لەئەنجامدا هەموو سەریان بە میرەتی گەیشتووە. (هەی) دەڵێت: ئاكۆ ١٠٠٠ خێزانن، نیشتەجێن و لەباكوری ڕانیە دەژین، (زوبیر بیلال ئیسماعیل، مێژووی هەولێر) دەڵێت: ئەوانە چەند تیرەیەكن، ٤٠-٥٠ گوندیان هەیە لە چیای ڕانیە و باكوری قەڵادزە نیشتەجێن، هەژار موكریانی دەڵێت: هۆزی ئاكۆ لە چەند تیرەیەك پێكهاتووە، عەشیرەتێكی گەورەیە و پتر لە پەنجا گوند موڵكی هەبوو، عەشایری بۆڵی و بابۆڵی كە لەلای قەندیل گەرمێن كوێستان دەكەن و یەكجار زۆرن، سەرۆك هۆزەكانیان كەسایەتی بەڕێز و تێكۆشەر و نیشتمان پەروەرن، لە ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگیان لەناوچەكە گێڕاوە، بەتایبەت لەسەردەمی نزیكدا هەباس ئاغای مەمەندئاغا لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە ڕۆڵی گرنگی لەناوچەكە گێڕاوە، هەژار موكریانی دەڵێت: هەباس ئاغا هەوەڵێن ئاغابووە هاریكاری شۆڕشی كردووە، حزبی شیوعی و پارتی و قوڵەحزبی تر هەمووی لێ ڕازی بوون و تاریفیان دەكرد. بڕوانە: دەبلیو ئار هەی، سەرچاوەی پێشوو. - زوبیر بیلال ئیسماعیل، سەرچاوەهی پێشوو.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەمان سەرچاوە، ل ١١٠.

بەندیانکردن، لەبەندیخانەی کەرکوکدا موراد ئاغا مرد، شاعیری گەورەی گەلەکەمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی هۆنراوەیەکی بەو بۆنەیەوە داناوە، وەسف و پیاهەڵدانێکی بەرزە بۆ موراد ئاغا و هۆزەکەی، کەبە خاوەن سفرە و خوان و باشتر لە حاتەمی تەی وەسفی دەکات و دەیگەیەنێتە کەسایەتییە بەرزەکانی مێژوو،[١] هەموو ئەم پەلامار و تاڵانی و ئازاردان و سەرکوتکردنە، کاولکەر و سوتێنەر بوون، ناوچەکەی بەرەو پەرێشانی برد.

پێنجەم: ملنەدان بۆ پێکهێنانی (سوارەی حمیدیە- حمیدیە ئالایلری)، کە لەسەر زمانی خەڵك بە (ئێستر سوار)ناسرابوون، لەسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦- ١٩٠٩)دا حکومەتی عوسمانی بەهۆی باری خراپی ئابووری کێشەی زۆری هەبوو، سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا بەسیاسەتێکی حەکیمانە دڵی کوردەکان ڕابگرێ بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا ڕابکێشێ، بەرهەمی ئەو سیاسەتەش ئەوە بوو سوڵتان هێزێکی لە کوردەکان دامەزراند، بەناوی (هێزەکانی حەمیدیە)، لە ساڵی (١٨٩٠) لەسەر ناوی عەبدولحەمیدی دووەم، کەلە (٦٦) کەتیبەی سوارەی کورد پێکهاتبوون، زۆربەیان لە عەشیرەتی ملیی کورد بوون، لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەستیان کرد بە پێکهێنانی هێزێکی ناحکومی، بەهۆی ملنەدانی خەڵکی بیتوێن و پشدەر بۆ دروستکردنی هێزی سوارەی حەمیدی لە ناوچەی ئەوان، کاربەدەستە تورکەکان هەمیشە لەم سنووورە داخ لەدڵ بوون، بێشەرمانە دانی پێدادەنێن بەهێزێکی سەرکوتکەرو توندوتیژی عەسکەری و زەبری ئیداری مەدەنی خێڵەکانی چوارچێوەی فەیلەقەکەیان وێرانکردووە، لەچەند بەڵگەنامەیەکدا ڕق و تووڕەییان بەئاشکرا دیارە و نایشارنەوە، سەرەڕای هەوڵی زۆریانداوە،

١. دیوانی شیخ رەزا ی تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی: شێخ محەمەد خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم،هەولێر ٢٠٠٣، ل ٨٠.

ئەگەرچی نەتوانراوە جیاوازی و دووبەرەکی بنرێتەوە، بەردەوام هان داون بۆ ئەم مەسەلەیە. وێڕای ئەوە سوارەی حەمیدی لەپشدەر و ڕانیە پێکبهێنرێت یان دڵنیانین تاچ ڕادەیەك کۆسپ دێتە ڕێیان و ئەم دوو ساڵە بەهێزێکی سەرکوتکەر و توندوتیژی عەسکەری و زەبری ئیداری مەدەنی خێڵەکانی چوارچێوەی فەیلەقەکە پەروەردە و چاککراون، لەم ماوەیەدا بەسایەی سوڵتانەوە هێزەکانی حەمیدی پێکهێنران و هاندران. دیارە نەیانتوانیوە خۆیان بەرزەم بکەن، سەرەڕای زیانە مرۆییەکان لەڕووی کارگێڕیشەوە سنوورەکەیان سزا داوە، داوا کراوە قەزای ڕانیە بچووك بکرێتەوە و لەقەزاوە بکرێتەوە بە ناحیە، ئەمەش وەك سزایەك، شکستیان دەربارەی پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لە پشدەر و بیتوێن لەم چەند بەڵگەنامەیەدا دیارە، ئەم بەڵگەنامەیە وێنەی شفرەی تەلگرافنامەی موشیر زەکی پاشای فەرماندەی فەیلەقی هومایۆنی چوارەمە لەدیاربەکر لەبارەی پێکهێنانی سوارەی حەمیدییەوە لە خێلاتی پشدەر و ڕانیە (بیتوێن)، زەکی پاشا یەکەم کەس بوو، پێشنیاریکرد سوارەی حەمیدییە لە خێلاتی کورد پێکبهێنرێت، بەڵگەنامەکە لەمێژووی ١٦ی نیسانی ١٣٠٨ی ڕۆمی (١٨٩٢ی زایینی) بەسەرەوەیە، کە " ناوەندی بەڵگەنامەی عوسمانی" لە ئەستەمبوڵ لە کتێبێکدا بەناونیشانی (**MUSUL – KERKUK ILE ILGI-LI ARSIV BELGELERI** ١٥٢٥- ١٩١٩) بڵاو کردۆتەوە، ئەم بەڵگەنامەیە لە (ل١٩٧)ی سەرچاوەی ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (١).

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تردا پێشنیاری سزادانی ناوچەکە کراوە، بەهۆی ئەوەی خەڵکی سنووری پشدەر و بیتوێن ملکەچی فەرمان و یاساکانی عوسمانی نابێت، بەتایبەت لە پێکهێنانی سوارەی حەمیدی، لەبەرئەوە ناوچەکە

سزادەدەن و پێگە کارگێڕیەکەی لێ بسەننەوە، پێشنیاری گواستنەوەی ناوەندی قەزا لەمەرگەوە بۆ پشدەر، ئەم بەڵگەنامەیە کۆمەڵە پێشنیارێکی ئەنجومەنی تایبەت (مجلس مخصوص)ە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سەبارەت بەچەند گۆڕانکاریەکی نێو لیوا (سنجاق)کانی سلێمانی و کەرکوك، لەوانە گواستنەوەی ناوەندی قەزای مەرگە لە (مەرگە)وە بۆ پشدەر (قەڵادزێ) سەری گرتووە و دروستکردنی ناحیەیەك لەبەشی باکووری پشدەر و نزمکردنەوەی ڕانیە لە قەزاوە بۆ ناحیە و خستنە سەر قەزای کۆیسنجق و کۆکردنەوەی تفەنگی (مارتینی) لە خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و داخستنی چەکسازی لە شاری سلێمانی، کە کاتی بابانەکان پتر لە پەنجا کارگەی خۆماڵی (ئەهلی)ی تێدابوو، ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامەیە تایبەت نیە بە بیتوێن و پشدەر، بەڵام لەبەر بایەخی بەڵگەنامەکە خستمانە ئێرە، بەڵگەنامەکە مێژووی ٢١ی مایسی ١٣١٣ی ڕۆمی (١٨٩٧ی زایینی) بەسەرەوەیە. بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (٢).

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا لەکاتی دووەم شەڕی نێوان پشدەر و سیوەیلە، ئیمزای ڕۆژی ٢٧ی رمضان ١٣٠٩ك و ١٢ی نیسانی ١٣٠٨ی ڕۆمی "جواد پاشا"ی سەروەزیر (صدر اعظم)ی دەوڵەتی عوسمانی پێوەیە، واتە لەبەهاری ١٨٩٢ی زایینیدا، لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە: بەهۆی ئەو ئاژاوانەی نێوان پشدەر و سیوەیل، خێڵاتی ڕانیەش دژی حکومەت ڕاوەستاون و ئەگەر تەمبێ نەکرێن شتی ناخۆش ڕوودەدەن و دەبنە جێی سەرنج. پێویستە ڕێنەدرێت و سوپا بنێردرێت و وەك موسڵ ئاگادارکراوەتەوە، ئاوایش ڕێبەرایەتی ئۆردووی شەشەمی هومایۆن لایەنگیری ئەمە بووە و جەختی لەسەرکردووە، لەبەرئەوە ئاگاداری داوە، بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (٣).

بەڵگەنامەیەکی دیکە دەقی برووسکەیەکی ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٣٠٨ی ڕۆمی (١٨٩٢ی زایینی) "کەمال"ی والی موسڵە، وێنەی شفرەی تەلگرافی ویلایەتی موسڵ دەربارەی کێشەکانی ئەم سنوورە، داوا دەکات، هێندێک سوپا ڕەوانە بکرێت تا هیچ نەقەومێت. ئەگەر ویلایەت ڕێ و شوێن دانەنێت و جموجۆڵی عەسکەری کەمێك دوابخرێت، عەسکەری کاریگەری کەم دەبێتەوە. ئەم خێڵانە هەمیشە پەلاماردەدەن و شەڕ دەکەن و دژی حکومەت ڕادەوەستن و بەم شێوەیە بەردەوام دەبن، پێویستە بەزووترین کات پەنددابدرێن و کاری پێویست بکرێت بایەخی زیاترە. دەبێت ڕێ و شوێن دابنرێت تا باڵادەستی عەسکەر بچەسپێنرێت، تالانیەکە بگەڕێنرێتەوە و سەرکێشەکان تەمبێ بکرێن. عەسکەری شاهانە بەفەرماندەیی میر لیوا محەمەد فازڵ پاشا[١] بۆ چارەسەری خێڵات لە موسڵ کۆبۆتەوە تا لە سلێمانی دەستبەکاربێت و ئەو ئیشە لەوێ لە هێندێک شوێنی دیکە بەجێبهێنێت، هێزەکە شەش سەد سەرباز کەمترنەبێت و دوو ستوونی پیادەی عەسکەری شاهانە و سەدوپەنجا ئێستربێت و بچێت مەبەستەکە جێبەجێ بکات. خێڵاتی ڕانیە و سەرانی مەنگوڕ و (بالماس؟)ی[٢] قەزای ڕانیە لەسەر سنووری ئێران دانیشتون، بۆ زیاتر لەم زانیاریانە، بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (٤).

کاربەدەستانی تورك دژی خەڵکی ئەم دەڤەرە بڕیاری توندوتیژ و زوڵم و ستەمی بێئەندازە، بە برووسکە و فەرمانەکانیانەوە دیارە، چۆن دەیانەوێت خەڵکی ئەم دەڤەرە بەشێوەیەك بەوپەڕی توندوتیژییەوە سەرکوتیان بکەن، بۆیە هەر فەرماندە و سەربازێکی تورك هاتبێتە ئەم دەڤەرە دەستی کراوە بووە، لەوەی چەندی بۆ دەڕوات، دەتوانێت زوڵم و ستەم لە خەڵك بکات، بێ لێپرسینەوە

١. میر لیوا محەمەد فازڵ پاشا، ناوی (محمد فاضل داغستانی)یە.

٢. بالماس: دەبێت مەبەستی هۆزی (بڵباس) بێت کە لەقەزای ڕانیە و دەشتی بیتوێن جیشتەجێن.

ئەوەی دەتوانێت ئەنجامی بدات، لەو بارەیەوە لە ئەڵڵاوێردی[١] دانیشتوی ڕانیە لە ڕووداوێکدا تاوانبار دەکرێت، (عارف[٢]حەمەدەمین حەمەد ئەڵڵاوێردی) ڕووداوەکە لە زمانی مامی باوکی (حاجی ئەحەمەد ئەڵڵاوێردی) دەگێڕێتەوە: ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی تورکی پێگەی سەربازی لەڕانیە و سنوورەکە هەبووە سەرباز (جەندرمە)ی عوسمانی ستەمی زۆریان لەخەڵك کردووە، سەرەڕای تێکدانی ئاسایش و ئارامی هاووڵاتیان لە سنوورەکە، بەشەوان چوونەتە سەر ماڵان و لەدەرگای ماڵەکانیان داوە، کە لە دەرگایان دابایە و دەرگایان لێ نەکردبنەوە، ڕێسمەی دەرگای ماڵەکانیان شکاندووە، خراپەکاری و دەستدرێژیان کردۆتە سەرخەڵك و تاوانیان بەرامبەر ئەنجامداون.

چەند شەو جەندرمەکانی تورك دەچنە سەر ماڵی (ئەڵڵاوێردی) دانیشتوی ڕانیە، ئەویش بە زمانی تورکی زانیوە و دەنگی داون، شەوی یەکەم و دووەم گەڕاونەتەوە، شەوی سێیەم ڕێسمەی دەرگای ماڵەکەیان لەبەریەك بردووە، لەو کاتەدا ئەڵڵاوێردی تەقەی لێکردوون و هەردووك جەندرمەکانی کوشتووە و تەرمەکانی ڕاکێشاون بۆ پێش دەرگای ماڵەکەی، کە سەرانگوێلك (گفك)ێکی گەورەی لێبووە، یەکێکیانی خستۆتەژێر سەرانگوێلکەکە و پێڕانەگەیشتووە ئەوەی دووەمیش بشارێتەوە، جەندرمەی تر پێیان زانیوە و هاتوونەتە سەر ماڵەکەی و بووەتە تەقە، بەهۆی ئەوەی جەندرمەکان زۆربوون ئەڵڵاوێردی

١. ئەڵڵاوێردی لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی (نەهری) ناوچەی شەمزینانی باکوری کوردستان بووە، بە هۆی ئەوەی ئەفسەرێکی تورك لێیدەدات، ئەویش کوشتوویەتی و لە ناوچەکە دوورکەوتۆتەوە ڕای کردووە و لە ڕانیە گیرساوەتەوە، منداڵەکانی (حەمەد، ئەحمەد) منداڵەکانی حەمەد بریتی بوون لە (حەمەدەمین ١٩٢٥- ٢٠٠٥، ڕابی، پەری، فەرەنتی) منداڵەکانی ئەحمەد (ئامین، فاتمە، گوڵاڵە) ئێستا نەوەکانیان لە ڕانیە نیشتەجێن. (مەلاسمایلی نورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٥٤، ل ٤٦.

٢. عارف حەمەدەمین ئەڵڵاوێردی لە دایك بووی ١٩٥٣، بەرپرسی لیژنەی قەزای ڕانیە و ئەندامی لقی بیتوێنی حزبی شیوعی عیراق بووە، بەهۆی چالاکی سیاسی فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ دەردەچێ، لە ٢٦- ١٠- ١٩٧٨ پەیوەندی بەشاخەوە دەکات، درێژە بەخەبات دەدات تا ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە. بڕوانە: گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٥٤)، مانگی ٦ی ٢٠١٣، ل ٤٦.

ناچار خۆی دەربازکردووە، دوو کوڕەکانیشی، کەمێرمندالْ بوون، بەکولاوکەی خانووەکەیاندا خۆیان دەربازدەکەن و دەچنە مالْی (هەمین جەوانی) ئەوانیش حەشاریان داون، ئینجا بۆ بەیانی جەندرمە تورکەکان مالْی ئەلْلاوێردی تالاْن دەکەن و خانووەکەشی دەسوتێنن، ئەلْلاوێردی لە گوندی هەنجیرەی ڕۆژهەلاْتی ڕانیە دالْدە دەدرێت و ڕیشی دەهێلْێتەوە و ناوی خۆی دەگۆڕێت بە (سۆفی ئەحمەد) تا ئەو کاتەی ئەو تاقمە سەربازە (جەندرمە)ی تورکەکان لەڕانیە نامێنێت، ئینجا ئەلْلاوێردی دەگەڕێتەوە ڕانیە و خانووەکەی دروست دەکاتەوە.[١]

عوسمانیەکان دوو بارەگایان لە بێتواتە هەبوو، یەکێکیان لە مزگەوتی سپی لە گەڕەکی سەرمل، ئەوی تر لە خانەقای پیری ماویلی لە گەڕەکی خانەقا (گەڕەکی ژێری) بارەگای مزگەوتی سەرمل سەرەکیتر بوو، ڕۆژێك دوو جەندرمەی بارەگای خانەقا، سێزدە مریشکیان بردنە مالْی (حاجی داود) ئەو کاتە مالْی لە بێتواتە بوو، پێیان گوتن: دەبێ ئەو مریشکانەمان بۆ بکوژنەوە لەناو ڕۆنی خۆمالْیدا بۆمان سووربکەنەوە و مەنجەلْێکیش برنجمان بۆ لێبنێن، بزانن ئێمە ساوار ناخۆین!، مالْی حاجی داود برنجیان نەبوو، بەناچاری ساواریان ئامادەکرد، مریشکەکانیشیان بۆ سوورکردنەوە، کاتێ خواردنەکە ئامادەبوو، جەندرمەکان هاتن خواردنەکە ببەنەوە، یەکێك لە ڕەنجبەرەکانی حاجی داود لەوێ ڕاوەستا بوو، پێیاندەگوت: ئەحمەدەڕەش، کاتێك جەندرمەکان ساواریان بینی، یەکێکیان لەگەنی ساوارەکەی هەلْێنا و ڕۆی کردە ناو باخەلْی ئەحمەدەڕەش و سینگ و سکی سووتان و پڕ بەدەم هاواری کرد، ئەی هاوار سووتام...! حاجی داود بەم ڕووداوە زۆر پەستبوو، بەلاْم هیچ دەسەلاْتی نەبوو، بۆیە بەرەو بارەگا سەرەکیەکەیان کەوتەڕێ، لەلای بەرپرسەکەیان سکالاْی

١. مەلا سمایلی نورەدینی، مێژووی ڕانیە و بنەمالْەکانی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٥٤) ل ٤٦.

تۆمارکرد، بەرپرسەکە ژمارەیەك جەندرمەی نارده بارەگای خانەقا، هەردوو جەندرمە کەتنکارەکە و خواردنەکەیان هێنا و خواردنەکەیان بەسەر جندرمەکانی بارەگا سەرەکیەکەدا دابەشکرد و جندرمە کەتنکارەکەیان بەندکردن. لەبارەگای بێتواتەی عوسمانییەکان تۆپێکیان لە دژی فڕۆکەی ئینگلیز دامەزراند بوو، خەڵکی پێیاندەگوت (مەترە لۆس).[1]

## کوشتنی عیلمی بەگ

هەر لەسەرەتاوە عوسمانییەکان زوڵم و ستەمی زۆریان لەخەڵك دەکرد، بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی عوسمانییەکان زیاتر دەستیان بەڕاووڕووت و ئازاردانی خەڵك کرد، هەڵیان دەکوتایە سەر گوندەکان و دانەوێڵە و شمەکی خەڵکیان دەبرد، یەکێك لەو گوندانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوت گوندی هەرتەل بوو، پیاوێکی زێوەیی ناوی سەید ساڵح بوو، بەهۆی لێدانێکی زۆر لەلایەن جەندرمەکان چاوێکی کوێر بوو.

بەهێزێکی زۆرەوە (عیلمی بەگ) پەلاماری هەرتەلیدا، ئەو (عیلمی بەگ)ە ئەفسەری تورك بوو، سێ ئەستێرەی لەسەر شانی بوو، کاتێ پەلاماری گوندی هەرتەلیدا چل سوار ئەسپی لەگەڵ دابوو، خەڵکی ئاواییان کۆکردەوە و پێیانگوتن: وەرنە مزگەوت، وتارێکتان بۆ دەخوێنینەوە، کاتێ بەشێکی زۆری خەڵکەکە هاتنە مزگەوت، جندرمەکان هاتنەدەرێ و دەرگایان لەسەر خەڵکەکە داخست و هەڵیان کوتایە سەر ئاواییەکە و کەوتنە گیانی پیر و ژن و منداڵ، ئەوانەی لە ئاواییدا مابوون، زۆریان ئازاردان و پیاوەکانی نێو مزگەوت هەوڵیاندەدا لە مزگەوت بێنەدەرێ، بۆ ئەوەی فریای کەسوکارەکانیان

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩

بکەون، لەو کاتەدا ژنێکی گوندەکە ناوی خەیاڵ بوو، هاوسەری مەلا عیسا، لە دیوی دەرەوەی مزگەوت پەنجەرەیەکی هەڵوەشاند و پیاوەکان هاتنەدەرێ، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان جندرمەکان و خەڵکی ئاوایی بەهاوکاری خەڵکی گوندی زێوە ڕوویدا، لەو کاتەدا سێ کەس (حەسەن هەرتەلی و بارام هەرتەلی و وسو زێوەیی) ڕێکەوتن، بەیەکەوە هەڵکوتنەسەر (عیلمی بەگ)، کە لە پێش مزگەوت چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، کاتێك لەنێو چۆمەڵانی نزیك مزگەوت لە (عیلمی بەگ) نزیك کەوتنەوە (حەسەن) بە گولەی جندرمەکان کوژرا، وسو و بارام نەکشانەوە. بەڵکو بەردەوام بوون، لە هێرشبردن، کاتێ (عیلمی بەگ)یان لێدەرکەوت بەیەکەوە جووتە گولەیەکیان تەقاند، لەو کاتەدا بارام لە چەکەکەی خۆی ڕووانی گولەکەی دەرنەچوو بوو، گوتی: وسو دەستخۆش توانیت عیلمی بکوژی، ڕایان کردە سەر تەرمی عیلمی و لەو کاتەدا گیانی دەرچووبوو، جندرمەکان کاتێ زانیان عیلمی کوژراوە، ورەیان بەردا و خۆیان بەدەستەوەدا، دواتر ئازادیانکردن و ئەسپ و چەکەکانیان لێگێڕانەوە و تەرمی (عیلمی بەگ)یان فڕێدایە نێو زێرابی مزگەوت، هەیشە دەڵێن تەرمەکەیان فڕێ دایە (خڕا قەرەندەری)، لە گوندی هەرتەل، بۆ ماوەیەك خەڵکەکە ئاواییان چۆڵکرد و پەنایان بردەبەر شاخەکان.[١]

کاتێ (عیلمی بەگ)ی لێپرساوی تورکان لە گوندی هەرتەل کوژرا، بەشێك لە هەرتەلییەکان ڕایانکرد، بەرەو گوندی سەردۆڵ، دواتر تورکەکان بەدوایاندا هاتن، بەمەبەستی دەستگیرکردنیان خەڵکی سەردۆڵ هەرتەلییەکانیان حەشاردا، تورکەکانیش داوایاندەکرد هەرتەلییەکانیان پیشان بدەن، ئەوانیش حاشایان لە بوونی هەرتەلییەکان کرد لەو گوندە، بەڵام ئەو تورکانە باوەڕیان

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٢

پێنەکردن و چەند کەسێکی ئەو گوندەیان بەگوریس هەڵواسی، یەکێك لەوانە کوێخا کەریم (کەریماغا) بوو، ئەو کات کوێخای سەردۆڵ بوو.

چەند ڕۆژێك دوای کوژرانی عیلمی بەگ ئەفسەری تورك، جندرمە هاتن و تەرمی عیلمیان بردەوە بۆ تورکیا، دوای ئەوە جندرمە ئاوایی هەرتەل و زێوەیان سوتاند. ئەو کاتە جندرمەکانی تورك بێجگەلە گوندی هەرتەل، چەند خانوویەکی گوندی (دواوە)شیان سووتاند.[١]

تەنیا گەڕەکی مەلازادان نەسووتا، هەرچەندە ئاگریشیان تێبەردا، بەڵام ئاگری نەگرت. جەندرمەکان ژمارەیەك کوڕ و پیاوی ئەو گوندەیان پەل بەست کرد و بردیاننە تورکیا و بەندیان کردن، ئیتر عوسمانییەکان بڕیاریاندا هەرتەل هەتا حەوت ساڵ ئاوەدان نەکرێتەوە. بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بێسەر و بەری و شێواوی عوسمانییەکان، هەر لەو ساڵەدا گوندی هەرتەل وردە وردە خانووەکانی چاککرانەوە و ماڵەکان گەڕانەوە.[٢]

ئەو تورکانە هەموو ساڵێك لەوەرزی بەهاردا دەهاتنە ئەو گوندە و دەچوونە نێو ڕەزەکانیان، هێشتا بەری ڕەزەکان بەرسیلەبوو، بەرسیلەکەیان دەخەملاند و برە پارەیەکیان بەناوی ڕەزانە لە خاوەن ڕەزەکان دەستان، ئەو بەرسیلەیە تا وەرزی پایز پێدەگەیشت، تووشی هەر کارەساتێك بووایە، یان نەبووایە، ئەوان لە وەرزی بەهاردا ڕەزانەی خۆیان وەردەگرت.[٣]

ئەمانە و چەندین زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی تری عوسمانییەکان ژیانی هاوڵاتیان و خەڵکی ژێردەسەڵاتیان شێواندبوو، خەڵکەکەش بێچارە بوون، دەبووایە بەم قەدەرەی خۆیان ڕازی بووایەن، جاری واش هەبوو، زوڵمی تورکەکان

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤
٢. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٢
٣. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٧٤

ئەوەندە دڕندانە بوو، هاوڵاتیەکان خۆیان پێنەدەگیرا و بەرەو ڕوویان دەبوونەوە، ئەوەش ڕوونە لە دۆخێکی ئاوادا بەرەو ڕووبوونەوەی دەسەڵات و سەربازانی عوسمانی دڕندە مانای وا بوو ئەو کەسە تازە ژیانی ئەستەم بوو، لەلایەن عوسمانییەکان سزا دەدرا، زۆر جاریش سزاکە مەرگ و نەمانی خۆی و دەربەدەری و ماڵ سووتان و وێرانی بنەماڵە و گوندەکەی بوو، سەرەڕای ئەوەی خەڵك ئەو ڕاستیانەشی دەزانی، بەڵام زوڵم و چەوساندنەوەی تورکان هێندە زاڵمانە و درندانە بوو، زۆر جار خەڵك لەدەستیان وەزاڵە دەهاتن و ناچاربوون، بەلەبەرچاوگرتنی و نەمانی خۆیان بەرەو ڕوویان دەبوونەوە.

# بەشی سێیەم
# هێرشی ڕووسیا بۆ سەر کوردستان

## هێرشی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

جەنگی یەکەمی جیهانی کارەساتێك بوو، هەموو ناوچەکەی بەرەو نەهامەتی برد، تورکەکان لەبەرنەزانی خۆیانخستە ناو ئاگری شەڕکە و ئاکامەکەشی لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی لێکەوتەوە، لەمانگەکانی یەکەمی شەڕ ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی موفتی کوردستانی عوسمانی بەڕێکوپێکی هاتنە ڕۆژاوای ئازربایجان و خەڵکی کوردی ئەم ناوچانەیان بانگهێشت دەکرد، بۆ جیهاد و غەزا بەرامبەر بە مەسیحیە کافرەکان، هەڵبەت هەندێکیش لە پیاوانی ئاینی پێچەوانەی ئەمە بوون، ئەم هەوڵانە بەتێکرایی بۆ ڕووسیا جێی مەترسی و زیان بوو، چونکە ئەم وڵاتە بەر لەشەڕ هیچ بایەخێکی بەکێشەی کورد نەدەدا و داواکاری پیاوە چالاکەکانی کوردی عوسمانی بەهەند هەڵنەدەگرت، کە داوایان لێدەکرد ڕۆڵێکی بنچینەیی لە چارەنووسی کورد ببینێت، ئێستاش دەبینن وزەی هێزی جەنگی و هەستی کورد لەخزمەت عوسمانی دایە، بۆیە هەوڵیدا زەرەر لەنیوە بگەڕێنێتەوە و پلانێك دابڕێژێت بۆ ئەوەی کورد لەخۆی نزیك بکاتەوە.

(لازاریف) لە بارەی ئەم پلانەوە دەنووسێت: وەزارەتی جەنگی قەفقاز (K B O) لەسەرەتای شەڕەوە، هەندێک پێویستی دابینکرد بۆ ڕاپەڕینی کورد و ئاسووری و ئەرمەن، (ئیسماعیل ئاغای شکاك و شێخ عەبدولقادر و عەبدولڕەزاق بەردرخان) و سەرکردەکانی تری کوردی عوسمانی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لەم پلانە ڕاگەیاند، (نیکتین)یش وێڕای دانپێدانانی ئەم پلانە دەنووسێت: ناوی هەندێک لە سەرکردەکانی کورد، کە ئێمە لەم ناوچانە وتوێژ و دانیشتنمان لەگەڵ کردوون، ئاشکرایە ڕووسیا دەیویست کارێکی وابکات لەڕقی کورد بەرامبەر بەڕووسیە کەم بکاتەوە، ئامانجی دووەمی سیاسەتمەداری ڕووس لەیەك گرتنیان لەگەڵ کورددا، ئەوە بوو بەڕاکێشانی کۆمەڵگای کوردی بۆ ژێردەست ڕۆیشتووی سیاسی خۆی، ئەگەر هاتوو عوسمانی لەشەڕ تووشی شکستبوو، ئەوا جێ پێیەکی پتەو دوای شەڕ بۆ خۆی دابینبکات، لە دابەشکارییەکەی عوسمانیدا، (کەندالٚ) لەو بارەیەوە دەنووسێت: ڕووسیای قەیسەری (لەسەردەمی شەڕدا) لەهەمانکات بەڵێنی یارمەتی دارایی بە بزووتنەوەی کورد دەدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی هەوڵیدا کوردستان بەخۆیەوە بلکێنێت، هەروەك هێزە ئیستعماریەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، بەڵام هەبوون ئەو کوردانەش بایەخیان بە فەتوای جیهاد و ڕاگەیاندنی شەڕ نەدا و دژی وەستان، ئەم دژایەتییە سەرەتا لە کوردستانی عوسمانی بوو، دوایی گەیشتە کوردستانی ئێرانیش.

پلانی ڕووسەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی کوردان کاریگەرنەبوو، تەنانەت (شێخ عەبدولقادر و سمکۆ)ش پەیمانی خۆیان لەگەڵ ئەواندا پشتگوێخست و هێرشیان بردەسەر یەکەی سوپای ڕووس، ئەم هێرشانە کاتێک خەستتر بوونەوە، کە تورکەکان چەك و تفاقیان لەبەر دەستی دەرەبەگی کورد دانا و مەلاکانیش

پڕوپاگەندەی جیهادیان دەکرد لەخزمەت عوسمانیدا، بۆ ئەوەی هەستی ئایینی خەڵکی کورد بجولێنن.[١]

(باسیل نیکتین) لەبارەی ئەم دەستپێشخەریانەی کاربەدەستانی ڕووس لەم بارەیەوە دەنووسێت: وەك بیستوومە لەناوچەی چالاکیەکانی (باراتۆف) (فەرماندەی هێزی ڕووس لە خاکی ئێران) ڕێکەوتنامە گەلێك لەگەڵ کوردان بەستراوە، بەڵام بەئەنجامی چاك نەگەیشتوون، هیچ بەڵێنی ئەوان جێی بڕوا نییە، خودی منیش لە ورمێ ئەم هەڵانەم کرد، (بەڵام هەر کە بۆم دەرکەوت هەر جۆرە ڕێکەوتنێك لەگەڵ کوردان کارێکی بەخۆڕایی و بێئەنجامە، خۆم بەوردبوونەوە لەبارودۆخی کوردستان و زمانی کوردی خەریککرد)، لەوەڵامی ئەم پرسیارە، کەبۆچی سەرانی کورد و ڕووس نەیانتوانی ڕێکبکەون و هاوکاری یەکتربکەن، بۆ ئەم هەلومەرجە گشتییە دەگەڕێتەوە، کە ئازەربایجان بەتورك و کوردەوە لەسەردەمی شۆڕشی مەشرووتە تووشی سیاسەتی نارەوای پەلاماردەری ڕووسەکانی نیشتەجێی ناوچەکەبوون، ئەوە زەمینەی لەباری بۆ ڕەخساندنی پەیوەندی و هاوکاری نێوان ڕووس و کورد تەنانەت بەر لە جەنگیش لەنێوبردبوو.

کسرەوی لەم بارەیەوە دەنووسێت:

لەئازەربایجان جەنگ لەدوولاوە دەستی پێکرد، یەکیان لە سنووری بازرگان لەورمێ و ئەوی تریان لە سنووری بانە و لە ساباڵاغەوە، لەهەردوو جێگادا موجاهیدانی ئێرانی و کوردان پێشڕەو بوون و عوسمانییەکان لەدواوەی ئەوان بوون، بەپێی نووسراوی کونسوڵی ئەو کاتی ئەڵمانیا (لیتن)، والێکدەدرێتەوە، بەشی هەرە زۆری هێزەکانی ژێر فەرمانی (موختار بەگی شەمخال)، فەرماندەی عوسمانییەکان، کەلە هەشتەمی کانوونی دووەمی ١٩١٥ تەورێزیان گرت، ئەو

---

١. موجتەبا بورزوویی، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٥٦.

کوردانە بوون، کەجلی کوردییان لەبەربوو، ژمارەیەکی کەم لە عەرەب و تورك لە تەکیاندا بوون، خەڵکی تەوریز بەدەست و دیاری بەخێرهاتنی شەڕکەرانی کوردیان کرد، پاراستنی نووسینگەی کونسوڵی ئەڵمانیا بەکوردەکان سپێرا، دیبلۆمانی ئەڵمانی سەرسام بوو، بەو هەموو سام و هەیبەتەی شەڕکەرانی کورد، ئەو دان بەوەدادەنێت هۆزگەلی کورد هەرگیز ماڵ و سامانی خەڵکی تەوریزیان تالان نەکرد، ئامادەیی پڕ لەسەرکەوتنی کوردان لە تەوریز زۆری نەخایاند، لەدوا ڕۆژەکانی کانوونی دووەمی **١٩١٥** پاشەکشەی ئەوان بەرەو میاندواو و سابلاخ دەستی پێکرد، (لیتن) لەم پاشەکشێیە لەگەڵ ئەفسەرانی تورك و کوردەکان بووە، وێڕای ڕوونکردنەوەی بارودۆخ بابەتگەلی سەرنجڕاکێش دەردەخات، سەبارەت بە بنەماڵەی قازییەکان، تاوانی شکست دەخاتە ئەستۆی عوسمانییەکان.[١]

لە ساڵی**١٩١٦** هێزێکی گەورەی سوپای ڕووس لە ئازەربایجانی ئێرانەوە، پەلاماری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیاندا و بەمەبەستی داگیرکردنی، دوای ئەوەی هێزە عەشایرییەکان نەیانتوانی بەرلەو داگیرکارییەبگرن، سەربازانی ڕووس ناوچەکەیان کۆنترۆڵکرد، بەهەموو شێوازێکی نامرۆڤانە کەوتنە ئازاردانی خەڵکی بێتاوان و ڕۆژانە بەدەیان کەسیان لێ شەهید دەکردن، دوای ئەوەی ڕووسیا هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاککردەوە، لەساڵی **١٩١٦** ڕووسیا بەسوپایەکی زۆر بەهێزەوە لە ئازەربایجانی ئێرانەوە هاتە ناو خاکی ئێران، بۆ ئەوەی لەوێشەوە پێشڕەوی بکات بۆ باشووری کوردستان، بەمەبەستی پێشێلکردنی سەروەری و سەربەخۆیی کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکانی، ئەوەبوو یەکەمجار هاتە تەوریز و لەوێشەوە بەرەو شارەکانی

---

١. موجتەبا بورزوویی، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨.

ماکۆ، سەڵماس، ورمێ، شنۆ، سابڵاغ، پیرانشار، سەردەشت، خراپەکاری و ماڵوێرانیەکی زۆری بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە هێنا، ژمارەیەك لە کوردەکانی ئێران داوایان لەڕووسیا کرد هاوکارییان بکات، وەکو خێڵەکانی (شکاك، جەلالی، برادۆست، مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، شنۆ)، بەڵام ڕووسیا هاوکاری نەکردن و (ئۆبەر میللەر)ی یاریدەدەری کۆنسۆڵی ڕووس لە ورمێ دەڵێت: "بارودۆخی کونسوڵخانە لەگەڵ کوردەکانی سەر سنوور زۆر ناسکە و من بەباشی ئاگاداری کارەکەم داوا دەکەم بەو پەڕی ئاگاداریەوە چاودێری بکرێن".[١]

ئەم هەولومەرجە هەڵسەنگاندنی (نیکتین) دەسەلمێنێت، کەلە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسیکردووە، بنەمای پێوەندی تورك و کورد لەسەردەمی شەڕ پتەو نەبوو، خەڵکی تێگەیشتوو لێی دڵنیا نەبوون، وەستانی ئازایانەی کوردان لەئاست دوژمن بێ ئەوەی یارمەتییەکی پێویست لە عوسمانیەکان وەربگرێت، تاساڵی ١٩١٦ی خایاند. لەدواییدا قۆزاقەکانی سیبریا، کەبە (دراگۆن) بەناوبانگ بوون، هەشت هەزار کەس لەخەڵکی مەهاباد و هەموو دانیشتوانی شنۆیان کۆمەڵکوژ کرد، بەپێی نووسینی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد: ڕابەری خۆڕاگر میرزا فەتاحی قازی، کەتافی لاوێتی و پیری خۆی لەڕێگای خزمەت بەخەڵکی ناوچەکە بەسەربرد بوو (بۆیە دوژمنانی خەڵکی کورد تینووی خوێنی بوون)، تا دوافیشەك شەڕی کرد و لەدواییدا لەسەنگەر هاتەدەر و بەدوژمنی گوت: ئێستا دەتوانن لەسەر لاشەی من و کوڕەکەم تێپەڕن و شارەکەم داگیر بکەن، حەڤدە گوللە بەسنگی ئەو کەوتبوو.[٢]

کاتێك سوپای ڕووس گەیشتە (خوی) و سەڵماسی ناو کوردستانی ئێران، شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە دەستی پێکرد، وڵاتەکەیان وێرانکرد و

١. هەستیار کەمال کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٨.

٢. موجتەبا بورزوویی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠

خەڵکیان تاڵانکرد، دەستیان لەکوشتنی خەڵك نەپاراست، لەبەرئەوە لەهەموو لایەکەوە پێشەوایانی ئاینی ئیسلام دەستیانکرد بە بانگەوازکردنی موسڵمانان، دژ بە سوپای کوفر ڕابوەستن، واتە دژی سوپای ڕووس جیهادبکەن، غەزایە و غەزا لەبەر دەرگایە.[1] هێزەکانی ڕووسیا زۆربەی لە سوارەی قەوقاز پێکهاتبوو، ئەمانە بەناوبانگ بوون بەدڵڕەقی و بەرەڵایی و کەم گوێدان بە ئازاری مرۆڤ، دەگێڕنەوە: لەهەندێک شاری ئێران ژنیان لەشەقامەکان دەرِفاند و پەلاماری گەرماوی ژنانیان دەدا، کردەوەی وایان ئەنجامدەدا باس ناکرێت، لەو ڕۆژانەدا حکومەتی ئێران زۆر لاوازبوو، هێزێکی ئەوتۆی نەبوو تا ئاسایشی پێ بپارێزرێت، بۆیە ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی داگیرکەری ڕووس بوون، ئاژاوەیەکی سەر تا سەری تێدابوو، چەتەکان لەهەموو شوێنێك بڵاوبوونەوە، هەروەها برسیەتیش بڵاوبووەوە.[2] سوپای ڕووسیا بۆ ئەوەی ترس و تۆقاندن لەدڵی خەڵکدا دروستبکات، زۆر بێڕەحمانە کەوتە تاڵان و بڕۆی خەڵکی کوردستان و وڵاتەکەی یەکجاری کاولکرد، لە تاڵان و بڕۆ و پەلاماردانی ژنانیش سڵی نەدەکردەوە، مەسعوود محەمەد لە زمانی مامۆستا هێمنی موکریانییەوە دەگێڕێتەوە: ساڵانی دوای شەڕ باوکم ڕۆژانە سەردانی گۆڕێکی دەکرد، گوتم: هۆکاری چییە؟ ئەوەندە سەردانی ئەو گۆڕە دەکات، ئەو بەحەسرەتەوە گوتی: ڕۆڵە لە ساڵی ١٩١٦، کە سوپای ڕووسیا هورووژمی هێنا، بۆ ئەم مەڵبەندە واتە موکریان، ڕۆژێکیان لە نەغافڵی بەسەر دێیەکەمانی دادا، کوشتن و بڕین و فەسادکردن وەهابوو نەگێڕدرێتەوە، بەچاوی خۆم دیتم لەشوێنی ئەو قەبرەی ساڵانە زیارەتی دەکەم دەستەیەکی ساڵدات[3] کچێکی

---

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

٢. عەلی وەردی، بەرگی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢-٤٥٣.

٣. سەربازی ڕووس ساڵداتی پێدەگوترا.

جوانیان گرت، ویستیان لێی بەنیازبگەن، ئەویش وەکو ئاگر بەربووە گیانیان، دەیانخست و هەڵدەستایەوە، کەلێی بێئومێد بوون و زانیان خۆبەدەستەوەنادات، پارچە پارچەیانکرد، منیش وەکو خەڵکی دێیەکە هەڵاتم، ڕێکەوت وەها بوو چەند کەسێك لە ژن و پیاو خۆمان لە ئاشێکی نابەرچاو حەشاردا، فەوجێکی ڕووسەکان لەو نزیکەوە ڕەتبوون، سوارەیەکیان هاتەلامان و دۆزینییەوە، کچێکی جوانکیلەی ڕاکێشا بۆ پەنایەك، کچە هاواری دەکرد مامە بمگەیە، مام لەناو خەڵکەکە هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێ کیژم هیچم پێناکرێت، ساڵداتەکە دوای دابین بوون گەڕایەوە بۆ فەوجەکەی.[١]

حاکمی سۆمای تەواو دەستەپاچە بوو، لە ڕاوەدوونانی شکاکەکانی سۆمای، دواجار وایلێهات نەوەکانی عەلی ئاغای شکاك بەسواڵکردن کەوتن، بەم شێوەیە دوا زنجیرەی بەرەبابێك لەناوچوو، کە پاشماوەی بەجێماوەکانی گەواهی گەورەیی ئەمیرەکانی سۆمای دەدەن، ئەفسانەی میللی بەدەنگی بەرز هاواردەکەن، کەوا حکومەتەکەیان لەوەی شێخ یان ئەوەی سوڵتانەکان باشتر بووە.[٢] سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتی و ماڵوێرانیەی بەسەر خەڵکی کوردستانی بندەسەڵاتی عوسمانی داهات، لە دەستدرێژی کردن و ڕاووڕووت و بێ قانونیش، حکومەت لەگەڵ میللەتی دەکرد، ئەوەندەی تر لە ئەرك و ئازاری خەڵکی زیاددەکرد، بەڵایەکی ناگەهانە و بەمل خەڵقدا هاتووە و هەمووی تێدا بریندار و خەفەتبار و تازییەبارە، کوردستانی عیراق بەهەموو کێشە و بەڵایەکەوە دووچاری ببوو، بەختیارتربوو، لە کوردستانی ئێران، ڕەوی لەشکری قەیسەری ڕووس هەموو ئەو شوێنانەی تێدا کاولکرد بەر لێشاوەکەی کەوت، ڕووت و برسی و پەنابەرەکانی کوردستان و ئازەربایجانی ئێران ڕوویان بۆ دیوی عیراق

١. مەسعود محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

٢. گیلان، هەمان سەرچاوە، ل ٢٥

هێنا، یەکێك بوو لە هۆی قاتوقڕی ساڵی ١٩١٧ دانیشتوانی کوردستانی عیراقی وەك گەڵای پایز هەڵوەراند.[١]

## سەردەشت چەقی کارەسات

سەردەشت شارێکی کوردنشینی سەر بەئازەربایجانی ڕۆژئاوایە، (١٢٠) کیلۆمەتر لە مەهاباد دوورە، کەوتۆتە سەر ڕێگای هەرێمی کوردستان، پشدەر - ئێران، ماوەی نێوانی (٣٠) کلیۆمەتر دەبێت، (١٧٨٩) مەتر لەڕووی دەریاوە بەرزە، ژمارەی دانیشتوانی سەردەشت بریتییە: لە (١٠٠٠٠٠) کەس، (٣٠,٩٠٤) کەسی لەشار و (٦٢,٢٦٤) کەس لە (٢٧٠) گونددا نیشتەجێن، ناوچەیەکی کێوپارەیە، سروشت و تاڤگە و ئاوەهەڵدێری دیمەنێکی جوانی هەیە.[٢]

ناوچەی سەردەشت، وەك هەموو ناوچەکانیتری کوردستان لەژێر سایەی دوژمنە دڕندەکانی کوردستان، هەمیشە گۆڕەپانی کێشە و ڕووداو، تاڵانکاری و شەڕوشۆڕ بووە، هەمیشە لەسایەی ستەمی دوژمنەکان ئازار و ماڵوێرانی زۆری بینیوە، بەر لەجەنگ (جاك دۆمۆرگان)[٣] سەرپەرشتیاری لیژنەی سنوور، ١٨٩٢، دەڵێت: حاکمی سەردەشت پێیڕاگەیاندین پشێوی زۆر توند لەنێوان پشدەرییەکاندا لەچیاکانی سلێمانی و ئالاندا ڕوویداوە، ڕێگای نێوان سەردەشت و هەولێر لەلایەن ڕێگرەکانەوە گیراوە، ئەو باسی ئەوکێشانەی لەسەر ڕێگای دامەزراندنی ئاشتەوایی لەنێوان هۆزەکاندادەکرد، هەروەها ناچاربوو لە خودی سەردەشت لەماوەی شەودا لەگشت شارەکە ئێشکچی دابنێت، سەگی

١. مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

٢. فەرەیدون حەکیم زادە، شەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژووییەکاندا، وەرگێڕانی: حەمە ڕەسوڵ حەسەنپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٧، ل ١٣.

٣. جاك دۆمۆرگان سەرپەرشتیاری دەستەیەکی فەرەنسایی بووە، کە ساڵی ١٨٩٢ سنوورەکانی کوردستانی بینیوە، لە کتێبی جوگرافیای ڕۆژئاوادا بیرەوەرییەکانی نووسیوە.

زەلامیش لەسەر بانەکان دەخەون، لەچل ساڵ لەمەوبەرەوە هیچ ئەوروپاییەك بۆ ئەم بەشەی کوردستان نەهاتووە، لەم کاتەدا فەرەنساییەك، ئینگلیزێك، ڕووسیەك، ئێرانیەك و تورکێك ڕاسپێراوی لێکۆڵینەوەی سنووری زێی نێوان پەسوێ و سەردەشت بوون، ئەوان پارێزەری باشیان لەگەڵ دابوو، (یاداشتەکان ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٠ی ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارەی بە ١٥٠٠ کەس داناوە، نزیکەی (١٠٠) سەد هەزار سەربازی ئێرانی بەمەبەستی پاراستنی شارەکە لەم شارە بچووکە جێگیرکراون.[١]

لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەهۆی تەماعکارییەکانی ڕووسیا و بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە نشێو و دامێنەکانی زاگرۆس و ئاوە گەرمەکانی کەنداوی عەرەب، سوپای ڕووس لە ئازەربایجانەوە هاتە ناو خاکی ئێران، بەهۆی لاوازی و کەمتوانایی حکومەتی ئێران، لەماوەیەکی کەمدا توانی ناوچەکانی ورمێ و سابڵاغ و ناوچەکانی تریان داگیرکرد و سەدان تاوانی نەشیاویان ئەنجامدا، دواتر بەرەو بانە و سەردەشت ڕۆیشتن، کاتێك هێزی ڕووسەکان گەیشتە بانە و سەردەشت، هێزی حکومەتی لێنەبوو.[٢]

پوڵنیگ ئەلسکاندەر[٣] فەرماندەی سوپای ڕووس خۆی و سوپا ملهوڕەکەی کەوتە پێشڕەویکردن، لەگەڵ دانیشتوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کەوتە شەڕێکی

١. فەرەیدون حەکیم زادە، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

٢. فەرەیدون حەکیم زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

٣. ئەحمەدی حەماغای پشدەری دەڵێ: مینۆرسکی سەرلەشکری ڕووس بوو، بەڵام مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە پەراوێزیدا دەڵێت: مینۆرسکی سەرلەشکر نەبووە، بەڵکو ساڵانی ١٩٠٤- ١٩٠٨ لە باڵێوزخانە و کونسوڵخانەی ڕووس لە تاران و تەورێز ڕاوێژکار بووە، چەند گەشتێکی بەناو بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوای ئێران "کوردستان"دا کردووە، ساڵی ١٩١٣ کراوە بە ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران. ئەوجا بووە بە ڕاوێژکاری تایبەتی باڵیۆزخانەی ڕووس لە تاران. تا ١٩١٩ لەم بابەتەدا ماوەتەوەو ئیتر چووە بۆ پاریس. بڕوانە:عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦. - حسین حوزنی موکریانیش لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٤ دا، پێداچونەوەی د. کوردستانی موکریانی، ژ:١٢٠، لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ دەڵێت: ئەو سەرلەشکرە ناوی (پوڵنیگ ئەلسکاندەر) بووە. ئێمە بۆچوونی مامۆستا حسین حوزنی موکریانی وەردەگرین، پیاوێکی ڕۆشنبیر و بەئاگا بووە و خۆی مێژوونووس بووە و زیاتر شارەزای ڕووداوەکان بووە.

سەخت و خوێناویەوە، سوپای ڕووس، وەکو دڕندەیەکی کێوی پەلاماری خەڵکی ناوچەکەی دەدا، بەکوشتن و سووتاندن و تالان و فەسادکردنی ئافرەتانی داوێن پاك، بەزۆری زۆرداری. لەئەنجامی ڕەفتاری خراپ و شالاوی دڕندانەی ڕووسەکان، خەڵکی ناوچەکە بە ناچاری ناوچەکەیان چۆڵکرد و دەربەدەری ناوچەکانیتربوون، بۆ پاراستنی سەر و گیان و ناموسیان. هێزی بەرەنگاری خەڵکیش بەهۆی چۆڵ بوونی ناوچەکە و نەگەیشتنی خواردن و خواردنەوە و پێویستیەکانی شەڕ و تەقەمەنی، جیهادکاران بەرەبەرە کشانەوە بەرەو سنووری عیراق – ئێران.

سوپا دڕندەکەی ڕووسیش، وەك گورگی هار و برسی دەستی بگەیشتایە هەر شوێنێك لە تالان و سوتاندن کەمتەرخەمی نەدەکرد، تا گەیشتە ناو شارۆچکەی سەردەشت، کەوتە گرتن و تالانکردنی شارەکە. چەندان کاری وایان لێوەشایەوە شایانی کردن نەبوون، سەربازەکانی ڕووس بەگەیشتنیان بەسەردەشت شارەکەیان سووتاند و (٨٥) نەفەر لە گەنج و پیر لە خانووی (ئەحمەدئاغای ئالاخانی)دا زیندانی کرد و ئاگریان بەردایە خانوەکە و هەموو نەفەرەکان بەزیندوویی لەناو خانوەکەدا سووتان.

پیاوێکی ناوداری سەردەشت ئەسپێکی بەناوبانگی دەبێت، ڕۆژێك بیانووی پێدەگرن، خۆی و ئەسپەکەی دەهاونە ناو سەرچاوەی سەردەشت و هەردووکیان دەخنکێن، هەر لەناو شاری سەردەشت پیاوێك ژنێکی زۆر جوان و داوێنپاکی دەبێت، ڕووسەکان چاوی بێناموسی تێدەبڕن و هەوڵی فەسادکردنی دەدەن، بەلام ژنەکە خۆی نادات بەدەستەوە، ڕۆژێك دەچنە سەریان و بەبەرچاوی پیاو و ژنەکەوە هەردوو کوڕەکەیان سەردەبڕن، ژنەکەش چوار مێخە دەکێشن و ئەوەی

نەدەبوو بکرێت بە بەرچاوی مێردەکەیەوە لەگەڵ ژنەکەی دەیکەن.[١] سوپای دڕندە و بێویژدانی ڕووس لەماوەی داگیرکاری و پەلامارەکەیدا کارێکی وای بەسەر خەڵك هێنا، ئەستەمە لەیادەوەری خەڵکدا بسڕێتەوە، هەر لەو هێرشەدا لەناو شاری سەردەشت خەڵکێکی زۆر لە گەنج و پیر کۆدەکەنەوە و دەیانخەنە ناو گەرماوی سەردەشتەوە، کە دەستکردی (عەزیرخانی موکری)[٢] بوو، ئاگر لە حەمامەکە بەردەدەن، تەنیا پیاوێك بەناوی (ڕەشیدی مام ئالا) ڕزگاری بووە، لە کولانەی حەمامەکەوە بۆی دەردەچێت و دەچێتە ئەشکەوتی (پوورمرۆت) خۆی حەشار دەدات، لەوێوە بە (خڕی گاڕانە ڕێ)دا ڕادەکات و ڕزگاری دەبێت.[٣] لەمەڕ ڕووداوەکانی کاتی هاتنی ڕووسەکان بۆ سەردەشت، حاجی ئیبراهیم حەسەنپوور دەڵێت: ڕووسەکان کاتی هاتنیان بۆ سەردەشت یەکەیەکە خەڵکیان دەبردە دەرەوەی شار نزیك (ئەشکەوتی پورمروەتێ) خوار پادگاکانی سەردەشت و چاڵێکیان پێهەڵدەکەندن و دەیانکووژن و لەنێو چاڵەکەکانیان داویشتن، ڕووس

---

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

٢. عەزیز خانی موکری سەرداری گشتی کوڕی محەمەد سوڵتانی موکری یەکێك لە ناودارانی دەوری قاجاری، لە ساڵی ١٧٨٧ لە سەردەشت لە دایك بووە، لە تەمەنی بلۆغ لەگەڵ برا گەورەکەی فەرەج خان دەچێتە تەورێز، پاش ماوەیەك براکەی دەمرێت، عەزیز بە هۆی خوێندەواری باش و دەست و خەتە جوانەکەی لەگەڵ دەرباریەکانی محەمەد شادا پەیوەندی دادەمەزرێنێت و بە هۆی ئەوانەوە پلەی یاوەری لە فەوجی شەشەمی تەورێزی پێدەدرێت و دەچێتە بواری سەربازی، ساڵی ١٨٢٦ شازادە بەهرام میرزا (موعیز ئەلدەولە)، عەزیزخان دەنێرێتە تاران، عەزیز لە دامودەزگای ئەمیری کەبیر دەگاتە پلەی ئاجودانباشی سەربازی، ساڵی ١٨٤٦ عەزیزخان نێردرا بۆ سەرکوتی (بابی)یەکانی زەنجان و لێکی بڵاوکردن، لەبەر لێهاتوویی لە ساڵی ١٨٤٩ پلەی "سەرداری گشتی" پێدرا، هەروەها کرا بە بەڕێوەبەر (دارالفنون) یەکەم زانستگای ئێران بە چاولێکەری ئەوروپا لە تاران کرایەوە، ساڵی ١٨٥٠ بە هۆی شەڕی ڕووسیا- عوسمانی بەچل هەزار سەربازەوە نێردرا بۆ ئازەربایجانی خۆرئاوا، لەسەر بەدگۆیی میرزا ئاقاخانی نوری وەزیری بەرز بە فەرمانی شا عەزیزخان لەسەر کار لابرا، فەرمانی پێکرا بچێتەوە سەردەشت، بەڵام دوایی شا بۆی دەرکەوت و داوای کرد عەزیزخان بگەڕێتەوە تاران و بوو بە ئەندامی شوورای وەزیرانی ئێران، ساڵی ١٨٥٦ دووبارە لەبەر بەدگۆیی سزایداو دوورخرایەوە بۆ سوڵتان ئاباد و دەستی بەسەر هەمو مڵك وماڵەکەیدا گیرا، لە ١٨٦٦ دووبارە شا بە دوایدا نارد و کرا بە فەوجی تەورێز بۆ حکومەتی مازەندەران دیاری کرا، پاشان حکومەتی سەردەشتی وەرگرت، تا عەزیزخان لە ٢٠ی مانگی شەوالی ١٢٨٧(ك- ١٨٦٧ز) کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئیمام زادە لە تەورێز بە خاك سپێردرا، زۆر ئارەزووی لە ئاوادەنکردنەوەی کوردستان بوو، بە تایبەت زێدەکەی خۆی بۆ نموونە: درووستکردنی پردێك لەسەر زێی بچووك، حەمامی کۆن، درووستکردنی کاروان سەرای کورتەك. بڕوانە: فەرەیدون حەکیم زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

٣. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

ترسی لەئازایەتی کورد هەبوو، ئەمە بۆ بەرگری لەجەنگی بەکۆمەڵ بوو، تا خەڵك بەم تاوانەیان زانی هەموویان لەدژی ڕووسەکان نارەزاییان دەبڕی، ڕووسەکان خەڵکیان لەماڵەکانیاندا زیندانی دەکرد و ئاگریان لەماڵەکان بەردەدا، پیاوێکی خەڵکی سەردەشت بەناوی ڕەشیدی مام ئاڵڵای لەترسی ڕووسەکان، کە چووبوونە ماڵەکەیەوە خۆی لە کولاوڕۆژنەی ئاورگی ماڵەکەیدا حەشار دابوو، لەپاشان دەربازببوو. دەگێڕنەوە پیاوێك بەناوی (مینەی مام جوامێر)یش لە چنگ ڕووسەکان ڕزگاربوو، لەم کاتەدا محەمەد فازل پاشا هاتە ناوچەی سەردەشت و گوندی شینوێ خێوەتی هەڵدا.[١]

زوڵم و زۆری ڕووس کاریگەری لەسەر هەموو کەس هەبوو، بەڵام نەبوونی و برسێتی بڕستیان لەخەڵك بڕیبوو، کەس توانای هیچی نەبوو، لەو سەردەمەدا بەتواناترین سەرۆك هۆز (ئیبراهیم ئاغای کوڕی بابەکرئاغا و حەسەن ئاغای بەرباجی) بوون، بەڵام بەهۆی بارودۆخی وڵات توانای شەڕیان نەمابوو. (عەزیرخانی موکری) بە ناوبانگترین پیاوی ئەو سەردەمە بوو، هاوپەیمان و چەکداری حکومەتی (ڕەزاخان) بوو، بەڵام لە گەورەیی کارەساتەکە خوێنی دەکوڵێ و بەبێ ئاگاداری حکومەتی ڕەزاخان پەیوەندی دەکات بە حکومەتی تورکەوە، چەك و تەقەمەنیەکی زۆر وەردەگرێت و بەسەر خەڵکی سەردەشت و ناوچەکە دابەشی دەکات، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی سوپای ڕووس.[٢] پێشڕەوی و داگیرکاری ڕووس هەنگاو بە هەنگاو لە پشدەر بڵاودەبووەوە، تا زیاتر نزیك دەبۆوە ترس و تۆقاندن و نائارامی زیاتری لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە، لەبەر ئەوە سەرۆك و برا گەورەکانی پشدەر بیریان لەوە کردەوە، بچن بۆ هاوکاری براکانیان لە سەردەشت، لەلایەکی دیکەش بەری لێبگرن و ڕێگا نەدەن سوپای

١. فەرەیدون حەکیم زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

ڕووس پێبخاتە سەر خاکیان و داگیری بکەن و خەڵکەکەشی دەربەدەر و ماڵوێران بکەن، لەبەر ئەوە بڕیاریاندا پێش لە لەشکری ڕووس بگرن، بچن بۆ سەردەشت، شەڕ لەگەڵ سوپای ڕووس بکەن، پێش ئەوەی بگاتە ناوچەی ئەوان.

## هێرشی ڕووس بۆ باشووری کوردستان

هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە هاوینی **١٩١٤** و هاتنە ناوی دەوڵەتی عوسمانی، لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، لەتەك وڵاتانی ناوەڕاست، کوردستانی بەگشتی تێوەگلاند، ئەویش لەڕێگای بەشداریکردنی کورد، لەتەك سوپای عوسمانی و لەژێر کارتێکردنی پڕوپاگەندەی بانگەشەی جیهاد، هەروەها بوونی ناوچە کوردییەکان بەمۆڵگەی شەڕ و پێکدادانی لایەنە شەڕکەرەکان. عەلی ئیحسان پاشای فەرمانددەی سیانزەیەمی عوسمانی هێرشی کردە سەر ئێران و تا (هەمەدان)ی داگیرکرد، کاتێك ئینگلیزەکان بەغدادیان داگیرکرد، ئەم فەرماندە و هاوکارانی لەئێران گەڕانەوە، چ کورد و عەجەمێکیان لەڕێگا تووش هاتووە، بێ هیچ لێکۆڵینەوە کوشتویانە و تاوانێکی دیکەیان دەست پێکردووە، کۆمەڵێکی زۆر لادێیی هەر لە کرماشانەوە تا خۆرئاوای خانەقین، بەفەرمانی ئەم خوێنڕێژە کوژراون، لاشەکانیان لەسەر ڕێگاکان توڕدراوە، عەبدولعەزیز یامولکی کە ئەوکات خۆی ئەفسەری عوسمانی بووە دەڵێت: من خۆم شایەدی ئەو ڕووداوە بووم.[١]

دواتر سوپای ڕووس هێرشیکردە سەر ناوچەکە، کاتێك سوپای عوسمانی لەبەرامبەر سوپای ڕووس خۆی پێنەگیرا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ڕووسیا دەمێك بوو مەبەستی بوو بگاتە میسوپۆتامیا و کەنداوی عەرەب، ئەمەش

---

١. عەبدولعەزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

دەرفەتێك بوو بۆی هاتبووە پێشەوە، لەبەرئەوە لەچەند قۆڵێکەوە هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، تا لە ڕێگایەوە بگاتە میسۆپۆتامیا و کەنداوی عەرەب.

.. لەم شەڕانەدا ئەرمەنەکان هاوکاری سوپای ڕووس بوون، لەسەرەتای شەڕدا کۆمیتەی چەکداری ئەرمەنی لەپێش سوپای ڕووسەوە لەلای بایەزید و ئەلشگەرد و وانەوە زیانێکی زۆری ماڵی و ڕۆحیان لە کورددا، بێجگەلەمانە سوپای تورکیش بەجۆرەها بیانووەوە لە کوشتنی کورد درێغی نەکرد، هەتا هەندێ لە سەرۆکانی هێزی سەفەرییەی یەکەم (خەلیل بەگ)، لە ڕووی شانازییەوە بڕیاری ئەم تاوانەیان دەردەکرد.[1]ئیتر ڕووسیا بە هەماهەنگی ئەرمەنەکان، لە بەهاری ساڵی **١٩١٦** هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر باشووری کوردستان، هەندێك لەسەرچاوەکان جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە، سوپای ڕووسیا لە سێ خەتەوە بەرەو عیراق هات.

یەکەم خەت: ڕێگای شنۆ، خانە، حاجی ئۆمەران، ڕەواندز.

دووەم خەت: سەردەشت، پشدەر.

سێیەم خەت: سەقز، بانە، پێنجوین، شارەزوور[2].

کاپتن لاین دەڵێت: ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێراندا لە سێ قۆڵی جیاوازەوە پێشڕەوییان کرد، بە ئامانجی ئەوەی لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز یەك بگرنەوە، کە تازە بەغدایان گرتبوو، ئەوان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون، قۆڵی ڕۆژئاوایان لە هەرێمی واندا جێگیر ببوو، قۆڵی ناوەڕاستیشیان لە ڕەواندز تێپەڕیبوو، کە ناوچەیەکی سەختی شاخاوییە و نەیتوانی بوو ڕێگای

١. محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.

٢. عبداللە ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

خۆی بەرەو دەشتی هەولێر ببڕێت، هەربۆیە ناچار پاشەکشەی کردبوو، قۆڵی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەی ئامادەکاری کردبوو، تا بگاتە خانەقین.

لەوێ توانیبویان لەگەڵ ئینگلیز یەکبگرنەوە، کە تیپی (١٣)ی سوپای ئینگلیز بۆ پێشوازییان ڕەوانەکرا، سەرکردەی هێزی پێشڕەوی ڕووسی پەلێکی قۆزاقی سوارەبوو، کە دەستبەجێ بەرەو بنکەی سەرکردایەتی لەبەغدا ملی نا، لەوێ بەئامادەیی سەرکردەی ستاف بینرابوون[١].

لەڕاستیدا ڕووس لە باشووری کوردستان لە چوار قۆڵەوە دەستیان بەپێشڕەوی کرد، لە قۆڵی ڕەواندز، پشدەر، پێنجوێن و خانەقین، هێرشی بۆ سەر باشووری کوردستان دەست پێکرد. لەهەرسێ قەزای خانەقین و پێنجوێن و ڕەواندز هاتنە ناو باشووری کوردستانەوە، بەڵام لە سنووری پشدەر بەهۆی پێشگیری خەڵك و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بارودۆخەکە نەیانتوانی و سەرکەوتوو نەبوون.

قۆڵی یەکەم: سوپای ڕووسیا لەسنووری قەسری شیرینەوە هێرشی کردە سەر خانەقین، بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی لە ئەتاشەی سەربازی بۆ وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی سوپا، ڕووس لە ٥ی مانگی حوزەیرانی ١٩١٦ پەلاماری سنووری خانەقین دەدات، ئەو بەڵگەنامەیە لە ئەتاشەی سەربازیەوە ئاراستەی وەزارەتی جەنگ و سەرکردەی گشتی سوپاکراوە، لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە ڕەتلێکی (**Colonne**) ڕووس، کە هەڵمەتی بۆ باکووری خانەقین بردووە، ڕۆژی ٣ی حوزەیران لەم خاڵەوە پەلاماری بردۆتەسەر مەفرەزەیەك بەشی زۆریان سوارە بوون. بەگوێرەی تێلگرامێکی نوێ ئەم مەفرەزەیە نەیتوانیوە هێڵی ڕووس بشکێنێت و ناچاربووە، بکشێتەوە بۆ قەسری شیرین و زیانی (٢٠) ئەفسەر و (٣٠٠٩) کوژراویان هەبووە،

١. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

ڕەتڵی ڕووس لەکشانەوە دایە بەرەو کەرەند.[1] بۆ بەڵگەنامەکە بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (٥).

هەروەها لەبەڵگەنامەیەکی دیکەدا لە ئەتاشەی سەربازی بۆ باڵوێزخانەی کۆماری فەرەنسا لە ئینگلستانەوە بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ (سەرکردەی گشتی سوپا، پاریس) نێردراوە، لەبارەی هێزەکانی تورکی لە ئێران، تێیدا هاتووە: بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی ڕۆژی ٢٦ی حوزەیران گەیشتوونەتە ئوفسیی جەنگ (**War Ofice**) فیرقەی سەربازی دووەمی تورکی، کە تا ئەو کات لە ڕۆژئاوای خانەقین (**Kanikin**) گلدرابوونەوە، واپێدەچێت ڕەوانەی جوانرود (**Juanrud**) کرابن لەباکووری کەرەند (**Karind**)[2]. بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی ژمارە (٦).

دواتر لە ١ی نیسانی ١٩١٧دا هێزەکانی ڕووسیا خانەقینیان داگیرکرد، دوای کشانەوەی هێزەکانی تورك لەوێ، ئەمە بۆ جاری دووەم بوو، لەکاتی جەنگەکەدا خانەقین کەوتە دەست داگیرکەری ڕووسیاوە، خەڵکی ئەمجارە ئەشکەنجەی زۆریان بینی، زیاتر لە جاری پێشوو، ڕەفتارە ناشیرنەکانی ڕووسەکان لەخانەقین لەڕادەبەدەر بوون، خەڵکی دەرەقەتی نەهاتن و ڕەحمەتیان بۆ سەردەمی تورك دەنارد، ئاواتەخوازی گەڕانەوەیان بوون، ڕووسەکان بەزۆر ماڵی خەڵکیان داگیردەکرد، زۆرجار نرخەکەیان بە(منات)[3] دەدا، واتە دراوی کاغەزی ڕووسی، ئەم دراوە نرخی زیاتر لە (نۆتی) تورك دابەزیبوو، دەڵێن دوو پیاوی موسڵمان

---

١. گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.(ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ سوپای زەوی، کارتۆنی **Section) 7N2178 d Af-rique)** ١٩١٥-١٩١٧.

٢. گیلان، هەمان سەرچاوە، ل ٨١، (ئەرشیفی وەزارەتی جەنگ، سوپای زەوی، کارتۆنی**Soction) 7N2178 d Af-rique)**١٩١٥-١٩١٧.

٣. منات: دراوی کاغەزی ڕووسی.

و حەوتی جولەکە لەگەڵ دوو ژنیان کوشت بوو، چونکە ڕازی نەبوون (منات) بگۆڕنەوە.

پێویستە بگوترێت هەڵسوکەوت و ئاکاری سوپای ڕووس لە خانەقیندا بەشێوەیەك نەبوو، خۆشەویستی خەڵك بۆ خۆیان و هاوپەیمانان وەدەست بێنن، ئەوان بەبیستنی هەواڵی شۆڕش تا دەهات خراپتر دەبوون، هەر بۆیە (سێر پرسی کۆکس) جەختی لەسەر پاشەکشێی هێزەکانی ڕووس کرد.[1]

خەڵکی خانەقین دەستیانکرد بە سکاڵا (مەزبەتە) نووسین و دەیانناردد بۆ ئینگلیزەکان لەبەغدا و سکاڵایان لەدەستی زوڵمی هاوپەیمانە ڕووسەکانیان دەکرد و داوایان دەکرد ڕزگاریان بکەن لێیان، لەو ماوەیەدا هەواڵی شۆڕشی ڕووسیا لە (پترسبۆرگ)ەوە دەگەیشتە ڕووسەکان، لەخانەقین و ئەو شارانەی ئێران، کە داگیریان کردبوون، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی شیرازەی زەبتی سەربازی لەنێوانیاندا، ئەوەبوو سەربازەکان ملکەچی فەرمانی ئەفسەرەکان نەدەبوون و ڕێزیان لێ نەدەگرتن، دەستیانکرد بەجێهێشتنی شوێنەکانی خۆیان و فرۆشتنی چەکەکانیان تا بەنرخەکانیان مەی بکڕن و خۆیان سەرخۆش بکەن، لەڕێگای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان، بەهەر شارێك یان گوندێکدا ڕەت بوونایە، خانووەکانیان دەڕووخاند و دارەکانیان لێدەردەهێنا بۆ گەرم کردنەوەی خۆیان.

برسیەتی و پشێوی وڵاتەکەی گرتەوە، لە کۆتایی حوزەیران تورکەکان دووبارە خانەقینیان داگیرکردەوە و ڕووسیان دەرکرد، بەڵام ئەو وێرانکردنەی ڕووسەکان دەستیان پێکردبوو، ئەوان تەواویان کرد، (مس بێڵ) دەڵێت: ئەو کێڵگانەی ڕووسەکان دروێنەیان کردبوون، تورکەکان هاتن بەتەواوی پاکیان

١. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

کردەوە، ژمارەیەك پیاوی دیاری خانەقین و قزراباتیان لە سێدارەدا، بەتاوانی ئەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی خۆیان لە چیاکان شاردۆتەوە، ڕێگانادەن بیدەن بەهێزەکانی تورك، لەکۆتایی مانگی ئابدا تورکەکان ناچاربوون لە خانەقین بکشێنەوە، بەڵام ئینگلیزەکان نەچوونە ناوییەوە تا دوای چوار مانگ.[1]

قۆڵی دووەم: پێنجوێن، لەو کاتە ناهەموارەدا، کە سەرکەوتنی ڕووس و زاڵیەتی و بەدکارە تورکەکان بوو لە ناوچەکە، شێخ مەحمود بەیاوەری نزیکەی (٣٠٠٠) کەس لە سوارە و چەکداری ئەو دەمانەی ناوچە کوردنشینەکان وەك پاڵپشتیەك بۆ دەوڵەتی عوسمانی و داکۆکی کردن لە دەوڵەتی عوسمانی چوو بووە شەڕی شوعێبە، ١٢ی نیسانی ١٩١٥ دژی بەریتانییەکان دەجەنگان، بەڵام دوای ئەوەی شێخ مەحمود بۆی دەرکەوت، ئەمە شەڕێکی بێ هودەیە و هیچ پێویست نییە خەڵکی کوردستان لەم شەڕەدا بەکوشتبدات، بڕیاری گەڕانەویدا بۆ کوردستان، کاتێک لەشکری کورد گەیشتەوە سلێمانی، ڕووس لە سنوورەوە هێرشی هێنابوو، شارۆچکەی پێنجوێن و دەوروبەری لەژێر فەرمان و حوکمڕانی ڕووسدابوو، شێخ مەحمود بۆ دەرکردنی ڕووس لە شارەکە بەهاوکاری هەمەوەندەکان و خەڵکی ناوچەکە پەلاماری سوپای ڕوسیدا، جەنگی کورد و ڕووس دامەزرا، گیانبازانی کورد بەهەڵمەت و دلێریان هێرشی توندیان کردە سەر سوپای ڕووس، لەدوای شەڕی خوێناوی توانیان ڕووس ناچار بە پاشەکشەبکەن، بەناچاری ڕووسەکان پێنجوێنیان بەجێهێشت و کشانەوە ناو خاکی ئێران.[2]

قۆڵی سێیەم: ڕەواندز، سوپای ڕووس بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ (جیورنوزویوف) بەهەماهەنگی ئەرمەنەکان، لە بەهاری ساڵی ١٩١٦ لەچوار قۆڵەوە هێرشیان کردە

١. عەلی وەردی، بەرگی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٢- ٤٥٣.

٢. ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

سەر ڕەواندز و دەستیان بە پێشڕەوی کرد. هەر زوو هێزەکانی ڕووس لە بەرەبەیانی ٨ی مایسی **١٩١٦** دەستیانگرت بەسەر ڕایەت و هێزەکانی عوسمانییان لێوەدەرنا، هێزەکانی عوسمانی لە توانایاندا نەبوو بەر لەو لێشاوە بگرێت، بۆیە ڕووسەکان بەردەوام بوون، تالە **١٣**ی مایسی **١٩١٦** گەیشتنە جوندیان و ڕۆژی دواتریش ڕەواندزیان گرت.

سەرەڕای سەختی ناوچەکە و نەبوونی ڕێگاوبانی باش و چەندین چیای بەرز و دۆڵ و ڕووباری قوڵ و نەبوونی پرد لەناوچەکە، بەڵام سوپای ڕووس بەخێراییەکی زۆر توانی دەستبگرێت بەسەر ڕەواندزدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بێزاری کورد و ژیانی پڕ برسیەتی و نەهامەتی و زەبروزەنگی ژێر دەسەڵاتی تورکەکان، بێزاری کردبوون، لەبەرئەوە کوردەکان گوێیان بەداگیرکردنی ڕووسەکان نەداوە، لەجیاتی بەرەوڕوو بوونەوە، بەڵکو لە هەندێک شوێن چاوساغیشیان بۆ کردوون.[1] بەڵام عەلی باویل ئاغای برای نوری باویل ئاغا لەکاتی هێرش هێنانی ڕووس بۆ سەر ڕەواندز تفەنگ بەشان بووە، گوتوویە: کە ڕووس بەچیای هەندرێندا هاتەخوارێ هێزی عەشایەر بەرەو ڕوویان چوون و زۆریان لێکوشتن، بۆیە کەگەیشتە ڕەواندز خەڵکێکی زۆری کوشتووە و هەتا ڕەواندزیشی سوتاند،[2] سوپای ڕووس زۆر دڕندانە کەوتە چەوساندنەوە و ڕاوڕووتی خەڵك و دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و ناموسیان، هەڵسوکەوتی نالەبار و دڕندانەی سوپای ڕووس لەو ماوە کەمەی، ڕەواندزیان بەدەستەوە بوو، ئەوەندەی تر بارەکەی ئاڵۆزکرد.

سوپای ڕووس توانی بە ئاسانی بگاتە ڕەواندز و سوپای تورکەکان لەسەر ڕێگای خۆی تارومار بکات، لە (٨٠٪) خەڵکی ئەم شارەی

١. ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی(١٩١٨-١٩٣٩، سلێمانی ٢٠٠٦. ل٣٠.

٢. عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

لەناوبرد، هەرچەندە بەڕواڵەت ڕووسەکان ماوەیەکی کورت تەنیا (٦٧) ڕۆژ لە ڕەواندزدا مانەوە، بەڵام زوڵم و زۆرداربیەکی زۆریان بەرامبەر خەڵکی ناوچەکە ئەنجامدا، ئەوەتا عەبدوڵڵا پشدەری لەسەر زاری پیاوانی ڕەواندز دەگێڕێتەوە دەڵێت:" ...من خۆم لە پیاوە کۆنەکانی ئەو ناوچەیەم بیستووە دەیانوت: زۆر لە ژنانی ئەو شارە لەترسی (فەساد)کردنیان خۆیان خستوەتە ناوگەلی (خەرەندی ڕەواندز) و مردوون، چونکە دیتویانە سەربازەکانی ڕووس، وەکو دڕندە جولاّونەتەوە، لەگەڵ خەڵکی کوردستان.[1] عایشەگوڵ دایکی سدیق بەگ و عەزیز بەگ (واتە نەنکی عەزیزبەگی ڕانیە)، لەکاتی هاتنی سوپای ڕووس بۆ ڕەواندز لەگەڵ ژمارەیەك ژنی تری شارەکە لەترسی کەوتنە بەردەستی سوپای ڕووس خۆیان لە (خەرەندی ڕەواندز) فڕێداوەتە خوارەوە و بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە[2]. سدیق بەگ و عەزیز بەگی[3] برای دوای سوتاندنی ڕەواندز لەلایەن سوپای ڕووس لە ساڵی ١٩١٦ هاتوونەتە ڕانیە و لەوێ جێگیر بوون، عەزیز بەگ لە سوپای تورکی عوسمانی ئەفسەر بووە. بەهۆی کارەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕانیە،

---

١. عبدالله احمد رسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

٢. هالە بەرزنجی، دکتۆر عەلی و مریەم خان دوو شۆرشگێڕ و ...، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٥) ئازاری ٢٠٠٦، ل ٢٨. - مەلا سمایلی نورەدینی، مێژووی ڕانیە و بنەماڵەکانی، گۆڤاری شمشارە (٥٤)، ل٤٨.

٣. سدیق بەگ و عەزیز بەگ و گوڵنازخان باوکیان حەمەد بەگ خان ئاودەل بووە، لە ڕەواندزەوە هاتونەتە ڕانیە و ماونەتەوە، عەزیزبەگ بێ وەجاغ بووە و منداڵی نەبووە، سدیق بەگ کوڕێکی بووە بەناوی عەزیز بەگی یەکەمی کردوە، منداڵەکانی عەزیزبەگی سدیق بەگ، (فایەق، فەرهاد، کوردۆ، ئاکۆ، نەجیبە، حەسیبە، ئەدیبە، کەوسەر، ئاواز، سوسەن) عەزیز بەگ مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بوو، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول کردووە، تا شکستی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ بەردەوامبووە، لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لەلایەن (ی.ن.ك) عەزیز بەگ لەگەڵ دوو کوڕەکەی (فەرهاد و کوردۆ) و مریەم خانی خوشکی لەساڵی ١٩٧٦ەوە دەبنە پێشمەرگە، تاکو ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەو هۆیەوە دەربەدەری و زیندان و ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان بینیووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ عەزیزبەگ کۆچی دوایی کردووە، تائێستاش منداڵەکانی دانیشتوی ڕانیەن و لەتێکۆشان بەردەوامن، فەرهاد عەزیزبەگ بەپلەی (لیوا) خانەشینە و ئێستا کارگێڕی مەڵبەندی (٢٤)ی ڕێکخستنی ڕاپەڕینی (ی.ن.ك)ە، کوردۆ عەزیزبەگ ئێستا بەپلەی (لیوا) خانەنشینە و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ك) و لێپرسراوی (پێشمەرگە دێرینەکان/ لقی ڕاپەڕینە)ە. بڕوانە: مەلا سمایلی نورەدینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

دواتر ئەویش سدیق بەگی برای و گوڵنازی خوشکی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ڕانیە، لەوێ نیشتەجێ دەبن و تائێستا نەوەکانی سدیق بەگ لەڕانیە نیشتەجێن.

کاتێک ڕووسەکان ڕەواندزیان داگیرکرد، دەستەیەك لە گاورەکانی فارس و ئەرمینیا لەگەڵ سەربازانی ڕووس، لادێکانیان وێرانکرد، ئەو زۆردارانە هەرچی کارێکی ناشایستە بەخەیاڵدا دێ کردیان، شارەکە هەمووی بووە کەلاوە، تەنیا گەڕەکە بڵندەکەی نەبێت، ئەویش ئەفسەرە ڕووسەکان لەوێ نیشتەجێ بوون، لە کاتێکدا ڕەواندز بەر لەشەڕ شانازی بەژمارەی دانیشتوانەکانی دەکرد، کە (١٠٠٠٠) کەس زیاتربوون، مزگەوت و گەرماو و بازارە فراوانەکانی زۆربوون. ئێستا لەسەر دەستی ڕووسەکان هەمووی کاولکرا و بوو بە کەلاوە.[١] دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین ئەرمەنییەکانیش لەتەك سوپای ڕووسەکان ڕۆڵی خراپیان گێڕا، لە هەتك کردن و کوشتن و بڕینی خەڵکی ناوچەکە، ئەگەر بزانین خۆیان لەسەر یەکێك لە کۆلکەدارەکانی ڕەواندز ئەوەیان نووسیووە: "ئێمەی لاوانی ئەرمەن لەگەڵ سوپای ڕووسەکان هاتووین بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆمان لە کوردەکان بکەینەوە".[٢]

بوونی سوپای ڕووس لە ڕەواندز جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێی سوپای عوسمانی بوو، هەر بۆیە زوو سوپای عوسمانی کەوتە خۆئامادەکردن بەهاوکاری هێزی خێڵە کوردەکانی دەوروبەری ڕەواندز، هۆزەکانی خۆشناو و ئاکۆ و باڵەکایەتی بەشداریان تێداکرد، حەمەئاغای کۆیە بەخۆی و دەستە لەشکری کۆیە بەناوی (غەزا)وە چووە بەشداری شەڕی ڕەواندز، بۆ ئەوەی ڕێ لە لەشکری ڕووس بگرن.[٣] ئەو جۆرە ڕەفتار و تۆقاندن و ڕقەی ڕووسەکان درووستیانکرد، بووە هۆی

١. -دبلیۆ ئار هەی، سەرچاوەی پێشوو. ل١٨٨

٢. ئەحمەد حەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

٣. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوە،ی پێشوول ١٣٠.

ئەوەی کوردەکان لە هەولێر و کۆیە و ڕانیە ڕایان بکەن بەیەك و لەڕووی ڕووسەکان بوەستن، بەهەزارانیان چوونە ڕیزی هێزەکانی تورکیا، کە لە چیای کۆڕەکی بەرامبەر شارۆچکەکە سەنگەریان گرتبوو، هەموو سەرۆکەکان لەوێ بوون.[١]

لەو کاتەدا ئەوەندەی پێناچێت ڕژێمی (قەیسەری) لە ساڵی ١٩١٧ لەناودەچێت و سوپای رووس لە هەموو بەرەکان دەکشێتەوە دواوە، هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عیراق ئەوەی داگیریان کردبوو بەجێیدێڵن[٢]. حاجی ڕەسوڵ خدر دانیشتوی ڕانیە دەڵێت: حاجی حەمەد ئەلیاس گێڕایەوە: تورکان لەڕانیەوە بارێکیان پێ بارکردم باری ئێسترێکی بەڕێگای وەرتێدا ڕۆیشتم بۆ خانەقایە، عروس (ڕووس)یش هاتبووە ڕەواندزێ، لەوێ بووم گوتیان: ڕووس شکا، منیش وتم بۆ شکا، وتیان: گوێی لە بۆقی سەربازی (مارشی سەربازی) تورکیابوو، کە لەولاوە هات، ئەو شکا و گەڕایەوە، ڕۆیشتەوە ئێرانیشی بەجێ هێشت چۆوە ڕووسیا.[٣]

لە ڕێکەوتی ١٦ی تەموزی ١٩١٦ تورك و خێڵە کوردەکان لەچەند قۆڵێکەوە دەستیان بەهێرش کرد، لە ١٨ی تەموز ڕووسەکانیان لە ڕەواندز دەرپەڕاند.[٤] ڕووسەکان نەیانتوانی زیاتر پێشڕەوی بکەن و بەسەر چیای کۆڕەك بکەون و شوێنە سەختەکانی بگرن، بۆیە ناچاربوون بکشێنەوە، ئینجا تورکەکان شارەکەیان داگیرکردەوە، تورکەکانیش هێندەی نەبرد، وەك ڕەوە کوللە چی مابوو لەو شارۆچکەیە لێیاندا، ئەوەی لەپاش ڕووسەکان مابوو تورکەکان وێرانیان کرد، هەتا داری بەرداریان دەبڕی و کردیانە سوتەمەنی، لە کاتی ئاگربەستی ساڵی ١٩١٨

١. دبلیۆ ئار هەی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨
٢. عبداللە احمد رسوڵ پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.
٣. حاجی ڕەسوڵ خدر، ساڵی لەدایکبووی ١٩٣٣، دانیشتوی ڕانیە، چاوپێکەوتن، لە ٤-١٠-٢٠١٦.
٤. دبلیۆ ئار هەی، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.

دانیشتوانی شار تەنیا نزیکەی (٢٠٪) مابوون، ئەوانیش لە بارودۆخێکی نالەبار و نەبوونی دابوون،[١] بەڵام ئەم شکستە هیچی لە ڕەفتاری تورکەکان نەگۆڕی بوو، لە جاران خراپتر مامەڵەیان لەگەڵ خەڵك دەکرد، لەبەر ئەوە نیگەرانی خەڵك دەربارەی هەڵسوکەوتی ئەفسەرە تورکەکان لەو بارودۆخەدا کەم نەبوو، دوای چەند ڕۆژێکی کەم کوردەکان بەگلەییەوە کشانەوە، لەوانەیە فەرماندە تورکەکە بەئەستەمی زانیبێت خۆراکی ئەو هەموو خەڵکەبدا، ئەو کۆبوونەوە مەزنەش هیچ مانایەکی ڕێکوپێکیان نەدەزانی، دەبوونە بارگرانی بەسەرییەوە نەك هاریکار.[٢] ئەوە ماوە بڵێین لەگەڵ ئەوەی تورك زۆر باش شکا بوو، بەڵام هیچ سوودیان لەم تێشکانە وەرنەگرتبوو، لەجاران زیاتر زوڵمیان دەکرد.

قۆڵی چوارەم: هێرشی ڕووس بەرەو پشدەر

لەناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە وەرزی پایزی ساڵی ١٩١٦ دوای ئەوەی سوپای ڕووس بەهێزێکی زۆر گەورەوە لە ئازەربایجان هاتە ناو خاکی ئیرانەوە، بۆ داگیرکردنی کوردستانی ئێران و عیراق، هاتنی ڕووس و پێشڕەوی بۆ ناو خاکی عیراق، لەڕوانگەی دانیشتوانەوە بەمەبەستی پێشێلکردنی ئاینی ئیسلام و پێشێلکردنی سەروەری کوردستان، لەئەنجامدا برسێتی و ترس و بیمێکی زۆری لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە، بەتایبەت ئەو شوێنانەی سوپای ڕووس داگیری کردبوو.

سوپای ڕووس بەگەیشتنی بۆ ناو خاکی کوردستان دەستیکرد بە کوشتن، بڕین، سوتاندن و تاڵانکردنی موسڵمانان و فەسادکردنی ئافرەتانی داوێنپاك، خەڵکی کوردستانی ئێران لەترسی ئەم شاڵاوە دڕندانەیە، ژمارەیەکی یەکجار

١. ئەحمەد حەمەدئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

٢. ئەحمەد حەمەدئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ٣٣.

زۆر لە دانیشتوانی سەردەشت، ورمێ، پیرانشار، مەهاباد ناچاربوون بەرەو باشووری کوردستان کۆچ بکەن، دەستیانکرد بەکۆچ، ڕەو، بەجێهێشتنی ناوچەکانیان و ئاوارەبوون بۆ باشووری کوردستان، کۆنە سالانی پشدەر و بیتوێن دەگێڕنەوە، کۆڕەوەکە ئەوەندە زۆر بوو، بە ناوچەی پشدەر، بیتوێن، دۆڵی شاورێ، کۆیە، سلێمانی و دەشتی هەولێردا بڵاوبوونەوە. ئەم کۆچ و ڕەوە قاتوقڕیەکی زۆر سەختی خستەسەر باشووری کوردستان، گرانییەکی گەورە کەوتە ناو وڵاتەوە، لەبەرئەوەی پشدەر و بیتوێن سەر سنوور و لەناوچەکانی ئەوان نزیك بوو، زۆربەی ئاوارەکان لەم سنووره مانەوە، بەم پێیە کاریگەری گەورەی لەسەر ئەم ناوچەیە دانا، ئەو قاتوقڕییە تاکو بەهاری داهاتوو بەردەوام بوو.[١] بەشێکیان هاتنە ڕانیە، خەڵکی ڕانیە بەوپەڕی پەرۆشیەوە بەهانایانەوە هاتن و لەماڵەکانی خۆیاندا داڵدەیاندان، بەجۆرێك هەندێک لە ماڵەکان دوو خێزان یان زیاتریشیان گرتبووەخۆ، بەڵام لە ئاکامدا ئەمە بووە هۆی درووستبوونی گرانییەکی گەورە لەناوچەکەدا، ڕۆژانە زیاتر لە (١٠) کەس لە برسان دەمردن، حاڵی ڕانیەییەکانیش ڕووی لە خراپی کرد و زۆرێکیان بوونە قوربانی نەبوونی نان، خواردنی گۆشتی وڵاخ و سەگ و ئاژەڵ لەوجۆرە ببووە شتێکی باو و تەنانەت دەست هەموو کەسیش نەدەکەوتن، شایانی باسە ئەم بارودۆخە نالەبارە لەپایزی ئەو ساڵەوە تا بەهاری ١٩١٧ درێژەی کێشا.[٢]

ڕووس کاولکاری و ماڵوێرانی زۆری بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا هێنابوو، بەتایبەت لە پێنجوێن و دەڤەری ڕەواندز، بۆ ئەوەی ناوچەکەیان تووشی هەمان کارەسات نەبێت، خەڵکی بیتوێن و پشدەر ویستیان پێش هاتنی بەرلە سوپای ڕووس بگرن و نەهێڵن بێتە ناوچەی پشدەر و بیتوێن، لە هەموو لایەکەوە

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

٢. کامەران عەبدە سالح، دەڤەری بیتوێن و چەند ڕاستیەك بۆ مێژوو، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(١٨) ل ١٠.

پێشەوایانی ئاینی ئیسلام دەستیان کرد بە بانگەوازکردنی موسڵمانان، دژ بە سوپای کوفر ڕابوەستن، واتە دژی سوپای ڕووس جیهادبکەن، غەزایە و غەزا لەبەر دەرگایە.[١] بانگەوازکردنی پێشەوایانی ئاینی ئیسلام، موسڵمانانی ناوچەکە و دەوروبەری هێنایە جۆش و لەدژی سوپای ڕووس ڕاپەڕین و پێشیان بە سوپای ڕووس گرت، بۆ بەختکردنی گیانیان لەپێناوی ناوچەکەیان و ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا.

لێپرساوی سوپای ڕووس (پوڵنیگ ئەلسکاندەر) لەکاتی هێرشەکەی دانیشتوانی سڵماس و ورمێ کۆدەکاتەوە و قسەی بۆ خەڵکەکە کردووە و وتوویەتی: "ئێمە بەرەو سەردەشت و عیراق دەڕۆین، ئایا هیچ هێزێك یان دەسەڵاتێك، عەشیرەتێك هەیە بتوانێت پێشمان پێ بگرێت، بەرگریمان بکات و شەڕمان لەگەڵ بکات"، یەکێك لە ڕیش سپیان و ئامادەبووان دەڵێت: " بەڵێ عەشیرەتێك هەیە لە خاکی عێراق لەسەر سنووری عیراق — ئێران، سنووریان بەئێرانەوە بەستراوە، بەناوی عەشیرەتی میراودەلی، ئەوان دەتوانن بەرەو ڕووتان بینەوە و شەڕتان لەگەڵ بکەن".

لێپرساوی سوپای ڕووس وتی: "چەکی ئەمانە چییە؟" پیاوە ڕیش سپیەکە وتی: "چەکی ئەوان هەروەکو چەکی ئەو خەڵکانە تفەنگە" دیسانەوە لێپرساوی سوپای ڕووس وتی: "چۆن دەتوانن تەنیا بەتفەنگ شەڕ لەگەڵ ئێمەدا بکەن، ئێمە خاوەنی ئەم هەموو سەرباز و چەك و تەقەمەنیە بین". پیاوە ڕیش سپیەکە وتی: "گەورەم شەڕ بەسەربازی زۆر و چەك و تەقەمەنی ناکرێت، بەڵکو شەڕ بەبیروباوەڕ دەکرێت، ئەم عەشیرەتەش بیروباوەڕێکی زۆر پتەویان بەخۆیان و ئاین و نیشتمانەکەیان هەیە، کاریگەریان لەسەر دەوروبەریشیان هەیە، بەلایانەوە کارێکی

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٧.

زۆر نەنگە بێگانە ئاین و نیشتمانیان پێشێل بکات، بەردەوام بوو وتی: چەکی هەرە گەورەی ئەم عەشیرەتە خەبات و خوێنە. زۆرجار بیستومانە و چەندان جار بەچاوی خۆمان بینیومانە قوربانیان داوە لەپێناو ئاین و نیشتمان، ئامادەش نین بۆ گەورەترین دەسەڵات ملکەچ بکەن. (پوڵنیگ ئەلسکاندەر) دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی دەڵێت: "ئێمە بەرەو عیراق دەڕۆین، ئەگەر ئەم عەشیرەتە توانیان ڕووبەڕووی سوپای ئێمە بووەستن و شەڕ لەگەڵ سوپای ڕووس بکەن. کە گەڕامەوە گەورەترین خەڵاتت دەکەم، بەڵام ئەگەر نەیانتوانی ڕووبەڕووی ئێمە بوەستن، بەدەستی خۆم گوللە بارانت دەکەم".[١]

(ئەلسکاندەر) خۆی و سوپا ملهوڕەکەی کەوتە پێشڕەوی کردن، لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان کەوتە شەڕێکی سەخت و خوێناویەوە، دەنگۆی پێشڕەوی و داگیرکاری ڕووس هەنگاو بە هەنگاو لە پشدەر بڵاودەبووە، تا زیاتر نزیك دەبۆوە ترس و تۆقاندن و نائارامی زیاتری لەناو خەڵکدا بڵاودەکردەوە، لەبەرئەوە سەرۆك و برا گەورەکانی پشدەر بیریان لەوە کردەوە ڕێگانەدەن سوپای ڕووس پێ بخاتە سەر خاکیان و داگیری بکەن و خەڵکەکەشی دەربەدەر و ماڵوێران بکەن، لەبەرئەوە بڕیاریاندا بچن پێش لە لەشکری ڕووس بگرن، پێش ئەوەی بگاتە ناوچەی ئەوان.

## خۆئامادە کردن بۆ شەڕەکە

کە ڕووس هاتەخواریێ گەیشتە بانە و سەردەشت "قەیسەرییەکان" کوردی ئێرانیان دەربەدەرکرد، هەموو ئەوانەی ئاوارە بوون و هاتنە دیوی عیراقیێ، ئەو کاتە بارودۆخی پشدەر باش بوو، بارودۆخی وڵات لەژێر دەسەڵاتی میراودەلییان

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل١٢٧- ١٢٨.

بەڕێوەدەبرا، تورك لە قەڵادزێ تەنیا قائیمقام (مستەفا فازڵی چەركەس) و دە پازدە ئەفسەرێكیان هەبوو، پێش شەڕی جیهانی (١٥٠-٢٠٠) كەسێكیان هەبوو، لەقشڵەی قەڵادزێ دادەنیشتن. بەقسەی ئەحمەدی حەماغای پشدەری لە ناوچەكە هەر ئەو خوێندەوار بووە و توركی زانیوە لەبەرئەوە كردوویانە بە كاتب و وەرگێڕی قائیمقام بووە، دەڵێت: زەمانی تورك مووچەی مانگانەم هەمووی (١٥٠) قرۆش بوو، واتە دوو لیرە و نیو دەبوو، ئەوەی زۆری هەبایە (٣٠٠) قرۆش بوو. دەڵێت: مستەفا فازڵی چەركەسی قائیمقام لە توركی زیاتر هیچ زمانێكی دیكەی نەدەزانی، قائیمقام پیاوێكی چاك و ڕەوشت جوان بوو، خۆشمدەویست، چونكە من لە میراودەلییان بووم، قائیمقام یارمەتی زۆری دەدام، چیم گوتبایە دەیكرد.

بەرپرسێكی دارایی (مالیە)ی هەبوو، ئەفسەرێكی عەرەبی عەباس ئەفەندی ناوی خەڵكی بەغدای لەگەڵ بوو، ئەوە بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، (٢٠-٣٠) پۆلیسی سوارەی عەرەب و توركی هەبوون، دەسەڵاتیان نەبوو، بەڵام ڕاووڕووتیان دەكرد، نووسین و زمانی پەیوەندیكردن هەر بەتوركی بوون. لە قەڵادزێ (٢٠) بیست فەرمانبەرێكی لێبوو، دەسەڵات هەر هی میراودەلییان بوو، قائیمقام هەر شتێكی لەلایەن برا گەورانی میراودەلییەوە پێی نەگوترایە نەیدەكرد[١].

كە ڕووس هاتە خوارێ بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان گەیشتە بانە و سەردەشت لەژێر سەرپەرشتی ئاغاكانی میراودەلییدا، هێزی تەواوی سنوورەكە لە پشدەر، بیتوێن، مەرگە و شارباژێر كۆكرایەوە و خۆیان ئامادەكرد بۆبەرەنگاربوونەوەی سوپای ڕووس[٢] بەرلەوەی بگاتە سنوورەكە، هێزی پشدەر چووە شەڕ بۆ پێشگرتن لە لەشكری ڕووس، لە "كانی ڕەش"ی سەر سنووری ئێران، چونكە عەسكەرنەبوو، تورك هێزی نەمابوو.

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢-١٣

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

ئەحمەدی حەماغای پشدەری دەڵێت: "من خۆم سێ ساڵ لەسنووری سەردەشت لەگەڵ هێزی پشدەر و میراودەلییاندا دژی ڕووس شەڕم کرد. هێزی پشدەر بەسەرۆکایەتی بابەکری مەحمود ئاغا، حاجی ڕەسوڵ ئاغا، سالحی ئەحمەد ئاغا، شێخەمینی سندۆلان و مستەفا فازڵی قائیمقام بوو، زۆر شت هەبوو بەقائیمقام دەگوترا، شتی نهێنیش هەبوو پێی نەدەگوترا. هەزار سوارە و دوو هەزار پیادە بوون[١]".

عەشیرەتی پشدەر بۆ بەرەنگاری ڕووس هەستان پێش ئەوەی سوپای رووس بگاتە ناوچەکانی باشووری کوردستان، ئەوان هەر لەخۆی و سەڵماس نزیك سنوری نێوان ئێران و ڕووس پێشیان پێگرت و لەوێوە بە شەڕ کشانەوە هاتن، هەتاکو گەیشتنەوە ناوچەکانی مهاباد و بۆکان و لەوێ توشی شەڕێکی بێ ئامانی زۆر خوێناوی بوون، بەڕادەیەك شاڵاو و هێرشەکانی دووژمن زۆر بەرەو ژووری توانای لەشکری پشدەر بوو، لەو شەڕە قورسەدا زۆریان لێکوژراوە، خەڵکێکی زۆر لەپشدەرییەکان شەهید دەکرێت و لەناو ئەو شەهیدانەدا چەندان قارەمانی ناوداریان لەگەڵدا بوون، لەشکری پشدەر زۆر هیلاك و ماندووبوون و سەرما و برسیەتی پەکیخستبوون، چونکە ئەو خەڵکانەی دێهاتەکان هەمووی ڕایانکردبوو، ئاوەدانی کەم مابوو، لە ترسی سوپای ڕووس، کە وەکو گورگی هار پەلاماری خەڵکیان دەداو لەناویان دەبردن، ناچاربوون بەرەو سنوری عیراق تا ناوچەی سەردەشت بکشێنەوە، لەوێ بەرەی تازەیان درووستکرد و لەشکری پشدەریش بە تێکڕای سوارە و پیادە ئەوەی مابوو لە عیراق گەیشتە لایان، تاکو سەرۆکەکانی پشدەر خۆشیان هاتن، چونکە شەڕی مانونەمان بوو، لەوێ شەڕ گەرم دەبێت.[٢]

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح. سەرچاوەی پێشوو ،ل ١٤

٢. عبدالله احمد رسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.-عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح. هەمان سەرچاوە،ل ١٤.

حوزنی موکریانی[١] دەڵێت: کاتی شەڕی ڕووس لەگەڵ پشدەر (پۆڵنیك ئەلسکاندەر) لە سەردەشتەوە کاغەزێکی بۆ گەورەکانی پشدەر نووسی شەڕیان لەگەڵ نەکەن، ئەوانیش بەهۆی دینەوە وەڵامیاندایەوە[٢] ئەحمەدی حەماغای پشدەری لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: ئەو کاتەی لەشکری ڕووس "بانە"ی گرت، پێش ئەوەی پشدەری شەڕیان لەگەڵدابکەن، لەڕێی "حەسەن بەگی بانە" بەناو و ئیمزای حەسەن بەگ کاغەزێکی بۆ برا گەورەکانی پشدەر: سالحی ئەحمەد ئاغا و بابەکری سەلیم ئاغا و بابەکری مەحمود ئاغا نارد، تێیدا نووسیبوو: وا جەنەڕاڵ (پوڵنیگ ئەلسکاندەر) سەرلەشکری ڕووس "بانە"ی گرتووە و "سەردەشت" و هەموو ئەو وڵاتەی لەژێر دەستدان، پێیگوتووم پەیوەندی بە پشدەرییانەوە بکە، باشەڕی ئێمە نەکەن. لە پاداشتی ئەوەدا کەرکوك دەدەینە ئەوان، بەڵام با قائیمقام لەوێ دەرکەن، یان بیگرن، هەروەها نووسیبوی (ئەلسکاندەر)دەڵێت: عەشیرەتی میراودەلی خوارزای ڕووسن، واتە لە "کەیغان"ی کچی قەڕاڵن،[٣] نابێ شەڕمان

---

١. حوزنی موکریانی: سەید حوسێنی کوڕی سەید عەبدوڵلەتیفی کوڕی شێخ ئیسماعیل لە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری مەهاباد لە دایکبووە، هەر بە منداڵی نیشانەی بەهرەی پێوەدیار بووە، سەودای کوردپەروەری بووە و ١٢ ساڵ بەبەرگی ئەفغانیەوە هەموو کوردستان و هەندەران گەڕاوە، بۆ کۆکردنەوەی مێژووی کورد، یەکەم کەس بووە بایەخی بە مێژووی کورد داوە بە زمانی کوردی، بایەخی بە هەموو جۆرە زانیاریەك، داوە بۆیە تاخۆی لەژیان دابووە لەساڵانی ١٩٢٥-١٩٤٧ هەژدە کتێبی بە چاپ گەیاندووە، زۆربەیان لەسەر مێژووی کوردستانن، لەناو کوردا یەکەمین کەس بووە چاپخانەی بۆ بەرژەوەندی زمان و مێژوو، وێژەی کورد دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری حەڵەب دایناوە و دوایی گواستوویەتییەوە شاری ڕەواندزی باشووری کوردستان، لەماوەی جیاجیادا گۆڤاری (زاری کرمانجی و ڕووناکی و دەگی گێتی تازە)ی دەرکردووە، چەندان وتاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فۆلکلۆری و ڕۆژنامەگەری نووسیوە، تا لە ڕۆژی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە شاری هەولێر، لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد بەڕێزێکی زۆرەوە نێژراوە. بڕوانە: موتەلیب، مامۆستا حسین حوزنی موکەیانی،(**1-5-1388http//motalleb.blogfa.com/post-18. aspx**)

٢. حوزنی موکریانی، شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٤ دا، پێداچونەوەی د. کوردستانی موکریانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٠، ، چاپخانەی دار الحریە للطباعە- بغداد، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨، ل ٤٠.

٣. ئاماژەیە بۆ داستانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، فەقێ ئەحمەد یەکێك بووە لە ئەمیرەکانی کورد و لە شەڕێکی تورك و ڕووسدا کەیغانی کچی قەیسەری ڕووسی لەمەیدانی شەڕ بەدیل گرتووە و مارەی کردووە و دوو کوڕی لێی بووە بەناوی (میر سلێمان) و (میربداغ) پاش مردنی باوکیان دەسەڵاتیان لە خۆیان بەشکرد، باباسلێمان بنکەی دەسەڵاتی بردە قەڵاچوالان و میرنشینی بابانی دامەزراند، میربداغ هەر لە دارە شمانە مایەوە و درێژەی بەکاروباری عەشیرەتەکەیدا، ئەم عەشیرەتە نەوەی ئەم میر بداغەیە، واتە لە "کەیغان"ی کچی قەڕاڵن.

لەگەڵدابکەن.[١] هەروەها ئەحمەدی حەماغای پشدەری دەڵێت: لەشکری پشدەر لەبن شاخێکی "کانی ڕەش" دابوون کاتێ کاغەزیان بەنهێنی بۆ هات، ئەوە بوو برا گەورەکانی میراودەلی بانگیان کردم، پاش ئەوەی کاغەزەکەیان دامێ و پێیان خوێندمەوە، گوتیان: شتێکی زۆر گرنگ هەیە، دەبێ سوێند بخۆی کەس نەیزانێت، تۆ ئاقڵ و خوێندەوار و تێگەیشتووی، چ وەڵامێکی "ئەلسکاندەر" و "حەسەن بەگ" بدەینەوە، ڕۆمی (واتە: تورك) لەو ناوەدا هەبوون، بۆیە ئاشکرابوونی نهێنیەکە خراپ بوو، گوتم: ناتوانم سوێند بخۆم، ئەمە شتێکی گەورەیە، ئەگەر ڕۆمی ببینن ئێمە ئەوە دەکەین و تەسلیمی ڕووس دەبین، وەك "حەمە خانی بانە[٢]" هەموومان دەکوژن، خەڵك و خواش بەکافرمان دەزانن و دەڵێن: میراودەلی بوون بە ڕووس و کافر بوون. دیارە ئەو دەمە دین هێندە بەهێز بوو کەس قایل نەدەبوو دوای ڕووس بکەوێت. گوتیان: بەخوا وایە، ئێمە نایکەین، بەهیچ جۆرێك خاکی خۆمان ناخەینە ناو چنگی بێگانە، و خۆمان لێیان ڕازی نابین، ئەو کاتە عەشایر ڕێکوپێك بوو. ئێمە سەد کەس بووین، دانیشتین قسەمان کرد و بڕیارماندا زۆر بەتوندی لەلەشکری ڕووس بدەین.

وەڵامی کاغەزەکەمان نووسی و ناردمانەوە.[٣] لە وەڵامی نامەی (پولێنیگ ئەلسکاندەر)دا هەردوو سەرۆك هۆزی پشدەر بەهۆی دینەوە وەڵامیان دانەوە[٤]

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

٢. حەمەخانی بانە یەکێك لە قارەمان و کەسایەتیەکانی کورد بوو، لەگەڵ سەیفەدین خان حاکمی سەقز و حسین خانی سەرداری بۆکان، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لەساڵی ١٢٨٥ کۆچی، لەشاری مەراغە لەلایەن حکومەتی تورکی عوسمانیەوە، پێوەندی بە دۆزی نەتەوەییەوە، بەپیلانێك گیران و لەسێدارە دران سێ ڕۆژ تەرمەکانیان بەسێدارەوە مایەوە. سەرچاوە: محەمەدئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ل ١٥٨.

٣. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

٤. حوزنی مەکریانی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

دەڵێن: ئێمە ناتوانین بەسەروەت و سامان و پلە و پایە واز لە ئاین و نیشتمانی باب و باپیرانمان بێنین. بێگانە ئایین و نیشتمانمان پێشێل بکات.[١]

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو شەڕانەی لەگەڵ ڕووسیا کراوە، هەمووی بەهاندانی ئاینی ئیسلامەوە بووە، دەیان گێڕایەوە: مەلایانی ئاینی خۆیان زۆر دەوریان هەبووە، لە هاندانی خەڵك بۆ جیهاد و خۆشیان دێنە گۆڕەپانی شەڕەکەوە، دەربارەی مەلایەك لەو مەلایانەی ڕۆشتونەتە بەرەی شەڕ ناوی مەلا مەحمود بووە گوتیان: ئەم مەلایە هەمیشە قسەی بۆ خەڵك دەکرد، پێیدەگوتن: ئەگەر ئێوە پشتی خۆتان بکەنە دوژمنی کافر، ئێوە خۆشتان کافر دەبن و تەڵاقیشتان دەکەوێت، وەك نوکتەیەك ئاماژەی بۆ دەکەن، ڕۆژێك بە ڕێکەوت هێرشی دوژمن دەکەوێتە ئەو بەرەیەی مەلا مەحمودی لێ دامەزراوە، مەلا تەنگاو دەبێت و هاوار دەکات، دەڵێت: خوایە ئەم جارەشمان شەهید مەفەرموو، دەیان گوت: ئەم قسەیەی مەلا مەحمود ببووە نوکتە لەناو خەڵکدا.[٢]

کاتێک بۆی دەرکەوت بەشەڕ توانای سەرکەوتنی نییە، (ئەلسکاندەر) دووبارە نامە و ڕاسپاردە بۆ هەردوو سەرۆك هۆزی ناوبراو دەنێرێتەوە، دووبارە (ئەلسکاندەر) بۆی نووسینەوە دەست لەشەڕ بەردەن. لەدواییشدا شەڕ دەستپێکرا.[٣] ڕووس هاتە سەردەشت شارەکەی سوتاند و خەڵکێکی زۆری بێتاوانیشیان کوشت، دەنگۆی ئەم شاڵاوە وەحشیگەریەی ڕووس دەرهەق بە خەڵکی بێتاوانی سەردەشت، گەیشتە گوێی پیاوانی هۆزی میراودەلی پشدەر، ئەمجارە لە وەڵامی نامەکەی (ئەلسکاندەر)دا هەر دوو

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

٢. عبدالله رسول پشدەری، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤.

٣. حوزنی موکریانی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

سەرۆك هۆزی پشدەری بابەکر ئاغا[١] و هەباس ئاغا.[٢] هەرچی چەکداری بیتوێن، پشدەر، مەرگە، شارباژێر و دەوروبەری هەیە کۆیان دەکەنەوە، لەشکرێکی بەهێزیان ڕێکخست بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئێران)، هێزی لەشکری میراودەلییان بریتی بوون لە خەڵکی بیتوێن، مەرگە، شارباژێر ودەوروبەری، خۆشیان لەگەڵ هێزەکەدا دەڕۆن بۆ شەڕ.[٣]

خەڵکی بیتوێن چالاکانە بەشدارییان لەم شەڕەدا کردووە، کوێخا کەریم (باوکی سابیری کوێخا کەریم)، کوێخای ڕانیە بووە، لەگەڵ خەڵکی ڕانیەدا بەشداری لەشەڕی دژی سوپای ڕووس لە سەردەشت کردووە، هەروەها قادر بەگی[٤] ڕانیە ئەو کات ئەفسەر بووە لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی، یەکێك بووە لە ئەفسەرەکانی عوسمانی دانیشتوی ڕانیە، لە ساڵی ١٩١٦ لە "غەزای

---

١. بابەکر ئاغا کوڕی سەلیم ئاغای کوڕی بابەکر ئاغای کوڕی حەماغای گەورەی میراودەلییە، لای زۆربەی گەڕیدە و مێژوونووسەکان بە سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر ناسراوە، یەکێکە لە سەرکردە مەزنەکانی عەشیرەتی پشدەر، لە ساڵی ١٨٧٥ لە گوندی بادەڵیانی سەر بە قەزای پشدەر لە دایك بووە، لەسەر دەستی زانایانی ناوچەکە خوێندوویەتی زمانی کوردی و فارسی زانیوە و زانیاری ئاینیشی هەبووە، دەسەڵاتی لە سنووری مەرگە و پشدەر و سەردەشت هەبووە، لەبەرئەوە بۆ (تورك و ڕووس و ئینگلیز) جێگای بایەخ پێدان بووە، (دەبلیو، ئاڕ، هەی) حاکمی سیاسی هەولێر و ئەفسەری ئینگلیز دەربارەی دەڵێت: (بابەکر ئاغا لە یادەوەری مندا وەك مەزنترین سەرکردەی کورد دەمێنێتەوە) عوسمانییەکان ئەویان بەجێنشینی پشدەر دانا، تاکو ڕووخانی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزەکان، لەلایەن ئینگلیزیش بە قائیمقامی قەڵادزێ دانرا، لایەنگر و پشتگیری سیاسەتی ئینگلیز بووە و پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحمود نەپچڕاوە، پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد وەکو (سمکۆ) و (قازی محەمەد) بەهێز بووە، ڕۆڵێکی باشی لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و بوارەکانی تری گێڕاوە تا لە ١٠ی مارتی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (گردەسپیان) بە خاکسپێراوە. بڕوانە: مۆفەق میراودەلی، عەشیرەتی میراودەلی، ٢٠١٠، ل ١٠٦.

٢. عەباس ئاغا کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی حەمەد ئاغای گەورەی میراودەلییە، لە تایفەی مەحمود ئاغایە و لە عەشیرەتی میراودەلییە، بە هەباسی مەحمود ئاغای ناسراوە، لە ١٨٧٥یان ١٨٩٣ لە گوندی بێخرێ سەر بە پشدەر لە دایك بووە، بەشێکی زانستە ئاینیەکانی وەرگرتووە، چوار ژنی هێناوە، منداڵ و نەوەی زۆری لەپاش بەجێماوە، عەباس ئاغا پیاوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی بووە، باسی سادەیی و ساکاری کراوە، داکۆکی لە ماف و سەلامەتی ئەو کاتی جولەکان کردووە، یەکێکە لەدوو سەرۆك هۆزە بەرچاوەکەی پشدەر، زۆر دۆستی شێخ مەحمود بووە، لە کۆبونەوەی ڕۆژی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمود لە ١٧-١١-١٩١٨ ئامادە بووە، دواتریش لایەنگرێکی سەرسەختی شێخ مەحمود بووە، عەباس ئاغا لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی تر و بە هاوکاری تورك لە ٣١-٨-١٩٢٢ ئینگلیز لە دەربەندی ڕانیە دەردەکەن و ئەوەش بووە هۆی هێنانەوەی شێخ مەحمود لە هندستان، بڕوانە: مۆفەق میراودەلی، عەشیرەتی میراودەلی، ٢٠١٠، ل١١٥.

٣. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣١.

٤. قادر بەگ باوکی عەلی بەگ (١٨٨٨- ١٩٨٦) و نوری بەگ (١٩٠٣- ١٩٨١)، بووە و دانیشتوی ڕانیە بووە، ئێستا نەوەکانیان لە ڕانیە نیشتەجێن.

ڕووس" بەشداری کردووە و شەهید بووە.[١] دەگێڕنەوە لەشکری پشدەر زۆر کەسی ئازای بێ چەکیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ کاتی پێویست. کاتێک لەشکری دووەم دەگاتە بەرەی جەنگ و لەگەڵ لەشکری یەکەم تێکەڵاودەبێت، هێندەی تر ورەیان بەرزدەبێتەوە. لەشکر و هێزی پشدەر دەگاتە دەشتی (کەپران و گردەسوور)ی نزیك سەردەشت، لەنێوان سەردەشت و پشدەردا هەڵکەوتووە.

بابەکر ئاغا و هەباس ئاغا تەماشا دەکەن مەلا حسینی هەڵشۆ ناسراو بە (مەلا سێنە پیرە) خۆی و هێزەکەی لەناو لەشکر دیار نییە، نامەیەکی بۆ دەنووسن، دەڵێن: "حەیف و بەداخەوە مەلا سێن پیاوێکی وەك تۆ خۆت بەناودار و پیاو دەزانیت، کەچی لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا لەگەڵ پیرێژنە هەڵشۆییان لاقان لە خۆڵەمێشی بنێیت و سوپای کوفریش بەردەرگات پێبگرێت و موسڵمانان شەهیدبکەن و ئاین و نیشتمانمان پێشێل بکەن، تۆش هیچ دەنگ و ڕەنگت نییە". هەر مەلاسێن ئەم نامەیەی پێدەگات زۆر بەپەلە هەرچی چەکداری خۆی هەیە، لە هەڵشۆ و دەرەوەی هەڵشۆ کۆیاندەکاتەوە و بەرەو بەرەی شەڕ دەکەوێتەڕێ.

مەلا سێن دەگاتە بەرەی جەنگ، بە بابەکر ئاغا و هەباس ئاغا دەڵێت: چاوەڕوانی فەرمانی ئێوە بووم، هەر لەئێستاوە بەرەیەکی شەڕم پێ بسپێرن، بەپشتیوانی خوای گەورە دەرسێکیان دادەدەم لووتی قەیسەریان پێ بشکێنم، هەر دوو لەشکری کۆن و تازە تێکەڵ دەبن، بەرنامەی شەڕ و پەلامار بۆ سەر سوپای ڕووس دادەمەزرێنن، هەر دەستە و تاقمە سەنگەری دوژمنی بۆ دیاری دەکرێت. پەلاماری سوپای ڕووس دەدەن و دەبێتە دەنگی (اللهاکبر) و (لا اله الا الله)، لەهەموو لایەکەوە هێرش دەبەن و دەبێتە شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوی.[٢]

١. مەلا سمایلی نورەدینی، مێژووی ڕانیە و بنەماڵەکانی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٥٤) ڕانیە مانگی ٦ی ٢٠١٣، ل ٣٩-٤٥.
٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣١- ١٣٢.

لەدوای ئەوەی شەڕ دەستپێکرا، هەر دوو سوپا بەرەنگاری شەڕێکی سەخت و خوێناوی دەبنەوە لەگەڵ سوپای ڕووسدا. سوپای ڕووس پەلامار لەسەر پەلامار بۆ سەر لەشکری میراودەلی و پشدەر دەبات، یەکەمین شەڕیان لە ڕۆژی دوو شەمە بوو، لە سەردەشت لەوێش شەڕێکیان لەگەڵ سوپای ڕووس کرد، لەو شەڕەدا ڕووس تەنگەیان بەکورد هەڵچنی[1]، بەڵام دواتر هێزی پشدەر لێیان ڕادەپەڕن و وەك گەڵاڕێزان سەربازی ڕووس دەکەوێتەسەر زەوی و بەدۆزەخیان دەسپێرن. چەند ڕۆژ سوپای ڕووس بەم شێوەیە هێرش و پەلامار دێنێت بۆ سەر لەشکری پشدەر، بەڵام لەشکری پشدەر، بیتوێن، مەرگە و شارباژێر پەیمانیان دابوو، نەهێڵن ڕووسەکان پێی پیسیان لەسەر بستێك خاکی نیشتمان دابنێن.[2]

## هەڵمەت بردن بۆ سوپای ڕووس

لەشکری پشدەر جارێکی دیکە خۆیان ڕێکدەخەنەوە، پەلاماری سوپای ڕووس دەدەن و دەبێتە دەنگی (اللهاکبر) و (لا اله الا الله)، لەهەموو لایەکەوە هێرش دەبەن، دەبێتە شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوی، لە هەموو لایەکەوە هێرش و پەلامار دەست پێدەکات. لەولاشەوە دوو سەرکردەی شەڕ (بابەکر ئاغا و هەباس ئاغا) وەکو شێری ناو بێشە هانی جەنگاوەران دەدەن، دەڵێن: "ئەی موسڵمانان، ئەی جیهادکاران، ئەی ئەو کەسانەی دەتانەوێت خودا و پێغەمبەری خودا لە خۆتان ڕازی بکەن. ئەی شێرە پیاوانی پشدەر، بیتوێن، مەرگە و شارباژێر، چاوتان لێیە وا سوپای کوفر بەر دەرگای پێگرتوون، دەیەوێت ئاین، نیشتمان، سەربەرزی، داب و نەریتی باب و باپیرانتان پێشێلبکەن. جا ئەمرۆ ڕۆژی هیمەتە، ڕۆژی غیرەتە، ڕۆژی پیاوانە، ئەو ڕۆژەیە سەری

١. حوزنی موکریانی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

خۆتان، نیشتمان، عەشیرەت و گەلەکەتان بەرزبکەنەوە. ئەو ڕۆژەیە داستانێك تۆماربکەن، خۆتان بەهەموو جیهان بناسێنن، لەلاپەڕەی مێژوودا جێ پەنجەتان دیار بێت، بەدوژمنی بسەلمێنن، تۆ ئەوەی، کەهەیت، هەیت.." شێرە پیاوان و جیهادکاران گوێیان لە قسەکانی ئەم دوو سەرلەشکرە بوو، هەی لەوەی لەبەرەی خۆیەوە پەلاماری سوپای ڕووس بدات. کاتێك سوپای سەرکێشی ڕووس گوێی لەهاندان و دەنگی (الله أکبر) بوو، غیرەت لەلەشیاندا نەما و ئەژنۆیان کەوتە لەرزین، بەرەو شاری سەردەشت ڕایانکرد.[١] نزیکەی شەش جار شەڕ و پەلاماریان بۆیەك برد و کوشتاریان لێك کرد، یەکەمین شەڕیان لە دووشەممە بوو، کەڕووس گەیشتە سەردەشت لەوێش شەڕێکیان کرد، لەو شەڕەدا ڕووس تەنگەیان بە کورد هەڵچنی، شەڕی سێیەم و چوارەم و شەشەم میراودەلی سەرکەوتن و سەردەشتیان لەدەست ڕووس دەرهێنا. لەلەشکری پشدەری نزیکەی سێ سەد کەس کوژران. ئەوانە لەیەکەم شەودا بوو، لەنزیك بۆکان و سەعاتێك لە بۆکان دوورە.[٢] پاش چەند ڕۆژ و شەو لێکدان لە دەورو پشتی شاری سەردەشت دەتوانن سوپای ڕووس بشکێنن و هەتا دەشتی ڕەبەت بەدوایدا بڕۆن، لەو شەڕانەدا دیسانەوە زۆر پیاوی ناودار شەهید کراون.

شەهیدانی ئەم شەڕەی پشدەر لە "گردی ئاغایان"ی پشت سەردەشت نێژراون، ئێستاش لە پشتی سەردەشت چیایەك هەیە ناسراوە بە (گردی ئاغایان)، چونکە زۆر لە ئاغایەکانی پشدەر لەم گردەدا شەهیدکراون، بەم جۆرە فیداکارییە ماوەیان نەداوە، کەوا سوپای ڕووس بگاتە سەر سنووری عیراق،[٣] لەشکری پشدەر تا ئەولای سەقزیش بەشوێن ڕووسەوە بوون، نەیانهێشت

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢.

٢. حوزنی موکریانی، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

٣. عەبدوالله احمد رسول پشدەری، هەمان سەرچاوە، ل ٢٣.

لای پشدەرەوە بێنە ناو پشدەر.[١] لەشەڕێکی سەختدا سوپای ڕووسیان شکاند و سەردەشتی بەجێهێشت، دوای ئەوەش لەشکری پشدەر لەدوویان نەبوونەوە، لەوێش کەوتنە دوایان، لە دەوروبەری سەردەشت و وڵاتی موکریان شەڕێکی قورسیان لەگەڵدا کردن، زۆریان لێکوشتن، بەشکانی سوپای ڕووس لەناو شاری سەردەشت، ورەیان زیاتر بەرزدەبێتەوە بەهاوکاری خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری لەناو شاری سەردەشتیان دەرپەڕاندن، بە(دەشتی ڕەبەت)دا ڕاویاندەنێن بەرەو (چۆمی کەڵوێ=زێی بچوك) دەیان پەڕێننەوە و سووپای ڕووس سەریان لێدەشێوێت، کوشتار و تاڵانێکی زۆریان پێ بەجێدێڵن. هێرشبەرانی پشدەر و سەردەشت، بەرەو شاری بۆکان بەدوای سوپا بەزیوەکەی ڕووسدا دەڕۆن.[٢] لەنزیك شاری بۆکان لەشەڕێکی مانونەماندا هێزی پشدەر تەنگ بەسوپای ڕووس هەڵدەچنێت، بەڵام لەنزیك (گوندی ناچیت)، کە دەکەوێتە شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای بۆکانەوە، سەعاتەڕێیەك لە بۆکان دوورە، لەپڕ دەستەیەك لەهێزی پشدەر بەسەر کەمینێکی گەورەی ڕووسەکاندا دەکەون و لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا لەیەك سەنگەر و لەیەك ڕۆژدا چەند پیاوی گەلێ ناوداریان لێ شەهید بوون،[٣] کە ئەمانە بوون:

١-هەباسی حەماغای (برای ئەحمەدی حەماغای پشدەری) ٢-حاجی سەید گوڵ بابی (شێخ حسین)ی بۆسکێن[٤].

---

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣.

٣. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، ل١٥. - ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.

٤. شێخ حسینی بۆسکێن کوڕی حاجی سەیدگوڵ کوڕی شێخ قادری سندۆلانە، لە ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی سندۆلان لە دایك بووە، هێشتا هەر منداڵ بووە باوکی لە شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ڕووسەکان لە گوندی (ناچیت)ی سەر بە شاری بۆکان شەهید بووە، بە منداڵی نێردراوەتە حوجرە بۆ خوێندن، دواتر بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەشرەب خۆش و قسەزان بووە، ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی خەڵك، ئارەزووی پێشخستنی زانست و زانیاری هەبووە، لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٥٥ قوتابخانەی هێناوەتە گوندی بۆسکێن و خانووی نیشتەجێبوونی خۆی داوەتە

**٣-ساڵحی بابەکری سەلیم ئاغا. ٤-حەمەی مەمەند ئاغا. ٥-تۆفیق بەگی تابوورئاغاسی. ٦-حاجی حەسەنە خڕە[1] لەگەڵ یەك نەفەری تر ناوەکەی نەزانراوە.** ئەو حەوت شەهیدە لە گوندی (ناچیت) دەنێژرێن. ئێستا گۆڕی ئەو حەوت شەهیدە زیارەتگای موسڵمانانی ئەو ناوچەیە.[2]

## شکانی سوپای ڕووس

سەرەڕای ئەوەی سوپای ڕووسیا لەبەرەی شەڕ شکستی هێنا و شکا و بەرەو بۆکان گەڕایەوە دواوە، هەر لەو کاتەشدا لەساڵی ١٩١٧ کە شەڕو پێکدادان لەدەوروبەری بۆکان لەنێوان لەشکری پشدەر و سوپای ڕووس بەردەوام بوو، لەو کاتەدا گۆڕانکاری زۆر گەورە ڕوویدا و (شۆڕشی ئۆکتۆربەر)ی ساڵی ١٩١٧ بەرپابوو، ڕژێمی پاشایەتی قەیسەری ڕووس کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی هات، لەهەموو بەرەکانی جەنگ سوپای ڕووس پشێوی تێکەوت و دەگەڕێتەوە و ناوچە داگیرکراوەکان بەجێدێڵێت، ئەگەرچی کۆتایی شەڕەکە بەسەرکەوتنی لەشکری

---

قوتابخانەکە و خەڵکی هانداوە منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن، هەمان ساڵ مزگەوتی گەورەی بۆسکێنی درووست کردووە و ساڵی ١٩٥٧ نەخۆشخانەیەکی لە بۆسکێن بنیاتناوە، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە و لە گردبوونەوەکەی ساڵی ١٩٦١ لە خەلەکان ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، شێخ حسین کەسایەتییەکی ناودار و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو، لە ساڵی ١٩٦١ بەدواوە ڕۆڵێکی گرنگی لە شۆڕشی ئەیلولدا بینیوە، مەسعود بارزانی لە کتێبی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد) چەندجارێك باسی قارەمانێتی و لێهاتوویی شێخ حسینی بۆسکێنی دەکات، کە دەستەڵاتێکی زۆری لەناوچەکە دا هەبووە، بەڵام بە هۆی بیرو هەڵوێستی نزیك لە مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك)، نێوانی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بەرەو گرژی و ساردبوونەوە چووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٦٤ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە، بەڵام هەمیشە هاوکار و پشتیوانی شۆڕش بووە، بە تایبەت لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان (ی.ن.ك)، شێخ حسین لەژیانیدا دوو ژنی هێناوە، بەڵام هیچ منداڵی نەبووە، تا لە ڕۆژی ٢-١٢- ١٩٩٣بە هۆی نەخۆشی و دوای نەشتەرگەری کردنی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بۆسکێن بە خاك سپێراوە. بڕوانە: حەبیبە عەزیزبابان، نەمرانی شار، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٤)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ ل ٣٣.

١. حاجی حەسەنە خڕە لەگەڵ حەسەنە کوێردا، ئەوە بوو باسمان کرد، "حوسنی بەگ"یان کوشت. خۆشیان دەرباز دەکەن، بەو هۆیەوە بە (گردی حوسنی)، ناسراوە. بڕوانە: مەلا سمایل نورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ساڵی چوارەم، ژمارە/٤٤ مانگی٨ی ٢٠٠٨، ل ١٥.

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە،ل١٣٣.- حوزنی موکریانی، هەمان سەرچاوە،ل ٤٠.

پشدەر کۆتاییهات و سوپای ڕووس بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی دانیشتوانی پشدەر، بیتوێن، مەرگە و شارباژێر نەیانتوانی بگاتە ناوچەی پشدەر، سەرەڕای نەهامەتی و مەینەتییەکانی دانیشتوان، لەو شەڕە خوێناویەدا، لەشکری پشدەر زیانی زۆر گەورەی لێکەوت و گەلێك لە کەڵەپیاوانی میراودەلی، پشدەر، بیتوێن، مەرگە، شارباژێر و دەوروبەری شەهید بوون، ژمارەی شەهیدانی لەشکرەکە لە شەڕی ڕووسدا لە (٣٠٠) کەس تێپەڕیوە، لەبەر دوورکەوتنەوەی کاتی شەڕەکە و نەبوونی سەرچاوەی پێویست، نەمانتوانی ناوی هەموو شەهیدەکان بزانین، ئەمەش ناوی بەشێك لەو شەهیدانەیە:

١-حاجی سەید گوڵ. ٢-عەلی عەبدوڵڵا ئاغای خڕەبەردان. ٣-خدری عەبدوڵڵا ئاغای خڕەبەردان. ٤-باپیری ئەحمەد ئاغای بێ شیرێ. ٥-سمایلی برایماغای ئالآوێ. ٦-پیرۆتی سەلیمی بێوریێی خوارێ مەرەسەنە. ٧-مەمەندی سەلیمی بێوریێی خوارێ مەرەسەنە. ٨-سالحی بابەکر ئاغا. ٩-هەباسی حەمەد ئاغا. ١٠-حەمەی مەمەندئاغای دەشتێوێ. ١١-حاجی حەسەنە خڕە. ١٢-مام ئاغای فەرخە. ١٣-مەحمودی ڕەشید ئاغا. ١٤-فەقێ ئەحمەدی گردە چاڵی. ١٥-هەمزەی ڕەشید ئاغا. ١٦-بابەکری قادر ئاغا. ١٧-برایمی کاکە حەمەی ئیسێوێ. ١٨-کارەسوی کاحەمەدی ئیسێوێ. ١٩-مەلا وەسمان بەگی دارەشمانە. ٢٠-مام کائەحمەدی دارەشمانە. ٢١-برایمی حەسەنە سوورە. لەگەڵ ١٠ کەسی تر خەڵکی مەروێ بوون، بەڵام ناوەکانیان نەزانراوە. ٢٢-حەسەنی بایزی ناسراوبە (حەسەنەزەردی بێ گەڵاس). ٢٣-حوسێنی مام مەحمود ناسراوبە (حوسێنە بەلەی بێگەڵاس). ٢٤-حاجی فەقێ. ٢٥-حەسەنی ئالی. ٢٦-عەبدوڵڵای فەرخەی. ٢٧-بایزی وەیسی ناسراوبە (بایزە کوێر). ٢٨-سەلیم برایمی هەڵشۆیی. ٢٩-مستەفا

شینی سێمانە چەپی هەڵشۆیی. **٣٠-**فەرخەی برایمی هەڵشۆیی. **٣١-**حەمە چەپی ڕووزەی. **٣٢-**مستەفای ئاوڕەحمانی ناسراوبە (مستەفای بەڵکیسێ) خەڵکی گەناو، لە شەڕی ڕووس ئەسیر بووە و لە بەندیخانەی قەفقاز کۆچی دوایی کردوە، **٣٣-**ئەحمەدی حەسەنی مەحمودی دوڕێ. **٣٤-**سمایلی کاکە مەلا و عەزیزی حاجی حەمەدیش لەشەڕدا بەدیل دەگیرێن و لەهەمان بەندیخانەی قەفقاز زیندانی بوون، پاش چەند مانگێك ئازاد بوون و گەڕانەوە گوندی گەناو. **٣٥-**حەمە سووری مەلا برایمی بەرسولی، یەکێك بوو لە جەنگاوەرانی پشدەر لەشەڕی ڕووس لە هێرشێکدا هەر دوو دەستی دەشکێن و بەددانی قایشی تفەنگەکەی دەگرێت و دەیهێنێتەوە و بەجێی ناهێڵێت. گەلێکی تر ناوەکانیان نەزانراوە.

ناوی شەهیدانی خەڵکی بیتوێن و مەرگە و شارباژێر نەزانراوە.[1] قادر بەگی ڕانیە ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانی بەشداری شەڕی سەردەشتی کردووە و شەهید بووە، قاسم جاسم ئاغا لە ڕانیە بەڕەشبگیری (سەفەربەلك)ی بەسەرباز گیرا، لەشەڕدا کوژراو نەگەڕایەوە، لەگەڵ چەندان خەڵکانی تر، کەناوەکانیان نەزانراوە.

لەو شەڕانەی لەگەڵ سوپای رووس کرا، چەند نوێنەری تورك بە ناوی ئیدارە و دابەشکردنی چەك و تەقەمەنی بەشداری ئەو شەڕانەیان لەگەڵ پشدەرییەکانداکردووە، خۆیان بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیان بینیوە، بۆیە حکومەتی تورکیا خۆی دانی بەوە داناوە کەوا پشدەر شورەیەکی پۆڵاینە و کەس ناتوانێت ئەو شورەیە بشکێنێت، لەدوای ئەمە تورکیا زۆر ڕێزی لە عەشیرەتی پشدەر نا، چەك و فیشەکێکی زۆری بۆ ناردن، تفەنگی (تەیارەشکێن)ی ئەڵمانی، کە تازە پەیدابووبوون بڕێکی زۆریان، وەکو دیاری بۆ ڕەوانە کردن.[2]

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

٢. عەبدواللە احمد رسول پشدەری، هەمان سەرچاوە، ل ٢٤.

## کشانەوەی سوپای ڕووس

لە کاتی ئەم شەڕانەدا لەگەڵ سوپای ڕووس، ڕێکەوتی بارودۆخێکی تایبەتی کرد، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٧ هێرش و پەلامارەکانی سوپای ڕووسی لە هەردوو مەیدانی تورکی –ئاسیایی و ئێرانی لەجەنگی جیهانیدا تووشی سستی و ساردبوونەوە بوو، لەڕاستیدا ئەم تەنگژەیە کاریگەری قوڵی هەبوو، لەسەر هەموو ڕژێمەکانی سەربازی و سیاسی لە ڕووسیا. دوای شۆڕشی ١٩١٧ کۆتایی بە دەسەڵاتی قەیسەری ڕووسیا هێنا، چەند هۆکارێکی کاریگەری سیاسی بەدەستهێنا، بایەخێکی گەورەی هەبوو بۆ سەرکردە سەربازییەکانی ڕووسی. دەبوو پێگەی سوپای ڕووسی لە کوردستان تۆکمە بکات.[1]

هەرچەندە کورد دەیویست دەست لەگەڵ سوپای ڕووس تێکەڵ بکات و یاریدەی بدات، بەڵام سیاسەتی ئەو دەمەی ڕووس تەنیا بایەخی بەئەرمەن دەدا و پشتیوانی کوردیان نەکرد، بەئاواتی خۆی بگات، تەنانەت ڕووسیا سوودی لە کوردستانی سەر سنوورەکانی خۆشی وەرنەگرت، کەچی، کە ڕووس هاتە (ئەرزنجان) و ناوچەی (دەرسیم)ی لانەی ڕەسەن و زیندوی کوردانیان بینی، ئەوسا کوردیان بەهەندگرت و بۆیان دەرکەوت مافخوراون،[2] لەم ماوەیەدا ڕووسیا هەوڵی زۆریدا لەڕێگای گفتوگۆ و پەیوەندی لە سەرکردە کوردەکان نزیك بێتەوە، بەڵام هەموو ئەو گفتوگۆیانەی نوێنەرانی سەرکردایەتی ڕووسیا ئەنجامیدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لەگەڵ سەرکردە کوردەکان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئاسۆیەکی گونجاو بوو بۆ لەیەکگەیشتن، لەگەڵ کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوە بوو سەید عەبدوڵڵا بەناوی لیژنەی (ئیسقلال

١. ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٦.

٢. عەبدولعەزیز یامولکی، سەرچاوەی پێشوو.

کوردستان- تحریر کوردستان) و سەید تەها و شێخ مەحمود بەرزنجی، ئەمانە ئەو سەرکردە کوردانە بوون زۆرترین دەسەڵاتییان هەبوو لە باشووری کوردستان، ڕوویانکردە دەسەڵاتدارانی ڕووسی و سەرکردە سەربازیەکانیان لە عیراق و ئێران، پێشنیاری هاوکاری و هاوبەش هەبێت لە خەبات و تێکۆشان دژی سوپای تورك، لەپێناوی ڕزگارکردنی باشووری کوردستان. لە هەمانکاتدا ئینگلیزەکان چەندین پەیوەندییان ئەنجامدا لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی میسۆپۆتامیا، لە پایزی ساڵی ١٩١٧ سوپای ئینگلیز لە سنووری ویلایەتی موسڵ نزیك بووەوە، کە کوردەکانی لێ نیشتەجێبوون، بەکرێگیراوەکانی ئینگلیز دەستیانکرد بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەهێز بەنێو خێڵە کوردەکان و عەرەبەکاندا، پاشان نوێنەری سامی بەریتانی لە عیراق (پیرسی کۆکس) لە درەنگ وەختێکدا لە حوزەیرانی ١٩١٨ دەستیکرد بە وتوێژ لە مەرسیلیا دەربارەی دامەزراندنی ناوچەیەکی کوردی مافی حوکمیزاتی هەبێت لە عیراق، بەڵام ڕووسەکان مەبەستیان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو، هەموو ئەو هەوڵانەی ڕووسیا و بەریتانیا بەکاریانهێنا، لەپێناو ڕاکێشانی سەرکردە کوردەکان لە باشووری کوردستان بۆ لای خۆیان، ئەنجامێکی دڵخۆشکەری نەبوو، کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا بووە هۆی پچڕاندنی هەموو پەیوەندیەکانی ڕووس لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی تورکیا و ئێران.[1]

کاتێك لەساڵی ١٩١٧ ڕووسەکان دەستیان کرد بە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان، لەبری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، ئەوەبوو لە ١٧ی حوزەیران بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆنگرەی سەرکردە کوردەکان بەسترا، لە کرماشان و تیایدا دروشمی هاریکاری و

١. ن. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧.

دۆستایەتی ڕووسی – کوردی بەرزکرایەوە، ئەمە سەرکەوتنێکی درەوشاوەبوو بۆ ڕووسەکان لە کوردستان بەدەستیانهێنا، بەڵام دەرکەوت لاواز و سەرپێیی بوو، چونکە زۆری نەخایاند سوپای ڕووس لە ئێران داڕوخا و توانا سەربازیەکانی لە دەستدا، پاشان سوپای ڕووس لە ئێران کشایەوە.

دوای ئەو کودەتا سەربازیەی بەلشەفیەکان پێی هەستان و لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٧دا، (واتە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧) بووە هۆی کشانەوەی ڕووسیا لە جەنگەکەو گەڕانەوەی هێزەکانی ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ڕۆژئاوای ئێران و باکووری عیراق، ڕووسیا لە ڕێکەوتنامەی (سایکس – بیکۆ)ش کشانەوە و ناوەرۆکی ڕێکەوتنەکەشیان ئاشکراکرد، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بارودۆخی سەربازی و سیاسی لە کوردستان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری.[١]

لەساڵی ١٩١٧ لەکاتێکدا شەڕو پێکدادان لەدەوروبەری بۆکان، لەنێوان لەشکری پشدەر و سوپای ڕووس بەردەوام بوو، لەو کاتەدا گۆڕانکاری زۆر گەورە ڕوویدا و (شۆڕشی ئۆکتۆربەر)ی ساڵی ١٩١٧ بەرپا بوو ڕژێمی پاشایەتی قەیسەری ڕووس کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی هات، لەهەموو بەرەکانی جەنگ سوپای ڕووس دەگەڕێتەوە و ناوچە داگیرکراوەکان بەجێدێلێت. کۆتایی شەڕەکە بەسەرکەوتنی لەشکری پشدەر کۆتاییهات و سوپای ڕووس بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی دانیشتوانی پشدەر و بیتوێن و مەرگە و شارباژێر نەیتوانی بگاتە ناوچەی پشدەر، لەلایەکیتر بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناچاربوو سوپاکەی خاکی کوردستان و ئێران جێبێڵێت و بگەڕێتەوە ڕووسیا بۆ وڵاتەکەی خۆی.

١. م. س. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٠٨.

## گەڕانەوەی سوپای ڕووس بۆ وڵاتی خۆیان

دوای گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی ڕووسیا، بەلشەفییەکان هاتنەسەر تەختی دەسەڵات، سوپای ڕووسیا گەڕایەوە بەرەو وڵاتی خۆیان، کاتێك سوپای ڕووس بەکوژراو و بریندارێکی زۆر دەگەڕێتەوە ئەو شارۆچکەی کۆبوونەوەی بەخەڵکەکە کردبوو، (پوڵنیگ ئەلسکاندەر) داوای ئەو پیاوە دەکات دەربارەی میراودەلییان وتوێژی لەگەڵ کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سوپای ڕووس سوپایەکی دڕندەبوو، بەکوژراو و بریندار و زەرەرێکی زۆرەوە گەڕابوونەوە، کابرا خۆی دەشارێتەوە و داوا لەخەڵك دەکات ئاشکرای نەکەن. (ئەلکساندەر) داوای دەکات و دەڵێت: خەڵاتی دەکەم، بەڵام خەڵکەکە پێی ناڵێن، (ئەلکساندەر) سەعاتێکی ئاڵتونی لەدەست دادەبێت، دەیدات بەیەکێك لە ئامادەبووان، دەڵێت: ئەم کاتژمێرەی بەخەڵات بدەنێ، بەڵام ئەگەر من و دەسەڵاتی قەیسەر بمێنێت دەبێت ئەم عەشیرەتە بکەمە هاوپەیمانی ڕووسیا.[١] ئەحمەدی حەماغای پشدەری لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت: من خۆم سێ ساڵ لەسنووری سەردەشت لەگەڵ هێزی پشدەر و میراودەلیان دژی ڕووس شەڕم کرد.[٢] قسەی ئەوانەی خەڵکی ڕانیە دیل بوون لە ڕووسیا ماونەتەوە، جەخت دەکەنەوە سێ ساڵ لە ڕووسیا ماونەتەوە، بەم پێیە دەبێت لە ساڵی ١٩١٥ ەوە لەشکری ناوچەکە چووبن بۆ بەرگری، تاکو ساڵی ١٩١٧ بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا لە شەڕەکە کشایەوە و ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەی (سایکس- بیکۆ)ی ئاشکرا کرد، کە چۆن بەریتانیا و فەرەنسا بەنهێنی خاکی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیان لەنێوان خۆیاندا بەشکردبوو، بۆ ئەوەی خێر و بیری ئەم وڵاتە بەتاڵان ببەن، بەم جۆرە ناوچەی پشدەر و بیتوێن و کۆیە لە شاڵاوی پەلاماری ڕووسان،

---

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٥.

٢. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

لەسەر دەستی ڕاپەڕیوان و شێرە پیاوانی ناوچەکە تێکشکێنرا، سەرەڕای فێڵ و دەهۆ و پیلانەگڵاوەکانی عوسمانی تورك و ڕووس و ئینگلیز و فەرەنسا، تائێستاش نەتەوەی کورد بەسەر بەرزی لەخاکی خۆی دەژی بەرەو ڕووی هەر داگیرکارێك دەبێتەوە، بەچاوی تەماع و داگیرکاری خاکەکەی داگیربکات، بەم شێوەیە تێکۆشەرانی کورد ناوی خۆیان و ناوچەکەیان بەسەر بەرزی و نەمری لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرد و مێژوو و نەوەکانی دوای خۆیان ئەو خەبات و تێکۆشانە لەبیرناکەن و ڕێزی لێدەگرن.

# بەشی چوارەم
# زوڵم و چەوساندنەوە و ئاوارەبوونی خەڵک

## بارودۆخی ڕانیە

سنووری بیتوێن و پشدەر هەمیشە لەبەرامبەر دەسەڵاتی بێگانە شێوەیەکی ململانێی و سەرکێشی بەخۆوە گرتووە، بارودۆخی ڕانیە سروشتێکی سەربەخۆی هەیە، هەر لەبەرئەمەشە ناوچەکە شێوەیەکی ئارامی بەخۆوە نەگرتووە و لە ڕووی ئیدارییەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، هەرجارە خراوەتە سەر شار و پێگەیەکی کارگێڕی وەك: کۆیە، کەرکوك، سلێمانی، هەولێر و دووبارە سلێمانی، بەڵام تائێستا ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتووە و چەندان کێشەی بۆ دروست بووە، پێوستە ئیدارەیەکی سەربەخۆی چالاکی هەبێت، ڕانیە سەردەمێك لەسەر میرنشینی بابان بووە، و لەسەردەمی مستەفا بەگی باوکی میر محەمەدی ڕەواندز لەسەر قەڵەمڕەوی سۆران بووە، تا کەوتنی میرنشینی سۆران، لە ساڵی ١٨٣٦، بابانیش هەستانەوەیەکی وای بەخۆوە نەدی و لە ساڵی ١٨٥١ ئەویش ڕووخا، ساڵانی دواتر، وەکو هەموو دەڤەرەکە بەرشاڵاوی گرانیەکی سەخت کەوت.[١]

دوای لەناوبردنی میرنشینەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و بەستنەوەی هەموو سنوورەکە بەناوەندەوە، دواتریش لەگەڵ ڕێکخستنەوەی کارگێڕی

١. کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، ل ١٠.

ویلایەتی موسڵ بۆ ڕێکخستنی کارەکان، ڕانیە وەك قەزایەك مایەوە تا دوای جەنگ.

ماوەیەك بەر لە جەنگ لەدرێژەی گەشتێکی دوور و درێژ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە١٥-٥-١٩٠٢ەوە (مارك سایکس)[١] دەستی پێکرد، لەسلێمانیەوە دێتە دوکان و دواتر کۆیسنجق، دەڵێت: شارۆچکەی کۆیسنجق ژمارەی خانووەکانی کەمتربوو، لە سلێمانی، لەسەر شێوەی کۆنی ئاشوورییەکان دروست کرابوون، هەر وەك ئەوانەی لە موسڵ ماونەتەوە، باخچەکان پڕ بوون لە دارقەیسی و داری دڕوو، هەندێ داری تریشی هەبوو، کە ناوی زانستیمان نەزانی، هەندێ داری کێویشی تێدابوو، تامەکانیان زۆر خۆش بوو.

قائیمقام و دەستەکەی سەرنجڕاکێش نەبوون، بەڵام قائیمقام هەموو شتێکی بۆ ئێمە کرد، ئێمە بڕیارماندا (جاکوب) بنێرین بۆ موسڵ، لەگەڵ کەلوپەلەکانماندا، لەناوچە شاخاویە ساردەکانەوە، دەمانویست خۆشمان قائیمقام ڕازی بکەین بۆ ئەوەی ڕێگامان بدات بچین بۆ ڕەواندز، لە ڕانیەوە، ئەو گەشتەمان پێدەچوو هیوا بەخش بێت، چونکە بەگوێرەی نەخشە دەڕۆیشتین، یەکەم شەو گەیشتینە (گوندی خدران)، کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاغایەك بوو، ئێستا لەڕانیە دەژی.[٢]

لەبەیانی داهاتوو نیوسەعات پێش ئەوەی بگەین بە گوندی ڕانیە، بەشوێنێکدا تێپەڕین زنجیرە شاخێکی بەردین بوو، لەپێنج لوتکەی نزم و نوك

---

١. مارك سایکس: لە ١٦-٣-١٨٧٩ لە بەریتانیا لەدایك بووە، سەرباز و دیپلۆمات و مەندوبی بەریتانیا بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتمەداری (**Conservative part**) بووە، لەگەڵ جۆرج بیکۆی فەڕەنسی ڕێکەوتنامەی (سایکس – بیکۆ) کردوە، لە خوێندن گەیشتووەتە زانکۆ، زانکۆی بۆ تەواو نەکراوە، چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرپەرشتیار بووە، لە ٢٨-٢-١٩٠٢ کراوە بەکاپتن، گەڕێنراوەتەوە بەریتانیا، لە١٥-٥-١٩٠٢ دەستی بەگەشتێکی فراوان کردووە بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ١٩٠٤ بۆ ١٩٠٥ ئەندام پەرلەمان بووە و دواتر چووە بۆ وەزارەتی بەرگری لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ١٦-٢-١٩١٩ لەتەمەنی ٣٩ ساڵیدا لەفەرەنسا- پاریس کۆچی دوایی کردووە، بەنەخۆشی تای ئیسپانی. سەرچاوە: ویکیپیدیا.

٢. **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam: A Record of a Journey Through Ten of The Asiatic Provinces of Turkey. 1st ed. London: Bickers & Son.p: 214.**

تیژ پێکهاتبوو، پێیان دەگووت (دەهلی بسمان)[١]، تۆزێکی تریش ڕۆیشتین گەیشتین بە قائیمقام و (Cadi)[٢] و ئاغای ناوچەکە، لەگەڵ کۆمەڵێك سەربازی مەشق پێکراو (ڕاهێنراو)، کە ژمارەیان ٦٠ شەست کەس بوو، پیاوی دڵسۆزی ئەو بوون، خزمیشی بوون، ئەفسەر و سەربازیشی لەگەڵ بوون، بەڕیز دەڕۆیشتن، سڵاوی سەربازیان بۆ ڕێزی ئێمە نواند، ئەوانە خەڵکی ئازان، توندوتۆڵ دیارن، گروپێکی شەڕکەری چاونەترسن، شاخاوی هەڵکەوتون، هەموویان جلی تایبەتی خۆیان لەبەردابوو، بەهۆی کاری دەوڵەت دەستیان کەوتبوو، شوێنی قۆپچەی پێوە بوو، بەقۆپچە دادەخرا. دوای ئەوەی ڕێزمان لێگیرا، بەیەکەوە ئێمە بەرەو ڕانیە ڕۆیشتین، (٢٠) بیست پیاویان لەدوای ئێمەوە دەڕۆیشتن، (٢٠) بیستیان لە پێشەوە بوون، کاتێ (١٠) کەسیان لە جادەکە پەڕینەوە دەستیان ڕادەوەشاند، بۆ ئەوەی ئێمە لە جادەکە بپەڕینەوە، هاواریان دەکرد و دڵخۆش بوون، بانگیان دەکردین، کاتێك گەیشتین بە گوندەکە (ڕانیە)، وەك هەمیشە ڕێنمایی کراین بۆ قۆناغ، کە ئامادە کرابوو، لەلایەن قائیمقام، ڕانیە لەناو ئیمپڕاتۆریەتی دەوڵەتی تورکی دابوو، قۆناغی ڕانیە لە شوێنێك هەڵکەوتبوو، شوێنی چوونە ژوورەوە هەندێك لە دیوارەکانی ڕووخابوون، بانەکەشی دەستکار نەکرابوو، چاك نەکرابووەوە، خانووەکە بنمیچەکەی نزم بوو، ڕووناکی لە دەرگاکانەوە دەهاتە ژوورەوە، هەندێ کەلێنیش لە پەنجەرەکە دابوو، بەکاغەزێکی تایبەت گیرا بوو، بنمیچەکەی بە تورەکەی لێکدراو داپۆشرابوو، هەندێك شوێنی داچۆڕابوو، پێدەچوو شوێنی هێلانەی باڵندە بێت، هەموو ناو ژوورەکەش شوێنی دانیشتن و کەلوپەکانیتر، لە تەختە دروست کرابوو، کورسییەکان بەقوماشی سوور داپۆشرابوو، لەهەندێك شوێن بزماریان لێدرابوو،

---

١. لەوانەیە مەبەستی ڕێگای (دەرووبزمار)ی لە زنجیرە چیای حاجیلە- کۆڵێن بێت، ئێستا جادەی گشتیە.

٢. مانای ئەم وشەیەمان بۆ لێك نەدرایەوە، لەوانەیە مەبەستی قازی بێت.

لە کۆتایی ژوورەکە هەندێك بزمار لە دیوارەکە درابوو، بۆ پێداهەڵواسینی جلوبەرگی کاربەدەستان، ئەو هاوکاری کردنەی بۆ ئێمەکرا هەمەجۆر و دڵخۆشکەربوو.[١]

شوێنی دانیشتنی قائیمقام دەکەوتە دەستی چەپمان، قائیمقام لە قائیمقامیەت دادەنیشت، قائیمقام کەسێکی بەتەمەن، مووی سپی بوون، لووتی درێژبوو، دەمی بەزەردەخەنە بوو، زۆر بەڕێز بوو، لەتەنیشت (**Cadi**) دانیشت بوو، زانیاری زۆری هەبوو، دەربارەی دین و یاساکانی هاوسەرگیری کردن، دەیتوانی هەموو نووسینێکی قورئان و ئایینی شی بکاتەوە، بەشیرینترین شێوە دەری ببڕێت.

نووسەری شارەوانی لەسەر کورسیەکەی دانیشت بوو، بەخێرایی دەینووسی، بەقەڵەمێکی سەیر لەسەر پارچە کاغەزێك کە نووشتابووەوە، لەنێوان پەنجەکانی و پەنجە گەورەیدا، لەلاکەی تری ژوورەکەوە ئاغا دانیشتبوو، لەگەڵ چەند کەسێکی نەناسراو، ئاغا باڵای شەش پێ بەرزبوو، دەستی لەسەر خەنجەرەکەی دانابوو، کاتێ لاقی لەئەرزی دەخشاند، بۆ ئەوەی جگەرەکەی بکوژێنێتەوە، بەدەم خەندەوە، پیاوێکی ڕیش خۆڵەمێشی بوو، لووتێکی بەرزی هەبوو، سەرقۆڵەکانی هەڵدا بوونەوە، یەکێکی تر لە ئەوان سەری وەکو سەری داڵ وابوو، چەنەگەشی درێژ بوو، یەکێکی تر پیاوێکی ناشیرین بوو، درێژبوو، یەکیان کورتبوو، یەکیان چاوی بەقوڵ داچووبوو، هەموویان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئاغا جوان بوو، دڵسۆزی حکومەت بوون، هەموویان شێوەیان کوردانەبوو.

دوای سێ کوپ قاوە خواردنەوە و دوو کوپ چای ناخۆش، ڕێگامان پێدرا بڕۆین، بەناو ڕانیەدا گەڕاین و بینیمان. گوندی ڕانیە بچوك بوو،

١. **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam .p: 215.**

شارۆچکەیەك بوو پێکهاتبوو لە (٣٠٠) سێ سەد ماڵ، دانیشتوانی بریتی بوون لە خەڵکی هۆزی ئاکۆ و بڵباس، شەقامەکانی پاکوخاوێن بوون، هەندێك شوێن پەرژین کرابوو، بۆ شوێنی مەڕ و ماڵات، دیار بوو خاوەنەکەی گرنگی زۆری پێدەدا و کارامە بوو.

دوای نیوەڕۆ قائیمقام بانگهێشتی کردین بۆ خواردنەوەی چا، لە حەوشەی ماڵەکەیدا، کە شوێنێکی کراوەی فراوان بوو. کۆمەڵێك کورسی دانرا بوو، ناوی لێنرابوو قۆناغ، کورسییەکان کۆن بوون، پێچکەی کورسییەکان، زۆر لاوازبوون، نەك هەر لاوازبوون، بەردەوام دەجولاّن و شەقە شەقیان بوو، ئاغا لە پلەیەکی کۆمەلاّیەتی بەرزبوو، ئەفسەری پۆلیسی لێبوو، نووسەرێکی لێ بوو، بەردەوام دەینووسی، دوو پیاوچاکی عەرەبی لێبوو، خەڵکی بەغدا بوون، ئاغا کەسێکی زۆر ژیر دیاربوو، هەرگیز پێکەنینی لەسەر لێو نەدەبینرا، کاتێك نووسەرەکە ئەو دەفتەرەی لەسەری دەنووسی بەتوندی گرتبوو، پێچکەی کورسییەکە جیرەجیرێکی ناخۆشی دروست کردبوو، ئاغا هەناسەیەکی قوڵی دایەوە، دیمەنێکی ترسناکی هەبوو، کابرایەك هاتە ژوورەوە، مەندیلێکی سپی لەسەر بوو، پێیان دەگووت: مەلا، ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بەهێواشی لەسەر کورسییەك دانیشت، وەك ڕێزلێنان هەموو خەڵکەکە و ئەفسەرەکە هەستانەسەرپێ، هەموویان بەدەنگی بەرز قاقا پێدەکەنین، بەشێوەیەك ددانی دواوەیان دەرکەوتن. چەند خولەکێکی پێچوو کابرای نووسەر دەستی بەنووسین کردەوە، ئەفسەرەکە خۆی مۆڕکردەوە، کاتێك ئاغا و مەلا و پیاوە عەرەبەکان بۆڵەبۆڵیان دەکرد، ئەفسەرەکە گازەندەی کرد و بەسەریاندا قیژاندی.

بەیانی داهاتوو دەستمان بەڕۆیشتن کرد بۆ ڕەواندز، لە دۆڵی باکووری خۆرئاوای ڕانیەوە، (کە شوێنی نیشتەجێ بوونی عەشیرەتی ئاکۆ)یە، دوای

(٤٥) خولەك گەیشتینە ناوچەیەك ئاغایەکی کوردی لێبوو، ناوی ئیبراهیم ئاغا بوو، ئیبراهیم ئاغا پیاوێکی باڵا بەرزبوو، جوانبوو، تێگەیشتووبوو، مێشکێکی کراوەی سەردەمی هەبوو، بەو پێشوازیە تایبەتیەی لێیکردین، ئێمەی ئاسوودەکرد، ڕێگای پێداین وێنەیەکی بگرین، زوڕناژەنەکانی خێڵەکی ئاوازی زۆریان لێدەدا، بەخۆشی ئێمە، ئەو ئامێرە ئامێرێکی ژەنیاری سەرکەوتوو، و هونەری بوون، لەدەرچوونی گەشتەکەمان ئاغا پاسەوانی ئێمەی کرد، تاکو گوندی دواتر، ئەو لەپڕ ئێمەی بەجێهێشت، ئەفسەرەکەی لەگەڵ ئێمە بوو ڕوون کردنەوەیدا، کەلەگەڵ ئامۆزاکەی ناخۆشی و هەڵە لەیەك تێگەیشتنیان هەیە، لەئەنجامدا ئێمە گەمارۆ دراین، لەباشووری دۆڵەکە، دواتر ئێمە دیمەنی زۆر جوانمان بینی، کاتێك بەرەو گولان دەڕۆیشتین، گوندێك کەوتبووە سەر دەشتاییەك لەسەر لوتکەی شاخ ئاو و هەوایەکی یەکجار سەرسوڕهێنەری هەبوو، لەلای باشووریەوە، دۆڵەکە دۆلێکی زۆر بەپیت بوو، تووتنی چاکی هەبوو، لە هەرە جۆرە باشەکەی بوو، باشترین جۆری، کە هەموو ڕۆژێك بازرگانی لەپەرەسەندن دابوو.[١] ڕێگایەك دەچێت بۆ ڕەواندز، ڕێگایەکی ناخۆشبوو بۆ ئەسپەکان، یەکێك پێشمان کەوت و (نالکی وان)[٢]مان تێپەڕاند، پێداهەڵگەڕاین، بۆ بەشی باکووری، کاتێك گەیشتینە لوتکەی بەرزاییەکە ڕێبەرەکە گەیشتە سەر بستووەکە، دۆڵێکی بەرداوی، بەرەو خوارەوە لێژ بووەوە، هەردوو لای دۆڵەکە بەردی گەورەی پێوەبوو، تۆزێك لەسەرەوەی ئێمە، کە پێیدا ڕۆیشتین تاڤگەیەکی جوانی تێدابوو ناوەکەی (گەروو مەنجەڵ)، بوو، ئاوەکەی زۆر ساردبوو، دوای ئەو هەموو ماندووبوونە، بەبینینی ئەم دیمەنە هەستمان بە هێوربوونەوە کرد، کوردەکانی ڕەواندز جلوبەرگی جیاواز لە ئاکۆ و بڵباسیان لەبەردابوو، شەرواڵی فشیان لەبەردابوو، چاکەتێکی

---

١. Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam .p: 217- 2181-

٢. لەوانەیە مەبەستی (ناوکێوان) بێت، کە شوێنێکە لەنزیك گوندی گوڵان.

کورتیشیان لەبەردابوو، حەمامەیەکی بچوکیشیان لەسەربوو، ئەوان پێدەچوو خەڵکی شاخاویتر بوون، هیچ شارەزاییەکیان دەربارەی ئەسپ نەبوو.[١]

هەرچەندە (مارك سایکس) زۆر باسی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانیتری خەڵك ناکات، بەڵام ئاماژەی بۆ ژمارەی ماڵەکان وادیارە ئەو کاتە تارادەیەك ڕانیە ئاوەدان بووە، ژمارەی (٣٠٠) خانوو، پاکوخاوێنی شەقامەکان، باسی پەرژینی ئاژەڵەکان و دواتریش گەشەی ئابووری و توتنی گوندی گوڵان (شاور)، بۆ ئەو سەردەمە و لەژێر زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا لەچاو دواتردا کەم نەبووە، تا ڕادەیەك ژیان لەناوچەکە باش بووە، چونکە دواتر بارودۆخی ناوچەکە گۆڕا، بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی، ژیان لەوپەڕی سەختی دابوو، دوای جەنگ لەنێوان ئەو قەزایانەی ساڵی ١٩١٨ ببوون بەبەشێك لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود، دوای ساڵی ١٩١٩ ڕانیە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی مایەوە. بەرپرسیارێتی هەرکام لەم قەزایانە جیا لەپشدەر، جێگرێکی حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو. پشدەر لەژێر چاودێری گشتی جێگری حاکمی سیاسی ڕانیەدا بوو، قائیمقامێك بەسەری ڕادەگەیشت.[٢]

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕانیە سەختی و مەینەتی زۆری بەسەرداهات، جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ڕانیە لەو سەردەمەدا دیمەن و ڕواڵەتێکی توك لێکراوی ئازار چەشتوی هەبوو. چونکە لەدوای ساڵەکانی شەڕ هەموو کارەکانی وەستا و خانووەکانی ڕووخان و جوانیەکانی لەناوچوون، نەداری و برسیەتی خەڵك و ئاژەڵەکانی قڕکرد، وەرزێرەکان زەویەکانیان بەجێهێشتوو و کۆچیان کرد بۆ شوێنانی تر. سەرەڕای چەوسانەوەی زۆری تورکان بۆردومان و بۆمبارانەکانی فرۆکەکانی ئینگلیز شارەکەی وێرانکرد،

١. Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam.p: 219

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

بەشێوەیەك چەند ساڵێك دواتر یونس ڕەئوف "دڵداری شاعیر" کە دێتە شارەکە بەکەلاوەی تیدەگا. (ئیدمۆندس) وەك جێگری حاکمی سیاسی دوای جەنگ لە شوێنی (کاپیتان سی. کۆك) دێتە ڕانیە (دەربەند)، جارێك بە ناحیەی ڕانیە، و جارێك بەگوندی ڕانیە ناوی دەبات، دەڵێت: ڕانیە لە یەك مایلی ژێر کێوەڕەش هەڵکەوتووە و بەشێکی بەبناری تەپۆلکەیەکی تورەکە ڕێژەوە سازکراوە، بەشەکەی تریشی لە دەشتێکی ساف و ڕێك دایە و ئەو کاتە نزیك بەشەست بنەماڵەی نفووس هەبوو، هەرچەندە بازاڕێکی دە، دوازدە دوکانی و مزگەوت و کانیەکی پڕ ئاوی هەبوو، ئاوی کانیەکەی دەچووە نێو حەوزێکی بەردین لەژێر سێبەری چنارە پڕ لق و پۆپەکانیەوە، دیمەنێکی جوانی پێکهێنابوو، بەڵام جێیەکی خۆش و دڵگیر نەبوو.[١]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت زوڵم و ستەمی کاربەدەستانی عوسمانی چ کارەساتێکی بەسەر ناوچەکە و ڕانیەدا هێناوە، لەو ماوەیەدا لە سێ سەد بنەماڵەوە کەم بۆتەوە بۆ شەست بنەماڵە، خەڵکەکە شارەکەیان چۆڵکردووە و بۆ شوێنانی تر ڕۆیشتوون. کاربەدەستانی حکومەت ئەوەندە خراپەکاریان بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە کردبوو، لەگیانی خۆیان بێزار بوون، جێگای ئاماژە بۆکردنە گۆڕینی ئەو هەموو قائیمقامە سەرچاوەکەی بۆ خراپی مامەڵەی قائیمقام و کاربەدەستەکان و بێزاری خەڵکی دەڤەرەکە دەگەڕایەوە، ئەنجامی ئەو گەندەڵییە کارگێڕییە بوو سەرجەم دەزگا کارگێڕییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنیبۆوە. هەر بۆیە جولانەوەیەك یا ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە لەناوچە کوردییەکان لەدژی دەسەلاتدارانی عوسمانی ڕوویدا.[٢]

---

١. سیسیل ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٨.

٢. ئەحمەد محەمەد ئەمین هۆمەر، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

## ڕووداوەکەی بەستی قایمقام

قائیمقام و کاربەدەستە گەندەڵەکانی عوسمانی لەسنوورەکە ئەوەندە زوڵم و ستەمیان کردووە و گوشاریان بۆ خەڵك هێناوە، زۆرجار خەڵکەکە ئارامیان نەدەما و لەتینی خۆیان بەرەو ڕووی کاربەدەستانی عوسمانی دەبوونەوە، دەبووە کێشە و ئاژاوەی نێوان خەڵك و کاربەدەستانی عوسمانی، لەئەنجامدا خەڵکی ناوچەکە ئەوەندەیتر زەرەرمەند دەبوون، لەم ڕووەوە سەرنجتان ڕادەکێشین بۆ ڕووداوی بەهاری ساڵی ١٩١٧ تێکهەڵچوونی قائیمقامی ڕانیە و پیرانەکان لە دەشتی بیتوێن، یەکێك لەو هەزاران زوڵم و ستەمانەیە لەخەڵکی ناوچەکەیان کردووە، دەربارەی ئەو ڕووداوە یەکێك لەپیاوە بەتەمەنەکان حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دانیشتوی گوندی گرجانمان دواند، چووینە خزمەتی و لەگەڵ خواستنی هیوای تەمەن درێژی بۆ بەڕێزیان لەماڵەکەی خۆیدا چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵدا سازکرد، لەو بارەیەوە گوتی: بابم و کوێخا خدری گرجانی دەیانگێڕایەوە: ساڵی گرانی (١٩١٦) حەسەن ئاغای پیران خەڵکی ئێران و خزمی سواراغای سەرخمەی[1]بوو، بەهۆی گرانیەکەوە حەسەن ئاغا لەگەڵ خزمەکانی لە ئێرانێڕا هاتە خوارێ، لە لای سواراغای پیران لەبیتوێن

١. سواراغا کوڕی حەمە ئاغای کوڕی قەرەنی ئاغای پیران، سەرۆکی عەشیرەتی پیرانی بیتوێن و ناوەندی گوندی (سەرخمە) بوو، (دەبلیو، ئاڕ، هەی،) لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ سواراغای بینیوە و دەربارەی دەڵێت: سواراغا سەرۆکی عەشیرەتی پیران بوو، کەسایەتیەکی لێوەشاوەی هەیە، تەمەنی ٢٥-٢٦ ساڵ دەبێت، چەند ساڵێك لەمەوبەر دوای کۆچی دوایی باوکی دەبێتە سەرۆکی عەشیرەتی پیرانی ڕەوەند، ئەو جەستەیەکی ڕێك و ڕۆحێکی گەشاوەی هەیە، بۆیە خەریکە دەستوپێوەندەکانی کە بۆ زۆر هێرش بردن سەرکردایەتی کردون، بیپەرستن، خەندەی سەر لێوانی لەو خەندە هەرە جوان و سێحراویانەیە کە دیومن، باڵای نزیکەی (٥ پێ و ٩ ئینج) دەبێ، ڕوخسارێکی ڕێك و جوان و پێستێکی بەهەتاو سوتاوی هەیە، لەگەڵ ریشێکی کورت و کەم، دوو چاوی چکۆلەی نزیك بەیەکی هەیە، کە هەمیشە گەش و کەمێك دڵڕەقیان پێوە دیارە، سەرەڕای جلە ئەستوورەکانی و پشتێنەکەی پشتی و شەرواڵە فشوفۆڵەکەی کە سیفەتێکی سەرۆکەکانی عەشیرەتی (بڵباس)ە، وا دەردەکەوێ جەستەیەکی پڕی هەیە، ئەو لەسەرخۆ و بەفیزەوە ڕێ دەکا و جەستەی بەڕاست و چەپ دا دەلەڕێنێتەوە، هەمیشە گاڵتە دەکا و ڕووخۆشە، بەڵام کاتێ سەرکۆنە دەکرێ توڕە دەبێ، وەك منداڵێکی نازۆکی هەڵسوکەوت دەکات. بڕوانە: دەبلیو ئار هەی، دوو ساڵ لە کوردستان، ل ١٣٥. - ئیدمۆندس دەربارەی دەڵێت: سواراغا بەتەواوی بەسەر عەشیرەتەکەیدا زاڵ بوو، ئیزنی نەدەدان خۆ تێکەڵی ئەو گێرە و کێشە بکەن. بڕوانە: ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٦.

نیشتەجێ بوو، لە گوندی (کانی مەلەکە)، گرانیەکی گەورە بوو، هۆکاری گرنیەکەش تورك بوو گرانی هێنا، حەسەن ئاغا خزمی سواراغا بوو، بەڵام ئێرانی بوو، حەمەدەمین ئاغای شیناوێ کوڕی حەسەن ئاغای بوو، مەمەند ئاغا برازای حەسەن ئاغا بوو، مامەندئاغا گەنج بوو، حەسەن ئاغا کەمێك بەتەمەن (ئیختیار) بوو، مامەندئاغا پیاوێکی ڕەشید بوو، تفەنگچیش بوو، ئەوان تەنیا خزمی ماڵی سواراغا بوون، لەئێران ساڵی گرانی هاتبوونە لای سواراغا، لەئێرانەوە هاتوونە ئێرە (بیتوێن) کار و کاسپیان کردووە، داهاتەکەیان هەڵگرتووە، ئەو جا ویستویانە بڕۆنەوە، گرانیەکە تەواو ببوو، ئەگەر بەهار داهات، دەغڵ گەیشتێ گرانی نەما، ئەو کاتە تورك هەر لێرەبوون، ئەم سنوورە لەبەر دەستی ئەواندابوو، دوایی حەسەن ئاغا و خزمەکانی لە ژێڵڵا دەچوونەوە سەرێ بۆ مەملەکەتی خۆیان، دەچوونەوە ئێرانێ، هاتن لەو بەستەی چوارقوڕنە هەڵیان داوە، شەش یا حەوت ماڵ بوون، ئەوان دەڕۆیشتنەوە، حەسەن ئاغا بەهارێ هات، لەبەستێ چوارقوڕنەی هەڵدا، ئەو کاتە بەستێ قایمقامی نەبووە، ناوی بەستێ چوارقوڕنەی بوو، ئەگەر بەهار داهات لێرە (لەباشووری ڕۆژئاوای پردی چوارقوڕنە) لەو شوێنەی ئێستا کارگەی بلۆکی کوێخا عەباسی لێیە، ئەو تاقمە ماڵە لەوێ تاوڵیان هەڵدا، حەسەن ئاغا و مامەندئاغای عەوڵائاغا برازای بوو.

(ڕەشە تایەر)ی[1] قائیمقامی ڕانیە پێیزانی، بەخۆی و (١٥) سواران هاتە سەریان، ئەوانە پێیاندەوتن (زەفتیە) لە باتی پۆلیس بوون،[2] یەکێکیان ئەفسەر

١. ڕەشە تایەر: لەوانەیە ناوی (ڕەشید تاهیر) بووبێت، لە کورت کردنەوەی ناوەکەی بۆتە (ڕەشە تایەر)، حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دەڵێت: ئەو قایمقامە تورك بووە.

٢. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دانیشتوی گوندی گردجان، لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٧، پیاوێکی بەڕێز و بەساڵاچوویەکی قسەخۆش و زەین ڕوونە، لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦، من کات ٩,٥ لەڕانیە بەڕێکەوتم، لە چوارقوڕنە لەگەڵ کاك خدر عیسا یەکمان گرتەوە و چووین بۆ گوندی گردجان چاوپێکەوتنمان لەگەڵ حاجی (حەمەدسۆفی حەسن) ئەنجامدا، ناوبراو

بوو، عەزیز بەگ حەمەد بەگ خان ئاودەل، لە سوپای عوسمانی ئەفسەر بوو، دوای ئەوەی ڕووسەکان ڕەواندزیان گرت، لەلایەن سوپای عوسمانیەوە لە ڕەواندزەوە گوازراوەتەوە بۆ ڕانیە، لەکاتی ئەو ڕووداوە لەگەڵ قائیمقام چووە بۆ سەر حەسەن ئاغا و خزمەکانی،[1] ڕەشە تایەر لەڕانیە قائیمقام بووە، هەر لەڕانیە دادەنیشتن، کە لە ڕانیەوە هاتن بە گەف و (هەڕەشە) هاتبوون، بەتەمابوون لەناویانبەرن، بەتەمابوون لێیانبدەن.

حەسەن ئاغا بەمامەندئاغای برازای گوتبوو: مامەند هەر ئەمن گووتم یاڵڵا لێیادەن، تەنیا یەك تفەنگی (یایلی)شیان هەبوو، ئەوان زۆرنەبوون، ڕەشە تایەر لەگەڵ دەستەکەی خۆی هاتن، دابەزین و لەگەڵ حەسەن ئاغای دانیشتن دەستیان بەقسان کرد، حەسەن ئاغا بەس خەنجەری دەبەردابوو، لەگەڵ حەسەن ئاغای دانیشتن لەپەنایەك (لەتەنیشت یەك) دانیشتبوون، ڕەشە تایەر دەمانچەی پێ دەبێت، حەسەن ئاغا بەس خەنجەری پێ دەبێت، بەڵام زەلامێکی بەوەج بوو، ڕەشە تایەر لەگەڵ حەسەن ئاغای قسەیان لێکهەڵبەزنەوە، ڕەشەتایەر دەستی بۆ دەمانچەکەی برد، دەمانچەی هەڵکێشێ، حەسەن ئاغا دەسکی دەمانچەکەی دەگرێ، دەستوبرد هەڵیکێشا خەنجەرێ، حەسەن ئاغا قائیمقامی کوشت، بەخەنجەران تەواوی کرد، لێیان وەخۆ کەوتن ئەوان (لایەنی حەسەن ئاغا) سەرەتا دوویان لێکوژران، ئینجا بەژن و پیاوەوە ڕاخزین، تفەنگی ئەوانیشیان کەوتنە بەردەستی، قائیمقام (١٥) کەسی لەگەڵ بوون، دەستەی

---

خزم و دۆستی ئەوان بوو، کاك خدر عیسای هاوڕێم، دانیشتوی شارۆچکەی چوارقوڕنە و لەدایك بووی ١٩٥٧، ئەندامی مەڵبەندی ٢٤ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین (ی. ن. ك)ە، ناوبراو نەوەی خدر عیسای ناو ڕووداوەکانە، سوپاس بۆ کاك خدر عیسا ئەو دەرفەتەی ڕەخساند.

١. فەرهاد عەزیز بەگ سدیق بەگ حەمەد بەگ خان ئاودەل، واتەکوڕی برازای عەزیز بەگی ئەفسەر، دانیشتوی ڕانیە، لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٤، لە ڕۆژی ١٩-٩-٢٠١٦، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام داوە، لە بارەگای مەڵبەندی ٢٤ ڕێکخستنی ڕاپەڕین (ی.ن.ك).

حەسەن ئاغای بۆ خۆیان یەك تفەتگیان پێبوو، بەڵام دوای ئەوەی پیاوەکانی قائیمقامی کوژران، تفەنگەکانی ئەوانیان کەوتنە ژێر دەست، کە تفەنگی ئەوانیان کەوتنەبەردەستی لێیاندان چاك، پیاوەکانی قائیمقام کوژران، هەموو تفەنگەکانیان بۆ حەسەنە ئاغا و ئەوان مانەوە، بابم دەیگێڕایەوە دەیگوت: یەك زەلامی دەرچوو، دوو بەسواری هەڵاتن ڕۆیشتن، ئەو دوو سوارەی ڕۆیشتن لە قەمچە تفەنگی بەعاستەم دابوون.

مامەند ئاغا بەیەکێك لە پیاوەکانی گوت: بڕۆ ئەو تفەنگ و وڵاخانەش بێنەوە، کابرا گوتی: مامەند ئاغا چۆن دەبێت، ئەوان ڕۆیشتن، مامەندئاغا سەردەستەکی وایکرد و تەقەی لێهێنا، کابرای بەردایەوە، هەموویان کوژران، تەنیا یەك کەسیان دەچوو،[1]ئەویش عەزیزبەگی ئەفسەر بوو دەرچوو، ئەویش بریندارەبێت، هەرچۆنێك بێت لەناو گژوگیا و غەردالّی نزیك ئەوێ خۆی دەشارێتەوە، دوایی وەڵام دەنێرێت بۆ ئەوەی بێن فریای بکەون، ئینجا وسوبەگی خزمی خۆی ماڵی لە گوندی سەرکەپکان دەبێت، دەچێت عەزیز بەگ دەدۆزێتەوە سواری بارگینی دەکات و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە بۆ ڕانیە. لە برینداریيەکەی چاك دەبێتەوە و دواتر بەنەخۆشی دەمرێت.[2]

بەهۆی ئەم کارەساتە و کوژرانی قائیمقام و پیاوەکانی بەستی چوارقوڕنەی لەو دەمیەوە بە (بەستی قائیمقامی) ناسراوە. ئەو بەستە دەشتێکی چۆڵبوو، ئەو کاتە چوارقوڕنە نەبوو، گرجان سنووری لە گوندی قڕوجەی[3] لێك گەڕاوەتەوە، ئاوەدانی لێنەبوو، چوارقوڕنە ئاوەدان نەبوو، گرجان و قڕوجە و گولەك ... ئەوانە هەبوون، حاجی حەمەد دەڵێت: ئەم گرجانەی ئێستاش

١. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٢. فەرهاد عەزیز بەگ سدیق بەگ، چاوپێکەوتن لە ڕۆژی ١٩-٩-٢٠١٦.

٣.گوندی قوڕوجە لەساڵی ١٩٥٩ وە کەوتە ژێر ئاوی بەنداوی دوکان.

نەبووە، گوندی گرجان لەخوارێ بوو، ئەم گرجانەی ئێستا (ئێرە) زەوی ئێمە بوو، مام کوێخا خدری گرجانی، خەزووری من بوو، گوتی: ئێمە خەرمانی جۆمان لەوێ بوو، گوتی نۆ بارم جۆ داگرتبوون، ئەو دەمی، جەواڵ هەبوو، حەسەن ئاغا هات گوتی: عەوڵا زەردە، ئەو عەوڵازەردە جوتیارێکی گوندی (گرجان) بوو، گوتی: ئەتو لێرە دەمێنیەوە ئێمە دەڕۆین، حەسەن ئاغا گوتی: عەوڵا زەردە بارێکت بۆ بەجێدێڵم شەشیشت بۆمن، (واتە خەرمانەکەی عەوڵا زەرد حەوت بار بووە حەسەن ئاغا بارێکی بۆ عەوڵا زەرد بەجێ هێشتووە و شەش بارەکەیتری بۆ خۆی بردووە)، عەوڵا زەرد گوتی: مامەند ئاغا تۆ چی دەکەی، دەسەڵاتم نییە؟!، بارەکان جۆبوو، هیچ شتێك نەبوو خەڵك خواخوای بوو شتێکی دەستکەوێت، عالەم گوڵبڕی دەکرد[1] و دەیکوتا و دەیخوارد، ئاشیش نەمابوو.

حاجی حەمەد سۆفی حەسەن دەڵێت: بابم دەیگێڕایەوە، کە حەسەن ئاغا و ئەوان لێرە باریانکرد و ڕۆیشتن بەقڕوجەیدا چوون، لەقڕوجەی مەڕوماڵاتی خەڵکیان برد، گوتی: ئەو وڵاخی چاك بوو لە دەرکێ مەلا ڕەسوی حەمەد ئاڵکەی بوو، حەسەن ئاغا گوتی: بەخوا مەلا ڕەسو ئەوە هەموو ئی تۆنییە، بەڵام پەرژینیشت ناشکێنم، ئەوەی بردیان تاڵانیانکرد و بردیان[2].حەسەن ئاغای پیران دوای ئەوەی قائیمقامی ڕانیەی کوشت، پەنای بردەبەر عەشیرەتەکەی.[3]جا چوونەوە ئێرانێ، تاڵانیانکرد برسی بوون، خواخوایان بوو شتێکیان دەستکەوێت، حەسەن ئاغا و ئەوان ڕۆیشتنەوە ئێرانێ، بەدەربەندیدا ڕۆیشتنەوە، من ئەوەندەم

١. گوڵبڕ: واتە پێش ئەوەی دروێنە بکرێت، خەڵکەکە لەبەر ناچاری و لەبرسان گوڵەگەنمەکانیان هەڵدەبڕی و دەیانکوتا و دەیانخوارد.

٢. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٣. دەبلیو ئار هەی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠

گوێ لەبابم و مام کوێخای خەزوری خۆم بووە، لەو دەمەیەوە ئەو شوێنەبووە بە (بەستێ قائیمقامی) وا ناسراوە، دەنا هەر بەستی چوارقوڕنەبوو، تورك هەرلێرە بوون، ئەم سنوورە لەبەر دەستی ئەوان دابوو، ئەگەر ئەو قائیمقامە کوژرا حکومەتی تورکی نەمان،[١] دەسەڵاتیان لێرە کۆتایی هات.

## کوژرانی کوڕی قائیمقامی ڕانیە

سەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ئەم سنوورە لەگەڵ دەسەڵات و قائیمقامەکان، کەچی هیچ عیبرەتیان وەرنەگرتووە، یان بابڵێم نەیانوویستووە هاوکاری خەڵك بکەن، بەڵکو لەسەر ئەو زوڵم و زۆرداربیە بەردەوام بوون، لەو بارەیەوە حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دەڵێت: دواتریش لە سەردەمی ئینگلیز، ئەو کات تورك نەما بوو، سواراغا لەباودابوو، زەمانی نوری سەعید بوو، پاشی تورکان کە (جەلال سائیب)[٢] دەبێتە قائیمقامی ڕانیە، شەڕی بەخەڵك دەفرۆشت، هەمان ئاکار و ڕەفتاری ئەوانیتر دووبارە دەکاتەوە، یەکێك لە ڕەفتارە توندەکانی ئەوە بوو کێشەی لەگەڵ کوێخای یەکێك گوندەکانی (بیتوێن) دروست کرد.

١. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٢. جەلال سائیب: محەمەد جەلال کوڕی مەلا ئەحمەد سائیب کوڕی مەلا قادری قەرەداخی یە، ساڵی ١٨٩٣ لەسلێمانی لەدایك بووە، ئەو کاتە ئەحمەد سائیبی باوکی قازی بووە، دایکی شیری نەبووە، (باربارا)ی دایکی (ئیسحاق عەلەکە) شیری پێداوە، لەساڵی ١٩١٣ لە مەکتەبی ڕوشدیەی عەسکەری سلێمانی بەیەکەم دەرچووە، ئینجا چووەتە ڕوشدیەی عەسکەری بەغدا، لەساڵی ١٩١٤ کە جەنگ هەڵگیرساوە لە پۆلی دوایی هەموو پۆلەکە کراوە بەئەفسەر و ئەفسەری یەدەگ و نێردراوە بۆ شەڕ، بەشداری شەڕی (کوت)ی کردووە و لە ٢٩-٤- ١٩١٨ لە توزخورماتوو لەلایەن ئینگلیز بەدیل گیراوە، لە١٥-٦-١٩١٨ ڕەوانەی ئۆردوگای (پایەتمە)ی دیلەکانی جەنگ کراوە لە (بۆرما)، لە ١٥-١١-١٩١٩ بەردراوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، ڕۆژی دواتر (ئیدمۆندس)ی حاکمی سیاسی بەشوێنیدا ناردووە و کردوویەتی بە نوسەر و وەرگێڕی خۆی و هێناویەتی بۆ دەربەندی ڕانیە، دواتر لەسلێمانی بووە بە (مدیری تەحریرات) تا ساڵی ١٩٣٧ بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، دواتر بووە بە قایمقامی ڕانیە، ئاکرێ، ڕەواندز، چوارتا، چەمچەماڵ و ئامێدی، دواتر بووە بە بەڕێوەبەری ئینحساری سلێمانی، ئینجا خانەنشین بووە، دواتر لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کراوە بەبەڕێوەبەری دائیرەی پەیوەندی گشتی، تا لە ١٢-٧-١٩٦١ کۆچی دوایی کردووە.بڕوانە: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، لە ژمارە ١-١١٨، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٢، ل ٢٧.

مەسعوود محەمەد دەڵێت: هاوین کارەساتێك لە ڕانیە ڕوویدا زۆر دڵتەزێن بوو[١]، بووە هۆی کوژرانی کوڕەکەی خۆی، (جەلال سائیب)ی قائیمقام بەهۆی دەمەتەقێی نێوانیان دەیەوێت کوێخا لەناو خەڵك ڕیسوا بکات و بیشکێنێت، لە دائیرەکەی خۆیدا لێی تووڕە دەبێت و جنێو و قسەی سوکی پێدەڵێت، کوێخا زۆر شەرمەزار و نیگەران دەبێت، دەچێتەوە ماڵ بە کوڕەکەی دەڵێت: کوڕم ئەمن لە پیاو بووم، قائیمقام لە مەجلیسێ جنێوی پێداوم و دەری کردووم، کوڕەکەی گوتی: بابە خەمت نەبێت، کوڕی کوێخا هەوڵ دەدات قائیمقامی بکوژێت، دەست کێشی هەبوو، جێگای خەوتنی قائیمقامی پیشان دەدات، دەڵێت: ئەوە جێگای خەوتنی قائیمقامە، ئەو کاتە خانووی قوڕبوون و پەیژەی داربوو،[٢] (جەلال سائیب) کوڕەکانی لە پشووی هاوینەدا سەردانی دەکەن، خەڵك هەموو لەسەربانان دەنوون، کوڕی کوێخا بە نیازی کوشتنی (جەلال بەگ) لە تاریکی شەودا پارێز دەبا، بۆ ئەو سەربانەی خێزان لێیدەنووستن.[٣] کوڕی کوێخا شەو دەچێتە سەرماڵی قائیمقام، پەیژەی خانووێکیتر لێدەکاتەوە و بەخانووی قائیمقامی وەدەنێت[٤]، وەك دەگێڕنەوە (کەمال کوڕی قائیمقام) ئەو شەوە لە نوێنی باوکیدا دەنوێت[٥]، بەڕێکەوت و قودەرەتی خوای کوڕەکەی قائیمقام ئەو شەوە لەجێگای بابی دەنوێت، قائیمقام دڵی نایەت کوڕەکەی هەڵستێنێت، دەچێت لە جێگای کوڕەکەی دەنوێت.

---

١. مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم. کۆیێ- کوردستان،٢٠٠٦.ل١٧٤.

٢. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٣. مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤.

٤. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٥. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

کوڕی کوێخا شەو، کە دێتە سەرماڵی بۆ کوشتنی قائیمقام ڕەقەی لە جێگای قائیمقام دێنێت کوڕەکەی دەکوژێت،[١] لە دەستڕێژدا (کەمال) بەرکەوت و کوژرا، خەبەرەکە و گەنجایەتی و بێتاوانی ئەو ناکامە کاری لە دڵی خەلك کرد، کارەساتەکە بووە هۆی یەکتر تاوانبارکردن، لەلایەن دەسەلاتدارەکانی هەرێمی ڕانیە، هەریەکەیان دەیویست گومان لە خۆی دووربخاتەوە، بە هۆی گومان بردنە سەر خەڵك،[٢]، قائیمقام پەڕێشان دەبێت، دنیای دەزەق زەقەنا، گومانیان لە سواراغای هەبوو، هەموو ئیفادەیان لەسەر سواراغادا،[٣] لە ئاکامدا سواراغای تێدا تۆمەتباربوو،[٤] بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بە سواراغاوە هەبێت، کێ دەزانێ لەوێڕا هاتووە، ئەو (کوڕی کوێخای) لە گوندی خۆیانەوە هاتبوو، کوشت بووی، بیریان لەو نەکردەوە، کە لەوێڕا هاتووە، گوتیان: پیاوی سواراغای کووشتوویانە، سواراغا چوار پێنج پیاوی هەبوون، لەو کاتەدا لە دزیە دێنەوە، (١-سمایلی بۆکری خەڵکی سەرخمەی بوو، ئێستا لەڕانیەن، ٢-خدری عیسا خەڵکی گرجانی بوو، ٣-فەقێ پیرۆت بلّباس بوو ماڵی لەسەرخمەی بوو، ٤-برایم غوربەتیش، ٥-حەسەن مەلاخدری)، بەرێکەوت ئەو کاتە ئەوانە بەیەکەوە بوون، ژنێك دەیانینێت دەڵێت: ئەوانە بوون، ئەو کاتە پیاوی ئازا و ڕەشید نەبوایە نەیدەتوانی دزی بکات، دەیانگوت: ئەوەی دزی پێناکرێت بانەیەتە مەجلیسی پیاوان.

کە لە ڕانیە کوڕی قائیمقام کوژرا و گومانیان لە سواراغا هەبوو، ئەوانیش بەرێکەوت لەو کاتەدا لە دزیە دێنەوە، خدر عیسا لە دزیە دەستی بریندار دەبێت،

---

١. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٢. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

٣. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٤. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

لەو کاتەشدا پۆلیس بۆ پشکنین و هەواڵ لەناو گوندی گرجانی بوون، ژنێك ئەوانی بینی بوو، ژنەکەش بەپۆلیسەکانی گوتبوو، پیاوی سواراغای بوون، لەو کاتەیدا ئەوان لەدزیە هاتنەوە، شێوەیان وابوو، پێدەچوو لەکارێك هاتبنەوە، ئەوانیان گرتن، جارێکیان گرتن ژنەکە ئیفادەی لەسەردان، قائیمقام دەهات دەیبردن بۆ ئیفادە وەرگرتن[١]، هەرچەند کەم و زۆر سواراغا پەیوەندی بەسەر کارەکەوە نەبوو، (جەلال سائیب) داوا لە سواراغا دەکات سوێندی بۆ بخوات، نەخۆی نەکەس لە پیاوەکانی ئەو ئاگای لەو کارە نیە[٢]. دوایی بەسواراغایان گوت: سوێند لەجیاتی پیاوەکانت بخۆ، ئەگەر پیاوەکانی تۆ نەیان کوشتووە، سواراغاش گوتی: من سوێند لەباتی (سمایلی کوڕم) ناخۆم[٣]، سواراغا لە سوێند دەترسا، گوتبووی لە جیاتی کەس سوێند ناخۆم، بەڵام هەرچۆنێکی دەڵێی سوێند دەخۆم لەسەر هێندێ خۆم لە هیچ ڕوویەکەوە ئاگاداری ئەو کارە نیم[٤]، ئینجا سواراغاشیان گرت، ڕۆیشتن بردیانن بۆ کۆیە[٥].

مەسعوود محەمەد دەڵێت: سواراغا درایە (مەحکەمەی کوبرا) لە کەرکوك (ئەحمەد حامید سەڕاف) بۆی گێڕامەوە گوتی: (من داواکاری گشتی بووم لە کەرکوك. لام ئاشکرابوو سواراغا بێتاوانە و بۆی هەڵبەستراوە. بە پێچەوانەی فەرمانی ئەرکەکەم زۆرم یاریدەدا تا ڕزگار بوو). چی دەوتری با بگوترێ، لەبارەی تەماح کوێری و دین بە قوربانی دنیاکردن. بەڵام گومان لەوەدا نییە، سواراغا هەموو شتێکی خۆی بە گیانیەوە خستە مەترسی تێچوون، لە ئاست حورمەتی ئەو قورئانەی بەلایەوە کەلامی خوا بوو. ڕەنگ بوو سوێند بخوا،

١. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.
٢. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.
٣. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.
٤. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.
٥. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

کە بە ڕاستی بێتاوان بوو، بەڵام زێدە تەقییەتی لە قورئان هەبوو، نەیهێشت بە پشت گەرمی بێتاوانی خۆی بۆ جگەلە خۆی ڕەپەی لێ بێنێ[1].

یەکێك لەوان (خدر عیسا) نەگیرا، ئەوانیتر بە (ڕەفتی کەفیل) بەربوون، کە هاتنەوە بەلای (خدر عیسا)دا هاتنەوە، گوتیان: کاك خدر بابچین ئیمزایەکە دەیکەین و دێینەوە، خدر گومانی هەبوو لەوەی ناگەڕێتەوە، بە هاواڵەکانی گوت: من نایەم و ئێوەش خوا حافیزتان بێت، (خدر عیسا) نەگیرا، خۆی ڕادەستی حکومەت نەکرد، ئەوانەی خۆشیان ڕادەست کرد هەموویان گیران، یەکی بیست ساڵیان حوکمدان، حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) گوتی: سواراغا کەسوێندی نەخوارد پیاوەکانی لەو کارەدا نەبوون، بەڵام ئەوکاتە خەڵك سوێندی نەدەخوارد، بەڕاست یان ناڕاست، ئەگینا پیاوەکانی سواراغا ئەو کارەیان نەکردبوو، خەڵك وایاندەزانی ئەگەر سوێند بخوات کافر دەبێت، ئێستا خەڵك جیاوازە، من خۆم لەمەلام بیستووە دەڵێت: ئەگەر هیچت لەهیچ دانەبێت سوێندێ بخۆی زۆر باشە، فیتنەی پێ دەکوژێتەوە، وەکو زیارەتی بکەی ئاوایە، ئەوان بیست ساڵ حوکمدران، ئەگەر ئەوان (گیراوەکان) هاتنەوە سواراغا نەمابوو،[2] کۆچی دوایی کردبوو.

ڕەفتارە خراپەکانی پیاوانی حکومەت سەدان کێشە و ناڕەحەتی لەم جۆرەیان بۆ خەڵکی سنوورەکە دروست کردووە، ئێمە تەنیا بۆ بەرچاوڕوونی و زیندووهێشتنەوەی ئەو مێژووە ئەو چەند نموونەیەمان هێنایەوە. مەسەلەی ئەو کارەساتە پاش چەندێك زانراله کوێوە و چۆن کراوە و کێ کردوویەتی، هیچ پەوەندی بە سواراغا و پیاوەکانیەوە نەبووە، کە (فەوزی سائیب) لە ساڵی **١٩٥٢، ١٩٥٣** بوو بە قائیمقامی ڕانیە ئەوانەی بەو ئیشەوە ناویان دەرچوو، ترسیان هەبوو فەوزی تۆڵەیان لێ بستێنێتەوە، بەڵام فەوزی وەکو مرۆیەکی

١. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

٢. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

ڕۆشنبیر و شیرپاك سۆزی تێکەڵ بە ئەرکەکەی نەکرد و تێیگەیاندن ئەو نەهاتووە بۆ تۆڵەسەندنەوە و ترسیان نەبێ.[١]

## باج و خاوە لەسەر دانیشتوان

ئەگەرچی لەساڵەکانی کۆتایی حوکمی عوسمانی ژیان زۆر سەخت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ویڕای ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لەناو دانیشتواندا، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە پیشەسازی، وەك دارتاشی و ئاسنگەری و جۆلایی و تەونی کوێن و ڕایەخ و تەنینی جلوبەرگیش لەلایەن خەڵکی ناوچەیی بەڕێوەدەبرا، لەڕاستیدا تەنیا ڕادەیەکی کەمی هێندێك بەرهەمی پیشەسازی لە دەرەوەڕا دەهێنرا. بەشی زۆری قوماش و پێڵاو لەنێوخۆدا دروست دەکرا. چونکە ناوچەکە لەبەر نەبوونی ڕێگاوبانی باش لەدەرەوە دابڕابوو، ڕێگای هاتوچۆ بەتایبەتی شەقامەڕێ بەڕادەی پێویست نەبوو، بەتایبەتی بۆ ناو ڕانیە. لەبەر ئەوە پیشەسازییە خۆماڵییە لەمێژینەکان بایەخی تایبەتیان هەبوو. زۆرتر پشت بە لایەنە خۆماڵیەکان دەبەسترا، ئەمجار لەبەر چەوساندنەوەی زۆر دانیشتوان هێزی کڕینیشیان زۆر کەم بوو، بەشی زۆری دانیشتوان توانای ئەوەیان نەبوو شتومەکی بێگانە بکڕن، شەڕی سەخت و بەردرێژی یەکەمی جیهانی پەیوەندی بازرگانی وەدواخست.

حاکمی سیاسی سلێمانی (مێجەر سۆن) دەڵێ: پێش ئەوەی ئێمە بچینە سلیمانی (١٥٠) کارگەی دروست کردنی تفەنگ هەبوو، کەئێمە چووین کەم بووەوە.[٢] بەر لە دەستپێکردنی شەر، سلێمانی بەهۆی ئەو تفەنگانەوە ناوی دەکرد

١. مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٤.

٢. ئەحمەد محەمەد ئەمین هۆمەر، هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

بوو، ژمارەیەکی زۆری هەردوو سنووری ئیران- عیراقی پێ چەکداربوون، (مارك سایکس): لە (١٩٠٢) کاتێ دیدارم لە سلێمانی بەلایەنی کەمەوە سەدوپەنجا تفەنگساز لەم شارەدا بەلاسایی کردنەوە لە تفەنگی "مارتینی- پیبادی" تفەنگی زۆر باشیان سازدەکرد. دوای ئەوەی ئێمە دەستمان بەسەر ئەم شارەدا گرت، پیشەی تفەنگسازی وردەوردە لەناوچوو.[١]

ئەو ژیانە سەخت و بەئازارەی دانیشتوانی ناوچەکە بەهۆی ئەو باجە قورس و ماڵوێرانکەرەی تورکەکان دانیشتوانەکەی تووشی گرفتی گەورەکرد، خەڵکی کوردستان لەبن ستەمی باجدا دیناڵاند، لەم دۆخەدا کوردەکان بەدەستدانی باج حاڵیان زۆر خراپ بوو، لەهەندێ حاڵەتدا دەبوایە سێ باج بدەن، باجێکیان دەدا بەدەوڵەتی عوسمانی، باجێکیان دەدایە فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی، باجێکی تریان دەدا بە دەرەبەگە کوردە خۆماڵییەکان، ئەمەش کارێکی زۆر سەخت بوو گەل لەژێر ئەم هەموو باجە دەیناڵاند.

ئەگەرچی کاربەدەستانی عوسمان لە وەرگرتنی باجدا هیچ پێوەرێکیان پەیڕەو نەکردووە، هەر فەرمانبەر و کاربەستێکی حکومەت لە وەرگرتنی باجدا بەئارەزووی خۆی ڕەفتاری کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار لەکاتی وەرگرتنی بەرهەم و کەلوپەل پسولەی ڕەسمیان پێداون، بەتایبەت لە وەرگرتنی تووتن، وەك لە بەڵگەنامەی ژمارە (٧) کە لەپاشکۆی ئەم کتێبە ئاماژەی بۆ کراوە، پسولەیەکی ڕەسمی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە بری وەرگرتنی تووتن لە جوتیارێکی گوندی دەوژان لە پشدەر ئەم پسولەیان پێداوە.

---

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

## بەش و خاوەی ئاغا

هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر ژیانی خەڵك داهات، بەهۆی بارودۆخی جەنگ، پیاو کەم ببوونەوە، تەنیا ژن و منداڵ و پیرەکان مابوون، نەیاندەتوانی بژێوی ژیان بەدەست بخەن، بەڵام لەو بژێویە کەمەی بەدەستی دێنن دەبوایە بەش (حصه) و خاوەی ئاغا و باج و سەرانەی دەوڵەتی لێبدەن، بۆ مزەختی دیوەخان، ئاغا خاوە لەگشت لادێیەکان دەستێنێت، زۆربەی کات ئاغا لە داهاتی دانەوێڵە (١٠٪) باج وەردەگرێت، لەخاوەی مێگەلی گەورەش چل یەکی (مەڕ یاخود بزن) دەستێنێت. خاوە ئەوە ناگەیەنێ ئاغا خاوەن مڵکە و لادێیەکانیش وەرزێری کرێگرتەی ئەون.

وەك پێکهاتەی خوارەوە دەریدەخات، مڵکانە و خاوەی دیوەخانی ئاغا دوو شتی جیاوازن. (١٠٪) پوختەی داهاتی شیناوەردیان بە ئاغا دابا. هەڵبەتە زۆرجار و لەزۆر جێگا پشکی ئاغا وەبەر بڕی زەکاتی ئیسلام دەخرێت. بە ناڕەوا باجی ئیسلامیان بۆخۆ برداوە، یاخود ویستویانە لە ڕێگای زاراوەیەکی ئیسلامەوە دەمامکی ئاینی بەبەر ئەو باجە ناڕەوایەدا بکەن.[١] وەك باوە دەیەك: لەهەر بەروبومێکی زەوی (دێمەکار) دەبوایە (١٠یەك) بدرێت بەئاغا، و نیوەیی: لەهەر بەرهەم و بەروبومێکی (زەوی بەراو) کەخەڵکی گوندەکە دەیکرد، دەبوایە نیوەی بەرهەمەکەی بدات بەئاغا.[٢]

باجی سەرەکی، کەبەم ناوە لە ڕەعیەت وەردەگیرێ، زەکات یا دەیەکی بەرهەمی گەنم و جۆیە. سەرەڕای ئەم باجە، باجێ تریش لە ڕەعیەت وەردەگیرێ: "مەرانە" لەهەر پەنجا سەر مەڕ، مەڕێك یان پارەکەی، پوشانە

١. مارتین ڤان رونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، سلێمانی ٢٠١٠، ل ١٤٩.

٢. مەلا سمایلی نوورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمار ٤٤ ی مانگی ٨-٢٠٠٨، ل ٢٨.

یا باجی لەوەڕگا و بەشێك لە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ، کەڕادەی بەپێی دۆخی زەمان جیاوازی هەبوو. باجی پاشگری وشەی "ئانە" بەناوی بەرهەم دیاری دەکرا، وەك "ڕۆنانە" باجی ڕۆن، "هەرمێیانە" باجی هەرمێ، "هێلکانە" باجی هێلکە و جەژنانە. سەرەڕای ئەو باجانە "مەجبورانە"ش واتە ناچارکردنی ڕەعیەت بۆ بەشداری کردن لەخەرجی ماڵی ئاغا.[١]

ئاغایەك پەنیرانە و ڕۆنانە و خوریانەی لە گوندییەکان وەردەگرت، بەکابرای ڕەعیەتی دەگوت: دەبێ ئەوەندە هۆقە ڕۆن و پەنیر و شتانە بدات، کابرا دەیگوت: ئاغا هۆقەی لێ نییە، ئاغا دەیگوت: گرنگ نییە، ئەمن لاقم هۆقەیە، دەبوایە کابرا پەنیر یا ڕۆنەکە لەناو تایەکی تەرازوو دابنێ و ئاغاش لەسەر تەنیشت پاڵ دەکەوت و لاقی لەناو تاکەی تری تەرازووەکە دادەنا، بە ئارەزووی خۆی دەیگوت: ئەوەندە هۆقەیە، خەڵکی گوند دەبووایە ماڵی ئاغا بە وڵاخ و ماندووبوونی خۆیان بەرنە کوێستان و کاتی پایزیش بیانهێننەوە.[٢]

ئەرکێك کەلە کۆنەوە لە ئاغاکانی دەویست ئەوەبوو، میوانەکانی گوند ڕابگرێ، هەندێك جار ڕەعیەتەکانیش لەسەر سفرەی میوانەکان کۆ دەبوونەوە. دیارە خەرجی ماڵی ئاغا ناکرێ لەم خەرجیانە جیابکرێتەوە. باجی نەغدی بێواتاتر لەم باجانەی سەرەوەیە: سزا یا بەگوتنی خەڵکی بەشەکانی باکوورتر"دراو" بەواتای کاری ناپەسندە و بەگوتنێکی تر پارەیە بۆ کوژاندنەوەی ناکۆکیەکانی خەڵك. لێیان وەردەگیرێ. "سوارانە" پارەیەکە لە بنەماڵەی بوك و زاوا وەردەگیرێ و ڕادەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر شێوەی بەشداری کردنی خەڵك لە ڕووداوەکەدا، لەچەند تمەن تا چەند سەد تمەن، (ئەگەر زاوا بوکی

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٤.

٢. خدر حەمەد عەبدوڵا، دەستنووس، لەسەر داوای نووسەر لەلایەن کاك خدر حەمەد عەبدوڵلا نووسراوە و لەلای نووسەرە، دەستنووسی ژمارە(٥)، ل ٩٩.

لەماڵی بابی هەڵگرتبێ، سوارانە شێوەی سزا بەخۆیەوە دەگرێ و بۆ نزیك کردنەوەیان و کوژاندنەوەی کێشەکەیان پارە وەردەگیرێ).

جۆرێکیتر "پیستەك" پارەیەکە ڕەعیەتەکان دەبێ بۆ بەشداری کردنیان لە خەرجی ژنهێنانی بنەماڵەی ئاغا و جەژنەکاندا بیدەن. لەگشت ئەوانە ناخۆشتر و نالەبارتر بێگاری و "هەرەوەزە" ئەم شێوەیە هەمە جۆرە بێگارییەك دەگرێتەوە و ئاغا دەتوانێ ویستی خۆی بەسەر ڕەعیەتەکانی دابڕێ، دوو سێ ڕۆژ لەساڵدا زەویەکانی بۆ بکێڵن، بەوە دەڵێن "هەرەوەزی جووت" یا دروێنەی بۆ بکەن و خەرمانی بۆ بەباکەن، ئەوە دەبێتە هەرەوەزی "دروێنە و گێرە" ڕۆژێك دار و سوتەمەنی زستان و گەڵا بۆ ئاژەڵەکانی کۆدەکەنەوە "هەرەوەزی گەڵا و دار" بۆ سازکردنی خانوو خشتی بۆ ببڕن، ئاوەڕۆیەکانی بۆ خاوێن کەنەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی بچنە شار و گوندەکانی پێویست. دیارە دەبێ تەواوی ئەو کارانە بەئامراز و کەرەستە و ئاژەڵی خۆیان ئەنجامی بدەن.[١]

چەندین کەس وەکو گزیر و نۆکەر و پیاوی ئاغا، لەماڵی ئاغا بوون و ئەرکیان بەڕێوەبردنی دیوەخان و پاراستنی دەسەڵاتی ئاغا بوو، زۆر کەسی تریش، وەکو مەیتەر و دارکێش و جووتێر و ئەوانە، ئەرکیان دەکێشا و نانیشیان هەر لە ماڵی ئاغا دەخوارد، زۆر لە ژنانیش لە ماڵی ئاغا هەبوون، کە نانکەری و جلشۆری و قاپ و قاچاغ شۆری و چێشت لێنان و مانگا دۆشین و ئەو کارانەیان دەکرد و خواردن و خەوتنیشیان هەر لەماڵی ئاغا بوو.

ئێوارەیەك لە ماڵی ئاغایەك جووتێرەکان لە جووت کردن دەگەڕێنەوە، زۆر ماندوو و شەکەت و برسی دەبن، کاتێك نانیان بۆ هێنان، نیسکێنەیەکی ڕوونی شلی سارد و بێ تامیان لەپێش دانان، جووتێرەکان دەڵێن: ئێمە زۆر ماندوو بووین

---

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٤.

و برسیمانه ئەو چێشتە ناخۆین، لەو کاتە ئاغا گوێی لێ دەبێت، ئاغا دێت و دەڵێ: نایخۆن، بێنە نیسکێنەکەیان بەسەر و بەرۆکان داکەن، نیسکێنەکەیان بەسەر و گوێلاکیان داکردن، جووتێرەکان بەناچاری دەچنە دەرەوە و بۆ خۆشیان برنج و گۆشت و شتی باشیان خوارد.[1]

لەو جێیانەی ئاغا پەیوەندی عەشیرەتی لەگەڵ ڕەعیەت نییە و پشت بەلایەنگیری کردنی چەکدارانەی ڕەعیەت نابەستێ، "دابی ئاغایەتی" ڕوخسارێکی ناحەز و پڕ لە ئازار بەخۆیەوە دەگرێ. لە عێراقی نوێدا ئەو ڕەوشتەی کاربەدەستانی ناوچە کوردنشینەکان کورد بن یا بەلایەنی کەمەوە زمانی کوردی بزانن، جێی ڕەزامەندی ژمارەیەك عەرەبی ناسیونالیستی بەغدا نییە. ئەم مەسەلەیە پتر لەوەی بیری لێ کرابێتەوە هەلومەرجی ئاغاکانی لەمەترسی خستووە و دۆخی حکومەتی بەهێز کردووە، چونکە ئیتر پێویست ناکا وەك ناوەندێکی پەیوەندی گرتن لەنێوان ڕەعیەت و مەئمورەکانی بێگانەی حکومەتدا بمێنێتەوە، ڕەعیەت ناتوانێ لەگەڵیان ڕووبەرووبێ، بەهۆی پەرەسەندنی کاری پەروەردەی گشتی و دابین کردنی پەیوەندیەکان. "دابی ئاغایەتی" ڕوخسارێکی بەد و ناشیرنی بەخۆیەوە گرتووە و گەلێك کۆسپ و دژواری خستۆتە سەرڕێی حکومەت: مەئموری ئاسایی، کەخەڵك دەچنەلای بەتۆبزی تێدەگات، کە دەبێ ئەو داخوازە نائاساییانە بەجێ بگەن، کەم بوون ئەو بەڕێوەبەر و قائیمقامانەی خاوەن کەسایەتی و دەسەڵات بن و بتوانن لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەدا ڕێوڕەسمێکی لەمێژینەی بەدواوەیە، بەڵام لەگەڵ یاساکانی حکومەتی جیاوازیان هەیە، بەپێی بیرکردنەوەی دروستی خۆیان بڕیار بدەن و نەهێڵن یاسا زۆر بخرێتە ژێر پێ.[2]

---

١. خدر حەمەد عەبدوڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٥.

سەرەڕای ئەو باجانە هەندێ باجی دیکەش هەبوو، بەسەر شانی جوتیارەکانەوە، ئەگەر بەئارەزووی خۆشیان ئەو باجانەیان دابێ، بەڵام ئەرك و زەحمەتیەکی زۆر بوو بۆ جوتیارەکان: باجەکانی ئاغا هەندێك باجی وەك: مریشکانە، ساڵانە جارێك هەرماڵێکی گوندەکە پێویست بوو (٥) مریشکی هێلکەکەر بدات بەئاغای گوندەکە، ئەگەر ماڵەکە خاوەنی (یەك جووت) بوایە، ئەگەر خاوەنی (دوو جوت) مریشك بوایە دەبوایە(١٠ مریشکی هێلکەکەر) بدات،دەبێ ئەوە لەبەرچاوە بگرین ئەم جۆرە باجانە لە هەموو گوندەکان وەکو یەك نییە و جیاوازییان هەیە.

باجی کوێخا: باجی کوێخا پێی وتراوە (مەکات) کە (٣ ڕبە[١] گەنم) بووە، دەبوایە هەر ماڵێکی گوندەکە ساڵانە (٣ ربە گەنم) بدات بە کوێخای گوندەکە.

هەرەوەزی داری مەلا: مەلای گوند بەخەسڵەتی ئەوەی خۆی تەرخان کردبوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینیەکان و کاری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان دانیشتوانی گوند، دەبوایە خەڵکی گوند ساڵانە زەکات و سەرفترە و هەندێ پارەی دیاری کراوی پێ بدەن، هەروەها ساڵانە هەر ماڵێکی گوندەکە لە وەرزی پایزدا دەبوایە بارێك دار لەچیا بەوڵاخی خۆی بێنێ بۆ ماڵی مەلای گوند.

ماڵە دار و ڕاتبەی فەقێیان: خوێندن لایەنێکی گەشی پێشکەوتنی وڵاتە، بەڵام حکومەتی عوسمانی ئەو لایەنەی فەرامۆش کردبوو، خەڵکەکە خۆیان ئەوەی ویستی خوێندنی هەبووایە، خۆی ئەم لایەنەی جێبەجێ دەکرد، هەڵبەت ئەم ئەرکەش واتە بەخێوکردنی فەقێکان دەکەوتە سەر شانی دانیشتوان، ئینجا ئەو فەقێیانەی لە حوجرەی مزگەوتی گوند دەیانخوێند هەرماڵێکی گوندەکە

١. ڕبە: دەفرێکی ئاسن یا سفر بووە پێوانەی پێنج کیلۆ گەنم بووە، مێوژوو و ترش و ئەو شتانەیان پێ دەپێوا لەکاتی فرۆشتن و پێویستی دا.

دەبووایە هەموو ڕۆژێکی (پایز و زستان) دارێك بدات بەحوجرەی فەقێیان بۆ سوتاندن، لەگەڵ پێدانی خواردنی ژەمەکانی نیوەڕۆ و ئێواران.[١]

## باج و ڕەفتاری جەندرمەی تورك

هەموو ئەو باجانەی ئاماژەمان بۆکرد، دەبووایە گوندنشینان، وەك زۆربەی جوتیارانی کوردستان بیدەن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەرەڕای هەموو ئەوانەش باج و سەرانەی دەوڵەت زۆر و کەمەرشکێن و بێزارکەر بوو، چونکە ڕەفتارە خراپەکانی جەندرمەکان لە سەندنی باج ناخۆشتربوو، ئەوان لەبەر دەروون نەخۆشی خۆیان و ڕك و کینەیان بەرامبەر بە کورد و دانیشتوانی کوردستان، هەموو کارێکی نەشیاویان لێدەوەشایەوە، جگەلە کۆکردنەوەی باجێکی قورس، سەدان بیانو و کاری خراپیان پەیڕەودەکرد، هەر شتێك بەکەڵکیان هاتبایە دەیانبرد، ئەوەی بەکەڵکیشیان نەهاتایە لە دانەوێڵە و پێویستیەکانیان تێکەڵ دەکردن و دەیانڕشتن و دانیشتوانیان ڕەنج بەخەسار دەکرد، لە سەرانسەری وڵات ئەمە ڕەفتاریان بوو.

لەو بارەیەوە گۆڤاری شمشارە لەزمانی گوندنشینەکانەوە دەربارەی ڕەفتاری جەندرمەی تورك لەبەرامبەر خەڵکی گوندی مێدێرەی قەزای ڕانیە دەڵێت: لەبەسالاچوانی گوندەکەمان بیست ئەو کاتەی جەندرمەی تورك و سەربازانی دەوڵەتی عوسمانی دەهاتنە گوندەکە، ئەوەی مەبەستیان بوو دەیانبرد، ئەوەی تریش بۆ زیان گەیاندن بەخەڵك دانەوێڵەی ماڵەکانیان بە زۆر لە هەمبانانداا دەردەهێنا و تێکەڵ بەیەکیان دەکردن، بۆ ئەوەی خەسار لە خاوەنەکەی بکەوێت و خەڵکەکە تووشی گرانی بن. لە گوندی (مێدێرە)ی دۆڵی شاوری سەر بە

١. مەلا سمایلی نوورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمار ٤٤ ی مانگی ٨-٨-٢٠٠٨، ل ٢٨.

قەزای ڕانیە، کە سەربازی تورك دەچوونە گوندەکە (کۆڵێنە دۆشاو)، وەکو دەبەیەك بووە،کە بەدییان دەکرد خۆڵیان دەکردە ناو دەبە دۆشاوەکە، بۆ ئەوەی دۆشاوەکە پیس ببێت و کەڵکی خواردنی نەبێت.

جەندرمەی دەوڵەتی خەلافەتی تورکی عوسمانی دەهاتنە گوندەکە و هەر جلوبەرگ و پێڵاوێکی تازە و جوانیان لەماڵەکان و خەڵکەکەی بەدیدەکرد بەتاڵانی دەیانبرد، (ڕەسو حسن شایی) گێڕایەوە: ڕۆژێك دوو جەندرمەی تورك دەچنە ماڵی (حسن شایی) باوکی ئەو کات گەنج دەبێت، لەگەڵ دایك و نەنکیدا ژیاوە، دایکی مریشکێك بۆ دوو سەربازەکان سەر دەبڕێت تا خزمەتیان بکات، یەکێ لەسەربازەکان دەچێتە مزگەوت و لەو کاتەدا کوڕی ماڵەکە و سەربازێکیان لە ژوورەوە دەبن، پێڵاوێکی چەرمی بەشێوەی شەمامەبەندی[1] هەڵبەستراو، هەمینی دایکی بۆ کوڕەکەی لەدەباغ دابوو، بەدیوار هەڵواسراو، سەربازەکە بەدیوارەوە بەدیدەکات، هەڵدەستێ پێڵاوەکە دێنێتەخوارەوە بۆ لەپێ کردن، تاکو بۆ خۆی ببات، کوڕی ماڵەکەش ڕازی نابێت و لەژوورەوە دەبێتە شەڕیان، دیارە کوڕی ماڵەکە ئازاتردەبێت، لەو کاتەدا سەربازەکەی دیکە دێتەوە ماڵەکە و ئەوە دەبینێت لەترسان ناوێرێ بچێتە ژوورەوە، ئیتر سەربازەکەی ژوورەوەش لەماڵەکە ڕادەکات و ناوێرن بچنەوە ماڵەکە.[2]

لە گوندی (نورەدین) لەو سەردەمەی ناوچەی پشدەر لەژێر دەسەڵاتی تورکە عوسمانیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عوسمانیدا دەبێ، دەستەیەك سەربازی تورك، لەناو مزگەوتی گوندەکە جێگیردەبن، لەیەکێك لە ڕۆژانی هاویندا سەربازێکیان بۆ خۆراك دەچێتە ماڵێك دەبینێ ژنی ماڵەکە بەتەنیا لەماڵەوە

---

١. پێڵاوی شەمامەبەندی: جۆرە پێڵاوێك بوو، ژێرەکەی لە لاستیك دروست دەکرا و سەرەکەی بە داو دەچنرا و بۆ جوانی گوڵێنگەی لێدەنرا.

٢. مەلا سمایلی نوورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمارەی(٤٥)، ل٢٨- ٣٦.

دەبێت، دەیەوێت دەستدرێژی بکاتەسەر، ژنەکەش هاوار دەکات و لەماڵەکەی دێتە دەرەوە و هانا بۆ کانی ژنان دەبات، ژنانی گوندەکە بەدار هێرش دەکەنە سەر سەربازەکە و لەو نێوەدا هەندێك پیاوی گوندەکە تفەنگیان دەبێ و تەقە لەسەربازەکان دەکەن و دەبێتە شەڕە تفەنگ، لە ئەنجامدا فەرماندەی دەستە سەربازەکە بەدەستی جوتیارێکی گوندەکە دەکوژرێت، بەناوی (ئالّی- باوکی حەمەدی ئالّی)، ئیتر لەم ڕۆژەوە سەربازەکان دەگەڕێنەوە (فەرمانگە= گردی حوسنی قەڵادزێ) خەڵکی گوندەکە چۆڵ دەکەن و (ئالّی) و بنەماڵەکەی و ئەو کەسانەی بەشداری شەڕەکەیان کردبوو، لەترسی دەستگیرکردنی حکومەت گوندەکە چۆڵدەکەن و ڕوو دەکەنە ئەوبەری چیای ئاسۆس، تاکو دوای بارانی پەڵەی پایز ناگەڕێنەوە گوندەکە، دەشڵێن (بابەکر ئاغا) ئاغای ئەو کاتی گوندەکە، کەسێکی شێتۆکە ڕادەستی تورکەکان دەکات، لەجیاتی ئالّی.[١]

هەروەها لە گوندی (سەرکەپکان)ی سەر بەقەزای ڕانیە، ڕەفتاری جەندرمەی تورکان بۆ باج وەرگرتن شەرمهێنە، (پورئایش- کچی وسوبەگی ئەحمەد)ی لە باوکی دەگێڕایەوە: کاتێك جەندرمەی تورکی دەوڵەتی عوسمانی هاتونەتە گوندەکە، لەترسان لەماڵەکانیان دوورکەوتونەتەوە، چوونەتە چیایەکە و لەوێوە چاویان لێبووە، جەندرمەکان بەشیشەیەك لەزەوی دەوری ماڵەکانیان دەکوتا، چاڵە گەنمی ماڵەکەیان دەدۆزنەوە، ئیتر گەنمەکەی دەردەکەن و لەگەڵ هەندێك نوێنیش کە بەسەر گەنمەکەیان دادابوو، ئاگری تێبەردەدەن و دەیسوتێنن، پاشان جەندرمەکان دەڕۆن، ئینجا ئەوان دێنەوە سەر ماڵەکەیان و تەنیا فەردە گوێزێك شك دەبەن، کە جەندرمەکان نەیاندۆزیبۆوە، لەگەڵ هەندێك ئارد، ئیتر لەبرسان ئەو ئاردە دەکەن بەهەویر و کاکڵە گوێزەکانی دەخەنە سەر و دەیبرژێنن

١. مەلا سمایلی نوورەدینی، کوژرانی فەرماندەیەکی دەوڵەتی تورکی عوسمانی لە نورەدین، شمشارە، ٤٤ ل ١٥.

بۆ خواردن، باوکی ئەوەندە کاریگەری زوڵمی تورکانی لەسەر بووە، دواتریش گوتوویەتی: ئەگەر تورك هات، خۆتان وەبەر چنگی مەدەن، بۆ ماڵی دنیایە، چونکە قسە و دەشکێنن.[١]

(حاجی ڕەسوڵ خدر) خەڵکی گوندی بۆسکێن و دانیشتوی ڕانیە، لە (حاجی حەمەد ئەلیاس)[٢] دەگێڕایەوە: تورك عادەتێکی هەبوو هەرچی خواردنی لەناو کەندوو (کەندووی لە قوڕ دروست کراو) دابوو، لە ساوار و بڕوێش و ئەو جۆرە شتانە، هەموویان دەردێنا و دەیانبرد، ئینجا پێیان بەزەوی دادەدا بەپۆستاڵان هەر شوێنێك شکیان کردبا چاڵە و شتی تێدا شاردراوەتەوە هەڵیاندەدڕی و شتەکەیان دەردەهێنا، هیچیان نەدەهێشت هەموو شتێکیان دەبرد.[٣] حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دانیشتوی گوندی گرجان لە باوکی و کوێخا خدری گرجانی دەگێڕێتەوە: ساڵی گرانی، قاتوقڕی و گرانیەکی سەخت بوو، گرانیەکە تورك هێنای، چونکە هەمووشتێکیان دەبرد، زوڵمیان زۆر لەخەڵکی دەکرد، تورك دەهاتن لە ماڵان دەگەڕان، هەر شوێنێك گومانیان کردبا چاڵە و شتی تێداشاردراوەتەوە، شیشەیان لە زەوی ڕۆدەکرد، چاڵی گەنم یا هەرشتێکی دیکە بوایە دەیاندرۆزیەوە و دەریاندەهێنا، ئەو تورکەی ئێستا پێیهەڵادەڵێن، دەیانگوت: مانگای خەڵکیان سەردەبڕی، کابرای جوتیار مانگایەکی هەبوو، ئەوانیش دەهاتن بێباکانە مانگاکەیان سەردەبڕی، خەڵك بێدەسەڵات بوو، خەڵك چەکی نەبوو، لەم گرجانە تەنیا کوێخا خدر سێ تیرێکی هەبوو، ئەویش سواراغا وێیدابوو،

١. مەلا سمایلی نوورەدینی، ڕەفتاری جەندرمەی تورکان، شمشارە مانگی ٦ی ٢٠٠٩، ژمارەی ٤٧، ل ٧.

٢. من خۆم (حاجی حەمەد ئەلیاس)م بینیبوو، لە دایك بووی سەدەی نۆزدە بوو، بەساڵاچویەکی هوشیار و قسە خۆش و بیر ڕوون بوو، زۆری لە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید بیر دەهات و بەچێژەوە دەیگێڕایەوە. — نووسەر.

٣. حاجی ڕەسوڵ خدر، ساڵی لەدایك بوون ١٩٣٣، دانیشتوی ڕانیە، چاوپێکەوتن لە ٤-١٠-٢٠١٦.

ئێمە وەك گوندی گرجان ١٥ماڵ بووین، یەك سێ تیری هەبوو، ئەویش سواراغا بە کوێخا خدری دابوو، پاسی خۆی پێ بکات، لەبەر ئەوە تورك زوڵمیان زۆر لەخەڵکی کرد.[١]

ڕەفتاری جەندرمەی تورکانی خەلافەتی دەوڵەتی تورکی عوسمانی لە گوندی (گوڵان)ی سەر بە قەزای ڕانیە، بەساڵاچووانی گوندەکە دەگێڕنەوە: ساڵانە سەرباز (جەندرمە)ی دەوڵەتی تورکی عوسمانی دەهاتنە گوندەکە ئەم ڕەفتارانەیان لەبەرامبەر خەڵکی گوندەکە ئەنجام دەدا:

١. دۆخی ئابووری دەوڵەتی عوسمانی لەوپەڕی لاوازیدا بوو، دەوڵەت فەرمانی بەسەربازەکانی دابوو باج وەربگرن، هیچ ڕێسا و یاسایەکیان بۆ وەرگرتن نەبوو، هیچ دەزگایەکیش نەبوو، چاودێری باج وەرگرەکان بکات، بۆیە بێپەروا باجیان وەردەگرت، هیچ سانسۆرێکیش نەبوو، لە ستاندنی باجەکان، کەناسرابوون، بەباجی (مەڕانە، ڕەزانە، چۆمانە، مریشکانە، دارانە...هتد)، هیچ پێوەرێك نەبوو بۆ وەرگرتنی ئەو باجانە، تەنیا کەوتبووە سەر ویژدان و ویست و بیرکردنەوەی ئەو سەربازەی بەم کارە هەڵدەستا، بۆنموونە: باجی (چۆمانە) هەبووە، واتە ئەگەر کەسێ هەبووە لەدەم چۆمەکە کشتوکاڵ و شتی هەبوایە بەو ناوەوە باجیان لێدەستاندن.

٢. دانەوێڵە و دۆشاو و سرکەی ماڵەکانیان تێکەڵ دەکرد، بۆ ئەوەی لێیان خەسار بێت و زیانیان پێبگات.

٣. جارێك (پور زولیخا) هاوسەری حاجی مەلا خدری فێرانێ، بەتەنیا لەماڵەوە دەبێت، کاتێك سەربازی تورك دەچنە ماڵەکەی بۆ خواردن، دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنەسەر ئەویش لە ترسان ڕادەکات و ماڵەکەی جێدەهێڵێت.

---

١. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن)، چاوپێکەوتن لەڕۆژی پێنج شەممەی ٢٩-٩- ٢٠١٦.

٤. ماڵی حاجی ئایشێ پور فاتمێ تەنیا یەك لێفەیان لەماڵدا شك بردووە، کاتێك جەندرمەی تورکان بۆ شت ستاندن دێنە ناو دێیەکە لەترسی بردنی لێفەکەیان بەتاڵانی لەئاوی دەنێن، تا قورس بێت و سەربازەکان بۆیان نەبرێت.

٥. سەربازانی تورك هێندە بێشەرمانە ڕەفتاریان کردووە، تەنانەت جاسوس و دۆستەکانی خۆشیان نەبواردووە، یەکێکی خەڵکی گوندەکە لای خۆی دۆستی تورکەکان دەبێت، ڕۆژێك سەربازانی تورك دێنە دێیەکە بۆ مریشك و پەلەوەرستاندن، دەست دەکەن بە گرتنی پەلەوەرەکان ئەفسەرەکە بەدۆستەکەیان دەڵێت: مریشکەکانی خۆت داکە ژوورێ، واتە بیانبەرە ژوورەوە، ئەویش وادەزانێ بەچاکە وای پێدەڵێن، تاکو لەسەربڕین بەدوور بن، مریشکەکانی خۆی دەباتە ژوورەوە، ئینجا ئەفسەرەکە دەست دەکات بەسەر بڕینی هەموو مریشکەکانی، کاتێك ئاوا دەیبینێ کابرا دەڵێت: من بەقسەی ئێوەم کرد، وامزانی بەچاکە پێمدەڵێن بیانکە ژوورەوە، ئەفسەرەکە بە بەلاقرتێوە دەڵێت: نا مەبەستم ئەوە بوو ئاوا ئاسانتر بۆمان دەگیرێن.[١]

ئاکامەکانی شەڕی جیهانی لە داڕمانی باری ئابووری دەوڵەتی عوسمانی و بێکار و کاسبی خەڵك، لەلایەکیتر بەهۆی سەربازگیری، زۆربەی پیاوەکان برانە سەربازی و بێکاسبی و باجی زۆری تورکان، گرانی بۆ وڵات هێنا، ئەو گرانی و قاتوقرییە کاریگەری لەسەر هەموو کەس هەبوو، تەنانەت ئەوانی دۆخیشیان باش بوو، چونکە بەهۆی برسیەکانیش دۆخی ئەوانیش تێکدەچوو، سەبارەت بە گرانی و برسیەتی (عایشە) خەڵکی گوندی سەردۆڵ دەگێڕێتەوە: ئەو گرانی و برسیەتیە کاریگەری لەسەر خەڵکی سەردۆڵ، تەنیا سێ ماڵ

١. مەلا سمایلی نوورەدینی، بەشێك لە مێژووی گولانی دۆڵی شاورێ، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٤٥، مانگی ١ی ٢٠٠٩، ل ٢١.

لەبەر برسیەتی کوێربوونەوە، ئەوەش دوای تالآنی تورك و شکاکەکان، کە هاتنە ئەو گوندە و دانەوێڵە و شتیتریان بەتالآنبرد و خەڵکی گوندیان ئەزیەتدا، موحسن گوتی: باپیرم بۆی گێڕامەوە، لەسەردەمی سالآنی گرانی گەورە هەندێ ڕۆژ لە گوندی سەردۆڵ حەوت کەس لەبرسان دەمردن، بۆ خۆم بینیم هەشت کەس بەدوای کتك (پشیلە) کەوتبوون، بۆ ئەوەی بیگرن و بیخۆن، ڕۆژێك کەسێك خەڵکی شوێنێکیتر بوو هات بۆ گوندەکەمان، دوو کچی گەنجی لەگەڵ بوو، پێیگوتین: هەر کەسێك بتوانێ کچەکانم بەخێوبکات پێشکەشیان دەکەم، بەڵام هیچ کەس لە گوندەکەمان نەیتوانی ئەو کچانە مارە بکات، و بەخێویان بکات، دواتر هەردوو کچەکە لەبرسان مردن.

.. ئەو کات مێوژ خۆراکێکی سەرەکی بوو، بۆ خەڵکی گوندەکەمان چەند خێزانێك توانیان بەو هۆیەوە تا ئاستێك لەبرسان خۆیان ڕابگرن. ئەو برسیانەی لەو گوندە بوون، زۆربەیان خەڵکی شوێنەکانیتربوون، لەبرسان هاتبوونە گوندەکەی ئێمە، خەڵکی گوند زۆربەی ڕۆژەکان چەند مردوویەکیان لەو برسیانە بەخاك دەسپارد.[١]

ئەو کاتەی عوسمانییەکان لە سنووری خۆشناوەتی دەسەڵاتداربوون، کەلوپەل و دانەوێڵەی خەڵکیان دەبرد، و هیچیان بۆ جێ نەدەهێشتن، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە لەبرسان مردن، ئەو تورکانە بەماڵاندا دەگەڕان، شیشەیەکی ئاسنیان پێبوو، لە زەوییان دەدا، ئەگەر تەپەی بهاتایە و پێیانوابوایە ژێرەکەی بۆشە هەڵیاندەدایەوە، ئەگەر دانەوێڵەی تێدابوایە هەر هەموویان بەخاوەنی دانەوێڵەکە دەگوازتەوە، لە گوێدرێژەکەی باردەکرد و دەیانبردە بارەگاکەیان، جاری وابوو لە گوندەکەی خۆیەوە دانەوێڵەکەیان بە خاوەن دانەوێڵەکە دەبردە گوندی وەرتێ.[٢]

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤

٢. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٩

ئاغا و بەگ و دەسەڵاتدارانی تری ئەم ناوچەیە داوایان لە عوسمانییەکان کرد، هیچی تر کوشتن و سوتاندن و تاڵانکردن نەکەن و بەزەییان بەم خەڵکەدا بێتەوە، ئەم داواکاریە بووە هێورکردنەوەی عوسمانییەکان، دوای ئەوە عوسمانییەکان بە گوندەکانی دەوروبەری هەرتەل گەڕان و بەخەڵکەکەیان گوت: ئاژەڵەکانتان ببەنە دۆڵی قەشان و لەوێ کۆیان بکەنەوە، هەر کەسێ ئاژەڵەکانی نەباتە ئەو شوێنە، دواتر دەستی بەسەردادەگرین و بۆ خۆمانی دەبەین، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر ئاژەڵەکانیان بردە ئەو شوێنەی بۆیان دیاری کردبوون، ئاژەڵێکی زۆر لەو دۆڵە کۆکرانەوە، بەڵام بارودۆخەکە پێچەوانە بووەوە، ئەو ئاژەڵانەی لەو شوێنەی عوسمانیەکان دیارییان کردبوو، لەلایەن تورکانەوە دەستیان بەسەرداگیرا و بردران، ئەوانەی نەشهێنرابوونە ئەو شوێنە لەو شاڵاوە ڕزگاریان بوون.[١]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا گرتوخانەکان پڕ بوون، دەزگای دادوەری تورك ئەوەندە گەندەڵ و خاو و خلیچك بوو، زیندانی وا هەبوو چەندین ساڵ بوو، چاوەڕێی دادگایی کردن بوو، هەندێك لەوانە هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەدەڕەخسا، تەنانەت دادوەر ببینن، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك باخێکی ڕازاوەی هەبوایە، ئامادە نەبوایە بە پاشایەکی چاوبرسی بفرۆشتایە، زۆر ئاسایی بوو بەزمێکی بۆ دروست بکەن، تا دەست بەسەربێت، یان هەر زیندانی بکەن، تا ئەو کاتەی ئامادە دەبێت باخەکەی بە پاشا بفرۆشێت.[٢]

ئەوانە کۆمەڵێك لە نەهامەتیەکانی دانیشتوانی سنووری بیتوێن و پشدەر بوو، ئەم ڕەفتارانە تایبەت نەبوون بەیەك ناوچە، بەڵکو ڕۆژانە لەسەرانسەری وڵات ئەم ڕەفتارانەی تورکەکان دووبارە بوونەتەوە، تەنیا وەك بەرچاو ڕوونیەك ئەمانەمان خستە بەرچاو بۆ ئەوەی بزانن دانیشتوانی کوردستان لەژێر سایەی

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩٤

٢. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

دەوڵەتی عوسمانی لە چ مەینەت و کوڕێرەوەریەکدا ژیانیان گوزەراندووە، هەر ئەوەش بووە هۆی هاتنی گرانیەکی گەورە بۆ ناوچەکە و خەڵکی تووشی نەهامەتیکرد، هەموو ئەوانەش بوونە ئەرکێکی قورس و دواجار گرانیەکی مەرگهێن بەسەر ناوچەکەدا هات.

## گرانی و قات و قڕی

بەشداری دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی هۆیەکی سەرەکی بوو، بۆ نەهامەتی و ماڵوێرانی خەڵك و بۆ هاتنی ئەو گرانیەی لە ساڵی ١٩١٦- ١٩١٧ دروست بوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی هەم خەڵکی لە کاروکاسبی کرد و ڕاپێچی بەرەکانی شەڕیکردن، هەم شتومەك و خواردەمەنی لێدەسەندن بۆ سوپاکەی دەنارده بەرەکانی شەڕ، بەمەش گرانیەکی زۆر و قات و قڕی بەسەر ناوچەکەدا هات،[1]هەموو ئەو بارودۆخە سەخت و ناخۆشەی لەسەر شانی دانیشتوان بوو، تەواو خەڵکی بێزارکردبوو، لەلایەکیتریش دوای داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن ڕووسەکان و تاڵان و وێرانکردنی وڵاتەکە و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی بۆ باشووری کوردستان، دانیشتوان و خەڵکی باشووری کوردستان سەرەڕای ژیانی ناخۆش و ناهەمواری خۆیان، هاتنی ئاوارەیەکی زۆری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتیش ببووە سەربار، خەڵك بەتەواوی بێزاربوون، هەناسەی خۆشی نەما برسیەتی، نەخۆشی، هەموو چەشنە پەتایەك وڵاتی داگیرکرد، دەرمان، پزیشك، چارەساز نەبوو، لەشار و لادێ ناڵەی ژن و منداڵ، لاشەی لەبرسان مردوو، شەقام و کەلاوەکانی پڕکردبوو، تەنیا گیان هەرزان و نان گران بوو.[2]

١. عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٢. ئەحمەد خواجە، هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

حاجی حەمەد ئەلیاس دانیشتوی گوندی بۆسکێن لە قەزای ڕانیە، گوتویەتی: ڕبەی گەنم بەلیرەیەك بوو، پارە هەبوو، بەڵام ئەگەر یەکێك پارەشی ببوایە سوودی نەبوو، چونکە گەنم دەست نەدەکەوت، واتە ڕبەیەك گەنم بەلیرەیەك بوو،[١] بەشداری دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا هۆیەکی سەرەکی ئەو گرانیە بوو، چونکە بەزۆری خەڵکی لەکاسبیکرد و ڕاپێچی بەرەکانی شەڕی کردن، لەلایەك خەڵك کاسبکاری نەما، لەلایەکیتریش حکومەتی تورك شتومەك و زەخیرەی لێدەسەندن بۆ سوپاکەی. ئیتر بەهۆی ئەوە گرانی سەریهەڵدا.

کە ڕووس هات کوردی ئێران دەربەدەربوون و هاتنە دیوی عیراقیٚ، لە عیراقیش تورك زوڵمیان لە خەڵك دەکرد، زەخیرە نەما، تورك چی بتوانیبایە لەخەڵکی دەستاند و پێینەدەهێشتن، ئەحمەدی حەماغای پشدەری دەڵێت: ئەو کاتە بارودۆخی پشدەر باش بوو، حکومەتی تورك دەسەڵاتی ئەوەی بەسەرماندا نەدەشکا بەزۆر شتمان لێوەربگریٚ، چونکە هێزمان هەبوو، ئێمە بەرەبەرە شتمان لێوەردەگرتن و بەپێی پێویست دەماندایە خەڵك، توانیمان خەڵکێکی زۆر بەخێوبکەین و لەدەست مردن قوتاریان بکەین.[٢] خەڵك هەموو ئەم کارەساتانەی لەسۆنگەی عوسمانی دەزانی، بۆیە تەواو لە دەسەڵاتی تورك بێزار ببوون، هەموو مەینەتیەکانیان بۆ دەسەڵاتی تورك دەگەڕاندەوە، لەهاوینی **١٩١٤** دا ڕۆژگیرا، خەڵك بۆ تانە و تەشەر لێدان لە دەوڵەتی عوسمانی دەیانگوت: "پاشای ئیسلام دڵی ڕەش هەڵگەڕا، خێربیٚ لەبۆمان"[٣] خەڵك بۆچوونیان وابوو هەر نەهامەتیەکیان بۆ بێت هۆکارەکەی ڕەفتاری خراپی تورکەکانە، خوا

١. حاجی ڕەسوڵ خدر، ساڵی لەدایك بوون ١٩٣٣، دانیشتوی ڕانیە، چاوپێکەوتن لە ٤-١٠-٢٠١٦.

٢. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

٣. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

غەزەبیان لێبگرێت. وڵات کەمی و قاتوقڕی تێکەوت، سەرەڕای ئەوەش کە ناوچەکە خۆی تووشی گرانی و قات و قڕی ببوو، لەئێران و خوارووش دەهاتن، گەنم و دانەوێڵەیان لەناوچەکە دەکڕیّ لەکۆیەوە دەچووە دوکان و دواتر بۆ ئێران، هەروەها لەڕێگای (پردێ) دەچووە خواروو.

لەم دەورەدا لەڕووی خراپە و زوڵم و کردەوەی ناڕەوای کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی، ناڕاستی و ناپاکی بەشی زۆری مەئمورەکانی سەربازی و مەدەنیەوە خەڵك بەجاریّ ڕوویان لە حکومەت وەرگێڕا بوو، جگەلەمەش بەناوی (ئیعاشە)ی لەشکرەوە، هەرچی خواردەمەنی و بژێوی فەقیر و هەژار هەبوو، بەتایبەتی هی دێهاتی و لادێیی بەستەزمانەکان بەبیّ دواییهاتن، هەر ڕۆژە بەناوێکەوە، واتە جارێك بەناوی (موبایەعە) و گاهێك بەناوی (ئیعانە)وە زەوت دەکرا و بە تالاّن دەبرا، بەشی زۆری ئەمانە دزرا و لەناو کاربەدەست و گەورە بێمروەت و ناپاکەکاندا دابەشدەکرا، بەشی زۆر کەمی دەگەیشتە عەمبارەکانی میری، کە دەدرا بە سەربازەکانی لەشکر، یا بەژن و ماڵ و منداڵی مەئمورەکان و ئەو ئەفسەرانەی خۆیان لەسنوورەکان سنگیان دەنا بەگولەوە، دیارە ئەمەش کەڵکێکی ئەو تۆی نەدەگرت و جەماوەر و سەربازەکانی لەشکر ڕۆژ بەڕۆژ دەکەوتنە حاڵی خراپترەوە، برسی تر و ڕووت و قوت تر دەبوون، مرۆڤی زۆر دڵڕەقیش بەرزەیی پێدادەهاتنەوە.[١]

ئیتر حکومەت دەستی کرد بە ئاژەڵ و دەغڵ خڕکردنەوە، مەئمورە بەدکارەکان، عەمباری دەغڵەکانیان لەبەر دەستبوو، نیوەیان خۆڵ لەگەڵ تێکەڵدەکرد (ڕەنگە بۆ ئەوە بوویّ کێشی زیاد بکات و ئەوان پارەی زیاتریان دەست بکەویّ) حکومەت دەستی بە (مبایەعە)ی یەکەم کرد، بەنرخێکی هەرزان، گوایە

١. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٢٩.

دەغڵ بەپارە دەكرێت، (مبايەعە)ی دووەم و سێیەمیشی دەست پێكرد. دەغڵودان لەسنوورەكە كەم بووەوە، لەپاشان توركەكان دەستیانكرد بەپشكنینی ماڵان، خەڵك لەترسان چاڵی بۆ دانەوێڵە هەڵكەند و دەیشاردەوە، ئەوان ماڵەكانیان دەپشكنی و هەر جێگایەكی (تەپە)ی لێوەبهاتایە هەڵیان دەدڕی و ئەگەر شتی شاراوەی تێدا بدۆزرایەوە دەیانبرد، هەندێ پارەی كاغەزیان دەدانێ لە بەرامبەر نرخی دەغڵەكە هیچ نەبوو.[١] پارەی حكومەت (كاغەز- نوط) بوو، خۆی دەیدا بەخەڵك، بەڵام وەرینەدەگرتەوە، چونكە لەناو خەڵك نرخی نەمابوو.[٢] زۆر كەس تا تەمەنی پیری و ڕیشی سپی بوو، ماڵداری كرد و بەهەزار حاڵ هەندێ پارەی پەیداكرد، بەڵام پارەی دەوڵەتی عوسمانی باوی نەمابوو، هیچ نرخی نەدەكرد، هێشتا حكومەتەكەی خۆی مابوو پارە كاغەزەكەی داماڵا و ڕەواجی نەما، ئینگلیزیش نەگەیشتبووە كەركوك، پارەی (قرۆش) و (مەتالیك) ڕەواجی نەما، هی وا هەبوو یەك دوو باری لەم پارەی (توركی)ە هەبوو، ناچارما هەمووی هەڵڕێژێ و زەرەرمەندبوو و ماڵوێران هاتەدەر.[٣] وای لێهاتبوو حكومەت ئەو پارەی خۆی دەیدا بەخەڵك زۆر بەزەحمەت لێیوەردەگرتنەوە.

لە ڕێگای باج و سەرانەوە: جەمەدانیانە، كراسانە، دەرپێیانەی لە دوكاندارەكان دەستاند كەشتێكیان هەبوو، بەناوی (أعانە) و ناردنی هاوكاری سەربازی شتیان لە خەڵك دەستاند، هەر جارە بەفێڵێك لادێكانیان دەڕووتاندەوە. بەناوی هاوكاری دەوڵەت، وایلێهات (قاورمە)شیان لە خەڵكی دەستاند. خەڵكیش ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپ بوو، پیاوەكان هەمووی نێردرابوون بۆ شەڕ، كەم كەسیش مابوونەوە كاسبی جوتیاری بكەن، پیاو زۆر كەم ببوون،

---

١. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.

٢. ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٣. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

هەر ئافرەت مابوونەوە، لەهەموو لایەك بووە نەهات و قاتوقڕی، لە قۆڵی ئێران و عیراق شەڕ زۆر بەهێز بوو، لە کۆیە وایلێهات پیر و پەککەوتەکانیان بانگ کرد، بچن بۆ (سەرا) بۆ ئەوەی پاسەوان و ئێشکی فەرمانگەکانیان پێبگرن، و جەندرمەکان بنێرنە مەیدانی شەڕ، تورکەکان هەموو ئەم کارانەیان ئەوەندە پیرۆز کردبوو، گوایە ئەمە دژی کافرانە بۆ سەرکەوتنی ئیسلام، پیرەکان دەیانگوت: "ئەگەر ئێشك لە دائرەی حکومەت بگرین، ئەوە لەبۆ خەلیفەی ئیسلامە، بەئاگری جەهەندەمێ ناسوتێین!".[1]

ئەو گەنم و دانەوێڵەی لە خەڵك دەستێنرا، فڕێ دەدرایە عەمباری گەورە، تاکە یەك دانەی بەحکومەت نەدەگەیشت و هەمووی لەلایەن قائیمقام و مەئمورە زلەکان زەهری مار دەکرا.[2]

ڕەوشت و خوی بەرز نەوی ببوو، دڵسۆزی و داوێن پاکی لەبەشی زۆری خەڵك هەڵگیرا بوو، بەکورتی سروشتی پاك لە فەرهەنگی مرۆڤدا نەمابوو، داوێن پیسی و کەمتەرکەخی لەناموسدا گەیشتبووە ڕادەیەکی وا قەت نەیبینی، لەو کاتەشدا لەئێرانەوە پۆل پۆل خەڵك بە سواڵکردن و هەلاتوویی خۆیان گەیاندە باشووری کوردستان و سلێمانی و لەمانە بەشێکیان بەفرۆشتنی لەشیان دەچوون بەڕێوە، بەکوڵەمەرگی دەژیان،[3]بەهۆی داگیرکردنی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زوڵم و زۆری ڕووسەکان و گرانی و قاتوقڕی گەلێك لە دانیشتوانی شارەکانی ئێران وەك دانیشتووانی دەوروبەری شاری ورمێ و عەشیرەتی (شکاك) و خەڵکی سابلاغ و شارەکانیتری ئێران کۆچ و ڕەویانکرد بەرەو کوردستانی عیراق،

١. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ، ل ١٢٧.
٢. مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.
٣. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

بۆ ناوچەی پشدەر و بیتوێن و کۆیە،[١] عەشیرەتی شکاك لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاوارەیە بوون، گەیشتنە کۆیە، حکومەت شکاکی لە (قشڵە)ی دامەزراندن و مووچەی بۆ بڕینەوە، پیاوی وەك (عومەرخان و تەمەر خان و سمایل خان) یان لەگەڵدابوو. بەهۆی جەنگ هەموو وڵات تووشی گرانی و داڕمانی ئابووری هاتبوو، ئاوارە بوون و هاتنی ئەم خەڵکە زۆرە بۆ ناوچەکە گرانیەکی سەختی بەدوای خۆیدا هێنا، بەهۆی ئەم گرانیەوە خەڵکی ناوچەکە زۆر تەنگاو بوون، خواردەمەنی دەست نەدەکەوت، خەڵك زۆر فەوتا.[٢] کوردی ئێران ژن و پیاو بەلێشاو خۆیان دەگەیاندە ناو کوردی عیراق. هی وا هەبوو بە زوڵم و ستەمی زۆرەوە بەلوت یان دەست یان مەمك بڕاوی لەلایەن سوپای ڕووسی قەیسەرەوە، بەمنداڵی ساواوە ئاوارە دەکران و لەلایەن سوپای تورکی ئیسلامیەوە ڕووت دەکرانەوە، بەم چەشنە قڕی کورد هات.[٣]

## پاشاگەردانی و بێبەهابوونی حکومەت

بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانی بارودۆخێکی کارەساتباربوو، زەخیرە نەما، تورك چی بیتوانیایە لەخەڵکی دەستاند و پێینەدەهێشتن، خەڵك لەبرسان مردن و تەرمیان بەکێوانەوە کەوتبوو، سەگ دەیخوارد، هەزاران لاشەی مرۆڤ کەوتبوون، نەدەنێژران.[٤] بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخەوە خەڵك ڕووت و برسی بوو، کاسبی و بازاڕ و دوکان نەبوو، باری ژیانی خەڵك زۆر سەخت بوو، لە

١. ئەحمەد خواجە، هەمان سەرچاوە، ل ١٤.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

٣. ئەحمەد خواجە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

٤. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

کۆتایدا جڵەو لەدەست حکومەتیش دەرچوو،[١] بووە پاشاگەردانی، هەر کەس چی بکردایە کەس نەبوو لێی بپرسێتەوە، ئەحمەد گۆپکی[٢] دانیشتوی ڕانیە، ساڵی گرانی **١٩١٦** بۆ کڕینی داوێڵە ڕۆیشتبوو بۆ گوندی شێنێی پشدەر، بەڵام چەتە تووشی هاتوون و کۆشتوویانە، بۆ پارە یا دانەوێڵەکەی کە لای بووە.[٣] لە کۆیە مێگەلە ئاژەڵێکی حکومەت لەپشت قشڵەی دەیانلەوەڕاند و بردیان، ماینی خەت قوماندانیان ڕفاند.

شەوێك حکومەت هێزی ناردبوو، بۆ هەواڵی ماین و ئاژەڵەکان، لە گوندی شیواشۆك (تاهیر ئاغای غەفوری )یان لە دەست دەکوژرێ، لەو شەوەدا دەرگای قەیسەری کۆن لە کۆیە بەفێڵی کفن کڕین دەکەنەوە و دەچنە ژووری، وەستا (محی الدین)،کە زۆریش پیردەبێ، لەگەڵ (قادری کوڕی ئەحمەد بیبەر)ی پاسەوان دەبن، سەریان دەبڕن و قەیسەری تاڵان دەکەن.[٤]

## گرانیەکە هەموو سنوورێکی بەزاند

گرانی و قاتوقڕی بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر خەڵك دانا، ئەستەمە وا زوو بیر بچێتەوە، بە هاتنی ڕووس کوردی ئێران دەربەدەر بوون و هاتنە دیوی عیراقێ، لە عیراقیش تورك زوڵمیان لە خەڵك دەکرد، چی بتوانیبایە لەخەڵکی دەستاند و پێینەدەهێشتن، خەڵك لە برساندا مردن و هەزاران لاشەی مرۆڤ کەوتبوون نەدەنێژران، لەسایەی هەردوو دەوڵەتی ڕووس و عوسمانی بوونە هۆی نەهامەتی ئەم گەلە ستەم دیدەیە.

---

١. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

٢. ئەحمەد گۆپکی دانیشتوی ڕانیە بووە و تائێستاش نەوەکانی لەڕانیە نیشتەجێن.

٣. مەلا سمایلی نوورەدینی، مێژووی ڕانیە و بنەماڵەکانی، گۆڤاری شمشارە، ژمارەی (٥٤) ل ٤٠.

٤. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

وەك ئاماژەمان پێدا بەهۆی دڕندەیی سوپای ڕووس خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئاوارەی باشووری كوردستان بوون، ئاوارەكان لەناوچەی پشدەر بارودۆخی ژیانیان زۆر خراب بوو، ئەوانەی ماڵ و زێڕ و نەختینەی خۆیان نەبوو، بەشی زۆری لەسەر حیسابی خەڵكی ناوچەكە دەژیان، لەبەرئەوە خەڵكی ناوچەكەش ژیانیان كەوتە مەترسی و دواجار ئەوانیش لێیان بڕا، سەرەڕای ئەوەی خەڵكی سنوورەكە خزمەتی زۆریان بەئاوارەكان كرد، بەڵام هەش بوو، خواردن و خواردنەوەیان نەدەدانێ، چونكە خەڵكی ناوچەكەش مەترسی ئەوەیان هەبوو، ئەوان تووشی نەهامەتی و ئاوارەیی ببن، ناچاربوون كەوتنە خواردنی گۆشتی وڵاخی تۆپیو و مردارەوە بوو.[١] ئەوەی زۆر زەروور بوو، ئاژەڵی مرادەوە بوو تێیدەئاڵان و بەخاوی گۆشتەكەیان دەخوارد.[٢]

مامۆستا شاكیر فەتاح بۆ ئەو ڕۆژگارە لە سلێمانی دەڵێت: لەبیرمە بەوبەر ماڵەكەمانەوە سەربازە توركەكان، هەر ڕۆژە چەند ئێستر و بارگیرێكیان بەتۆپیوی فڕێ دەدایە گوێ شیوەكە، هەژاران لەتاو برسێتی پەلاماری یەكتریان دەدا، بۆئەوەی بتوانن هەریەكەیان بەشی خۆی لە گۆشتەكە بكاتەوە، سەربازەكان گالیسكەیان بەزەلام ڕادەكێشا بارگیریان نەمابوو، پێیڕابكێشن. گرانی زۆری سەند، چایمان بە كشمیش و مێوژ دەخواردەوە، باوكم شەكری بۆ نەدەكڕا.[٣] تا وایلێهات ئاژەڵی مردارەوە بووش نەما، ئینجا ناچاربوون كۆمەڵ كۆمەڵ پەلاماری ماڵانیان دەدا، بۆ سەندنی خواردن و خواردنەوە، هێرش و پەلاماری كۆچكرد و ئاوارەكان گەیشتە ڕادەیەك

---

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

٣. عەبدولەجید نورەدین جەلی زادە، بیرەوەریەكانی مامۆستا عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە، ئامادەكردنی: د. كەمال مەعروف، هەولێر ٢٠١٢، ل ٢٦.

بەربەست کردنیان زەحمەت بوو، دەبووایە هەموو ماڵێك دەرگای لەسەر خۆی داخستایە، زۆرجار بەزۆر و لێدان لەکۆڵ ماڵانیان دەکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبرسان نەدەگەڕانەوە.

دەگێڕنەوە ئاوارە و کۆچبەرەکان هێندە زۆربوون، لەسنووری پشدەر لە گوندەکانی ئەو بەری ئاسۆس خەڵکەکە بەزۆری بەکوتەك و دار و لێدان کردوویاننە ئەوبەری زێیەکە، دیسان ئەوانیش پەڕیونەتەوە ئەوبەری زێیەکە، لەمبەر و ئەوبەرەدا دەستی یەکتریان دەگرت بۆ پەڕینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هێندەلاوازبوون بەرگریان بێهێز ببوو، زۆربەی زۆریان ئاو دەیبردن و دەخنکان.[1] لەخەڵکی شاریش بەشێکیان ئەوانەی دەوڵەمەندبوون، یا هۆی ژیانیان بەدەستەوە نەبوو، یا لەوانە نەبوون بێنە بازاڕی بێشەرمی و کاسبی بەلەشیانەوە بکەن، وردەوردە بەوێنەیەکی وا جەرگبڕ توانەوە بەناخی زەویدا چوونە خوارەوە، کە هەرگیزا و هەرگیز لەبیر نەچێتەوە.[2]

تاهیر ئەحمەد حەویزی لەمێژووی کۆیەدا دەڵێت: هەر لەوکاتەی گرانیەدا (حاجی ئەحمەد حاجی وەتمان)ی بازرگان و (حەبور)ی بەقاڵ کاسب بوون، خەڵك شتیان پێشکدەبردن، بەشەو سەریان بڕیبوون، گەلێك پیاوی وا هەبوو پێی عەیب بوو بێتەدەر و سواڵ بکات، لەماڵەکەیدا دەرگای کلیل دەدا، وەك (ئەحمەد چەپە)ی نەجار، خۆی و خێزانی لەژووریّ لەبرسان مردن.[3] نەبوونی و برسێتیەکە گەیشتبووە ڕادەیەك هەموو شوێنێك (١٠-١٥) کەس لە ژن و منداڵ و پیاو و پیر و گەنج لە کۆڵانان و لەبن گوێسوانان لەبرسان دەمردن، ئینجا خەڵکەکە کۆیاندەکردنەوە و چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەندن و گڵیان وەسەر

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

٢. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

٣. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٢٨.

دەدان.[١] لە کۆیەش لاشەی مرۆڤ لەناو بازاڕ و کۆڵانان سەگ دەیکڕاندەوە، دەرۆستی شاردنەوە نەدەهاتن، (مەعروفە دیز) و (مەعروف سوتەڵ) خەڵکی گەڕەکی قەڵاتی کۆیەبوون، لەگەڵ قایەچیەکی ڕووتەڵە، شارەوانی لەبەر بۆگەنی لاشەکان کرێیەکی کەمی دەدا ئەو پیاوانە، هەر دوو سێ لاشەیەکیان لە چاڵێکدا دەشاردەوە.[٢] یەکێك لەوانەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی گێڕاوەتەوە ئەو کاتە تەمەنی **٢٩** ساڵ بووە، لەکاتی گێڕانەوەی ئەو ڕۆژگارەدا دەست دەکات بەگریان و دەڵێت: وەك فلیم دێتەوە بەرچاوم.

ئاوارە و کۆچکردووەکان ئەوەندە زۆربوون، چارەسەریان ئاسان نەبوو، ئەگینا چەندین خەڵکی دەوڵەمەند و خواپێداو خزمەتیاندەکردن، بۆ نموونە: حاجی ڕەسوڵ ئاغای مەحمود ئاغای گەرمکان و بابەکری مەحمود ئاغای نورەدینی خزمەتی گەورەیان بەو خەڵکە ئاوارانە کرد. بۆ نموونە: حاجی ڕەسوڵ ئاغای مەحمود ئاغا لە گوندی گەرمکان خواپێداویش بوو، لە ژنە ئاوارەکان و ژنانی گوند چەند ژنێکی دانابوون بۆ نانکردن بۆ ئەو ئاوارانە، ڕۆژانە چەندین تەشت هەویریاندەکرد بە نان، نانەکەش بریتی بوو لە ئاردی هەرزن و زوڕات و گەنم و جۆ و شتی لەم بابەتە، دەیانکردە ئەستوك (کولێرەی ئەستوور) و دەیاندابە خەڵکی برسی.

هەروەها چەند ژنێکی تریشی دانابوو، بۆ چێشت لێنان، چێشتەکەش بریتی بوو لە نیسك و نۆك و ساوەر بوو، پڕیاندەکرد لە ئاو، سێ ژەمە چەند پیاوێکی دانابوو بۆ ڕیزکردنیان، هەر یەکە کەوچکێك چێشت و ئەستوکێکی دەدرایە، ڕۆژانە زیاتر لە (١٥٠) کەس بەم شێوەیە خواردنی دەدرایە. ئەو منداڵانەی دایك و باوکیان لەماڵی ڕەسوڵ ئاغا بەجێیاندەهێشتن و فڕێیان دەدان، حاجی ڕەسوڵ ئاغا چەند ژنێکی بۆ ئەو منداڵانە پەیداکردبوو، بەخێویان دەکردن.

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

٢. تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

گوندی (گەرمکان) لەوبەری زێی بچووك و بەبناری چیای ئاسۆسەوەیە، ئەو ئاوارانەی دەچوون بۆ گوندی گەرمکان دەبوایە لە زێیەکە بپەڕنەوە، زۆر لەو کەسانەی بەناو زێیەکەدادەپەڕینەوە، لەبەر بێهێزی و لاوازی ئاو دەیبردن و دەخنکان.[١]

کە ساڵی ١٩١٦ بۆ ١٩١٧ خەڵکی کوردستانی ئێران لەترسی سوپای ڕووس ڕایانکرد و تورکی عوسمانیش بەزۆر خۆراکی خەڵکیان دەبرد و هەتا لە ژێر عەرزیش لە چاڵدا دانەوێڵەکانیان دەشاردەوە، بەڵام لەدەست تورکەکان ڕزگاری نەدەبوو، هیچیان بەدەست خەڵك نەهێشت، ساڵی گرانی خواردن و هیچ شتێك نەبوو خەڵك لەبرسان دەمرد، ماڵی فەتاح بەگ، کە دواتر بووە قائیمقامی ڕانیە لەنزیك مزگەوت بوو، نەجیبەی کچی فەتاح بەگ دەڵێت: لە ئێران خەڵك لەبرسان هاتنەخوارێ بۆ باشووری کوردستان، خەڵك لەشوێنی دیکەوە دەهات بۆ ڕانیە، هیچ شوێن و پەنایان نەبوو، لەبرسان دەچوونە مزگەوت، منیش منداڵ بووم نانم بۆ دەبردن و لە کولانەکەیدا بۆم بەردەدانەوە، نەمدەوێرا بچمە ژووری مزگەوت، ئەو ئاوارانە لە مزگەوتی ڕانیەدا کەوتبوون، ڕۆژی شەش حەوت کەسیان لێدەمردن، بەقونەوەیان دەناشتن، سەگ لاشەکانیانی دەردەهێنایەوە و دەیانبردن، دەیانخواردن.

هەروەها دەڵێت: ئێمە دوو ئاشمان هەبوون، خەڵك باراشتیان نەدەهێنا بۆ ئاشی، بەدەستاڕیان لێدەکرد، بەعەمبارن چەڵتووك هەبوون، لێندەکردن و دەنکردنە برنج دەیانکردنە ئەستوکە چێشت و ئاشن دروستدەکرد، هەر فەقیرەی ئەسکوێیەك، کەوچکێك چێشت و نانێکن دەدانێ و دوو دەرکەوانیشن بۆ دابەشکردنی ئەو نان پێدانە دانابوون، کە زەینەڵ چاوەش و شەریفە کوندبوون.

---

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل١٣٧- ١٣٨.

خەڵك ناچاربوو، لەبرسان گۆشت کەریان دەخوارد، کە لەبرسان خەڵك ڕوویان لەماڵی ئێمە دەکرد پشیلێکی ڕەشن هەبوو، خەڵکە برسیەکە کەدیتبوویان ڕێیکەوتبوون، کەبیگرن و بیخۆن، بارگینی ماڵی خاڵم تۆپی بوو، خەڵك لەسەر گۆشتەکەی شەڕیان بوو، گەنمان نەمابوو، بابم ناردی لە سەرسیان سێ کۆچکە گەنمی کڕین، یەکی بە سێ لیرەی زێڕ...[١]

لەسنووری کۆیەش شێخ مەعروفی هەڵەجە زاتێکی زۆر بەڕێز و خۆشەویست بوو، لای خەڵك، خوا بۆی ڕێکخستبوو، توانی یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان بدات، ناونیشانی خۆی کردبوو بە (خادم الفقراء) تەکیەکەی پڕبوو لە کەسانی هەژار و کەم دەرامەت، ڕێزی لێدەگرتن، بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێدەکردن، شێخ مەعروف بەم کارە جوامێریەی خەڵکێکی زۆری لە برسیەتی ڕزگارکرد. نابێ ڕۆڵی حەماغای کۆیە لەپێشچاو نەگرین، سەخاوەتی و پیاوەتی خۆی نیشانداوە، هەزاران کەسی لە برسیەتی ڕزگارکرد. حەماغا لە گرانیەکەی ١٩١٧ لەجیاتی ئەوەی نیوەی ڕەزو زەوی و زار و خانووی کۆیە بکڕێ، هات هەرچی خوا پێیدابوو کردی بەخۆراکی هەژار و غەوارەی ئەو شارە، ناویشی نەدەزانین و ڕەنگە هەر نەشی دیتبن.[٢]

حکومەتی تورك چاوی لەو خواردنەش بڕیبوو، دەدرا بەو برسی و بێ نەوایانە، کە حەماغا لەکاتی گرانیەکە و سەختی ژیان زۆر هاوکاری خەڵکی کرد، بەهۆی خراپی و چاوچنۆکی تورکەکان حکومەت عەمباری دەغڵی ماڵی (حەمە ئاغای غەفوری)یان شکاند و بردیان، لەم گرانیەدا بوونە هۆی

١. عبدالقیب یوسف، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (ئاغاژنە (نەجیبە)ی کچی(فەتاح بەگ)ی قائیمقامی ڕانیە...، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٤٩، ل٨.

٢. عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧-٢٨.

برسی کردنی گەلێك فەقیر و هەژار.[١] ئەو چەند خەڵکە خێرخوازانەمان بە نموونە هێنایەوە، ئەگینا زۆری تر هەبوون، ماڵی خۆیان لە پێناوی خەڵکە برسی و هەژار و لێقەوماوەکەدا خەرج کرد.

بەهەرحاڵ لەهەر شوێنێکی ئەم کوردستانە، خەڵکەکە بەتەنگانەی شەڕی یەکەم و گرانیەکەی ١٩١٧دا تێپەڕین، خەڵك مەینەتی و ناخۆشی زۆری بینی، ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەی لەبرسان مرد مرد، خواپێداوەکانیش تێیاندا هەبوو، هەلیوەرگرت و خۆی بەناچاری خەڵك دەوڵەمەندکرد، تێشیاندا هەبوو پارووی لە زاری خۆی گێڕایەوە بۆ برسی و هەژار و بێ دەرەتانان.[٢]قینی سروشتیش بوو بەسەربار لەو ساڵەدا، کە بەهۆی شەڕەوە چاندنی تۆوی دەغڵودان و کاروباری جوتیاری بەدەست پێرەژن و پیرەمێردە بێهێزەکانەوە مابوو، بارانیش چووە بەست و هەروەکو خەڵکەکە بە چاوپێکەوتنی لەسەریەکی دەرد و بەڵا ڕاهاتبوون و دڵیان ڕەق ببوو، دڵڕەقی سروشتیش نەدەهاتە جۆش و هیچ نەبێ بۆ ڕزگارکردنی هەژارە بێتاوانەکان لەبرسێتی و نەخۆشی، ئاسمان فرمێسکێکی نەدەڕژاند، بەڕادەیەکی وا دەهات بەبیرا ئەم کەونە دڵۆپە ئاوێکی تێدانەبێت.

ئەو قاتوقڕیە کارێکی خراپی کردە سەر بارودۆخی ناوچەکە، خەڵکی بەهۆی هاتنی ئەو ئاوارانە تووشی گرانی و ئەم ڕۆژە ڕەشە هاتن، خەڵکی ناوچەکەش لەبەر گرانی و نەبوونی و نەمانی خواردەمەنی کەوتنە خواردنی بەڕوو و بەری (زی) و (خڕنوك) و جۆ و زوڕات و هەرزن و گەلێك شتیتر، ئەو بابەتانەیان تێکەڵاوەکردن و لە ئاشیاندەکردن و کردوویانە بەنان و خواردوویانە.[٣] حاجی ڕەسوڵ خدر دەربارەی ساڵی گرانی و نەبوونی، لە زمانی حاجی حەمەد

١. تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

٢. عەبدولەجید نورەدین جەلی زادە، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

٣. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠.

ئەلیاس دەیگێڕایەوە: لەماڵەوە گەنممان دەبرژاند و دەمان کردە برێشکە، لەکاتی سەفەر و چوونەدەر لەماڵ بەپێی پێویست لەگیرفانمان دەکرد و کە برسی دەبووین دەمانخواد.[١]

نووسەری کتێبی چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی میراودەلی پشدەر لەزمانی دایکیەوە دەگێڕێتەوە: " ڕۆژێکیان گەنجێکی تەمەن ٢٠ ساڵان لە سەرەنگوێلکی نزیك ماڵی ئێمە لوولاکە وڵاغێکی بەدەستەوە بوو دەی کرۆستەوە و دەیخوارد. دەڵێت: عەبدوڵڵای براشم منداڵ بوو، چاوی لێ بوو، هات بۆ لای دایکم دەستیکرد بەگریان و گوتی: دایە دوو نانم بدەرێ بۆ ئەو کوڕە وا لەبرسان ئێسکە وڵاغ دەکرۆسێتەوە، دایکم گوتی: دوو نانەکەم دایە و چووە ماڵەکەی دراوسێمان، دوو نانیشی لەوێ هێناو بۆی برد، کوڕەکە نانەکەی دەخوات و دەڵێت: جامێك ئاویشم بدەنێ، ئاوەکەی دەدەنێ، ئاوەکەی دەخواتەوە، بەلادا دەکەوێ و گیانی دەردەچێت.[٢]

گرانی و قاتوقڕی ئەوەندە کاریگەری لەسەر خەڵك هەبوو، ئاکاری باش و ڕەوشتیش تێکچووبوو، خەڵك لەبرسان ناچاری گەلێك کاری ناڕەوا بوون، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی دەستکورت بوون، زۆر کەسی نەفسنزم سوودی لە لاوازی خەڵك دەبینی و جڵەوی مەرامە نەشیاوەکانی خۆی شلدەکرد، هەندێ مەئموری بەدڕەوشت فەسادیان بڵاودەکردەوە، خەڵکیش ناچاربوون، کاسبی و بازاڕ و دوکان نەبوو، هەموو کەس برسی و ڕووت و پەرێشان بوو.[٣] لەگوندی کەڵەکان کابرایەکی خواناس و بەدین و موسڵمان هەبووە ناوی (ئاڵڵا) بوو، سۆفی دەبێت، دەوڵەمەند و خوا پێداودەبێت، وا ڕێکدەکەوێت

١. حاجی ڕەسوڵ خدر، ساڵی لەدایك بوون ١٩٣٣، دانیشتوی ڕانیە، چاوپێکەوتن لە ٤-١٠-٢٠١٦.

٢. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨.

٣. تاهیر ئەحمەد حەویزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠.

ئەو ساڵە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، ژنێکیش لەو ئاوارانە بەناوی (فاتمە موهاجیر) لە گوندی (کەڵەکان) پەیدادەبێت، لە ژیان دەگەڕێت، فاتمە موهاجیر ماوەیەك بە نانەسکی ئیشوکار بۆ مام ئاڵڵا دەکات، ڕۆژێکیان فاتمە موهاجیر بە مام ئاڵڵا دەڵێت: بۆ یەکجاری مارەم ناکەی، کەسم نییە، مام ئاڵڵاش لەبەر ئەوەی لێبقەوما بوو، زۆری پێباش دەبێت، فاتمە موهاجیر خۆی مێردی هەبوو، مێردەکەی دەبینێتەوە، پێیدەڵێت: شتێکی ئاوا هەیە، دەڵێیت چی؟ تۆیش و منداڵەکانیش بەخێو دەکەم و دەتان ژیێنم، بەڵام خۆتان ئاشکرا مەکەن، مێردەکەشی لەبەر ناچاریان ڕەزامەندی دەدات. ژنەکە مێرد بەمام ئاڵڵا دەکات و دەچێتە سەر ماڵ بە یەکجاری، ژنە بەدزیەوە مێرد و دوو منداڵەکەی بەخێودەکات، تا هەرزانی پەیدا دەبێت و بارودۆخەکە دەگۆڕێت، کاتێك هەرزانی پەیدادەبێت، دەیەوێت لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی کۆببنەوە و پێکەوە بژین، فاتمە موهاجیر بەمام ئاڵڵادەڵێت: من مێردم هەیە و لەبرسان بە ناچاری مێردم بەتۆکردووە، مام ئاڵڵاش زۆر نیگەران دەبێت و دەست بەگریان دەکات و دەڵێت: ئای ماڵی دنیا ...قیامەتیشم لەدەست چوو، مام ئاڵڵا دەچێتە گوندی گەرمکان بۆ خزمەت مەلا محەمەدی دەڵگەیی گەورە و کارەساتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. مامۆستایش دەفەرموێت: هیچ لایەکتان تاوانبارنین، لەبەرئەوەی ڕۆژگار ژنەکەی زەرووری ئەم حاڵە کردووە و پیاوەکەیشی بێ خەبەرە (واتە مام ئاڵڵا).

## پاشماوەی ئاوارەکان

ئاوارەکان ژیانێکی سەخت و ناهەمواریان لەباشووری کوردستان بەسەربرد، کاتێ ساڵ گۆڕا و هەرزانی و ژیانخۆشی کەوتەوە وڵاتی، ئەوانەی لەژیاندا

مابوون، بەشێکیان گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و هەندێکیشیان نەگەڕانەوە و بەردەوامیان بەژیاندا، ئێستاش بەرەی ئەو ئاوارانە لەپشدەر و بیتوێن و شوێنانی تریش زۆر هەن، چەندان بنەماڵە ژنیان هێناوە و شوویان کردووە و نەوەیان هەیە.[١] نموونەی ئاوا لەناوچەکە زۆرن. یەکێك لەوانە لەڕانیە (حەمە عەبدوڵا) باوکی (قادری پورئامانێ) بەگەنجی لەگەڵ دایکی (زەلێخ) لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە ساڵی گرانیەکە هاتوونە ڕانیە، حەمە عەبدوڵا لەگەڵ (ئامان) خەڵکی ئێندزە، هاوسەرگیریان کردووە و خێزانیان پێکەوەناوە، قادری پورئامانێ بەرهەمی ئەو خێزانەیە.[٢] یەکێکیتر لەوانە (سەید عەوڵای گوێبەگوار)[٣] لەکاتی گرانیەکە ساڵی١٩١٦ لەگەڵ (ئامینە فەرەج) خەڵکی دیواندەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە یەکێ بووە بەهۆکاری ئاوارەیی و برسیەتی ساڵی گرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەویانکردووە، بۆ باشووری کوردستان لە (پشدەر) لە قەڵادزێ گیرساونەتەوە و لەگەڵ سەید عەوڵای گوێبەگوار چاویان بەیەکتر دەکەوێت و دوای بەیەکگەیشتن و گفتوگۆ هاوسەرگیریان کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕانیە، ئێستا نەوەکانیان لە ڕانیە نیشتەجێن.[٤]

خدر مەنگوڕ، کەلە عەشیرەتی مەنگوڕ بوون، خەڵکی گوندی سەڵوەس بووە، لەکاتی شەڕی ڕووس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەربەدەربوون بۆ باشووری کوردستان، هاتوونە پشدەر، گوندی سندۆڵان و دواتر هاتوون بۆ گوندی قەڕەگۆ لەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێك دەکات بەناوی ئەستی،

١. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

٢. مەلا سمایلی نورەدینی،گۆڤاری شمشارە، ڕانیە. ژمارە(٥٥)ی مانگی ٧ی ٢٠١٥، ل ٢٠.

٣. سەید عەولا (سەیدی گوێ بەگوار) عەرەب بووە لە هۆزی عوبێدی (کوت) بەهۆی کێشەیەکی خێڵەکی لەساڵی ١٩٠١ پەنای بۆ ڕانیە هێناوە، ئەو کات لەناو عەرەبەکان باو بووە پیاوانیش (گوارە)یان لە گوێ کردووە، لەناو کورد و لە ڕانیە ئەمە باو نەبووە بۆیە بەم ناوە ناسراوە.

٤. مەلا سمایلی نوورەدینی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە(٥٤)، ل ٤٥.

بەڵام زۆر بەیەکەوە نابن کۆچی دوایی دەکات، ئینجا دەچن بۆ گوندی بۆسکێن، دووبارە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێك دەکات بەناوی ئازیز کامەلا، لە عەشیرەتی مامەش و خەڵکی دێڵزێ و کۆنەلاجانێ بووە، ئەوانیش یەکێك بوون لەو ئاوارانەی لە ئاکامی هێرش و پەلاماری ڕووس بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربەدەربوون، بۆ باشووری کوردستان، هاتوونە دەڤەری بیتوێن و لەوێ ماونەتەوە و تەنیا یەك کوڕیان هەبووە، بەناوی محەمەد، ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێك دەکات بەناوی ئەستی ڕەسوڵ حەمە شاتر، کە لە عەشیرەتی شاترۆکان بووە لە گوندی مەمەنداوا، ئێستا نەوەکانیان کوڕانی حەمەدی عوڵای خدر مەنگوڕ (محەمەد، خدر، عومەر، عەبدوڵا) لە بۆسکێن سەر بە ڕانیە نیشتەجێن، چوار کچیشی هەبوون (ئامینە، خەدیجە، عایشە و فاتمە)، یەکێکیتر لەوانە کامەلا خەڵکی کۆنەلاجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، لەکاتی هاتنی ڕووس دەربەدەر بوون بۆ باشووری کوردستان، دواتر هاتوون بۆ گوندی بۆسکێن و ئێستا نەوەکانیان لە گوندی بۆسکێن و ڕانیە نیشتەجێن.

ئەو خدر مەنگوڕە ژنێکی ئامۆزای دەبێت ناوی خەیاڵ بوو، ئەوانیش لە دەشتی لاجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەربەدەر دەبن و لە گوندی کۆلکەڕەش و کاموسەك دەگیرسێنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی مێردی خەیاڵ مردبوو بارودۆخی ژیان و بژێویان خراپ بوو، خدر مەنگوڕی ئامۆزای لە بۆسکێنەوە عەوڵای کوڕی دەنێرێت، بیانهێنێتە لای خۆی، بەقسەی خۆی ئەوان هەرزنیان زۆر بووە، بەشی ژیانی ئەوانیشی دەکرد، وەك وەفایەك بۆ خزمایەتی، فریای خەیاڵ و منداڵەکانی کەوت، خەیاڵ کوڕێکی بەناوی ڕەسوڵ و کچێکی بەناوی مێر هەبوو، ئێستا نەوەکانیان، منداڵەکانی عوڵای

ڕەسوی پورخەیاڵ (حەسەن، عەبدولرەحمان) لەبۆسکێن و ڕانیە نیشتەجێن.[١] لەگەڵ چەندین کەس و بنەماڵەی دیکەی هاوشێوەی ئەوانە، لام وابێت ئەوەندە زانیاریە بەس بێت، بۆ ئەوەی وەك نموونەی پاشماوەی ئاوارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە ساڵی گرانی **١٩١٦.** چەندین ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆکی هەستتەزێن و سەرنجڕاکێشی لەم بابەتە تائێستاش بەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکەوە هەیە.

## کۆتایی هاتنی گرانیە

ئەو گرانیە بارودۆخێکی خراپی بەسەر وڵاتدا هێنا، هەموو کەس بە ناخۆشی و تەنگانەیەدا تێپەڕی، ئەوەی لەبرسان مرد و گیانی سپارد ئەوا ڕۆیشت و ئەوەی مایەوە، ڕۆژ بەڕۆژ هیوای ژیان زیاتردەبوو، ئەگەر گەلی کورد خۆی لە بارودۆخێکی وا لەباردانەبوو بتوانێ خۆی و میوانە ئاوارەکانی باش بەخێوبکات، ئەوا نیشتمانە خۆشەویست و کوردستانە جوان و ڕەنگینەکەی هەرگیز ڕۆڵەکانی فەرامۆش نەکردوون، لەبارودۆخی سەخت و ناهەمواردا ئاوڕی لە ڕۆڵەی خۆی و دانیشتوانەکەی داوەتەوە، ئەم جارەش دایکی نیشتمانی پڕخێر و بێر و بژوێن و زەمەند باوەشی بۆ ئەو برسی و نەدار و ڕەش و ڕووتانەکردەوە و فەرامۆشی نەکردن، ئیتر وەرزی ساڵ گۆڕا، بەهار داهات، کوردستانی بەخێروبێر، ئاوڕی لەنەتەوە برسی و لێقەوماوەکەی خۆی دایەوە، لە دەشتودەر، کاردو، کوڕادە، کەنکر، ڕێواس، دێرۆ، تۆڵەکە و ئەم جۆرە شتانە لەزەوی هاتنەدەر و بوون بە خۆراکی خەڵك، ئەو خەڵکانەی هێز و تینیان تێدابوو دەچوونە کەنگران، دەیان هێنایەوە ماڵەوە دەیانکوڵاند و دەیانخوارد، بەمەش

١. خدر حەمەد عەبدوڵا، دەستنووس، لەسەر داوای نووسەر لەلایەن کاك خدر محەمەد عەبدوڵلا نووسراوە و لەلای نووسەرپارێزراوە، دەستنووسی ژمارە(٦)، ل١-١٢.

خۆراکێکی پڕ سوودیان چنگ دەکەوت، بەهانای خەڵکەکە هات و حاڵی باشتر بوو.[١] لەو ڕۆژگارەدا مەلای گەورەی کۆیە دەیگووت:

ئەگەر لەدەستم هاتبایە دروشمی کوردم بەوێنەی (کەنگر) دەڕازاندەوە، چونکە بەهاری ساڵی و لەتەنگانە ڕزگاری کردن.[٢] ئەوەی بەشی زۆری خەڵك پەرێشان بوون لەبەر بێخوێی بوو، ژنان کەنگر و گیایان لە دەشت دەهێنا و بەبێ خوێ دەیانکوڵاند و دەیانخوارد، بەمە خەڵك بوژایەوە لە گرانی و خەڵکێکی زۆری لە مردن قوتارکرد.[٣] دواتر بەهار هات و خەڵك ئومێدی بە ژیان پەیداکردەوە، جۆ زەردبوو، ئەوەی تاقەتی تێدامابوو، دەچووە دەشت گوڵەجۆیان هەڵدەگۆفت و بەپووش و قەڵداسووەوە دەیانخوارد، هەندێك هەر لەوێ دەمردن، هەندێکیش لەپاشان دەمردن.[٤]

سەلام ئەحمەد عوسمان دەڵێت: گوێم لەنەنکم (فاتمە) بووە، دەیگێڕایەوە، دەیوت: عوسمانی مێردم لەنزیك ماڵمان بەگاجووت جۆی چاندبوو، لە وەرزی بەهاردا کاتێ جۆیەکە گوڵی گرت و فەریك بوو، خەڵکی برسی شەوانە دەچوونە ناو جۆیەکە، فەریکە جۆیاندەخوارد، ئەوانەی زۆریان خواردبا زۆربەیان دەمردن، ڕۆژێك دەمە و بەیانی بوو، عوسمانی مێردم چووە ناو جۆیەکە و بەخێرایی بەچاوی پڕ لە گریان گەڕایەوە ماڵ و گوتی: لەنێو جۆیەکەماندا شەش کەس مردوون، لەو کاتەدا عوسمان چووە شوێنێکی بەرز لەنێو ئاوایی و بانگی خەڵکی ئاوایی کرد، ئەوانەی خاوەن ئاژەڵ و دەغڵودان بوون، ئەوانەی هێشتا برسیەتی تەنگی پێ

---

١. عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە، هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

٢. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

٣. مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

٤. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

هەڵنەچنی بوون، بۆ ئەوەی بێن ئەو مردووانە بشارنەوە، دوای کەمێك کۆمەڵێك پیاوی ئاوایی هاتن و ئێمەش لەماڵی خۆمان تێر خواردنمان کردن، مردووەکانیان لە گۆڕستان بەخاك سپاردن. هەروەها دەیگوت: هەر کەسێکت لەناو جۆیەکە بینی بەمەبەستی خواردنی گوڵەجۆ دەری مەکە، با تێر بخوات، دەرگاکانیش دامەخە با برسیەکان بچنە ژووریَ نان بخۆن، ڕۆژێك بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە کاتێك چوومە ژوورەوە سەیرم کرد، سیَ کەس لەدەوری سەرتریانی نان مردوون، تومەز زۆریان خواردبوو، چوومە دەرەوە لەناو جۆیەکەش دوو کەس مردبوون، دواتر عوسمان چەند کەسێکی تێگەیاند و بەخاکیان سپاردن. [1]

دواتر وردە وردە بارودۆخی خەڵك ئاسایی بووەوە و خەڵك لەتەنگانە ڕزگاریان بوو، ئەگەرچی دوای چەند ساڵێکیش کاریگەری و شوێنەواری جەنگ و ئەو بارودۆخە نالەبارە بەسەر خەڵك و ناوچەکەوە کاریگەری خۆی بەجێهێشتبوو. بەم شێوەیە نەتەوەی کورد لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا، کە لای کورد بە (سەفەربەر) ناسراوە، وڵاتەکەی کرابوو بە کۆڕی شەڕی نێوان تورك و ڕووس و ئینگلیز، لەو شەڕەدا کورد زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی لێکەوت، وڵاتەکەی کاولکرا و بەدەیان هەزاری لە کۆڕی شەڕەکاندا کوژراو و برسێتی و قاتوقڕی ژمارەیەکی زۆری لەناوبردبوو، نەتەوەی کورد لەناو وڵاتی عوسمانیدا، زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر تووشی زیان و ماڵکاولی بوو.[2] مخابن ئێمە نەمانتوانی ئاماری مردن و تێداچووانی دانیشتوان لەجەنگ و بەهۆی ئەو گرانی و قاتوقڕیەوە دەست بخەین، کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

١. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩-١٤٨

٢. محمد رسول هاوار، هەمان سەرچاوە، ل٥٤٦.

## کۆتایی هاتنی جەنگ

لەگەڵ هەموو نەهامەتی و کارەساتەکانی شەڕە گەورەکەی یەکەم بڕایەوە، دوای ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵدا نزیکەی سێیەکی شەڕکەرەکان بەوێنەی بەفری بەرهەتاو توانەوە و لەناوچوون، بەڵێ لەدوای ئەوە بەوێنەی نەخۆشی "تاعون" و "ڕشانەوە" لەهەموو کاتێکی ئەم شەڕەناموبارەکەدا هەزاران لاوی جوان و تازە پێگەیشتوو لەناوچوون، ئەوەندە ڕۆڵەی شیرین لەم سەر زەمینەدا بەتۆپ و فڕۆکە و تفەنگ واتە بەبەری شارستانیەتی و یان بەری زانستی و فەن کوژران و ئەنجن ئەنجن کران، نایەتە ژماردن، ئەمە جگە لەوانەی نران بەنیشانەوە و تیرباران کران یا کران بەدارا، لەفڕۆکە کەوتنە خوارەوە، لەئاگردا سوتان، یا لە ئاوی زەریاکاندا خنکان، ئەوانەش بەهۆی ئەم شەڕە ناخێرەوە لەدەوری قاتوقڕی لەبرسا یا لەبەر بێدەرمانی و بێدەسەڵاتی بەنەخۆشی مردن بخرێنە حیسابەوە، ژمارەی فەوتاوەکان و لەناوچووەکان دەکاتە "**١٣٤**" ملیۆن، ئینجا بەم جۆرە شەڕە گەورەیە دوای ئەوەی کەماڵ نەما شینی تێنەخات، دوای ئەوەی شاران و ئاوەدانی وەرگێڕا بە وێرانە، شاهانی کردبەگەدا، بەڵێ دوای ئەمە دونیای کرد بەدۆزەخێکی بێبن، ماوەی پێنج ساڵ ئاگری ئەم دۆزەخەی بە "ئێسك"ی بنیادەم خۆشکردووە، بۆ دەهرێك بەبێخی ئادەمیزادا چووە خوارەوە، لەسەر زەمین گۆڕستانێکی بێسنووری هێنایە ناو، بەم چەشنە بەڵگەیەکی گەورەی دایەدەست ئەوانەی لە ڕاستی و سەرە و خێری شارستانیەتی چەرخی بیستەم بەگومان بوون.[1]

زانای گەورەی کورد محەمەدئەمین زەکی بەگ، لەو کاتەدا خۆی یەکێ بووە لە ئەفسەرانی دەوڵەتی عوسمانی بەدرێژی باسی زیانەکانی کورد دەکات

---

١. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

لەئاکامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، دەڵێت: نەتەوەی کورد لەشەڕی گەورەدا تووشی زیانێکی ماڵی و گیانی زۆر و بێژماربوو، لەوانەیە زیانی گیانی نزیکەی نیو ملیۆن بێت.[١] بەم جۆرە دوای ماڵوێرانی و کاولکاری و لەناوچوونی بەشێکی زۆری بەرەی ئادەمیزاد، لە ڕێکەوتێکی سەرنجڕاکێش وەك ئەنجامی شەڕەکە، جەنگی یەکەمی جیهانی لە کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١١ی مانگی ١١ی ساڵی ١٩١٨ بڕیاری شەڕ وەستاندن درا و شەڕ کۆتاییهات.[٢]

دوای هەموو ئەمانە، ئینجا دەوڵەتە سوێندخۆرەکان لە "وەرسایل" وە لە مێژووی ١١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ دا "شەرتەکانی ئاشتی" یان ئیمزاکرد و دنیا هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشا.[٣] ئەڵمانی نازی و دەوڵەتی عوسمانی و لایەنگرانیان لە شەڕەکە دۆڕان، و هاوپەیمانەکان سەرکەوتن، بەمەش خۆشی و ئارامی و ئاوەدانی جارێکی تر بۆ وڵات گەڕایەوە. (مس بێڵ) لەو نامانەی بۆ دایکی ناردووە لەنامەیەکدا لە ٣١ی ئابی ١٩١٨ دەنووسێت: ڕووس بەشێوەیەك کوردستانی وێران کردووە ناچێتە ئەقڵەوە، زستانی ڕابردوو هێندە کاریگەری داگیرکردنی ڕووسی بەسەرەوەیە بەقەدەر هەر وڵاتێکە تووشی وێرانکاری جەنگ بووبێت، هەندێ شوێن پێنجیەکی دانیشتوانی لەبرسان مردن، چونکە سەرجەمی بەروبومیان دەستی بەسەرداگیراوە و زۆربەی گوندەکانیان وێرانکراوە، ئەو ناوچانەش ئێمە توانیومانە دەستی بەسەردابگرین خواردنمان داوە بەخەڵکەکەیان و ئاسایشمان بۆ گێڕاونەتەوە، لە کوردستان هەژار و دەوڵەمەند هەموویان بەپەرۆشن بۆ ئێمە و ئاواتەخوازن ئێمە وڵاتەکەیان بەڕێوەببەین.[٤]

١. محەمەدئەمین زەکی بەگ، هەمان سەرچاوە، ل ١٨٨.

٢. 23-8-2014.www.xendan.org

٣. ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٤. مس بێڵ، کورد لەنامەکانی مس بێڵ دا، و: محەمەد حەمە صالح تۆفیق، کوردستانی نوێ، لە ٩-١١-٢٠١٥، ژمارەی ٦٨١٦، ل ١٣.

دواتر بەرەبەرە دۆخەکە باشتر بوو خەڵك لەدەست گرانی و نەبوونی و قاتوقڕی ڕزگاری بوو، کەوتەوە ژیانی ئاسایی.

## قوربانیەکانی جەنگەکە

هەندێك دەڵێن: لەجەنگی جیهانی یەکەمدا زیاد لە ٧٠ ملیۆن سەرباز کۆکرایەوە بۆ ئەو جەنگە و ٩ ملیۆن جەنگاوەر کوژران، لەکاتێکدا ٧ ملیۆن کەسی مەدەنیش گیانیان لە دەستدا، بەڵام بەپێی "ستاتستیك"ی "حصبە الامم" لەشەڕی گەورەی یەکەمی جیهانیدا ١٣ ملیۆن کەس بەشەڕ و ١٨ ملیۆن کەسیش بەهۆی شەڕەوە لەناوچوون، هەندێ "ستاتستیك"ی تریش ژمارەی فەوتاوەکان ئەگەیەننە ٣٤ ملیۆن .

جەنگەکە بووە هۆی زیانێکی زۆری جەستەیی و دەروونی، کە پێشتر لە مێژوودا رووینەداوە، لەگەڵ چەندین زیانی گەورەی ماڵی بەتایبەتی ئەو ناوچانەی شەڕ تێیاندا روویدا و چەندین کێڵگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و هەزارەها ماڵوێرانکران، سەرەرای لە دەستدانی چەندین کارگەی پیشەسازی و کانە خەڵوزییەکان.

## لە گرنگترین ئەو روداوانەی روویاندا

جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی رووخاندنی چوار ئیمپراتۆری گەورە، ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی، ئەڵمانی، رووسی و نەمسایی مەجەریی).

لە دوای جەنگەکە هەر یەك لە وڵاتانی (فینلەندا، لیتوانیا، ئەسترنیا و هۆڵەندا) توانیان دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنن.

## لە سەیرترین ڕووداوەکانی جەنگەکە

جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتاییەکەشی وەك خۆی سەرنجڕاکێش بوو، لە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ی مانگی ١١ی ساڵی ١٩١٨ بڕیاری شەڕ وەستاندن درا و شەڕ کۆتاییهات.

لەکاتی جەنگەکە سەربازێکی بەریتانی ڕێگەیدا سەربازێکی ئەڵمانی هەڵبێت، ئەویش "ئەدۆلف هیتلەر" بوو، کە دوایی بووە پێشەوای نازییەکان و دواتریش دیکتاتۆری ئەڵمانیا، کە ملیۆنان کەسی کوشت.

کۆترێك توانی ژیانی ١٩٤ پیاو رزگاربکات، پاش ئەوەی نامەیەکی پێگەیاندن سەبارەت بە مەترسی ئەو شوێنەی لێیبوون، لەکاتێکدا کۆترەکە بریندابوو، هەروەها قاچێك و چاوێکیشی لە دەستدابوو.

پیاوێك بەهۆی گولەیەکەوە، کە بەر سەری کەوتبوو، هەرگیز خەوی لێنەکەوت تا ئەو کاتەی گیانی لەدەستدا.

## ئەوانەی لە جەنگ سودمەندبوون

سودمەندی یەکەم لە جەنگ ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، لەبەر ئەوەی بووە قەرزدەری یەکەم بە وڵاتانی تر، زۆرترین پێداویستی لێدەکڕدرا، لەکاتی شەڕەکە و دوای کۆتای هاتنیشی.

## ئەنجامی جەنگەکە

ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەوە بوو ئیمبراتۆریەتەکانی رووسیا و ئەڵمانیا و نەمسا – هەنگاریا و عوسمانی کۆتاییان هات و وڵاتەکانی بەریتانیا

و فەرەنسا و ئەمریکا و ئیتاڵیا بەهێزبوون، دواتر لەکۆنگرەی پاریس بۆ ئاشتی لەساڵی **١٩١٩** مەرجەکانی خۆیان سەپاند و "کۆمەڵەی نەتەوەکان"یان پێکهێنا، بەئامانجی ڕێگاگرتن لەهەڵگیرسانی جەنگێکیتر، بەڵام بەچەند هۆکارێك شکستی هێناو لەوانەش ئەو مەرجە قورسانەی، کە بەسەر ئەڵمانیادا سەپێنران، کە بووە هۆی ئەوەی نازییەکان لەو وڵاتە بێنە سەر حکوم و جەنگی دووەمی جیهانی دروست بکەن.

جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێوەیەك ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕی، تائێستاش کاریگەری هەیە، لەساڵی ١٩١٤دا "گۆڤاری ماکلین"ی کەنەدی لەمانشێتی سەرەکیدا نوسی "هەندێك جەنگ خۆیان ناودەنێن، ئەمەیە جەنگی مەزن"

کوردستانی گەورە، کە لەدوای شەڕی چاڵدیرانی نێوانی دەوڵەتی سەفەی و عوسمانی لەنێوان خۆیاندا بەشیانکردبوو، لەئەنجامی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان پارچەپارچە و کوتکوتکراو هەر کوتەی بەر یەکێك کەوت، لە نێوان: تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و بەشێکیشی بەر سۆڤیەت کەوت، تا ئەو ڕۆژە نەهامەتیبەکانی کورد چەند بوون، چەندان هێندەی تر زیادی کرد و لەو ڕۆژەوە دوژمنەکانی سڵیان نەکردۆتەوە، لە دەربەدەرکردن و کوشتن و بڕین و پەت و سێدارە و کۆمەڵکوژی و کیمیاباران کردن و سوتاندنی خاکەکەی ...هتد، لەکاتێکدا هەزاران ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و مەنی و مافی مرۆڤ و ئیسلامی لە جیهاندا هەن و بە بەرچاوی ئەوانەوە ئەم زوڵم و چەوسانەوەیە لەسەر کورد دەکرێت و بەردەوامە، کەچی ئەوان لەئاست ئەو زوڵم و چەوسانەوەیە کوێروکەڕن، بەداخەوە نەتەوەی کورد سەرەڕای خەبات و تێکۆشانی بێوچان و نەبڕاوە، بەمافەکانی خۆی نەگەویشتووە و یەکێکە لەو نەتەوە گەورانەی تائێستاش بێدەوڵەتە.

لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی کورد بە ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانێ و بەسەر بەرزی لەخاکی خۆی دەژی بەرەو ڕووی هەر داگیرکارێك دەبێتەوە، بەچاوی تەماع و داگیرکاری خاکەکەی داگیر بکات، بەم شێوەیە تێکۆشەرانی کورد ناوی خۆیان و ناوچەکەیان بەسەر بەرزی و نەمری لەلاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکرد و نەوەکانی دوای خۆیان ئەو خەبات و تێکۆشانە لەبیرناکەن و ڕێزی لێدەگرن.

بێگومان (شەڕی عرووسان) شوێنی گەورە و یادەوەری تاڵی لەهەستی خەڵکی کوردستان و ئەم دەڤەرەدا بەجێهێشتووە، لە ئەنجامی گرانی و برسیەتی و ڕەشبگیری سەربازی تورکی (سەفەربەلك)، لە سەربووردە و چیرۆکی ڕۆژانە و ڕووداوە تاڵەکانی لە دیوەخان و شەوانی زستان و بەرومەجلیسی ئەو پیرەمێردانە گرتبووەخۆ، لەم چەند ساڵەی دواییدا لەبەر پیری مردن و زۆرێك لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانیان لەناو سنگیاندا بەنهێنی بردە ژێرگڵ، بەشێکیشی دەماودەم بۆ نەوەکانیان بەجێ هێشت و تائێستاش باسی دەکرێت. ئەمە کاری ئەم نووسینە نییە و بەهیوام فۆلکلۆریست و شارەزایانی ئەو بوارە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بکەن. ڕووداو بەسەرهاتە تاڵ و خوێناویەکانی شەڕی عرووسان ئەوەندە کارەساتبار و مەینەتباربوون، بەیتبێژ و شاعیرانی هەست ناسك و خەمخۆری نەتەوەکەمان، گەلێ لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیان تێکەڵ بە بەیت و هۆنراوەکانیان کردووە و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێهێشتوون.

ئەم شعرە یەکجار بەرزەی شاعیری بێچاو (مەلا حەمدون) لە چاوساغێك شارەزایانەتر باسی ئەو کاتە و شەڕی یەکەمی جیهانی کردووە، وەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی باسی کردووە، مەلا حەمدون ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبوڵ ژیاوە و لە قاوەخانەی یان چایخانەی بەغداد لە (سرکەچی) بەزۆری وەختی

خۆی بەسەربردووە، لەوێ ڕێکەوتی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ کردووە و هەواڵی شەڕی (سەفەربەلك)ی لێ بیستوون و ئەم شعرە بەرزەی بۆ نەهامەتیەکانی ئەو ڕۆژگارە داناوە:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە
هەر کەس بەجەخارێ جگەری قیمە کراوە
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عمومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە
وەك تەرزە ئەبارێ بەهەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بەتاوە
ئەم وەزعە کەناوی بە (سەفەربەر) ئەبەن ئەمڕۆ
فەرمانی بەخوێن ڕشتنی ئەم عالەمەی داوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە، هەر کەس بەسیاقێ
کەوتۆتە کەشاکەش بەقوماندەی ئومەراوە
(ژەندرمە) ئەسوڕێتەوە وەك واشەی برسی
بۆ لاشەیی میللەت بەفڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە کەر و ئێستر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نیە هەتا لەبەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر

ئەم عرصەیی ئافاتە دەڵێی حەلقەیی داوە
نێك و بەدی ئەم عالەمی ئیسلامە بەجارێ
کەوتونەتە ژێر حەلقەیی زنجیری بەڵاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و مصیبەت
مێشوولە مەجالی نیە بفڕێ بەحەواوە
ئەم ڤاڵی سەفاکی (سەفەربەرلکە) ئیمڕۆ
نامەی فەرەحی داوە بەدەم بادی صباوە
تەیارە بەئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مرکزی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە بزووتن
عالەم لەنەزەریا هەرئەڵێی پۆڕی خوراوە
ئەم جووتە بەڵازادەیی باڵندەیە ئیمڕۆ
سیارە بەسەیالەی بەرقی بەهەواوە
برق و غەزەبی دانەیی نارنجەك و بۆمبا
ئاگر دەپڕژێنێ بەزەمیندا لە سەماوە
شەو و ڕۆژ لەبەر برقی قلیج و ڕم و سونگی
لەمعە قەسەتۆرە بەدەلی عەکسی هەتاوە
لەو ڕۆژەوە دنیا هەیە تا ئەم دەمە بێشك
مەغلۆبەیی بەم غایەتە نەبووە و نەکراوە
بنچینەیی دەرکەوتووە ئاساری شەریعەت

یەکسەر هەرەسی بردوە ئانێکی نەماوە

ئەم دینە لەپێشدا وەکو زەمزەم بوو بەڕوونی

هیچ غەشی نەبووە، ئێستە دەڵێی لێڵی قوڕاوە

یارەبی لەبەر خاتری پێغەمبەرەکەی خۆت

ڕەحمێ بکە بەم کۆمەڵی ئیسلامە کەماوە

لەتلەت بووە بەم چەکوشە سەعاتی دڵی عالەم

ڕەقاص و جەڕ و زەمبەلەك و چەرخی سواوە

(حمدی) دڵی یەخسیری فەڕەنگی خەمە ئیمڕۆ

بەربوونی بەبەربوونی گەرووی (بصره) و (فاو)ە

# بەشی پێنجەم

# قەزای ڕانیە لە سەردەمی کارگێڕی عوسمانیدا

## ڕانیە لەڕووی کارگێڕییەوە

شاری ڕانیە ناوەندی قەزای ڕانیەیە. ئەم هەرێمە نزیکەی (١٣٠کم) لەسلێمانیەوە دوورە و دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرئاوای سلێمانیەوە، لەباکوورەوە زنجیرە چیای کێوەڕەش، لە خۆرهەڵاتەوە چیای ئاسۆس، لەباشوورەوە چیای کۆسرەت، لە خۆرئاواوە زنجیرە چیای کارۆخ و ماکۆك،کە سنووری ئیدارەی ڕەواندز و خەلیفان پێکدێنێ. ڕانیە دەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی دەشتی بەپیت و بەرەکەتی بیتوێن، بەدووری دوو مایل لە دامێن شاخی کێوەرەش، شاری ڕانیە لەسەر گردێکی شوێنەواری کۆن بنیاتنراوە.

ڕانیە شارێکی کۆنە، لە زۆر کۆنەوە ئاوەدانی زۆری لێ بووە، بەتایبەتی لەبناری کێوەڕەش، چەند ڕیزە خانوو هەبووە بەبناری چیای کێوەڕەشەوە ئاوەدانی هەبووە، هەر لەدەربەندەوە هەتا لوتکەی کوڕاشەڵ (کۆڕاشاڵ) شوێنەواریان ئێستاش ماوە، هەتا پەیدابوونی بلدۆزەر و شۆفڵ بەئاشکرا زۆر دیاربوون، بەڵام لەبەر گوێ پێنەدان و نەپاراستنی لەلایەن خەڵك و ڕژێمە کاربەدەستەکانیش، ئەو شوێنەوارانە

ساڵ بەساڵ لەناوچوون، وێرانکراون، خەڵك بۆ دیواری تەلار و خانوو دروستکردن، دیواری قەڵا و کاولە خانووەکانیان ڕووخاندوون و بەردەکانیان بردوون.[١]

ئەگەرچی ڕانیە بەپێی پاشماوە شوێنەوارییەکانی لەسەردەمانی دێریندا مەڵبەندێکی گرنگی شارستانی بووە، وەك مامۆستا عبدالرقیب یوسف دەفەرموێ: "کەوتۆتە ناوچەیەکی شارستانیەتی کۆنی گرنگ، کە دەشتی بیتوێنە، سەبارەت بەشاری ڕانیە زانیاری ورد لەبەردەست نییە، ئەوەی زۆر گرنگە لەسەر ڕانیە قەڵاتەکەیەتی، دەتوانین مێژووی ڕانیەی لێبخوێنینەوە، ئەو کاتەی بەشێك لە گردەکە بڕدرا بۆ مزگەوتەکە، من هەشت چینی (سوکنایی) مرۆڤم تێدابینی، بەچاوی خۆم بەپێی زانیارییەکان لە (٦٠٠٠) هەزار ساڵ کەمتر نییە، کە بەلای منەوە لەوەش زیاترە[٢]، تا چەند سەدەیەك لەمەوبەر ئاوەدانترین ئاوەدانی دەشتی بیتوێن بووە، بەڵام بەرفراوانی ئاوەدانی شاری ڕانیە تەمەنی ناگاتە سەدەیەك، بەبەردەوامی لەڕووداوە سیاسیەکانی چوار پێنج سەدە هاتووە، بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی ٥ بۆ ١٥ی زایینی ناوی ڕانیە و ڕۆڵی ڕانیە لەناو ڕووداوە سیاسیەکان دیارنییە، ئەمەش لەدوو ئەگەر بەدەرنییە،یان ئەوەتا بەڕاستی لەوماوە دوور و درێژەی بەشی زۆری فەرمانڕەوایەتی ئەمەوی و عەباسی و ماوەی شاڵاوی مەغۆل و دواتر، ڕۆڵی نەبووە و ناوی بەزەقی نەهاتۆتە ناو ڕووداوە سیاسی و ژیارییەکانی ئەو سەردەمە، یان ئەوەتا هەوڵ و کۆششی زیاتری دەوێت و مەرج نییە بێئاکام بوونی ئێمە نەبوونی ئەو ڕۆڵە بگەیەنێ، هی دوومیشیان بەراستر دەزانین، چونکە لەو ماوەیەدا دەیان بەسەرهاتی زەق لە هەرێمەکانی شارەزوور

١. کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، ل ٩.

٢. ڕەسوڵ بۆسکێنی، شوێنەوارەکانی بیتوێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٨، ل٦٩.

و باشووری ڕۆژئاوای ئازەربایجان هەبوو، ڕانیە خاڵی نیمچە سنووری ئەو دوو هەرێمە مێژووییەیە، هەروەها مێژووی ئارامی و گەشەسەندنی فەرهەنگی و ژیاری هەبووە.

گەر خۆنەبەستینەوە بە خودی شاری ڕانیە، دەشتی بیتوێن و ناوچەکە بەگشتی سەیر بکەین، ئەوە هەرگیز ناگونجێ پانتاییەکی وا بەپیت و سەرەڕێی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و موسڵ و بەغدا و لەلایەکی تر میراتگری شارستانیەتی وادێرین و بە بەها دەوری مێژوویی خۆی لەدەستدابێ.[١] بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە سەرنجتان بۆ ڕای لیژنەی هەڵکۆڵین و شوێنەواری دانیمارکی،کە لە ساڵی (٢٠١١- ٢٠١٣) کنە و پشکنینی لە گردی شمشارە کردووە و ئاماژەی ئەوەی داوە، بەپێی پاشماوە شوێنەوارییەکان شمشارە، کە ئێستا کەوتۆتە ژێر ئاوی بەنداوی دوکان، لەسەدەی چواردە ئاوەدان بووە و لەژێر هێرشی وێرانکاری مەغۆلەکان لەلایەن (تەیموری لەنگ)دا وێران کراوە.

دڵخۆشکەریەکیتر هەیە، هیوامان لەبەردەم دەنێتەوە، بۆ ئەو قۆناغەی باسمان کردووە، ئەویش سەرەتای قۆناغی دوای خۆیەتی، (لۆنگریك) باس لە چوار سەدەی مێژوویی سیاسی عیراق دەکات، چونکە ڕووداوەکانی کوردستان خاسیەتی خۆیان هەیە، لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عیراق لەویش هەست بە جۆرێك دابران دەکرێ، بەڵام (لۆنگریك) لەسەر ڕێڕەوی سیاسی بەریتانی هەوڵی داوە، مێژووی عیراق (هەرسێ ویلایەت) بە یەکگرتوویی بخاتەڕوو، لەباسی ڕووداوەکانی ساڵی (١٥٣٤ز) بۆ (١٦٢٠ز) بەم شێوەیە ناوی ڕانیە دێنێ، ( فیمایختص بزاخو و دهوك و عقره و ڕانیه و حریر و غیرها ، ففی کل واد و فی کل قریه جبلیه کانت ئیران حرب تعیش و الانقسام تشتعل بالاطماع

١. کامەران بابان زادە، هەمان سەرچاوە، ل ١٠.

الانانیه....) واتە: ئەوە تایبەت بە زاخۆ و دهۆك و ئاكری و ڕانیە و هەریر و شارەكانی تر، ئەوە لە هەموو دۆڵ و گوندێكی شاخاوی ئاگری ناكۆكی و پەرتەوازەیی بەهۆی تەماعكاری و خۆپەرستیەوە گەرمە.

ئیتر ڕانیە لێرەوە دێتەوە ناو گەمەی ڕووداوەكانی سەدەی (١٦، ١٧، ١٨، ١٩) لە باسی ڕووداوەكانی سەدەی (١٧) باس لە دهۆك و ئاكرێ و زاخۆ و ڕانیە دەكرێ، سەر بە بەگ و سەردارەكانی دراوسێی خۆیانن، ئامێدی و ڕەواندز و مەرگە ( دواتر قەڵا چوالان) ئەو سەردەمە مەڵبەندی میرایەتی سەربەخۆ بوون، دەگونجێ مەبەستی ئەوەبێ ئەم شارانە بەپێی نزیكی سەر بە میرنشینەكانی نزیك خۆیان بوون.

لەهاوینی ساڵی (١٩٣٠) نووسەر و مێژووناسی بەرگەز كورد (عەلی سەیدۆ گەورانی) لە ئوردنەوە هاتووە و سەردانێكی دوور و درێژی باشووری كوردستانی كردووە، لەباسی ڕانیەدا دەڵێت: "... گردێكی كۆنی تێدایە، كاتی خۆی هەڵیان بەستووە، ئێستا خانووی چین چین بەسەرییەوە دروست كراوە، بەدەستووری قەڵای هەولێر."[١]

ڕانیە لەسەردەمی ئیبراهیم پاشای بابان سەر بە میرنشینی بابان بووە، لەسەردەمی مستەفا بەگی باوكی میر محەمەدی ڕەواندز لەسەر قەڵەمرەوی سۆران بووە، و تا كەوتنی میرنشینی سۆران لە ساڵی ١٨٣٦زایینی، بابانیش هەستانەوەیەكی وای بەخۆوە نەدی، لە ساڵی ١٨٥١ ئەویش ڕووخا، ئیتر حوكمی میرنشینە كوردییەكان كۆتایی هات، هەموو كوردستان بەناوەندی دەوڵەتی عوسمانی (ئەستەمبوڵ)ەوە بەسترایەوە، ساڵانی دواتر وەكو هەموو دەڤەرەكە بەرشاڵاوی گرانیەكی سەخت كەوت.

١. كامەران بابان زادە، هەمان سەرچاوە، ل ٩.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بەدواوە، خاڵی وەرچەرخانە بۆ هاتنە گۆڕی ناوەوەی ناوی ڕانیە بۆ سەرشانۆی ڕووداوەکان، لێرەوە کەرەستەی باش لەبەردەستدان قسەی لەسەر بکرێ، چونکە لەڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، ژمارەیەك لە سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان و بەڵگەنامە ئیدارییەکان و هەگبەی پیاوە بەساڵاچووەکان، کەرەستە و دەستهاویژی باش هەیە، سەرەڕای ئەوەش نووسینەکانی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرانی بەریتانی، بەشێوەی یاداشتیان سەرچاوە، باسی ڕانیەیان خستۆتە سەر باسان، وەکو: (هەی، میجەر سۆن، ئەدمۆندس، کاپتن لاین و ی. ف. میرسین) و ...هتد.

. تا کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنی بەریتانیا، ڕانیە سنجاقێك بوو لە ویلایەتی موسڵ، دوا قائیمقامی سەردەمی عوسمانی (خالص) کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر، خەڵکی کەرکوك و لەبنەماڵەی تاڵەبانیەکان، کە شکۆیەکی باشیان هەیە،کاتێ ئینگلیز عیراقییان داگیرکرد و ناوچەی ڕانیەیان گرت، خالس قایمقامی تورك بوو لەڕانیە.[١] بەڵام لەکاتی دەسەڵاتی حکومەتی شێخ مەحمود لەساڵی ١٩١٨ خالس لە قائیمقامی لادراو (شێخ ئەمین)ی سندۆڵان کرا بەقائیمقامی قەزای ڕانیە.

کاپتن (لاین) دەڵێت: ڕانیە قەزا کۆنەکەی (کوکس) کەدواتر (سی. جی. ئەدمۆندس) شوێنی ئەوی گرتەوە، ئەم قەزایە دوورترین قەزای سلێمانیە، ماوەیەك لەولای پردەکەی سەر ڕووباری زێی بچووك، دەکەوێتە نێوان قەزای کۆیە و هەولێر و سنووری ئێران، تەنیا دەتوانی بەسواری بارگیر بیگەیتێ، ڕێگای باش و ئۆتۆمبیلی نییە، لەمانگی تەموزی ١٩٢٢ ڕانیە لەپاش ڕەواندز ئامانجێکی دیکەی تورکە ئاژاوەچیەکان بوو.[٢]

١. دبلیو ئار هەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

٢. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٥.

## دەربارەی ڕانیە (ئیدمۆندس) دەڵێت:

گوندی ڕانیە لەیەك مایلی ژێر كێوەڕەش هەڵكەوتووە و بەشێكی بەبناری تەپۆلكەیەكی تورەكەڕێژەوە سازكراوە و بەشەكەی تریشی لەدەشتێكی ساف و ڕێكدایە و ئەوكاتە نزیك بەشەست بنەماڵەی نفووس هەبوو. هەرچەندە بازارێكی دە دوازدە دوكانی و مزگەوت وكانیەكی پڕئاوی هەبوو، ئاوی كانیەكەی دەچووە نێو حەوزێكی بەردین لەژێرسێبەری چنارە پڕ لق و پۆپەكانەوە، دیمەنێكی جوانی پێكهێنابوو. بەڵام جێیەكی خۆش و دڵگیرنەبوو، ئاوی كانیەكە لەكۆتایی هاویندا وشك دەبوو[1]،هەموو شوێنێكی ڕانیە ئاوە و چەند زەلكاوی حكومەتیشی لێ بوو. كە ساڵانە بە ئیجارەیان دەدان و بۆ چاندنی برنج سوودی باشی هەبوو، ژمارەیەكی زۆر هەوڵی ئیجارەكردنیان دەدا. لە ئاكامی چاندنی برنج (مەرەزە) لەوجێیە، ئاو بەشێكی زۆری دەشتی بیتوێنی داگرتبوو، هەوا گەرم و پڕ لەمەلاریابوو. لە چوار مایلی باكووری ڕۆژئاوا، بەرلەوەی ڕووباری شاور بگاتە ناودەشتەكە، گوندی "سەركەپكان"ی ئاكۆیان بەرۆخی ڕووبارەكەوەبوو. لەمانگی مایسدا. هەوا فێنك بوو بەڕای من، بۆ ناوەند گەلێك لە ڕانیە و دەربەند باشتر بوو.[2] شایانی باسە لەبەڵگەنامەیەكی ئەرشیفی عوسمانیشدا هەمان ئاماژە دراوە، كە لە: "مێژووی ١٣ كانوونی دووەم ١٣٢٩ ڕۆمی ژمارە ١٨٥٤ وەڵامی نووسراوی عالیە، لە ویلایەتی موسڵ مەركەزی قەزای ڕانیە بۆ خاڵی سەركەپكان بگوازرێتەوە.[3] بەڵام وا

١. كۆیرەكانی: كەوتۆتە ناو حەوشی مزگەوتی گەورەی ڕانیە، هاوینان ئاوەكەی وشك دەبێ و سەرەتای زستان دەژیەتەوە و ئاوەكەی دووبارە دەست پێ دەكاتەوە لەبەرئەوە پێی دەوترێت كۆیرەكانی.

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٨.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، ڕانیە لە بەڵگەنامەكانی عوسمانیدا، ١٢٩٢-١٣٣٨كۆچی/ ١٨٧٥-١٩٢٩زایینی، وەرگێڕانی لە زمانی عوسمانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی حەوتەم، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی زانكۆی جیهان – خانەی بەڵگەكان، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٢٦٠.

دیارە ئەوە تەنیا پێشنیارێك بووە، چونکە هیچ بەڵگەنامەیەك باسی نەکردووە و ئاماژەی ئەوە ناکات کارەکە ئەنجام درابێت.

لەنێوان قەزاکاندا کە ساڵی (١٩١٨) ببوون بە بەشێك لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود، دوای ساڵی (١٩١٩) ڕانیە لەڕۆژئاوای پشدەر لەگەڵ پارێزگای سلێمانی مایەوە. بەرپرسیارێتی هەرکام لەم قەزایانە جیا لە پشدەر بەجێگرێکی حاکمی سیاسی ئینگلیز بوو. پشدەر لەژێر چاودێری گشتی جێگری حاکمی سیاسی ڕانیەدا بوو، قایمقامێك بەسەری ڕادەگەیشت: بابەکری سەلیم ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر، قایمقامی پشدەر بوو. ئەو پیاوێکی زۆر لێهاتوو و لێوەشاوە بوو.[١]

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەکاتی دارِشتنەوەی پەیکەری کارگێڕی ویلایەتی موسڵ لە ساڵی١٨٧٩زایینی کەرکوك، وەك ئەیالەتێکی سەر بە ویلایەتی موسڵ ناسێنرا، ڕانیەش ناوی قەزا (سنجاق)، و سەر بە کەرکوك بوو، پێشتر بەهۆی نیمچە سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکانی کوردستانی باشوور (بابان،سۆران، بادینان) پێکهاتەی ویلایەتی موسڵ هەر ڕەمزی بووە، پەیکەری ئیداری دابەزیوەتە شار و شارۆچکە و گوندەکان، سنووری هەردوو ناوەندی کەرکوك و سلیمانی لەدوکانەوە زێی بچوك لێکی جیا دەکردەوە، بازیان و هەڵەبجە و شارەزوور و مەرگە سەر بەناوەندی سلیمانی بوون، دابڕانی هەردوو بەری بیتوێن بەهۆی زێی بچووك بە تەنیا دابەش کردنێکی ئاسایی و جوگرافی نەبووە، ڕانیە سەر بە کەرکوك بە بەری ڕۆژئاوای دەشتی بیتوێنەوە، بەهەردوو ناحیەی ناودەشت و چنارانەوە. مەرگە بەشی ڕۆژهەڵاتی زێی بچووك بە پشدەرەوە سەر بەسلێمانی بووە.

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

ڕانیە لەسەدەی نۆزدە سەر بە کەرکوك بووە و دواتر خراوەتە سەر سلێمانی تا ساڵی ١٩٢٥زایینی، لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی عیراق و یاسای پارێزگاکان بەفێڵ و هاندانی (کاپتن لاین) بۆ لاوازکردنی لایەنی شۆڕشگێڕی سلێمانی، گوایە بەهۆی بەش و دەزگاکانی لیوای سلێمانی، لە لیواکانی هاوسێی لاوازترە، هەر بۆیە دەبێت باری سەر شانی لەڕووی بەڕێوەبەرایەتیەوە سوك بکرێت، بەشێوەیەکی کاتی قەزاکانی چەمچەماڵ و ڕانیە بخرێتەسەر کەرکوك و هەولێر، لەڕووی جوگرافیەوە زنجیرە چیای قەرەداغ چەمچەماڵ لەسلێمانی دادەبڕێت، ڕانیەش پردەکەی سەر زێی بچووك جیای دەکاتەوە،[1] ئیتر ڕانیە خرایەسەر هەولێر، هەتا ساڵی ١٩٥٦ دووبارە خرایەوە سەر سلیمانی.

لەئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی١٩١٤- ١٩١٨ هەموو ناوچەکە تووشی هەژاری و کارەساتباری زۆربوون، ئەوەی مرد و کوژرا لەناوچوون، بەشێکی زۆری خەڵکەکەی کۆچیان کرد بۆ شوێنانی تر، بەشێکی کەمیشی لەشوێنی خۆیان مانەوە، جێگای سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ڕانیە لەو سەردەمەدا دیمەن و ڕواڵەتێکی توك لێکراوی ئازار چەشتووی هەبوو. چونکە لەدوای ساڵەکانی شەڕ هەموو کارەکانی وەستاو خانووەکانی رووخان و جوانیەکانی لەناوچوون، نەداری و برسیەتی خەڵك و ئاژەڵەکانی قڕکرد، وەرزێرەکان زەویەکانیان بەجێ هێشت، سەرەڕای چەوسانەوەی زۆری تورکان، بۆردومان و بۆمبارانی فرۆکەکانی ئینگلیز شارەکەی ویران کرد، بەشێوەیەك کە ساڵی١٩٢٧ یونس ڕەئوف "دڵدار"ی شاعیر بەهۆی باوکیەوە کە لە ڕانیە کاتب تحریر (مدیر تحریرات) بووە، کە دێتە شارەکە بەکەلاوەی تیدەگا. بەو جۆرەی ڕانیەی دیوە

---

١. کاپتن لاین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.

باسی کردووە: "دووراودوور ڕانیە شارێکی گەورەبوو، بەڵام لە نزیکەوە زۆربەی دەرو دیوارەکانی بێ سەربان و گوێسوانە بوون، چونکە هەموو کەلاوەبوو، ڕانیە لەپاش شەڕی دەربەند، بە بۆمباران لەلایەن ئینگلیزەوە وێران کرابوو، تازە بەتازە تەشکیلاتی تێدا دەکردەوە و بەرەو ئاوەدان کردنەوە هەنگاوی دەنا."[١]

لەلایەك ئەنجامی شەڕ و لەلایەکی تریش خراپەکاری و ستەم و گەندەڵکاری قائیمقام و کاربەدەستانی عوسمانی، ئەوەندەی دیکە وڵاتەکەی بەرەو وێرانی برد، جێگای ئاماژە بۆکردنە گۆڕینی ئەو هەموو قائیمقامە، سەرچاوەکەی بۆ خراپی مامەڵەی قائیمقامەکان و بێزاری خەڵکی دەڤەرەکە دەگەڕایەوە، کە ئەنجامی ئەو گەندەڵیە کارگێڕیە بوو، سەرجەم دەزگا کارگێڕیەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنیبۆوە. هەر بۆیە جووڵانەوەیەك یا ڕاپەڕینێکی چەکدارانە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە لەناوچە کوردییەکان لەدژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕوویدا.[٢]

دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و چۆڵکردنی شارەکە بەهۆی ئاکامەکانی شەڕ، بەشێك ماڵەکانی لەو سەردەمەدا، کەلە ڕانیە بوون، لەساڵانی **١٩١٩** بریتی بوون لە :

**١**-ئەمین بەگ، **٢**-فەتاح بەگ، **٣**-سەعید بەگ، **٤**-حاجی پیرۆت، **٥**-حەمە ئاغا باوکی سەعید ئەفەندی **٦**-قادر سوڵتان، **٧**-کوێخا کەریم، **٨**-خدرە سوور، **٩**-مامەسوورە باوکی قادری مامەسوورەی باپیری حەویزی مام قادری، **١٠**-عەوڵای کەریمی، **١١**-سابیر قەساب، **١٢**-ئیسماعیلی خدری ڕەجەب، **١٣**-حەمەی خدری ڕەجەب، **١٤**-حەمە زلە، **١٥**-وەستا وەلی،

---

١. محمدامین عارف، سەرچاوەی پێشوو، لە ٤- ٥- ٢٠٠٣.

٢. ئەحمەد محەمەد ئەمین هۆمەر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٧.

**١٦-**حەکیم خەزوری حاجی حەمە مەرگەیی، **١٧-**غەریب حاجی حەکیم، **١٨-**وەستا هەباس باوکی خاڵ مراد، **١٩-**قادری باجی ئامینە، **٢٠-**سەعید ئەفەندی، باوکی کاکەمین سەعید ئەفەندی، **٢١-**حەمە حسین باوکی مامەی حەمەحسینی، **٢٢-**مام عەلی باوکی مامۆستا محەمەد، **٢٣-**قادر ناسراو بە قالەخەرتەل، **٢٤-**حەمیدە شەل باوکی سالحی موختار، **٢٥-**ئالاویڕدی باوکی حەمەدەمینی ئالاویڕدی، **٢٦-**ئەحمەد برای حمەدەمینی ئالاویردی، **٢٧-**عەزیز گوڵ بەهار، **٢٨-**فەتاح بەگ یەکێك لە پیاوە ناودار و گەورەکانی ڕانیە بووە و خزمی نزیکی حەمە حسین بووە، دەوڵەمەندێکی زۆر گەورەش بووە، **٢٩-**حەمە سدیق **٣٠-**مام ئاوڕەحمان باوکی عەبدولاڕەش **٣١-**مستەفا حەمەئاغا باوکی هونەری ئاسایش.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتوون، شاری ڕانیە ئەو ماڵانەی سەرەوەی لێ نیشتەجێ بووە، پاش گیرانی شێخ مەحمود و دوورخستنەوەی بۆ هیندستان و ڕاپەڕینی خەڵکی ناوچەکە دژی ئینگلیز، بەهۆی سوتانی ڕانیە لەلایەن فرۆکەکانی ئینگلیز، ڕانیە چۆڵ کراوە و دانیشتوانەکەشی ئاوارە بوون، تۆفیقی برایم بەگ دەڵێ: لەباوکم بیستووە، دوای سوتانی ڕانیە ئێمە ماڵمان چووە بۆ (هوڕێوە) نزیك دارەشمانەی پشدەر، لە حاجی برایم بەگ بیستراوە ڕانیە ماوەی دوو ساڵ چۆڵ کراوە، پاشان خەڵکەکە گەڕاوەتەوە بۆ ڕانیە و دووبارە ئاوەدان کراوەتەوە و خەڵکی تری بۆ هاتووە، برایمی غوربەت دەڵێ: "باپیرم عەولای کەریمی، گوتویەتی: کاتی خۆی لەهاویناندا کەپرمان لە دەوروبەری قەلات دەکرد، کاتێك دەیانگوت: ئەوە سوپای عرووسی هات ساڵی (١٩١٦) خێرا بەرەو کێوەڕەش و ئەشکەوتی سێروان ڕامان دەکرد و خۆمان دەشاردەوە، کاتێك سوپای عوسمانی (تورکیا)

دەهات کەپێیان دەگوت (ڕۆم) ئەو کەپرو ماڵانەی دەدایە بەرتۆپ (خومپارە)، سوپای تورکیا نەیدەهێشت کوردستان ئاوەدان بێتەوە، لەهەر شوێنێك خانوو بکرایە خێرا دەیسوتاند". [١]

لەسەرەتای سەدەی بیستەم کاتێك لە گەشتەکەیدا گەیشتە ڕانیە (مارك سایکس) [٢] دەڵێت: بەناو ڕانیەدا گەڕاین و بینیمان گوندی ڕانیە بچووك بوو، لە ٣٠٠ سێ سەد ماڵ پێکهاتبوو، دانیشتوانی بریتی بوون لە هۆزی ئاکۆ و بڵباس، شەقامەکانی پاك و خاوێن بوون، هەندێك شوێن پەرژین کرابوو، بۆ شوێنی مەڕوماڵات، دیار بوو خاوەنەکەی گرنگی زۆری پێ دەدا و کارامە بوو. [٣] دواتر بەهۆی بارودۆخی جەنگی یەکەمی جیهانی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە هەمیشە لەبەرزی و نزمی دا بووە، ئیبراهیم تۆفیق بەگ [٤] دەڵێت: ئەو کاتەی ئێمە ماڵمان بۆ ئێرە هات، ڕانیە هەموو (١٥) ماڵی لێ بوو [٥]، کە بەشێکی زۆری لە گەڕەکی قەڵات بوو. [٦] (ئیدمۆندس) کە لە ساڵی ١٩٢٢ دێتە ناوچەکە دەربارەی ڕانیە دەڵێت: گوندی ڕانیە ئەو کاتە نزیك بەشەست بنەماڵەی نفووس هەبوو.

---

١. خالید وەلی عەلی، قەڵاتی رایە لە ئاوینەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ٢٠.

٢. مارك سایکس لە ١٥- ٥- ١٩٠٢ لە بەریتانیاوە دەستی بە گەشتێکی فراوان کرد بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەشتەکەیدا باشووری کوردستانی بەسەر کردۆتەوە و سەری لە ڕانیە داوە.

٣. Mark saykas,(Dar-Ul-Islam),P:216:.

٤. ئیبراهیم تۆفیق بەگ خۆی دەڵێ: لەساڵی (١٩٠٧) لەموسڵ لەدایك بووم، ساڵی ڕۆژگیرانەکەی تەمەنم سێ ساڵان بوو، کە ماڵمان هاتۆتە ڕانیە، باپیرم وەختی خۆی (رائد باشقاڵ) بووە نزیکەی (١٠٠٠) جەندرمەی هەبوو لەناوچەی لاجان، باوکیشم کاتی خۆی لەلایەن ئینگلیزەکان گیراوە، دواتر حەمەئاغای کۆیە تکای بۆ کردووە و بەری داوە، سەرچاوە: چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم بەگ، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٦، کانوونی یەکەم ٢٠٠٣ ل ٣١.

٥. ئەمە لە کاتێکدا لەساڵی (١٩٤٤) ڕانیە نزیکەی (١٠٠) ماڵی تێدا دانیشتوە، لەهەمان کاتدا لەساڵی (١٩٣٠) گوندی سەرکەپکان (٧٠) ماڵ بووە لەساڵی ١٩٤٤ شاکر فەتاح ڕانیە و هەردوو ناحیەی چناران و سەنگەسەری بە (٣٠) هەزار کەس داناوە.سەرچاوە: کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤، ل ١٠.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم بەگ، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٦، کانوونی یەکەم ٢٠٠٣ ل ٣١.

لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن کە لەسلێمانی دەردەچوو ژمارەی (٣٠)ی ١٨ تشرینی دووەم (١٩٢٠) ل ٤ نووسراوە: ژمارەی نفوسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی وەك لە ژێرەوە نووسراوە:

| ناوی جێگا | پیاو | ژن | کچ | کوڕ | ڕێژەی گشتی | ژمارەی خانوو | ژمارەی دێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خورماڵ | ٨٦٢ | ٧٨٤ | ٤٩٢ | ٣٣٦ | ٢٢٥٤ | -- | -- |
| هۆڕین و شێخان | ٩٦٨ | ٩٩٤ | ٥٧٨ | ٥٠٤ | ٣٠٤٤ | -- | -- |
| ڕانیە | ٦٥٢ | ٦٣٨ | ٢٥١ | ٣٥١ | ١٨٩٢ | ٥١١ | ٣٧ |
| خەلەکان و چناران | ٨٣٠ | ٩٢٠ | ٣٥٣ | ٣٩٩ | ٢٥٠١ | ٧٨٠ | ٣٩ |
| قەڵادزە | ١٠٥١ | ١١٢٥ | ٧٦٧ | ٧٤٥ | ٣٦٨٨ | ١٠٧٨ | ٩١ |

هەروەها سەرژمێری هەردوو ناحیەی مەرگە و ناودەشت، کە ئەو کاتە مەرگە سەر بە قەزای پشدەر و ناودەشت سەر بە قەزای ڕانیە بووە، لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ژمارە (٣١) ڕۆژی پێنج شەمە ٢٥ تشرینی دووەم (نۆڤمبەر) ١٩٢٠ لەلاپەڕە (٤) بەم جۆرە بڵاو کراوەتەوە:

| ناوی جێگا | پیاو | ژن | کچ | کوڕ | ڕێژەی گشتی | ژمارەی خانوو | ژمارەی دێ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مەرگە | ١١٢٦ | ١٢٧٧ | ٥٢٤ | ٥٥٣ | ٣٤٨٠ | ١٠٢١ | ٤٤ |
| ناودەشت | ٣٩٦ | ٣٧٧ | ١٦٦ | ٢٦٨ | ١٢٠٧ | -- | ٢٤ |
| هەمووی | ٢١٠٧٨ | ٢٠٩٩٧ | ١٠٠٠٦ | ١١٦٤١ | ٦٣٧٢٢ | | |

سەرەڕای ئەوەی ڕانیە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاوارە بوونی خەڵکەکەی، بێگومان ئەم سەرژمێریە کەموکوڕی زۆری هەبووە، چونکە هاوڵاتیان بۆ خۆدزینەوە لەباج و سەربازی، هەمیشە ژمارە و ئامارەکانیان کەم بە مەئمورانی حکومەت وتوە، بۆیە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارە (٣١) لەلاپەڕە (٤)ی نووسراوە: باش دیارە ئەم نفوسە لە دە ٣ و ٤ کەم نووسراوە، چونکە مەئمورەکانی قەزا و ناحیەکان شارەزایی تەواویان نەبوو، موختار و خەڵکیش کەم دانانیان لا باش بووە، ئەوەندەیان هێناوەتە دەفتەر، ئەگینا هەموو نفووسی جاف و کۆچەری تر کە هیچیان نەنووسراوە ئەوەندەی تر نفووسی هەموویان زیاترە، جگە لەوانە هی سلێمانی زۆی ١٠٠٠٠ نفوس دەبێ کە پیاو و ژن نزیک بەیەکن، ٤٠٠٠ و ئەوەندە خانووە کە ١٨٠٠ ماڵی نیشتەنییە، ئەوی تری تێکچوو و وێرانەیە، جافیش ٢٥٠٠٠ نفوس دەبێ.[١]

## قەزای ڕانیە

قەزای ڕانیە بەشێوەی سروشتی دابەش بووە، بەسەر سێ ناحیەدا، جگەلە ناحیەی ناوەند و دوو ناحیەی تریشی هەبوو، ناحیەی دووەم چناران و ناحیەی سێیەم ناودەشت (سەنگەسەر) بوو.

لە ساڵی (١٩٢٢) لەسەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیز (ئەدمۆندس) ژماری دانیشتوانی ناحیەی ناوەندی ڕانیە بە (١٢٠٠٠) کەس (نفووس) داناوە، ناحیەی چناران ناوەندەکەی لە گوندی خدران بوو، (ئەدمۆندس) ژماری دانیشتوانی ناحیەی چنارانی بە (٤٨٠٠) کەس(نفووس) هەژمار دەکات.[٢]

---

١. ڕەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی پێشکەوتن ی سلێمانی (ژمارە(١-١١٨)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٢ ، ل ١٦٠.

٢. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥.

وەك (ئەدمۆندس) ئاماژەی بۆ کردووە: دوو ناحیەییەکەم واتە ناحیەی ناودەشت و ناحیەی ناوەندی ڕانیە، لە زنجیرە چیای باریك و شیوی تەنگ پێکهاتوون و لەباکووری ڕۆژهەڵات و باکوور و باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو دەشتەکانی زێ دەچن، جەستە و ناحیەی چناران وەك باسکی ئەو ببینین.[١]

## ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر)[٢]

شارۆچکەی سەنگەسەر کە لە بواری ڕەسمیدا بەناحیەی (ناودەشت) ناودەبرێت، یەکێکە لە ناحیە هەرە کۆنەکانی عێراق و کوردستان، ناحیەی (ناودەشت) سەر بەقەزای ڕانیە، لە متەسەریفیەتی کەرکوك بوو، لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕانیە و زنجیرە چیای قەندیل لەبەشی باکوور، وەکو سنوورێکی نێوان عیراق و ئیران جیاکردۆتەوە، سنووری لە باشوور زێی بچووك و لە خۆرئاواش چیای کێوەڕەشە، کە پشدەر و بیتوێن جیادەکاتەوە، (ئەدمۆندس) لە ساڵی (١٩٢٢) ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی ناودەشت بە (٨٦٥٠) کەس(نفووس) دیاریدەکات، ئەو کاتە شوێنی ناحیەکە لە دەروازەی دەربەند بووە، دواتر لەگەڵ دروست بوونی بەنداوی دوکان گواستراوەتەوە شوێنی ئێستا.

لەکاتی حکومەتی شێخ مەحمود غەفوورخانی ئێندزە مودیری ناحیە بووە، لە ساڵی ١٩٢٢ کاتی هاتنی (ئەدمۆندس) دەڵێت: لە شوێنی غەفوورخان من وام بەچاك

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٦٥.

٢. ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر) تاکو ساڵی ١٩٧٠ سەر بەقەزای ڕانیە بووە، بەڵام دواتر خرایە سەر قەزای پشدەر. سنووری ناحیەی سەنگەسەر تاکو ساڵی (٢٠٠٠) لە(٩٦) گوند پێکهاتبوو، بەڵام دوای دروست بوونی ناحیەی (ژاراوە) و جیاکردنەوەی لە سەنگەسەر(٣٣) گوندی خرایە سەر ناحیەی ژاراوە، ناحیەی سەنگەسەر لەئێستادا لە(٦٣) گوند پێکهاتووە، لە ١٩٨٩/٦/٩ شارۆجکەی سەنگەسەر لە لایەن ڕژیمی بەعسی داگیر کەر ڕاگویزرا بۆ ئۆردەگا زۆرەملیکانی هەولێر و دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن خەڵکی شارۆچکەکە دووبارە ئاوەدان کرایەوە.

زانی کەسێکیتر بکەمە مودیری ناحیە، باڵوڵ ئاغا سەرۆکی "مەندەمەرە"ییەکانم بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد، بەڵام بەشێوەی ڕەسمی کوڕە گەورەکەی، واتە "کانەبی" دیاری کرا، بەڵوڵ ئاغا پیاوێکی خۆش مەشرەف و بەگوێ و بەخۆوە بوو، چونکە بۆ خۆی و کوڕەکەی نەخوێندەوار بوون، ڕەشید سدقی برای مودیری مەرگەم کرد بە جێگری.[1] لە دوای شەڕی دەربەند و گرتنەوەی ناوچەکە لەلایەن خەڵکی ڕاپەڕیو و هێزی تورك، غەفوورخانی ناودەشت بووەوە بە مودیری ناحیەی ناودەشت.

## ناحیەی چناران

لە کاتی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەم ناوچەیە واتە ناحیەی چناران ناوەندەکەی لە گوندی خدران بوو، سنووری ئەم ناحیەیە، لە ڕۆژئاوا ڕووباری بایزئاغا، هەتا زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتان کە پاڵی داوە بە سنووری کویسنجەقەوە، لە باشوور ڕووباری زێی بچووك کە پاڵی داوە بەسنووری بنگرد و سورداشەوە، لەسەرەوەش سنووری ناحیەی ناوەندی ڕانیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە دووبارە پاڵی داوە بەهەندێ شوێنی سورداش.[2]

هەرچەندە ئاماری ورد لەسەر شێوەی سنووری کارگێڕی ئەو کاتە دەربارەی ژمارەی گوندەکانی خەلەکانی سەر بە ناحیەی چناران لەبەردەست دانییە، بەڵام لە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی سەردەمی عوسمانی ژمارە (**BEO.000267.019983**) لە ١٤ی سەفەر ١٣١١ کۆچی بەرامبەر ١٦ی ئۆغستۆس ١٣٠٩ ڕۆمی بۆ نەزارەتی[3]

---

١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٦.

٢. محەمەد سەعید مەحمود، یادداشتەکانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالحکمە- لندن- ٢٠٠٤، ل ٣٤-٣٨.

٣. نەزارەت (نظارەت): لە زاراوەی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە زاراوەی بینین هاتووە، واتە چاودێری کردن و بینینی دەوروبەر، لەلایەکی تر بەمانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت، بەزاراوەی ئێستا بەمانای وەزارەت دێت.

دارایی جەلیلە[١] نووسراوە: لە کەرکوك قەزای ڕانیە، خەلەکانی چناران و پاشکۆکانی کە لە ٣٤ گوند پێك دێن، ماوەی ١٥ ساڵ لەلایەن فەرمانبەرانی قەزا بەوەی لە ٣٢ گوند پێك دێت، لەگەڵ ٣٠٠٠٠ قووروش حەواڵەی حەمید ئاغای خەڵکی کۆیسنجەق کراوە، لەسەر ئەم هەواڵە لە خەزێنەی جەلیلە بەوەرگرتنی خزمەتێك بەنیوە کە دەکاتە ١٧ گوند بەرامبەر ٥٤٠ لیرە بە ڕێگای ئیلتزام لە دەستەی قەزا بەهۆی سوودی هاوبەشەوە پێش وەختە حەواڵەی حەمید ئاغایان کردووە، بۆ داوا کردنی پاراستنی سوودەکانی دەوڵەت، بە واژۆی مەحمود تەلگرافنامە لەکەرکوك بەمێژووی ١٢ی ئۆغستۆس ١٣٠٩ ڕۆمی بۆ دەوڵەت نێردراوە، چۆنیەتیشی لە ویلایەت بەتەلگرافنامە زانیاری نێردراوە، لە نەزارەتی جەلیلە لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت و هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەی.[٢] (بەڵگەنامەی ژمارە (٨) لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە).

## بارەگای قائیمقامیەتی ڕانیە (قشڵە)

سەرای حکومەت یا بە شێوە تورکیەکەی (قشڵە)، لەسەردەمی عوسمانییەکان شوێنی کاری قائیمقام و مەرکەزی پۆلیس و فەرمانگەکانی دەوڵەت بوو، ئەو کاتە پێی وتراوە قۆناغ[٣]، قۆناغی ڕانیە کە شوێنی ئەرکی قائیمقام و فەرمانگەکان بووە، لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ بەرزەفت کردنی بارودۆخی ناوچەکە هەمیشە هێز و سوپای زۆری لە ناوچەکە

١. جەلیلە(جلیلە): جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان، هەروەها کەنووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شسێوەیە ڕێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لەپلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهیە یا عالییە.زاراوەیەکی سەردەمی عوسمانیە.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨..

٣. قۆناغ (قوناغ): قۆناغ واتە مەنزڵ، لەسەر ڕێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێیدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەست نیشان کردنی دووری شوێنێك دەیانوت: سێ قۆناغ یان چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لەنێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگەلەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوتراقۆناغ یا قۆناق، فەرمانگەی حکومەتیش پێی وتراوە قۆناغ، وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەك لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

داناوە و ئەفسەر و سەربازەکانی لەناو قشڵە داناون و لەوێوە سەرپەرشتی ناوچەکەی کردووە.

قشڵەی ڕانیە لەچەند شوێنێك دروست کراوە و گوازراوەتەوە، بەڵام دەربارەی شوێن و شێوەی دروست کردنی زانیاری وردمان نییە، (احمد ابن بایزید القلاسیدی) دانیشتوی گوندی بەرد حوشتر بووە، لە کتێبی (سلسلة الذهب) محمد مرادی لە (تصوف)دا، نووسیوەتەوە، لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسیویەتی: وا ڕێك کەوت تەواو بوونی نووسینەوەی ئەم کتێبە هاوکات بێ لەگەڵ دروست بوونی قەڵای ڕانیە لەلایەن ڕۆمیەکانەوە (مەبەست عوسمانییەکانە)، لە ساڵی ١٢٨٣ی کۆچی بووە، بەڵام شوێنی ئەو قەڵایەی دەنیشان نەکردووە و نازانرێ لە کوێ بووە، ئەگەر لەسەر گردی ڕەشید ئاغا بووبێ، وەك هەندێك دەڵێن: ئەوا ئێستا بووە بە گەڕەکی گڵێنجان.[١]

لەدوا ساڵانی حوکمی عوسمانیدا لەسەر قەڵاتی ڕانیە لە ناوەڕاستی قەڵات، قەڵایەکی بچوکی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی هەبووە، لە خشتی سوور دروست کرابوو، سەید خدری پۆلیس باوکی سەید ئیسماعیلی وێنەگر دەڵێت: "من بینیومە لەسەر گردی ڕانیە (قەڵات) قەڵایەکی بچووکتر هەبوو، لە ناوەڕاستی گردەکە بەخشتی سوور دروست کرابوو، قادرمەشی لەشێوەی بازنەیی لول دراو بەچوار دەوری دا دروست کرابوو، پیاوێك هەبوو بەناوی فەقێ وسوە شێت، فێرببوو هەموو ڕۆژێ دەچوو هەڵیدەوەشاند، بێ ئەوەی کەس بەرگری لێ بکا."[٢]

---

١. محمدامین عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل.

٢. خالید وەلی عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠-١٩.

وەك چۆن ئەم دەڤەرە لەڕووی كارگێڕی و خزمەتگوزاری گرنگی پێ نەدراوە، بەهەمان شێوە گرنگی بە سەرای حكومەت و قۆناغی قائیمقام نەدراوە و كۆن و پەك كەوتوو بووە، دەربارەی كۆنی و خراپی قۆناغی حكومەت لە قەزای ڕانیە، جگەلە بەڵگەنامەكانی دەوڵەت سەرچاوەی تریش ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە كردووە، (مارك سایكس) لە گەشتە فراوانەكەیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری كوردستانی بەسەر كردۆتەوە، لە سلێمانیەوە چووە دوكان و بۆ كۆیە و دواتر سەری لە ڕانیە داوە، باسی شوێنی قۆناغی ڕانیە ناكات، بەڵام دەربارەی كۆنی و خراپی و شێوەی قۆناغەكە بەوردی لێی دواوە و دەڵێت:

كاتێك گەیشتین بە گوندەكە (ڕانیە)، وەك هەمیشە ڕێنمایی كراین بۆ قۆناغ، كە ئامادە كرابوو، لەلایەن قائیمقام، ڕانیە لەناو ئیمپڕاتۆریەتی دەوڵەتی توركی دابوو، قۆناغی ڕانیە لە شوێنێك هەڵكەوتبوو، شوێنی چوونە ژوورەوە هەندێك لە دیوارەكانی ڕووخابوون، بانەكەشی دەستكار نەكرابوو، چاك نەكرابووەوە، خانووەكە بنمیچەكەی نزمبوو، ڕووناكی لە دەرگاكانەوە دەهاتە ژوورەوە هەندێ كەلێنیش لە پەنجەرەكە دابوو، بە كاغەزێكی تایبەت گیرابوو، بنمیچەكەی بەتورەكەی لێكدراو داپۆشرابوو، هەندێك شوێنی داچۆڕابوو، پێدەچوو شوێنی هێلانەی باڵندە بێت، هەموو ناو ژوورەكەش شوێنی دانیشتن و كەلوپەلەكانی تر لەتەختە دروست كرابوو، كورسیەكانی بە قوماشی سوور داپۆشرابوو، لە هەندێك شوێن بزماری لێ دەركەوتبوو، لە كۆتایی ژوورەكە هەندێك بزمار لە دیوارەكە درابوو، بۆ پێداهەڵواسینی جلوبەرگی كاربەدەستان، ئەو هاوكاری كردنەی بۆ ئێمە كرا هەمەجۆر و دڵخۆشكەربوو.

شوێنی دانیشتنی ڕەسمی قائیمقام دەكەوتە دەستی چەپمان، قائیمقام لە قائیمقامیەت دادەنیشت، قائیمقام كەسێكی بە تەمەن، مووی سپی بوون،

لووتی درێژ بوو، دەمی بە زەردەخەنە بوو، زۆر بەڕێز بوو، زانیاری هەبوو، دەربارەی دین و یاساکانی هاوسەرگیری، دەیتوانی نووسین و ئایەتەکانی قورئان شی بکاتەوە، بە شیرینترین شێوە دەری ببڕێت.[١]

بۆ ئەم مەبەستی نۆژەنکردنەوەی قۆناغی ڕانیە چەند جارێك داواکاری بۆ چاککردن و نۆژەن کردنەوەی بەرزکراوەتەوە، بەردەوام داواکاری نۆژەن کردنەوەی کراوە، چەند بەڵگەنامەیەکمان بەردەست کەوتووە، دەربارەی ئەم بابەتە زانیاری تێدایە، هەرچەندە بەڵگەنامەکان زانیاریان لەیەکەوە نزیکە، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە و نەبوونی زانیاری ورد لەو بارەیەوە بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بەشێکیان بڵاو دەکەینەوە، لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.01908.00023**) لە ٥ی جەمادی کۆتایی ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٣٠٧ ڕۆمی.[٢] بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:

٥ جەمادی کۆتایی ١٣٠٩

٢٤ کانوونی یەکەمی ١٣٠٧

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

قۆناغی حکومەتی ڕانیە ڕووخاوە، ئەگەر ئێستا شوێنەکانی نۆژەن نەکرێنەوە، ئەوا لەداهاتوودا بە تەواوەتی دەڕووخێت، هەروەها شوێنێکی تر نیە بەتەواوەتی فەرمانبەران و سەربازی شاهانە دابین بکات، بۆ خەرجی نۆژەن کردنەوەی کە دەکاتە ٣٠٠٠ قوروش ڕەزامەندی لەسەر خەرج کردنی بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە

١. **Mark Sykes. (1904).p: 217- 2181-**

٢. بەکارهێنانی مێژووی زایینی لە دەزگاکانی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٩ واتە پێش ئەو مێژووە بەکارنەهاتووە، پێش تر مێژووی ڕۆمی و کۆچی (هیجری) بەکارهاتووە، زۆربەی جار هەردوو مێژووکە بەکارهاتووە، وەك تەواوکەرێك بۆ یەکتری، بەڵام هەندێ جار تەنیا یەکێکیان بەکارهاتووە.

ئاماژەی شورای دەوڵەتی والا[١] بۆ قەڵەمی فەرمانگەی ناوخۆ ڕۆیشتووە، بەڕەزامەندی عالیش[٢] بڕیارنامەی ڕۆیشتووە، بڕە پارەی ناوهاتوو بەشێکی لە موازەنەی ئەم ساڵەدا هەژمار دەکرێت، ئەگەر زیاتریش پێویست بکات ئەوا نووسراو کراوە خەرج بکرێت، بۆیە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.[٣]

هەروەها لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT.01918.00037) ٣ ڕەجەب ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٢١ کانوونی دووەم ١٣٠٧ ڕۆمی، بۆ نەزارەتی[٤] دارایی عالیە نووسراوە:

٣ ڕەجەب ١٣٠٩

٢١ کانوونی دووەم ١٣٠٧

بۆ نەزارەتی دارایی عالیە

قۆناغی حکومەتی قەزای ڕانیە پێویستی بەخەرجی نۆژەن کردنەوەیە، هەر بۆیە بڕیار دراوە دابین بکرێت، ئەویش لە ٣٠٠٠ قورووش پێکدێت و لە داهاتی ویلایەتی موسڵ ڕێك دەخرێت، جگەلەمە لە داهاتی ناوخۆی ساڵی ٣٠٧[٥] هەژمار کراوە، بۆیە حەواڵەنامەیەك ڕێکخراوە و سەبارەت بە ناردنی ئاماژە بۆ عالی نێردراوە، لە نەزارەتی ژمێریاریش گفتوگۆی لەسەر کراوە، جێبەجێ کردنی لەسەر هیممەتی عالی وەستاوە.[٦]

١. ئەنجومەنی والا (مجلس والا): ئەنجومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵك جێبەجێ بکات، لەساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە، لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. عالی: مەبەست دەسەڵاتی باڵای عوسمانیە.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

٤. نەزارەت (نظارت): لە زاراوەی بینین هاتووە، واتە چاودێری کردن و بینینی دەوروبەر، لەلایەکی تر بەمانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت، بەزاراوەی ئێستا بەمانای وەزارەت دێت.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٥. مەبەست لە ساڵی ١٣٠٧.

٦. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

هەروەها دەربارەی نۆژەن کردنەوەی قۆناغی حکومەت لە ڕانیە داواکاری دووبارەکراوەتەوە و بەپێی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە، وەك لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.01945.00079**) **١٠ شەوال ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٢٥ نیسان ١٣١٨**[١] **ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:**

**١٠ شەوال ١٣٠٩**

**٢٥ نیسان ١٣١٨**

**بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە**

**خەرجی نۆژەنکردنەوەی قۆناغی حکومەتی ڕانیە ٣٠٠٠ قووروش دەکات، بۆ ڕێکخستنی ئەم بڕە پارەیە و ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر خەرج کردنی، بەتەلگراف ئاماژەی پێ کراوە، کە پێویستە قۆناغی ناوهاتووی حکومەت نۆژەن بکرێتەوە، ئەو بڕە پارەیەی، کە دەست نیشان کراوە بەشێکی خەرج دەکرێت، بەم تێڕوانینە بە گونجاو زانراوە و لە فەرمانگەی ناوخۆی شورای دەوڵەت**[٢] **ڕێکخراوە و بەفەرمانی سەدری ئەعزەمی**[٣] **سەدارەتپەناهی**[٤] **لەوێنەی بڕیارنامەکە نیشان دراوە، هەروەها خەرجی ناوهاتوو نابێت لە ٣٠٠٠ قووروش زیاتر بێت، لەکاتی**

---

١. ئەم مێژووە پێ دەچێت هەڵە بێت، ڕاستیەکەی ١٣٠٨ ڕۆمی بێت، لەناو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا وا پێ دەچێت هەڵەی زۆر لەمێژووی ڕووداوەکان کراوە لە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکاندا

٢. شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت): لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەو دامەزراوەیە، ئەنجومەنی والا کارەکانی دەکرد، دوای هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی والا، ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێك دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٣. سەدری ئەعزەم (صدر اعظم): لەدەوڵەتی عوسمانی پلەکەی وەکو سەرۆك وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٤. سەدارەتپەناهی: پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

جێبەجێ کردنیشی بەرێژەیەکی گونجاوی خەرجی نۆژەنکردنەوەکە جێبەجێ بکرێت، لە کۆتایی جێبەجێ کردنی نۆژەنکردنەوەکە دەرختسەی دووەمی بۆ ڕێکدەخرێت، دەفتەری ناوەرۆکی بابەتەکان لەئەنجومەنی کارگێڕیدا لەژێر پەسند کردندایە، بە بەستنەوەی لەگەڵ بڕە پارەی ناوهاتوو لە داهاتی ناوخۆ هەژمار دەکرێت، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٧[١] ڕێکدەخرێت، زیادەکەشی لە دارایی خۆجێی دابین دەکرێت، لەخشتەی خەرجی تۆماردەکرێت، بۆ والا نووسراوەتەوە و لەکاتی حەواڵەکردنی لە نەزارەتی ژمێریاری گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەم بابەتە لەلای دەفتەردارە، نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی عالیە نووسراوەتەوە، لەگەڵ حەواڵەنامە بۆ سەروو نووسراوە، بۆ جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت.[٢] وەك لە (بەڵگەنامەی ژمارە (٩) لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە).

## فەرمانگەی ناسنامە لە قەزای ڕانیە

بێگومان ئەو سەردەمە لەبەر نەبوونی جێگا و باری ئابووری و ئاسایشی وڵات، هەموو فەرمانگەکانی دەوڵەت لە تەلاری قائیمقام دابوون، بەڵام لەبەر دووری سەردەمەکە و نەبوونی بەڵگەنامە زانیاری وردمان دەربارەی فەرمانگەکانی حکومەت لەسەردەمی عوسمانیدا کەمە، چۆنیەتی فەرمانگەکانی دەوڵەت، ئەوەی لەبەر دەستمانە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانییە، ئێمە لێرەدا بەڵگەنامەکان دەخەینە ڕوو بەهیوای ئەوەی لە داهاتوودا وردەکاری زیاتر لەو بارەیەوە دەست بکەوێت، ئەوەشمان لا ڕوون نیە ئایا فەرمانبەرەکان لەشوێنی تر کاریان کردووە و کاتی پێویست یا لەهەفتەیەکدا چەند ڕۆژێك هاتوونەتە ڕانیە یابەهەمیشەیی لە فەرمانگەکانی

١. مەبەست ساڵی ١٣٠٧ زۆرجار لەناو بەڵگەنامەکان ئەمە دووبارە بۆتەوە.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

ڕانیە جێگیر بوون، لەیەکێك لەبەڵگەنامەکاندا باسی فەرمانگەی ناسنامە کراوە، ئەگەرچی لە چۆنیەتی فەرمانگەکە نادوێت، باسی بەرزکردنەوەی یەکێك کراوە، لە قەزای ڕانیە، فەرمانبەری ناسنامەبووە، ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە، کە فەرمانگەی ناسنامە لە قەزای ڕانیە هەبووە. بۆ ئەم مەبەستە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی (**DH.MKT. 02562.00106**) لە ١٧ شەعبان ١٣١٩ کۆچی بەرامبەر ١٥ تشرینی ١٣١٧ ڕۆمی بۆ نەزارەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:

١٧ شەعبان ١٣١٩

١٥ تشرینی ١٣١٧

بۆ نەزارەتی موسڵی بەهیە

رزا ئەفەندی بۆ ماوەی ساڵێك وەکو فەرمانبەری ناسنامە لە قەزای ڕانیە بەڕێکوپێکی کارەکەی ئەنجام داوە، بەڵام دواتر لەگەڵ کەشوهەوای ئەوێ نەگونجاوە و بە لێبوردن جیابۆتەوە، لە سەرەتای ساڵی ٣٠٣[١] لەتۆماری ناسنامەی سنجەقی کەرکوك دامەزراوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ لە ئەرکەکەی بەردەوامە، بەڵام مووچەکەی بەشی خێزانەکەی و بەشی بژێوی ژیانی ناکات، بۆیە لەلایەن رزا ئەفەندی کاتبی ناسنامە داوا کراوە لە ویلایەتی بەهیە ئەرکی ناسنامەی لیوایەکی پێ بدرێت و دابمەزرێت و لەلایەن کاتبی ناسنامەی لیوای ناوهاتوو رزا ئەفەندی داواکاری نێردراوە، لەکیتابەتی ناوهاتووش لە ژێردەستی ئەمین ئەفەندییە، سەبارەت بە دامەزراندنی رزا ئەفەندی بە تۆمار زانیاری نییە، بۆیە سەیری بابەتەکەی دەکرێت، جگە لەمە دامەزراندنی ناوبراو مامەڵەکە حەواڵەی تۆماری ناسنامە کراوە، لە کارگێڕی گشتی قسەی

---

١. مەبەست لە ساڵی ١٣٠٣ ڕۆمیە.

لەسەر کراوە، جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەنرێت.[١] وەك لە (بەڵگەنامەی ژمارە (١٠) لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە.).

لەبەڵگەنامەیەکی تردا باسی فەرمانگەی ناسنامە کراوە، یەکێك لە فەرمانبەرانی فەرمانگەکە کراوە بە سەرباز، لەو بارەیەوە لە بەڵگەنامەیەك لە **٢٩** شەوال **١٣٢٩** کۆچی بەرامبەر بە **١٠** تشرینی دووەم **١٣٢٤** ڕۆمی، بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە: مێژووی ٤ تشرینی دووەم **١٣٢٤** ڕۆمی ژمارە ٨٤ وەڵامی نووسراوی بەهیەیە: جەمیل ئەفەندی کاتبی ناسنامەی قەزای ڕانیە بووە، بە زۆرەملێ کراوەتە سەرباز، لە کۆتاییدا وەکو ئەندامانی زۆرەملێ لە لێبوردنی گشتی سوودمەند بووە.[٢]

هەروەها یەکێك لە فەرمانبەرانی فەرمانگەی ناسنامەی ڕانیە سکاڵای دەربارە کراوە، بەهۆی ئەوەی ڕای وا هەبووە، تەمەنی یاسایی تێنەپەڕاندووە و بۆ ئەو کارە گونجاو نەبووە، بەڵام گومانەکە ڕاست کراوتەوە ئاماژەی ئەوە دراوە تەمەنی کێشەی نیە، لە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.00019.00075**) لە ١٩ سەفەر **١٣٢٩** کۆچی بەرامبەر ٥ شوبات **١٣٢٦** ڕۆمی لەلایەن والی موسڵ نووسراوە:

نافز بەگ، کە بە کاتیبی ناسنامەی ڕانیە دامەزراوە، لەمەکتەبی دواناوەندی دەرچووە، هەروەك هەواڵ دراوە، لە تەمەندی **١٤** ساڵ نیە و تەمەنی **٢٠** ساڵە، بەخودی کەسێتی و تۆمارەوە پەسند کراوە.[٣]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١.

## فەرمانگەی مولکیە و دارایی

یەکێکی تر لە فەرمانگەکانی قەزای ڕانیە فەرمانگەی مولکیە و داراییە، وەك وتمان زانیاری وردمان لەبەردەست نییە دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی فەرمانگەکە، بەڵام بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانی کە ئاماژەی بە بوونی فەرمانبەرانی فەرمانگەکە داوە، ئەوەش دەیسەلمێنێ کە فەرمانگەی مولکیە و دارایی کاری خۆی کردووە، لەسەر بەڕێوەچوونی کاری فەرمانگەی مولکیە و دارایی قەزای ڕانیە، لەیەکێك لە بەڵگەنامەکان لە والی موسڵ فەرمان دەرچووە بۆ فەرمانگەی مولکیە و دارایی ڕانیە کۆمەڵێك گوند، کە ناویان لە بەڵگەنامە هاتووە کەسەر بەقەزای ڕانیەن بخرێنە سەر قەزای کۆیە، لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.ID. 00204. 00017**) لە ٨ سەفەر **١٣٣٢** نووسراوە:

ویلایەتی موسڵ

قەڵەمی تۆمارکردن

**٢٣٩** تایبەتی

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

جەنابی ئەفەندم

لەکاتی تۆمارکردنی زانیاری چەند گوندێك، شوێنی جوگرافی بە هەند وەرنەگیراوە و بەستنەوەیان جێبەجێ کراوە، بۆیە لە فەرمانگەی مولکیە و دارایی کێشە و گیروگرفت دروست بووە، بۆ نموونە: گوندەکانی قەسرۆك، گەلی گوڵان، بیستانی، هەمان ئیزوب، جەلی، نازەنین، ئوچ سماقولی، گردقەنتەران، میرسەید، فەقێیان، کەشکە و چنارۆك سەربە ئیزوبی قەزای

ڕانیەن، ببەسترێنەوە بە کۆی سنجەق. ئەمەش لە ئەنجومەنی ویلایەت جێگیرکراوە، هەروەها بۆ بەستنەوەی ئەم گوندانە بەشوێنی دیاری کراو، لەلایەنی سەربازیشەوە پەسند کراوە، کارەکە ئەنجام بدرێت و ڕابگەیەنرێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ سەفەر ١٣٣٢ و لە ٢٣ کانوونی یەکەم ١٣٢٩.

والی موسڵ[١]

بەپێی زانیاریەکان بەڕێوەبەر و فەرمانبەری فەرمانگەی دارایی قەزای ڕانیە خراپ مامەڵەیان کردووە و دەسەڵاتی خۆیان خراپ بەکارهێناوە، لەم بارەیەوە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**BEO.004211.315795**) لە ٤ شەوال ١٣٣١ بەرامبەر ٢٤ ئۆغستۆس ١٣٢٩ لەلایەن نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە:

ئیسماعیل ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی قەزای ڕانیە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئاغا فەرمانبەر لەهەژماری مەڕ و ماڵاتی ساڵی ٣٢٥ سەرپێچیان کردووە و بەخراپی کارەکەیان ئەنجام داوە.[٢]

هەروەها لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە ( **HR.SYS 02249.**) لە ٢٥ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٨ کۆچی بەرامبەر بە ١٧ کانوونی دووەم ١٣٣٦ ڕۆمی لە لەلایەن نازری دارایی و بەڕێوەبەری فەرمانبەران نووسراوە:

نەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران

قەڵەمی مووچەکان

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.

**٢٣٩ گشتی**

**بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە**

**جەنابی ئەفەندم**

وتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری سیاسی لەگەڵ نووسراوی مێژووی ١٢ کانوونی دووەم **١٣٣٦** ژمارە **١٩٩٠٥/١٧** وەڵامی نەزارەتپەناهی هاتووە، تۆفیق ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی قەزای ڕانیە، کە سەر بە ویلایەتی موسڵە، ئەمڕۆ لە دەرسەعادەتە و لە خەزێنە مووچەکەی وەرگرتووە.[١] وەك لە (بەڵگەنامەی ژمارە (١١) لەپاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە.)

## فەرمانگەی داد

یەکێکی تر لە فەرمانگەکان دادگایە، هەرچەندە زانیاری دەربارەی ساڵ و شوێنی دەرچوونی دادگای ڕانیە لەبەر دەست نییە، بەپێی بەڵگەنامەکان بەڕوونی دیارە دادگای قەزای ڕانیە فەرمانبەری زۆر بووە، بەهۆی ئەوەی بەشێك لە تەلار و قۆناغی قائیمقامیەتی ڕانیە، قائیمقام خۆی دەستی بەسەرداگرتووە، بۆ حەرەم[٢] بەکاریهێناوە، کاریگەری خراپی لەسەر فەرمانگەکان و بەتایبەت دادگای سەرەتایی ڕانیە هەبووە، بۆیە داواکاری یان بابڵێین سکاڵا بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی قائیمقام ئەو بەشەی لە تەلاری قائیمقامیەت دەستی بەسەرداگرتووە بیداتەوە بە فەرمانگەکان، چونکە ئەوەی ماوەتەوە بەشیان ناکات، ئەمە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MB.HPS. 00024. 00001**) لە ٤ موحەڕڕەم **١٣٣٣** کۆچی نووسراوە:

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٧.

٢. حەرەم (حرم): ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بەبێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان

قەڵەمی تایبەت

ژمارە ٥٠٤

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

پوختە: سەبارەت بە قۆناغی حکومەتی ڕانیە، کە لەلایەن قائیمقامیەتەوە بەشێکی کراوەتە حەرەم.

جەنابی دەوڵەتی بەڕێز

لە دادی چاودێری ویلایەتی موسڵ لیستێك نێردراوە، پەیوەستە بەدادگای سەرەتایی قەزای ڕانیە و فەرمانگەکانی چاودێری تری پاشکۆ. فەرمانگەی حکومەتی قەزای ڕانیە بەگشتی لەشەش ژوور پێکهاتووە، بەشێکی لەلایەن قائیمقامی قەزا کراوەتە حەرەم و حاڵی حازریش ئەو بەشەی ماوەتەوە بەشی فەرمانبەران ناکات، جگە لەمە شوێنێکی تایبەت نییە، بکرێتە گرتووخانە، تائێستاش شوێنێك دیاری نەکراوە، لەم بارەیەوە ئەوەی نووسراوی دەست بەسەرداگرتنی بۆ دەردەچێت یاخود ئەو کەسانەی دەستبەسەر دەکرێن، تا ماوەی حوکمەکەیان تەواو دەبێت، مامەڵەی لێپرسینەوە و تۆماری دادگا دەچێتە لیوای مەرکەز، بۆیە ئەو بەشەی لەلایەن قائیمقامی قەزا دەستی بەسەردا گیراوە، بەوەرگرتنەوەی بەشێکی دەکرێتە گرتووخانە، هەروەها ئەوەی بۆتە فەرمانگەی داد لەیەك ژوور پێکهاتووە، بۆیە بەشی ئەو هەموو فەرمانبەرە ناکات و بچووکە، ئەمەش بۆتە ڕێگر لەبەردەم کارەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن و لێپرسینەوە، بۆیە ڕاگەیەندراوە کە پێویستە بەشەکەی تریش بۆ لایەنی داد تەرخان بکرێت، ئەو بەشەی لەلایەن قائیمقامی قەزا دەستی بەسەردا گیراوە، بە دەست بەردان بۆ داد و گرتووخانە تەرخان دەکرێت، تایبەت بە فەرمان و

ئاگادارکردنەوە و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەزارەتپەناهی، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ موحەڕڕەم ١٣٣٣ و لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣٣٠

بە ناوی ڕاوێژکاری نازر[١]ی داد[٢]

(لە بەڵگەنامەی (١٢) پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە)

هەروەها لەبەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH. MB.HPS. 00011. 00002**) لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣٣٢ نووسراوە:

نەزارەتی داد و مەزهەبەکان

بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری

**٣٦ گشتی**

**٦٦ تایبەتی**

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

پوختە: فەرمانگەی حکومەتی قەزای ڕانیە، کە بۆ لایەنی داد دابین کراوە، پێویستی بەنۆژەن کردنەوەیە.

جەنابی ئەفەندم

بۆ دەستەی داد لە قۆناغی حکومەتی قەزای ڕانیە، ژووری تایبەتی حەرەم ئامادە کراوە، ئەمەش پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، یا ئەوەتا نۆژەن بکرێتەوە یاخود بەشێکی تر بۆ داد تەرخان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ویلایەت کراوە، لەسەرپەرشتیاری دادی موسڵ لیستی سەرپەرشتی کردن دەرچووە و

---

١. نازر (ناطر): لەبینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کەلەهەموو شوێنێك ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێ کردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. بڕوانە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٧.

تێیدا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها لە لیستەکە ڕوون کردنەوەی پێویست کراوە، بەم تێڕوانینە ئەمڕۆ دەستەی دادی قەزا تەنیا لەیەك ژووی فەرمانگەی حکومەت کارەکان جێبەجێ دەکات، هەرچی حەرەمی فەرمانگەیە ئەو نۆژەن کردنەوەی کە پێویستی پێیەتی ئەگەر نەکرێت ئەوا ناتوانرێت لێی دابنیشین، بە تێڕوانین لە وێنەی بە دواداچوون و ئاماژە پێکردنەکە، لە ویلایەتەوە بە پێویست زانراوە کاری لەسەر بکرێت و بۆ پەلە کردنیش لەم کارە، پێویست دەکات خەرجی دابین بکرێت، بۆ ئەم خەرجیەی کە داوا دەکرێت پێویستە زانیاری بدرێت، لەم بابەتە ئەمروفەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە **٢٣** جەمادی یەکەم **١٣٣٢** وە لە **١٥** مارت[١] **١٣٣٢**.

نازری ناوخۆ[٢]

## تەلگرافنامە

تەلگرافنامە وەك دەزگایەکی هەواڵ و ئاگادارکردنەوە، هەمیشە کارئاسانی بۆ حکومەت کردووە، بەتایبەت لەو سەردەمەدا، چونکە زیاتر بۆ کاری حکومەت بەکارهاتووە، لەڕووی گواستنەوەی هەواڵی خێرا، بەتایبەت کە دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە لەپاڵ لایەنە کارگێڕیەکەی لایەنی سوپایی بەڕێوەدەبرد و سوودی زۆری لەو بارەیەوە لە تەلگرافنامە کردووە، بەهۆی ئەوەی ئەم دەڤەرە

١. لەبابەت ساڵەکانی کۆچی و ڕۆمی، ئەم ساڵانە نەگۆڕ نییە، واتە ساڵی زایینی تەواو دەبێ ئێستا ساڵی کۆچی نەگۆڕدراوە بۆ ساڵێکی تر، هەروەها ساڵی ڕۆمیش بەهەمان شێوە، لێرەدا کێشەی ئەو ساڵانە دێتە گۆڕێ، بۆ نموونە: ساڵی ١٨٨١ زایینی، بەرامبەر ١٢٩٨ کۆچی و ١٢٩٦ ڕۆمی، واتە سەرەتای ساڵی زایینی لەمانگی کانوونی دووەم دەست پێ دەکات، بەڵام ساڵی کۆچی لەمانگی محرم دەست پێ دەکات، ساڵی ڕۆمی لەمانگی مارت دەست پێ دەکات، سەرەڕای ئەوەش ساڵی ڕۆمی مانگی تایبەت بەخۆی نیە، ناوی مانگەکان وەك مانگی ساڵی زایینی بەکارهاتووە، بۆ نموونە: ربیع الاخر ساڵی ١٢٩٨ کۆچی بەرامبەر شوبات ساڵی ١٢٩٦ ڕۆمی بەکارهاتووە.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

ناوەندی هۆزە جۆرا و جۆرەکان بووە و نزیك بووە لە سنووری ئێران، کێشە و ڕوودای زۆری هەبووە، بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و سەربزێوی هۆزەکان، حکومەت پێویستی بەوە هەبووە، کەناڵێکی ئاگادارکردنەوە لەم دەڤەرە هەبێت، بۆ ئاگاداری حکومەت و زووتر فریاکەوتنی بۆ چارەسەر و دامرکاندنەوەی کێشەکان، لە چەند بەڵگەنامەیەکدا باسی گرنگی و پێویستی دامەزراندنی تەلگرافنامە لە ڕانیە کراوە، بەڵام لە هیچ لەو بەڵگەنامانەی بەردەستمان ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە ئایا داواکاریەکە وەرگیراوە و تەلگرافنامە لە ڕانیە کراوەتەوە یاخود نا، بۆ ئەم مەبەستە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.02415.00040**) لە ٢٢ جەمادی کۆتایی ١٣١٨ کۆچی بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلگرافی عالیە نووسراوە:

٢٢ جەمادی کۆتایی ١٣١٨

٤ تشرینی یەکەم ١٣١٦

بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلگرافی عالیە

ئەگەر پێویست بکات و بۆ کارەکە سوودی هەبێت، بەڕێگای باجەکانەوە لە مەرکەزی قەزای ڕانیە تەلگرافخانەیەك دابمەزرێت و بونیاد بنرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەو بڕیارنامەی کە لە ئەنجومەنی کارگێڕی سنجەقی کەرکوکەوە هاتووە، هەروەها لەبەر گرنگی شوێنی جوگرافی قەزای ناوهاتوو پێویستە لەوێ مەرکەزێکی تەلگراف دروست بکرێت. نووسراوی مێژووی ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١٦ ڕۆمی ژمارە ٥٩ لە ویلایەتی موسڵی عالی هاتووە، هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، هیممەت بکرێ لە جێبەجێ کردنی و ڕابگەیەنرێت.[١] وەك لە (بەڵگەنامەی ژمارە (١٣) لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە).

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH. MKT.02442.00063) لە ٢ ڕەمەزان ١٣١٨ کۆچی لە١١ کانوونی یەکەم ١٣١٦ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە وەڵامی نووسراوە:

٢ ڕەمەزان ١٣١٨

١١ کانوونی یەکەم ١٣١٦

بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە

مێژووی ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١٦ ژمارە ٥٩ وەڵامی نووسراوی عالیە، بۆ درێژکردنەوەی هێڵی قەزای ڕانیە، کە لە مەرکەز دەردەچێت، ئەو کەلوپەلانەی لە ئەوروپاوە دەهێنرێت، بەڕێگای وشکایی و دەریایی دەگوازرێتەوە و دابەش دەکرێت، هەروەها باجەکانیان ١٦٠٧ فرانك، لەگەڵ ٢٧ سانتیم لەگەڵ ٧٣١٩ قورووش، هەروەها موچە و گشت خەرجیەکانی ساڵانەی مەرکەز ١٥٥ فرانك لەگەڵ ١٢٤٣٠ قورووش خەرج بکرێت، لەم حاڵەتەدا دوای لێکۆڵینەوە لەم ڕێژە دیاری کراوەدا، مەحاڵە لە ناوخۆ دابین بکرێت، هەرچی خەرج کردنی ئاقچەی بێ بەرامبەرە، ئەوا بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی قەدەغەیە، هەروەها داهاتی دابین کراوی باس کراو لەکاتی تۆمارکردنی لەبوجەدا ئەوا لەکاتی ڕێکخستنی دەرکەوتووە موازەنە بەرگەی ئەمە ناگرێت، بۆ درێژکردنەوەی هێڵی ناوهاتوو بەگوێرەی ڕووبەرەکەی پێویستە ئەنجام بدرێت، بە گفتوگۆ لە وەڵامدا لە مێژووی ٢٨ تشرینی دووەم ١٢١٦ ژمارە ٦٠٣ نووسراو لە نەزارەتی تەلگراف و پۆستەی عالی نووسراوەتەوە.[١]

هەروەها لەبەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (BEO.002719.203853) لە ١٥ شەوال ١٣٢٣ نووسراوە:

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.

**١٥ شەوال ١٣٢٣**

**٢٨ تشرینی دووەم ١٣٢١**

بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلگرافی بەهیە

بۆ درێژکردنەوەی ماوەی هێڵی تەلگراف، لەمەرکەزی ڕەواندز بۆ گەلاڵە کە مەرکەزی ناحیەی باڵەکە یاخود تا ڕانیە درێژبکرێتەوە، بۆ تەواوکردنی ئەم کارە، بەگوێرەی وەڵامی نووسراوی ٩ شەوال ١٣٢٣ بەپەلە هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی.

**١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٩**

سلێمان والی[1]

دوای پێشچاوخستنی دروست کردنی تەلگرافنامە و دەرخستەو دیاری کردنی بڕی پارەی تێچووی تەلگرافنامەکە، وا دیارە نەتوانراوە لە خەرجی ئەو ساڵە پارەی دروستکردنی دابین بکرێت، ئەمە لە هەمان بەڵگەنامەدا ئاماژەی پێ دراوە و نووسراوە:

دەوڵەتی عوسمانی

نەزارەتی پۆستە و تەلگراف و تەلەفۆن

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری تەلگراف

قەڵەمی بەگەڕختنی کارەکان

گشتی ١٤٨٣

تایبەت ١٠٦

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

نووسراوی ژمارە ٨٥٩٩٧ لەمێژووی ١٨ تشرینی دووەم ١٣٢٩ وەڵامی نەزارەتپەناهییە

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠.

ئەو نووسراوەی بۆ دامەزراندنی تەلگرافێك لەمەرکەزی قەزای ڕانیە دەرچووە، مەحاڵە ئەم بڕە پارەیەی کە بۆی خەرج کراوە، لەم ساڵەدا دابین بکرێت، بۆیە خەرجیەکە لە بودجەی ساڵی **١٣٣٠** تۆمارکراوە، هەروەها بۆ پەسند کردنی بودجەی باسکراو و ڕاگەیەندراو و پشتگیری دەوێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە **٤** موحەڕڕەم **١٣٣٢** و لە**٢** تشرینی دووەم **١٣٢٩.**

نازری پۆستە و تەلگراف و تەلەفۆن[1]

لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.ID.00194,00007**) لە **٤**موحەڕڕەم **١٣٣٢** کۆچی نووسراوە:

تەلگرافنامە

فەرمانگەی تەلگرافی دەوڵەتی عالیەی عوسمانیە

بۆ نەزارەتی ناوخۆ

بۆ دامەزراندنی تەلگرافخانەیەك لەمەرکەزی قەزای ڕانیە، نووسراو بۆ نەزارەتی تەلگراف نووسراوەتەوە، لەبەرئەوەی مەرکەزی قەزا لەسنووری ئێران نزیکە و تاقمێك هۆزی جانەوەر لەناوەوە و دەرەوەیدا نیشتەجێن، تابلێی مەترسیدارە و لەڕووی کارگێڕییەوەش گرنگە، بۆیە زۆر پێویستە لەمەرکەزەکەیدا تەلگرافخانەیەك هەبێت، هەروەها هێڵی تەلگراف بەڕووبەرێکی دوو کاتژمێر تێدەپەڕێت، ئەگەرچی ئەو تەلگرافەی لەمەرکەز دادەمەزرێت، خەرجیەکەی دەرناچێت، بەڵام پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی، بۆ ئەمەش لە نەزارەت پشتگیری کراوە.

هەروەها لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.ŞFR. 00471. 00124**) لە **٥** ڕەجەب **١٣٣٣** نووسراوە:

بۆ نەزارەتی ناوخۆ

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٠.

لەسەر ڕووداوی ئەم دواییە هێڵی تەلگرافی وان تێکچووە، بۆیە لەوانەوە تا سەرسنوور ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان هێزی سەربازی لەگەڵ مەرکەزی حکومەت هەیەتی پچڕاوە، ئەمەش بەگفتوگۆکردن لەگەڵ خەلیل بەگ ئەفەندی ڕوون بۆتەوە، ئەم پارچە باس کراوانە بەدڵنیایی کردنەوەی هەواڵ و گفتوگۆ، سەرەتا بەڕێگای موسڵ لەڕانیە بۆ شنۆ تێلەکانمان درێژکردۆتەوە، هەروەها ئەگەر بکرێت لە وان ڕاستەوخۆ بۆ سنجەقی هەکاری لە مەرکەزەکەی سیدەکان تا شەمدینان بەستنەوەکە بچەسپێنرێت، درێژی ئەم هێڵە کە ١٠٠ کیلۆمەترە، کۆن بووە، بەماوەی ٢٠ ڕۆژ تەواو دەبێت.

حەیدەر بریکاری والی[١]

## سەرای حکومەت لەکاتی ئینگلیز

وەك وتمان قشڵە (سەرای حکومەت) شوێنی کۆبوونەوەی هەموو فەرمانگەکانی حکومەت بووە، سەردەمێك لەسەر قەڵاتی ڕانیە بووە، دواتر لەکاتی هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و لەسەردەمی دەسەڵاتی مەلیك شوێنی مەرکەزی پۆلیسی ڕانیە لە خوارووی پشت مزگەوتی گەورە، لە جێگەی ماڵی (عەلی بەگ) بووە و بە قوڕ دروست کراوە. تەویلەی وڵاخی پۆلیسەکانیش کەوتبووە جێگای ماڵی مامۆستا (مەلا حاجی). ئەو پۆلیسانەی لە قشڵەی ڕانیە پۆلیس بوون، بەداخەوە کات و ڕۆژی دەست پێ کردنی کاریان نازانین، بێگومان ئەوانە لە کاتی جیاوازدا لە ئەرك دابوون، بەڵام وەك ئاماژەیەك بۆ ڕابردوو هیواداریـن سوودبەخش بێت، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

موعاون جەلال پیاوێکی زۆر قانونی بوو، تۆزێك توندی تێدا بوو، ئەگەر کەسێك کاری بێ قانونی کردبا، زۆرجار بەرامبەر بە کەسی سەرپێچیکار قامچی بەکاردێنا.

١. حەمە لاوی پور ڕەحیم.

٢. حەمەلاو مستەفا عەزیز - باوکی کاك کەمال مام عەلی ناسراو بە (عەلیە شەل).

٣. عەزیزی گوڵ بەهار.

٤. ڕەسوڵ گەردی حەیران بێژ- هەولێر.

٥. کەریم کابان — هونەرمەند- سلێمانی.

٦. مام حمد ئۆم باشی، خەڵکی کۆیە بوو.

٧. مام حەسەنەسوور باپیری برایمی غوربەت.

٨. حەسەن مام سەعید خەڵکی سلێمانی.

٩. ئەحمەد ناوێك برای حیلمی، خەڵکی سلێمانی.

١٠. جەلال مەلا پیرۆت.

١١. سەید خدری پۆلیس باوکی سەید ئیسماعیلی وێنەگر.

١٢. شێخ عەبدوڵڵا ناوێك عەرەبی موسڵ بووە.

١٣. حەمە عەزیز باوکی نیازی حەمە عەزیز.

١٤. حەماغا باش چاوەش باوکی وریای حەماغا.

١٥. ڕەسوڵ ئۆم باشی.

١٦. عەلی مستەفا ناسراو بە عەلی سۆفی خەزوری مامۆستا ڕەشید جەلیل.

١٧. قلیل قۆز پیاوێکی مەسیحی بووە.

١٨. نورەدینی بەربەر.

سەید خدری پۆلیس دەڵێت: پۆلیس ئەو کاتە موچەی مانگانەی (٧,٥) حەوت دینار و نیوی وەردەگرت، ئەوەی پۆلیسی سواریش بوایە، واتە وڵاغی ببوایە مانگی (٢) دوو دیناری وڵاغەکەشی وەردەگرت. جۆرێکی تر لە پۆلیس هەبوو سەر بە قائیمقامیەت بوون، ئەوانە قوەی سایەر بوون.

قشڵەی ڕانیە ئەو کاتە بەقۆنتەرات درابوو بە (عەلی بەگ)، ئەوانەی لە دروست کردنی قشڵە کاریان کردووە بریتی بوون لە:

١-کەریمە درێژ – وەستا. ٢- ڕەسوڵ مەنیقە. ٣- ئەحمەدی پور هەمین. ٤- حەمە مەرگەیی ٥- مام حسین باپیری بورهان و قانع ی ترشیات فرۆش ئاوی کێشاوە و ناسراوە بە حسن سەقا.

ڕۆژانەی کریکار لەدروست کردنی قشڵەدا دوو درهەمی هەبووە.١

## مزگەوت:

مزگەوت شوێنی خواپەرستی و دینداریە، لێرەدا نامانەوێ بەفراوانی بچینە ناو بابەتی ئایینی، تەنیا بۆ ناساندنی مزگەوت و لایەنی دینداری لەم دەڤەرە، وەك دەزانین زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سونی خاوەن ئیمانن و پەیڕەوانی چوار ڕێبازەکەی ڕێچکەی شافعین.لەپاڵ پەیڕەوی خاوەن ئیمانەکانی ئاینزای شیعە و سونییدا، هەندێك ڕێبازی ئاین تێکەڵەی گومڕا لە کوتە جیاوازەکانی کوردستان هەن، بنەچەیان دەچێتەوە سەر باوەڕی دێرینی ئایینە ئێرانی و ئایینە سامیەکان و عەلەوی و ئەهلی هەق (کاکەیی) و سابئی و مەندایی و ئێزیدی ... هتد، هەرچەندە هەموویان لە کوردستان بەیەکەوە دەژین، بەڵام لەژێر هەستی توندی ئاینی ئەوانە بە تایبەت ئێزیدیەکان لەوەتەی هەن لەلایەن

١. خالید وەلی عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١-٢٠.

هاوسێ موسڵمانەکانیانەوە ڕاودەنرێن و دەچەوسێنرێنەوە، زۆریان خاك و وڵاتی خۆیان جێ هێشتووە و بە ئاوارەیی لە وڵاتانی دیکە دەژین، هەندێکیشیان بەناچاری بوونەتە موسڵمان. ئێستاش دەبینی لە کوردستان بن ئێزیدی و بن جو و بن فەلە هەن.[1]

دانیشتوانی بیتوێن و پشدەر هەموویان موسڵمانن و لەسەر پەیڕەوی ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شافعین، دڵپاك و سادە و وابەستەن بەدینەوە، لەبەرئەوە لە هەموو شار و دێیەك مزگەوت یا تات و شوێنی نوێژکردنی هەبووە، لە ڕانیە تەنیا مزگەوتی گەورە هەبوو مەلاکە ناوی (عەبدولحەمید) بوو، بەڵام یەکەم[2] مامۆستای دینی (شێخ سالْح ئەفەندی) بوو.[3] مەلا شەمسەدین یەکەم ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی گەورەی ڕانیە بووە، دوای ئەویش مەلا پیرۆت بووە.[4]

سەید خدری پۆلیس دەڵێ: مزگەوتی گەورەی ئەو کاتە بریتی بوو لەیەك ژوور و یەك هەیوان لەجێگەی مزگەوتی گەورەی ئێستا، بەڵام لەنیوان دیواری دواوەی مزگەوت و قەڵاتدا بەتاڵاییەك هەبوو ئەسپ و کەر و وڵاغی لێ دەبەسترایەوە، کاك برایم غوربەت دەڵێ: دوو داری تووی گەورە لەسەر کوێرەکانی هەبوو، یەکێکیان سابیری قەساب و یەکێکی دیکەشیان عەبدولڕەحمان گوگج قولابیان پێوە کردبوو بۆ پێداهەڵواسینی ئاژەڵی سەربڕاو و گۆشت فرۆشتن.[5]

١. مارتین ڤان برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل ٦٤.

٢. کە دەوترێ یەکەم مامۆستا لەوانەیە لەگەڵ دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی مزگەوتەکە بووبێ،ئەگینا لە ساڵانی سەرەتای ئیسلام کوردستان ئایینی ئیسلامی پێگەیشتووە و خەڵکی ئەم دەڤەرەش پەیڕەوەی ئایینی ئیسلامیان کردووەو بۆ نوێژ و خواپەرستیش تات و بەردەنوێژ و مزگەوت و مەلایان هەبووە.

٣. گۆڤاری ڕانیە، چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم بەگ ، ژمارەی ٦، کانوونی یەکەم ٢٠٠٣.

٤. محمدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٤ لە ٢-٥-٢٠٠٣، ل ١٦.

٥. گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل ١و، خالید وەلی عەلی، قەڵاتی رایە لە ئاوینەی مێژوودا.

لەو سەردەمەدا مزگەوتەکان سەرەڕای خواپەرستی و نوێژکردن، شوێنی خوێندن و پێگەیاندنی خوێندەوار فەقێ و مەلا و زاناکان بوون، مزگەوت و مەلاکان تاکە سەرچاوەی خوێندن بوون، ئەویش بەپلەی یەکەم قورئان و هەندێ کتێبی ژمارە کەمی فارسی، لەوانە گوڵستانی سەعدی، هەموو سەرۆکە گەورەکان فارسی دەنووسن و دەخوێننەوە، مەلاکان دەستێکی باڵاشیان هەیە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات و لای هەندێ لە ڕۆحانیە باڵاکان، لە وڵاتی ئەواندا خوێندویانە.[١]

## قازی ڕانیە

سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی وڵات ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو، تاکو لە زۆربەی شارەکانی وڵات بۆ کاروباری هاووڵاتیان دادگا دابنرێت، لەبەر ئەوە قازی دەوری دادگای گێڕاوە، بەهۆی فراوانی سنوورەکە و لاچەپی و دووری لە شاری گەورە، لەگەڵ بوونی دادگا لە ڕانیە کە بەپێی بەڵگەنامەکان ئاماژەی بۆ کۆاوە، ڕانیە قازی تایبەت بەخۆی هەبووە، لە ساڵی (١٩١٢) مەلا سادق[٢] مفتی ڕانیە بووە.

مەلا سادق مامۆستایەکی ئایینی و کەسایەتیەکی بلیمەتی هەڵکەوتەی ڕۆژگاری خۆی بووە، کەسایەتی مەلا سادق کەسایەتیەکی بەهێز و سەقامگیر

١. دەبلیۆ. ئار. هەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

٢. مەلا سادق کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا حەسەنی ورمێیە، لەساڵی (١٨٧٧-١٨٧٨) لە کۆیە لەدایك بووە، لە گەڕەکی بایزاغا، مەلا ئەحمەدی ورمێ باوکی مەلا سادق وەك مامۆستایەکی ئایینی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە هاتۆتە کۆیە و لە مزگەوتی (مەلا جامی) وەك مامۆستا و پێشنوێژ دانراوە،بەمنداڵی لای باوکی خوێندوویەتی دوای ١٠ ساڵ سەفەر دەکات بۆ مەهاباد بەمەبەستی خوێندن، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە گەڕاوەتەوە کۆیە و بەسەردا باوکی مردووە، ئیجازەی مەلایەتی لەلایەن مەلای گەورەی کۆیە پێدراوە، لەشوێنی باوکی بەئیمام و مامۆستای مزگەوتی مەلاجامی دانراوە، ئاراس عبدالخالق عبدالمید، مەلا سادق لە ساڵی ١٩١٢ مفتی ڕانیە بووە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٧، تەمەزی ٢٠١٣، ل ٢٨.

بووە، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی بەهێز بووە، لەهەموو ڕوانگەیەکەوە خەسڵەتی زاتی خۆی تابڵێی مەلایەکی مەند و مەستوور بووە، باوەڕی بەتوندوتیژی نەبووە، بەتوانا و شارەزا بووە، لە لێکدانەوەی زانستە ئاینیەکان و بابەتەکانی خوێندن، فقە، تەفسیر، علم سەرف، عەقیدە، ڕەوانبێژی، فەلەکیات و ...هتد. لەماوەی ژیانی چەندین مامۆستای پێگەیاندووە.

کاتێ مەلا سادق ئیمام و مامۆستای مزگەوتی مەلاجامی بووە، لەساڵی (١٩١٢) داوای لێکراوە ببێت بە مفتی ڕانیە، دەڵێن دوای ئەوەی بووەتە مفتی ماوەیەك ماوەتەوە، بەڵام دوایی ڕازی نەبووە، گەڕاوەتەوە کۆیە و لەشوێنی خۆی ماوەتەوە.[1]

لە کاتی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ڕانیە قازی ئەوسای ڕانیە باری دەرونی تێك دەچێت، و دواتر خۆی دەکوژێت، (بەداخەوە ناوەکەیمان لەبەردەست نیە) لەو سەردەمەدا مەلا محەمەدی چروستانی[2] لەڕانیە دەبێت ئیتر کاروباری مفتی بەمامۆستا محەمەد چروستانی دەسپێرن.

١. ئاراس عبدالخالق عبدالمید، مەلا سادق لە ساڵی ١٩١٢ مفتی ڕانیە بووە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٧، تەمەزی ٢٠١٣، ل ٢٨.

٢. مامۆستا محەمەد چروستانی کوڕی مەلا عەبدولڕەحیمی چروستانیە، لەنەوەی پیرخدری شاهۆیە، لەساڵی ١٨٩٤ی زاینی لە گوندی ئابڵاخ لەدایك بووە، مەلا عبدولڕەحیمی باوکی مەلا محەمەد لە چەمچەماڵەوە هاتووە و لە گوندی ئابڵاخ دەستی بەکاری مەلایەتی کردووە، خوێندنگای هەبووە و فەقێی چاکی هەبووە، مەلا محەمەد لای فەقێکانی باوکی دەرسی خوێندووە.دواتر بۆ خوێندن دەچێتە هەولێر و کۆیە و هیران و نازەنین و خۆشناوەتی، کە لە هیران و نازەنین دەگیرسێتەوە، لەکاتی خوێندن لەگەڵ شێخ مستەفای هیران کەبە کاکی هیرانی بە ناوبانگە، پەیوەندیەکی زۆر باش پەیدا دەکا، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر مەلا محەمەد چروستانی، کە بەرەو ڕێبازێکی شێعری بڕوات، ئیتر دەکەوێتە ناو دنیای شێعرەوە، دواتر دەچیتەوە سلیمانی و لەوێ باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەبەر ئەوەی بەخێوکردنی خێزانی دەکەوێتە ئەستۆ، دەست لەخوێندن هەڵدەگرێ، کاتی (سەفەربەلك) بووە و ژیان سەخت بووە، لەگوندی سەراوی شاربازێر دەبێتە مەلا، دواتر دەچێتە پشدەر، لەگوندی بادین و دێگە و لەوێوە دەچێت بۆ ڕانیە و دەبێتە مەلای ڕانیە، لەساڵی (١٩٣٢) بە فەرمی دەبێت بە ئیمام و مودەریسی مزگەوتی سەید ئەحمەدی نەقیب، لە سلێمانی لە مانگی نیسانی (١٩٦٣) لەسلیمانی کۆچی دوایی دەکات. چروستانی پیاوێکی سەنگین و جەسوور و تابلێی پیاوچاك و پاك و دەرون ساف بووە و لە جیهانی ئەدەبدا هەستیارێکی بەسۆز بووە، لە شێعرەکانیدا هێرش دەکاتە سەر هەژاری و نەداری و باسی مەینەتیەکانی هەژاران دەکات.(https://www.google.iq/search?qمەلا محەمەد چروستانیoq&، زاهیر سدسق، مامۆستا محەمەد چروستانی مامۆستای شێعر و ئیمان.

ئەو کاتە ڕانیە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بووە، دوای ماوەیەك (جەلال صائیب) کە لەگەڵ (کاپیتان کۆك) جێگری حاکمی سیاسی ڕانیە دەبێت، داوا لە مەلا محەمەد چروستانی دەکەن بەڕەسمی ببێت بەقازی ڕانیە. ئیشوکاری دادوەری ببات بەڕێوە، بەڵام مەلا محەمەد چروستانی ئەم داوایە ڕەت دەکاتەوە،[١] دەڵێ: پێویستیم بە مووچەی میری نیە. چونکە ئەو کاتە مەلاکان مووچە خواردنیان پەسند نەدەکرد.

مامۆستا چروستانی کەبەشێکی ژیانی لەڕانیە بەسەربردووە، خۆشەویستی ناو خەڵك بووە و هەمیشە ڕێزی لێ گیراوە، پرس و ڕای پێ کراوە. لەکاتی شەڕی دەربەند لەشکری ئینگلیز دەشکێت و ڕانیە بۆمباران دەکرێت بەرێکەوت یەکەم بۆمبا بەماڵی مامۆستا چروستانی دەکەوێت و بەشی زۆری کتیبەکانی دەسوتێن. ئەمە وای لێدەکات ناوچەی ڕانیە و پشدەر جێ دێڵێ و بەیەکجاری دەچێتەوە بۆ سلێمانی.[٢]

## قوتابخانە:

لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیری بەتایبەت لەم سنوورە پشتگوێ خرابوو، دەوڵەتی عوسمانی هیچ ئاوڕی لەم لایەنە نەدەدایەوە، خوێندن تەنیا لەلای مەلاکان و لە حوجرەی مزگەوتەکان هەبوو، حوجرەی مزگەوتەکان ناوەندی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن و خوێندەواری بوون، خوێندن تەنیا بۆ چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و دەرەبەگەکان هەبوو، ئەویش لەڕەگەزی نێرینە سنووردار کرابوو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، دەوڵەتی

١. (https://www.google.iq/search?q مەلا محەمەد چروستانی، زاهیر سدسق، مامۆستا محەمەد چروستانی مامۆستای شێعر و ئیمان.

٢. کامەران عەبدە سالح، چروستانی ...بۆ نەبوو بە قازی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ١١ ئازاری ٢٠٠٥، ل ٢٣-٢٤.

عوسمانی خۆی بە بەرپرسیاری خوێندن و ڕۆشنبیرکردنی خەڵك نەدەزانی، ئەو ئەرکەیان زیاتر بۆ کۆمەڵانی خەڵك جێهێشتبوو، ناوەندی دەسەڵاتیش ترسی لە خوێندەواری و ڕۆشنبیری خەڵك هەبوو، لەبەرئەوە خوێندن پیشگوێ خرابوو.[1] تا هاتنی (مەدحەت پاشا (١٨٦٩- ١٨٧٢) وەك والی بەغدا، ناوبراو لەگەڵ هاتنیدا دەستی دایە چاکسازی، بەشێکی چاکسازیەکەی ئاوڕدانەوەبوو لە خوێندن و خوێندەواری، بارودۆخی خوێندن تاکۆتایی سەدەی نۆدە و سالی (١٨٨٨) تەنیا حەوت خوێندنگا لە ویلایەتی موسڵ هەبوو، ئەوانیش لە شارەکانی: (موسڵ، کەرکوك، هەولێر، کفری، ئاکرێ، ڕەواندز و سلێمانی) بوو، ژمارەی خوێندکارەکانیش (٣١٨٩) خوێندکار بوون.[2]

قوتابخانە لە بیستەکانەوە لە ڕانیە کراوەتەوە لە (عەلی بەگ) بیستراوە مامۆستایەکیان هەبووە، خەڵکی ئیزمیر بووە، ئیزمیر شارێکە لەتورکیا. قوتابخانەی ڕانیە لە جێگەی ماڵی (شێخ کەماڵ) بووە، واتە بەرامبەر مزگەوتی گەورە تۆزیك سەرووتر، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ناوی مامۆستا (کەمال جەمیل) بووە و خەڵکی کۆیە بووە. مامۆستاکانیش بریتی بوون لە: حاجی مەلا حامید، باپیری فارۆقی مەلا فاتیح، مامۆستا فوئاد ئەفەندی و ڕەسوڵ ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی، خەڵکی هەولێر بوو. دەرسی حیسابی دەوتەوە، ماموستا فایەق سەید جەمیل، عەرەبی دەوتەوە. فەڕاشەکە ناوی مام حمد بوو.[3]

ڕانیە سالی (١٩٢٢) قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەکی بچوکی تێدا کراوەتەوە، ماموستای قوتابخانەکە (ئەحمەد) ناوێك بووە، ژمارەی هەموو

١. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤١.

٢. گۆران ئیبراهیم ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤-١٤٥.

٣. خالید وەلی عەلی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١.

قوتابییەکانیش (١٣) قوتابی بووە، دوای ئەو (عومەر عادل) و (مەلا حەوێز) و (زەکی احمەد هەناری) دەرسیان تێدا گوتۆتەوە.[١]

بەهۆی بارودۆخی شەڕ ڕانیە ماڵەکانی کەم بوونەتەوە و هەندێك جار چۆڵ کراوە، ئەمە کاریگەری لەسەر خوێندنیش هەبووە، ئیبراهیم تۆفیق بەگ دەڵێ: لە ساڵی (١٩٢٢) چوومە مەکتەب، یەکەم مامۆستامان (عبدالقادر بامەڕنی) بوو، کە هەموو دەرسەکانی پێدەگوتین، ئەو کاتە هەموومان (٩) قوتابی بووین، کچمان لەگەڵ نەبوو، خەڵکیش زۆر حەزی لەخوێندن نەبوو، پۆلیس بەزۆری دەیناردن بۆ مەکتەب، ئەو قوتابیانەی لەگەڵمان بوون، ئەوەی کە بیرم مابێ ئەمانە بوون:

(١-تۆفیق مەلا سدیق، ٢-حەمەی مەلا تۆفیق، ٣-یونس ڕەئوف "دڵداری شاعیر" کە ساڵانێکی زۆر لەڕانیە بووە و لێرە گەورە بووە، ٤-ئیسماعیلی برام (ئیسماعیل تۆفیق بەگ)، ٥-جەبار سەعید بەگ، ٦-قادری سلێمان ڕەمزی)، سلێمان ڕەمزی باوکی قائمقام بوو. تەمەنی منداڵیمان نازانم چۆن بەسەربرد، ڕۆژانە (٢فلس) مان هەبوو، ئەویشمان دەدا بەنوقڵ، چونکە ڕانیە هەمووی (٥)[٢] دووکانی لێ بوو، ئەوانیش دوکانی بەقاڵی و کوتاڵ فرۆشی بوو، دوکانی تر هەبوو قەسپ و ڕۆن و خوێی دەفرۆشت، بۆ ئێمە هەر نوقڵ هەبوو، وەکو یاریش بەزۆری (کەلایەنێ)مان دەکرد، جار جار گۆمانێ و چاوشارکێ و یاریەکانی ترمان دەکرد. زۆر لە دوکاندارەکانم بیر نەماون، ئەو دوکاندارانەی لەبیرم ماون (سابیر عەتار و سەلیمی حاجی باپیری و کابرایەکی موسڵاوی کە ساڵی (١٩١٧) دوکانی لەڕانیە دانا، بەڵام ناوەکەیم بیر نەماوە.[٣]

---

١. محمدامین عارف،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

٢. ڕانیە بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانی چۆڵ کرابوو، دوایی وردە وردە ئاوەدان کرایەوە، دەبێ ئەم وتەیەی برایم بەگ مەبەستی پێش ساڵی ١٩٢٢ بێت، چونکە ئیدمۆندس کەلە ساڵی ١٩٢٢ هاتۆتە ڕانیە دڵێت: ڕانیە ٦٠ بنەماڵە و ١٢ دوکانی لێ بوون.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ برایم بەگ، گۆڤاری ڕانیە، هەمان سەرچاوە، ل ٣١،.

## نەخۆشخانە

هەرچەندە لە ساڵی (١٩٢٢) ڕانیە نەخۆشخانەیەکی بچوکی تێدا کراوەتەوە،[١] بەڵام لەسەردەمی کۆن و ڕابردوو لەکوردەواریدا سەرەڕای نەبوونی نەخۆشخانەو داودەرمانی پێویست و چارەسەرکردنی تەواو، بەڵام لەکاتی سەرهەڵدانی نەخۆشی و ئازارەکاندا خەڵك دەستەوستان نەوەستان و بە پێی تواناو ئەزموون و بیری خۆیان هەوڵیان داوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە پێناو چاك بوونەوەی نەخۆشەکاندا، یاخود لانی کەم بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکانیان، بۆیە هەمیشە مرۆڤ بیری کردۆتەوە بۆ بە دەستهێنانی دەرمانی چارەسەری نەخۆشیەکان، لەم کارەشدا زیاتر پەنایان بردۆتە بەرگژوگیا و ڕووەکی سروشتی و دەرمانیان لێ دروست کردووە بۆ نەخۆشەکانیان بەکارهێناوە، کەم تا زۆر سوودبەخش بووە، بۆتە هۆکاری چاك بوونەوەی نەخۆشەکان، لە بواری پزیشکیدا گژوگیای سروشتی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، هەروەك تا ئێستاش لە کوردستان کاریگەری خۆی هەیە و ڕۆڵی خۆی بینیوە.

لەکۆندا چەندین ژن و پیاوی خەمخۆر لەڕانیە هەڵکەوتووە، خۆیان بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە، لەکاتی نەخۆش کەوتن و بریندار بوون و سوتاندا بەپێی تێگەیشتنی خۆیان چارەسەریان بۆ نەخۆشەکان کردوون، بەڵام ئەو چارەسەرانە هیچی بەپێی زانستی پزیشکی نەبووە، تەنیا دڵسۆزی و شارەزایی ئەو کەسە بووە، کارەکەی ئەنجام داوە، لەبەر ئەوە هیچ دوور نیە جاری وایش هەبووە، بەکارهێنانی ئەو دەرمانە ئەنجامی خراپی هەبووە و نەخۆشەکە زیاتر زیانی پێگەیشتووە.

---

١. محمدامین عارف، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦.

زۆر نەخۆشی هەبووە چارەسەریان بۆ نەکراوە، بەتایبەت ناوچەی بیتوێن بەهۆی چاندنی مەرەزەی زۆر ئاوەکەی وەك زەلکاو وەستاوە و بووەتە کۆبوونەوەی مێشوولە و میکرۆب و سەرچاوەی زۆر نەخۆشی بەتایبەت مەلاریا پرزەی لەخەڵك بڕیبوو، سەرەڕای ئەوەی تائێستاش کەسە بەتەمەنەکان باسی نەخۆشی و ناسازگاری بیتوێن دەکەن، (ئەدمۆندس) و (کاپتن لاین) لە کتێبەکانیان بەسەرنجەوە باسیان کردووە، بەهۆی زەلکا و چاندنی مەرەزە نەخۆشی مەلاریا لەم سنوورە زۆر بووە، لە گۆڤاری کەکۆن (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژەی بەوەداوە: کاملی بەهجەت ئاغا لەبەر هەژاری نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات، بووبە پۆلیس لەناوچەی بیتوێن بەهۆی پێشکەوە تووشی نەخۆشی مەلاریا بوو لەتەمەنێکی کەمدا کۆچی دایی کرد.[١]

هەندێك جار نەخۆشیە درمی بڵاوەکان لەناو خەڵکدا بڵاوبوونەوە و زیانی زۆری بەخەڵك گەیاندووە، بۆ نموونە: لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارەی (٩٦) لە (٢٣) شوبات (١٩٢٢) لە لاپەڕە (٤)دا بڵاو کراوەتەوە: "لەبەر دەرکەوتنی ئاوڵە لە قەڵادزە و ڕانیە هەندێ کەس بەم نەخۆشیە گیانیان لە دەست داوە، زۆر پێویستە هەموو کەس لەم نەخۆشیە خۆی بپارێزێ، ئەمەش بەهۆی کوتانەوە دەکرێت، هەموو ڕۆژێك لەنەخۆشخانەی سلێمانی لەنێوان سەعات پێنج و نیوی عەرەبی ڕۆژەوە، هەتا سەعات حەوت بەخۆڕایی کاری کوتاندن دەکرێت، بۆ هەموو کەس پێویستە خۆی بکوتێت ئەگەر لەشاردا بڵاو بێتەوە، زۆر کەس گیان لەدەست دەدات، ئەو کاتە خۆپاراستن زەحمەت تر دەبێت.- دکتۆری سلێمانی.[٢]

١. گۆڤاری کەکۆن، ژ ١٨، تشرینی دووەمی ٢٠١١، ل ٤٢.

٢. کتێبی پێشکەوتن ، سلێمانی ٢٠١٢، ل ٤٢٦.

دەربارەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئاوڵە لەو سەردەمەدا جارێکی تر لەڕۆژنامەی پێشکەوتنی ژمارەی ٩٧، لە ٢ مارتی ١٩٢٢ لە لاپەڕە (٤) دا بڵاو کراوەتەوە :

ئاوڵە و کوتان

نەخۆشی ئاوڵە لە قەزای ڕانیە دەرکەوتبوو، جێگای داخ و نیگەرانیە کە بەتەواوی مەعلوم بووە، لەم هەفتەیەدا لە سلێمانیش سەری هەڵداوە، لەنسخەی پێشووی پێشکەوتندا لەلایەن دکتۆرەوە بڵاوکرایەوە، کە هەموو ڕۆژێك لە نەخۆشخانە بەخۆڕایی خەڵك دەکوترێ، بەڵام زۆر کەسی واهەیە گرنگی پێنەداوە، خۆی نەکوتاوە، فکرێکی تریش لەناو گشتی خەڵکدا بڵاوە کە منداڵێك، یاخود یەکێك جارێك کوترابێت ئیتر تاکۆتایی تەمەنی کاریگەری ئەم کوتانە دەمێنێ، بەڵام وانیە کاریگەری کوتانی ئاوڵە کە مرۆڤ پێی دەکوترێت، حەوتساڵ زیاتر بەردەوام نابێت، ( ئەو فکرەی کە دەڵێ من بەمنداڵی کوتراوم ئیتر پێویست ناکا بکوترێم) هەڵەیە و ڕاست نیە. نەك لەبەر خۆی، بەڵکو بۆ خاتری ئەوەی کە خەڵکی تریش لێی دڵنیا بن، پێویستە لەسەر هەموو کەسێك خۆی بکوتێت، بەتایبەتی لەم ڕۆژانەدا کە ئەم نەخۆشیە بەتوندی دەرکەوتووە. هەموو ڕۆژێك لەنێوان سەعات پێنج و حەوتی ڕۆژدا لەنەخۆشخانە خەڵك دەکوترێت، لە سبەینێوە تەشریف بێنن و خۆتان بکوتن چاکترە.[1]

بۆ ڕێگا گرتن لە گەشە و تەشەنەکردنی نەخۆشی ئاوڵە بۆ خەڵك ئاگاداری بڵاو کراوەتەوە لەرۆژنامەی پیشکەوتن سالی ٣ ژمارەی ١٠٣ پینج شەمە ١٣ نیسان ١٩٢٢ ل ٥ بەناوی (أوله کوتان) نوسراوە:

---

١. کتێبی پێشکەوتن، ٢٠١٢ سلێمانی ، ل ٤٣٢.

"هەموو ڕۆژێك لە خەستەخانەی شاردا لەبەینی سەعات هەشت و دەدا بەخۆڕایی (مجانا) أولە دەکوترێت.

دوقتور سلیمانی"[١]

**جولەکە**

کورد وەك نەتەوەیەکی دڵپاك و مرۆڤ دۆست هەر لەزۆر کۆنەوە چەندین نەتەوە و ئایینزای تر لەگەڵیدا ژیاون، لەلایەن کوردەوە ڕێزیان لێ گیراوە و هاوکاری کراون، لە کوردستان پەرستشی هەموو ئایینەکان بەیەکەوە ژیاون و گیانی هاوکاری و ئاشتی و پێکەوە ژیان لەناویاندا هەبووە، بەم شێوەیە چەندین خەڵکی جولەکە هەبوون، جولەکەکان ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بووە، بەڵام بە ئاسوودەیی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ژیاون، جولەکە بەزمانی خۆیان قسە دەکەن و پێی دەنووسن، ئەوان لە شارەکاندا لەجیاتی تورکی پێیان باشترە بە عارەبی قسە بکەن.[٢]

هەندێ تایفەی جولەکە لە هەولێر و کۆیە و گوندی بێتواتە هەبوون، کە دەکەوێتە سەرپەڕی ناوچەی خۆشناوەتی و سەر بە قەزای ڕانیەیە، لە زۆر لە گوندە کوردییەکان تووشی خێزانی تاك تاکەی جولەکە دەبی، کە کۆگای بچووکی گشتیان هەیە، هەندێ لە دوکانە سەرەکیەکانی کوتاڵفرۆشی جولەکەکان بەڕێوەی دەبەن، تایەفەکە زۆربەیان خەریکی پێستە خۆش کردن و چنینن، کاری دروست کردنی شەڕابیش هەر ئەوان دەیکەن، کە لە دڵۆپاندنی مێوژ دەکرێ. ئەو کارە بۆ موسڵمانان حەرامە، هەرچەندە هەندێکیان شەڕاب دەخۆنەوە، خەڵك ڕوونادەنە جولەکەکان و بە چاوی سوك سەیریان دەکەن.

---

١. کۆکراوەی پیشکەوتن ٢٠١٢ سلیمانی ل ٤٦٧.

٢. دەبلیۆ. ئار. هەی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

هەرچەندە نابینرێ چەوساندنەوەیەکی بە بەرنامە و دوژمنکارییەك هەبووبێ و بووبێتە هۆی خوێن ڕشتن.[١]

لەکۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا حکومەتی تورکی بڕیاری کۆمەڵکوژی لە عەنکاوەدا، بەڵام کوردەکان ڕەتیان کردەوە و ڕازی نەبوون. هەر چۆنێك بێ ئەوان لەژیانێکی پڕ ترس و بیم و گومانی بەردەوام دەژین، ئەوان ڕقیان لە ئیسلامەکانە، تەنانەت ئەگەر هۆکارێکیشیان نەبێ، ئەوە خراپترین خەسڵەتیانە، بەڵام گاورەکانی شەقڵاوە لە ناوچەیەکی عەشایەری دەژین، ئەوان هەمیشە هەڵسوکەوتێکی باشیان لەتەکدا دەکرێ و سەرۆك هۆز لە ناوچەکە بە گەورەی خۆیان دەزانن. ڕێگەشیان دراوە موڵك وماڵیان هەبێ لە بارێکی پڕ ئاسایش و ئارامی و کەسیش دەست لە کاروباریان وەرنادا.[٢]

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گاورانە مەراییکەر و زمان لوسن، زۆر لە ژنەکانیان دەدەن و ناکۆکی خێزانیان هێندەی هەموو گوندەکانی دی هەیە، ئاینی ئەوان گاورە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شەپڕێو بووە، پڕ لە خورافە و بیروباوەڕی کوێرانەیە، بەڵام ئەگەر ئەو پیسیەی لەسەر لادەی لەژێرەوە بەردێکی بە نرخ دەدۆزییەوە. ئاینێك کە بە ئازایەتی و سەبرێکەوە پارێزگاریان لێکردووە، وێنەی نییە، ئەوەی سەیرە دوو سێ مەزار لەو پارێزگایەدا بدۆزییەوە دەڵێن هی هاواڵەکانی عیسان (س) ئیسلامەکانیش بە پیرۆزی دەزانن.[٣]

ڕانیەش وەکو زۆربەی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان جولەکەی تێدا نیشتەجێ بووە، ئەو ماڵە جولەکانە لەشاری ڕانیە بوون، دوکانیان هەبووە و کوتاڵ فرۆشی و خومچێتی و ئەو کارانەیان کردووە.

---

١. دەبلیۆ. ئار. هەی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

٢. دەبلیۆ. ئار. هەی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

٣. دەبلیۆ. ئار. هەی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

زۆربەی جووەکانی کوردستان یەکەوڕاست پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل روویان لەو وڵاتە کرد، بەڕۆیشتنی جولەکەکان پیشە و کاری دەست دواکەوت، ژمارەیەکی کەمی کورد هەبوون زانیاری پێویست و توانا و بەهرەی ئەوەیان هەبێت جێگەی چۆڵی ئەو وەستا کارامانە بگرنەوە.

ئەو ماڵە جولەکانەی لە ڕانیە بوون:

١. خدرۆکە جوو، ماڵەکەیان لە جێگای ماڵی موختاری ڕانیە (ساڵح حەمید) بوو، واتە پشتی مزگەوتی گەورە.

٢. شەمعون کوڕی خدرۆکە بوو، دوکانی قوماش فرۆشی هەبوو.

٣. میراتە جوو، کاری خمی کردووە، بۆ خم کردن و بۆیە کردنی جل و بەرگ بەبۆیەی ڕەش لەکاتی شایی و بوك گواستنەوە و هەڵپەڕین گۆرانی وتووە.

٤. نوریە جوو، لە نزیك ماڵی واحیدی فەقێ سمایلی بوو.

٥. کووە نوریە جوو، دوکاندار بووە و پیاوێکی دەوڵەمەند بووە.

٦. داودۆکە جوو، لە جێی ماڵی مام ڕەسوڵ مەنتیقە بووە.

٧. سدیقە جوو، ماڵی لە نزیك ماڵی قادری مام عەلی بووە.[١]

## قایمقامەکانی ڕانیە

ڕانیە لەلایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە شوێنێکی گرنگ و بایەخدار و ستراتیژی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی وەکو قەزاکانی تر هەمیشە کێشە و ڕووداوی زۆری هەبووە، بەتایبەت نزیکی لە سنووری ئێران و بوونی هۆزی جۆرا و جۆر لەم ناوچەیەدا بەراورد بە قەزاکانی تر، بۆ نموونە لەچاو

١. خالید وەلی عەلی،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

هەولێر زیاتر بە کێشە بووە، کێشە و گرفتەکانیش لە دوولایەنەوە بووە، هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوە، ئەمەش وای کردووە لە ڕووی ئاسایشەوە نائارام و زۆربەی کات ئاسایشی جێگیر نەبێت، بەڵگە و ڕووداوەکان دەیسەلمێنن بەهۆی هۆزەکانەوە ناوچەکە ئارامی و جێگیر بوونی بەخۆیەوە نەدیوە، بەردەوام کێشە و دووبەرەکی و ناکۆکیان هەبووە.

بەپێی ئەو بەڵگانەش لەبەردەستدان لەلایەنی کارگێڕیەوە بایەخی پێ نەدراوە، زیاتر وەك ناوچەیەکی سەربازی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەمەش وای کردووە، بارودۆخی ناوچەکە نائارام بێت، لەلایەکی تر ئەو گۆڕانکاریە زۆرەی لە قائیمقامەکان کراوە، دەیسەلمێنێ بارودۆخی ناوچەکە ئارام نەبووە، زۆر جار بەوەکالەت بەڕێوە براوە، هەندێك جاریش بۆشایی لەنێوان ماوەی قائیمقامەکاندا هەبووە، خراپی مامەڵەی قائیمقامەکان و بێزاری خەڵکی دەڤەرەکە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حکومەت لە خزمەت کردنی خەڵك، ئەنجامەکەشی ئەو گەندەڵیە کارگێڕیە بوو، سەرجەم دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنی بۆوە.

لە هەموو بارێکدا گۆڕینی ئەو هەموو قائیمقامە شێوەیەکی نائاسایی هەبووە، ئەمە لە تەلگرافێکی نوری والی موسڵ دەردەکەوێت خۆشیان لەم دۆخە بێ ئاگا نەبوون، لە ١٧ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٢ کۆچی و لە ١٩ مایس ١٣٢٠ ڕۆمی بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلەی ناردووە و دەڵێت: " تەلگرافنامەی بەندەمان لە ٣ نیسان ١٣٢٠ ڕاگەیەندراوە، لەبەر کەشوهەوای مەرکەزی قەزای ڕانیە و دەوروبەری، هەروەها خەڵکەکەشی لە پێکهاتەی هۆزایەتین و کەلەڕەق و توندن، ئەو قائیمقامانەی بەوەکالەت لەدەرەوە دەهێنرێن و دادەمەزرێن، لەکارەکەیان بەردەوام نابن، تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کارگێڕیش سەرکەوتونابن".[١]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧.

ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە، بەڵگەی کەمی لەسەر نووسراوە و بۆشایی لەنێوان کار و حوکمی قائیمقامەکاندا هەیە. ئەگەرچی بەڵگەکان گرنگ و بایەخدارن، پەردە لەسەر زۆر زانیاری شاراوە و نهێنی لادەدەن و ڕووداوەکان ئاشکرا دەکەن، بەڵگەکانیش زیاتر باسی سیاسی و ڕووداوی سیاسی دەکەن، نەك کارگێڕی.

ساغ کردنەوە و نووسین دەربارەی قائیمقامەکانی قەزای ڕانیە ئاسان نیە، سەرەتا کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕانیە بووە بە قەزا لە ساڵی ١٨٧٩، لەبەر نەبوونی بەڵگە و زانیاری پێویست لەسەر ناو و کاری قائیمقامەکانی قەزای ڕانیە، ناتوانین وردەکاری ئەو سەردەمە لەڕووی کارگێڕی لەم سنوورە دەستنیشان بکەین، ئەوەی هەیە جگەلە دەستکەوتنی هەندێك بەڵگەنامەی ئەرشیفی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی تۆمار کراون، بەڵگەنامەکانیش کەموکوڕی زۆریان تێدایە، بەشی زۆری تەنیا ناوی خودی قائیمقام نووسراوە و باوك و باپیر و وردەکای تێدا نیە، لە مێژوو و کاتی دامەزراندن و ڕووداوەکانیش کەموکوڕی هەیە، ئەوەی تر بەهۆی دەسنیشان کردنی هەندێك لە کێشە و ڕووداوەکان ناویان هاتووە، دەتوانین ناوی بەشێکی زۆر لە قائیمقامەکانی قەزای ڕانیە لەو سەردەمەدا بزانین، بەهیواین لەداهاتوودا زانیاری زیاترمان دەستکەوێت.

کۆنترین بەڵگەنامەیەك کە لەبەردەست دایە، نامەی کەسێکە بەناوی (مەعروف) تەنیا باسی دامەزراندنی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە کردووە، ئەمەش لەوانەیە وەك پاسەوان یان فەرمانبەر دامەزرابێ، ئەو لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**D.02905.0015**) لە ٢٠ ڕەبیعی کۆتایی ١٢٩٢ کۆچی بەرامبەر بە ١٤ مایس ١٢٩١ ڕۆمی لە مەعروف ناوێکەوە نووسراوە:

"لەباش قەپو[١]غولام کامل ئاغا بۆ شێخ عەبدولجەواد ئەفەندیمان

لەسەر ئەو پێشنیارەی جەنابی جەوهەر ئاغا هێنابووی، لەلایەن جەنابی ویلایەتپەناهی[٢] لە قائیمقامیەتی ڕانیە دامەزراوم، لە ١٤ی مایس ١٢٩١."[٣] وەك لە (بەڵگەنامەی ژمارە (١٣) پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە.)

بەڵگەنامەکە مێژووی ١٢٩٢ کۆچی بەسەرەوەیە کە دەکاتە ١٨٧٥ زایینی، ئەوەش جێگای سەرنجە، ناوبراو دەڵێت: لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دامەزراوم، بەپێی نووسراوەکە ڕانیە ئەو کاتە قەزا بووە، بەڵام بەپێی زانیاری ئێمە و ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستدان، ڕانیە لە ساڵی ١٨٧٩ بووە بە قەزا. هەرچۆنێك بێت دەبێ چاوەڕوانی داهاتوو دەستکەوتنی بەڵگەی زیاتر بکەین.

وەك ئەو زانیاریانەی لەبەردەستن سەرەتا کە ڕانیە بووە بە قەزا، لە ساڵی ١٨٧٩ تا ساڵی ١٨٨١ واتە ماوەی سێ ساڵی سەرەتا زانیاری و بەڵگەمان لەسەر قائیمقامەکان لەبەردەست نیە، بۆ دواتریش ئەو زانیاریانەی لەسەر ناو و کاری قائیمقامەکانی قەزای ڕانیە دەستمان کەوتووە بەم شێوەیە:

١. عەبدوڵڵابەگ: لەچارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدە قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، زانیاریمان دەربارەی عەبدوڵا بەگی قائیمقامی قەزای ڕانیە کەمە، بەڵام بەهۆی ئاکامەکانی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری، بە قسەی فەرمانداری مەهاباد حەسەن عەلی خانی گەڕووسی، دوو کچ

---

١. قەپوچی باشی (قپوچی باشی): قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە ڕەسمیەکانی دەوڵەت دەوترا، کە خەڵك بۆ ئیش و کارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگەلەوەی قەپوچی باشیش پلەیەك بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب هومایونی قپوچی باشی شاهانە) واتە: سەربازە سوارەکانی پاشا. سەرچاوە: نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. ویلایەتپەناهی: پەناهی واتە پیوەندی، ویلایەتپەناهی واتە شتێك پەیوەندی بە ویلایەتەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

لەسنووری میاندواو لەلایەن هێزەکانی بایزئاغای کوڕی مامەندئاغای پیران،و برایم ئاغای مەنگوڕ، بەدیل یگیرا بوون و بۆ ڕانیەیان هێناون، لەبەرئەوە حەسەن عەلی خانی گەڕووسی فەرمانداری مەهاباد داواکاری لە عەبدوڵڵا بەگی قائیمقامی قەزای ڕانیە هەبووە، ئەو دوو کچەی بۆ بنێرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕادەستی خاوەنەکانیان بکاتەوە، ئەم زانیاریانەی لە ڕۆژی ١٥ی ڕەجەبی ١٢٩٨ کۆچی (١٣- ٦- ١٨٨١ز) لە نامەیەکدا نووسیویەتی بۆ: محەمەد ڕەحیمخان (عەلائولدەولە- ئەمیرنیزام) لە تەورێز، دەڵێت: "نامەیەکم بۆ (عەبدوڵڵابەگ)ی قائیمقامی قەزای ڕانیە نووسیو مستەفا بەگی زاوای ئاغا سەیید عەلییم لەگەڵ پیاوێکی تایبەتدا بۆ ڕانیە نارد. بەڕێز عەبدوڵڵا بەگ بەوپەڕی ڕێزو پێشوازییەوە وەریگرتبوون و هەردوو کچەکەی لەگەڵ مستەفا بەگ و پیاوە تایبەتیەکەی مندا بۆ سابڵاخ بەڕێ کردبوونەوە و نامەیەکیشی لە بارەی ئەو یارمەتیەوە نووسی بوو،کەپێیدابوون".[١]

قائیمقامی ڕانیە بەناوی عەبدوڵا بەگ مانگی پێشتر سزا دراوە و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان ئەو کاتە قائیمقامەکان زوو زوو شوێنیان گۆڕاوە، لەبەر ئەوە دەکرێ یەکێکی تر بەهەمان ناو هاتبێتە شوێنی ئەو عەبدوڵا بەگە، هەرچەندە لەناو بەڵگەنامەکاندا زۆر نووسراوی تری هاوشێوە نووسراوە و جێبەجێ نەکراوە، بۆ نموونە: بۆ یەکێك بەنووسراوێك نووسراوە: بگوازرێتەوە یا سزا بدرێت، یا پاداشت بکرێت، کەچی نووسراوێکی تری بەدوادا هاتووە، هەمان ناوەرۆکی دووبارە کردۆتەوە، کەواتە: سەرەڕای نووسراوی پێشتر کە داوا کراوە بگوازرێتەوە

١. حەسەن عەلی خانی گەڕووسی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا..، و: لە فارسیەوە: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر- ساڵی ٢٠٠٧، ل١٢٨.

یا سزا بدێت، داواکاریەکە جێبەجێ نەکراوە، چونکە لە نووسراوی دواتر ناوبراو هەر لەشوێنی خۆی بووە، بۆیە دووبارە کراوەتەوە، لەبەر ئەوە دەکرێ ئەمەش هەمان شێوە بێت.

وا پێ دەچێت عەبدوڵڵا بەگ ئەرکی لە کاری قائیمقامی بەڕێك و پێکی ئەنجام نەداوە، لەسەر ئەمە سکاڵای لێ کراوە، لای کاربەدەستانی عوسمانی بۆ ئەوەی سزای بدەن، ئەمە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH.00825.066445**) لە **٢** ڕەبیعی کۆتایی **١٢٩٨** کۆچی بەرامبەر بە **١٩** شوبات **١٢٩٦** ڕۆمی نووسراوە: لەئەنجامی ئەو سکاڵایانەی لەسەر قائیمقامی قەزای ڕانیە عەبدوڵا بەگ هاتووە، ناوبراو دوورخراوەتەوە و دراوەتە دادگا، لەشوێن ئەو عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری دیرە لەناو قەزای ڕەواندز دامەزراوە، بۆ پەسندکردنی ئەرکەکەی لە ویلایەتی موسڵی بەهیە بڕیارنامەی مێژووی **٩**ی سەفەر **١٢٩٨** ژمارە **٢٤** حەواڵەی کۆمسیۆن کراوە، ڕاگەیەنراوە و ئاماژەی پێ کراوە کۆتایی بە موچەکەی هێنراوە و ناوبراویش ئەرکەکەی پەسند کراوە، لەگەڵ جێبەجێ کردنی چۆنیەتی کارەکە، ئاماژە دراوەتە ویلایەتی ناوهاتوو و زانیاری لە ژمێریاری ناوخۆوە دەرچووە، لەم بابەتە فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە فەرمان دەردەکات، لە **٢**ی ڕەبیعی کۆتایی **١٢٩٨** و لە **١٩**ی شوبات **١٢٩٦**.

مۆری یورکی کوڕی ئوستویان/ رزا/ محەمەد ئەمین/ محەمەد ئەمین/ ئەحمەد جەلال[1] (بەڵگەنامەی ژمارە (١٤) لە پاشکۆ ئاماژەی بۆ کراوە).

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

**٢.عەبدوڵڵا ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، هەرچەندە لەوە زیاتر ئاماژە بەکارەکانی نەدراوە، تەنانەت ناوی سیانیشی نەنووسراوە، ئەوە حاڵی زۆربەی ناوی ناو بەڵگەنامەکانە و کەموکوڕی زۆریان تێدایە، دەربارەی ئەم عەبدوڵڵا ناوەی قائیمقامی قەزای ڕانیە، لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT. 01375.00064) لە ٦ سەفەر ١٣٠٤ کۆچی بەرامبەر بە ٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٢ ڕۆمی بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی نووسراوە:**

**٦ سەفەر ١٣٠٤**

**٢٢ تشرینی یەکەم ١٣٠٢**

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی[1]

**بەهۆی مردنی ڕەشید ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر سەر بە سنجەقی زور، لەشوێن ئەو قائیمقامی ڕانیە عەبدوڵڵا ئەفەندی و بۆ ڕانیەش لە قائیمقامی عەقرە محەمەد ئەفەندی و بۆ عەقرە لەقائیمقامی زاخۆ تاهیر ئەفەندی و بۆ زاخۆش لە قائیمقامی سنجار مستەفا ئەفەندی و بۆ شوێن ئەویش لە قائیمقامی بازیان سدقی ئەفەندی بگوازرێنەوە و دابمەزرێن، لەم بارەیەوە ئاماژەی پێکراوە و لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بڕیارنامە دەرچووە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی باری کەسێتی بەیەکەوە پێشکەشی جەنابی سەدری ئەعزەمی[2] سەدارەتپەناهی کراوە، هەروەها پێشووتریش ڕاگەیەنراوە کە جەدی بەگ لە قائیمقامیەتی**

---

١. سەدارەت پەناهی: پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم، وەکو سەرۆك وەزیرانی ئێستا، سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. سەدری ئەعزەم (صدر اعظم): لەدەوڵەتی عوسمانی پلەکەی وەکو سەرۆك وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە، سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

بازیان دابمەزرێت، بۆ ئەمەش ڕای جەنابی فەخامەتپەناهی[١] جێبەجێ دەکرێت.[٢]

**٣. مەحمود نەدیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، ناوبراو کێشەی زۆری هەبووە زۆرترین لەبەڵگەنامەکان دەربارەی ئەون، زانیاری دەربارەی ئەو لەسەر بڕیاری سەدری ئەعزەم کراوە، بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە ناوبراو هاتووەتە شوێن محەمەد بەگ، کەواتە محەمەد بەگیش قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، بەڵام هیچ زانیاری دەربارە نەنوسراوە تەنیا ئاماژە بەوە دراوە، لە ناو سانجەقی شارەزوور محەمەد بەگ قائیمقامی قەزای ڕانیە مردووە، ناوبراو شوێنی بگرێتەوە، وەك لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (I.DH.01039.081739) لە ٢٥ شەوال ١٣٠٤ کۆچی بەرامبەر بە ٤ تەمموز ١٣٠٣ ڕۆمی نووسراوە:**

بابی عالی[٣]

فەرمانگەی سەدارەت[٤]

دیوانی هومایۆن[٥]

**جەنابی ئەفەندم**

١. خەلافەتپەناهی(خلافتپناهی): خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێك، کە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێخەمبەر، ئەرکێك بوو لە ئیسلام داهێنرا" پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەتپەناهی واتە شتێك کەپەیوەندی بەخەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

٣. بابی عالی: بنکەی سەدری ئەعززەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٤. سەدارەت(صدارت):شوێنی کاری سەدری ئەعززەم و پلەکەیەتی.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٥. هومایۆن (هومایون): پاشا.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

لە ناو سانجەقی شارەزوور محەمەد بەگ قائیمقامی قەزای ڕانیە مردووە، لەشوێنی ئەو لە چینی سێیەم مەحمود نەدیم ئەفەندی دابمەزرێت، کەلە قائیمقامیەتی سروج جیابۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو کراوە، بڕیارنامە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دەرچووە، هەروەها کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی نابراو لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە بەیەکەوە ڕاگەیەنراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بەهەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی ملوکانە بفەرمووێت، جێبەجێ دەکرێت، نووسراوی بەپەلە داوا کرا ئەفەندم، لە ٢٥ شەوال ١٣٠٥ و لە ٤ی تەمووزی ١٣٠٣.

سەدری ئەعززەم[١]

مەحمود نەدیم ئەفەندی گوازراوەتەوە و بە قائیمقامی قەزای ڕانیە دامەزراوە، خەرجی ڕێگاشی بۆ دیاری کراوە لەو باریەوە لە بەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 01435.00075**) لە ١١ زیلقەعدە ١٣٠٤ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠ تەموز ١٣٠٣ ڕۆمی بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە نووسراوە:

١١ زیلقەعدە ١٣٠٤

٢٠ تەموز ١٣٠٣

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە

قەزای ڕانیە لەپاشکۆکانی سنجەقی شارەزوورە، ئەمجارە بەفەرمانی پاشا، مەحمود نەدیم ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو دامەزراوە، وەکو خەرجی ڕێگا ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە بدرێتە ناوبراو لە ٢٨٠٨ قووروش

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

لە دابین کراوی ناوخۆی ساڵی ١٣٠٣[١] هەژمار کراوە، لەسەر داواکردنی نووسراوکراوە، بەحەواڵە لەنەزارەتی ژمێریاری گفتوگۆی لەسەرکراوە، جێبەجێ بکرێت.[٢]

دواتر بەنووسراوی تایبەت بڕی مووچەی مانگانە و خەرجی ڕێگای بۆ دیاری کراوە، بەپێی ئەوەی لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT. 01439.00074) لە لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٤ کۆچی بەرامبەر بە٣ ئۆغستۆس ١٣٠٣بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:

لە ٢٥ جەمادی یەکەم ١٣٠٤

٣ ئۆغستۆس ١٣٠٣

بۆ ویلایەتی موسڵ بەهیە

لە ناو سنجەقی شارەزوور قائیمقامی قەزای ڕانیە محەمەد بەگ مردووە، لەشوێن ئەو مەحمود نەدیم ئەفەندی هەڵبژێراو لە چینی سێیەم دابمەزرێت، کە لە قائیمقامی سروج جیابۆتەوە، لەم بارەیەوە لەسەر ئەو بڕیارەی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دراوە، بەڕەزامەندی لایەنی سەدارەتپەناهی[٣] فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فەرموویەتی، هەروەها لە قائیمقامیەتی باسکراو مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ مێژووی دەست بەکاربوونی ناوبراو ئەو مووچەیەی وەری دەگرێت نیوەی دەست بەسەر دەکرێت بۆ سندوقی خانەنشینی، هەروەها خەرجی ڕێگای ناوبراو ٢٠٨٨ قوروش لەدارایی لە ویلایەتی سیواس دابین دەکرێت،

١. مەبەست لە ساڵی ١٣٠٣ ڕۆمی.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

٣. سەدارەتپەناهی: پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

بەسەروو ڕاگەیەنراوە، لەپەراوێزی نەزارەتی ژمێریاریش باسکراوە، هیمەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[١]

هەروەها دەربارەی مەحمود نەدیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بەڵگەنامەی تر هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی زانیارییەکانی دووبارەیە، بۆیە خۆمان لە تۆماردنی بوارد، لەبەڵگەنامەیەکی تر کە لە ١٦ سەفەری ١٣٠٥ کۆچی بەرامبەر ٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٣ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە: لەناو سنجەقی شارەزوور قائیمقامی زاخۆ مستەفا ئەفەندی لە ٥ی تشرینی دووەمی ٩٧[٢] دەست بەکار بووە، بەنووسراوی ویلایەتی بەهیە ئاماژەی پێکراوە، هەرچەندە لەگەڵ ناوبراو ئەرکەکەیان جێبەجێ کراوە، بەڵام مێژووی دەستبەکاربوونی قائیمقامەکانی هەولێر و ڕانیە و عەقرە و سنجار نیشان نەدراوە،[٣] پێ دەچێت ناوبراو پەیوەندی بەشوێنی کارەکەی نەکردبێت، چونکە دواتر مەحمود نەدیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە دەستی لە کارکێشاوەتەوە، هەرچەندە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی دیاری نەکراوە، بەڵام ئاماژە بەوە دراوە لەسەر ویستی خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەبەر ئەوە لەشوێن ئەو عومەر لوتفی ئەفەندی دەست بەکار بووە، ئەمە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH.01104.086460**) لە ١٦ سەفەر ١٣٠٦ کۆچی بەرامبەر بە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٤ ڕۆمی نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

جەنابی ئەفەندم

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

٢. پێ دەچێت ئەم مێژووە هەڵە تۆمار کرابێت.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

لە پاشکۆکانی ویلایەتی موسڵ لەناو سنجەقی شارەزوور، مەحمود نەدیم ئەفەندی لەقائیمقامیەتی قەزای ڕانیە لەسەر ویستی خۆی دەستی لەکار کێشاوەتەوە، لەشوێن ئەو عومەر لوتفی ئەفەندی دابمەزرێت، کە لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان جیابۆتەوە، نووسراو بۆ خۆجێی کراوە، بڕیارنامەش لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و دراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی و نووسراوی نەزارەتی ناوخۆ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتە لەهەر جۆرێك بێت فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشایە، چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمە نووسراوی بەپەلە کراوە ئەفەندم.

لە ١٦ سەفەر ١٣٠٦ لە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٤

سەدری ئەعزەم[1]

٤.**عومەر لوتفی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە:** وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد عومەر لوتفی ئەفەندی کراوە بە قائیمقامی ڕانیە، بەڵام بەهۆی خەرجی زۆر و ناپێویست ئەویش لە کارەکەی گوازراوەتەوە بۆ شوێنی تر، دەربارەی ناوبراو دواتر لەبەڵگەنامەیەکی تردا لە ڕۆژی ٢٢ی ڕەبیعی دووەم لە ١٣٠٩ بەرامبەر ١٢ی تشرینی دووەم ساڵی ١٣٠٧ بۆ ویلایەتی موسڵ بەهیە ڕاگەیەنراوە عومەر لوتفی ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای تارهون لەو کاتەی لە قەزای ڕانیە قائیمقام بووە، خەرجیەکەی زیاد لەپێویست بووە، بۆیە ٢٥٠٠ قوروش لە ناوبراو وەرگیراوە، سەنەدەکەشی ئامادەکراوە و دراوەتە دەستی، چۆنیەتی کارەکە بە والا[2] ڕاگەیەنراوە و

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

٢. ئەنجومەنی والا (مجلس والا): ئەنجومەنی والا لەساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجومەنە کاری ئەوە بوو، داوای نێوان دەوڵەت و خەڵك جێبەجێ بکات، لەساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لەشوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا

لە ژمێریاری گفتوگۆی لەسەرکراوە، هممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.[١]

**٥. عەبدوڵڵا بەگ بەوەکالەت قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە:** لەدوای عومەر لوتفی قائیمقامی قەزای ڕانیە بەبێ ئاماژە دان بەناو و ئەنجامی کاری ناوبراویش نادیارە، ئەو زانیاریەی هەمانە دوای ناوبراو عەبدوڵڵا بەگ بەوەکالەت قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، ئەویش لەبەر لایەنی توانای ناوبراو پەسند نەکراوە و داوای یەکێکی تر کراوە، ئەمە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 01780.00009**) لە ٢٨ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٨ کۆچی بەرامبەر بە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٦ ڕۆمی نووسراوە:

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

لەناو سنجەقی شارەزوور عەبدوڵڵا بەگ بەوەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیەیە، بەڵام توانای ناوبراو لەگەڵ گرنگی قەزای باسکراوە گونجاو نیە، بۆیە کەسێکی گونجاو لەقەزای ناوهاتوو دابمەزرێت و ڕەوان بکرێت، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، محەمەد نەزیف ئەفەندی لەچینی سێیەمی مولازمە هەڵبژێراوەکانە و لەسەرۆکایەتی دادگایی سەرەتایی ئاباسو دەستی لەکار کێشاوەتەوە و هاتۆتە دەرسەعادەت[٢] لە سەرۆکایەتی دادگایی سەرەتایی سومبکی دامەزراوە، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە شوێنی ناوهاتوو جیابۆتەوە، نووسراو کراوە ناوبراو لە قەزای ڕانیە دابمەزرێت، لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بڕیارنامە لەگەڵ

---

سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

٢. دەرسەعادەت: ئیستەنبۆل پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

کاغەزی وەرگێردراوی باری کەسێتی ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، فەرمانی خدێوی عالیە.[١]

٦.محەمەد نەزیف ئەفەندی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە، ناوبراو کە نێردراوە بۆ ڕانیە پارەی ڕێگای بۆ خەرج کراوە، لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT. 01789.00121) لە ٢٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٨ کۆچی بەرامبەر بە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٠٦ ڕۆمی بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە نووسراوە: لەناو سنجەقی شارەزوور محەمەد نەزیف ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دامەزراوە، لە دەرسەعادەتەوە تا شوێنی ناوهاتوو پێویستە ٢٠٨٨ قووروش خەرجی ڕێگای لێرەوە بۆ دابین بکرێت، بڕە پارەی ناوهاتوو لە موازەنەی ناوخۆ بەپەلە دەنێردرێت، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ سەروو کراوە و لە ژمێریاری باسکراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[٢]

دەربارەی مووچەی ناوبراو لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT. 01793.00076) لە ٦ جەمادی یەکەم ١٣٠٨ کۆچی بەرامبەر ٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٦ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نێردراوە، کە محەمەد نەزیف ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دامەزراوە، بەتەلگرافنامە ڕاگەیەنراوە لەگەڵ مێژووی دەست بەکاربوونی لەشوێنی ناوهاتوو بە حوکمی تۆمار مانگانە ١٢٥٠ قووروش مووچەی بۆ دەبڕدرێتەوە، هەروەها تۆمارەکەی ڕێکخراوە لەسەر ئەوە ماوە مێژووی دەست بەکاربوونی ڕابگەیەنرێت و بە پشت بەستن بە بڕیارنامە ئەو مووچەیەی کە مانگانە وەریدەگرێت نیوەی بۆ سندوقی خانەنشینی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

دەڕوات، لێرەش خەرجی ڕێگای بۆ ڕێکخراوە، بۆ جێبەجێ کردنیشی بۆ والا[١] نێردراوە.[٢]

محەمەد نەزیف ئەفەندی کە لە ویلایەتی دیاربەکر داواکاری گشتی بووە، لە مووچەی ساڵی ١٣٠٤ پاداشتی حەرەمینی[٣] نەداوە، کە دەکاتە ٣٠٠ قوروش، دەرکەوتووە ئەم بڕە پارەیەی دەست بەسەر نەکراوە، بۆیە لە داهاتی ناوبراو مووچەی یەك مانگی دەست بەسەر بکرێت، مامەڵەی دەیەکی مێژووی حەواڵەکردنەکەی لە مارتی ١٣٠٤ تا ئێستا نەنێردراوە، فەرمانبەرانی مەرکەز و موتەسەریفیەتی سلێمانیە داهاتی ٣ ساڵ و موتەسەریفیەتی شارەزوور لەگەڵ قائیمقامیەتی ڕەواندز داهاتی ساڵی ١٣٠٤ بەیەکەوە بەپەلە جێبەجێ بکرێت.[٤]

لەبەڵگەنامەیەکی دواتردا ئاماژە بەوە دراوە، قائیمقامی ڕانیە محەمەد نەزیف ئەفەندی بەهۆی تووش بوونی بە ئیفلیجیەوە توانای نەماوە لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت و خزمەت بکات، ئەگەرچی بۆ خۆی هاتۆتە موسڵ لەشوێن خۆی وەکیلێکی داناوە، بەڵام ناوبراو بەم حاڵەتەوە پێویستی بە خەرجیەکی زۆرە تا بگەڕێتەوە دەرسەعادەت، لەبەر ئەم نەهامەتیەی کە تووشی بووە، تەلگرافنامە لە ئەنجومەنی کارگێڕی ویلایەتی موسڵ

١. ئەنجومەنی والا (مجلس والا): ئەنجومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاتری نێوان دەوڵەت و خەڵك جێبەجێ بکات، لەساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە، لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٣. پلەی حەرەمەین (درجە حرمین): بەو کەسانە وتراوە تۆبەی کردووە و حەرامی لەخۆی قەدەغە کردووە، زیاتر لەکاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لەخۆی حەرام دەکرد، لەلایەکی تر لەسەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە کەلە دوای پایەی میسر لەپێش پلە و پایەی ئیستەمبوڵ پلەیەکی بەرزە، سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٤. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.

پێشکەش کراوە تاکو کارەکەی بۆ جێبەجێ بکرێت، هەروەها ناوبراو بەهۆی کەموکوڕییەکانیەوە دوورنەخراوتەوە، بەڵکو بێ بەشە وەکو سەدەقەی پاشای جەنابی ملوکانە بۆ گەڕانەوەی ٥٠٠٠ قوروش وەکو دیاری پاشا خەرجی ڕێگای پێ بدرێ، ئەگەر لە خوێندنەوەی بەگونجاو دانراوە، جێبەجێ کردنی بەفەرمانی سەدارەتپەناهی دەبێت.[١]

هەروەها دەربارەی ناوبراو لە ٢٨ی جەمادی یەکەم ١٣٠٨ کۆچی بەرامبەر ٢٢ی تەموزی ١٣٠٧ ڕۆمی بۆ کۆمسیۆن بۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران نێرداوە: نەزیف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە لەبەر ئیفلیجی جەستەی توانای نەماوە ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بۆیە لەشوێن ئەو بەهجەت ئەفەندی بەڕێوەبەری تۆمارکردنی پێشووی شارەزوور بەوەکالەت بنێردرێت، لەئەنجومەنی کارگێڕی ویلایەتی موسڵ ئاماژە نێردراوە بۆ جێبەجێ کردنی لە کۆمسیۆن نووسراو کراوە.[٢]

هەروەها لە ١٠ی سەفەری ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٢ی ئەیلول ١٣٠٧ ڕۆمی بۆ نەزارەتی دارایی عالیە ئاماژە دراوە: نەزیف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە توشی ئیفلیجی بووە بۆیە توانای نەماوە لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، و جێبەجێی بکات، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە دەرسەعادەت بەفەرمانی سەدری ئەعزەم وەکو دیاری ٥٠٠٠ قوروش لەساڵی ١٣٠٠ لە دیاری پاشا بۆی ڕێکخراوە، و هەژمار کردن بۆی دابین دەکرێت، لەم ساڵەدا لەدارایی موسڵ ڕێك دەخرێت بۆ ئەمەش حەواڵەنامە ڕێکخراوە و بۆ سەروو نێردراوە لە ژمێریاریش باس کراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[٣]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٧.**محەمەد ئاغا** قائیمقامی قەزای ڕانیە: دوای محەمەد نەزیف ئەفەندی ناوی بەهجەت ئەفەندی هاتووە، بە وەکالەت قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، دوای ئەو ئاماژە بەناوی کەس نەدراوە، ببێت بە قائیمامی قەزای ڕانیە، بۆ بارودۆخی ئەو کاتە ماوەکەی زۆرە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەو هەموو ماوەیە بەوەکالەت قائیمقام بووبێت، بەپێی بەڵگەنامەی بەردەستمان لێرە زنجیرەی کاری قائیمقامیەتی لە قەزای ڕانیە پچڕاوە، تا محەمەد ئاغای کۆی سنجەق نێردراوە بۆ قائیمقامی قەزای ڕانیە، بەڵام لەبەرئەوەی ناوبراو بۆ ناوچەکە گونجاو نەبووە، هەوڵی لابردنی دراوە، دەربارەی ناوبراو لە **٢٢**ی زیلحیجە **١٣٠٩** کۆچی بەرامبەر **٤**ی تەموزی **١٣٠٨** ڕۆمی بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە: لەناو ویلایەتی موسڵ، محەمەد ئاغا دانیشتوی قەزای کۆی سنجەق لە قائیمقامی قەزای ڕانیە دامەزراوە، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە سەرپێچیکەرانی یاسا، سەرەتا لە ویلایەتی بەغدا بەماوەی ١٥ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان سزا دراوە، بۆیە مانەوەی لە قائیمقامیەتی باسکراودا کاریگەری خراپی دەبێت و لە سنووری ئێران لەگەڵ هۆزەکان تاقمێك ڕووبەڕووبوونەوە سەرهەڵدەدات، داوا کراوە بگۆڕدرێتەوە، بۆیە بە واژۆی ئەو سەرۆك هۆزانەی کە ناوەکانیان نووسراوەتەوە[1] لە ڕەواندز تەلەگرافنامە دەرچووە و بۆ دەوڵەت نێردراوە، بەتێڕوانین لە نووسراوەکان بەلێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[2]

سەرەڕای تێبینیەکانی حکومەت لەسەر محەمەد ئاغا قائیمقامی قەزای ڕانیە، سەرۆك هۆزەکانی سنوورەکەش سکاڵایان دەربارەی هەبووە،

١. هەرچەندە لەبەڵگەنامەکەدا دەڵێت ئەو سەرۆك هۆزانەی واژۆیان کردووە ناویان نووسراوە، بەڵام بەڵگەنامەکە ناوی کەسی تێدا تۆمار نەکراوە، لەوانەیە لاپەڕەی تر وەك پاشکۆ، لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیە بووبێ و ناوەکان لەوێ نووسرابێ، سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

چەند جارێك باسی کێشەی نێوان پشدەر و وەزنە و شیوەکەڵ کراوە، بەڵام ئاماژە بە وردەکاری کێشە و لایەنی تاوانبار نەدراوە، پێ دەچێت محەمەد ئاغای کۆی سنجەق قائیمقامی قەزای ڕانیە دەستی لەم کارەدا هەبووبێ، یان لانی کەم کەمتەرخەمی لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا کردبێت، بۆیە دەربارەی ناوبراو لەمێژووی ١٤ی کانوونی دووەم ١٣٠٧ لە کەمال والی موسڵەوە بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە: بەرەبەیان، ئەمڕۆ لەجەنابی موشیری پاشا تەلگرافنامەی شیفرە وەرگیراوە، پێویستە مەسەلەی پشدەر و وەزنە چارەسەر بکرێت و بەتێڕوانین لەبەر گرنگی بابەتەکە ئەم ماوەیە حەمەئاغا لە قائیمقامیەتی ڕانیە جیابۆتەوە، بۆیە خۆی بەبێ بەش زانیوە، بەڵام مانەوەی ناوبراو لەوێ بەگرنگیەوە جێگای مەترسیە، لەسەر ئەم ئاماژەیە لە مێژووی ٢٧ی کانوونی یەکەم ١٣٠٧ تەلگرافنامەی بەشفرەی بەندە ڕاگەیەنراوە، ئەنجامدانی کاری خۆجێیی بەپێویست زانراوە، هەروەها ئیبراهیم ئەفەندی دامەزراندنی و ڕۆیشتنی بۆ قائیمقامیەتی ڕانیە دەرچووە، چاوەڕێی جەلیلە دەکرێت، لەمەرکەزی ویلایەت لەلایەن موشیری ناوهاتوو باس لەم سەرپێچی و ئاژاوەیە کراوە، بە تێڕوانین لە گرنگی و پێویستی بابەتەکە بۆ جێبەجێ کردنی بابەتەکە بە تەلگراف فەرمان و ئاماژە پێکردنی ڕاگەیەنراوە.[1]

لە بەڵگەنامەی پێشتر ئاماژەی ئەوە درابوو، ئیبراهیم ئەفەندی بڕیاری دامەزراندنی بۆ قائیمافامی قەزای ڕانیە دەرچووە، بەڵام وادیارە ناوبراو هێشتا نەگەیشتووە و محەمەد ئاغا هەر لەوێ ماوەتەوە، تا گەیشتنی قائیمقامی داهاتوو، چونکە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

(DH.ŞFR. 00153.00076) ١٨ ڕەجەب ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٤ی شوبات ١٣٠٧ ڕۆمی بەتەلگرافنامە نێردراوە: مەسەلەی وەزنە و شێوەی پشدەر و شیوەکەڵ چارەسەر نەکراوە، مەحمود جافی دۆڕاویش چۆتە ناو یارییەکەوە، لە ڕانیە حەمەئاغا هەستاوە بەکێشە نانەوە، بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێرە هێزی پێویست نیە، چونکە ئەو ئەندامانەی بوونەتە سەرباز لە پاشکۆ ماونەتەوە، ئەم تابورانەی بوونیان هەیە، بۆ ڕێکخستنی ئەم لایەنانە کە لە ڕووی نیزامەوە دواکەوتووە، لە شوێنە گرنگەکانی ویلایەت دابەش کراون و بۆ پاراستنی ئەم شوێنانە لەوێن، دەبێ حەمەئاغا لەڕانیە نەمێنێتەوە، چونکە دیارە هەرچۆنێك بێت دوژمنەکانی پەیدا دەبن، بۆ نەهێشتن و ڕێگاگرتنی سەرهەڵدانی ڕووداو، ناوبراو لە قەزای ناوهاتوو، نەهێڵدرێت و تکا دەکەم بەگوێرەی بەرژەوەندی کار بکرێت.[١]

٨. **ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** لەهەمان بەڵگەنامەدا لەلایەن کەمال والی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە:

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

لەسەر فەرمانی جەلیلە قائیمقامی قەزای ڕانیە ئیبراهیم ئەفەندی نێردراوەتە شوێنی ئەرکەکەی، لەم بابەتەدا لە موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلگرافنامەی بەشیفرە هاتووە، لەکاتی گواستنەوەی وێنەیەکی بۆ باڵا ڕاگەیەندراوە، لەم بابەتەدا فەرمان، لە ٥ی شوبات ١٣٠٧.

کەمال والی موسڵ[٢]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.
٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

بەڵام دواتر ناوی محەمەد ئاغای کۆیسنجەق هاتۆتەوە ئارا و پێ دەچێت دوای لابردنی لە قائیمقامی، هێشتا کاریگەری بەسەر بارودۆخەکە هەبووە، لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 01944.00113**) لە ٧ی شەوال ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر ٢٢ی نیسان ١٣٠٨ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە نووسراوە: مەحمود ئاغازادە محەمەد ئاغای کۆیسنجەق لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە، لەبارەی ناوبراو قسە هەیە زوڵمی کردووە و هەموو ڕۆژ خەریکی کاری خراپە، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن هەندێك سەرۆك هۆز و موختار داواکاری نێردراوە، تا داوای بکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن، بەتێڕوانین لە بابەتەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ڕابگەیەنرێت.[١]

٩.**ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** دەربارەی نەخۆشی نەزیف ئەفەندی دووبارە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH.01247.097706**) لە ١٧ی ڕەبیعی یەکەم ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر بە ٩ی تشرینی یەکەم ١٣٠٧ ڕۆمی نووسراو لەلایەن سەدری ئەعزەم بەرزکراوەتەوە بۆ :

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

جەنابی ئەفەندم

لەناو ویلایەتی موسڵ نەزیف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە لەبەر

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

نەخۆشیەکەی ناتوانێ کارەکەی بەڕێوە ببات، لە دوای دوورخستنەوەی لە شوێن ئەو ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی قەزای ڕەداع لەویلایەتی یەمەن لەسەر ویستی خۆی لەکارەکەی جیابۆتەوە، لەقەزای ناوهاتوو دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە بڕیارنامە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە و تێیدا نیشان دراوە، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە لەگەڵ کاغەزی وەرگێڕدراوی کەسێتی بەیەکەوە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە هەرچۆنێك بێت فەرمانی پاشای جەنابی ملوکانە چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوی بەپەلە کراوە ئەفەندم.[1]

دەربارەی ناوبراو لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 01888.00050**) لە ٨ی ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر بە ٢٩ی تشرینی یەکەم ١٣٠٧ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:

بە تەلگراف ئاماژەی پێکراوە ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی لەقەزای ڕانیە دامەزراوە، لەگەڵ گەیشتنی بۆ شوێنەکە و دەست بەکاربوونی بەبڕیاری تۆمار مانگانە ١٢٥٠ قوروش مووچەی بۆ دابین بکرێت، نیوەی مووچەکەی کە مانگانە وەری دەگرێت بۆ نەزارەتی سندوقی خانەنشینی دەروات، هەروەها لە تەواوی مووچەی ناوهاتوو بڕی ١٠٪ی بۆ کۆمسیۆنی سندوقی ئاگرکەوتنەوەی مولکیە دەڕوات، هەروەها خەرجی ڕێگاکەی ٢٠٨٨ قوروش لەدارایی ناوخۆ خەرج دەکرێت.[2]

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

١٠. **حاجی سەعید ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** سەرەڕای دەست لەکارکێشانەوەی ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی ئاماژە بۆ دامەزراندنی حاجی سەعید ئەفەندی کراوە، ئەمە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH.01270.099862**) لە ١٩ی ڕەمەزان ١٣٠٩، کۆچی بەرامبەر بە ٤ی نیسان ١٣٠٨ ڕۆمی لەلایەن سەدری ئەعزەم و هاوکاری بەرزکراوەتەوە بۆ:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

جەنابی ئەفەندم

لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای ڕانیە ئیبراهیم ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی لەسەر ویستی خۆی دەستی لەکارەکەی کێشاوەتەوە، لەشوێن ناوبراو بەگوێرەی بەرژەوەندی و گرنگی شوێنەکە بەپێویست زانراوە حاجی سەعید ئەفەندی دابمەزرێت، کە لە قائیمقامی قەزای سیلوان جیا بۆتەوە، لەم بارەیەوە بڕیارنامە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران دەرچووە لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی کەسێتی و نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە لەگەڵ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بەهەر شێوەیەك بێت فەرمانی پاشای جەنابی ملوکانە چ بفەرموویت جێبەجێ دەکرێت.[١]

لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 01948.00054**) لە ١٥ شەوال ١٣٠٩ کۆچی بەرامبەر بە ٣٠ نیسان ١٣٠٨ بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە: حاجی سەعید ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دامەزراوە، لەگەڵ گەیشتنی بۆ شوێنی کارەکەی و لە مێژووی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

دەست بەکاربوونی بەگوێرەی تۆمار مانگانە ١٢٥٠ قوروش موچەی بۆ دابین دەکرێت، ئەو مووچەی مانگانەی وەری دەگرێت، لە (٥٪) لەگەڵ (١٪) بەدەستبەسەرکردن بۆ خانەنشین و لەتەواوی مووچەی ناوهاتوو (١٠٪) بۆ سندوقی کۆمسیۆنی بریندارانی مولکیە دەنێردێت، هەروەها خەرجی ڕێگای دەکاتە ٢٠٨٨ قوروش لە دارایی خۆجێیی پێی دەدرێت، لەبارەی تۆمارکردنی خشتەی خەرجی سەروو ئاگادار کراوەتەوە.[١]

دەربارەی ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی پێدەچێت ناوبراو لەبەر نەخۆشی دەستی لەکار کێشابێتەوە، چونکە بەڵگەنامەیەکی تر لە ٧ی شەوال ١٣١٠ بەرامبەر ١٢ی نیسانی ١٣٠٩ نەزارەتی جەلیلەی سندوقی خانەنشین نووسراوە: قائیمقامی قەزای ڕانیە ئیبراهیم ئەدهەم ئەفەندی مردووە، لەلایەن خێزانەکەی داواکاری پێشکەش کراوە تاکو مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری لەگەڵ نووسراوی عالی لە مێژووی ٢٣ی کانوونی دووەم ١٣٠٨ ژمارە ١٥١ هاتووە، ماوەی ئەرکەکەی دیاری کراوە، لەقەڵەمی فەرمانبەران ڕێکخراوە و خشتەی کاغەزی جیاجیاکان بەیەکەوە نێردراوە بۆ جێبەجێ کردن.[٢]

١١. **عەبدولقادر پاشا** قائیمقامی ڕانیە: لێرە چارەنووسی حاجی سەعید ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دیار نیە، ماوەی نێوانیان لەگەڵ ئەمەش زۆرە پچڕانی تێدا هەیە و وادیارە لەم ماوەیەدا قائیمقامی تر ئەرکیان پێ سپێراوە، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەبەر دەست نیە، یاخود بێ قائیمقام بووە و بەوەکالەت بەڕێوە براوە، لە بەڵگەنامەی ژمارە

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

(DH.MKT 00107.00060) لە ٢٩ی موحەڕڕەم ١٣١١، بەرامبەر بە ٣١ی تەموز ١٣٠٩ بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی نووسراوە:

٢٩ی موحەڕڕەم ١٣١١

٣١ی تەموز ١٣٠٩

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

لەناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای مەرگە میری میران مەحمود پاشا و قائیمقامی ڕانیە عەبدولقادر پاشا لەبەر ئەوەی دۆستی سەڵتەنەت و لەکاروباری فەرمانبەرایەتیان هاوکار و کۆششیان زیاتر بووە، بۆیە شایەنی ڕێزلێنانن، بۆ ئەم مەبەستە هەر یەکەیان لەپلەی چوارەم پارچەیەك نیشانی نیشانی عوسمانیان پێ بدرێت، بۆ جێبەجێ کردنی هاوکاری جەنابی سەدارەتپەناهی پێویستە.[١]

١٢. محەمەد سەبری ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە: ناوبراو دوای گواستنەوەی عەبدولقادر پاشا بۆ شەهر بازاڕ، دەربارەی ناوبراو لە بەڵگەنامەی ژمارە (DH.MKT 00197.00077) لە ١٣ی ڕەجەب ١٣١١، بەرامبەر بە ٩ی کانوونی دووەم ١٣٠٩ بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی نووسراوە:

١٣ی ڕەجەب ١٣١١

٩ی کانوونی دووەم ١٣٠٩

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

لەناو سنجەقی سلێمانیە و سنووری ئێران، لەبەرئەوەی عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی قەزای شەهربازاڕ لەحاڵەتی مەستی بینراوە، بەگوێرەی پلە و پایەکەی بەردەوام بوونی لە ئەرکەکەی گونجاو نیە، بۆیە دوور بخرێتەوە و لە شوێن ئەویش قائیمقامی ڕانیە عەبدولقادر پاشا بگوازرێتەوە، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی ڕانیەش وەکیلی قائیمقامی ڕەواندز بەهجەت ئەفەندی دابمەزرێت، لە ویلایەتی موسڵ بە تەلگراف ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هەر خۆی بەهجەت ئەفەندی لە هەڵبژێردراوەکان نیە، دەریشکەوتووە تائێستا لە قائیمقامەتیش ئەرکی وەرنەگرتووە، بۆیە وەرگرتنی ئەرکەکەی گونجاو نییە، بەڕاگەیەنراوێك عەبدولقادر پاشا بۆ شەهربازاڕ بگوازرێتەوە، بۆ قائیمقامیەتی ڕانیەش محەمەد سەبری ئەفەندی بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی باقلاق[١] دابمەزرێت، کە ناوبراو لە مولازمە هەڵبژێردراوەکانە و لە دێرینەکانە، بڕیارنامە لە کۆمسیۆنی هەڵبرژاردنی فەرمانبەران ڕێکخراوە هاوپێچ لەگەڵ کاغەزی وەرگێڕدراوی کەسێتی بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی هاوکاری جەنابی سەدارەتپەناهی پێویستە.[٢]

دواتر لەبەڵگەنامەی ژمارە (**I.DH.01313. 000003**) کەلەلایەن سەدری ئەعزەم و هاوکارەکەی لە ٧ی زیلقەعدە ١٣١١ و لە ٣٠ی نیسان ١٣١٠ بەژمارە ٢٥١٦ دەڵێت: بۆ قائیمقامی ڕانیە بەڕێوەبەری پێشووی ناحیەی باقلان کەهەڵبژێردراوە لەچینی سێیەم محەمەد سەبری ئەفەندی دابمەزرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بڕیارنامە ڕێکخراوە و پێشکەش کراوە.[٣]

---

١. باقلاق: لە بەڵگەنامەیەکی دواتردا باقلان هاتووە.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

لەبەرئەوەی لەسنووری قەزای ڕانیە کێشە و ئاڵۆزی هۆزەکان زۆر بووە، سەبری ئەفەندی نەیتوانیوە ڕۆڵی خۆی ببینێت، لەو بارەیەوە لەبەڵگەنامەی ژمارە (**DH.MKT. 00337.00013**) لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی موڵکیە لە ١٧ ڕەجەب ١٣١٢ لە٢ی کانوونی دووەم ١٣١٠ ژمارە ٦٨٥ دەڵێت: لە قەزای ڕانیەی سەربە سنجەقی کەرکوك کە دەکەوێتە سنووری ئێران، خەڵکەکەشی لە تاقمێك هۆز و خێڵ پێك هاتوون و دوژمنی یەکترن، لە نێوانیان ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە ڕوودەدات، بەڵام دوو سێ مانگ پێش ئێستا لە قائیمقامیەتی ناو هاتوو محەمەد سەبری ئەفەندی دامەزراوە، بۆ یەك ڕۆژیش بێت هەڵسوکەوتی خراپی نەبینراوە، بەڵام ناتوانێت لەگەڵ عەقڵی هۆزگەرایی ئاوێتە بێت، لەبەر گرنگی و شوێنی جوگرافی قەزای ناوهاتووش قائیمقامێك دابمەزرێت، بەرامبەر ئەم جانەوەرانە بەتوانا و لێهاتوو بێت، هەروەها لە خانەدانی ڕەواندز سەعید بەگ لەم کەسانەیە، کە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدایە، لەبەڕێوەبردنی کارگێڕیدا لێهاتوو ناودارە، ناوبراو بنێردرێتە قائیمقامیەتی ڕانیە، هەروەها عەباس ئەفەندی قائیمقامی کۆی سنجەق لەلایەن ڕکەبەرەکانی گیراوە، لەلایەکی تر کاغەزەکانی لێکۆڵینەوە کە پێشکەشی شوڕای دەوڵەت کراوە، هێشتا ئەنجامێکی نەبووە، ناوبراویش لەگەڵ کەشوهەوای شوێنەکە ناگونجێت، بەدڵ تەنگیەوە گەڕاوەتەوە مەرکەزی لیوا، لەبەرئەوەی کاروباری کارگێڕی قەزاکە بەوەکالەت بەڕێوەدەبردرێت، محەمەد سەبری ئەفەندی لە سنجەقی سلێمانیە بۆ قائیمقامیەتی شەهربازاڕ و قائیمقامی شەهربازاڕ شەوقی ئەفەندی بۆ قائیمقامیەتی کۆی سنجەق ڕەوانە بکرێت و گۆڕینەوەیان پێ بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە نووسراوی

مێژووی ٢٢ی تشرینی یەکەم ١٣١٠ بەژمارە ٤٤ هاتووە و حەواڵە کراوە، تێیدا ئاماژەی پێکراوە، لەکاتی وردبینی دەرکەوتووە سەعید بەگ لە هەڵبژێردراوەکان نیە، لەگەڵ بڕیارنامەی مێژووی ٨ی تشرینی یەکەم ١٣١٠ ژماری ٤٨٥ محەمەد سەعید دوای هەڵبژاردنی ڕابگەیەنرێت، و بۆ دەست پێکردنی ئەرکەکەشی جەنابی پاشا بەفەرمانی پاشا ڕەزامەندی داوە، بەگوێرەی بنەما دەبێ ڕابگەیەنرێت.[١]

لەبەڵگەنامەی ژمارە (**I.DH.01334. 000051**) کەلەلایەن نازری کاروباری ناوخۆ لە ٦ی زیلحیجە ١٣١٣ و لە ٧ مایس ١٣١٢ بەژمارە ١٠٠٩ دەڵێت:

بابی عالی

فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ

قەڵەمی تۆمار

ژمارە ١٠٠٩

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

ڕاگەیەنراوی بەندەیە

عەلی عاکف ئەفەندی قائیمقامی قەزای سروج لەسەر ویستی خۆی دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ... بۆیە سەبری ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە، لە قائیمقامیەتی ناوبراو دابمەزرێت، چونکە لەگەڵ ئاو و هەوای قەزاری ڕانیە ئاوێتە نابێت و لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەکراوە ناوبراو بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بڕیارنامە ڕێکخراوە و پێشکەش کراوە، فەرمانی پاشای خەلافەتپەناهی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

بفەرموویت جێبەجێ دەکرێت، هاوکاری لە وەکالەتپەناهییەوە دەبێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

**١٦ زیلحجە ١٣١٣ و لە مایس ١٣١٢**

نازری کاروباری ناوخۆ.[١]

١٣. **محەمەد عەلی بەگ** بەوەکالەت قائیمقامی قەزای ڕانیە بووە، بەڵام پێشتر ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەکەکەشی بە وەکالەت بووە، لەبەر ئەوە پێ دەچێت قائیمقامی قەزای ڕانیە پێشتر کە ناوی نەهاتووە کارەکەی بەجێهێشتووەوە ناوبراو بەوەکالەت چووەتە شوێنی، بۆیە شەوقی ئەفەندی لە قائیمقامیەتی عەقرەوە بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە گوازراوەتەوە، وەك لە بەڵگەنامەی ژمارە (**BEO.000963.072189**) کە لەلایەن نازری کاروباری ناوخۆ لە **٢٢**ی زیلقەعدە **١٣١٤** و لە **١٢** نیسان **١٣١٣** بەژمارە **٦٤٥** بۆ جەنابی عالی سەدارەتپەناهی نێردراوە دەڵێت: لەوەکالەتی قەزای ڕانیە محەمەد عەلی بەگ کارەکەی بەجێ هێشتووە، شەوقی ئەفەندی لە قائیمقامیەتی عەقرەوە کەلە چینی سێیەم ناوبراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە.[٢]

١٤. **شەوقی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** ناوبراو لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی بەژمارە **٦٤٥**ی ڕۆژی لە **٢٢**ی زیلقەعدە **١٣١٤** کۆچی و لە **١٢** نیسان **١٣١٣** ڕۆمی کە بۆ جەنابی عالی سەدارەتپەناهی

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٠.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

نێردراوە، ناوی هاتووە، بەڵام دواتر شوێنەکەی بەچۆڵی ماوەتەوە، ئەوەشمان لێ ڕوون نیە ئایا پەیوەندی بەشوێنەکەی کردووە یانا.

١٥. **وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** پێشتر ئاماژەمان بەوەدا بەهۆی شوێنی جوگرافی و هۆزە جۆربە جۆرەکانی دەڤەرەکە و کەڵەکە بوونی کێشەکان وای کردووە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە زۆرجار بەوەکالەت بەڕێوەبراوە و جاری واش هەبووە، بێ قائیمقام بووە، ئەمە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**BEO.01351.000054**) لەلایەن سەدری ئەعزەم لە ٢٠ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ کۆچی نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت[١]

دیوانی هومایۆن

١٧٤٣

جەنابی ئەفەندم

لە ناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە بێ قائیمقامە، بۆیە وەلیەددین ئەفەندی دابمەزرێت کە لە قائیمقامیەتی سەلاحیە[٢] جیابۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە لەگەڵ بڕیارنامەی کۆمسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە ڕێکخراوە و بەیەکەوە پێشکەش بکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی خەلافەتپەناهی هەر

---

١. سەدارەت(صدارت):شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. مەبەست لە قەزای کفری یە.

چییەك بفەرمووێت ئەوا جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوی بە پەلە کراوە ئەفەندم، لە ٢٠ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ و لە ٤ تشرینی دووەم ١٣١٣

سەدری ئەعزەم[١]

هەروەها لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (HD.MKT.02093.00123) لەلایەن سەدری ئەعزەم لە ٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٦ کۆچی نووسراوە:

٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٦

٩ ئۆغستۆس ١٣١٤

بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە

دووبارە وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە لە کۆکردنەوەی باجی میری دەستی بەجوڵەی نەشیاو کردووە، موختاری هەندێك لە ناوچەکان کە ناویان هاتووە، بە واژۆکانیان لە مەرکەزی کۆی سنجەق بۆ نەزارەتی دادی جەلیلە تەلگرافنامەیان ناردووە، لە مێژووی ١٨ تەموز ١٣١٤ ژمارە ٥٦٩ نووسراو لەگەڵ تەلگرافنامە کە نێردراوە، بەسەیرکردن لەبابەتەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بە پەلە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەنرێت.[٢]

وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بەهۆی کردەوە خراپەکانیەوە لە سنووری ئەرکەکەیدا خەڵکی خۆجێیی سکاڵایان لەدەست ناوبراو گەیاندۆتە کاربەدەستانی باڵا لەبەر ئەوە بڕیار دراوە لە ئەرکەکەی لاببرێت، لەو بارەیەوە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT.02103.00011) لە ٢١ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ کۆچی نووسراوە:

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٢١ ڕەبیعی کۆتایی

٢٧ ئۆغستۆس ١٣١٤

بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە

لەبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوی وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە، خەڵکی خۆجێیی دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە و لەبەر وتەی خەڵك نیاز وایە لە ئەرکەکەی لابدرێت، لەمەرکەزی کۆی سنجەق بەواژۆی زۆرینە، وێنەیەکی تەلگرافنامەکە لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی دادی جەلیلە لە مێژووی ٣٠ تەموز ١٣١٤ ڕۆمی ژمارە ١٤٣ نێردراوە، لەبەر گرنگی و تێڕوانینی ورد لەبابەتەکە، داوای لێکۆڵینەوە بە پەلە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەنرێت.[١]

وادیارە ولیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بەهۆی کردەوە خراپەکانیەوە نەك خەڵکی خۆجێی، بەڵکو فەرمانبەرانی خۆجێیی و ئەفسەر و تابووریش سکاڵایان لەدەست کردووە، لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (DH.MKT.02210.00007) لە ٣ سەفەر ١٣١٧ کۆچی نووسراوە:

٣ سەفەر ١٣١٧

٣١ مایس ١٣١٥

بۆ ویلایەتی موسڵی عالی

وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە بەهۆی دوژمنایەتی کردنی، لەلایەن فەرمانبەرانی مولکیەی خۆجێیی لەگەڵ ئەفسەرانی تابووری ڕەدیف دەرکراوە، لەمێژووی ١٨ مایس ١٣١٥ نووسراوی سەرعەسکەر

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.

لەگەڵ دوو پارچە تەلگرافنامە هاوپێچ ڕۆیشتووە، بە تێڕوانین لە بابەتەکە بەلێکۆڵینەوە دەردەکەوێت، ڕاستی بابەتەکە چیە، هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی و جێبەجێ کردنی.[١]

لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.02292.00041**) لە **٢٩** شەعبان **١٣١٧** کۆچی نووسراوە:

**٢٩** شەعبان **١٣١٧**

**٢٠** کانوونی یەکەم **١٣١٥**

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی

لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێك کار و کردەوە و جموجۆڵی وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە و نائیبەکەی عەبدوڵڵا ئەفەندی کراوە، لە ئەنجام بە پێویست زانراوە بدرێنە دادگا، نووسراو لە ئەنجومەنی کارگێڕی ویلایەتی داواکاری گشتی بەرزکراوەتەوە، لەگەڵ کاغەزی لێکۆڵینەوە نێردراوە، لە ویلایەتی عالیە نووسراو لە مێژووی ١٥ تشرینی دووەم **١٣١٥** ژمارە **٨٣** لە شورای دەوڵەتەوە بەمەبەستی وردبینی بە هاوپێچ پێشکەشی جەنابی عالی وەکالەتپەناهی کراوە.[٢]

سەرەڕای ئەوەی لەسەر کارە خراپەکانی وەلیەدین ئەفەندی سزا دراوە و دراوەتە دادگا، دەبوایە ئەمە وەك وریا کەرەوەیەك و پەند وەرگرتنێك بوایە بۆی لەسەر کارە خراپەکانی، کەچی بەردەوام بووە لەسەر مامەڵەی باج و مەڕو ماڵات و دەیەك و گشت تایبەتمەندیەکانی خراپ بەکارهێناوە و گومانیان لەسەربووە، بۆیە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

(**DH.MKT.02446.00079**) لە ٦ شەوال ١٣١٨ کۆچی بەرامبەر ١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٦ ڕۆمی بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە نووسراوە:

٦ شەوال ١٣١٨

١٤ کانوونی یەکەم ١٣١٦

بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە

مێژووی ١٥ تشرینی دووەم ١٣١٦ ژمارە ٨٣ وەڵامی نووسراوی عالیە: قائیمقامی قەزای ڕانیە وەلیەددین ئەفەندی دوورخراوەتەوە و بەبڕیاری شورای دەوڵەت بەمۆڵەتی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی دادگایی دەکرێت، چونکە مامەڵەی باج و مەڕومالاَت و دەیەك هەروەها گشت تایبەتمەندیەکانی تر گومانیان لەسەرە کە بەخراپی بەکاری هێناوە، جگەلەمە لەگەڵ فەتاح ئەفەندی کاتبی باج و عەبدولڕەحمان ئەفەندی فەرمانبەری مەڕومالاَت بەگشتی هاوبەشی تاوانەکەن، بەفەرمانی پاشای جەنابی پاشا ئەو فەرمانبەرانەی کارەکانیان پێ نەسپێراوە و بەشدارن لە کارەکە، ئەوا مامەڵەی یاساییان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ویلایەتی عالیە ئاگادار کراوەتەوە، قائیمقامی ناوهاتووش بۆ ماوەیەك دەفتەری مەڕومالاَتی حەواڵە کردووە و بەبێ پەسندکراوی ماوەتەوە، لەگەڵ خودی خۆی ئەو فەرمانبەرانەی لەلایەن بەڕێوەبەری دارایی و ئەمینی سندوق نێردراون، لەلایەن بەگی مەفرەزەی سوارەی ئێستر دەستبەسەر کراون، لەبەرامبەر ئەو کردارەدا پڕوپاگەندەی ئەوە کراوە کە ئەوانە پێ درێژیان کردووە، بەم شێوەیە بیروڕای خراپ لەسەر جەنابی ملوکانە دروست دەبێت، هەروەها کارگێڕی قەزایەکیش لەلایەن قائیمقامێکی ئاوا خراپ بەڕێوەبچێت، دەستگیرکردنی گشت فەرمانبەرانی دژی ڕەزامەندی عالی و بە بڕیاری

یاسایی پێچەوانەی یاسایە، لەبارەی ناوبراوان لێکۆڵینەوەی پێویست جێبەجێ بکرێت، بە گوێرەی حاڵەتەکە ڕوون دەبێتەوە، چ مامەڵەیەکی یاسایی جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش ئەو بابەتانەی لەلایەن قائیمقامەوە بەسەر والای سەرعەسکەریمان و نائیبی قەزای ناوهاتوو عەبدوڵڵا ئەفەندی ساغ بۆتەوە، دەرکەوتووە دادگایی کردنی نائیبی ناوهاتوو هیچ لە شوێن خۆیدا نییە، بەڵام مانەوەی لە قەزای ناوهاتووش بەگوێرەی بەرژەوەندی گونجاو نییە، ماوەی نیزامی ناوهاتوو خەریکە تەواو دەبێت، پێویستە لە قەزایەکی تر وەکو نائیب دەست بە ئەرکەکەی بکات، لەپایەی عالی مەشیخەتپەناهی نووسراو بۆ شورای دەوڵەت کراوە، دوای گفتوگۆ لەسەر مەشیخەتی ناوهاتوو لەگەڵ سەرعەسکەری ناوهاتوو ئاماژە بەچۆنیەتی کارەکە کراوە، لە مێژووی ٢٩ تشرینی دووەم ١٣١٦ ژمارە ٢٩٨٠ نووسراوی سەدری ئەعزەم نووسراوەتەوە و کاغەزەکانی لێکۆڵینەوەش نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[1]

هەروەها لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**BEO. 001519.119590**) لە ١٣ شەعبان ١٣١٨ کۆچی نووسراوە:

١٣ شەعبان ١٣١٨

٢٢ تشرینی دووەم ١٣١٦

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

نووسراو

لە مێژووی ٢٩ شەعبان ١٣١٧ ژمارە ٤٣٦٣ لەسەر نووسراوی دەوڵەت و بە بڕیاری شورای دەوڵەت، جەنابی خەلافەتپەناهی بەفەرمانی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

پاشا ڕەزامەندی داوە، وەلیەددین ئەفەندی قائیماقامی قەزای ڕانیە دوورخراوەتەوە و دراوەتە دادگا، کاغەزی لێکۆڵینەوەکانیشی بۆ دەوڵەت نێردراوەتەوە، ناوبراو لەبەر مامەڵەی باجی مەڕومالاّت و دەیەك هەروەها لەسەر کاری خراپ گومانی لەسەرە، لەگەڵ کاتیبەکەی فەتاح ئەفەندی و فەرمانبەری مەڕومالاّت عەبدولڕەحمان ئەفەندی و گشت ئەوانەی لە تاوانەکە هاوبەشن، بە فەرمانی پاشا مامەڵەی یاساییان لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش بەڕەزامەندی ویلایەت دەکرێت، بە ئاگادارکردنەوەی ویلایەتی موسڵ دەفتەری مەڕومالاّت، کە لەلای قائیمقامی ناوهاتووە ماوەیەك حەواڵە بکرێت و بەبێ پەسندکردن بمێنێتەوە، جگە لەمە لەگەڵ خۆی بەڕێوەبەری دارایی و ئەمینی سندوق کەلەلایەن مەفرەزەی ئەفسەری ئێستر سوار دەست بەسەر کراون، ئەرکەکەیان بگوازرێتەوە، بەڕەزامەندی عالی و بڕیاری یاسایی دەست بەسەرکردنی قائیمقام و ئەرکانی قەزا و گشت فەرمانبەران بەم شێوەیە نایاساییە، هەروەها نائیبی قەزای ناوهاتوو عەبدوڵلا ئەفەندیش کە لەلایەن قائیمقامی ناوهاتوو بابەتی خراوەتە پاڵیەوە کاریگەری خۆی هەیە، بەم تێڕوانینە نائیبی ناوهاتوو دادگایی ناکرێت، مانەوەشی لە قەزای ناوهاتوو گونجاو نییە، ناوبراو خەریکە ماوەی نیزامی خۆی تەواو دەکات، گواستنەوەی بۆ نائیبی قەزایەکی تر پێویستە، نووسراو بۆ پایەی موشیخەتپەناهی والا کراوە، لەنووسراوەکانی شورای دەوڵەتیش بەئاماژەی موشیخەتی ناوهاتوو و سەرعەسکەری ناوهاتوو چۆنیەتی کارەکە ڕوون کراوەتەوە، لەویلایەتیش نووسراوی ئاگاداری بنێردرێت.[١]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (BEO. 001819.136355) لە ٩ زیلحیجە ١٣١٩ و لە ٦ مارت ١٣١٨ نووسراوە:

بابی عالی

کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە

ژمارە ١٢

ئەمر و فەرمانی هومایۆنی ملوکانە جێبەجێ کراوە، قائیمقامی قەزای ڕانیە وەلیەددین ئەفەندی لەبەر کارە خراپەکانی دوور خراواتەوە و دراوەتە دادگا، لە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلەش ئاسف ئەفەندی هەڵبژێردراوە کە ناوبراو لە قائیمقامیەتی قەزای زێبار دوورخراوەتەوە، هەرچەندە کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی تۆمار نەکراوە، بەڵام لە دوا ئەرکەکەیدا سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە جیابۆتەوە، بۆیە بەبڕیارنامەی مێژووی ٢٩ کانوونی دووەم ١٣١٣ ڕاگەیەنراوە و بڵاوبۆتەوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە کەسێکی گونجاوی تر هەڵبژێردرێت. ئەمجارە لە نەزارەتی ناوهاتووەوە بەپێشکەش کردنی نووسراو لە مێژووی ٢٤ شوبات ١٣١٣ ژمارە ٥٦٣٢ حەواڵەی کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە کراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە مولازیمی چینی سێیەم وەردەگیرێت، لەبدلیس قائیمقامی پێشووی چەپاقچوور حەمزە ئەفەندی هەڵبژێراو لە چینی سێیەم دامەزراندنی نیشان دراوە، هەروەها ناوبراو لە چینی سێیەم هەڵبژاردنامەی وەرگرتووە، بەڵام بە تێڕوانین لە وەرگیرانی زانیاری باری کەسێتی حەمزە ئەفەندی لەماوەی چوار ساڵ لە دوو قەزا ئەرکی قائیمقامیەتی وەرگرتووە، لە یەکەمیان لەبەر لێنەهاتوویی و دووەمیان لەبەر بەڕێوەبردنێکی خراپ ٩ ساڵ پێش ئێستا جیابۆتەوە، بەم حاڵەتەوە بەکارهێنانەوەی ناوبراو لە قائیمقامیەتی تر گونجاو نییە، بەدۆزینەوەی

ئەرکێکی گونجاو لەتوانای ئەو بێت، بۆ قائیمقامی ڕانیەش کەسێکی گونجاوتر هەڵبژێردرێت، بۆ ئەمەش لە نەزارەتی ناوهاتووەوە نووسراو حەواڵە کراوە، لەنووسراوی ناوهاتوو هاوپێچەکانی نێردراوەتەوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٩ زیلحجە١٣١٩ و لە ٦ مارت ١٣١٨.[١]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.00581.00027**) لە ١١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٠ نووسراوە:

بابە عالی

فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ

قەڵەمی فەرمانبەران

٥٧٥

وەلیەددین ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی ڕانیە جیا بۆتەوە، هۆکاری جیابونەکەی نەبۆتە هۆی ئەوەی بەکارهێنانەوەیی ڕێگا پێدراونەبێت، سەبارەت بە دووبارە بەکارهێنانەوەی بڕیارنامەی فەرمانگەی شورای دەوڵەتی مولکیە هاتووە، نووسراوی سەدری ئەعزەم لەمێژووی ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١٨ ژمارە ٢١٥٦ حەواڵە کراوە، کاغەزی وەرگێڕدراوی باری کەسێتی پێشکەش کراوە، وێنەی پەسندکراوی هاوپێچ ئاماژەی سەرۆکایەتی جەلیلەی کۆمسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە فەرمویەتی، ئەمروفەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات. لە ١١ جەمادی کۆتایی ١٣٢٠ و ٣١ ئۆغستۆس ١٣١٨. بۆیە داوای مووچەی دوورخستنەوەی کردووە.[٢]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

دواتریش لە بەڵگەنامەیەکی تردا لە ٢٨ شەعبان ١٣١٢٠ بەرامبەر ١٦ تشرینی دووەم ١٣١٨ لە فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ، قەڵەمی فەرمانبەران، بەنووسراوی ژمارە ٨٠٨ بڕیار دراوە وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ڕانیە، لەناو ویلایەتی یەمەن لە قائیمقامیەتی عەریش دابمەزرێت، بەڵام ئەو فەرمانبەرانەی بۆ ئەوێ دەڕۆن، لە کۆمەڵەی پزیشکی شاهانە پشکنین ئەنجام دەدەن، چونکە ویلایەنی ناوهاتوو لە مەملەکەتە گەرمەکانە ، بزانن لەگەڵ کەشوهەوای ئەوێ دەگونجێن یاخود ناگونجێن، بە گوێرەی ئەوە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، بەفەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی لەگەڵ جێبەجێ کردنی پشکنینەکە، چۆنیەتی کارەکە لەسەر ئاماژەی نەزارەتی جەلیلەی مەکاتبی گشتی سەربازی شاهانە دەوستێت، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٨ شەعبان ١٣٢٠ و لە ١٦ تشرینی دووەم ١٣١٨,[١]

هەروەها لە بەڵگەنامەییەکی تریشدا لە ٣٠ سەفەر ١٣٢١ و لە ١٥ مایس ١٣١٩ بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە: بەپشت بەستن بەبڕیارنامەی فەرمانەکان وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ڕانیە ٥٦٢ قوروش موچەی دوورخراوەی بۆ ببردێتەوە، بۆ ئەمەبەستە بەبڕیاری شورای دەوڵەت و بەفەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی فەرموویەتی، جێبەجێ کردنی ئەنجام دراوە، بەڕێگای یاسای ناوبراو بۆ دامەزراندنی ناوبراو لە قائیمقامیەتێك ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی جەلیلە، لە شورای ناوهاتووش گفتوگۆکراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

بۆ نەزارەتی بەهیەی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە: وێنەکەیان لە نووسراوی ڕاگەیەندراو و دەرچوونی فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی، بەبڕە پارەی پەراوێز لە نەزارەتی بەهیەی سندوقی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[1]

١٦. حوسین لوتفی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە: لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**I.DH. 01399.000019**) لە ٣٠ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠ نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

٧٥٨

جەنابی ئەفەندم

لە ویلایەتی موسڵ وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە دراوە تەدادگا، بەفەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی دوورخراوەتەوە و بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو حوسین لوتفی ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی زەیدیە بوردراوە دابمەزرێت، لەم بارەیەوە نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلەی و بڕیارنامەی کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لەگەڵ کاغەزی وەرگێڕدراوی باری کەسێتی بەیەکەوە ڕاگەیەنراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراوی بەپەلە کراوە ئەفەندم.

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.

**لە ٣٠ ڕەبیعی یەکەم ١٣٢٠ لە ٢٣ حوزەیران ١٣١٨**

**سەدری ئەعزەم**[١]

**لە بەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (DH.MKT.02368.00111) لە ٦ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٨ نووسراوە:**

**٦ڕەبیعی یەکەم ١٣١٨**

**٢٠ حوزەیرانی ١٣١٦**

**بۆ نەزارەتی دارایی عالی**

**نەزیف بەگ قائیمقامی پێشووی ڕانیە، وەکو دیاری پاشا لەدارایی موسڵ ٥٠٠٠ قوروشی بۆ ڕێکخراوە، لە داهاتی ناوخۆی ساڵی ١٣٠٧ لە لێکۆڵینەوەی ئەم ساڵی خەزێنەی جەلیلە لەمێژووی ١٠ کانوونە دووەم ١٣٠٩ کەم کراوەتەوە.**[٢]

## ١٧. سەید ئەحمەد نەقیب - ١٩٠٠.

**لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (Y.PRK.UM. 00055.00035) لە ٢٩ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ لە نازمی والی موسڵەوە نووسراوە:**

**کۆشکی یلّدزی همایۆن**

**فەرمانگەی باش کیتابەت**

**شیفرەی ویلایەتی موسڵ**

**لەبەرئەوەی سەید ئەفەندی بەوەکالەت لە قائیمقامی ڕانیە دامەزراوە،**

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

ماوەی مانگێکە لە قەزاکانی ڕانیە و کۆی سنجەق هۆزەکان کۆبوونەوە، لەسەر ئامادەکاری کاریگەر گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، لەم بابەتەدا ئەو کێشە گەورەیەی کە سەرهەڵ دەدات بەخۆجێیی وتراوە، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەرگری کردن لەلایەن جەنابی شەهریاریەوە بووە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە لەوێ ڕوونەدەن، ئاگاداری دراوەتە خۆجێیی ڕاگەیەنراوە فەرمان.

لە ٢ ئۆغستۆس ١٣١٧

نازم والی موسڵ[١]

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٠ لەنێوان (سەید ئەحمەد بابە ڕەسوڵ) و قادرئاغای سمایل ئاغای غەفوری لە دێی (خدران)ی بناری چیای کۆسرەت شەڕێکی قورس ڕوویدا، کاتێك (سەید ئەحمەدی نەقیب) قائیمقامی ڕانیە، لەسلێمانیەوە بەڕێگای کەرکوکدا دێتە کۆیە، لەماڵی عەبدوڵڵا ئاغای حەویزی میوان دەبێت، قادرئاغا و خزمەکانی ڕێی پێدەگرن و نایەڵن لە ڕێگای کۆیەوە بچێتەوە ڕانیە، سەید ئەحمەد بەرقییەك بۆ سلێمانی لێدەدات بەم شێوەیە: "لە کۆیە لەماڵی (عەولائاغا) حەپسم، ئەگەر ئەحواڵم دەپرسن" سەید ئەحمەد دەگەڕێتەوە سلێمانی لەوێوە دەچێتەوە ڕانیە، ئەویش وەك دژایەتی کردنی پشتگیری غەفورییەکان بۆ عەولاپاشای والی موسڵ دژی میراودەلیەکان عەشائری پشدەر و دیوی مەرگە و لای سلێمانی گرد دەکاتەوە و هێرشدەکاتە سەر خدران، هەرچەندە عەشیرەتی خۆشناو یاریدەی غەفورییان دەدەن، بەڵام لە ئەنجامدا دەشکێن و زەرەر و زیانێکی زۆر لە غەفورییان دەکەوێت، بۆ دڵدانەوەی غەفورییان حکومەت سەید ئەحمەدی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

قائیمقام لەڕانیە لادەبات، بەحەماغا دەڵێت: لەتۆڵەی ئەمە چیتان دەوێت؟ حەماغا دەڵێت: مادام سەید ئەحمەد لەڕانیە نەما، ئێمە هیچی دیمان ناوێت.[1]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT. 00114.00033**) لە ١٥شەعبان ١٣١٩ نووسراوە:

**١٥ شەعبان ١٣١٩**

**١٣ تشرینی دووەم ١٣١٧**

بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە

قادر ڕانیەیی لەگەڵ هاوڕێکانی ڕێگایان لەسەید ئەحمەد ئەفەندی وەکیلی قائیمقامی ڕانیە و حەفید شێخ مەعروف ئەفەندی لە ڕەچەڵەکی بەرزنجیەکان گرتووە و بەچەك ڕێگریان لێیان کردووە، هەروەها دووچاری سوکایەتی بوونەتەوە و لەنێوانیان ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویداوە، وای بۆ دەچن کە لەلایەنی ئێرانیش هەندێك لە ئەندامەکانیان بچنە پاڵیانەوە، پێویستە ئەم هۆکارانە نەهێڵن کە دەبێتە هۆکاری تێپەڕ بوونیان، بۆیە ئاگاداری پێویست دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران، بەڕاگەیاندنی کاری پێشوەخت ئەنجام دراوە، فەرمانی پێویست بۆ شوێنەکان نێردراوە، بەڕاپۆرت لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئاگاداری دەرکراوە، ئەم نووسراوەی کە لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە دەرچووە، جگەلە والا بەپەلە مامەڵە لە کۆمسیۆن جێبەجێ بکرێت.[2]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**I.HUS. 00089.00037**) لە ٢٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ ووسراوە:

١. تاهیر ئەحمەد حەویزی، سەرچاوەی پێشوو، ١١٤.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

کۆشکی یلْدزی هومایۆن

فەرمانگەی باش کیتابەت

٢٠٦٦

وەکیلی قائیمقامی قەزای ڕانیە سەید ئەحمەد ئەفەندی گوێ لە ئامۆژگاری ناگرێت و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری خۆی کۆی کردونەتەوە خەریکی سەرپێچیە، یەك گوندی سوتاندووە و هەموو مەڕ و ماڵاتی تاڵان و خانووەکانی وێران کردووە، هەروەها ٦٠ کەسی کوشتووە، بە ئاماژەی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن بەسەرعەسکەری واڵا ڕاگەیەندراوە، هەر ئێستا ناوبراوان دەستگیر بکرێن و ئەو سەرپێچیانەی کە کردوویانە بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و بدرێنە دادگا، بەفەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتە ئەمروفەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٣ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ و لە ٢٧ حوزەیران ١٣١٧

جەنابی جەنابی شەهریاری سەرکاتب[1]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (Y.PRK.UM. 000173.00092) لەلایەن رزا سەرعەسکەر ١٢جەمادی یەکەم ١٣١٩ بەرامبەر ١٣ ئۆغستۆس ١٣١٧ نووسراوە:

پایەی سەرعەسکەر

قەڵەمی تۆمارکردن

تایبەتی

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

لەبەر زوڵم و سەرپێچیەکانی سەید ئەحمەد وەکیلی قائیمقامی قەزای ڕانیە، شێخ بزێنیەکان لەگەڵ هەندێك لە هۆزەکان بەیەکەوە دووبارە بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر ڕانیە، بۆ پەرش و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەکەیان و جێگیرکردنی ئاسایشی خۆجێیی، ئاسانکاری بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان کراوە، هەروەها هێزێکی گونجاو پێویستە بنێردرێت، بۆیە تەلگرافنامە لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن هاتووە و لە مێژووی ٢١ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوی تایبەتی بە جەنابی خەلافەتپەناهی گەیەندراوە.....[١]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.ŞFR. 00263.00018**) لە ١٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوە:

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

یەکەم و دوا ڕاگەیەنراوی بەندەمان کە ڕاگەیەنراوە، دەرکەوتووە لە ڕووداوەکانی ڕانیە هەندێك لە هۆزەکانی لای ئێرانیش کۆبوونەوەیان کردووە و بیرۆکەی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر ئەندامانی جەلیلە، بۆ پەرش و بڵاوکردنەوەی ئەمانەش مەفرەزەیەکی نیزامیە ئەرکیان پێ سپێراوە، لەسەر ئاماژەی موتەسەریفیەتی کەرکوك، هەر ئێستا مەفرەزەکە بەهێز بکرێت و بۆ ئاشت کردنەوەی نێوان ئەم دوو هۆزە، ڕێگا نەدرێت ڕوو بە ڕوو بوونەوە ڕوو بدات، بۆیە هەر ئێستا قوماندانی فرقەی نیزامیەی هومایۆنی کەرکوك دەست بەکار بێت، بەگوێرەی ئامادەکاری خۆجێیی ئامادەکاری بەپەلە بکرێت و هەر دوو کۆمەڵە پەرش و بڵاو بکرێنەوە، لەوەڵامدا بۆ موتەسەریفیەتی ناو هاتوو نووسراوەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا نە رێگا نەدەرێت ئەندامان و

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

هۆزەکان لەلایەنی ئێرانەوە بپەڕنەوە ئەم لایە، ئاگاداری دراوەتە باڵیۆزخانەی ئێران، بۆ ئەمەش تکا کراوە نەزارەتپەناهی هاوکار بێت، لەبارەی هۆکاری سەرهەڵدانی زانیاری تێر و تەسەل وەربگیرێت و ئەنجامەکەی ڕابگیرێت، فەرمان.

٢٥ تەموز ١٣١٧

نازم والی موسڵ[١]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.ŞFR. 00263.00050**) لە ٢٦ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوە:

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

هەر خۆی لەخۆیدا لەنێوان هۆزەکاندا ناکۆکی و ڕوو بە ڕوو بوونەوە هەبووە، کە سەید ئەحمەد ئەفەندیش لە وەکالەتی قائیمقامی ڕانیە دامەزراوە، ئەم مەسەلەیە زیادی کردووە و پەرەی سەندووە، لەم حاڵەتەدا بەردەوام بوونی ئەم ناکۆکیە، لەنێوان هۆزەکانی ئیسلامی گونجاونییە، بۆ ئاشت کردنەوەی نێوانیان و پاراستنی دانیشتوانی گوندنشینەکان ئامادەکاری پێویست جێبەجێ کراوە، ئەم ناکۆکی و دوژمنایەتیەی نێوان هەمەوەندیەکان و هۆزی شێخ بزێنی هەیە، جەنابی خەلافەتپەناهی خۆی هەستاوە بەئاشت کردنەوەی نێوانیان، لەمەسەلەی شێخ ئەحمەدیش لەقەزای ڕانیە کۆبوونەوەی ئەنجام داوە، بەشێکی گرنگی ئەم هۆزانە بەگشتی گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، لەسەر ئەم بابەتە جەنابی پاشا خۆشحاڵە، کەلەم ڕۆژانەدا ئاسایشی قەزاکانی کۆی سنجەق و ڕانیە جێگیر بووە و بە تەواوەتی گەڕاوەتەوە دۆخی جارانی، زانیاری یەك مانگ ڕاگەیەنراوە، فەرمان.

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.

**لە ١ ئۆغستۆس ١٣١٧**

**نازم والی موسڵ**[١]

**لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (DH.ŞFR. 00263.0005959) لە ٢٩ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوە:**

**بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە**

**سەید ئەحمەد ئەفەندی بەوەکالەت لە قائیمقامیەتی ڕانیە دامەزراوە، لەبەر ئەم هۆکارەوە ماوەی مانگێکە هۆزەکان لە قەزاکانی ڕانیە و کۆی سنجەق کۆبوونەتەوە، لەسەر ئامادەکاری کاریگەر بە تەواوەتی گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، هەروەها بەناوچەکانیان ڕاگەیاندراوە کە مەسەلەیەکی گەورە دروست دەبێت، ماوەی چەند ڕۆژێکە جەنابی پاشا بەرگری کردووە، ئەم جۆرە ڕووداوانە کە لەوێ ڕوویداوە، بۆ ئەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی بن بڕ بکرێت و ڕێگا لە ڕوودانی بگرین، هەواڵ بۆ خۆجێیی ڕۆیشتووە، ڕاگەیەندراوە فەرمان.**

**٢ ئۆغستۆس ١٣١٧**

**نازم والی موسڵ**[٢]

**لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (BEO. 001688.126531) لە ٢٦ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ نووسراوە:**

**بابی عالی**

**فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ**

**کۆمسیۆنی مامەڵەی بەپەلە**

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٠.

ژمارە ٢٢١٧

بۆ جەنابی عالی جەنابی سەدارەتپەناهی

ڕاگەیەنراوی بەندەیە

سەید ئەحمەد ئەفەندی وەکیلی قائیمقامی قەزای ڕانیە گوێ لە ئامۆژگاری ناگرێت و ئەم کەسانەی کە لەلای خۆی کۆی کردوونەتەوە، لەگەڵ یەك بەردەوامن لەسەرپێچی و هێرشیان کردۆتە سەر گوندێك، ئەم گوندەیان سووتاندووە و بەتەواوەتی مەڕومالآت و کەلوپەلیان تالآن کردووە، هەروەها ٦٠ کەسیان کوشتووە، بەئاماژەی موشیرەتی جەلیلە لەلایەن والآی سەرعەسکەر ڕاگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەر ئێستا ناوبراو دەستگیر بکرێت و بەگوێرەی یاساش لەسەر ئەو سەرپێچی و زوڵمەی کە کردوویەتی دادگایی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە فەرمانی جەنابی پاشای خەلافەتپەناهی لەسەر نووسراوی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی دەرچووە، ئاگاداری دراوەتە ویلایەت، کە کاری پێویست بکرێت تا بدرێتە دادگا و لەسەر ئەم فەرمانەی کە لە وەکالەتی موشیرەتی ناوهاتوو دراوەتە قوماندانی فرقە لەلایەن سەربازییەوە دەست پێشخەری کراوە لە دەستگیر کردنی ئەحمەدە فەندی، بەڵام نەتوانراوە دەستگیر بکرێت، دەرکەوتووە لەم شەڕەی کە کراوە ٦٠ کەس نەمردووە، بەڵکو لەهەردوو لایەن ١٨ کەس مردووە و ١٠ برینداریش هەیە، لەم ڕووداوەدا قادر ڕانیەیی لەگەڵ هاوڕێکانی سەید ئەحمەدی ئەفەندی و حەفید شێخ مەعروف ئەفەندی لە ساداتی بەرزنجی بە چەك ڕێگایان گرتوون و لەوێ لە کۆیسنجەق جۆرەها سوکایەتیان پێ کردوون، لەم کاتەی کە بەپێویست زانراوە ئەحمەد ئەفەندی و قادر و هاوڕێکانی پەرش و بڵاو بکرێنەوە، کەچی بەپێچەوانەوە ١٥٠٠

کەسیان کۆ کردتەوە و هێزێکیان دروست کردووە، لەوەکالەتی ناوهاتووەوە تەنیا ئەحمەد ئەفەندی خراوەتە ژێر چاودێری و بەدواداچوونەوە، لەبارەی ئەوانی تر بیروڕای دژبەیەك هەیە، جگەلە لەکاتی دووبارە کردنەوەی ڕووداوەکان ئەوا قادر و هاوڕێکانی کەپێك هاتووە لە محەمەد سەرۆکی هۆزی پشتکلی لەگەڵ ڕێکخەری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە حەمەئاغا و ڕەسوڵ ئاغای کۆیسنجەق دەستگیر دەکرێن، لەگەڵ ئەحمەد ئاغا بەیەکەوە لە کەرکوك دادگایی دەکرێن و مامەڵەی یاساییان لەگەڵ دەکرێت، بۆ دەستگیرکردن و ڕادەست کردنیشیان هەواڵ دراوەتە موشیری ناوهاتوو، بەم شێوەیە لە بارەی هەردوو لاوە مامەڵەی یەکسان ئەنجام بدرێت، ڕێگا نەدرێت ڕووداوی نابەجێ ڕوو بدات، لەلایەکی تر بەهاتنی ئەمانە بۆ کەرکوك، ئەحمەد ئەفەندیش دێت، بۆ ڕێگا گرتن لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەلایەنی سەربازییەوە بینباشی سلێمان ئەفەندی نێردراوە، دوای گەیشتنی ناوبراویش بەبوونی شایەتحاڵەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ کاغەزی گرنگ بە پۆستە دەنێردرێت، بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە لەوەکالەتی ویلایەتی موسڵ هەندێك هۆز کۆبوونەوەیان کردووە و لە ئێرانیش ئەندامیان هێناوە، بیرۆکەی هێرش کردنیان هەیە، هەروەها بۆ پەرش و بڵاو کردنەوەی ئەمانە بە موتەسەریفیەتی کەرکوك ڕاگەیەنراوە، ئەو مەفرەزە نیزامیەی ئەم ئەرکەیان پێ دراوە کەمن، بۆ زیادکردن و بە هێزکردنی مەفرەزەکە شتێك نەکرێت پێچەوانەی یاسای عالی بێت، بە قوماندانیەتی نیزامنیە و ئامادەکاری پێویست بکرێت بۆ پەرش و بڵاو کردنەوەی هەردوو کۆمەڵە بۆ موتەسەریفیەت نووسراو کراوە، بە ڕاگەیاندنی بۆ ڕێگا گرتن لەهاتنی ئەندامانی ئەم هۆزانە لەلایەنی

ئێرانەوە، ئەوا ئاگاداری لە ویلایەتی ناوهاتوو دراوە تا ئاگاداری بدرێتە باڵیۆزخانەی ئێران، جگەلەمە بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەش لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە ئاگاداری دەرچووە، لەم بابەتە ئەمرۆ فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٩ و لە ٢٨ تەموز ١٣١٧

نازری کاروباری ناوخۆ[١]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**BEO. 001714.130531**) لە ٢٠ ڕەجەب ١٣١٩ نووسراوە:

**٢٠ ڕەجەب ١٣١٩**

**٢٠ تشرینی یەکەم ١٣١٧**

بۆ نەزارەتی ناوخۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە

ئەو کاتەی بابە ڕەسوڵ زادە سەید ئەحمەد زاوای شێخ کاك سەعید ئەفەندی خەڵکی سلێمانیە، کەلە قائیمقامیەتی ڕانیەدا بووە، گومانی لەسەر بووە، بۆیە لەڕووی تاوانەوە مافی تاکەکەسی لەسەر ماوە، بەڵام داوای کردووە لەبەر مافی گشتی ناوبراو و هاوەڵانی لێبوردنی گشتی بیان گرێتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەی پێویست بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت، سەبارەت بە نووسراوی باش کیتابەتی جەلیلە مابەینی هومایۆن نووسراوەتەوە، چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکەش لەسەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە ئاماژەی پێکراوە، بەوتە و فەرمانی هومایۆنی شاهانە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[٢]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦.

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.02510.00014**) لە ٢٧ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ بەرامبەر ١ تەموز ١٣١٧ نووسراوە:

**٢٧ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩**

**١ تەموز ١٣١٧**

بۆ ویلایەتی موسڵی عالی

ئەحمەد ئەفەندی بریکاری قائیمقامی قەزای ڕانیە لە مامەڵەی سکاڵاکانی لەگەڵ هەندێك وتە بە حەوت واژۆ هاتۆتە نەزارەتی دارایی جەلیلە، لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٧ حوزەیران ١٣١٧ ژمارە ٢٨١ ڕەوان کراوە، هەروەها لە بارەی زوڵم و سەرپێچی ناوهاتوو تەلگرافنامە لە نەزارەتی عاجیزانە دەرچووە، بۆ سەروو نێردراوە، بەتێڕوانین لە بابەتەکە دوای لێکۆڵینەوە بەگوێرەی حاڵەتەکە جێبەجێ بکرێت و لەئەنجامەکەشی زانیاری بدرێت، جگەلەمەش بەتۆمار دەرکەوتووە قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو لەژێر دەسەڵاتی وەلیەددین ئەفەندییە، بۆیە لەبارەی هۆکاری بوونی ناوبراو لە شوێنەکە و وێنە و دەست لەکارکێشانەوەی ڕاگەیەنراوی بەپەلە کراوە.[١]

لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.02588.00025**) لە ٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩ نووسراوە:

**٥ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٩**

**٣١ کانوونی دووەم ١٣١٧**

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨.

ئەو کاتەی بابا ڕەسوڵ زادە سەید ئەحمەد ئەفەندی زاوای جەنابی شێخ کاك سەعید ئەفەندی سلێمانیە، کە لە قائیمقامیەتی ڕانیە بووە، جێگای گومان بووە، بۆیە لەو تاوانانەی کە کردوویەتی بەمەرجی مانەوەی مافی کەسێتی، ناوبراو و هاوەڵانی لەمافی گشتی لێبوردنیان بۆ دەردەچێت، بۆ ئەمەش مامەڵەی پێویست بە فەرمانی پاشای جەنابی خەلافەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت، لەسەر ئەو ئاگادارییەی پێشووتر هاتووە، بڕیارنامە لە فەرمانگەی مولکیەی شورای دەوڵەت دراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنیشی بە نووسراوی ئەمر و فەرمانی هومایۆنی شاهانە، سەروو ئاگادار کراوەتەوە و نووسراوی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ١٩ کانوونی دووەم ١٣١٧ ژمارە ٣٢٦٢ نێردراوە، نووسراوێکی ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی ملەکانە جێبەجێ دەکرێت.[١]

١٨. **حوسین مستەفا ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.ŞFR. 00325.00142**) لە ٣٠ موحەڕڕەم ١٣٢٢ و لە ٦ مارت ١٣١٨ لەلایەن نوری والی نووسراوە:

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

لە ناو کەرکوك حوسین مستەفا ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە دەستی لە کار کێشاوەتەوە و ئەرکەکەی بەجێ هێشتووە، دەست لە کارکێشانەوەکەی هێنراوە و پێشکەش کراوە، قەزای ناوهاتوو کۆمەڵگای هۆزەکانە، ئەو قائیمقامانەی لە دەرەوە دێن ناتوانن کاروباری ناوچەکە بەجوانی بەڕێوە ببەن، جگەلەمە ناوە ناوە بەوەکالەت ئەرکەکە بەڕێوە

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

دەبردرێت، بەمەش کێشەکان زیاتر دەبن، لەبەر هۆکاری مێژووی ٣ نیسان ١٣٢٠ ژمارە ٢٠ سەعید بەگی ڕەواندز لە زاڵمەکانی قەزای ڕەواندز ڕزگار بکرێت و لە قائیمقامیەتی ڕانیە دابمەزرێت، تکا کراوە فەرمان.

٣ نیسان ١٣٢٠

نوری والی[١]

**١٩. حوسین نەسیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** نوری والی موسڵ لە ٦ مارت ١٣١٨ ڕۆمی، لە تەلگرافنامەیەکدا بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە، جەخت دەکاتەوە لەبەر کەش و هەوای مەرکەزی قەزای ڕانیە و دەوروبەری، هەروەها خەڵکەکەشی لە پێك هاتەی هۆزایەتین و کەللەڕەق و توندن، ئەو قائیمقامانەی بەوەکالەت لە دەرەوە دەهێنرێن و دادەمەزرێن، لە کارەکەیان بەردەوام نابن، تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کارگێڕیش سەرکەوتوو نابن، بۆیە هەرچی زووە لە ڕەواندزەوە سەعیدبەگ دابمەزرێت، بەتاقی کردنەوە سەلمێنراوە، کە لە ڕووی کارگێڕیەوە بە توانایە و هەم لە قەزای ناوهاتوو بەڕێوەبردنەکەی باش دەبێت و هەم لە ڕووی پێك هاتەی دانیشتوانەوە، خەڵکی مەملەکەتی خۆیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەڵبژێردراوەکان نەبووە و خزمەتی کۆنیشی نەبووە بەگونجاو نەزانراوە، وەك ئاماژەی بۆ کراوە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH. MKT.00848.00025**) لە ١١ سەفەر ١٣٢٢ بەرامبەر ١٥ نیسان ١٣٢٠ نووسراوە:

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

بابی عالی

فەرمانگەی ... ناوخۆ

قەڵەمی فەرمانبەران

ژمارە١٧٢

حوسێن لوتفی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە لەسەر لێبوردنی لە ئەرکەکەی، شوێنەکەی بە بەتاڵی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەش شوێنەکەش شوێنی هۆزەکانە، وای کردووە ئەو قائیمقامانەی لەدەرەوە دێن ناتوانن کارگێڕی ناوچەکە بە باشی بەڕێوە ببەن، لەبەر ئەم هۆکارە قائیمقامی ڕەواندز سەعید بەگ لە قەزای ناوهاتوو دابمەزرێت، لە مێژووی ٣ نیسان ١٣٢٠ لە ویلایەتی موسڵ شیفرە هاتووە و حەواڵە کراوە.

بەڵام لەکاتی وردبینی دەرکەوتووە سەعید بەگ لە هەڵبژێراوەکان نیە، لە ئەرکی خزمەتی قائیمقامیەتیش خزمەتی پێشووی نەبووە، لەبەر ئەوەی ئاماژەی هاتووی گونجاو نییە، بۆیە حوسین نەسیم ئەفەندی قائیمقامی پێشووی پالۆ دابمەزرێت، کە لە مولازیمە هەڵبژێراوەکان و دەرچووی مەکتەبی شاهانەی مولکیەیە، بەهەمان شێوەش وەکو قەزای ناوهاتوو لەچیینی سێیەمە، لەکاتی خستنە دەنگدانەوە کارەکە جێبەجێ بکرێت، وێنەی پەسندکراوی تەلگرافنامەی ناوهاتوو پێشکەش کراوە، لەم بابەتە ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١١ سەفەر ١٣٢٢ و لە ١٥ نیسان ١٣٢٠,[١]

---

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨.

**٢٠. ئیبراهیم فەوزی قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە:** بەهۆی بارودۆخی تایبەتی لە ڕووی کارگێڕی لە قەزای ڕانیە هەمیبشە کێشەی هەبووە، لەم کاتەشدا بێ قائیمقام بووە، لەبەر ئەوە سەدری ئەعززەم خۆی لە **٣** جەمادی کۆتایی **١٣٢٢** بەرامنبەر بە **٢** ئۆغستۆس **١٣٢٠** داوا دەکات، لەناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە بەکراوەیی ماوەتەوە، لەبەر ئەوە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمان ژمارە (**BEO.002399.179888**) لە **١٧** جەمادی کۆتایی **١٣٢٢** نووسراوە:

**١٧** جەمادی کۆتایی **١٣٢٢**

**١٦** ئۆغستۆس **١٣٢٠**

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە کە سەر بە ویلایەتی موسڵە، ئیبراهیم فەوزی بەڕێوەبەری ناحیەی ئوسکودار دابمەزرێت. لە مێژووی **٢١** جەمادی یەکەم **١٣٢٢** ژمارە **٢٤٦٦** لەسەر نووسراوی دەوڵەت و بە بڕیاری کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە، لە مێژووی **١٥** جەمادی کۆتایی **١٣٢٢** لەلایەن جەنابی خەلافەتپەناهی بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی دراوە، ناوبراو دوای ئەوەی بەتاقی کردنەوە لێهاتوویی خۆی دەرخست ئەوا هەڵبژاردننامەی قائیمقامیەتی پێ دەدرێت، بەم وەرگرتنە لە قائیمقامیەتی قەزاری ڕانیە دادەنرێت و نووسراوی وەرگرتنی ئەرکەکەی پەسند دەکرێت، لەم بارەیەوە بڕیارنامەی کۆمسیۆن نووسراوەتەوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[1]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١

**٢١. محەمەد شوکری ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە:** لەبەڵگەنامەی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.00875.00093**) لە ٢٠ سەفەر ١٣٢٥ نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ

قەڵەمی فەرمانبەران

ژمارە **٥٣**

لەناو ویلایەتی موسڵ، ئیبراهیم فەوزی بەگ قائیمقامی قەزای ڕانیە کە سەر بە ویلایەتی موسڵە، ئەرکەکەی گواستۆتەوە بۆ قائیمقامیەتی قەزای پازارکۆی لە ویلایەتی خواوەندکار، لێرەدا شوێنی قەزای ڕانیە بە بەتاڵی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی کەسێك نییە لەچینی سێیەم و مولازمی هەڵبژێراو بێت، ئارەزوو بکات لە قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو دابمەزرێت، جگە لەمەش قەزای ناوهاتوو لە شوێنە گرنگەکانە، ناکرێت هەمیشە بە وەکالەت بەڕێوە ببرێت، بۆیە قائیمقامی مولازیم محەمەد شوکری ئەفەندی بەڕێوەبەری کە لە بەڕێوەبەرایەتی پوغومیل جیابۆتەوە، لە قەزای ناوهاتوو دابمەزرێت، کاغەزی وەرگێڕدراوی باری کەسێتی هاوپێچ پێشکەش کراوە، ڕای جەنابی سەدارەتپەناهیشە[1]، لەم بابەتە، ئەمروفەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

**لە ٢٠ سەفەر ١٣٢٥ و لە٢٢ مارت ١٣٢٣**[2]

---

١. سەدارەتپەناهی: پەیوەندی بە سەدری ئەعززەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعززەم.سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠.

## ٢٢. عەبدوڵڵا موخلیس بەگ بەوەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە:

لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.01231.00038**) لە ٤ زیلقەعدە ١٣٢٥ بەرامبەر لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٣ لەلایەن جەنابی شەهریار و موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن نووسراوە:

فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی

یەکەی ١

٢٣٨٨

بۆ جەنابی سەرعەسکەر

جەنابی ئەفەندم

لە ئالای[١] ٣١ی نیزامیە تابوور[٢]ی یەکەم بڕیارنامە هاتووە، هاوپێچ لەگەڵ وتەی فەرمانگەی ئەرکانی جەنگی ڕاگەیەنراوە و پێشکەش کراوە، عەبدوڵڵا موخلیس بەگ بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیەیە، لە ئەرکەکەیدا خزمەتی باشی کردووە، داوا کراوە ڕێزلێنانی پێ بدرێت و پلەکەی بەرز بکرێتەوە، تێڕوانین لە نووسراوەکان کارەکە جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٤ زیلقەعدە ١٣٢٥ و لە ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٢٣

جەنابی شەهریار و موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن.[٣]

---

١. ئالای (الای): ئالای بەمانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لەزاراوەی سەربازیش وشەیەکە لە سێ چوار تابوور پێك دێت، هەروەها هەر ئالایەك سنجەقێکی لەبەر دەست دابووە. سەرچاوە: د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو.

٢. تابوور: لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا.

٣. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.

**٢٣. سنجەقی کەرکوک سەید عەلی ئەفەندی قائیمقامی قەزای** ڕانیە: بەهۆی مردنی محەمەد شوکری باش کاتیبی دادگای سەرەتایی کەرکوك دەکرێتە قائیمقامی قەزای ڕانیە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.01212.00079**) لە ١١ شەوال ١٣٢٥ بەرامبەر لە ٤ تشریتنی دووەم **١٣٢٣** نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ

قەڵەمی فەرمانبەران

ژمارە **٦٦٢**

ڕاگەیەندراوە کە باش کاتیبی دادگای سەرەتایی سنجەقی کەرکوك سەید عەلی ئەفەندی هەڵبژێردراوە تا لەناو ویلایەتی موسڵ لە قائیمقامیەتێك دابمەزرێت، جەنابی خەلافەتپەناهی بەفەرمانی پاشا بەپێویستی زانیوە جێبەجێ بکرێت، بە نووسراوی تایبەتیش بەباش کیتابەتی جەلیلەی مابەینی هومایۆن ڕاگەیەنراوە، بۆیە بەنووسراوێکی ئەمر و فەرمانی هومایۆنی شاهانە جێبەجێ کردنی فەرمووە، بە نووسراوی سەدری ئەعززەمیش لە مێژووی ١ تشرینی دووەم **١٣٢٣** ژمارە **٢٣١٥** ئاماژەی پێکراوە، دواتر لەکاتی پێداچوونەوە بەتۆمار دەرکەوتووە بەهۆی مردنی محەمەد شوکری ئەفەندی، شوێنەکە بەبەتاڵی ماوەتەوە، بۆیە ناوبراو لەقائیمقامی قەزای ڕانیە لە چینی سێیەم دەست بەکاردەبێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١١ شەوال **١٣٢٥** و لە ٤ تشرینی دووەم **١٣٢٣**,[١]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH. 01462. 000009**) لە ٧ زیلقەعدەی ١٣٢٥ نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

٣٥١٣

جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لە ناو ویلایەتی موسڵ، قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە بەکراوەیی ماوەتەوە، بۆ ئەم شوێنە سەید عەلی ئەفەندی باش کاتیبی دادگای سەرەتایی سنجەقی کەرکوك دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر هاتنی بە نووسراوی ناوخۆی جەلیلە، بڕیارنامە لە کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە ڕێکخراوە و پێشکەش کراوە، لەگەڵ کاغەزی وەرگێڕدراوی باری کەسێتی ڕاگەیەنراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی جەنابی خەلافەتپەناهی هەر چیەك بێت، جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی بەپەلە کراوە، ئەفەندم، لە ٧ زیلقەعدە ١٣٢٥ و لە ٢٩ تشرینی دووەم ١٣٢٣.

سەدری ئەعزەم.[١]

## ٢٤. ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە: لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH.MKT.02911.00032**) ٩ شەعبان ١٣٢٧ بەرامبەر ١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٥ بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە نووسراوە:

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤.

١٢ ئۆغستۆس ١٣٢٥

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

دوای داواکردنی عەلی ئەفەندی لە قائیمقامیەتی قەزای مەعموورەی حەمیدیە[1] و لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیەش، ئیبراهیم ئەفەندی دادەمەزرێن، لە نەزارەتی ژمێریاری تۆمار کراوە، هەرکە ناوبراوان گەیشتنە شوێنی ئەرکەکەیان لە مێژووی دەستبەکاربوونیان مانگانە ١٥٠٠ قوروش مووچەیان بۆ دابین دەکرێت، بە گوێرەی بڕیارەکانی نیزام مامەڵەکان جێبەجێ دەکرێت، هەروەها هیممەت بکرێت لە ڕاگەیاندنی مێژووی دەست بەکاربوون و ە دەست لەکارکێشانەوەیان.[2]

٢٥. عەلی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە: لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DH.01476.000049**) ٢٨ ڕەجەب ١٣٢٧ نووسراوە:

بابی عالی

فەرمانگەی سەدارەت

دیوانی هومایۆن

١١٢٨

بۆ جەنابی ئەفەندم

لە ویلایەتی موسڵ، عەلی ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە، لەبەر دژایەتی کردنی داوای کردووە ئەرکەکەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها لەبەر ئەوەی قەزای مەعموورەی حەمیدیە ئیبراهیم ئەفەندی

١. مەعموورەی حەمیدیە: لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی قەڵادزێ ناوی حەمیدیە بووە.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥.

لەگەڵ ئەفسەرانی سەربازی ناوچەکە نێوانی خۆش نیە و ناگونجێت، لەسەر ئاماژەی ویلایەت ناوبراون گۆڕینەوەیان پێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە هاوپێچ ڕاگەیەنراوە و پێشکەش کراوە، فەرمانی پاشای جەنابی پاشا هەر چۆنێك بیێت ئاوا جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراوی بە پەلە نووسرایەوە ئەفەندم، لە ٢٨ ڕەجەب ١٣٢٧ و لە ٢ ئۆغستۆس ١٣٢٥

سەدری ئەعزووم[١]

لەیەکێك لەبەڵگەنامەکان ناوی مستەفا ئەفەندی وەك قائیمقامی ڕانیە هاتووە، بەڵام ئاماژەی دامەزراندنی دیار نیە و تا مانگی دواتریش واتە تا مانگی ڕەجەب قائیمقامی ڕابردوو واتە: ئیبراهیم ئەفەندی لە ڕانیە لەکاردا بووە، وا پێ دەچێت مستەفا ئەفەندی پێش ئەوەی پەیوەندی بەقەزای ڕانیەوە بکات داوای لێبوردنی کردووە لە قائیمقامیەتی ڕانیە ببەخشرێت، لەو بارەیەوە لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**DH. MKT.02757.00090**) لە ٢٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٢٧ نووسراوە: لە قەزای ساسۆن مستەفا ئەفەندی دابمەزرێت کە لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە لێبوردراوە.[٢]

## ٢٦. ڕاسم ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە: لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**BEO. 004030. 302201**) لە ٤ جەمادی کۆتایی ١٣٣٠ نووسراوە:

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.

٤ جەمادی کۆتایی ١٣٣٠

٨ نیسان ١٣٢٨

بۆ وەکالەتی نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

لەویلایەتی موسڵ، ڕاسم ئەفەندی قائیمقامیەتی قەزای حلە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە بگوازرێتەوە، لەم بارەیەوە لەمێژووی ٤ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٣١٢ نووسراو ڕێکخراوە و لەگەڵ نووسراوی عالی نێردراوە، لیستی فەرمانی پاشا لەگەڵ واژۆی هومایۆنی جەنابی پاشا بەپەسند کراوی هاوپێچ نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[1]

٢٧. عەبدوڵڵا ڕەمزی ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە: لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**BEO. 004128. 309537**) لە ١٦ موحەڕڕەم ١٣٣١ نووسراوە:

١٦ موحەڕڕەم ١٣٣١

١٣ کانوونی یەکەم ١٣٢٨

بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە

عەبدوڵڵا ڕەمزی ئەفەندی کە لە قائیمقامیەتی موسڵاتە جیابۆتەوە، لە قائیمقامیەتی ڕانیە دابمەزرێت، لەم بارەیەوە لە مێژووی ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٢٨ نووسراو ڕێکخراوە و لەگەڵ نووسراوی عالی نێردراوە، لیستی فەرمانی پاشا لەگەڵ واژۆی هومایۆنی جەنابی پاشا بەپەسند کراوی هاوپێچ نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[2]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٧.

لەبەڵگەنامەیەکی تریش لە **٢٤** سەفەر **١٣٣٢** بەرامبەر **٩** کانوونی دووەم **١٣٢٩** بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە: مێژووی **٦** کانوونی دووەم **١٣٢٩** ژمارە **١٧٩٣** وەڵامی نووسراوی عالیە، عەبدوڵڵا ڕەمزی ئەفەندی قائیمقامی ڕانیە بووە.[١]

**٢٨. سری بەگ قائیمامی قەزای ڕانیە:** لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DUIT.00045.000045**) لە**١٦** جەمادی کۆتایی **١٣٣٥** نووسراوە:

بابی علی

نەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری گشتی

**٢٨٤**

ڕەزامەندی دراوە سری بەگ قائیمامی قەزای سەڵاحیە بەو موچەی وەریدەگرێت بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە. بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوخۆ ئەرکی پێ سپێراوە. لە **١٦** جەمادی کۆتایی **١٣٣٥** و لە **٨** نیسان **١٣٣٣**. سەدری ئەعزەم و نازری ناوخۆ.

بۆ هەمان مەبەست لەبەڵگەنامەیەکی تردا لە **١٧** جەمادی کۆتایی **١٣٣٥** کۆچی بەرامبەر بە **٩** نیسان **١٣٣٣** ڕۆمی بۆ نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە نووسراوە: مێژووی **٥** نیسان **١٣٣٣** ژمارە تایبەتی **١٠٥** وەڵامی عالیە: قائیمقامی قەزای سەلاحیە سری بەگ لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر فەرمانی جەنابی پاشا

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٥.

و فەرمانی پاشا ڕەزامەندی دراوە، وێنەی پەسند کراوی هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە.[١]

**٢٩. خەلیف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕانیە:** پێشتر ناوی سلێمان سری وەك قائیمقامی قەزای ڕانیە ناوی نەهاتووە، تەنیا ناوی سری بەگ هاتووە، دەگونجێت هەمان ناوی سلێمان سری بێت و تەنیا ناوی باوکی نووسرابێت، بەڵام شوێنی کاریشیان جیاوازە، سری بەگ لە قەزای سەلاحیەوە گوزراوەتەوە بۆ قەزای ڕانیە، بەڵام سلێمان سری لە قەزای ئەلبوکەمال، لەم بارەیەوە لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DUIT.00045.000092**) لە ٢١ ڕەمەزان١٣٣٥ نووسراوە:

بابی علی

نەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری گشتی

**٩٧٨** تایبەتی

فەرمانی پاشا

قائیمقامەکانی قەزای ڕانیە و ئەلبوکەمال، سلێمان سری و خەلیف ئەفەندی بەو مووچانەی کە وەریدەگرن گۆڕانکاریان پێ کراوە. بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوخۆ ئەرکی پێ سپێراوە. لە **٢١** ڕەمەزان **١٣٣٥** و لە **١١** تەموز **١٣٣٣**.

سەدری ئەعزەم و نازری ناوخۆ[٢]

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥- ٢٦٧.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨- ٢٦٥.

**٣٠. فازل بەگ قائیمقامی قەزای ڕانیە:** لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا لە ٢٦ جەمادی یەکەم ١٣٣٥ کۆچی بەرامبەر بە ٢٠ مارت ١٣٣٣ ڕۆمی ئاماژە دراوە بە مێژووی ١٧ مارت ١٣٣٣ ژمارەی تایبەتی ٤٥، وەڵامی نووسراوی عالیە، مونیر بەگ وەك قائیمقامی قەزای ڕانیە لە قەزای عەقرە دابمەزرێت، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستمان ئاماژە بۆ کاتی دامەزراندنی نەکراوە، بەهیواین لە داهاتوودا ئەوەمان باشتر بۆ ڕوون بێتەوە، لە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (**I.DUIT.00046.000028**) لە ١٨ موحەڕڕەم ١٣٣٦ نووسراوە:

بابی علی

نەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری گشتی

١٥٦٧ تایبەتی

فەرمانی پاشا

فازل بەگ قائیمقامی قەزای مەعمورە لەگەڵ خەلیف ئەفەندی قەزای ڕانیە بەو مووچەی کە وەری دەگرن گۆڕینەوەیان پێ کراوە. بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوخۆ ئەرکی پێ سپێراوە. لە ١٨ موحەڕڕەم ١٣٣٦ و لە ٤ تشرینی دووەم ١٣٣٣.

سەدری ئەعزەم و نازری ناوخۆ[١]

**٣١. (خالص) شێخ محەمەد کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی:** قائیمقامی قەزای ڕانیە: لە کۆتایی حوکمی تورك قائیمقامی قەزای ڕانیە

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٩.

**بوو، لەبەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ژمارە (I.DUIT.00046.000133) لە ١٥ شەوال ١٣٣٦ نووسراوە:**

**بابی عالی**

**نەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ٩١**

**فەرمانی پاشا**

**قائیمقامی پێشووی زێبار، خالس[١]ئەفەندی بە موچەی ٢٠٠٠ قوروش لە قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە دامەزراوە. بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوخۆ ئەرکی پێ سپێراوە، ١٥ شەوال ١٣٣٦ و لە ٢٤ تەموز ١٣٣٤.**

**ئیسماعیل نازری ناوخۆ/ سەدری ئەعزەم[٢]**

---

١. (خالص) شێخ محەمەد کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیر کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانیە، ١٢٩٢ ك، ١٨٧٥-١٨٧٦ ز لە گەڕەکی (بولاق)ی شاری کەرکوك لەدایك بووە، بەمنداڵی خراوەتە حوجرە تا دواجار لای مەلا مەحمودی مەزناوێ خوێندنی تەواو کردووە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، شاعیر بووە و نازناوی (خالص)ی هەبووە، دواتر چووەتە بەغدا و ئەستەمبوڵ (سلێمان نەزیف)ی والی موسڵ ڕێزی لێ ناوە و کردوویەتی بە قایمقامی دهۆك، لەبەرئەوەی لەشەڕی سەربەخۆیی تورکیادا لایەنگیری خەلیفە بوو، لێ خراوە، لەیەکەم خوڵی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا لەناوچەی سلێمانی (١٩١٩- ١٩٢٢) قائمقامی قەزای ڕانیە بوو، کاتێك شێخ مەحمود حکومەتی پێکهێناوە لەسەر کار لابراوە، (ڕانیە لەو سەردەمەدا کەوتبووە ژێر ڕکێفی هێزەکانی جوڵانەوەی ڕەواندز هێزێکی شێخ مەحمود بەفەرماندەیی ڕەشید سدقی غەفور، پاش ڕێکەوتن لەگەڵ سەرانی ئەو جوڵانەوەیە ڕۆژی ١٤-١-١٩٢٣ چووە ناو ڕانیە و ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرد(د. ولید حمدی ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦١) جێی باسە سەید عەبدوڵای حاجی سەید حەسەن کەپێشتر وەکیلی موتەسەریفی سلێمانی بوو، کرایە قایمقامی ڕانیە(رفیق حلمی یادشت چ٣ ب٦ هەولیر ١٩٨٨، ل٧٥- عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧) بۆیە بەدڵشکاوی ماڵەکەی بار کردووەبۆ کۆیە لەوێوە شێعری بەناوبانگی (عیتاب) ی بۆ شێخ مەحمود ناردووە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوك، و لە کفری بەقائمقام دامەزرێنراوەتەوە. ساڵێك لەوە بەدوا لە ١٣٤١ك ( ١٩٢٢-١٩٢٣ز) دا کۆچی دوایی کردووە، شێعری بەتورکی نوسیوە.بڕوانە: ئەشرەف تاڵەبانی کورتەیەك لە مێژووی شێخانی تاڵەبانی ،چاپخانەی شەهاب، هەولیر، ل ٨٣-٨٩ لەبڵاو کراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە. خالص ١٩٢٢-١٢٤٨ك دەنگی مامۆستا . - گۆڤار، سلیمانی ژ ٩، سالی سییەم ئابی ١٩٧٣، ل ١٧-٢٣. - ڕۆژنامەی پیشکەوتن، سلیمانی ، ٢٠١٢، ل.١٢.

٢. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٠.

لەبەڵگەنامەیەکی تردا کە لە ١٧ زیلحجە ١٣٣٧ کۆچی بەرامبەر بە ١٣ ئەیلول ١٣٣٥ ڕۆمی، بۆ نەزارەتی ناوخۆی عالی نووسراوە لە: مێژووی ٤ ئەیلول ١٣٣٥ ژمارە ١٤٣٤ وەڵامی نووسراوی عالییە، خالس بەگ قائیمقامی ڕانیە، لەقائیمقامیەتی ئەلبیستان دابمەزرێت، بۆ ئەم کارەش جەنابی پاشا بەفەرمانی پاشا ڕەزامەندی داوە، وێنەی پەسند کراوی هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.[1]

پێناچێت بڕیاری گواستنەوەی ناوبراو گەیشتبێتە کۆتایی، چونکە دوای ئەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویدا و عیراق کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی جەنکەیان دۆڕاند و هاوپەیمانان بەسەریاندا سەرکەوتن، دوای ئەوە عیراق لەلایەن بەریتانیا داگیر کرا و لە ساڵی ١٩١٨ هێزەکانی بەریتانیا گەیشتنە ناوچەکە، لەو کاتەدا (خالص)شێخ محەمەد کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی قائیمقامی ڕانیە بوو، ئەفسەری سیاسی ئینگلیز (دەبلیو، ئار، هەی) بەرپرسی کۆیە و ڕانیە و قەڵادزێ و حاکمی سیاسی دواتری هەولێر، لەو بارەیەوە دەڵێت: شێخ محەمەد کوڕی شاعیری گەورە شێخ ڕەزا بوو، لە کۆتایی حوکمی تورك قایمقامی ڕانیە بوو، ئەو شاعیرە و نازناوی (خالص)ی هەیە، ئەو پیاوێکی زانایە و خوێندەوارێکی باشە، ناوی (دەروێش) ی لەخۆی ناوە و ژیانێکی سادە و ساکار دەژی، لەسەردەمی نەمانی حوکمی تورك و دەسەڵاتی شێخ مەحمود شێخ ئەمینی سندۆڵان لەجێگای خالص کرایە قایمقامی ڕانیە، شێخ محەمەد (خالص) نارەزایی خۆی لەسەر لابردنی دەربڕی، لەبەر ئەوەی ئەو کوردە و تورك نییە.[2] پێی وابوو نەدەبوایە ئەم کارەی لەگەڵ بکرایە و لە قائیمقامیەتی ڕانیە لابدرایە.

١. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٦.

٢. دەبلیۆ. ئار. هەی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

# سەرچاوەکان:

## کتێب


١. ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی (١٩١٨-١٩٣٩)، سلێمانی ٢٠٠٦.

٢. ئەحمەد خواجە، چیم دی، چاپە دووەم، کتێبخانەی ئاراس هەولێر، ٢٠١٣.

٣. ئومێد ئاشنا، ژیان و بەهەمەکانی ئیسماعیل حەقی شاوەیس، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

٤. ئیبراهیم ئیبراهیم میراودەلی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی میراودەلی پشدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەدرخان، سلێمانی ٢٠٠٣.

٥. ئیحسان رەشاد موفتی، گرانیەگەورەکانی هەولێر و دەوروبەری، ئینسکلۆپیدیای هەولێر"ئەربیل"، لیژنەی باڵای ئامادەکار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی گرینگالۆری- لوبنان، ٢٠٠٩.

٦. بەختیار محەمەدئەمین عوسمان، خۆشناوەتی لەسەدەی بیستەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٧.

٧. تشارلز تریب، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی عیراق، وەرگێڕانی: محەمەد حوسین ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٠.

٨. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، کێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٧.

٩. حەسەن عەلی خانی گەڕووسی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا... و: لەفارسیەوە: محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر- ساڵی ٢٠٠٧.

١٠. حەسەن مەحمود حەمەکەریم، مەلائیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینەکوردیەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨، www. tishkbooks.com پرۆژە لەسەرتۆری ئەنتەرنێت

١١. بلیۆ ئار هی، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگێڕانی:لوقمان باپیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٠.

١٢. دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی: دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی "الزمان" بەغدا، ١٩٨٧.

١٣. دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٢.

١٤. د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، ٢٠٠٤.

١٥. د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، ڕانیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ١٢٩٢- ١٣٣٨کۆچی/ ١٨٧٥- ١٩٢٩زاییینی، وەرگێڕانی لە زمانی عوسمانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی حەوتەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان – خانەی بەڵگەکان، هەولێر، ٢٠١٩.

١٦. د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران، چاپی دووەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١.

١٧. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

١٨. ڕەسوڵ بۆسکێنی، شوێنەوارەکانی بیتوێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ٢٠١٨.

١٩. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣.

٢٠. ڕەفیق سالح و سدیق سالح، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، لە ژمارە ١-١١٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٢.

٢١. سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورك عەرەب، وەرگیڕانی: حەمید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٢. شرفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، و: هەژار، چاپی دووهەم، چاپخانەی جەواهیری تاران، ١٩٨١.

٢٣. فەرەیدون حەکیم زادە، سەردەشت لەئاوێنەی بەڵگەمێژووییەکاندا، و: حەمەڕەسوڵ حەسەنپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٧.

٢٤. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری تۆمارکردن و ئامادەکردنی: عبدالرقیب یوسف، سدیق سالح، سلێمانی، ٢٠٠١.

٢٥. عەبدولعەزیز یامولکی، مێژووی ڕاپەڕینەکانی کورد، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، سلێمانی ١٩٩٩.

٢٦. عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە، بیرەوەریەکانی مامۆستا عەبدولمەجید نورەدین جەلی زادە، ئامادەکردنی: د. کەمال مەعروف، هەولێر ٢٠١٢.

٢٧. عبدوڵلا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری، یادداشتەکانم. بەشی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریە للگباعە) بغداد ١٩٩٢.

٢٨. عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عیراق، وەرگێڕانی: غەفور سالح عەبدوڵلا، بەرگی سێیەم، سلێمانی.

٢٩. عەلی ئەلوەردی ، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی عیراق ١٩١٤- ١٩١٨، بەرگی چوارەم، وەرگێرانی : غەفوور سالح، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

٣٠. کاپتن لاین، کورد عەرەب بەریتانیەکان، بیرەوەیەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩- ١٩٢٩، وەگێڕانی: یاسین سەردەشت، چاپخانەی (سیما)، سلێمانی- ٢٠٠٧.

٣١. کلۆدیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان- ١٨٢٠ز، چاپی یەکەم، ئیران —تەورێز- ١٩٩٣.

٣٢. گۆران ئیبراهیم سالح، کەرکوك لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا لەنیوان سالأنی ١٨٧٦-١٩٠٩ز، ٢٠٠٠.

٣٣. گیلان، کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٤. مارتین ڤان رونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: د. کوردۆ عەلی، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی ٢٠١٠.

٣٥. محەمەدئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کورد و کوردستان، ئامادەکردنی: ڕەفیق سالْح، بەرگی چوارەم، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦.

٣٦. محەمەد حەمە باقی، ڕاپەڕینی هەزاغای مەنگوڕ لەبەڵگەنامەکانی قاجاریدا ١٨٥٤- ١٨٨٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢.

٣٧. محەمەد رسول هاوار، کورد و باکوردستان لەسەرەتای مێژووە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.

٣٨. محەمەد سەعید مەحمود، یادداشتەکانم، چاپییەکەم، چاپخانەی دارالحکمە -لندن- ٢٠٠٤، ل ٣٤-٣٨.

٣٩. مەسعوود محەمەد، حەماغای گەورە، چاپی بەغدا ١٩٨٤، چاپ کردنی لەسەر ئینتەرنێت ٢٠٠٧.

٤٠. مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چاپی سێیەم. کۆیێ- کوردستان، ٢٠٠٦.

٤١. م.س. لازاریف، مێژووی کوردستان، هوشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر ٢٠٠٨.

٤٢. موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان، ١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی : نازناز محمەد عەبدولقادر، یوسف خدر چووپان، سۆران عەلیپوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان — هەولێر، ٢٠٠٥.

٤٣. مۆفەق میراودەلی، عەشیرەتی میراودەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٤٤. ن، لازاریف، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی: هوشیار عبدالله سەنگاوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.

٤٥. نەجاتی عەبدوڵڵا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فرەنسیدا (١٨٧٩-١٨٨٢)، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی. ن. ك)، سلێمانی ٢٠٠٤.

٤٦. هەستیار کەمال کوردی، سیاسەتی رووسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤)چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١.

٤٧. سەرچاوەی عەرەبی

٤٨. د. . فاضل رسول، كردستان والسياسيه السوفيتيه‌فى الشرق الاوسط، ترجمه عن الالمانيه: غسان نعسان، الطبعه الثانيه، السليمانيه ٢٠١٢.

٤٩. مجموعه من الباحثين السوفيت، تاريخ تركيا المعاصر، ترجم: الدكتور هاشم صالح التكريتى، السليمانيه ٢٠٠٧.

## سەرچاوەی ئینگلیزی

١. **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam: A Record of a Journey Through Ten of The Asiatic Provinces of Turkey. 1st ed. London: Bickers & Son.**

## گۆڤار

١. حوزنی موكریانی، پێداچونەوەی د. كوردستانی موكریانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١٢٠، ، چاپخانەی دار الحريه للطباعه- بغداد، كانوونی یەكەمی ١٩٨٨.

٢. حەبیبە عەزیزیابان، نەمرانی شار، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٤)ی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٥.

٣. خالید وەلی عەلی، قەڵاتی ڕانیە لە ئاوینەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ١٢، حوزەیرانی ٢٠٠٥.

٤. چاوپێكەوتن لەگەڵ برایم بەگ، گۆڤاری ڕانیە، چاپخانەی تیشك، شارەوانی ڕانیە، ژمارەی ٦، كانوونی یەكەم ٢٠٠٣.

٥. د. هاوژین صلیوە، چەند بابەتێك لەبارەی گوندی هەرمۆتە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ٢٧، تەموزی ٢٠١٣.

٦. کامەران بابان زادە، سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕانیە، گۆڤاری ڕانیە، چاپخانەی تیشك، شارەوانی ڕانیە، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠٠٤.

٧. کامەران عەبدە ساڵح، دەڤەری بیتوێن و چەند ڕاستیەك بۆ مێژوو، گۆڤاری ڕانیە، چاپخانەی تیشك، شارەوانی ڕانیە، ژمارە(١٨) کانوونی یەکەی ٢٠٠٦.

٨. محمدامین عارف، ڕانیە لە چاویلکەی مێژوودا، گۆڤاری ڕانیە، ژمارەی ٤، ٤- ٥- ٢٠٠٣.

٩. مەلا سمایل نورەدینی، باج و بێگارە سەپێنراوەکانی توێژە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر خەڵکی گوندەکەوە، گۆڤاری شمشارە، ساڵی چوارەم، ڕانیە، ژمارە(٤٤)مانگی٨ی ٢٠٠٨.

١٠. مەلا سمایلی نوورەدینی، بەشێك لە مێژووی گوڵانی دۆڵی شاوڕێ، گۆڤاری شمشارە، ڕانیە، ژمارە(٤٥)، ٢٠٠٨.

١١. مەلا سمایلی نوورەدینی، رەفتاری جەندرمەی تورکان، گۆڤاری شمشارە، ڕانیە، ژمارەی (٤٧)، مانگی ٦ی ٢٠٠٩.

١٢. عبدالقیب یوسف، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (ئاغاژنە (نەجیبە)ی کچی (فەتاح بەگ قائیمقامی ڕانیە(ی، کەلە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن(کاپتان کۆك، حاکمی سیاسی دەربەند) کوژرا، گۆڤاری شمشارە، ژمارە ٤٩،مانگی ١٢ ی ٢٠٠٩.

١٣. مەلا سمایلی نورەدینی، مێژووی ڕانیە و بنەماڵەکانی، گۆڤاری شمشارە، ژمارە (٥٤)، ڕانیە مانگی ٦ی ٢٠١٣.

١٤. مەلا سمایلی نورەدینی، مێژووی بنەماڵە دێرینەکانی ڕانیە- بەشی دووەم، گۆڤاری شمشارە، ژمارە(٥٥)، ڕانیە، مانگی ٧ی ٢٠١٥.

١٥. هالە بەرزنجی، دکتۆر عەلی و مریەم خان دوو شوڕشگێڕن و دوو هاوسەری بەئەمەك، گۆڤاری ڕانیە، شارەوانی ڕانیە، ژمارە( ١٥) ئازاری ٢٠٠٦.

## ڕۆژنامە

١. مس بێڵ، کورد لەنامەکانی مس بێڵدا، و: محەمەد حەمە صالح تۆفیق، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ٩-١١-٢٠١٥، ژمارەی ٦٨١٦.

## دەستنووس

١. خدر حەمەد عەبدوڵا، دەستنووس، لەسەر داوای نووسەر لەلایەن کاك خدر حەمەد عەبدوڵڵا نووسراوە و لەلای نووسەر پارێزراوە، دەستنووسی ژمارە(٥) و (٦).

## چاوپێکەوتنەکان:

١. فەرهاد عەزیز بەگ، دانیشتوی ڕانیە، ساڵی لە دایك بوون ١٩٥٤، لە ڕۆژی ١٩-٩- ٢٠١٦.

٢. حاجی (حەمەد سۆفی حەسەن) دانیشتوی گوندی گرجان، ساڵی لەدایك بوون ١٩٢٧، لەڕۆژی ٢٩-٩-٢٠١٦.

٣. حاجی ڕەسوڵ خدر، ساڵی لەدایکبووی ١٩٣٣، دانیشتوی ڕانیە، لە ٤-١٠-٢٠١٦.

## سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان


١. ٢٣ -٨-٢٠١٦ **www.xendan.org**

٢. ویكیبیدیا، الموسوعە الحرە، اتفاقیە سایكس بیكو**..www.wikipedia com** ٢٣-٨-٢٠١٦

٣. د. ئەسعەد ڕەشیدی، جێگاو شوێنی تراژیدی ئامێزی كوردەكان لە ڕوسیای تزتر و یەكێتی سۆڤیەتدا، و: دیار، ١٣-٣-٢٠١٢، **-http://www.kurdis tanpostinfo.com/ViewItems.aspx?id=759**

٤. موتەلیب، مامۆستا حسین حوزنی موكەیانی

٥. **motalleb.blogfa.com/post-18. aspx**

# پاشکۆی بەڵگەنامە و وێنەکان


## بەڵگەنامەی ژمارە (١)

## بروسکەی فەیلەقی چوارەم/ دیاربەکر

ج ١٣ نیسانی ٣٠٨ فەرمانتان بەپێکهێنانی فەوجەکانی حەمیدی، لە دیاربەکر هەوڵێك دراو سەریگرت، نیشانە بەفەرمانی ئاماژە بۆ کراوتان، خێڵات لەنێو سنوور و دەسەڵاتی فەیلەقی چوارەمدانین و بەداخەوە نەتوانراوە سوارەی حەمیدی لەخێڵاتی دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە پێکبهێنرێت، خێڵاتی دراوسێی حەڵەب و موسڵ ئارەزووی پێکهێنانی فەوجەکانی حەمیدی، یان هەیە و ئەوەش جێی سەرنجدانتانە، بۆ ئەو مەبەستە هاتنە لام، بەڵام دانی پێدادەنێم نەمتوانی پێکیبێنم، چونکە ئەو ناوچانە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی فەیلەقەکانی مندان و زاتم نەکردووە لەو خێڵاتە پێکیبێنم، کە لەنێو چوارچێوەی فەیلەقێکی دیکە و ژێردەستی فەرماندەکانی ئەودان، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی ناکۆکی و دووبەرەکی سەرباری ئەوەی هی وا هەیە دژی ئەم تەشکیلاتەیە، ئەگەرچی نەتوانراوە جیاوازی و دووبەرەکی بنرێتەوە، منیش بەردەوام هانم داون بۆ ئەم مەسەلەیە. وێڕای ئەوە سوارەی حەمیدی لەپشدەر و ڕانیە پێکبهێنرێت یانا، ئێمە نازانین تاچ ڕادەیەك کۆسپ دێتە ڕێمان و ئەم دووساڵە بەهێزێکی سەرکوتکەر و توندوتیژی عەسکەری و زەبری ئیداری مەدەنی خێڵەکانی چوارچێوەی فەیلەقەکەمان پەروەردە و چاککراون، ئەمڕۆ لەم ماوەیەدا بەسایەی سوڵتانەوە

هێزەکانی حەمیدی پێکهێنران و هاندران. ئەوەی جێیتێڕوانینە لە جموجۆڵ کەوتنی خێڵات بەڵگەیەکی تەواوە سەرکەوتنی ئەو چاکسازیەیە. بەڵام ناتوانم بۆچونێکی بێ ئەملا و ئەولا لەسەر وەزعی پشدەر و ڕانیە لەو ڕووەوە ئاخۆ یاریدەدەرە، یان نا دەرببڕم و فەیلەقی سوڵتانی ئەوێ دەزانێت ڕاستی چییە و بەخێرایی وەزعی ئێستام خستەبەرچاو فەرمانتان. لە ١٦ی نیسانی ١٣٠٨دا هاوشێوەی دەقەکەیە.

موشیری فەیلەقی چوارەم، یاوەری ئەکرەم قوللەری زەکی دەروێش.[١]



وێنەی بەڵگەنامەی (١)

سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح،سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٥.

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥- ١٨٦.

## بەڵگەنامەی ژمارە(٢)

## دەقی کوردی، بابی عالی

## ئەنجومەنی تایبەت


چەند هۆ و مەرامێك لە جووتە سنجاقی سلێمانی و کەرکوکدا بوونە مایەی خوڵقاندنی جموجۆڵ و شەڕ و کوشتار، بۆ ڕێگرتن لە سەبەبکارانی ئەم گەندەڵی و تاوانانە، ........ ناوەندی ویلایەتی موسڵ ببرێتە کەرکوك و کەسانی نالێوەشاوە و قائیمقام و بەڕێوەبەری نێو ویلایەت و ئەفسەرانی جەندرمەی سلێمانی بگۆڕدرێن و قەزای ڕانیە بخرێتە سەر قەزای کۆیسنجەق و بکرێتە ناحیە و (پشدەرزودی) بکرێتە ناحیە و ناوەندی قەزای مەرگە ببرێتە پشدەر و قشڵەیەك لەوێ دروست بکرێت و تفەنگی مارتینی دەست خەڵکی هەردوو سنجاقی سلێمانی و کەرکوك کۆبکرێتەوە و چەکی عەسکەری بن، یان نا، بەهی عەسکەری دابنرێن و کارگەی چەك دروستکردن قەدەغە بکرێت. یاداشتێکی ١٨ی ذی الحجە ٣١٣. .........کۆمەڵێك زانیاری تری گرنگی تێدایە، بەڵام گشتییە و تایبەت نییە بەم باسەوە، سنووری پشدەر و بیتوێن لەبەرئەوە لە تۆمارکردنی خۆمان دەبوێرین، بەڵگەنامەکەش لەخوارەوە ناو و ئیمزای ئەوانەی پێوەیە:

مەحمود ڕەزا-سەرعسکر، عبدالرحمن پاشا-وەزیری داد، شێخ الاسلام-نامزاج محەمەد جەمالدین، ئیبراهیم کوڕی خەلیل-سەروەزیر

محەمەد مەمدوح-وەزیری ناوخۆ، ئەحمەد تۆفیق-وەزیری دەرەوە، محەمەدسەعید-سەرۆکی شورای دەوڵەت ، حەسەن حوسنی-وەزیری دەریا

ئەحمەد زوهدی-وەزیری مەعاریف، عەبدوڵڵا غالب-وەزیری ئەوقافی هومایۆن، ئەحمەد ئەزیف-وەزیری دارایی، مستەفا زەکی-موشیرتۆپخانەی عامیرە

## محەمەد تۆفیق-ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی وەزیران، محەمەد جەلالودین[١]- وەزیری بازرگانی و ئەشغال



وێنەی بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە،ل ١٦٠

١. عبدالرقیب یوسف، سدیق ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨- ١٨٣.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

## دەقی کوردی، بابی عالی


## دائیرەی سەرۆکایەتی وەزیران

## دائیرەی سەرکاتبی دیوانی هومایۆن

لاساری و بێ ئابڕوویی پشدەریان زانراون چەند دێیەکیان سوتاندوە و هەموو کەلوپەلەکانیان تاڵان کردوون و خێڵاتی ڕانیەش لەبەرئەم بەخۆداڕاپەڕموانەی ئەوان دژی حکومەت ڕاوەستاون و ئەگەر تەمبێ نەکرێن شتی ناخۆش ڕوودەدەن و دەبنە جێی سەرنج. پێویستە ڕێنەدرێ سوپا بنێردرێ و وەك موسڵ ئاگادارکراوەتەوە، ئاوایش ڕێبەرایەتی ئۆردووی شەشەمی هومایۆن لایەنگیری ئەمە بووە و جەختی لەسەرکردووە و خەڵك لەم بارەیەوە سکالایەکی زۆریان کردووە و هەواڵە زانراوەکانی لای سەرعەسکەری ئەوەن ڕێبەرایەتی ناوبراو عەسکەری پێکهێناوە و مۆڵەتیش وەرگیراوە.

لە ٢٧ رمضان ٣٠٩ك و ١٢ی نیسانی ٣٠٨ دا

سەدری ئەعزەم و یاوەری ئەکرەم، جواد[١]




وێنەی بەڵگەنامەی ژمارە (٣)

سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، سدیق سالح،هەمان سەرچاوە، ل ١٥٦

١. عبدالرقیب یوسف و سدیق سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

دەقی برووسکەیەکی ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٣٠٨ی ڕۆمی (١٨٩٢ی زایینی) "کەمال"ی والی موسڵە، نووسراوە:

وێنەی شفرەی تەلگرافی ویلایەتی موسڵ

............ دەبێت هێندێک سوپا ڕەوانەی نێوانیان بکرێت تا هیچ نەقەومێت. ئەگەر ویلایەت ڕێو شوێن دانەنێت و جموجۆڵی عەسکەری کەمێك دوابخرێت، عەسکەری کاریگەری کەم دەبێتەوە. ئەم خێڵانە هەمیشە پەلاماردەدەن و شەڕ دەکەن و دژی حکومەت ڕادەوەستن و بەم شێوەیە بەردەوام دەبن و پێویستە بەزووترین کات پەنددابدرێن و کاری پێویست بکرێت بایەخی زیاترە. دەبێت ڕێ و شوێن دابنرێت تا عەسکەر، بالادەستی عەسکەر بچەسپێنرێت، تالانیەکە بگەڕێنرێتەوە و سەر کێشەکان تەمبێ بکرێن. عەسکەری شاهانە بەفەرماندەیی میر لیوا محەمەد فازڵ پاشا[1] بۆ چارەسەری خێڵات لە موسڵ کۆبۆتەوە تا لە سلێمانی دەستبەکاربێت و ئەو ئیشە لەوێ لە هێندێک شوێنی دیکە بەجێبهێنێت و هێزەکە شەش سەد سەرباز کەمترنەبێت و دوو ستوونی پیادەی عەسکەری شاهانە و سەدوپەنجا ئێستربێت و بچێت مەبەستەکە جێبەجێ بکات. خێڵاتی ڕانیە و سەرانی مەنگوڕ و (بالماس؟)ی[2] قەزای ڕانیە لەسەر سنووری ئێران دانیشتون ئەمە بەرچاو خراوی فەرمانە.


١٩ی نیسانی ٣٠٨، والی موسڵ، دەقاودەقی ئەسڵیەکەیە
کەمال، یاوەری ئەکرەم دەروێش.[3]

---

١. میر لیوا محەمەد فازڵ پاشا، ناوی (محمد فاضل داغستانی)یە.

٢. بالماس: دەبێت مەبەستی هۆزی (بلْباس) بێت کە لەقەزای ڕانیە و دەشتی بیتوێن جیشتەجێن.

٣. عبدالرقیب یوسف و سدیق ساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.



وێنەی بەڵگەنامەی ژمارە (٤)

سەرچاوە: عبدالرقیب یوسف، سدیقساڵح، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧

بەڵگەنامەی ژمارە: 2

## تێلیگرامی شیفرەیی

---

لەندەن 5 ی حوزەیرانی 1916، کاتژمێر 18و 10 دەقیقە

لە ئەتاشەی سەربازییەوە بۆ وەزیری جەنگ و سەرکردەی گشتی سوپا.

ژمارە : 337.

لە تێلیگرامێك بە مێژووی 5 ی حوزەیرانی دا هاتووە رەتلێکی colonne رووس کە هەڵمەتی بۆ باکووری خانەقین بردووە رۆژی 3 ی حوزەیران لەم نوختە خاڵەوە پەلاماری بردۆتە سەر مەفرەزەیەك کە بەشی زۆریان سوارە بوون.
بە گوێرەی تێلیگرامێکی نوێ ئەم مەفرەزەیە نەیتوانیووە هێڵی رووس بشکێنێ و ناچار بووە بکشێتەو بۆ قەسری شیرین و زیانی 20 ئەفسەر و 300 کوژراویان هەبووە.
رەتلی رووس لە کشانەوەدایە بەرەو کەرەند.

وێنەی بەڵگەنامەی ژمارە (٥)

سەرچاوە: گیلان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠.

بەڵگەنامەی ژمارە: 3

بالوێزخانەی فرەنسا — لەندەن، 29 ی حوزەیرانی 1916

لە ئینگلستان

ژمارە 2291

لە کۆلۆنێل دو لە پانوز DE LA Panouse، ئەتاشەی سەربازی بالوێزخانەی کۆماری فرەنسا لە ئینگلستانەوە بۆ بەڕێز وەزیری جەنگ ( سەرکردەی گشتی سوپا، پاریس ).

بابەت : لە بارەی هێزەکانی تورکی لە ئێران.


کۆپی:

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە رۆژی 26 ی حوزەیران گەیشتوونەتە ئۆفیسی جەنگ War Ofice، فیرقەی سەربازی دووەمی تورکی کە تا ئەوکات لە رۆژئاوای خانەقین Kanikin گلدرابوونەوە، واپێدەچێ رەوانەی جوانرود Juanrud کرابن لە باکووری کەرەند Karind.

مۆر: دو لە پانووز

بەڵگەنامەی ژمارە (٦)

سەرچاوە: گیلان، هەمان سەرچاوە، ل ٨١


اوراق نومروسی


جلد نومروسی

دیون عمومیه تابع اداره‌سنك دخان عشری تذکره‌سیدر

صاحبی اسمی | مقدار صافی دخان | عشر دخان | بهر کیلوسنك تقدیر اولنان قیمتی | دخان عشری اثمانی | محصول سنه | ملاحظات


بەڵگەنامەی ژمارە (٧)

پسولەیەکی ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانی تایبەت بەوەرگرتنی باجی تووتن لە جوتیارێکی گوندی (دەوژان)ی بناری پشدەر، بڕوانە: گۆڤاری شمشارە ژمارە ٤٦، ل ٢٧.





بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

سەرچاوە: **دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ٩٨.**




بەڵگەنامەی ژمارە (٩)

سەرچاوە: دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ٦١.




بەڵگەنامەی ژمارە (١٠)

سەرچاوە: دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ١٧٠.



بەڵگەنامەی ژمارە (١١)


سەرچاوە: دكتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ٢٧٧.


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS
24 1 6

DH.MB.HPS.00024.00001.006


بەڵگەنامەی (١٢)

سەرچاوە: دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ٢٥٧.





بەڵگەنامەی ژمارە (١٣)

سەرچاوە: دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ١٤٩.




بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

سەرچاوە: دکتۆر یەحیا باجگر، ل ٢١.


İ.DH 325/66445
1

بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

سەرچاوە: دکتۆر نەوزاد یەحیا باجگر، ل ٢٢.



وێنەی ژمارە(١)

لە ڕاستەوە: ئەحمەد تەقی، عەباس ئاغا، سەرتیپ سەیف، بابەکر ئاغا، سەرچاوە: مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٩



وێنەی ژمارە (٢)

بابەکری سەلیم ئاغا و کۆمەڵێك لە خزمانی، سەرچاوە: مۆفەق میراودەلی، سەرچاوەی پێشوو،١١٢



وێنەی ژمارە (٣)

ئەحمەدی حەماغای پشدەری



وێنەی ژمارە (٤)

سەرۆک هۆزەکانی پشدەر و مەنگوڕ ١٩١٩،



وێنەی ژمارە (٥)

سەرۆک هۆزە کوردەکان لە ڕانیە ١٩١٩



وێنەی ژمارە (٦)

مامەند ئاغای ئاکۆ و سواراغای بڵباس



وێنەی ژمارە (٧)

ئیبراهیم ئاغا سەرۆکی هۆزی ئاکۆ، سەرچاوەی وێنە: **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam:**



وێنەی ژمارە (٨)

کۆمەڵێك لە پیاوانی هۆزی ئاکۆ، سەرچاوەی وێنە: **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam:**




وێنەی ژمارە (٩)

ڕانیە ساڵی ١٩٠٤، سەرچاوەی وێنە: **Mark Sykes. (1904) Dar-Ul-Islam:**



وێنەی ژمارە (١٠)

ڕانیە لەڕابردوودا




وێنەی ژمارە (١١)

رانیە لەساڵی ١٩٦١



وێنەی ژمارە (١٢)

جەلال صائب- قایمقامی رانیە ١٩٣٦، سەرچاوە: ڕۆژنامەی پێشکەوتن


نووسەر لە چەند دیڕێکدا

ناو: ڕەسوڵ حەمە عەبدولقادر، ناسراو بە (ڕەسوڵ بۆسکێنی)

ساڵ و شوێنی لە دایك بوون: **١٩٦٤** ناحیەی ناودەشت (سەنگەسەر)

بڕوانامە: دبلۆم لە یاسا، بەکالۆریۆس لە یاسا، (مستشار التحکیم الدولی).

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١. ڕۆیشتنێك بەناو ئازاردا، **٢٠٠٩**.

٢. کەرەستەی گەندەڵی، **٢٠١١**

٣. کۆڕی ئاژەڵان/ بۆ منداڵان، **٢٠١٤**

٤. کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕاپەڕینی بدلیس، **٢٠١٧**

٥. شوێنەوارەکانی بیتوێن، **٢٠١٨**

٦. شانشینەکانی زاگرۆس (کوردستان)، **٢٠١٩**

٧. شەڕی عرووسان، **٢٠٢٠**

٨. لەگەڵ چەندان وتاری جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلکترۆنیەکاندا بڵاوکردۆتەوە.